


سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

* گەلەکۆمەکێی سەرمایەداریی کۆنەکاری رۆژئاوا! ............................. هاشم کەریمی ............... ٩

بابەتەکانی مانگی جانێویری ............. لاپەڕەی ......... ١١

١- مێژووی عەفرین و کێشەکانی ئەمڕۆ ................................................ ماڵپەڕی بی بی سی
٢- تورکیا لە عەفرین خەڵکی مەدەنی دەکاتە ئامانج ................................... کوردستانی نوێ
٣- ئایا تورکیا عەفرین داگیردەکات؟ ....................................................... هیوا خۆشناو
٤- تورکیا بۆ دەیەوێت عەفرین داگیر بکات؟ .............................................. فەرمان سادق
٥- پەنجەکانی تورەیی لەچانکایا! (بۆ عەفرین، ئەزمونی ئازادیو خۆراگری) ..................... جەعفەر عەلی
٦- عەفرین لەدیدی ئەمریکاوه .......................................................... سەردار عەزیز
٧- بۆچی عەفرین بۆ تورکیا و رۆژئاوای کوردستان ستراتیژییه؟ .................................. هەڵات رێبوار
٨- تەنیا یەکگرتویی کورد رزگار دەکات ................................................. ستارە عارف
٩- عفرین، جەنگێک بەلۆژیکێکی جیاواز ............................................... ئەحمەد ڕەسوڵ
١٠- تورکیا بەهێرشکردنە سەر عفرین دەیەوێت رێگربێت لەگەیشتنی کورد بە دەریای ناوەڕاست ........ ئارام هادی
١١- عەفرین لەئاگرو خوێنو فۆبیای تورکیادا ............................................... یاسین نادر ڕەحمان
١٢- فۆبیای کوردو تاوانەکانی تورکیا .................................................... مەریوان وریا قانیع
١٣- مەیدانی شەڕ لەنێوان عەفرینو شارەکانی تورکیادا ....................................... عەلی فەتحی
١٤- ئایا ئەفرین ئەکەوێت؟ ........................................................... موحسین ئەدیب
١٥- عەفرین و خەلافەتی ئاینی ئەردوغان!؟ ................................................ ئاسۆ عەبدوللەتیف
١٦- عەفرین دەستەخوشکی کەرکوکە ...................................................... دانـا زەنـدی



سەرچاوە
Serchawe

١٧- بۆچی ئەردۆغان پەلاماری عەفرین دەدات؟ ........................................ ئا: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

١٨- تورکیا چۆک بە عەفرین دانادات ................................................ ئا: بورهان ئەمین

١٩- شەڕی ژمارە قورسەکان لە عەفرین .................................................. خەڵەف غەفور

٢٠- عفرین مێژوو دەنوسێتەوە ........................................................... سالار مەحمود

٢١- ئاکەپە بۆ دەیەوێت کوردو تورک زیاتر بکاتە دوژمن ................................ لەتیف فاتیح فەرەج

٢٢- "چڵە زەیتون"ی خوێناوی ........................................................... ڕێژەن سەردار

٢٣- عەفرین ........................................................................... ئاشتی عەبدوڵا

٢٤- بێدەنگبونی ناوەندە ئیسلامییەکانو جیهان لەبەرامبەر عەفرینو کوردانی ڕۆژئاوا ............... عەلی فەتحی

٢٥- عەفرین نیشتمانی پۆلاکان ......................................................... ئارام قادر حەمەسور

٢٦- عەفرینو فۆبیای ئەردۆگان ......................................................... عەبدولکەریم هەڵەدنی

٢٧- عەفرینیش باجی ریفراندۆم ئەدات؟ ................................................... ئاری محەمەد هەرسین

٢٨- نامەیەکی کراوە بۆ وەزیری دەرەوەی دانیمارک و ڕێکخراوی ناتۆ ................................. سارا عومەر

٢٩- لە کەرکووکەوە بۆ عەفرین؛ دابەشکردنی میراتی پۆست - داعش ................................ پەرویز ڕەحیم

٣٠- هەڵوێستێک لە پێناو عەفرین ........................................................ کەمال سەعید تاکۆیی

٣١- عەفرین ........................................................................... دیدار بەکر

٣٢- فاشیستەکان بەرەو شکستو ڕمان، عەفرینیش سەربەرزی! .......................................... حەسەن سەیدباقی

٣٣- عەفرین لەبەردەم هێرشی تورکیادا ................................................... جەزا ئەحمەد فارس

٣٤- ئامینە ئەردۆگان ئەی فرمێسکەکانت بۆ عەفرین! ................................................ عەلی فەتحی

٣٥- عەفرین دەبێتە دەروازە بۆ نەتەوەیەک ................................................. نەبەز جەلال

٣٥- بەرخودانی عەفرین.. پاراستنی نیشتمان یان نوخبەی دەسەڵات؟! ................................ ئاریان ڕەئوف

٣٧- عەفرین لە بەراوردی هێزی داگیرکەری تورک و بەرخۆدانی گەلەکەمان! ........................... ئاسۆ حامدی

٣٨- ئامانجەکانی تورکیا لە داگیرکردنی عەفریندا ................................................ بایز ڕەشید

٣٩- عەفرین و سروشتی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ............................................ سەردار عەزیز

٤٠- عەفرین لە سات و سەودای وڵاتاندا ................................................. بورهان شێخ ڕەئوف

٤١- داستانی ئەفرین! .................................................................. کاروان یارەویس

٤٢- عەفرین، تورکیا لە هاوکێشەکە دەکاتە دەرەوە؟ ........................................... سەرتیپ جەوهەر

٤٣- عەفرینی خوێناوی لە بەرخۆدان بەردەوامە ................................................ ئا: دیاری سابیر
٤٤- ئەوەی بۆ عەفرین دەکرێت، بۆچی بۆ کەرکوک نەکرا؟ ................................ هیوا سەید سەلیم
٤٥- لە نێوان سووتاندنی بەغداد و هێرش بۆ سەر عەفرین: ٧٦٠ ساڵ لە داگیرکاریی ............. ڕێبوار ڕەشید
٤٦- گرنگی عەفرین بۆ کورد و تورکیا لە ڕووی سەربازیی و سیاسیەوە .......................... د. ئومێد ڕەفیق
٤٧- خوێندنەوەیەکی تر بۆ ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا ............................................ ئیدریس جەبار
٤٨- فاشیستەکان بەرەو شکست و ڕمان، عەفرینیش سەربەرزی! ................................ حەسەن سەیدباقی
٤٩- ئاماری کوژراوانی سوپای تورکیا لە عەفرین بڵاوکرایەوە .................................. دیاری هەرکی
٥٠- بۆچی وڵاتەکان هەڵوێستی ڕونیان نییە بۆ ڕاگرتنی هێرشەکانی تورکیا؟ .................. د. شێرکۆ کرمانج
٥١- هێرشکردنە سەر کوردەکانی سوریا لەوانەیە هەمو ناوچەکە ژێروژور بکات ................. گارێت ستەنسفیلد
٥٢- سامۆرای عەفرین، لە ئارین مێرکانەوە بۆ ئاڤێستا خاپور .................................. عەدنان کۆچەر
٥٣- شەڕی عەفرین لە ڕەوشێکی ناجێگیردا ...................................................... هەوراز شوانی
٥٤- عەفرین، تورکیا لە هاوکێشەکە دەکاتە دەرەوە؟ ............................................ سەرتیپ جەوهەر
٥٥- بڵاوکردنەوەی وێنەو گرتەی ڤیدیۆیی ساختە لەلایەن میدیای تورکییەوە ...................... کوردستانی نوێ

## بابەتەکانی مانگی فێبریوێری ........... لاپەڕەی ......... ١٦٨

٥٦- ڕۆڵی ڕووسیا لە عەفرین پشت بە نیاز و مەرامەکانی تورکیا دەبەستێ ...................... ماکسیم سوچکۆڤ
٥٧- عەفرین و قەیرانی ناسنامەی تورکیا ....................................................... چیا عەباس
٥٨- بۆردومانەکانی تورکیا جیاوازیی لە نێوان چەکدار و شڤیلدا ناکەن ............................ کوردستانی نوێ
٥٩- هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتیی گشتییەوە .................. ئازاد وەڵەدبەگی
٦٠- سەرکێشییە پرمەترسییەکەی تورکیا لە عەفرین ........................................... وەر: ئاسۆ کەریم
٦١- خواستە مەترسیدارەکانی پشت پەلاماردانی عەفرین ئاشکرا دەبن ............................ کوردستانی نوێ
٦٢- ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون بۆچی و لە پێناو چیدا؟ ......................................... سەروەر حەمە
٦٣- عەفرین وەک دەرفەتێک بۆ هەموان ......................................................... د.هەژار مەعروف
٦٤- ئەو تەڵەیەی ئەردۆغان تێیدا گرفتار بوو ................... ن. سادق مەلەکی ...... وەر: جەعفەر کەریمی

٦٥- عەفرین، بێمتمانەییی نێوان تورکیا- ئێران- ڕووسیا بەتەواوی دەخاتە ڕوو ................ وەر: ئاسۆ کەریم
٦٦- عەفرین ڕەمزی بەرخودان و گیان فیدایی گەلی کوردە ................................ ئەحمەد هەورامی
٦٧- تورکیا و ململانێی هێزەکان لە عەفرین ........................................................ پەیڕەو ئەنوەر
٦٨- کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە تا عەفرین! ............................. زانا ڕۆژهەڵاتی
٦٩- بۆچی تورکیا هێرشیکردە سەر عەفرین؟ ................................................... د. نەوزاد هێتوتی
٧٠- پەنجەکانی تورەیی لەچانکایا! (بۆ عەفرین، ئەزمونی ئازادیو خۆراگری) .................... جەعفەر عەلی
٧١- عەفرین لەدیدی ئەمریکاوە ......................................................................... سەردار عەزیز
٧٢- عفرین، جەنگێک بەلۆژیکێکی جیاواز ............................................................. ئەحمەد ڕەسوڵ
٧٣- فۆبیای کوردو تاوانەکانی تورکیا ....................................................... مەریوان وریا قانیع
٧٤- ئاکەپە بۆ دەیەوێت کوردو تورک زیاتر بکاتە دوژمن ................................. لەتیف فاتیح فەرەج
٧٥- عەفرین لە سات و سەودای وڵاتاندا ...................................................... بورهان شێخ ڕەئوف
٧٦- عەفرینیشی هاتەسەر؟ ................................................................................ ئیدریس جەبار
٧٧- ئەوەی بۆ عەفرین دەکرێت، بۆچی بۆ کەرکوک نەکرا؟ ................................... هیوا سەید سەلیم
٧٨- لە نێوان سووتاندنی بەغداد و هێرش بۆ سەر عەفرین: ٧٦٠ ساڵ لە داگیرکاریی .............. ڕێبوار ڕەشید

## بابەتەکانی مانگی مارچ .............. لاپەڕەی ........... ٣٣٧

٧٩- عەفرین لە چڵی زەیتوونەوە بۆ چڵی سیاسیی نێوان تورکیا و ئەمریکا ......................... ڕێبوار بابکەیی
٨٠- عەفرین.. جەنگ بە تامی ورە و بوێریی .................................................... ئاشتی عەبدوڵلا
٨١- چەند سەرنجێک لەبارەی عەفرینەوە ......................................................... ئاسۆ کەریم
٨٢- ئۆپەراسیۆنی عەفرین تازە دەست پێدەکات .................................................... کارزان گلی
٨٣- ڕەخنەی نارەخنە لەڕۆژئاوای کوردستان! ....................................................... شوان حەمە
٨٤- ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوەیەکگرتووەکان لە کوێن!؟ ............................. لوقمان مستەفا سالح
٨٥- پەرلەمانی ئەڵمانیا: ئەوەی تورکیا دەیکات پێشێلی یاسا نێودەوڵەتییەکانە .................. بێژەن بورهان
٨٦- لەعەفرین ڕۆچنی حەقیقەت و ئازادی سەرهەڵدەدات ........................................... ئامەد شاهۆ



سەرچاوە
Serchawe

٨٧- لەسەر عەفرین هەڕەشەی کوشتن لە بەرپرسێکی باڵای ئەڵمانیا کرا ............................ بێژەن بورهان

٨٨- ئیرادەی عەفرین‌و بێ ئیرادەیی هەرێمی کوردستان ................................ شەماڵ عادل سەلیم

٨٩- هەڵە مەترسیدارەکانی ئەردۆغان ................................................ ئیبراهیم شێخ محمد

٩٠- پەرلەمانی ئەوروپا لەسەر عەفرین هاتەدەنگ ............................................ بێژەن بورهان

٩١- بێدەنگی جیهان لەئاست تاوانەکانی عەفرین؟ .................................... زەبەنگ بەهادین

٩٢- عەفرین، وشەیەکی نێونەتەوەیی نوێ لە فەرهەنگی زمانەوانیدا ................................ سالار سۆفی

٩٣- عیفرین سەرکەوت ........................................................................ عومەر محەمەد

٩٤- ئاڵەنگارییەکانی دوای پرۆسەی سەربازیی تورکیا لە عەفرین و ......................... عەدنان مەجید محەمەد

٩٥- عەفرین و ئەنجومەنی ئاسایش ................................................................ دانا چراغ

٩٦- عەفرین‌و بێدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی .................................................. د. سەیران تەها

٩٧- بەرەنگاریی لە عەفرین دەچێتە قۆناغێکی نوێوە ........................................ کوردستانی نوێ

٩٨- عەفرین یەک ساڵ و یە ک هەزار ساڵ ..................................................... هادی سۆفیزادە

٩٩- عەفرین، وشەیەکی نێونەتەوەیی نوێ لە فەرهەنگی زمانەوانیدا ................................ سالار سۆفی

١٠٠- کاردانەوەکانی شەڕی عەفرین لەناو ئەڵمانیا ............................................ ماڵپەڕی هەڵوێست

١٠١- بە ئامانجگرتنی کورد و نیگەرانییە ساختەکانی ئەمەریکا ........................... شاخەوان برایم عەبدوڵڵا

١٠٢- چەپەکان حکومەت ناچاردەکەن هەڵوێست بنوێنێت ............................................ بێژەن بورهان

١٠٣- مەترسیەکانی تورکیا لەدوای عەفرین .................................................... ئارام هادی

١٠٤- بۆچی ئەمەریکا پشتیوانی لە کورد نەکرد؟ .............................................. سەنگەر سەیدقادر

١٠٥- عەفرین ڕووبەڕووی تاوانی دوژمنکارانە و جینۆساید بۆتەوە ............................. لوقمان مستەفا ساڵح

١٠٦- عەفرین کەوتن و سەرکەوتن! ................................................................. عەتا کەریم

١٠٧- کەرکوک عەفرین، لێکچون و جیاوازیی ................................................... سەرتیپ جەوهەر

١٠٨- بۆ شەرڤانان لە عەفرین کشانەوە؟ ........................................................... سەلاح خدر

١٠٩- عەفرین دەسوتێت، چەپ لە کوێیە؟ ........................................................ ولیام ئایکلر

١١٠- عەفرین کەرکوکە .............................................................................. دانا زەندی

١١١- ڕوداوەکانی عەفرین چیمان پێدەڵێن؛ هەڵوێستەیەک! ......................................... ڕێبوار عارف

١١٢- ئارەزوەکانمان چی لەواقیع ئەگۆڕێ؟ .................................................. سامانی وەستا بەکر

١١٣- عەفرین، بەرخۆدانی سەردەم! ........................................................ پلاتفۆرمی زاگرۆس
١١٤- عیراق... ناوێکی گەورەو ناوەرۆکێکی گەنیو ................................ شەماڵ عادل سەلیم
١١٥- عەفرین و ئاسایشی نەتەوەییی تورکیا ......................................................... پەیرەو ئەنوەر
١١٦- میدیای ئەڵمانیا: هەقوایە تورکیا لەسەر عەفرین لە ناتۆ دەربکرێت ....................... بێژەن بورهان
١١٧- ئەمریکا چی لە تورکیا دەکات ......................................................... ئاسۆ عەبدوللەتیف
١١٨- ڕووداوەکانی عەفرین چیمان پێدەڵێن؛ هەڵوێستەیەک! ............................................ ریبوار عارف
١١٩- کەوتنی عەفرین: ڤێتنامی تورکیا، یان مۆتەکەی واشنتۆن؟ ................................ وەر: ئاسۆ کەریم
١٢٠- تورکیا بۆ (عەفرین)ی داگیرکرد؟! ...................................................... ئەحمەد حامید

## بابەتەکانی مانگی ئەپریلی ............ لاپەڕەی ....... ٣٦٤

١٢١- پاش داگیرکردنی، تورکیا چ پیلانێکی هەیە بۆ کانتۆنی عەفرین؟ ..................... جەزا ئەحمەد فارس
١٢٢- کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لە پشت تورکیا دەوەستێت بۆ تێکشکانی عەفرین ................. حەمید عەلیزادە
١٢٣- کەوتنی ئۆپۆزیسیۆن ........................................................................ ئاکۆ محەممەد
١٢٤- کەوتنی عەفرین شکستی خەباتە بۆ بنیاتنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستێکی باشتر .............. راینەر هێرمان
١٢٥ - ڕێبەندان(هونراوە) ............................................................................ ئاکۆ کانەبی
١٢٦- بۆ عەفرین(هونراوە) ........................................................................ فەرهاد سەنگاوی

## هەڵوێستی بەشێک لە حیزب، ڕێکخراوە کەسایەتی سیاسییەکانی کوردستان

## لاپەڕەی ............. ٣٨٣

١٢٧- حیزبی دێموکراتی کوردستان



سەرچاوە Serchawe

١٢٨- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٢٩- کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

١٣٠- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

١٣١- سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

١٣٢- ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان

١٣٣- هاوسەرۆکایەتی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان( پژاک)

١٣٤- مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان

١٣٥- کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی

١٣٦- ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

١٣٧- ئەنجومەنی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

١٣٨- هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری

١٣٩- هاوسەرۆکایەتیی کۆنسەی بەڕێوبەریی کۆماجڤاکێن کوردستان(کەجەکە)

١٤٠- فراکسیۆنی سەوز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق،

١٤١- پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە،

١٤٢- ئیدارەی خۆجێی دیموکراتی کانتۆنی عەفرین

١٤٣- بەڕێوەبەریی خۆسەری دیموکراتیی کانتۆنی عەفرین

١٤٤- ئەنجومەنی سوریای دیموکرات - مەسەدە

١٤٥- فراکسیۆنی گۆڕان - فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی

١٤٦- ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریا (ئەنەکەسە)

١٤٧- ٤٢ لایەنی سیاسی کوردستان ئیدانەی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین دەکەن

١٤٨- پارێزگاری سلێمانی

١٤٩- بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی

١٥٠- ئەو گروپانەی شانبەشانی سوپای تورک لە عەفرین شەڕ دەکەن

١٥١- ئاماری (٤٧) ڕۆژی بەرخۆدانی عەفرین

==================================



سەرچاوە Serchawe

# پێشەکی

-----------------------------

## گەلەکۆمەکێی سەرمایەداریی کۆنەکاری رۆژئاوا!



**هاشم کەریمی**

**گەلەکۆمەکێی سەرمایەداریی کۆنەکاری رۆژئاوا و سەرمایەداریی تازەپێگەیشتووی رۆژهەڵات، دژی کوردستان! نامەوێ لێرەدا لاپەڕەکانی مێژووی**

**ئەو سەد ساڵەی دوایی گەلی کورد هەڵبدەمەوە کە پڕە لە کارەساتی دڵتەزین بەرامبەر بە گەلەکەمان؛ هەر لە پەیمانی "سایکس - پیکۆ"، "کونفرانسی لۆزان"، "پەیمانی سەعداباد"، "کۆماری کوردستان"، "پەیمانی بەغدا" و "نسکۆی ١٩٧٥ی زاینی(شۆڕشی ئەیلوول)"، تا بە ئەمڕۆ کە لە وتارەکانی پێشوومدا بە درێژی باسم کردوون.**

**لێرەدا تەنیا باسی دوو گەلە کۆمەکیی دوو سەرمایەداریی چاوچنۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەکەم بە پشتیوانی لەو وڵاتە دیکتاتۆر و کۆنەپەرستانەی کە کوردستانیان لە نێواندا دابەش بووە.**

**ساڵی ٢٠١٧ی زاینی (١٣٩٦ی هەتاوی) یەکێک لەو ساڵە نەهاتی و چارەڕەشیانە بوو بۆ گەلی کورد. ریژیمی عێراق بە بیانووی رفراندۆم لە کوردستانی باشوور دا بە پشتیوانیی راستەوخۆی سوپای قودسی ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ناڕاستەوخۆی ریژیمی تورکیە و چرای سەوزی ئەمریکا و بریتانیا هێرشی کردە سەرناوچە دابڕاوەکانی کوردستانی باشوور. بە تایبەت کەرکووک و شەنگاڵ کە بە ڕژانی خوێنی هەزاران پێشمەرگە لە چنگی داعش رزگار**

کرابوون و بە هۆی دووبەرەکی و خەیانەتی نێوخۆیی لە ٢٤سەعاتدا داگیری کردەوە. ئەوەمان لە بیربێ کە رووسیە لەمێژە پشتیوانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و لەم ئاخرانەشدا بە پشتیوانیی بێ دریغی لە ڕژێمی تورکیە دەیەوی لە رۆژئاوا (بەتایبەت ئامریکا)ی داببڕی، کە پێم وایە خەیاڵێکی خاوە.

لە عەفرینی خۆ ڕاگردا، ڕژێمی داگیرکەری تورکیە بە چرای سەوزی رووسیە و بە بێ دەنگیی بێشەرمانەی ئەمریکا و وڵاتانی سەرمایەداریی رۆژئاوا و بە فرۆکەی ئەمریکایی و تانگی ئەڵمانی و چەک و چۆڵی پەیمانی شەڕەنگێزی ناتۆ و دەیان هەزار بەکرێگیراوی کۆنەپەرستی ئیسلامی کە لە تاقمە جیهادیەکانی سوریە پێک هاتبوون و تەنانەت تورکە جیهادیەکانی یوغووری چین و ئاسیای ناوڕاستیش بۆ یارمەتیی تورکیە هێنرابوون، هێرشی کردە سەر خەڵکی عەفرین. ڕژێمی سوریە کە هێرشکرابووە سەر بە ناو وڵاتەکەی و ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پشتیوانی سەرەکیی ئەو ڕژیمەیە، بە ویستی رووسیە لە بەرامبەر درندەیی و کاولکاریی سوپای داگیرکەردا قڕوقپیان کرد.

دیارە کچان و کوڕانی یەپەژە و یەپەگە بە بیرو باوەڕێکی پۆڵاینەوە بە گژ سوپای هێرشبەردا چوونەوە. من لە وتارێکدا لە سەرەتای شەڕەکەدا نووسیم کە لەم شەڕە نابەرامبەرە دا ڕەنگە سوپای داگیرکەر بۆ ماوەیەک سەرکەوتن بە دەست بێنێ، و نووسیم تەنانەت ئەگەر خەڵکی عەفرین شکستیش بخۆن؛ بەرخودانەکەیان وەکوو ڕاپەڕینەکانی کویلەکانی رۆم بە فەرندەریی "ئیسپارتاکۆس" و جووڵانەوی "مەزدەک" و جوتیارانی ئازەربایجان بە فەرماندەریی "بابەکی خورەمدین" و خۆڕاگریی خەباتکارانەی "قەڵای دمدم" و زۆر جووڵانەوەی کورد و گەلانی دیکە کە سەرنەکەوتوون، بۆ هەمیشە لە دڵی گەلانی ئازادیخوازدا دەمێنیتەوە.

لە شەڕی عەفرینیش دا وەکوو کەرکووک و شەنگاڵ دەرکەوت کە سەرمایەداریی رۆژئاوا و رۆژهەڵات پشتیوانی ڕژێمی داگیرکەری تورکیە بوون، لە بەر ئەوەی بوونی حکوومەت و دەسەڵات و هێزی دیموکراٹ و ئازادیخواز لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کە خاوەنی یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی نەوت و گازی جیهان و ئاوی ناوچەکەیە بە قازانجیان نیە. ئەوان پێویستیان بەو ڕژیمە کۆنەپەرستەکانی وەکوو کۆماری ئیسلامیی ئیران و عێراق و تورکیە و سوریە هەیە، کە سەرچاوە ی شەڕ و ئاژاوەن، بۆ ئەوەی کارخانەی چەک و چۆڵ دروستکرنی ئەوان قەت پەکی نەکەوێ و ئارامی و ئاسایش نەگەڕێتەوە ناوچەکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٠ی ئەپریلی ٢٠١٨

# بابەتەکانی مانگی جانێوێری

-----------------------------------

## مێژووی عەفرین و کێشەکانی ئەمڕۆ




لە بەشی سلایدەر, کوردستان

ماڵپەڕی BBC گرنگیەکی زۆر دەداتە عەفرین و کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی ئەو ناوچەیە بڵاو دەکاتەوە. لەم شیکاریەی کەناڵت BBC دا باس لە مێژووی عەفرین دەکرێت و دەبەسترێتەوە بە کێشەکانی ئەمڕۆ کە سوپای تورکیا لەشکردکێشی کردووەتە سەر ئەو ناوچەیە و دەیەوێت داگیری بکات.

عەفرین و سروشتە دەوڵەمەندە دڵڕفێنەکەی، شایەنی ئەوەیە لە پێناویدا بجەنگیت. ناوچەی عەفرین بە کورد - داغ واتە "چیای کوردان" ناسراوە. لە عەفرین ٣٦٠ گوندی کوردی هەن، کە چڕترین ناوچەی کوردنشینی سوریا پێکدەهێنن.



ڕووباری عەفرین لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بەناو گردە پڕ درەختەکاندا دەڕوات. عەفرین بە دۆڵە چڕ و پڕەکان، خاکە سوورە بەپیتەکەی، بەرهەمێکی نایابە میوە و، گوێزێکی نایاب ناسراوە، لە هەمووشی بەناوبانگتر زەیتوونە بەتامەکەیەتی.

تا ئێستا دانیشتووانی ناوچەکە تێبینی هیچ مار و دووپشکێکیان لە کێڵگەکاندا نەکردووە، و لە عەفرین ئاویش بە خووڕ دەڕوات.

ئاوی ڕوباری ماندانکی لە ساڵی ٢٠٠٤ دا، بە هۆی بەنداوێکەوە گل درایەوە، و ڕێگا کۆنەکان وەک ئەوەی تەنها خەیاڵێک بووبن، ژێر ئاوی دەریاچەکە کەوتن.



لە کۆتایی هەفتەکاندا خەڵکی ناوچەکە، لە نزیک کەناراوەکانی دەریاچەکە بەمەبەستی گەشوگوزار و سەیران کۆدەبنەوە. زمانی عەرەبی لە عەفرین زۆر بەکەمی قسەی پێدەکرێت. پیاوانی ناوچەکە هێشتا جلی رەسەنی کوردی لەبەردەکەن.

ناوچەی عەزازی دراوسێی عەفرین نیشتیمانێکە بۆ تورکمان و عەرەبەکان. هەروەها کوردی سوننی مەزهەبیش لەوێ



سەرچاوە
Serchawe

دەژین، بەڵام ناسنامەی کوردایەتی بە پێی مەزهەب و ئاین نییە، بەڵکو بە پێی پێوەری نەتەوەیی و کەلتورییە.

لە عەفرین، شوێنێکی مێژوویی هەیە پێی دەوترێت "ئەلنەبی حۆری"، سەقفی ئەم شوێنەوارە شێوازێکی هەرەمی هەیە، مەزارگەی یوریا حیثین لە ویە، بە پێی کتێبی پیرۆز یوریا حیثین لەلایەن شا دەیڤدی شای ئیسرائیلەوە کوژرا، بۆ ئەوەی خۆشەوستە جوانکیلەکەی مارە بکاتەوە.

## شوێنەواری ئەلنەبی حۆری

ئێستا ئەم شوێنەوارە لە لایەن مسوڵمانەکانەوە وەک مەزارێکی پیرۆز سەیر دەکرێت، و مزگەوتێکیشی لەسەر دروستکراوە.



## کێشمەکێشەکانی سنوور

کێشە سنوورییەکانی سوریا لە ١٩٣٥دا ڕەنگیاندایەوە، و ئیستیعماری فەرەنسی کێشەکانی قوڵتر کردەوە.

ئەم نەخشەیە دابەشبوونی ئاینی و نەتەوەیی سوریا نیشاندەدات پێش ئەوەی فەرەنسا سەنجەقی ئەلیکساندرێتای سەر کەناری دەریای ناوەڕاست، پێشکەشی تورکیا بکات وەک بەرتیلێک بۆ ئەوەی تورکیا لە جەنگی جیهانی دووەمدا بێ لایەن بمێنێتەوە.




***نەخشەی دابەشبوونی ئاینی و نەتەوەیی سوریا پێش جەنگی جیهانیی دووەم***

**تورکیا دواتر ناوەکەی گۆڕی بۆ "هاتای"، ڕێژەی دانیشتووانەکەی بە ٥٠%ی عەرەب و ٤٠%ی تورک و ١٠%ی ئەرمەن، مەزەندە دەکرا.**

***نەخشەکانی سوریا تا ئێستاش سنوری هاتای بە "کاتی" دادەنێن.***

**لەماوەی ٧ ساڵی جەنگی ناوخۆیی سوریا، نەخشەی هێزی ناوچەکانی سوریا بەبەردەوامی لە گۆڕاندایە.**
**کۆتا قوربانی دەستی توکیا عەفرینە،کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هاتای، و باشووری ئیدلیبی ژێردەستەی سوپای ئازاد، ئێستا هێزەکانی تورکیا چواردەوری عەفرینیان داوە، بۆ پەلاماردانی هێزە کوردییەکان.**




**بەرژەوەندییە پێکداچووەکان**



سەرچاوە
Serchawe

کاتێک لە هاوینی ساڵی ٢٠١٢ هێزەکانی بەشار ئەسەد لە باکوری سوریا کشانەوە، هێزە ڕێکخراوەکانی پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) ئەو بۆشاییەی پڕ کردەوە کە کشانەوەی هێزەکانی سوریا دروستی کردبوو، و هەر زوو سیستەم و ئیدارەی خۆیان لە ناوچەکەدا جێبەجێ کرد.

باڵی سەربازی پەیەدە، یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)، دەستبەجێ بوونە هێزی سەربازی ناوچەکە.
لەگەڵ ئەو هەموو بەرژەوەندییە پێکداچووانەدا، جەنگ لە پێناو عەفریندا زۆر خوێناوی دەبێت، خەونی کورد بۆ هەرێمێکی"دیموکراتی فیدراڵی"، و خەونی تورک بۆ "ناوچەی ئارام"، ڕەنگە سەرەنجامی دابەشبوونی سوریای بە ئەمری واقع لێ بکەوێتەوە.

کەس نازانێت قەدەر چی لە هەگبەیدا بۆ عەفرین هەڵگرتووە؟، خەونی هەر لایەک بەدی بێت، بۆ لایەنەکەی تر وەک مۆتەکە وایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی بی بی سی - ڕێکەوتی: ٢٧ی جانیۆیری ٢٠١٨

## تورکیا لە عەفرین خەڵکی مەدەنی دەکاتە ئامانج



وێڕای داواکاریی هێزەکانی سوریای دیموکرات لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بۆ بەرگرتن لە پەلاماری سوپای تورکیا بۆ سەر عەفرین، دوێنێ ٢٠ - ١ - ٢٠١٨، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا لەمیانی وتارێکیدا لەکۆنگرەی پارتی دادو گەشەپێدان لەبەردەم ئەندامانو لایەنگرانی حزبەکەیدا، دەستپێکردنی لەشکرکێشی سوپای وڵاتەکەی بۆ سەر کانتۆنی عفرین ڕاگەیاندو هەر بەوەشەوە نەوەستاو وتی: دوای عەفرین نۆرەی منبەج - وو

دواتریش قۆناغ بەقۆناغ بەرەو سنووری عیراق دەڕۆین.

## "هەڵوێستەکانی ئەمریکا گرنگ نین"

ئەردۆغان لەلێدوانەکەیدا زۆر بێمنەت بوو لەبارەی هەڵوێستی ئەمریکاوەو وتی: سەبارەت بەئۆپەراسیۆنی سەربازیی لە عەفرین هەڵوێستەکانی ئەمریکا گرنگ نین.

هاوکات لەگەڵ هێرشی زەمینی سوپای تورکیا، فڕۆکە جەنگییەکانی ئەو وڵاتەش بۆردومانی ئەو ناوچانە دەکەنو بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵیش، هێزەکانی تورکیا لەو پەلامارەیاندا شەڕڤانو خەڵکی مەدەنی جیاناکەنەوەو بەو هۆیەشەوە تائێستا چەندین مەدەنی بریندار بوون.

بەبۆچوونی چاودێرانی سیاسی، کاتێک هێزەرت ناوێرت وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەربارەی لەشکرکێشییە چاوەڕوانکراوەکەی سوپای تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عەفرین داوای لە دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە کرد دان بەخۆدا بگرنو تەرکیز بکەنە سەر شەڕی داعش، داواکاریی زۆر شەرمنانە بوو بۆ تورکیاو ئەنقەرەش بەردەوام زۆر بەتوندی وەڵامی ئەو جۆرە داواکارییەی ئەمریکای دەدایەوە، دەشڵێن: ئەگەر حکومەتی واشنتۆن بەجددی نەیەتە سەر خەت بۆ ئەو لەشکرکێشییەی تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عەفرینو شوێنەکانی دیکەی رۆژئاڤای کوردستان، کە لەکاتێکدا بەردەوام بەرپرسانی ئەمریکا بەجۆرێک خۆیان دەردەخەن کە خۆیان بەهاوپەیمانێکی سەرەکیی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) دەزانن، ئەوا گومانی تێدا نییە ئەمریکا لەژێرەوە گڵۆپی سەوزی بۆ تورکیا هەڵکردووە.

## مۆسکۆو واشنتۆنی ئاگادارکردۆتەوە

لای خۆیشییەوە لێپرسراوانی تورکیا رایانگەیاند کە پێش لەشکرکێشییەکە بۆ سەر کانتۆنی عەفرین، هەریەک لە مۆسکۆو واشنتۆنیان ئاگادارکردۆتەوە، بەڵام وەزارەتی بەرگریی روسیا نیگەرانی خۆی لەو هەنگاوەی تورکیا دەربڕیوە، ئەویش وەکو ئەمریکا داوای لەبەرپرسانی ئەنقەرە کردووە دان بەخۆیاندا بگرن.

بەر لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەبازییەکە، بەرپرسانی ئەنقەرە رۆژانە لەلێدوانەکانیاندا دووپاتیان دەکردەوە



سەرچاوە Serchawe

کە پەلاماری عەفرین دەدەن، هەرچەندە چەند یەکەیەکی سەربازیی روسیاش لەو ناوچەیە بوونو لەولاشەوە ئەمریکا هۆشداریی دەدایە تورکیا بەوەی هەنگاوێکی لەو جۆرە نەنێت.

## واشنتۆنو مۆسکۆ هەڵوێستیان روون بکەنەوە

هەروەک چاودێرانی سیاسی دەڵێن: ئەگەر تورکیا رەزامەندیی هەریەک لە ئەمریکاو روسیای وەرنەگرتبێت، ئەوا ناتوانێت بەو شێوەیە پەلاماری کانتۆنی عەفرین بدات، بۆیە پێویستە واشنتۆنو مۆسکۆ لەو بارەیەوە هەڵوێستیان روون بکەنەوە.

سەرچاوەکانی هەواڵ بڵاویانکردۆتەوە: بریاربەدەستانی ئەنقەرە دەزانن لەشکرکێشییەکی لەو جۆرە تووشی شەرێکی کراوەی دەکات لەگەڵ شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە)دا.

هەندێک لە شارەزایانی بواری سیاسی پێیانوایە کە بەهۆی سروشتی جوگرافی ناوچەکەوە کە ناوچەیەکی شاخاوییە، پێناچێت داگیرکردنی کانتۆنی عەفرین لەلایەن سوپای تورکیاوە هەروا ئاسان بێت. هەروەها عەفرین وەکو کۆبانێ نییەو سنووری کراوەیەو دەتوانرێت هاوکاریی لۆجیستیو سەربازیی پێبگەیەنرێت، لەو رووەشەوە یەپەگە دەستەوەستان ناوەستێو وەک چۆن لە کۆبانێ بەرگرییان کرد، لە عەفرینیش هەروا دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢١ی جانیۆری ٢٠١٨



## ئایا تورکیا عەفرین داگیردەکات؟



**هیوا خۆشناو**

ڕۆژی١٣ی جانواری ٢٠١٨ لە کۆبونەوەیەکیدا سەرۆک کۆماری تورکیا ڕەجەب تەییب ئەردۆغان لە شاری ئەلازغ هەڕەشەی وێرانکردنی عەفرینی کرد وهەروەها باسی لە بەڵێنەکانی ئەمریکا کرد لە ڕابوردو بۆ ڕادەستکردنەوەی شاری مەنبەج و بەزمانێکی هەڕەشەئامێزانە گوتی: (حەوتویەک ناخایەنێ، دەزانین چیتان بەسەردێنین)!!

مرۆڤ دەبێ بە مێشکێکی فێنک و ئارام سەرجەم زانیاری و پێشوەچونەکان کۆبکاتەوە و وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. جگە لە هەڕەشەی تورکیا لەسەر عەفرین، پێشکەوتنی دیکە لە ئارادان وەک ئەوەی ئێستا لە ئیدلیب دەیانبینین، ناتوانین فەرامۆشیان بکەین.

تا عەفرین لە ژێر دەستی ی پ گ دابێ، بۆ ئەردۆغان کابوسە، چونکە تایبەتمەندی عەفرین، جگە لەوەی نزیکترین شاری کوردانە لە نزیک دەریای سپی ناوەڕاست، هاوکات هەرسێ کانتۆنەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ڕۆژئاوا دەکاتە دراوسێیەکی هەمیشەیی سەرجەم شارەکانی باکوری کوردستان. بۆ ئەوەی ئەردۆغان ئەو کابوسە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، لە پێشوودا ئامادە بوە خۆی مەحکومی سەرجەم یارییەکانی ڕوسیا بکات، لە هەموشیان گرینگتر، ناچارکردنی جیهادیەکان بو بۆ چۆڵکردنی شاری حەلەب. لە ئەنجامی ئەو یارییەدا ڕوسیا گڵۆپی سەوزی بۆ تورکیا هەڵکرد تاکو، شاری جەرابلوس و الباب داگیربکات و بەو شێوەیە عەفرین دوای داعش هەر بە ئابلۆقەداری مایەوە. ئەو پیلانەی تورکیا بە نیمچە سەرکەوتویی مایەوە و تورکیا هەوڵی دا لە ڕێگای تەل ڕەفعەت و مەناغ تەواوی ڕێگاکانی عەفرین، بخاتە ژێر دەستی خۆی.

ئەوەی لە ئەنجامدا دەرکەوت، دیمەشق و مۆسکۆ ئەو داخوازییەی تورکیایان قەبوڵ نەکرد و سوپای سوریا لەچەند ڕۆژێ ڕابوردودا لە پڕ هێرشی کردە سەر ناوچەکانی ئیدلیب توانی ناوچەیەک لە نێوان هێزەکانی سەربە تورکیا "قەڵغانی فورات" و " ی پ گ-عەفرین" دا لە ڕۆژئاوای شاری عەفرین سازبکات. بەوشێوەیە سوریا و ڕوسیا، لەو ناوچەیەدا هێزەکانی سەربە تورکیایان لە عەفرین دابڕی، ئەوەش ئەنکەرەی تەواو شێواند.

## *ڕێیکەوتن - ڕێکنەکەوتنی ئەستانەو گرێکوێرەی ال قاعیدە لە ئیدلیب*

دوای ئەوەی ساڵی پار تورکیا توانی ماوەیەکی درێژ لەگەڵ ئێران و مۆسکۆ لە شاری ئەستانەی کازاکیستان کۆبیبێتەوەو کۆمەڵێک ڕێککەوت ئیمزا بکەن، بزە و خەندە هاتنە سەر لێوەکانی ئەردۆغان. لە ڕاستیدا مۆسکۆ ئەنکەرەی ڕاسپارد تاکو گروپەکانی ئیدلیب کە لەسەر خەتی ال قاعیدە دا دەڕۆن و گرینگرینیان " هیئە تحریر الشام " ە بەتەواوی لە قازانجی مۆسکۆ بێ پەروباڵ بکات. کۆبونەوەکانی ئەستانە لە مانگی سێپتامبەری ٢٠١٧ دا دەستیان پێکرد، بەڵام لە کۆتایی ٢٠١٧ دا، ساردوسوڕیەک بە ئەستانەوە دیار بو و خەندەی سەر لێوەکانی سوڵتان کەمتر ئەگەشانەوە. ئەوکاتە زانرا کە ڕوسیا ڕێگا بە تورکیا نادات بچێتە ناو عەفرین. ڕوسەکان زۆر جاریش بەشێوەیەک لە شێوەکان نەیاندەشاردەوە کە ئەوان بەتەنیا ڕێگا دەدەن تورکیا لە ئیدلیب ڕۆڵی ناوبژیوانی بگێڕێ بۆ سازکردنی ناوچەیەکی ئارام و بۆ ئەو مەبەستە دەتوانێ بەتەنیا چاودێری سەربازی ڕەوانەی هەرێمی ئیدلیب بکات نەک هێزێکی حەشمەت لەوێ کۆبکاتەوە.

دوای ئەو بینیمان لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی پاردا تورکیا هێزێکی زۆری بردە ناو خاکی سوریا، مۆسکۆ هەستی کرد کە تورکیا لە جیاتی چاودێری گروپە توندڕەوەکان، ئامادەکاری دەکات بۆ ئابڵۆقەدانی یەکجارەکی عەفرین.

لە ١٠ی مانگی جانواری ئەم ساڵدا ٢٠١٨ سوپای سوریا کە لە شەڕەکانی دێرەزوور و حەما سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەرەوە، هێرشی کردە سەر ئیدلیب و فرۆکەخانەی سەربازی زوهووری لە توندڕەوەکان سەندەوە.

بە تێڕوانینی خۆم ئەوە ئەنجامی کۆتاییەکەی ئەستانەیە کە بڕیاربو لە شاری سۆچی هەرسێ لایەن "ئەنکەرە، مۆسکۆ و تەهران" بەرهەمەکەی بخۆن. ئێران و تورکیا بۆ جاری دووەم پەسەندیان نەبو "پ ی د" بە فەرمی بانگی

کۆبونەوەی سۆچی بکرێ. ئەمریکاش سورە لەسەر ڕێککەوتنی جنێف لە جیاتی سۆچی. وادیارە ڕوسیا ئەزانێ کە تورکیا لەلایەک لە جیاتی بێدەنگکردنی جیهادیەکانی ئیدلیب، قەڵەویان دەکات. لەلایەکەی دیکەش ئەنکەرە هەوڵی داگیرکردنی عەفرین دەدات و کوردانیش ئەو تاوانە دەخەنە ئەستۆی ڕوسیا. لە هەمان کاتدا ئەنکەرە بە هەڵوێستەکانی وەک ئەوەی "ڕێگا نادەم پەیەدە بەشداری هیچ کۆبونەوەیەکی ئاشتی بکات"، پیاڵانەکانی ڕوسیا لە سوریا دەخاتە ناو مەنجەڵێکی ئاوی ساردەوە، چونکە ڕوسیا دەزانێ بەبێ کورد ئامانجەکانی بۆ ئاشتی لە سوریا نایەنە دی. جگە لەوە ئیتر تورکیا بۆ ڕوسیا گرینگی جارانی نەماوە چونکە ڕوسەکان دەزانن کۆنفرانسی سۆچی دەتوانێ، دەنگی چەکەکان کەمتر بکاتەوە، بەڵام ناتوانێ ئەنجامێکی گشتی لەگەڵ خۆیدا بێنێ، ئەگەر هێزە کوردیەکان و خۆرئاوا پشتگیری لێ نەکەن.

جیێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریاک دیفید ساترفیلد لە ١١ی جانواری ئەمساڵدا گوتی: "لە سوریا ناچنە دەرەوە و ئەمریکا سورە لەسەر ڕێککەوتنی جنێف لەژێر سەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتوەکان، هاوکات حیزب اللەی لوبنانی بە ئامانج نیشاندا". ئەگەرچی ئەو لێدوانەی ئەمریکا ڕوونە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەنگۆی دیداری نهێنی چڕوپڕ لەنێوان ئەمریکا و سوپای ئازادی سوریا کە دوژمنی هێزەکانی دیموکراتی سوریان، لە ئارادایە. ئەو زانیاریانە تا چەند ڕاستن نازانین، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەگەری شەڕێکی ئەمریکا و ئیسرائیل و سعودیە لە گەڵ لایەنەکانی سەربە ئێران لە سوریا لە ئارادایە، ئەکرێ ڕاستی خۆیان هەبێ.

لە ڕۆژی ٩ی جانواری ٢٠١٨ وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بانگی هەریەکە لە باڵیۆزەکانی ڕوسیا (ڕلیکسی إرخوف) و باڵیۆزی ئێران لە ئەنکەرە (محمد إبراهیم گاهریان فارد) کرد و پێیان ڕاگەیاندن کە ڕێککەوتنی ئەستانە لەلای ڕوسەکان، سوریا و ئێران جێبەجێ ناکرێ!!. لە ڕاستیدا وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕاست دەکات، هیچ شتێک بەناوی کۆبونەوەی ئەستانە لە ئارادا نەماوە. ئێستا سوپای سوریا بە یارمەتی ڕوسیا لەگەڵ سەرجەم هێزەکانی سەربە ئەل قاعیدە و سوپای دووەمی هێزەکانی ئازادی سوریا کە تورکیا پشتگیریان دەکات، لە شەڕدایە.

-١٣ی جانواری لە کۆبونەوەیەکی ئەردۆغان لە شاری ئەلازغ هەڕەشەی وێرانکردنی عەفرین کرا و هەروەها باسی لە بەڵێنەکانی ئەمریکاش کرد بۆ ڕادەستکردنەوەی شاری مەنبەج و بەزمانێکی هەرەشەئامێزانە گوتی: حەوتویەک ناخایەنێ، دەزانین چی دەکەین.!!

### ئایا تورکیا هەنگاوی کرداری دەنێ بۆ داگیرکردنی ناوەندی شاری عەفرین؟

تا ئێستا نە لەلایەن ئەمریکا و نە لەلایەن ڕوسیاوە هیچ گڵۆپێکی سەوز بۆ هێرشی تورکیا بۆسەر عەفرین نابینین. تەنانەت بۆ ڕوسیا عەفرین زۆر گرینگترە لە ئەمریکا، ئەگەر هاتو کوردەکان عەفرین لەدەست بدەن: شتێک نامێنێ، کوردەکان و ڕوسیا لە دەوری یەک کۆبکاتەوە و تەواوی کورد لە سوریا دەکەوێتە ژێر هەژموونی ئەمریکا. کەواتە ئایا تورکیا سەری خۆی خواردوە یان سەری خۆی ئەخوات ئەگەر بەرەیەک لە عەفرین لەدژ خۆی بکاتەوە؟ ئایا ئەوکاتە شارەکانی دیکەی وەک جەرابلوس و ئیدلیب نابنە ئامانجی هێزەکانی دیموکراتی سوریا کە ئەمریکا ڕاستەوخۆ لە پشتیانە؟ ئایا ئەوکاتە تورکیا جگە لە ئەمریکا و ئەوروپا، ڕوسیاش ناکاتە دوژمنی خۆی؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە لە چەند ڕۆژی ئاییندەدا وەردەگرینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ستاندار - ڕێکەوتی: ١٥ی جانێوێری ٢٠١٨

---

## تورکیا بۆ دەیەوێت عەفرین داگیر بکات؟



**فەرمان سادق**

لە چەندان بۆنەدا لە ماوەی رابردوودا رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکی تورکیا راشکاوانە رای گەیاندووە کە تورکیا دەیەوێت عەفرین داگیر بکات بە پاساوی بوونی هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل لەو شارەدا، بۆ ئەم مەبەستەش بە بەردەوام هێز و جبەخانەی سەربازی زیاتر دەنێرێتە سەر سنوور، بەڵام تا ئێستە شکستی هێناوە و

زیانی زۆریشی پێ گەیشتووە.

بە پێی ڕێککەوتنی نێوان رووسیا، تورکیا و ئێران، رێ بە هێزەکانی سوپای تورکیا درا بچنە ناو شاری ئیدلیبی سووری کە دەکەوێتە رۆژئاوای باشووری عەفرین.

عەفرین کە یەکێکە لە شارە کوردییەکان و پێشتر بە چیای کوردان ناسرابوو، لە رووی جیۆسیاسییەوە بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە، لە باکور و رۆژئاوا هاوسنووری تورکیایە، لە باشووری شاری ئیدلیب و حەلەب هەیە.

حەلەب بەشێکی بەدەستی یەکینەکانی پاراستنی گەلە، بەڵام ئیدلیب بەدەستی دەستەی ئازادکردنی شام (بەرەی نەسرەی پێشتر) ئۆپۆزسیۆنی سووریایە کە سەر بە دەوڵەتی تورکیان.

حکوومەتی تورکیا لەناو ئیدلیب سێ بنکەی سەربازی کردووەتەوە بۆ هێرشکردنە سەر عەفرین، لە سنوورەکانی خۆیشی هەزاران زرێپۆش و تانک و سەربازی کۆ کردووەتەوە و رۆژانە تۆپبارانی گوندەکانی عفرین دەکات.
ئەگەرچی ڕێگەدان بە هاتنی سوپای تورکیا بۆ ئیدلیب لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی لەگەڵ رووسیا و ئێران ئامانج لێی کەمکردنەوەی بارگرژییەکان بوو، بەڵام تورکیا ئامانجێکی تری هەیە کە بەرەنگاربوونەوە و شەڕە دژ بە یەکینەکانی پاراستنی گەل کە زۆرینەی هەرەزۆری ناوچە کوردییەکانی سووریایان بە دەستەوەیە.

بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە تورکیا دەبێت ١٤ بنکەی سەربازی لە ئیدلیب بکاتەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی وەستاندنی شەڕ لە نێوان هێزەکانی حکوومەتی سووریا و ئۆپۆزسیۆن لەو شارەدا.

تورکیا دەڵێت توانیویانە ئامانجەکانی خۆیان بە تەواوەتی بپێکن و رێ نەدەن شەڕ لە نێوان سوپای حکوومەتی سووریا و ئۆپۆزسیۆن روو بدات، ئەگەرچی لە ماوەی رابردوودا لە هەندێک ناوچەدا شەڕ هەڵگیرساوەتەوە و بەهۆیەوە ١٠٠ هەزار کەس ئاوارە بوونە.

بەڵام ئامانجی سەرەکی تورکیا هێرشکردنە سەر عەفرینە کە بەدەست هێزەکانی پاراستنی گەلە، ئەو هێزەش ئامادەکاری باشی کردووە بۆ وەڵامدانەوەی هەر هێرشێکی سوپای تورکیا وەک خۆیان ئاماژەی پێ دەدەن.



سەرچاوە
Serchawe

## پێگەی ستراتیجی عەفرین

عەفرین شارێکە لە هەردوو لای، واتە لەوسەری باکوری رۆژئاوا رووبـاری پێدا تێدەپەڕێت، لەلای رۆژهەڵاتییەوە شاری ئەعزاز و باشووری شاری حەلەب، ئیدلیب هەیە، لە باکور و رۆژئـاواشی سنووری لەگەڵ تورکیایە.
عەفرین شـارێکی چیـاییە و رووبەرەکەی سێ هەزار و ٨٥٠ کیلۆمەتر چوارگۆشـەیە، دەکـاتە ٢%ی تەواوی خـاکی سووریا.

هێزەکـانی پاراسـتنی گەل ئیـدارەی شـارەکە دەکەن، بەڵام دابـڕاوە لە نـاوچەی نفـووزی ئەو هێـزە، بەگـوێرەی سەرژمێری سـاڵی ٢٠١٢ی حکوومەتی سـووریا ژمـارەی دانیشـتووانی ٥٢٣ هەزار و ٢٥٨ کەسە، بەڵام ژمـارەکە زۆر زیـادی کـردووە بەهـۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆری شـارەکانی حەلەب و ئیـدلیب و ئەعـزاز بەهـۆی شـەڕەوە روویـان تـێ کردووە، ئێستە ژمارەکە زیاتر لە ملیۆنێک کەس دەبێت.

لە عەفرین ٣٥٠ گونـد و شـار و شـارۆکەی گەورە هەیە، گرنگترینیـان عەفرین خـۆیەتی کە ناوەنـدی شـارەکەیە، دواتریش جندریسە، بلبلە، شیە و راجۆیە.
بەنداوی ١٧ی نیسان کە یەکێکە لە گەورە بەنداوەکانی سووریا دەکەوێتە سەر رووباری عەفرین خۆی، لە نـاوچەی مەیدانیکێ دروست کراوە و بەهۆیەوە عەفرین بووە بە شاری دەریاچەکان و کشتوکاڵێکی زۆری لەبەر دەکرێت.

بەرهەمی زەیتوون و لیمۆی عەفرین زۆر بەناوبانگە، جگە لەمەش چەنـدان نـاوچەی مێژوویی لەو شارە هەیە وەک قەڵای سەمعان و قەڵای نەبی هورۆ و تەپۆڵکەی عەیندارە و بوونی پردی رۆمانییەکان لەسـەر رووبـاری عەفرین و پردی هەرەدرە کە ئەڵمانیا پێش جەنگی جیهانی یەکەم دروستی کردووە.

جگە لەمە هێڵی شەمەندەفەری بەستنەوەی نێوان تورکیا و حەلەب بە عەفرین تێدەپەڕێت کە تورکیـا خـۆی پـێش جەنگی جیهانی یەکەم دروستی کردووە.
بە جۆرێک لە جۆرەکان عەفرین بە تەواوەتی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکینەکانی پاراستنی گەل دابڕاوە، جگە لەوەی سنووری باکور و رۆژئـاوای تورکیـایە، ئەوا باشـووری حەلەب و ئیدلیبە کە لە بەردەستی هێزەکـانی (درعی



سەرچاوە
Serchawe

فوڕات - ن) کە تورکیا یارمەتییان دەدات و پڕچەکیان دەکات، هەروەها شاری ئەعزازیش لە دەستی ئۆپۆزسیۆنە، بۆیە پێشبینی زۆر دەکرا عفرین بە ئاسانی بکەوێتە دەستی تورکیا، بەڵام خۆڕاگری یەکینەکانی پاراستنی گەل و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی تورکیا وای کردووە ببێت بە قەڵایەکی پۆڵایین.

لەبارەی کورد، عەفرین شارێکی کوردستانییە و یەکێکە لەو سێ هەرێمە سەربەخۆیانەی کورد لە سووریا ئیدارەی دەدات و بەرگری لێ دەکات. تەنانەت وەک پرسێکی مانەوەی کورد لێی دەڕوانێت و بە ئاسانی دەستبەرداری نابێت، تەنانەت یەکینەکانی پاراستنی گەل ئامانجیان ئەوەیە ناوچەکانی تری نێوان عەفرین و کۆبانێ رزگار بکات و بەیەکەوەیان ببەستێتەوە.

ساڵح موسلیم سەرۆکی پێشتری پارتی یەکێتی دیموکرات دەڵێ، هێزەکانی پاراستنی گەل چوونە ناو شاری ئیدلیب بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی گرووپە توندڕۆکان.
زیاتر گوتی "ئیدلیب ناوچەیەکی جیۆگرافی گرنگە بە هۆی بوونی ئەو چیایانەی هەیەتی، ئێمە هەوڵ دەدەین بەرپرسیارێتی سەرشانی خۆمان بەجێ بگەیەنین بۆ دەرکردنی هەموو هێزە تیرۆریستییەکان لەو شارە".

لە عەفرین بە هەزاران چەکداری هێزی یەکینەکانی پاراستنی گەل هەیە و تا ئێستە وەڵامی هەموو هێرشەکانی تورکیا و هێزەکانی سەر بە تورکیایان داوەتەوە.
هاوکات ئەمەریکاش چەند جارێک دووپاتی کردووەتەوە کە پابەند دەبێت بە بەرگریکردن لە هاوبەشەکانی لە سووریا کە هێزەکانی پاراستنی گەلە، بەڵام تا ئێستە خۆی لە وەڵامدانەوەی لێدوانەکانی ئەردۆغان بەدوور گرتووە کە رەخنە لە ئەمەریکا دەگرن لە یارمەتیدانی یەکینەکانی پاراستنی گەل.

جێی باسە بەشێکی زۆری چەکدارانی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە عەفرین، خەڵکی شارەکەن و سێ بەشی هێزەکانی عەفرینیش بەشداری ئازادکردنی شاری رەقەی پایتەختی داعشیان کردووە، ئامادەی خۆیشیان نیشان دا بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی سوپای تورکیا بۆ سەر عەفرین دوای ئەوەی تورکیا هەڕەشەی داگیرکردنی شارەکەی کرد.

سەرچاوە/ بی بی سی

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - رێکەوتی: ١٦ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## پەنجەکانی تووڕەیی لەچانکایا! (بۆ عەفرین، ئەزموونی ئازادیو خۆڕاگری)



**جەعفەر عەلی**

چەند دەتوانن پەنجەکانتان راوەشێنن، ببن بەزریانی مەرگو تابلۆی ویرانی بکێشن، مالّ بەمالّی گەرمی ئێمە، کۆلان بەکۆلان و شەقام بەشەقامی یادەوەریمان، پڕکەن لەبۆنی باروت، بۆنی برین، بۆنی فرمێسک و بۆنی خوێن. ئێوە نەوەکانی سولّتان، وەچە شەرعییەکانی خەلیفەکانی چانکایا، چی دەماری پڕ غروری پیاوەتی و چڕنوکی تیژی ستەم هەیە لەنێو چاوی پڕ غەدرتان کۆیکەنەوەو لەرێی تفەنگەکانی ناتۆو بۆمبەکانی کرملینەوە، بەبەرچاوی رەنگاوڕەنگی هەمو دونیا، دونیای سۆسیالیزم، دونیای دین، دونیای دیموکراسی و لیبرالّ، وەکو دیاری سەری سالّ، بەسەر مندالانی ئێمەی لە عەفرینی پڕ لە خەونو ئازادیو ژیان دایبارێنن.

لەجەستەی تۆدا ئەردۆگان، رۆحێکی شەڕانگێز هەیە، رۆحێک بۆ چوونە نێو بەهەشت، رێگەی دۆزەخی ناسیوەو بۆ گەیشتن بەئازادیش، رێگەی زیندان. تۆ لەسەرەتای دەسەلاتداو ئەوکاتانەی بالّەکانت بۆ ئاشتی والّا کردبو، لەوکاتیشدا دەسەلاتێکی درۆزنو سیاسییەکی دەروون نەخۆشو دوو لەت بوی، لەتێکت لە باوەشی خوداو ئەویدیکەیش لەباوەشی شەیتاندا بو، لەتێکت گۆرانی ئاشتیو ئەویدیکەیش لەکورتەکو رۆبۆسکیدا، خەریکی وێرانکردنو گڕبەردان بو لەبالّای ژیان.

ئێوە پیاوە تورەکانی نێو مێژوو، لەبری ئاشتی، شەڕانگێزی، لەبری جوانی، لەبری میهرو خۆشەویستی، رەشەبای ژەهرو قین بێنن. ئێوە فێرن هەر تورەبن، هەر هاوارکەن، ژەهرو رقو بارانی خوێن ببارێنن. هەرچیتان پێدەکرێ بیکەن، لەوە زیاتر بەتەمای چین، چەقۆ کول و ژەنگاوییەکانی دەستی سولّتانتان خستە سەر ملی شەقام بە شەقام و کۆلان بەکۆلانی باکوری نیشتمان و پڕتانکرد لەبۆنی برین و خوێن، لەوە زیاتر بە تەمای چین، ژیانتان

لە ئامەد گۆڕی بەزیندان، جەستەی شرناختان کرد بەپارچەیەک لەبرین، لەرۆژئاواو کۆبانێشدا کەوتنە مەشقی کوشتنی ژیان، ئێستایش خەریکن نووکی شمشێرەکانتان دەخەنە سەر دڵی عەفرین.

بەڵێ ئێستا پیاوە بەئەمەکەکەی سوڵتان، ئەردۆگانی خوێن و تاوان، بەبەرچاوی رەش و سپی ئەم دونیایە، بەبەرچاوی سەوز و سووری هەموو جیهان، خەریکی بڵندکردن و راوەشاندنی پەنجەی تاوانە، خەریکی گەڕان و کردنەوەی دەروازەکانی دونیای پڕ لە درۆی زەرد و سووری دیموکراسی و مافی مرۆڤە، بۆ رازیبوون بەکوشتنی جوانی و ژیان، بۆ رازیبوون بە کوشتنی بالای عەفرین، بالایەک بەرز روو لە ئازادی و، سەریش لەئاسمان. ئێوە توانیتان زۆر شت بکەن، بالای زۆر نەمامی تازە هەڵچووی پڕ ئومێدی باکورتان بەخوێن سور کرد، زۆر جەستەی پڕ لە رۆحی ئازادیتان لە رۆژئاوا پڕ برین کرد، سوپاتان نارده سەر سنوور، ئازادیتان زیندانی کرد، زۆر شتتان کرد، دوورنییە زۆریدیش بکەن، بەڵام...

شتێک کە هەرگیز ناتوانن بیکەن، راگرتنی هەناسەکانی ژیان و دەنگی بەرز و پڕ لە هیوای ئازادییە، چوون ئەتاتورک و ئینینۆ، بایار و مۆندەریس، حکومەتە عەسکەرییەکەی گورسیل و ئەمین فرخرەدین، دیمیریل و ئەجەوید، یەڵمازو چیللەر و ئەربەکان، نەیانتوانی ئازادی و ژیان، لەنیشتمانی ژیان و ئازادیدا، لە نێو زریانی رق و تورەییاندا بخنکێنن، ئێوەش ناتوانن. ئێمە هەر هەمومان وەک دەنگەکانی ئازادی هەناسەی منداڵانی ئامەد و نوسەیبین و شرناخ و کۆبانێ و جەزیرە و عەفرین، دەنگمان دەنگی ئازادییەو هەناسەشمان هەر بۆ عەشق و جوانی ژیان.

ئێمە هەموومان دڵنیاین، پەلاماری خوێن و ستەمی ئەردۆگان، نەک ناتوانێ شکۆی بوون و ئازادیمان تێکبشکێنێ، بەڵکو وەک پەلاماری (حەمیدییە) بۆ سەر ژیان و بوونی ئەرمەن، دەبێتە برگەیەکی دیکەی نێو ئەرشیفی کۆشکی ستەم، کۆشکی ڤین و تورەیی و خوێن، کۆشکی مێژوویی خەلیفەو سوڵتانەکانی چانکایا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - رێکەوتی: ١٩ی جانیۆێری ٢٠١٨

# عەفرین لەدیدی ئەمریکاوە



**سەردار عەزیز**

جۆشوا لیدس، هەرچەندە وەها تۆمەتبار دەکرێت کە هاوسۆزە لەگەڵ رژێمی ئەسەددا، بەڵام یەکێکە لەهەرە باشترین چاودێرەکانی دۆخی سوریا. لەم دواییەدا کتێبەکەیم خوێندوە بەڕاستی باشترین لیکۆڵینەوەیە بۆ دۆخی ئێستای سوریا. جۆشوا لەرۆژانی ڕابوردودا پۆستێکی لەبلۆگە ناسراوەکەی خۆی سیریا کۆمێنت نوسیوە کە دەکرێت وەها وەربگیرێت کە دیدی کەسێکە نزیک لەئەمریکیو سوریەکانەوە. جۆشوا بەڕێوبەری کۆلێژی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئۆکلاهۆما.

جۆشوا بڕوای وەهایە کە ئەمریکا بریاری خۆیداوە بەرامبەر بەتورکیا. چیدی ناتوانێت ئەو وڵاتە وەک دۆستێک تەماشا بکات. خۆتان دەزانن یەکێک لەسیفەتەکانی دۆستایەتی لەسیاسەتی ئەمریکیدا بریتیە لەئامادەبون بۆ هاوکاری کردنی پلانی ئەمریکا بە بەردەوامی بەبێ هیچ مەرجێک، ئەگەر مەرجیش هەبێت ئەوا دەبێت مەرجی سوک بێتو ڕێگرنەبێت. چەمکیک هەیە لەسیاسەتی ئەمریکیدا ئەویش چەمکی پشت پێبەستنە، ئایا دەتوانێت پشتی بەو هێز، لایەن وڵات کەسە ببپرسیت کە لەهەمو دۆخێکدا لەگەڵتدایە. ئەمە لەکوردستان لەگەڵ پارتی یان بەتایبەت بەرزانیدا رویدا، کاتێک ئەو سەلماندی کە لەرێگای سەرسەختیەوە ناتوانرێت بەبێ دو دڵی پشتی پێببەسترێت.

جۆشوا بڕوای وەهایە ئەو دیدەی کە ئارگومێنتی ئەوەی هەیە کە گوایە ئەمریکا پاش داعش دەسربەرداری کورد دەبێت بۆ دامرکاندنەوەی تورەیی تورکیا، چیدی گونجاونیە. چونکە واشنتۆن لەئێستادا وەها لەتورکیا دەڕوانێت کە هەتابێت زیاتر دیکتاتۆری دەبێت، زیاتر ئیسلامی دەبێت، زیاتر دژە ئەمریکایی دەبێت. سەرباری ئەمانە ئاگراوی بوونی زیاتری خیتابی دژە ئیسرائیلی.



سەرچاوە Serchawe

بە تایبەت لە ماوەی داهاتوودا چاوەڕوان دەکرێت ئەمریکا زیاتر لایەنگری سعودیە و ئیسرائیل بکات لە ناوچەکەدا. بە تایبەت ئەمە پشتیوانیە یەکێکە لە بنەماکانی بە خۆری کردنەوەی ڕێسەکەی ئۆباما لە ناوچەکە. لە پلانی بۆ گەڕانەو بۆ سیاسەتی تەقلیدی ئەمریکا، ئەمریکا دیسانەوە دەکەوێتەوە جەنگی ساردی فرە ئاست لە گەڵ ئێراندا. لەمەدا ڕۆژئاڤا بەشێکی سەرەکی دەبێت لە ململانێکانیدا.

بەپێی جۆشوا، واشنتۆن ناسیونالیزمی کوردی بەرەو پێئەدات لەسوریا. لەم ڕێگایەوە ئەمریکا دەیەوێت سوریا بەلاوازی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی نەهێڵێت روسیا و ئێران بەرهەمی ڕەنجەکەیان بدورنەوە. هەتا بێت لە واشنتۆن یرو بەوە دەهێنن کە پشتیوانی کورد پێگەی ئەمریکا بەهێز دەکات لە ناوچەکە.

وەک دەیڤید ستێفیلد لە یانزەی ئەم مانگە لە کۆنگریس وەک یاریدەری بیرۆی ڕۆژهەلاتی نزیک بە وەکالەت، روونی کردەوە کە سیاسەتی ئەمریکا ئەوەیە کە روسیا بهێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە دەستورێکی نوێ لە سوریا بنوسرێت، هەڵبژاردنێکی عادیلانە بەڕێوەبچێت، لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکاندا، ئەوا ئەسەد دەدۆڕێت.

ئەمریکا بە ڕێگری لە ئەسەد بۆ باکری سوریا لەو باوەڕەدایە کە دەتوانێت بگاتە ئەم ئامانجە.

کەم نین بڕوایان وەهایە کە ئەم دیدە بێ بنەمایە.

بەلام رەفتاری تورکیا گرنگە. هەتا ئەمریکا ڕێگری لە تورکیا بکات، تورک بە هەوڵی خۆ نزیککردنەوە لەروسیا دەیانەوێت ئەمریکا تورە بکەن یان ناچاری بکەن هەڵوێستی بگۆڕێت. سیاسەتێک کە هەتا ئێستا ئەنجامی نەبوە. لەڕاستیدا بە ئەنجامدانی ئەم کارە تورکیا زیاتر دیدی ئەوانە پشت ڕاست دەکاتەوە کە گومانیان هەیە لە تورکیا.

بەلام هێرش بۆ عەفرین ئەو مەترسیەی بۆ تورکیا هەیە کە باکور و ڕۆژئاوا زیاتر لە یەکتر نزیک دەکاتەوە، چونکە ترسی سەرەکی تورکیا لە ڕۆژئاوا بوونی ئەو پەیوەندیە نزیکە فرە ئاستەیە لە نیوان هەردوولادا. بە پێچەوانەی باشور کە پەیوەندی لە گەڵ باکوردا لاوازە بە هۆی هۆکاری حیزبی و زاراوە و بەربەستی تر، تورکیا هێندە لە کاریگەری باشور ناترسێت لە سەر باکور، بەلام زۆت نیگەرانە لە بوونی ئەو پەیوەندیە ئۆرگانیەی نیوان باکور و ڕۆژئاڤا.

بەم پێیە لە بەر نەبوونی پشتیوانی ئەمریکا، مەترسی نزیکبونەوەی کوردی هەردوو پارچەکەی کوردستان، سەرنەکەوتن ئەردۆگان تەنها هەڕەشە و گورەشە ئەکات بەڵام لە ڕووی سەربازیەوە هەنگاوی جیددی نانێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ١٩ی جانێوێری ٢٠١٨

## بۆچی عەفرین بۆ تورکیا و ڕۆژئاوای کوردستان ستراتیژییە؟




*بارهەڵگرێک دەبابەیەکی تورکیا دەگوازێتەوە سەر سنووری لەگەڵ سووریا،*

**لەلایەن هەڵات ڕێبوار**

عەفرین، ئەو ناوچەیەی ڕۆژئاوای کوردستانە کە بەهۆی هەڕەشەکانی ئەم دواییەی تورکیا، بووەتە ڕۆژەڤ و چاوی هەموو میدیا جیهانییەکانی لەسەرە. عەفرین، شوێنێکی ستراتیژیی گرنگە کە تورکیا هەوڵدەدات دەسەڵاتی هەسەدە تێیدا نەمێنێت، لەبەرامبەردا هەسەدە ئامادەیە بەهەموو شێوەیەک بەرگری لێبکات.

بەهۆی ئەوەی ئەرکی پاراستنی ئەمنییەتی عەفرین، لەسەر شانی هێزەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)ـیە، لەم دواییەدا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا زیاتر لە جارێک ڕایگەیاندووە هێرش دەکاتە سەر عەفرین، بەهۆی ئەوەی تورکیا وەکو "هێزێکی تیرۆریستی" سەیری یەپەگە دەکات.

تورکیا سەدان سەرباز و دەیان تانک و زرێپۆشی لە پارێزگای ئیدلیب (هاوسنووره لەگەڵ عەفرین) جێگیر کردووە، کە لەژێر دەسەڵاتی دەستەی رزگاریی شام (بەرەی نوسرەی پێشوو)ـە، تورکیا هەروەها سێ بنکەی سەربازی لەو پارێزگایە جێگیر کردووە.

جگە لەمانە تورکیا هێزێکی گەورەی لەسەر سنوورەکانی عەفرین بڵاوکردووەتەوە و لەچەند لایەکەوە: لە بنکەکانی لەنێو خاکی باکووری کوردستان، لە ناوچەی ئەعزاز کە دەکەوێتە نزیک عەفرین، هەروەها لەنێو پارێزگای ئیدلیبەوە چەند گوندێکی پارێزگای عەفرینی تۆپباران کردووە.

ئێوارەی رۆژی هەینی ١٩ - ١ - ٢٠١٨، میدیاکانی تورکیا بە پشتبەستن بە سەرچاوە سەربازییەکانی وڵاتەکەیان بڵاویانکردەوە، ئەو هێزە سەربازییەی سوپای رووسیا کە لە ١٧٠ سەرباز و راوێژکار پێکهاتووە و بەمەبەستی چاودێریکردن لە عەفرین نیشتەجێکراوە، دەستیان بە پاشەکشەکردن و چۆڵکردنی عەفرین کردووە.



بەڵام سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی رووسیا لە وەڵامی پرسیارێکی تۆڕی میدیایی رووداودا لەبارەی کشانەوەی سەربازەکانیان لە عەفرین و هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر ئەو شارەی رۆژئاوای کوردستان رایگەیاند: "ئەو راپۆرتانە راستنین".

ئاماژەی بەوەش کرد کە تورکیا بە رێککەوتنی کەمکردنەوەی شەڕ لە سووریا پابەندنەبووە. گوتیشی "لەم کاتەدا لەگەڵ تورکیا و ئێران لە پەیوەندییەکانمان بەردەوامین بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی تەواوی کەمکردنەوەی گرژی لە ئیدلب. لەرێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە بەردەوام دەبین بۆ دڵنیابوون لەوەی ناوچەی کەمکردنەوەی گرژییەکان دەبێتە هۆی هێنانەدی سەقامگیری لەم ناوچە زۆر گرنگەدا".



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەی لاڤرۆڤ باسی دەکات ڕێککەوتنێکە لەنێوان ڕووسیا و ئێران، تورکیا کە لەڕێگەیەوە هێزەکانی خۆی لە پارێزگای ئیدلیب بڵاوکردووەتەوە، ئەمەشی بەئامانجی "کەمکردنەوەی گرژییەکان لەو ناوچەیە" ئەنجامداوە، بەڵام نەشیشاردووەتەوە ئامانجی سەرەکیی لەم هەنگاوە، بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی پاراستنی گەل بووە.

بەپێی ڕێککەوتنەکەی تورکیا، ڕووسیا و ئێران؛ تورکیا بنکە لە ئیدلیب دادەنێت، بەمەبەستی سەرپەرشتیکردنی راگرتنی تەقە لەنێوان هێزە حکومییەکان و ئۆپۆزیسیۆن لەو پارێزگایە. ئەنقەرە دەڵێ ئۆپەراسیۆنەکەی لە ئیدلیب سەرکەوتوو بووە، سەرەڕای ئەوەی شەڕی نێوان هێزەکانی حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن کە لەم دواییەدا لە پارێزگاکە ڕوویداوە، بووەتە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس.

ڕاوێژکارێکی ڕەجەب تەیيب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: "تورکیا ئەمڕۆ بێت یان سبەی، یان چەند کاژێرێکی دیکە" هێرشدەکاتە سەر عەفرین.

یاسین ئاکتای، کە ئەندامی پەرلەمانی تورکیاشە لەسەر لیستی پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار (ئاکەپە)، لە وەڵامی پرسیارەکانی ڕووداودا باسی جیاوازیی هەڵوێستی ڕووسیا و ئەمریکای لەبارەی ئۆپەراسیۆنی عەفرینەوە کرد و ڕایگەیاند: "ڕووسیا لە ئەمریکییەکان باشتر تێگەیشتنیان هەیە".

عەفرین ئەو ناوچانە لەیەکدی جیادەکاتەوە کە لەژێر دەسەڵاتی یەکەکانی قەڵغانی فوراتن (قەڵغانی فورات، ئەو دەستەوەردانە سەربازییەی تورکیایە لەسەر سنووری نێوان باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، لە یەکەم ڕۆژی ئۆپەراسیۆنەکەدا ئەردۆغان گوتی: قەڵغانی فورات دژی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی سووریایە کە لە سووریاوە هەڕەشە لە وڵاتەکەمان دەکەن). بە کۆنترۆڵکردنی عەفرین تورکیا ڕێگە لە هەمووجۆرە بەیەکگەیشتنێکی جوگرافی دەگرێت لە هەموو ناوچە سنوورییەکانی کە دەکەونە نێوان شاری جەرابلووس لە ڕۆژئاوای فورات و دەریای ناوەڕاست، بەمەش ڕێگە لە خەونی بەیەکگەیشتنی جوگرافیی ناوچە کوردییەکان بەیەکدی دەگرێت.

عەفرین بۆ کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە یەکێکە لە سێ ناوچە کوردییەکەی (کانتۆن) سووریا و پارێزگاریکردن و بەرگریکردن لێی، بابەتێکە پەیوەندی بە مانەوەی دەسەڵاتی کورد هەیە لەو ناوچەیە و بە ئاسانی دەستبەرداری نابن.



سەرچاوە
Serchawe

ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەڤانانداا لەبارەی دۆخی شاری عەفرینی رۆژئاوای کوردستان رایگەیاند "لە هەر دۆخێک نیگەرانم کە تێیدا خەڵک گیان لەدەست بدەن".



هاوکات ستیڤان دوژاریک، گوتەبێژی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند "بەوردی چاودێری دۆخەکە دەکەین، ئامادەکاری مرۆیی هەیە و لەسەر چەند ئاستێک لە پەیوەندیداین دەربارەی دۆخەکە". ئاماژەی بەوەش کرد کە دواتر راگەیێندراوێکی فەرمی سەبارەت بە دۆخی عەفرین بڵاودەکەنەوە.

هەروەها مەجید نیزامەدین گلی، بەڕێوەبەری نووسینگەی رووداو لە نیویۆرک رایگەیاند، تاوەکو ئێستا هیچ وڵاتێک بەتایبەت وڵاتانی ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایش نییە، کە بە ئاشکرا پشتگیری تورکیا بکات بۆ هێرشکردنە سەر عەفرین.

بەپێی لێدوانەکانی سەرکردایەتیی کورد لە رۆژئاوای کوردستان چاویان لەوەیە عەفرین بە ناوچە کوردییەکانی دیکە بگەیەنن. ساڵح موسلیم، سەرۆکی پێشووی حیزبی پارتی یەکێتیی دیموکراتی (پەیەدە) لەمدواییانە رایگەیاندبوو "ئیدلیب ناوچەیەکە بە چیا و دۆڵ و دەشتەکانی جیادەکرێتەوە و ئێمە (پەیەدە) بەرپرسیار دەبین لە دەرکردنی هەموو هێزە تیرۆریستییەکان لەو پارێزگایە".

هەرچەندە ئەمریکا جەخت دەکاتەوە لە بەرگریکردن لە هاوبەشەکانی لە هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) لە ناوچەی رۆژئاوای رووباری فورات، بەڵام خۆی پاراستووە لە وەڵامدانەوەی رەخنەکانی ئەردۆغان و بەرپرسانی دیکەی تورک سەبارەت بە هاریکاریی نێوان ئەمریکا و یەکینەکانی پاراستنی گەل.

ژمارەیەکی زۆری سەرکردەکانی یەپەگە خەڵکی عەفرینن و، رۆڵەکانی ناوچەی عەفرین نزیکەی یەک لەسەر سێی

ئەو هێزانەیان پێکدەهێنا کە لە ئازادکردنی ڕەققەدا لەدەست چەکدارانی داعش شەڕیان کرد، کاتێکیش هەڕەشەکانی تورکیا دژی عەفرین زیادیان کرد، هەزاران کەس لەو شەڕڤانانە ڕایانگەیاند ئامادەن ڕووبکەنە عەفرین و پارێزگاری لێبکەن.




**جوگرافیای عەفرین**

شارۆچکەی ئەعزاز، کە شوێنێکی ستراتیژی گرنگە دەکەوێتە بەری ڕۆژهەڵاتی عەفرین. عەفرین هەروەها دەکەوێتە باکوور و باکووری ڕۆژئاوای حەلەب و بەشێکیشی هاوسنوورە لەگەڵ ئیدلیب.

عەفرین ناوچەیەکی چیاییە و ڕووبەرەکەی نزیکەی سێ هەزار و ٨٥ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، واتا ٢%ی ڕووبەری سووریا پێکدەهێنێت. لەڕووی جوگرافییەوە لە ناوچەکانی دیکەی ژێردەسەڵاتی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، کە هاوسنوورن لەگەڵ تورکیا (باکووری کوردستان) جیابووەتەوە.

بەپێی سەرژمێرییەکانی حکومەتی سووریا لە ساڵی ٢٠١٢ دا ژمارەی دانیشتووانی پارێزگای عەفرین نیو ملیۆن کەسی تێپەڕاندووە و، بە دیاریکراویش ٥٢٣ هەزار و ٢٥٨ کەس بووە، بەڵام ئەو ژمارەیە زۆر زیادی کردووە لەدوای شەڕ، بەپێی هێزە کوردییەکان کە لەدوای لەدەستدانی دەسەڵاتی حکومەتی سووریاوە حوکمی ئەو ناوچەیە دەکەن: بەهۆی ئاوارەبوونی خەڵکی حەلەب و شار و شارۆچکەکانی دیکە بۆ عەفرین، ئێستا زیاتر لە ملیۆنک کەس لە عەفرین نیشتەجێن.

بەنداوی ١٧ی نیسان لەسەر ڕووباری عەفرین دروستکراوە و بەهۆیەوە دەریاچەیەک دروست بووە کە گرنگییەکی زۆری هەیە لە بەرهەمهێنانی کارەبا و دابینکردنی ئاو بۆ کشتوکاڵکردن و بەخێوکردنی ماسی.



سەرچاوە
Serchawe

عەفرین بە بەرهەمهێنانی زەیتی زەیتوون، مزرەمەنییەکان و کرۆم بەناوبانگە هەروەها چەندین شوێنی مێژوویی هەیە وەکو قەڵای سەمعان، قەڵای پێغەمبەر هۆری، گردی عەین دارە، پردەکانی ڕۆمانییەکان لەسەر ڕووباری عەفرین و پردی هەرە دەرە کە ئەڵمانییەکان پێش جەنگی جیهانیی یەکەم دروستیان کردووە.

هەروەها هێڵێکی شەمەندەفەر بەنێو عەفریندا دەڕوات و دەگاتە حەلەب کە تورکیا پێش جەنگی جیهانیی یەکەم دروستی کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو نێت - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانیۆیری ٢٠١٨

---

## تەنیا یەکگرتویی کورد ڕزگار دەکات



**ستارە عارف**

کورد هەمیشە تەنیا بوە، بۆیە ئەگەر لەهەر چوار پارچە بە گیانێکی نەتەوەیی ڕاست و دور لەخواستی کورسی پەرستی و خۆخۆری و پەرتەوازەیی ببنە خاوەنی سوپایەکی یەکگرتوی بەهێز و یەک زمانی کوردی ستاندارد و ناوەندێکی بڕیاردانی یەکگرتویان هەبێت و هیچ پارچەیەک خۆی لەپارچەکەیتر بە گرنگتر و لەپێشتر و زاراوەکەی و میللەتەکەی لەویتر بە باشتر نەزانێت و عەقڵانی مامەڵە بکەن، هیچ وڵاتێک تواناى لەناوبردن و شکاندنی نیە، بەڵام ئەم چەمک و تێگەیەیانە لەهەر چوار پارچە لای هەمو هێزە ڕامیاریە دەستەڵاتدارەکان هەیە و کەسیشیان بە ئاشکرا باسی ناکەن، بەڵکو بە دروشمی جوان شاردویانەتەوە، بێگومان پراکتیک و کردار ئاشکرایان دەکەن.

ئێستا عەفرین لەرۆژئاوای کوردستان بەرامبەر بە سوپای شۆڤێنی تورک ڕاوەستاوە و تەنیایە و هاوپەیمانی ولاتانی رۆژئاوایش نایانپارێزن، ئەمرۆ ١٩ - ١ - ٢٠١٨بەرپرسێکی بالای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە رۆژنامەنوسانی ڕایگەیاندوە، کە ئۆپەراسیۆنی تورکیا بۆ سەر عەفرین سەقامگیری ناوچەکە و سوریا تێکدەدات و رۆلی لەپاراستنی ئاسایشی سنورەکانی تورکیایشدا نابێت، ئەم جۆرە لێدوانانەی ئەمریکا و ولاتانی رۆژئاوا لەسۆنگەی بەرژەوەندی سیاسی خۆیانەوەیە و ناتوانن هیچ ڕێگریەکی جدی لەتورکیا و سوپا شۆڤێنیەکەی بکەن، چونکە لەبەرژەوەندیاندا نیە و پشتی تێناکەن، ڕاستە بە چەک و تەقەمەنی هاوکاری یەپەگە و رۆژئاوایان کردوە، بەلام هێشتا بەرژەوەندیان لەگەڵ تورکیا و عێراق و ولاتانی تری هەرێمەکە لەپێشترە و بە کردەیی ڕێگری ناکەن و وەک هەمیشە کورد بە تەنیا جێدەهێڵن.

ئەم دیمەنەی ئەمرۆی تەنیایی کورد لەرۆژئاوا و هەڵوێستی ئەمریکا و ئەوروپا و ڕوسیا، هەمان هەڵوێستی ئەم ولاتانەی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانی کیمیاباران و ئەنفالی کورد لەباشوری کوردستان بە بیردەهێننەوە، کە وێڕای ئەوەی دەوڵەتی عێراقی عەرەبی پەیماننامەی جنێڤی ساڵی ١٩٢٥ی تایبەت بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و پەیماننامەی قەدەغەکردنی جینۆسایدی لەنەتەوە یەکگرتوەکان واژۆ کرد بو، بەلام ڕژێمی بەعس تاوانی جینۆسایدی کوردی بە دیار چاوی هەمو دنیاوە ئەنجامدا و ئەو چەکە کیمیایە قەدەغەکراوانەی دژی کورد بەکارهێنا، کە ولاتانی رۆژئاوا بۆ لەناوبردنی ئێرانی ئیسلامی پێیانبەخشی بو، کەچی ڕژێمی بەعس ئەو چەکە قەدەغەکراوەی دژی کورد بەکارهێنا، دوای ئەنجامدانی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و هەمو کوردستان لەپێش هەر قۆناغێکی ئەنفالەوە و دارماندنی کوردستان، ولاتانی رۆژئاوا و ولاتە یەکگرتوەکان و ولاتانی عەرەبی و ڕوسیا، لەو هەمو تاوانە دەرهەق بە کورد بێدەنگ بون و هیچ کاردانەوەیەکی مرۆیانەیان نەبو، بە پێچەوانەوە هەوڵی ڕزگارکردنی سەدامی دیکتاتۆریان لەو تەڵەزگە و تاوانە و تاوانبارکردنی ئێرانیان دەدا، بەرامبەر بە کورد جیاوازی لەنێوان سیاسەتی ولاتانی سۆسیالیزم و ولاتە سەرمایەدارەکاندا نیە و وەک یەک بێ هەڵوێست و تاوانبارن.

ئەو کاتەی ڕاگەیاندنەکانی ولاتانی رۆژئاوا ئاشکرایان کرد، تاوانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی کورد لەلایەن سەدام و عێراقەوە ئەنجامدراوە و ئەو ولاتانە خۆیشیان ئاگاداری ئەو وردەکاریە بون، کەچی لەڕابردو باشتر پشتگیری سەربازی عێراقیان لەدژی ئێران کرد و کوردیان بە هاوپەیمانی ئێرانی خومەینی لەقەڵەم دەدا، یان بۆ خۆ دزینەوە ئەو تاوانە گەورانەیان بە کێشەیەکی ناوخۆیی عێراق دەبینی، ئەم تاوانە مەزنەیان بینی و

فەرامۆشیان کرد و بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ سەدام ڕێگەی پێنەدان هیچ هەڵوەستەیەکی لەسەر بکەن، جیهانی عەرەبی و ئیسلامیش زیاتر لەجاران هاوسۆزی سەدام بون، بەرژەوەندی ڕامیاری و ئابوری ئەم وڵاتانەی بە تەواوی لەئاست کورددا کوێرکرد بو و ئەمریکا لەوە دڵنیا بو، عێراق چەکی کیمیایی دژی کورد بەکارهێناوە، بەڵام لەپەیوەندیکردن بە سەدامەوە و دابینکردنی کەرەستەی کشتوکاڵی و سەربازی و پێدانی زانیاری هەواڵگری بە بەرەکانی جەنگی سەدام هەر بەردەوام بو، بە پێچەوانەوە ڕۆڵی گرنگی لەسەرخستنی تاوانەکانی ساڵی١٩٨٨ی ڕژێمی بەعس دژی کورد بینی.

ئەو کاتەی جەلال تاڵەبانی دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە کۆمەڵێک بەڵگەی کیمیاباران و ئەنفال کۆدەکاتەوە و بۆ ڕاکێشانی سۆزی ئەو وڵاتانە گەیشتە ئەمریکا، داوای بینینی جۆرج شۆڵز وەزیری دەرەوەی ئەمریکای کردوە، زۆر بە دزیەوە و لەشوێنێکی نا فەرمی و چەپەکدا بە پەلە وەزیر گوێی لێگرتوە، بۆ ئەوەی عێراق و تورکیا بەو دیدارە نەزانن، کەنعان ئەفرەن سەرۆک کۆماری تورکیا و تاریق عەزیز وەزیری دەرەوەی عێراق چاوپێکەوتنەکە ئاشکرا دەکەن و نارەزایی نیشاندەدەن، لەئەمریکا دەپرسن بۆچی وەزیری دەرەوەیان چاوی بە کوردانی تیرۆریست کەوتوە و دەست وەردەدەنە کاروباری ناوخۆییانەوە، بە پەلە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەیاننامەیەک بڵاودەکاتەوە و دەڵێت دەست لەکاروباری ناوخۆی عێراق و کوردەوە وەرنادەن و بڕیاری قەدەغەکردنی هەر دیدارێک لەگەڵ کوردی عێراق بە تایبەتی دەدەن و دیدارێکی دکتۆر مەحمود عوسمانیش بۆ هەمان ئامانج لەو کاتەدا ڕەتدەکەنەوە.

هەرچەندە سیاسەتی ئەو وڵاتانە لەئەمرۆدا بەرامبەر بە کورد گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە و وەک ڕابردو نیە و ئێستا کورد بە هاوپەیمانی خۆیان دەزانن، بەڵام هەر بەرژەوەندی و سەرمایەی خۆیان بە کورد ناگۆڕنەوە، بەرامبەر بە هێرش بۆ سەر کورد لەعەفرین ناتوانن ڕێگری لەتورکیا بکەن و پشتگیری لەکورد بکەن، کۆمەڵێک کەس و لایەنی کەم ئەزمون هەن، ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپی بە هاوپەیمان و پارێزەری هەمیشەی گەلی کورد دادەنێن و تەواوی هێلکەکانیان دەکەنەوە سەبەتەی ئەوانەوە، کە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە ساویلکەییە، چونکە وڵاتانی سەرمایەدار بە پێی سود و قازانجی ئابوری و ڕامیاریان وڵاتان و ناوچەکە پێوانە دەکەن، یەکگرتویی و ئیرادەی پۆلاینی ناوخۆی کوردی لەهەمو هێز و پشتیوانیەک بەهێزترە و ناکرێت میللەت و گەنج بەو کاڵفامیە پەروەردە بکەن، بەڵکو زۆر گرنگە کار لەسەر بەهێزکردنی ئیرادەی کوردی لەناوخۆدا بکەین، بە هەمو مانایەک تاوانی ئەنفال و کیمیابارانی کورد لەباشور، سەرەڕای دیکتاتۆری و دڕندەی بەعس دژی کورد، بەڵام لەلایەن ئەمریکا و ئەو وڵاتانەیشەوە گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکرا.



سەرچاوە
Serchawe

ئەمڕۆیش کورد لەهەمو پارچەکان و عەفرینیش بە تایبەتی تەنیایە و هەر یەکگرتویی و یەکێتیەکی نەتەوەیی و ڕاستگۆیی و کۆبونەوە لەدەوری یەک ڕوانگە و هێز و مەکۆیەکی کۆکەرەوە دەمانپارێزێت، نەک پشتیوانی درۆزنانە و کاتی ئەمریکا و ڕوسیا و وڵاتانی ڕۆژئاوا و هەرێمی، کە پێویستە کاری هەنوکەی کورد لەم ڕوانگەیەوە بێت و لەشوێنی پەنابردن بۆ دەرەوە و پاڕانەوە و کوروزانەوە، ئیرادەی ناوخۆیی کوردی ناو لایەنەکان جگە لەخیانەتکاران و نیشتمان فرۆشان و ئاشبەتاڵچیان پتەو بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین پریس - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانیۆیری ٢٠١٨

## عفرین، جەنگێک بەلۆژیکێکی جیاواز



**ئەحمەد ڕەسوڵ**

زۆر جار قسەیەک لەبارەی هێز و توانایی لە ڕۆژاوا دەکرێت بەوەی کە "شەڕڤانان و هێزە چەکدارەکانی ڕۆژاوا لەسەر بنەمای پرەنسیپ "مەبدەء" و باوەڕ پێکهاتوون بۆیە ئەو هێز و خۆڕاگریەیان تێدایە، کە مەبەست لەم گوتەیە ئەوەیە کە ئایدیۆلۆژیایەک هەیە کە چەکدار و شەڕڤانان بە یەقینەوە باوەڕیان پێیەتی و ئامادەن تا مردن لە پێناویدا بجەنگن". ئەم قسەیە ئەگەر بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕاست بێت، بەڵام ناتوانێت بەشی گەورەی ڕاستیمان پیشانبدا لەبارەی ڕۆژاواوە.

ئیدارە و سیاسەت لە ڕۆژاوا "عفرینیش وەک بەشێک لێی" بە ڕێژەیەکی بەرز لەسەر بەرجەستە بوونی ئیرادەیەکی کۆلێکتیڤ بیناکراوە. ئیرادەیەکی کۆیی ڕاستەقینە بە نێو بەرجەستەبوونی ئیرادەی تاکە تاکەی ئینسانەکاندا

تێپەڕ دەبێت. واتا ئەوە کۆبوونەوەی هێز و ئیرادەی تاکە تاکەی ئینسانەکان و فۆرمیولەبوونی هێزێک و ئیرادەیەکی گەورەی دەستەجەمعیە کە لە توانایدایە هەم بەربەستە گەورەکان بشکێنێت و هەم داستانی وەک کۆبانێ تۆمار بکات.

سیستمێکی ئیداری سیاسی کە هاونیشتمانی و مرۆڤبوون پرەنسیپی سەرەکی کارکردن و بنەمای پێکهێنی بێت، دەبێتە رووبەرێکی دەزگایی - کۆمەڵایەتی بۆ تەعبیرکردنی ئینسان لە خۆی. سیستمێکی لەو جۆرە بە رادەیەکی زۆر دەبێتە فەزای هەم خۆ دروستکردنی مرۆڤ و هەم بەرجەستەبوونی توانا و ووزە ناوەکیەکانی مرۆڤ.

ئەم رۆژانە سەرەتای هەڵگیرسانی جەنگێکە "وەک ئەوەی کە دیارە و دەردەکەوێت، هەڵبەت ئەگەر لە ناکاو و بەهەر هۆیەک راناوەستێت" لەلایەن رژێمە فاشیستی و سوڵتانیەکەی ئەردۆگان و ئاکەپەوە لە دژی عفرین و رۆژاوا بە گشتی، کە ئاشکرایە جەنگەکە بەناوی عفرینەوە بەشێوەیەکی سیمبولیک بەرێوەدەچێت، دەنا خۆی لە راستیدا دژ بە ئەزمونی رۆژاوایە بە گشتی.

سادە و روون ئەوەیە، ئەم جەنگە تا دواهەمین پلە نابەرابەری و ناهاوسەنگی تێدایە هەم لە ئاستی چەندێتی و هەم چۆنێتیدا. سوپایەکی گەورەی پڕ چەک و بە هەموو جۆرە چەکێکی قورسەوە کە هێزی ئابوری و سەربازی دەوڵەتێکی گەورەی لەپشتە، هێرش دەکاتە سەر شارۆچکەیەک کە هێزێکی چەکداری بە ژمارە کەم و تازە پێکهاتوو بە چەکی هەرە سادەوە بەرگری لێدەکات.

ئایا تواناى خۆپارێزیی و خۆڕاگری هەم هێزی شەرڤانان و هەم خەڵکی سیڤیلی ئەم شارە تا چەند بڕ دەکات؟ ئایا فشاری نێودەوڵەتی و نارەزایەتی جیهانی بە شێوەیەکی کاریگەر لە ئاست ئەم پەلامار و سەپاندنی جەنگە بەرەورووی تورکیا دەکرێتەوە؟ ئایا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پشتیوانی لە عفرین و رۆژاوا دەکات هەم لەسەر ئاستی پێدانی چەک و تەقەمەنی پێیان و هەم هاوکاریکردنیان بەشێوەی ماددی، خۆراک و تەندروستی؟

بەبڕوای من داوەریکردن لەبارەی ئەم جەنگەوە بە لۆژیکی براوە و ئەنجامی جەنگەکە بەوەی کام لایەنی جەنگەکە سەرکەوتوو دەبێت لەسەر ئاستی سەربازی، لە بنەماوە هەڵەیە، چونکە سەرباری ئەووەی لاسەنگی و نابەرابەریەکی وا لە ئارادایە کە رێگەدەگرێت لە لۆژیکیبوونی وەها داوەریکردنێک، هەم رەوایەتی هەر کام لە لایەنەکانی

جەنگەکە کە هەڵبەت لای عفرین و ڕۆژاوایە و پەلامارادەریی و داگیرکاری کە هەڵبەت بەلای سوپا و ڕژێمی تورکیاوەیە دیسانەوە جۆرێکیتر لە داوەریکردن دەخاتە بەردەممان کە جیاواز بێت لە داوەریکردنێکی تەقلیدی کە ئەنجامی جەنگەکەی پێهەڵبسەنگێنین. واتا بەراوردکردنی سوپای تورکی لە بەرامبەر هێزی شەرڤانانی عفرین لەلایەک و پۆزیشنی حەقانیەتی عفرین و پۆزیشنی پەلامارەدەرانە و داگیرکارانەی سوپا و ڕژێمی فاشیستی تورکیا وادەکات کە پەنابردنە بەر داوەریکردنی ئەنجامی جەنگەکە بە کۆنسێپتی ڕەهاگەرانەی سەرکەوتنی سەربازیانە و لۆژیکی تەقلیدیانەی براوە و دۆڕاوی جەنگ لە بنەماوە تێگەیشتنێکی هەڵە بێت.

هەندێک جەنگ ،ئەگەرچی کەمیش بن، هەن لە مێژوودا هەڵگری جۆرێک لە نۆرمی هەڵسەنگاندن و بەها و پێوەری داوەریکردنی تایبەت بە خۆیانن کە ناکرێت بە جەنگە زۆر و زەوەندەکانی مێژوویان بەراورد بکەین. ئەم جۆرە جەنگانە زیاتر هەڵگری جەوهەرێکی ئەخلاقی و ئینسانین بۆ داوەریکردن. جەنگێک کە لە نزمترین ئاستیدا هیچ بەرابەریەکی تێدا نەبێت و پرۆسێسێکی دوژمنکارانە و داگیرکارانەی پوخت بێت خۆی لە خۆیدا دەبێتە هەڵگری جۆرێکیدی لە کرایتێریا بۆ هەڵسەنگاندنی جیاواز لە هەر جەنگێکی دیکەی ئاسایی "هەڵبەت کە هیچ جەنگێک ئاسایی نیە و هەر جەنگێک خۆی لە خۆیدا ناوازەیی و تاکانەیی تێدایە بەڵام لێرەدا مەبەستم لە جەنگی نێوان دوو یان زیاتری هێز و لایەنی سیاسی وە یان دوو یان زیاتری دەوڵەت و ڕژێمی سیاسی". لەم جۆرە جەنگەدا ئەوەی جەنگەکە بەخۆیەوە دەگرێت ماهییەتێکی مرۆیی و ناوەڕۆکێکی ئەخلاقی وجودیە بۆ داوەریکردنی. ئەم جەنگەی ڕژێمە فاشیستی و سوڵتانیەکەی ئاکەپە و ئەردۆگان لە دژی عفرین و ڕۆژاوا هەر لە سەرەتاوە دۆڕانێکی ئەخلاقی و کەوتنێکی گەورەی بەهایی و ئینسانیە بۆ ئەردۆگان و ئاکەپە و ڕژێمە سیاسیەکەی تورکیا. واتا بێئەوەی چاوەڕوانی ئەنجامی جەنگەکە بکەین، وە یان بێلەبەرچاوگرتنی ئەنجامی جەنگەکە ئەردۆگان و ئاکەپە و ڕژێمە سیاسیەکەی تورکیا هەڵگری دۆڕانێکی ئەخلاقی، بەهایی و ئینسانین، کە ئەمەش خۆی لە نێو خۆیدا هەڵگری دۆڕانێکی سیاسی گەورەیە.

جەنگی ڤێتنام کە دەرئەنجام ئەمریکا بە دۆڕانێکی گەورەی ئەخلاقی-سیاسی لێی هاتە دەرەوە لە نمونەی ئەو جەنگانەیە کە هەڵگری جەوهەرێکی ئەخلاقی و ئینسانین بۆ داوەریکردن زیاتر لەوەی بە لۆژیکی سەرکەوتنی سەربازیانە مامەڵە بکرێ. ئەم جەنگەی ئەردۆگانیش لە دژی عفرین و ڕۆژاوا دەبێتە زەلکاوێک کە ئەستەمە دەرچوونی ڕژێمە سیاسیە فاشیستیەکەی تورکیا بە ئاسانی لێی. ئاماژەکانی سەرەولێژبوونەوەی ڕژێمە سیاسیە ستەمگەرەکەی تورکیا لەمێژە دەرکەوتوون بەڵام ئەم جەنگە ئەو سەرەلێژبوونەوەیە خێراتر دەکات بەوەی کە



سەرچاوە Serchawe

سەربارى ئەوەى کۆمەڵگاى نێو دەوڵەتی و وڵاتانی جیهان بە گشتی نارەزایەتیان پیشانداوە بەرامبەر تورکیا لە ئاست ئەم سەپاندنی جەنگە بەسەر عفرین و ڕۆژاوادا بەڵام ئەردۆگان و ئاکەپە هەر سوورن لەسەری. شکستی بەهایی و دۆڕانی گەورەى ئەخلاقی و ئینسانی ئەردۆگان و ڕژێمە فاشیستیە سوڵتانیەکەى لە ئەنجامی ئەم جەنگەدا دواجار دەبێتە دۆڕان و شکستی سیاسیانەى ئەردۆگان و ڕژێمە سیاسیەکەى.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢١ی جانیۆری ٢٠١٨

## تورکیا بەهێرشکردنە سەر عفرین دەیەوێت ڕێگربێت لەگەیشتنی کورد بە دەریای ناوەڕاست



**ئارام هادی**

تا دێت تورکیا تۆپبارانەکانی بۆسەر کانتۆنی عفرین لەرۆژئاوای کوردستان چڕتردەکاتەوە و هەڕەشەى هێرشی زەمینیش دەکات لەچەند رۆژی داهاتودا, ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە تورکیا ڕوبەڕوی شکستی گەورەبوە لە ڕەوشی ئاڵۆزی چەند ساڵی ڕابردوی سوریا, تورکیا لەڕابردودا بە هەمو هێزی خۆی هاوکاری چەند گروپێکی تیرۆرستی دەکرد ویستی لەڕێگەى ئەم گروپانەوە لەئایندەى سوریادا "قەپێکی چەوری کێکەکەى بەرکەوێت" لەکاتێکدا دەبینین ئێستا تەنها "پیاڵەیەک ژەهری پێبڕاوە", هاوکات تورکیا یەکێک بوو لەو وڵاتانەى ڕۆڵی سەرەکی بینی لە تێکچونی ڕەوشی سوریادا بەمەش ویستی بەداگیرکردنی چەند ناوچەیەکی سوریا و رۆژئاوای کوردستان "ژمارەى پارێزگاکانی خۆی پێ زیادبکات" و درێژە بەزیندوکردنەوەى خەونی عوسمانیەکان بدات, گەرچی خۆشبەختانە ئێستا دەبینین تورکیا لەچی ئاستێکدایە و "بەهەموو پێوەرەکان هیچ کاتێک و لەهیچ شوێنێک

هێندەی سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان دۆڕاو نەبوە."

دواجار وەک "دوا هەنگاو و دوادەرفەت دەیەوێت بە هێزی خۆی و سوپاکەی قەرەبوی شکستەکەی بکاتەوە و هێرش بکاتە سەر عفرین", لێدوانە یەک لەدوای یەکەکانی بەرپرسانی تورکیا تادەگاتە لوتکەی دەسەڵاتەکەیان کە ئەردۆغانە ئێستاش دوو دڵە لە هێرشکردنە سەر ئەو شارەی ڕۆژئاوای کوردستان, نازانێت کە کاردانەوەی ناوخۆیی وڵاتەکەی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چی دەبێت, بەتایبەتیش "ڕوسیا و ئەمریکا", هاوکات بەرگری یەکانی شەرڤانان لە "کوبانی بەو ئیمکانە کەمەی بەردەستیانەوە تورکیای ترساندوە" لەکاتێکدا ئێستا هاوپەیمانان بەتایبەت ئەمریکا چەکێکی زۆری سەربازی تادەکاتە چەکی قورسیش خستۆتە بەردەست شەرڤانان کە تورکیا بە دوژمنی سەرسەختی خۆی ناوزەندیان دەکات, لەلایەکیترەوە تورکیا لە ناچاریدا ئامادەیە "سیستەمی کوردان بە پێشەنگایەتی پەیەدە لە ڕۆژئاوای کوردستان قبوڵ بکات!!" بەچەند مەرجێک, هاوکات هەڵوێستی "ڕوسیا و ئەمریکا" لەم تۆپباران و هەڕەشەی هێرشکردنی تورکیا لەم ڕاپۆرتە شیکاری یەدا ڕون دەکەینەوە.

لە پەیوەندی یەکی تەلەفونیدا لەگەڵ بەڕێز(ئاسیا عبداللا)هاوسەرۆکی دەستەی بەرێوەبەری(تەڤدەم), سەبارەت بەم هێرشانەی تورکیا بۆسەر کانتۆنی عفرین پێمانی ڕاگەیاند"ئەوەی ئێستا ڕوودەدات لەشکرکێشی یە چونکە ماوەی چەند ڕۆژێکە تورکەکان بە چەکی قورس تۆپبارانی ناوچەکانی "شەهبا و عفرین" دەکەن, تورکیا لە پیلانگێری یەکیتری نوێدایە و بە هەرنرخێک بێت دەخوازێت ڕەوشی سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان بە ئاڵۆزی بمێنێتەوە, تا لەگەڵ "ڕوسیا و ئەمریکا" مامەڵەی پێبکات و نەهێڵێت کوردان لەسنوری عفرینەوە بگەنە سەر دەریای ناوەڕاست, بەڵام دۆزی ڕەوای کوردان لە سوریا ئێستا دەتوانین بڵێین چوارچێوەیەکی فەرمی وەرگرتوە و کەس ناتوانێت نکوڵی لەوەبکات, ئەو سیستەمە خۆبەرێوەبەری یەی کە لە کانتۆنەکان هەیە سیستەمێکی پێشکەوتوە و تیایدا سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و ڕەگەزی یەکانی ڕۆژئاوای کوردستان خاوەنداری لێدەکەن, هاوکات بەهۆی ڕەوشی سوریاوە ئاوارەیەکی زۆر لە عفرین دەژین ئێستاش بە تۆپبارانکردنی تورکیا و هەڕەشەی هێرشی زەمینی کە بەردەوام دەیکەن دۆخی عفرین و تیایدا ئاوارەکانیش ناجێگرە.

لەبەشێکیتری قسەکانیدا هاوسەرۆکەکەی تەڤدەم وتی" کاتی خۆ یەکلایی کردنەوەی ڕوسەکان هاتوە (کە بەبڕوای ئەو نەرمتر لە ئەمریکا مامەڵە لەگەڵ تورکیا دەکەن), گەر ڕوسیا دەیەوێت ڕۆژئاوای کوردستان بە هاوپەیمانی لەگەڵیان بمێنێتەوە دەبێت سنورێک بۆ داگیرکاری یەکانی تورکیا بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان دابنێت، وە لە ئەگەری



سەرچاوە Serchawe

هێرشی تورکیا بۆسەر عفرین, ڕوسیا هەڵوێستی نەبێت کەواتە هیچ هاوپەیمانێتی یەک لەنێوان ڕۆژئاوای کوردستان و ڕوسیا بونی نامێنێت.

ئاسیا عبداڵلا وتیشی"ئێمە هەمیشە وتومانە دەمانەوێت لەگەڵ تورکیا و ولاَتانیتریش بە دۆستایەتی بژین بەڵام لەکاتی هێرشی تورکیا بۆسەر عفرین بەرگری یەک دەکەین کە نمونەی نەبوبێت لە پێشتردا", سەبارەت بە ورەی شەرڤانانیش وتی " ئێمە بە کەمترین و سوکترین چەکەکانی دەستمان توانیمان گەورەترین و بەهێزترین گروپی تیرۆرستی داعش لە کوبانی تێکبشکێنین و ئیرادەمان نەشکا, لەئێستاشدا ئەزمونی شەرڤانان لە ڕابردوو زۆرترە و ئیرادەمان بەهێزتر و لەڕوی سەربازیشەوە لە ئاستێکی زۆر بڵندترداین, بە هەرنرخێک بێت عفرین بەجێناهێڵین.

لەکۆتایی قسەکانیدا (ئاسیا عبداڵلا) وتی" داوا دەکەم لە گەلەکەمان لە هەرکوێ یەکی دنیا هەن, عفرین جێنەهێڵن", (بەتایبەت ڕوی قسەکانی کردە باشوری کوردستان) و وتی" سەربارى دۆخی خراپی باشوری کوردستان لە ڕوی ئابوری و سیاسی یەوە ئێستاش وەک هەمیشە چاومان لەدەستی ئەوانە پاڵپشتمانبن, داواشی لە لایەنەسیاسی و چالاکوان و ڕێکخراوە مەدەنی و ڕۆژنامەنوس و ئەکادیمیەکانی باشوری کوردستان کرد هەرچی لەدەستیان دێت وەک ڕابردوو پشتگیریمان بکەن, گەر بەخۆپیشاندان و چونە بەردەم نوێنەرایەتی یوئێن بێت, یان هەرجۆرە چالاکی یەکیتری مەدەنی, چونکە ئەم هێرشانەی تورکیا تەنیا بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان نیە تورک دژایەتی هەر کوردێک دەکات لە هەر کوێ یەکی جیهان بێت, ئێمەش پێویستە ڕوبەڕویان بینەوە جا لەهەر شوێنێک بین.

بۆهەمان مەبەست و لەسەر تۆپبارانکردن و هەڕەشەی هێرشکردنە سەر کانتۆنی عفرین لە لایەن تورکیاوە, پەیوەندیم کرد بە بەڕێز (ڕێبوار ڕەشید), هاوسەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان, بەڕێزیان بەم جۆرە دوان" تورکیا لەناچاریدا ئێستا ئامادەیە سیستەمی کوردانی ڕۆژئاوا بەپێشنەگایەتی پەیدەدە قبوڵ بکات بەڵام چەند مەرجێکی هەیە لەوانە:

*یەکەم:* نابێت کوردانی ڕۆژئاوا لەعفرینەوە سنورەکەیان بگاتەوە سەر دەریای ناوەڕاست.

*دووەم:* ئەمریکا دەست بەرداری دروستکردنی ئەو هێزە پەنجا هەزار شەرڤانە بێت کە بەتەمایە دروستی بکات.

*سێ یەم:* ئەنەکەسە ڕۆڵی گرنگ ببینن لە سەرجەم کایەکانی ئەو سیستەمەدا.

*چوارەم:* لەڕوی ئابوری یەوە بە پلەی یەک پشت بە تورکیا ببەستن.

تورکیا دەیەوێت ڕۆژئاوای کوردستان بە داخراوی بمێنێتەوە و نەگاتە سەر دەریای ناوەڕاست و وەک باشوری کوردستان تەنها چاویان لەدەستی تورکیا بێت ئەویش هەمان سیاسەتی باشوریان بەسەردا فەرزبکات, کە ئەم داوایەی تورکیا بەهیچ جۆرێک قبوڵناکرێت, لەلایەکیترەوە مەلەفی ئەمنی عفرین لەڕوی نێودەوڵەتی یەوە بەدەست ڕوسەکانە ستراتیژی ڕوسیاش بەهێزکردنی پێگەی ڕژێمی بەشار اسد و گەڕانەوەی دەسەڵاتەکەیەتی بۆ تەواوی ئەو جوگرافیایەی پێی دەوترێت سوریا, هەربۆیە ڕوسەکان لەم نێوەندەدا گەمە دەکەن و نایانەوێت تورکیا و پەیەدە نێوانیان ئاسایی بێتەوە و کارلەسەر ئەوەدەکەن هەمیشە ئاڵۆزی هەبێت تا لەم ڕێگەیەوە فشار لە کوردەکان بکەن تا بەقازانجی ڕژێمی سوریا تەنازولیان پێبکەن و دەستکەوتی زیاتر بۆ بەشار ئەسەد بەدەست بێنن, بەڵام لەدواجاردا باوەڕناکرێت ڕوسیا بێدەنگ بێت لەهێرشی سەرعفرین لەلایەن تورکیاوە چونکە لە ئەگەرێکی وادا ئەو هاوپەیمانێتی یەی لەنێوان پەیەدە و ڕوسەکان هەیە هیچ ئەرزشێکی نابێت و لەحاڵەتێکی وادا ئەمریکی یەکانیش دەتوانن ڕێگربن لە داگیرکاری یەکانی تورکیا بۆ عفرین وەک چۆن لە کوبانی و جزیرە ڕێگرن.

لەبەشێکیتری قسەکانیدا هاوسەرۆکەکەی کۆنگرەی نەتەوەیی وتی" لەڕاستیدا تورکیا بەو چەکانەی کە هەیەتی دەتوانێت زەرەر لە کوردانی ڕۆژئاوا بدات بەڵام هەرگیز ناتوانێت ئیرادەیان بشکێنێت لەبەر ئەوەی لە زهنیەتی شەرڤاناندا تەسلیم بون نیە و ئەوان کار لەسەر پرەنسیپی (یان سەرکەوتن, یان سەرکەوتن)دەکەن.

لەلایەکیترەوە هاوسەرۆکەکەی کۆنگرەی نەتەوەیی وتی" بەدەر لەمانە ئەردۆغان نیەتێکیتری لەم ئاڵۆزی و شەڕانەدا هەیە ئەویش مانەوەی خۆیەتی لەسەر حوکم ئەو لە سوپاکەی دەترسێت, لە ناو سوپای وڵاتەکەیدا لە هەر ئەفسەر و چەند سەربازێک بترسێت ڕەوانەی باشوری کوردستان یان سنوری ڕۆژئاوای کوردستان و سوریای دەکات تا بەردەوام لەدۆخی شەڕدا بیان هێڵێتەوە و مەترسی یەکانی سەر دەسەڵاتەکەی لەخۆی دووربخاتەوە.

دواجار ڕێبوار ڕەشید وتی" پێویستە هەموو گەلی کورد هەریەکە لەئاستی خۆیەوە هەرچی لەدەست دێت بۆ پاڵپشتی لە عفرین و فشارخستنە سەر تورکیا بیکات, داواشی لە کوردانی ئەوروپا و باشوری کوردستان کرد کە بە چالاکی یە مەدەنیەکانیان پاڵپشتی لە عفرین بکەن, چونکە دۆزی کورد هەمووی گرێدراوی یەکەو تەنها بە یەکێتی یەکی نەتەوەیی دەتوانین ئەو بەر بەستانە تێکبشکێنین کە ڕوبەڕومان دەبنەوە.



سەرچاوە Serchawe

توركیا زیاتر بەلەدەستدانی دەورەکەی هاربوە کە لەسەردەمی جەنگی سارد هەیبو, ئێستاش ئەو کاریگەری یەی نەماوە و بەپێی پێویست ئەمریکا و ئەوروپا موحتاجی نین, هۆکاری ئەمەش بۆ خودی تورکیا خۆی دەگەڕێتەوە بەهۆی تێوەگلانی لە زۆر دۆسیەی مەترسیدار لەوانە هاوکاریکردنی گروپە تیرۆرستیەکان و حساب نەکردن بۆ ئەمریکا و هاوکاریکردنی تیرۆرستەکان و ناردنیان بۆ پایتەختەکانی ئەوروپا بۆ کردەی تیرۆرستی و هەڕەشەکردن لە ئیسرائیل و لەگۆڕنانی دیموکراسیەت لەناوخۆی تورکیا و خۆ بەسوڵتان زانین و هەوڵی سەرلەنوێ گەڕانەوەی بۆ خەونی ئیوپڕاتۆریتی تورکیا لە بەرگی عوسمانی یە نوێ یەکاندا و یاریکردن لەنێوان هەردوو زلهێزی جیهانی ڕوسیا و ئەمریکا بەجۆرێک خودی تورکیا خۆشی سەری لێشێواوە و نازانێت چی بکات, بۆ گێڕانەوەی پێگەکەی کە لەڕابردوو هەیبو ئامادەی هەر هەڕەشە و هێرشێکە لە کوردی بکات تاکو دواجار بیکاتە مامەڵەوە و خۆی لە ئەمریکا پێ نزیک بکاتەوە ,بەڕای چاودێرانی سیاسیش تورکیا جارێکیتر ناتوانێت خۆی بخاتەوە ئەو ئاستەی کە لەپێشو هەیبو, ئەمەش بەهۆی هاتنە پێشەوەی هێزی نوێ لە ناوچەکە و گۆڕانکاری لە جوگرافی *ناوچەکە*.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٨

## عە فرین لەئاگرو خوێنو فۆبیای تورکیادا



**یاسین نادر ڕەحمان**

ناونیشانی بابەتەکەم لەوەوە وەرگرت کە هەندێک وڵاتی ئیسلامیی کاتێک لەغەزەو فەلەستین شەڕێکی خوێناوی ڕوویدەداو بەکورتی زوڵمێک لەدژی خەڵک لەغەزەوە هەستی پێ کرا دروشمی سەرجەم کەناڵەکانیان ئەوە بو کە: "غەزە لەئاگرو خوێندا"یە، ئەگەر تەوژمیی عەرەبچیێتیو بونی بەناو ئیسلامی لەکرداری ئەواندا نالێم: نەبوایە،



سەرچاوە
Serchawe

ئەم جۆرە هەستو سۆزە نەتەوەییانەیان نەدەنواند، چونكە تەوژمە پشتیوانییەكان هەمیشە لەچوارچێوەیەكی ناسیونالیستی عەرەبیانە زیاتر هیچ نەبوو، كاتێكیش كاتژمێر ٦ی ئێوارەی ٢٠ - ١ - ٢٠١٨ دەستپێكی هێرشە جیدییەكانی توركیاش بۆ عەفرین بەهۆی هێرشی سەربازیو باڵەفڕەكانی بینرا، كێ ئەوەی بەبیردا لەناوچە جۆراوجۆرەكانی كوردستاندا نەهات كە خۆزگایا كورد ئەو نەتەوە یەكانگیرو یەكدەنگە بوایا كە ئاواتە خوازی هەمیشەیی بووە، بێ توانیبایا.. بێ هیچ چاوەڕوانییەك بەرگری لەهەر چوار پارچەی خاكەكەی لەم كات و ئان و ساتانەدا بكردایەو دروشمی" ئاگرو خوێن" لەحەقی دوژمنانیدا كردەكی بكردایە. ئەمە گەرچی دەردێكی نوسەرانە لەم بارەیەوەیە، بەڵام با لەو لایەنە سیاسییەی عفرین بۆ كەوتنە ناوەوەی لەم دۆخە سیاسییەی ئێستایدا بوەستینو كە عەفرین لەفۆبیای توركیادا چیبوو كە كرایە ئامانج و كەوتە ناو ئەم تەوژم و تەنگژەی شەڕو ئاڵۆزیانەوە.

## عەفرین لەفۆبیای توركیادا

ئەوەی بە نسبەت عەفرینەوە جێی باس وخواسە ئەوەیە: كە بڕیاردانی ئیئتیلافی نێودەوڵەتی بە ڕێبەرایەتی ئەمریكا بۆ پێكهێنانی هێزێكی ئاسایشی و ئەمنی تازە لە سنوورە هاوبەشەكانی سوریا لەگەڵ توركیاوعێراقەوە پەیوەست بوو. كە بەرپرسانی ئەمریكا ئەم هێزە نوێیە لە یەكەكانی بەرگری بۆ خاك و خەڵكەوەی دەزانن كە توركیاش ئەم گروپەو هاوشێوەكانیی پەیوەست بە پ.ك.ك، ووە دەزانێت، كە بە هێزی تیرۆریستی هەمیشە ناوزەدیانی كردووە.

كێشمەكێشەكانی ئەمدوایەی توركیاو ئەمریكاش گەر لەم دوایانەدا لێ بڕوانین بە بێ گومان ڕەنگە سنووردار و پەیوەست بەس بە پشتیوانی كردنی دەوڵەتی ترەمپەوە لە هێزە كوردیەكانی باكووری سوریادا ڕەنگە نەبێت بەڵكوو لە ڕوانگەی بەرپرسانی توركیاوە بێ بەڵێنی ئیدارەی ترەمپیان بە بەڵێنەكانی لە مانگی نۆڤەمبەردا دەگەڕێننەوە كە دەبوو پەیوەست بە بڕینی یارمەتییە سەربازیی و جەنگییەكان بە هێزە كوردیەكان بوایا، لەگەڵ ئەمەشدا ڕاگەیاندنی پێكهێنانی هێزەكانی ئاسایشی گشتی لە سنوورەكان بە بەشداریكردنی هێزەكانی YPG لە سنووری سوریاو توركیادا هیچ شوبهەو گومانێكی بۆ توركیا نەهێشتەوە كە ئەمریكا لە ڕێگەی هاوكاریكردنی"دوژمنەكانی توركیا"وە بەدوای سەدمە گەیاندن بە بەرژەوەندییەكانی توركیایە كە بۆ ڕوانگەی جیوپولەتیكی ئەم ناوچانە بۆ دەوڵەتی توركیا دەگەڕێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

هەر لەم ڕووەشەوە وڵاتی تورکیا لە سەرەتاکانی مانگی جانیوەری ۲۰۱۸دا بانگەشەو خواستی پێکهێنانی هێزێکی بیست و دووهەزار نەفەری کە پێکهاتوو لە هێزەکانی ئازادی سوریاو ۳۰ دەستەو تاقمیتر لە دژەکانی بشار اسد بە سەرکردایەتی "جواد ابو حگب" سەرۆکی دەوڵەتی کاتی سوریایە، کرد. کە لە ئان و ساتدا بوو کە هێرش بکەنە سەر شاری عەفرین، کە لە ژێر کونترۆڵی هێز و یەکەکانی بەرگری خەلقدان.

تورکیا لە لایەکی تریشەوە ترسی ئەوەی هەیە کە هێزە کوردیەکان لە ڕەقەو ناوچەکانی باکووری سوریاو شوێنانیتر، بە یارمەتی ئەمریکا لە بەرانبەرکێ کردن هێزەکانی سوپای ئازاد لە سنووری سپەری فورات(تەڕابلۆس- الباب- عەزاز) بێنە ناو شاری عەفرین و ئاسایشی سنوورەکانی ئەم شارە بە تەواوی بخەنە مەترسییەوە.

لە دیوێکی تریشەوە ئەوە دیارە کە پێشڕەویکردنی هێزەکانی سوریا بەرەو ناوچەکانی سەنتەرو باکووری ئیدێلب، تورکیا دەخاتە تەنگەبەری جیوپۆلەتیکییەوەو تورکیاش هەوڵ دەدات تا بە ترساندن بە تەداخولکردنی سەربازی لە عەفریندا دەستپێشخەرییەکی کردبێت و هێزی بەرانبەرکێی خۆی هاوشێوەی ئوپەڕاسیۆنی"سپەری فورات" کە تەداخولکردنی سەربازی تورکیا لە شەڕی نێوخۆی تورکیا بوو، هەمدیسان بەڕووی هەمواندا پیشان بدات.

ئەوەش نابێت لەبیر بکرێت پێشڕەوی کردنی سەربازی سوریاو ئێران و ڕوسیا بەرەو باکوور و باکووری ڕۆژئاوای سوریا بووەتە هۆی ئاڵۆزی و تووندوتیژی نێوان لایەنگرانی بەشار ئەسەدو دژەکانیی، کە ئەمەش جگە لەوەی هەندێک ڕێکەوتنی خستووەتە ژێر پرسیارەوە لەمبارەیەوە، تورکیاشی بەرەو جوڵانەوەو هەستانەوەیەکی جیددی بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی جیوپۆلەتیکی لە سوریا لەگەڵ ئێران و ڕوسیاو سوریادا پەلکێش کردووە.

ئەگەر لێ وردببینەوە وا دێتە بەرچاو ئەمریکاش لەم نێوەندەدا مەبەستی لە سەیتەرەکردن بەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فوراتە. بەردەوامی پشتیوانییەکانی ئەمریکاش لە کوردەکان لەم ناوچانەو ناوچەکانی باکووری سوریا کە خۆی لە ئامانجە سیاسییەکان دەبینێتەوە وایی کردووە ئامانجە سیاسییەکانی تورکیا تووشی شەلەل بکات و دوژمنگەرێتی ئیداری ئەردوغانی بەدوادا بووە. لەم ڕووەشەوە دەتوانین بڵێین جیوپۆلەتیکی ئێستای سوریاو ئێران و تورکیاو ڕوسیای بەرەو شکانەوە چووەو کە گەر لە تورکیادا کورتی بکەینەوە دەتوانین بڵێین کەنفوزی جیوپۆلەتیکی تورکیا لەم ناوچانەدا خستووەتە مەترسیی و تەنگەبەرییەکی تەواوەوە کە چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت کارەساتگەلی تری لە سوریادا بەدواوە بێت.

گەر کەمێکیش دوور لێکدانەوە لە باس و ناوەڕۆکی وتارەکەوە بکەین ئاوا بەرداشێک دەبینین:

کە لەڕوانگەی هێزە بەشداربووەکانی ڕزگارکەرو پشتیوانیی ڕژێمی بەشار ئەسەد لەم چەند ساڵەدا کە بە بیانووە جۆراوجۆرەکان خۆیان خزاندووتە نێو ئەم وڵاتەو ناوچەکانیەوە یانیش لەماوەی شەڕی داعشدا دروست بوون ئەوەیە کە: ئەوان هەر تاقم و گروپێک و دەستەو هێزێک لە دژی بەشار ئەسەد و حوکمەکەی بوو بێت لە ڕێڕەوی هاوشێوەشەڕکردن لەگەڵ داعشیدا دەزانن و عەفرین و ناوچە کوردیەکانیتر با هێزەکانی پارێزەریان لە ژێر پشتیوانی ئەمریکاو وڵاتانیتریش بن، بەڵام بێبەش لەم دوژمنکاریەی نازانن و هەر وەک لە ئێستادا دەبینین ئامانجیان لە لاوازکردن و لەنێوبردنی ئەم هێزانە لە پاش شەڕی داعش و بەکوورتی لاوازکردنی پێگەی کوردانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٨

## فۆبیای کوردو تاوانەکانی تورکیا



**مەریوان وریا قانیع**

لەئاسمان و زەوییەوە سوپای تورکیا و هاوپیمانە مورتەزەقەکانی پەلاماری کوردانی سوریا و دانیشتوانەکانی تری ناوچەکانی عەفرین دەدات. نە هیچ بەهانەیەکی یاسایی و نە هیچ بەهانەیەکی سیاسیی و نەهیچ بەهانەیەکی ئەخلاقیی و نە هیچ بەهانەیەکی دینیش ناتوانێت یەک وشەی پۆزەتیف لەسەر ئەم پەلامارەی تورکیا بدات. مرۆڤ مەگەر هەموو سەرچاوەکانی هەستکردنی ئەخلاقیی لەدەستدابێت بۆ ئەوەی ئەم تاوانە نەبینێت و ئیدانەیەکی تەواوی نەکات. هەندێکجار مرۆڤ تەنها وشەی هەیە بۆئەوەی شتێک لەسەر خۆی و لەسەر دونیا و دەوروبەرەکەی

بلێ، بەکارهێنانی هەڵەی ئەو وشانە، یان بەکارهێنانی نائەخلاقییەن، یاخود بەکارنەهێنان و بێدەنگبوون و هیچ نەووتن پێیان، مرۆڤ دەکات بە شەریکی ئەو تاوانانەی بەدیارچاویەوە دەکرێن.

لە شەش ساڵی ڕابردوودا تاقە زمانێک تورکیا لەگەڵ کوردانی باکور و ڕۆژئاوادا بەکاریهێنابێت زمانی هەڕەشە و تۆڵەکردنەوە و پەنابردنبووە بۆ توندوتیژیی. ئەمڕۆ ئەو زمانە لە هەڕەشەوە گۆڕاوە بۆ پەلاماردانی سەربازیی. بۆ کوشتنی منداڵ و کەسانی مەدەنیی بێگوناه. لە ئێستادا ئەگەری گەورەبوون و تەقینەوەی زیاتری دۆخەکە بە تەواوی لەئارادیە و ئەمەش خوێن و کوشتن و وێرانکاریی زیاتر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. یارییە سیاسییەکانی ناو سوریا یاریی ئیقلیمیی و نێودەوڵەتین و لەم جۆرە یارییەشدا ئەوەی نرخی نەمێنێت ژیانی مرۆڤ و بەهای مانەوە و ڕێزگرتنی ژیانە. ئەردۆگان تا سەر ئێسقان لەم یارییە ناشیرنانەوە گلاوە و یەکێکە لە بکەرە سەرەکییەکانی. جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوانی قاسمی سلێمانی و بەشار ئەسەد و ئەردۆگاندا نییە. هەریەکەیان تاوانبارێکی گەورەی ئەو جەنگەن لەو ناوچەیەدا داگیرساوە.

پازدە ساڵێک لەمەوبەر ئەردۆگان سیاسییەک بوو چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ لە چارەسەرکردنی کێشەکانی تورکیا و کێشەکانی ناوچەکەدا بگێڕێت، بەڵام لەمڕۆدا بووە بەیەکێک لە مەترسییە هەرە گەورەکانی ناوچەکە، ئێستا ئەو پیاوە ستەمگەرێکە جەنگ و خوێنڕشتن خولیای ژمارە یەکیەتیی و فۆبیا لە کورد سایکۆلۆژیای سیاسیی ئەو بەڕێوەدەبات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٨



# مەیدانی شەڕ لەنێوان عەفرین‌و شارەکانی تورکیادا



**عەلی فەتحی**

تورکیا بەدرێژای مێژووی دەسەڵاتی سیاسی خۆی چ لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەتاتورکی عەلمانی‌و ئەردۆگانی ئیسلامیدا لەهەوڵی لەناوبردن‌و داژایەتی کردنی کوردا بووە لەهەر شوێنێکدا بوبێت. دەسەڵاتی تورک دەسەڵاتێکی خۆپەرستی تاکڕەوی فاشیستیە هەمیشە لەسەنگەرێکی دڕندانەدابووە بەرامبەر بەگەلی کورد.

لەئێستادا ئەوەی کاردانەوەی زۆری دروستکردووە لەئاستی ناوچەی‌و نێودەوڵەتیدا بڕیاری تورکیایە بۆ هێرشکردنە سەر عفرین. ئامانجی تورکیا تەنها لەناوبردنی عەفرین نیە، بەڵکو تورکیا ئامانجی دژایەتی کردنی کوردو هەمو ئەو ناو چانەیە کە کورد تێیدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.

گومان لەوەدانیە پاڵپشتیکردنی وڵاتێکی زلهێزی وەک ئەمریکا بۆ هێزەکانی یەپەگەو هێزە کوردیەکانی ڕۆژئاوا بەتەواوەتی تورکیای نیگەران کردووە. ئەگەر هێرشەکانی تورکیا بۆ سەرعەفرین لەلایەک دەرخەری هەستی شەڕانگێزی تورکیابێت بەرامبەر عەفرین‌و کورد لە ڕۆژئاوا ئەوا بەشێوەیەکی دیکە دەرخەری ئەو ناڕەزاییانەیەی دەسەڵاتی تورکیایە بەرامبەر پاڵپشتیکردنی ئەمریکا بۆ هێزە کوردیەکانی ڕۆژئاوا.

تورکیا لەم هێرشانەی بۆ سەر عەفرین جگە لەناشرینکردنی ڕووی سیاسی خۆی لەئاستی نێو دەوڵەتی دا هیچ شتێکی تر ناکات. ئێستا ئەم هێزە کوردیانەی ڕۆژئاوا لەئاستی نێو دەوڵەتی دا وەک پاڵەوان‌و تێکشکێنەری داعش وێنا دەکرێن‌و داستانی نەبەردی کۆبانی بۆتە ڕەمزی بەرخودان‌و نەبەردی لەمێژووی ئەم هێزە کوردیانە لەئاستی جیهاندا.



سەرچاوە
Serchawe

هێرشـەکانی تورکیـا بۆسـەر نـاوچە کوردیەکـانی ڕۆژئـاوا بەتەواوکەری ئەو هێرشـانە دێتەهەژمـار کەداعـش بـۆ ناوچەکوردیەکانی ڕۆژئاوا ئەنجامی داو نەیتوانی سەرکەوتنی تێدا بەدەستبهێنی و دووچاری شکستی گەورە بـووە وە لەوناوچانەدا.

ڕۆژئـاوای کوردسـتان تێکشکێنەری ئەو وەهمەی داعشبو کە لەئاستی نێودەوڵەتیـدا ترسێکی گەورەی دروسـتکردبوو بەڵام هێـزە کوردیەکـان لەڕۆژئـاوادا توانیـان سـەرکەوتوانە ئەم وەهـمە بەتـاڵبکەنەوەو ئەم هێـزە مەترسـیدارە تێکبشکێنن و ببنە جێگەی سەرنجی ئەمریکاو جیهان.

پێویسـتە دەسـەڵاتی تورکیـا لەو ڕاسـتیە تێبگـات ئێسـتا سـەدەکانی هەژدەو نـۆزدە نـیە بتوانێـت بەڕێکەوتێنێـک دەسەڵاتی کورد لەناوبەرێت بەڵکو ئێستا کورد یەکێکە لە زۆرترین میلەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەم میلەتە ئێستا هێزو چەکی هەیەو سەرسەختانە ڕووبەڕوی دووژمنەکـانی دەبێتەوە و ئەمریکا پاڵپشتی ئەم هێزە کوردیـانە دەکات لە ڕۆژئاوا و بەردەوام لەپەیوەندیدایە لەگەڵ ئەم هێزانەدا.

تورکیا پێویستە ئەم ئەمری واقعە قبـوڵ بکـاتو چیتر بەعەقڵیەتـی عەسکەری بڕیـار نەیـاتو ململانێکـانی لەگەڵ ئەمریکاو هێزە کوردیەکان زیاتر نەکاتو هەوڵبدات ئەم عەقڵیەتە دووربخاتەوە لەسیاسەتەکانی هەتـا بـارودۆخی تورکیا بەسەقامگیری بهێڵێتەوە بەپێچەوانەوە جگە لەعەفرین شارەکانی تورکیاش دەبنە مەیدانی شەڕێکی خوێناوی نێوان پاڵەوانەکانی ڕۆژئـاواو لەشکری تورکیا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٨



# ئایا ئەفرین ئەکەوێت؟



**موحسین ئەدیب**

وەک چۆن ئـاگر ناتوانێـت ئـاو بسـوتێنێت، ئـاو ناتوانێت ئـاگر بخنکێنێـت، ئـاواش ئەو سـوارەی بەسـەر ئەسـپی ئەفرینەوەیە هەرگیز ناگلێت.

پەکەکە وەک (خەتێکی پان) رێکخستنێکی سیاسی جیاوازو مەزنە، بەڵام هەرگیز بەتەنها هێزێکی سیاسی نییە. پەکەکە هێزێکی جەنگاوەری بێئەندازە دلێرە، بەڵام هەرگیز هێزێکی چەکداری نییە بەتەنهـا. پەکەکە دیـاردەیەکە دژە سیستمی بـاوە لەسـەر ئاستی جیهـان، کەچی نەک توانیـویەتی بـوونی راسـتەقینەی خۆی بسـەلمێنێت، بەڵکو توانیویشیەتی موعجیزەی بێوێنە بخولقێنێت، ئەم موعجیزەیەش چەندێک لەسـەر ئـاستێکی ئـاسۆیی جێگەی گرتـوە، ئەوەنـدەش لەسەر ئـاستێکی شاقوڵی جێگەی گرتووەو بەمێژوودا رۆچوە، بەمانایەکی تر پەکەکە مێژوو و جوگرافیـای بەجۆرێک چرکردۆتەوە(بێموبالەغە) لەمێژوی بەشەریدا نمونەی زۆر دەگمەنە.

بەڵام پرسە جەوهەرییەکە ئەوەیە پەکەکە ئەم هێزە سیاسیو چەکدارییە تۆکمەو بێوێنەیە لەکوێوە دێنێت؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسە لەسەرووەستانێکی قـووڵی دەوێتو لە پۆستێکی فەیسبووکدا ناتوانرێت حەقـی پێبـدرێت (رەنگە لەئاییندەدا بگەرێمەوە سەر ئەم بابەتە).

بەڵام ئەوەی بەڵگەنەویسـتە بەهێـزی پەکەکە لەوەدا چـڕدەبێتەوە کەبەر لەوەی رێکخسـتنێکی سیاسـیو هێزێکـی سەربازی بێت، دیـاردەیەکی رۆحیو مەعنەوییە، هەربـۆیەش زۆر سـانا دەتـوانێ ئەوپەڕی مێژوو ببینـێو ئەوپەڕی جوگرافیـاش تەی بکاتو هەموو زەمەنو مەکانەکان بەهی خۆی بزانێتو ئـازادانە کاریـان تێدابکات. سنوری ئـاینو ئاینزاوو تـایفەو نەتەوەو جوگرافیا دەسکردەکان تێپەڕێنێت.

ئەو جـووڵە رۆحییەیە وا لەپەکەکە دەکـات لەسـەرەوە سـەیری خـوارەوە بکـاتو هەمـوو رەنـگ و دەنـگو کلتـورە جیاوازەکان وەک یەکببینێتو ئەوانیش ئەم قەبوڵبکەن، هەربۆیەش لەیەکەمین کـاری پراکتێکیدا زۆر سـانا تـوانی لەرۆژاڤا کـوردو عەرەبو تورکمـانو موسڵمانو مەسیحیو ئێـزدی لەچوارچێـوەیەکی سیاسـیدا کۆبکـاتەوەو پـێکەوە نمونەیەکی نایابی قارەمانیو دەوڵەتداریو کلتوری پێشکەشی دونیا بکەن.

هەر لەمـرِوانگەیەوە پێتـان سـەیر نەبێتو بەفاڵگرتنەوەشـی مەزانـن، ئەگەر جەخـت لەوە بـکەمەوە ئەو رۆحەی پەکەکە ئەژێنێـتو ئاراسـتەی دەکـات، لەئاینـدەیەکی نزیکـدا ئەردۆغـانو ئەردۆغـانیزم بەچۆکـدا دەدات، لە ئاینـدەیەکی کەمێـک دورتریشـدا سـەرجەم نـاوچەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لەم تـاپیە لەدەسـەڵاتداری مشـەخۆر پاکدەکاتەوە.

واتە پەکەکە لەبەر ئەوەی رەهەندێکی قوڵی رۆحی هەیە، زۆر سانا دەتوانێت مێژوو بەجۆرێکی دیکە دابرِێژێتەوەو (کـورد بەو رۆحە نـاوازەیەوە) نەک لەدەرەوەو پەراوێـزی مێژووەوە ئەهێنێـتەوە نـاو مێـژوو، بەڵکـو لەرێگـای ئەو رۆحەیەوە ئەیکـاتە سـەرداری مێـژوو، بەڵام سـەردارێکی خزمەتکـار نەک سـەردارێکی سـەردار(بێگومـان ئەمە بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی پەکەکە لەو خەتە رۆحانییەی لانەدات.)

لەژێر روانگەی ئەمەی سەرەوەدا، وێرای بێئەندازە نـاچوونیەکی بەرەی جەنگی هەردولا (لەرووی زاهیرییەوە)، زۆر ساویلکەییە پێمان وابێت ئەفرین ئەکەوێت، چونکە هەرکاتێک توانرا رۆح بکەوێنرێتو بکوژرێت ئەوکات دەتوانرێت ئەفرینیش بکەوێنرێت. ئێستا ئێدی رۆحی پەکەکە لەعەفرینە رۆح ناکوژرێت هەمیشە رۆح لەسـەروو مردنەوەیە، ئـاگر ئەتوانێت ئـاگر بسوتێنێت؟ ئـاو دەتوانێـت ئـاو بخنکێنێت؟ ئەمـانە چەنـدە موسـتەحیلن کەوتنـی ئەفـرینیش ئەوەنـدە. هیوادارم خوێنەری بەرێز ئەم گوزارشـتانە وەک میتـافۆرو زمـانێکی شیعری وەرنەگرێت بەڵکـو دەقـاودەق لێموەرگرێت ئینگلیز واتەنی<(I mean it)

## بۆ رونکردنەوەی ئەمە ئەم نمونەیە پێویستە:

ئەگەر بەنمونە (خێرڤان)نانی ئەفرینو رۆژاڤا ژمارەیان ١٠٠ خێرڤان بن، ئەوا لەبنەرِەتدا ١٠١ خێرڤانن، ئەو (یەک)ەی بۆ ژمارە سەدەکە زیاد دەبێت توانای سەد هێندە لەو سەد کەسە زیـاترە، چونکە ئەو (یەک)ە بـریتییە لەپەیوەندی نێوان ئەو سەد کەسە، بەمانـایەکی تـر ئەو سەد کەسە بەهـۆی ئەو (یەک)کەسەوە هەن، ئەگەر ئەو

(یەک)ە نەبێت ئەو سەد کەسەش بوونیان نابێت، هاوکات ئەگەر ئەو سەد کەسەش لەناوببرێن ئەوا یەک کەسە سەدان سەد کەسی دی پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەو (یەک)ش ئەو رۆحەیە کە پەکەکە ئەژێنێتو ئاڕاستەی دەکات، هەر ئەو رۆحەشە کوردێکو تورکێکو عەرەبێکو کلدانیەکەو ئەوروپیەکەو ئەمریکییەکو ئاسیاییەک لەژێر چادری پەکەکە کۆدەکاتەوەو دژی ستەمی سیستمی جیهانیو رژێمە سەرکوتکەرەکانی ناوچەکە دەجەنگن، بۆیە وەک چۆن ئاگر ناتوانێت ئاگر بسوتێنێت، ئاو ناتوانێت ئاو بخنکێنێت، ئاواش ئەو سوارەی بەسەر ئەسپی ئەفرینەوەیە ناگلێت.

ئەوەی لەکۆبانێ موعجیزەی خولقاند سەد (خێرڤان)ەکە نەبوون، بەڵکو (یەک)ەکە بوو، ئێستا ئەو (یەک)ە لەئەفرینیش هەیە، بۆیە هەرگیز ئەفرینیش ناکەوێت، بەپێچەوانەوە ئەفرینیش وەک کۆبانێ دەبێتە وانەیەکی دیکەی مێژوویی، مێژووی دوردرێژی پەراوێزخراوی ژنو نەتەوەو گەلە پەراوێزخراوەکانی دونیا(کەلەسەدا 99 مێژووی مرۆڤایەتییە) لەناو عەفریندا چڕو کۆدەکاتەوە.

تێبینی: بەئەنقەست لەبری(شەرڤان)، (خێرڤان)م بەکارهێناوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانیۆیری ٢٠١٨

## عەفرین و خەلافەتی ئاینی ئەردوغان!؟




**ئاسۆ عەبدولـلەتیف**

وەک چۆن "ئەردوغـان" مەیلی خەلافەتێکی ئـاینی و سوڵتانی هەیە لەژێـر نـاوی دیمەکراسی و پاراستنی سنورو ئاسایشی نەتەوەیـی، و هەمـوو جـۆرە فاشیزم و تـاکڕەوییەکیش بەکاردێنێت بـۆ سەرخستنی ئەو پـرۆژەیە کە لە ڕاستیدا پرۆژەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی و ئاینی سوننەگەرای تورک و زاناکانی دەرباری سوڵتانە، بەهەمان شێوە "ڤلادمیر پۆتن"یش خەونی ئیمپراتۆریایەکی شێوە قەیسەری مۆدێرنی هەیە بە پشتیوانی تورکیاو شیعەو کەمینە عەلەویەکانی دەوری ئەسەد و میلیشیا سەر ڕەشەکانی حەوزەی قوم و لوبنـان و حوسییەکانی یەمەن، بـۆیە ئەم دو دەوڵەتەی پاشماوەی ڕوخانە گەورەکـانی سۆڤێت و خەلافەتـی عوسمانی، کەوتونەتە یەک بـۆ هەنـدێک ئامـانجی دیـاریکراو، بە نمونەی عەفـرین کە بەشێکە لەو پـرۆژە گەورەیەو کـورد ئامـانجە گەورەکەیەو کەوتنـی کـورد ئێتر مەحاڵە،

ئەمە ئەمریکـای نیگەران کـردووە تـا ئاستی پشتیوانی لۆجیستیکی و مەعنەوی لە ئەزمونەکـانی ڕۆژئـاوا پەیەدەو لێدان و بەربەست لە بەردەم بەرژەوەندیەکانی ئێران و تورکیا بە دروستکردنی هێزێکی سی هەزار کەسی میلیتـانی پێشکەوتوو لە کوردو خولگەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا، ئەمە بۆخۆی دروستکردنی هێڵ و ستراتیجی سێهەمە بـۆ کوردی ڕۆژئاواو بۆیەکەمجارە کورد بە پێگەو هێزی خۆی و پشتیوانی دەرەکی دەچێتە نـاو ئەجێنـدا گەورەکـانەوە، بـۆیە پێویستە بیکـاتە دەرفەتـی مەزن چونکە هاوکێشەکان لە قـازانجی کـوردە و چیتـر بە ئـاسانی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی کـوردان دوبـارە نـابێتەوەو جیهـان لە ئێستـادا سـات بەسـات چاودێری دەنگی فرۆکەو جوڵەی تـانک و هـاڕەی ئـابوری تورکیـا دەکەن، ڕەنگە ئەوەی تورکیـا بـۆی هـاتووە بە بـاجی گەورەوە لێـی دەربچێت کە جگە لە هیلاکبـوونی سوپاکەی لیـرەو ئـابوری تورکیـاش شکستی گەورە بخوات و چیتـر سود لەم بیـرە نەوتـانەی سـوریاش نەبینێت کە ڕوسیا بۆی پێشنیار کردوە لەداهـاتوو، عەفرین دەبێتە خـاڵی یەکلاکەرەوەی کـارت و هێڵەکـان ئەگەر کارتەکان وەک خۆی بجوڵێن و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەمجارەش دڵرەقی و قوسوەت نەنوێنێ بۆ تەڤگەری کوردیی وەک چۆن لە کەرکوک نواندی و چاوپۆشی لێکرد، چونکە کورد لە جەمسەری خەلیفەو قەیسەرو شیعە نییە بەمانـا سیاسی و ئایدۆلۆژیەکەی، ئەمەش هێزە بـۆ بەرچاوڕوونی گوتـاری ئەمریکـا، بـۆیە ئەمریکا خوازیـارە شتێکی نـوێ تـاقی بکـاتەوە لەو کوردانەی ئەفسـانەی داعشیان تێک شکاندو جیهانیـان سەرسام کـرد، ئەمریکـا دەگەڕێت بـۆ دروستکردنی ڕایەڵەیەکی نوێ لە دۆستایەتی کە جیاوازبێت لە ڕایەڵەی دۆستایەتی درزتێکەوتووی تورکیا، چونکە تورکیـای ئێستـا ئێتر خەریکی لێـدانە لە بەرژەوەنـدیەکانی ئەمریکـاو لەدەرەوەی خـولگەی واشنتۆن دەجـوڵێتەوە، کاتێک تورکیا خـۆی خستە سەر بـاڵەکـانی شیعەو سەر دەنوکی روسـەکانەوە، بەمە متمـانەی ئەمریکـاو ئەوروپـای

لەدەستدا، پاشان هەموو ئەو پێشێلکاریانەی تورکیاو دۆخی زیندانەکان و لێدان لە ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیی وبەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان بۆ هەدەپەو گولەنیەکان و چەهەپەو پەرلەمانتاران و لەشکرکێشی عەفرین هەموو ئەمانە تورکیا بەرەو لەرزینێکی سیاسی وادەبات کە سنورەکانی باکورو کانتۆنەکانی ڕۆژئاڤا بکاتە یەک سنورو یەک پاکێج بە پشتیوانی ئەمریکاو رەنگە تورکیاش دەرکی ئەم پلانەی کردبێت بۆیە وا بێ پەروا هێزدەجولێنێت کە ئەودیوی لێ دیار نییەو ئابوریەکەشی بەرگەی ئەم جولەیە ناگرێ، ڕەنگە دارێژەرانی سیاسەتی نوێی کۆشکی سوڵتان هێشتا بەو خەونە کلاسیکیەوە بژین و سیاسەت بکەن کە دروستکردنی خەلافەتی ئاینی و ئیمپراتۆریای گەورە لەسەر پێشێلکاری و غەزووکردن و جیهادو داگیرکاری بنیاد دەنرێت بۆیە وا کەوتونەتە پەلاماری چالاکوانان و داگیرگاری و لەشکرکێشی سەربازیی ئەمەش هەڵەی هەموو دیکتاتۆرێکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین پریس - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانیۆیری ٢٠١٨

## عەفرین دەستەخوشکی کەرکوکە



**دانا زەندی**

لەم رۆژانەدا کە باسی شاری (عەفرین)ی رۆژئاوای کوردستان بووە بە هەواڵێکی گەرمی جیهانی و گرنگیەکی دیاری پێدراوە لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی، لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیشدا هەرکەسەو بەبۆچونی خۆی ئاماژە بەم رووداوە گەرمە دەکات. لەنێو گشت ئەم رادەربرینە جیاوازانەدا رستەیەک کە بەزۆری لە فەیسبووکدا بەرچاودەکەوێت و زیاتر سەرنجی راکێشاوم ئەوەیە کەدەگوترێت ((عەفرین کەرکوک نیە))، دیارە لەڕوکەشدا مەبەست لەم رستەیە ئەوەیە کە شاری عەفرین وەک شاری کەرکوک ناکەوێتە دەست دوژمنان. بەڵام لەناوەڕۆکدا ئەم رستەیە زۆر لەوەزیاتر هەڵدەگرێت کە تەنها وەک دروشمێکی نەتەوەیی بریقەدار بخرێتەڕوو.

سەرەتا بەڕای من ئەگەر بەبیر و دیدێکی فراوانتر بڕوانینە دۆزی هەنوکەی شاری کەرکوک ناکرێت پێمانوابێت کە ئەم شارەمان لەدەستچووە، دەکرێت بگوترێت ناتەبایی و خۆپەرستی و کاڵفامی و نەخوێندنەوەی دروستی سەرکردایەتی دەستڕۆیشتوی کورد لەباشوری کوردستان بۆ بەلانسی هێز و هاوکێشەی سیاسی هەرێمی و جیهانی، هەروەها لەئەنجامی خۆبەزلزانینێکی نەفامانەیان دۆزی کورد بەگشتی و بەتایبەت کەرکوکیان دووچاری ئەم قەیرانە کردووە. بەڵێ ئەمە تەنها قیرانێکە، کەوتن و لەدەستدان نیە، ئەگەر ئاشنای مێژووی پڕلەخۆڕاگری و بەرخودانی خەڵکی ئەم شارەبین. دیارە ئەم قەیرانەش تەنها زادەی ڕۆژی شومی ١٦ی ئۆکتۆبەر نیە، بەڵکو لەئەنجامی زنجیرەیەک لە هەڵەی سیاسی و ئیداری سەربازی و تەنانەت قوربانیدانیش بەدۆزی کورد تارادەی خیانەتکردن ئەم قەیرانە بەرۆکی گرتووین. پێموایە پێویست ناکات لێرەدا باس لە هەڵە ستراتیژی و چارەنوس سازەکانی ٢٧ ساڵی ئەم سەرکردایەتیەی کوردی باشور بکەین، چونکە باوەڕناکەم هیچ کەسێک هەبێت درکی بەو هەڵانە نەکردبێت، ئەگەر خۆی لێ گێل نەکات بەهۆی بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆی.

بۆیە پیموایە کە دەگوترێت (عەفرین کەرکوک نیە)، بەو واتایەی کە کەرکوک خۆڕاگر نەبووە بەرامبەر بەهێزی دوژمنان، غەدرێکی گەورە هەم لە کەرکوک و کەرکوکیەکان و هەم لە هێزی پێشمەرگەی قارەمانیش دەکرێت، چونکە مێژووی کۆن و نوێ و بەئێستاشەوە گەواهی ئازایەتی و خۆڕاگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەڵکی کەرکوکی هەمیشە نەبەزیو دەدەن، ئەوەی کەبەزیوە سەرکردایەتیەکەیانە نەک پێشمەرگە و خەڵکەکە. دیارە لێرەدا مەبەستمان لەسەرجەم سەرکردایەتی کورد یاخود کەرکوک نیە، بەڵکو مەبەستمان لەو سەرکردانەیە کە بەم قسانەمان دڵگران دەبن.

لەکۆتاییشدا، هەروەک چۆن دڵنیام لە خۆڕاگری شاری عەفرین و گیانبازی و نەبەردی شەڕڤانان کە تۆمارکەری داستانەکەی کۆبانێن، هەئاواش دڵنیام لە چارەنوسی بەزیوی هێزە تورکە ڕەگەزپەرستەکەی ئاردۆگان، ئەوەی کە زیاتر دڵنیاشم دەکات لەم بۆچونەمدا، غرور و خۆبەزلزانیە نەفامانەکەی خودی ئەردۆگان و پارتەکەیەتی کە پێدەچێت ئەوانیش هەر بەدەردی خوێندنەوە هەڵە و نادروستەکەیان بۆ بەلانسی هێزی نێودەوڵەتی و هاوکێشەی سیاسی هەرێمی و جیهانی بچن لەکاتێکدا کە سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەکەیان کوێر و کەڕی کردوون لەئاست ئەو هەموو ئاگادارکردنەوانەی زلهێزەکانی جیهان بۆ هەنگاونەنان بەم ئاراستە نادروستە کە هەڵکەندنی گۆڕی خۆیانە بەدەستی خۆیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین پریس - ڕێکەوتی: ٢٢ی جانیۆری ٢٠١٨

## بۆچی ئەردۆغان پەلاماری عەفرین دەدات؟




**ئامادەکردنی**: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

پەلاماردانی کانتۆنی عەفرین لەلایەن تورکیاوە شتێکی چاوەڕوانکراو ئاسایی بوو، چونکە لەلایەک ئەو دەوڵەتە لەسەر بنەمای دژایەتیکردن و لەناوبردنی کورد دروستبووە لەجیهاندا، پێش ماوەیەک رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکی تورکیا لەکۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا رایگەیاند: ئێمە دژی دەوڵەتی کوردین تەنانەت لە ئەفریقاش بێت. لەلایەکی تریشەوە ئەم سیاسەتەی تورکیا پەیوەندی بە شکستی هەموو ئەو هەوڵانەی پێشوویەتییەوە هەیە، کەلەدژی کوردی رۆژئاوا ئەنجامی دا. هەروەها پەیوەندیشی بەسیاسەتی زلهێزەکان لەناوچەکە هەیە بەتایبەتی روسیا و ئەمریکا.

### شکستهێنانی هەوڵەکانی

لای هەمووکەس ئاشکرایە کە لەوەتی کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستان دروستبووە، تورکیا کەوتە داژیەتیکردنیی و دەستیکرد بە پشگیری و یارمەتی چەتەکانی داعش و بەرەی نوسرەی ، تاوەکو پەلاماری ناوچە کوردنشینەکانی رۆژئاوا بدەن، لێ پاشئەوەی چەتەگەری ئەو گرووپانە هەمووجیهانی تووشی شۆک کرد، هەروەها بەرەنگاریی و بەرخودانی کوردیش لەدژی داعش تەواوی جیهانی سەرسام کرد و زلهێزەکانی جیهانیش لەسەرووهەموشیانەوە ئەمریکاو روسیا هاتنە ناوجەنگەکەوە، ئەو سیاسەتە چەپەڵەی تورکیا شکستی هێنا.

## نەمانی داعش

لەپاشئەوەی کورد لەرۆژئاوا بۆجیهانی سەلماند کەهێزێکی رزگاریخوازی و ئازادیخوازە و رۆڵێکی بەرچاوی لە رووخانی خەلافەتەکی داعش بینی، کەپێشتر تورکیا پشتگیری دەکردن، تورکیا تەواو نائومێد بوو کە میلیشیا نۆکەرەکانی لەسوریا بتوانن حوکمڕانی کورد لەناوبەرن ، هەربۆیە دواجار بڕیاریدا خۆی بێتە ناوجەنگەکەوە.

## دژایەتیکردنی ئەمریکا

رێک هەفتەیەک لەپاش ئاشکراکردنی بڕیارەکەی ئەمریکا بەدروستکردنی هێزێکی پاسەوانی سەرسنوور کەلە 30 هەزار چەکدار پێکبێت و پڕچەکردنی لەلایەن خۆیەوە، تورکیا تەواو شێت و هاربوو. هەربۆیە بەشێکی ئەم هێرشەش پەیوەندی بەوەهەیە، کە تورکیا دەیەوێت ئەم سیاسەتەی ئەمریکا لەسوریا شکست پێبهێنێت و بەهیچ شێوەیەکیش نەهێڵێت ئەمریکا یارمەتی کوردەکان بدات . بەڵام ئەوەبوو ئەمریکا لەو بڕیارەی خۆی سووربوو، دیارە ئەوەش لەبەرئەوەی ئەمریکا لەسوریا تەنها هێز کە لەبەر دەستیدا هێزەکانی یەپەگە و کوردە، هەربۆیە ئەمریکا هیچ گوێی بە ناڕەزاییەکانی تورکیا نەدا. لەبەرئەوە یارمەتییەکانی ئەمریکا بۆ یەپەگە ، بۆتە گەورەترین ترس بۆسەر تورکیا،ئەمەش بەئاشکرا لەسەر زاری بەرپرسانی حکومی میدیاکانی ئەو وڵاتە دەردەکەوێت، لەهەمانکاتیشدا ئەو حاڵەتە دەروونییە دەردەخات کە ئەم وڵاتە تووشی بووە.

## سەفقەیەکی ژێربەژێری روسیا و تورکیا

جێگەی ئاماژەیە ماوەیەکە میدیاکانی جیهان باس لە بوونی سەفقەیەک دەکەن لەنێوان روسیا و تورکیا ، بەتایبەتی لەپاشئەوەی سووپای سوریا لە پارێزگای ئەدلیب سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا، زۆرێک لە میدیاکان و سەنتەری لێکۆڵینەوەکان، باسیان لەبوونی سەفقەیەک دەکرد لەنێوان تورکیاو روسیا، ئەوەش بریتییە لە رازیبونی تورکیا بەوەی کە سوریا پارێزگای ئەدلیب بگرێتەوە،لەبەرامبەرردا روسیا رازی بێت کە تورکیا کانتۆنی عەفرین داگیر بکات. جێگەی ئاماژەی پێشتر روسیا چەند بنکەیەکی سەربازی لەپارێزگای عەفرین هەبوو، بەڵام



سەرچاوە
Serchawe

هەفتەی پێشوو ئەم بنکە سەربازییانەی کشاندەوە، ئەمەش بەڵگەیەکی تەواوە لە بوونی ئەو سەقفەیە. هەرچەندە روسەکان بوونی ئەم سەقفەیە رەت دەکەنەوە.

## کورد لەنێوان دوو ئاگردا

لەلایەکی ترەوە میدیاکان باسیان لەوەکرد ، کە هەفتەی پێشوو روسیا داوای لە یەپەگە کردووە، ئەوان بەو مەرجە دژی تورکیا دەوەستنەوە، کە رازیبن بەگەڕانەوەی سووپای سوریا بۆ پارێزگای عەفرین، یەپەگەش بەمە رازی نەبووە. هەربۆیە لەئێستادا یەپەگەو کورد لەعەفرین خۆیان لەبەردەم دوو ئاگردا دەبیننەوە، لە لایەکەوە لەباکوورەوە تورکیا پەلاماری دەدات، لەباشووریشەوە سوپای سوریا هەیە، کەهەردووکیان دوژمنی سەرسەختی کوردن.

## سزادانی کورد لەلایەن روسیاوە

هەرچەندە سەرەتا روسیا هەڵوێستێکی باشی هەبوو لەگەڵ کوردی رۆژئاوا، پێش ماوەیەکیش یەپەگە و روسیا پێکەوە ئۆپەراسیۆنێکیان لەدژی داعش ئەنجام دا، بەڵام لەپاش ئاشکرابونی دروستبونی ئەو سوپایەی کە ئەمریکا پشتگیری دەکات، روسیاش تەواو نیگەران بوو، هەربۆیە زۆرێک لەچاودێرانی سیاسیی پێیان وایە، ئەم هەڵوێستەی روسیا وەکو سزایەک وایە بۆ کوردانی رۆژئاوا، تاوەکو پێیان بڵێت، ئەوەتا ئەمریکا نایەوێت یارمەتیدان بدات و تەنها دۆستان منم.

## دەرئەنجام

ئەوەی روون ئاشکرایە لەم کارەساتەشدا کەرووبەروی کورد دەبێتەوە، پێش هەمووشتێک پێویستە پشت بەهێزوتواناکانی خۆمان ببەستین، لەئێستاشدا بەپێچەوانەی باشوورەوە، هێشتا لە رۆژئاوا ، رۆحی کوردایەتیی و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران زۆر بەهێزە، ئەم وورە بەرزەش دەبێتە پاڵنەرێکی باش بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هێزە داگیرکارییە. هەروەها لەرووی نێودەوڵەتیشەوە پێویستە کوردی رۆژئاوا هەوڵەکانی چڕتر بکاتەوە، بەتایبەتی دەبێت فشار بخاتە سەر ئەمریکاو ئەوروپا، نابێت چیتر لەم هەڵوێستەیان بەردەوامبن و رێگا بەتورکیا نەدەن لەم هێرشەی بەردەوام بێت، چونکە لەئێستادا کورد لەرۆژئاوا باجی سیاسەتەکانی ئەمریکا دەدات، بەبڕاوی



سەرچاوە Serchawe

منیش ئەمریکا نایەوێت بەتەواوەتی کورد لەدەستبدات. لەهەمانکاتیشدا زۆر گرنگە کورد بەتەواوەتی دەستبەرداری روسیا نەبێت و هەوڵ بدات گەر روسیا دۆستیشی نەبێت، ئەوا نەبێتە دوژمنی ،چونکە ئەم وڵاتە رۆڵی بەرچاوی لە سوریا هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٣ی جانیۆیری ٢٠١٨

## تورکیا چۆک بە عەفرین دانادات




**ئامادەکردنی: بورهان ئەمین**

ڕۆژی شەممە ٢٠ - ١ - ٢٠١٨ سوپای تورکیا بەهێزێکی ئاسمانی و زەمینی گەورەو بەهاوبەشی چەند میلیشایەکی ئیسلامی نۆکەری، لەژێر ناوی ئۆپەراسیۆنی (چڵی زەیتون) هێرشێکی زەبەلاحی کردۆتە سەر شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان و تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی مەدەنیی و شەڕڤانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) شەهیدو بریندارбون و هەزاران کەسیش دەربەدەربوون. لەجیهانیشدا کاردانەوەی گەورەی بەخۆوەبینی و هەریەک لە ئەمەریکاو ئەڵمانیاو بەریتانیا لەرەوشەکە نیگەرانن و فەرەنساش داوای کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کردووەو گەرچی روسیاش لەرەوشەکە نیگەرانە، بەڵام دژی تورکیاش نەوەستاوەتەوە. لەناو وڵاتانی عەرەبیشدا، میسر ئیدانەی هێرشەکەی تورکیای کردو بەپێشێلکاری خاک و سەروەری سوریای لەقەڵەم دا، رژێمی ئەسەدیش لە دیمەشق، ئەم هێرشەی تورکیا، بە داگیرکاری وەسف دەکات. یەپەگە و

خەڵکی عەفرینیش، بڕیاری بەرەنگاربوونەوەی هێرشەکەی تورکیا دەدەن و خۆیان تەسلیمی تورکیاو سوپاکەی ناکەن.

## سەرەتای هێرشەکە

بەپێی زانیاریەکانی ڕۆژنامەی «سود دۆیچە زانیتۆنگ» ی ئەڵمانی دوای ئەوەی روسیا، هێزەکانی خۆی لەناو ناوچەیە کشاندەوە،سوپای تورکیا بەو هێزە زۆرەیەوە بە هاوکاری سوپای ئازاد کەمیلیشیایەکی سەر بەخۆیانە، هەڵمەتێکی بێ وێنەی کردۆتە سەر ئەو شارە کە نزیکەی ١٠ هەزار شەڕڤانی یەکینەکانی پاراستنی گەلی لێیەو هەموویان بەدڵ وبەگیان شەڕ دەکەن ، جگە لەوەش ئە وشارە دانیشتوانەکەی ٨٠٠ هەزار کەس دەبن، بەڵام بەشێکی زۆریان لەترسی شەڕ ڕایان کردووە ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتوە .

## هێرشی زەمینیشیان دەستپێکرد

بەپێی ئاژانسەکانی هەواڵ بەرەبەیانی یەکشەممە سوپای تورکیا هێرشی زەمینیشی دەستپێکردووەو لەسنوری عەفرین و گوندەکانی دەوروبەریدا یەکینەکانی پاراستنی گەل بەریان لێگرتون ولەپەلاماری یەکەم شکستیان پێهێناون، ئاژانسی ڕۆیتەر لەسەر زاری بەرپرسێکی یەکینەکانی پاراستنی گەل ئاشکرایکردوە کە لەو هێرشەدا نەیانهێشتوە یەک بست بێنە پێشەوەو بەرگری لە کانتۆنەکەیان دەکەن.

## هەڵوێستی جیهان

*لەپاش هێرشەکەی تورکیا، وڵاتانی جیهان بەتایبەتی زلهێزەکان لەوانە: ئەمریکا، فەرەنسا، روسیا، ئەڵمانیا، بەریتانیا. هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاند.*

## ئەڵمانیا



سەرچاوە
Serchawe

لەسەر ئەم پێشهاتە تازەیە ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانی هەڵوێستی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا بڵاوکردۆتەوە، کە داوای لە لایەنە ناکۆکەکان کردووە کە دان بەخۆیاندا بگرن، ئەو هێرش و پەلامارنە بەکارێکی باش نازانێ و داوای لێکردوون بە حیکمەت هەڵسوکەوت بکەن و ناوچەکە ئەوەندەی تر خوێناوی نەکەن،چونکە لەسوریا خەڵک بەهۆی شەڕەوە سەرگەردان و ماڵوێران بووە تادێش بارەکە ئاڵۆزتر دەبێت، بۆیە وەزارەتی دەرەوە پێی وایە ئەم کێشەیە دەبێ بەدانوستان چارەسەربکرێت.

## هەڵوێستی پارتی سەوزی ئەڵمانیا

«جەم ئۆزدەمیر» سەرۆکی پارتی سەوزی ئەڵمانی لەپێگەی خۆی لە تویتەر نوسیویەتی: لەکاتێکدا ڕژێمی ئەردۆغان لە تورکیا بەربەریەکانی داعشی دەپاراست و هانیدەدان ، کوردەکان لەجیاتی هەموو دونیا ڕووبەرویان دەبونەوە، کەچی ئێستاش ئەردۆغان تۆپ و بۆمبایان تێدەگرێت.

## بەریتانیا

فرانس پرێسیش لە هەڵوێستی بەریتانیادا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەم وڵاتە ڕایگەیاندووە، کە هەمیشە ئەوەیان لەگەڵ تورکەکان دووپات کردۆتەوە کە ئەو کێشەیە بۆتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و دەخوازێت لەڕێی گفتوگۆوە چارەسەر بکرێت نەک شەڕو شۆڕ.

## فەرەنسا

بەپێی ئاژانسەکانییێت، نوێنەری هەمیشەیی فەرەنسا لە ئەنجومەنی ئاسایش، لە بارەی هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین هاتۆتە دەنگ و داوای کردووە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کۆبوونەوەیەکی بەپەلە و تایبەت بە پرسی هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر شاری عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان و ئیدلیب لە سوریا ئەنجام بدات.

لای خۆشیەوە جین ئیڤێس لۆدریان وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا، لە ئەکاونتی فەرمی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاویکردووەتەوە، کە سبەینێ دووشەمە، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان کۆدەبێتەوە و دۆخی سوریا تاوتوێ دەکات.

## ڕوسیا ئاگادارە

بەپێی ڕاپۆرتێکی پێگەی گۆڤاری فۆکۆسی ئەڵمانیابێت، پێدەچێت ئەو هێرشەبەربڵاوە ڕێککەوتنێکی پێشوەختی تورکیاو ڕوسیا بێت و لەوانەیە لە کۆبونەوەکانی « ئەستانا» ئەوە کرا بێت، چونکە پێی وایە کە مومکین نییە بەبێ ڕەزامەندی روسیا، تورکیا بتوانێت لەبەردەم سوپای روسیا کارێکی لەمجۆرە بکات.

## ئەمریکا تۆمەتبار دەکرێت

بەپێی ماڵپەڕی شپیگل ئۆنلاینەش بێت، تورکیا دۆستەکانی خۆی بە هاوکاریکردنی یەپەگە تۆمەتبار دەکاو دەڵێت: ئەوانن باربۆیان دەکەن « مەبەستی ئەمریکایە » هەروەها نوسیویەتی، کە تورکیا ئەو هێزە کوردیانە بە مەترسی دەزانێ بۆیە دەیەوێت لە نزیک عەفرین بەقوڵایی ٣٠ کیلۆمەتر لەگەڵ سنورەکەی ناوچەیەکی ئارام بۆخۆی دابنێ و تا هێزەکانی لێ جێگیر بکاو کۆنترۆڵی هێزە کوردیەکانیش بکات لەو ناوچەیە.

لەلایەکی تریش ماڵپەڕەی ڕوسیای ئەمڕۆ ئاشکرای کرد، کەوەزارەتی بەرگری روسیش بەهەمان شێوە هەڵسوکەوت و یارمەتیەکانی ئەمریکایان بۆ یەپەگە بە هۆکار زانیوە و هەر ئەوەبوە تورکیای وروژاندوە تا ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازیە ئەنجام بدات و هەوڵەکانی ئاشتی لەبار ببات.

## هەڵوێستی ئەمریکاش نادیارە

گەرچی ئەمریکا نیگەرانی خۆی لەم هێرشەی تورکیا دەربڕی، بەڵام جیم ماتیس وەزیری بەرگری ئەمریکا رایگەیاند: پێشتر تورکیا لەم هێرشە سەربازییەی ئاگادار کردووینەتەوە. وتیشی: لەئێستادا هەماهەنگیمان لەگەڵ تورکیا هەیە و هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگا چارە دەدەین. هەرچەندە هەتاوەکو ئێستاش هەڵوێستی ئەمریکا روون نییە، ئایا دژی ئەم لەشکرکێشییەی تورکیایە یان نا، زۆرێکیش ئەمریکا تاوانبار دەکەن، کەئەوان بوونە هۆکاری ئەم جەنگە و ئێستاش هیچ ناکەن.

## ڕەوەندی کوردی هاتەسەر شەقام

لەکاردانەوەی ئەو زوڵم وزۆرداریەی تورکیا لە کوردانی ڕۆژئاوا دەیکات، ڕەوەندی کوردی لە ئەوروپا بەگشتی و لە زۆربەی شارەگەورەکانی ئەڵمانیا وەک « فرانکفۆرت،کۆڵن، هامبۆرگ، هانۆڤەر» هاتنەسەرسەقام و ئیدانەی تورکیاو هەڵویستی نێودەوڵەتیان کرد، داوایان کرد کەحکومەتی ئەڵمانیا هەڵوێستێکی شەرەفمەندانە وەربگرێت لەئاست ئەو کارەساتەو ڕێ لەو هێرش وپەلامارنە بگرێت،لەو خۆپیشاندان و چالاکیە مەدەنیانەدا دروشمی ئاشتی ودیموکراسی و هێنانەدی مافەکانی کورد بەرزکرانەوە.

## بایەخی کانتۆنی عەفرین

لەڕاپۆرتێکدا بەشی عەرەبی بیبی سی بەمجۆرەباس لە بایەخی ستراتیژی عەفرین دەکا و دەڵێت: ئەو شارە دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاوی باکوری ڕۆژئاوای سوریاو سێ لای دەکەوێتە سەر شارەکانی ئەحزازو حەلەب وئەدلەب لایەکیشی دەکەوێتە سەر سنوری لەگەڵ تورکیا، ڕووبەرەکەی ٣٨٥٠ کیلۆمەتر دووجایە کە دەکاتە ٢٪ ی هەمو خاکی سوریاو نزیکەی ٣٥٠ گوند سەربەو کانتۆنەیە ، دانیشتوانەکەی بە گوندەکانی دەوروبەریشیەوە لە ملیۆنێک کەس زیاترن ، هێڵی شەمەندەفەری نێوان تورکیا بۆ ناو خاکی سوریای پێداتێپەڕدەبێ و ژمارەیەکی زۆر شوێنەواری سەردەمی ڕۆمانیەکان و شەڕی جیهانی یەکەم ودووەمی لێیە، عەفرین یەکێکە لە کانتۆنەکانی کورد لەسوریا و بۆ کورد بایەخی تایبەتی خۆی هەیە و پێگەی دیاری یەپەگەیە.

سەرچاوە: ئاژانسەکان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێوێری ٢٠١٨



# شەڕی ژمارە قورسەکان لە عەفرین



خەڵەف غەفور

پرۆسەی داگیرکردنی عەفرین لەلایەن هێزەکانی سوپای تورکیاوە دەستپێیکرد، دیمەنی یەکەمی ئەو پرۆسەیەش ناهاوسەنگی ژمارە و چەک و ئاستی ئامادەگی لۆجستیە لەنێوان یەکینەکانی پاراستنی گەل و هێزەکانی سوپای تورکیا. ئەوەی دەیبینین زیاترە لە پرۆسەی داگیرکردنی شارێکی کوردی، بەڵکو شەڕکردنە بۆ بەکردارکردنی دڵنیایی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی بۆ تورکیا و بۆ کوردیش شەڕە بۆ لەدەستنەدانی ئازادی خاکەکەی و نەپچڕانی هێڵی گەرمی پەیوەندی لەنێوان کانتۆنەکان لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە پاراستنی ڕێڕەوی گەیشتنی بە باکووری کوردستان و سەرکردایەتی قەندیلی پارتی کرێکارانی کوردستان.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە هەفتەی پێشوودا و لە چەندین وتاری توندا لەبەردەم لایەنگرانی حزبەکەیدا هەڕەشەی داگیرکردنی عەفرینی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا هێرشەکانی داگیرکردنی عەفرین ڕەهەندی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی هەیە، مەترسییەکەش لێرەوە دەستپێدەکات ئەگەر لە پشت پەردەوە وڵاتانی زلهێزی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی سەریان بۆ ئەردۆغان لەقاندبێت و ئەویش دەرفەتی وا لەدەستنادات. بەڵام ئەوەی هەیە بۆ ڕێگرتن لە داگیرکاری عەفرین بەتەنیا هێزی یەپەگە و خۆپیشاندان و دروشمبازی بەس نین، بەڵکو خۆتێکەڵکردن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتیش ئەمەریکا خاڵێکی بەهێزە بۆ پاراستنی ئەزموونی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان.

لێرە دەبێت وردبینەوە و خوێندنەوە بۆ بەرژەوەندی کارەکتەرەکان و سیناریۆ باش و خراپەکانی نزیک و دوور لەو داگیرکارییە بکەین، خۆ ئەوە بەندە بە هاوکێشەیەکی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی، ئیتر دوو کارەکتەرە ڕووبەڕووبوووەکە کامیان دەتوانن زیاتر بەرژەوەندییان لەگەڵ ئەوانی دیکە یەکبخەن و بەسەرکەوتوویی لێی



سەرچاوە Serchawe

بێنەدەرێ.

تورکیا لەئێستادا لەگەڵ ئەمەریکا و ئیسرائیل کێشەی گەورەی هەیە، ئەردۆغان وتیشی هەڵوێستی ئەمەریکا بۆ ئەوان گرنگ نییە، ئەو دڕدۆنگییەشی لەگەڵ ئەمەریکا پاڵی بەتورکیاوە ناوە بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە روسیا و ئێران و ئەسەد، بەشێوەیەک باسی سەوداسەری مەترسیدار دەکرێت کە کورد تیایدا دەبێتە قوربانی. دڵنیایی مانەوەی ئەسەد و وازهێنانی تورکیا لە رۆیشتنی لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی، زیاتربوونی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تورکیا و روسیا، بێدەنگبوونی تورکیا لە گەڕانەوەی دەسەڵاتی هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ کەرکوک و بەستنی هاوپەیمانێتی زۆرینەی تورکمانەکان لەگەڵ حەیدەر عەبادی، رەنگە ئاماژە و نیشانەی وابن بۆنی مەترسی گەورەیان لێ بێت.

لێرە هێزی دیکەی لەوێنەی ئەمەریکاش بوونی هەیە کەوا هەم بڕیار و هەم کاریگەری گەورەی لەسەر سەرکەوتن یان تێکشکاندنی پرۆسەی داگیرکاریی عەفرین هەیە، خاڵی مەترسیداریش لێرە ئەوەیە ئەگەر ئەمەریکا بەهەر هۆیەک بێت بێدەنگ بوو، ئەوا یەپەگە توانای تێکشکاندنی سوپای تورکیای هەیە؟ لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا خاڵی دڵخۆشکەر هەیە، ریکس تیلرسۆن، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا وتی بەشێکی زۆری هێزەکانی وڵاتەکەی لە باکووری سوریا دەهێڵنەوە، بۆ ئامادەگی سەربازی و پارێزگاریکردنیشی لە بەرژەوەندییەکانی لە سوریا، کورد باشترین هاوپەیمانی ئەمەریکایە.

سەرکردایەتی کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستان کارێکی راست دەکەن رەوەندی کورد لە ئەورووپا و وڵاتانی دنیا بجوڵێنن، زیاتر بەرژەوەندییەکانیان لە ئەمەریکا نزیک بکەنەوە، بەڕووکەشیش بێت مەودایەک لەنێوان بەڕێوەبەرایەتییەکانیان و پەکەکە بهێننە کایەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا زیاتر خۆبەهێزکردن و جۆشدانەوەی سەنگەری بەرگری دەبنە خاڵی بەهێز و لانی کەم بۆ وروژاندنی رای گشتی بەرانبەر داگیرکارییەکانی تورکیا.

خەونەکانی ئەردۆغان لە عەفرین ئاسان نایەنەدی، بەڵام مەحاڵیش نین، نە عەفرین پارووەیەکی ئاسانە و نە ئەردۆغانیش ژمارەیەکی سیاسی لاوازە، لێرە دروستکردنی بەرژەوەندی لەگەڵ زلهێزەکان و بەکارهێنانی کارتەکان لەجێگای خۆیدا گرنگن و هیواش هەیە رۆژئاوای کوردستان بیباتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٣ی جانیۆیری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# عفرين مێژوو دەنوسێتەوە



**سالارمەحمود**

کوردپشتی بەخۆی ببەستێ دەتوانێ وەک کۆبانێ مێژوو بنوسێتەوە. ئیرادەیەک کەلتورێک وەک مرۆڤ سەیری ژنی کورد بکات مەحاڵ بۆ دونیا دێنێتە بوون، لە رۆژئاوا نمونە زیندوەکەی ببینن. ئەی دونیای کەرو لاڵ ئەی کوردی خۆخۆری تر، لە خۆ بپرسن ئەو ئیرادەیە چییە لە عفرین کە سنگی کچان بووەتە قەڵغانی تانک و فڕۆکەی داگیرکەری کوردستان!

رووداو بۆ پەندە مرۆڤیش گەر هۆشی نەبێ لە رستەی مرۆڤایەتی دەکەوێ. تاکەی ئەی زلهێزانی سەردەست بەرژەوەندیتان بەستەمکاریەوە دەبەستنەوە، کوا جاڕنامەی گەردونیتان؟ ئەی کوا پرەنسیپەکانی پەیمانی مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی نێودەوڵەتی؟. دروشمی سەر تابلۆی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاری پێناکرێ؟ چاوتان بۆ تەمی بەرژەوەندی تەڵخی کردوە؟ ئەی دونیای سەردەست ئیدی بەس نییە خوێن رشتنی کورد، ئیتر بەس نییە ئاوارە کردن، ئیدی کەی ئەم ستەمە بەکۆتا دەگا؟

کەی تێر دەبن لە دیمەنی
دەربەدەری کورد، کۆڵکێشی کورد..
ئەم جەهەنمە چییە بەکام پێوەرو یاسا لەسەرخاکی خۆی بۆی حەشر دەکەن؟

کوردە تۆش کەی دەردی بێ ئیتفاقی بەرت دەدا، کەی خۆت یەکدەخەی کەی؟ ببینە لەدوای ئەنفال و کیمیباران لەهەزاران مینبەرەوە جاڕی لەناوبردنت لێ دەدرێ. چ چەرخێکە دەبوو هەموو دونیا لەشەرمی ژنان و کوڕانی عفرین

هەڵوێستیان یەک جار لەمێژوودا بەرەو لای کورد بچەرخانایە..

دەنا هەقە ئەم چەرخە بەجۆرێک بچەرخێ ئاسمان و زەمینی تێدا نووقمی فەنابوون ببێ..

گەشبینم بە نوسینەوەی ئەم مێژووە عفرینییە بە پەنجەی پشت بەخۆ بەستووی لاوی کورد.

پەستم لەو بێباکییەی دونیای بەناو ئیسلام، دونیای بەناو مافی مرۆڤ و دادو دیموکراسیی.

## ئاکەپە بۆ دەیەوێت کوردو تورک زیاتر بکاتە دوژمن



**لەتیف فاتیح فەرەج**

پەلاماری ئەمجارەی ئەردۆغان و ئاکەپەو سوپای تورک بۆ سەر عەفرین، قوڵکردنەوەی شەڕی نێوان کوردو تورکە، کە ماوەی چەند ساڵێکە هێزەچەپ و دیموکرات و دژە شەڕو توندو تیژیەکانی تورکیا بە کوردو تورکەوە ئەگەر چی کەمیش بن، رۆڵێکی کاریگەر دەبینن بۆ ئاشتکردنەوەی ئەم دوو نەتەوە یە، ئەردۆغان و حزبەکەی زۆر باش دەزانن ئەگەر کوردو تورک زیاتر لێک نزیکبنەوە گلۆڵەی ئەوان دەکەوێتە لێژی، یەک دوو ساڵ لەمەوبەر رۆژنامەنوسێکی تورک پێی وتم بەردەوام نزیکبوونەوەی کوردو تورک لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی تورکیا نیە، بۆیە هەموو رێگەیەک دەگرنە بەر بۆ ئەوەی ئەو نزیکبوونەوەیە دروست نەبێت ،تورکەکان پێشتر لە کۆبانێ هەوڵی زۆریان دا کە کوردان بخەنە نێو شەڕێکی ترەوە بۆ ئەمە هانی زۆری داعشیان دا تا کۆبانی بخات، ئەمە نەهاتە دی، ئەوەتەی کوردی رۆژئاوا ئازادانە هەناسە دەدەن ئاکەپەو ئەردۆغان لە هەوڵی بڕینی هەواکەدان، بۆ ئەمە هەموو

ڕێگەیەک تاقیکرایەوە، ئەمەی عەفرین تاقیکردنەوەیەکی ترە.

سوپای تورکیاو ئەردۆغان لەم پەلامارەدا گروپگەلی دیکەشیان خستوەتە گەڕ، هەر ئەوەش نا یە هۆی بوونی تورکیا وەک ئەکتەرێکی بە هێزی ناتۆ، هەوڵی ئەوەشیان داوە دیدگای ئەمەریکاو ئەوروپا بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە کار بەرن، هەر ئەوەی ماوەیەک لەمەوبەر ماکۆرن پشتگیری تورکیاو ئەردۆغانی راگەیاند بۆ لێدانی تیرۆر، بەڵام کێ تیرۆریستە، ئەمە رەنگە هەر فەرەنسیەکی تر وەڵامی سەرۆکە گەنجەکەی فەرەنسا بداتەوە، ئەویش پاتریس فرانچێسکێی نوسەرە، کە لەم رۆژانە کتێبەکەی "مردن ئەڕای کۆبانێ " لە لایەن سەلاحەدینی بایەزیدیەوە کراوە بەکوردی، هیوادارم سەرۆکی فەرەنسا ئەو نامیلکەیە بخوێنێتەوە، هەڵبەت ئەمەریکاش ئاگاداری وردو درشتی یاریەکەیە، کێشە ئەوەیە هەمیشە بەرژەوەندی دەخرێتە پێش مرۆڤەوە، روسەکانیش یەکبە خۆیان سەر ڕاست نەبوون لە گەڵ کوردی عەفرین.

لەم نێوەندەدا بەرگری جوامێرانە زۆر گرنگە ، هەڵبەت لە گەڵ ئەو بەرگریەدا پێویستە وێنەی کوشتنی منداڵەکانی عەفرین بەرینە هەموو ماڵێکی ئەوروپاو ئەمەریکاوە، بڕوام وایە شەڕەکە زۆر درێژە نەکێشێت، دیارە داوا شەرمنانەکانی ئەمەریکاش بۆ پاراستنی گیانی مەدەنیەکان جۆرێکە لە رێگە پێدان بە جەلادو یاری کردن بە سۆزی قوربانی، دڵنیام مەکگۆرک نایەوێت ئەو ستەمکاریە بەردەوام بێت، لێرەدا هاتنەدەنگی دەسەڵاتی و پارلەمانی باشوری کوردستانیش جگە لە ئاکارو بەرپرسیارەتی رۆڵی خۆی دەبێت نازانم تا چەند سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی وێنەی منداڵە شەهیدەکانی عەفرینیان بینیووە.

لە نێو هەموو ئەم خوێندنەوەو بێنەو بەرەیەدا بەرزبوونەوەی دەنگی نا بۆ شەڕ، نا بۆ کوشتنی کوردان لە نێو تورکیادا گرنگە، زۆر گرنگە کارەکتەرە سیاسیە بە ئاکارو رۆشنبیرە خاوەن رەوشتەکان بێنینە پای قسە، پێویستە پامۆک و ئەلیف شەفەق و چاندارو بێشکچی و هەموو ئەوانەی دەتوانن دەنگ بەرز کەنەوە، دەنگ بەرز کەنەوە، ئەردۆغان بۆ دەیەوێ بە دەستی جەندرمەو بە کرێگیراوەکانی منداڵی کورد بکوژێ، جیاوازی نێوان منداڵی موسوڵمانی کوردو میانمارو سۆمال چیە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# "چڵە زەیتون"ی خوێناوی



**ڕێژەن سەردار**

هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین، شەڕێکی هێندە چارەنوسازە کە پاشەڕۆژی بونی کورد لەڕۆژئاوای کوردستانو لەچوارچێوەی سوریای داهاتودا دیاریدەکات.
ئێستا لەعەفرین شەڕێکی جیهانیی بچوک ڕوودەدات، کە جگە لەتورکیاو یەکینەکانی کورد، دو هێزی گەورەی جیهانو چەندین هێزی هەرێمیش بەڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەم شەڕەدا ئامادەن، بۆ هەریەک لەم هێزانەش شەڕی عەفرین ڕەهەندی ستراتیجی لەخۆدەگرێت .

کورد لەرۆژئاوا ئازایەتیو خۆڕاگرییەکی ئەفسانەیی بەرامبەر بەداعش نواند، بەڵام بەدڵنیایی ئەوەی چارەنوسی کورد لەرۆژئاوا یەکلایی دەکاتەوە، ئەم شەڕە دەبێت لەگەڵ تورکیادا. مانو نەمانی کانتۆنەکانو چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی لەسوریای داهاتوشدا، بەچارەنوسی ئەم شەڕەوە گرێدراوە. هەربۆیە تورکیا بەهەمو توانای سەربازیو سیاسیو قورسایی دبلۆماسی خۆیەوەو لەڕێگەی بەکارهێنانی نوێترین چەکو تەکنەلۆجیاو کۆکردنەوەی هێزێکی گەورەی ئۆپۆزیسۆنی گوێڕایەڵیەوە، دەیەوێ دەستبگرێت بەسەر عەفریندداو ئیرادەی کورد لەرۆژئاوا تێکبشکێنێت.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا لەم شەڕە چارەنوسسازەدا کورد دەتوانێت هەمان خۆڕاگری ئەفسانەیی کۆبانێ دوبارە بکاتەوەو تورکیا بەر قەڵای ئیرادەی پتەوو لەشکاننەهاتوی شەڕڤانان بکەوێو بەدرێژەکێشانی شەڕ ئابڕویی تورکیا لەئاستی ناوچەکەو نێودەوڵەتیدا ببرێت؟
بێگومان پیلانو دوژمنکاریی لەسەر عەفرین زۆر گەورەترە بەراورد بەکۆبانێ، دیمەنەکە وا دەردەکەوێت کە ڕوسیاو



سەرچاوە
Serchawe

ئێرانو تەنانەت ئەمەریکاش لەخستنی عەفرینو کوردی رۆژئاوادا رۆڵیان هەبێت، بەتایبەتی پاش ئەوەی کورد ئامادە نەبو لەسەر پێشنیاری روسیا، عەفرین رادەستی سوپای ئەسەد بکات (کە ئێرانیش ئەمەی دەویست)، تیشکی سەوز بۆ هێرشی تورکیا بۆ سەر ئەم کانتۆنەی رۆژئاوای کوردستان هەڵکرا.

ئێرانو تورکیاو روسیا کە بەسێگۆشەی "ئەستانە" ناودەبرێن، ئێستا باشترین تاقیکردنەوە بۆ بەردەوامیی هاوکاریی نێوانیان شەڕی عەفرینە. ئەگەر روسیاو ئێران هاوکاریو پشتیوانی تورکیا نەکەن لەم هێرشەدا، ئەوا تورکیا رێگەیەکی دیکە دەگرێو دور دەکەوێتەوە لێیان. ئەگەر هاوکاریو پشتیوانیشی بکەن، ئەوا هەماهەنگیو پەیوەندییان تۆکمەو بەهێزتر دەبێت. ئەمەریکاش لەم شەڕەدا جگە لەدەربڕینی نیگەرانی چاوەڕوانی کاردانەوەیەکی دیکەی بەرامبەر بەم هاوپەیمانە دێرینەی لێناکرێت. لەسایەی نەبونی هیچ پشتیوانییەکیشدا ئەرکی کورد لەم جەنگە جیهانییە بچوکەدا قورسترو گرانتر دەردەکەوێت.

مێژو پێمان دەڵێت، هیچ هێزێک بەئەندازەی تورکیا کوشتاری لەکورد نەکردوە. لەهەر شوێنێکی کوردستانیشدا کورد بیەوێ بیر لەفەوارە یان کانتۆنێکی ئازادو سەربەخۆ بکاتەوەو بیەوێ بەهێز بێت، ئەوا تورکیا رێگەی لێدەگرێو بەهەمو هێزیەوە پەلاماری دەدات. کوشتنی خەونی سەربەخۆییو کوشتنی کوردی ئازاو ئازاد بەشێکی دانەبڕاوە لەستراتیجی تورکیا.

ئێستا کورد لەرۆژئاوای کوردستان باجیی ئازایەتیو باجیی دەستگرتن بەبونی کانتۆنە سەربەخۆکانی خۆی دەدات. تورکیا پاش تێکشکاندنی هاوپەیمانەکانی لەشەڕی ئیدلبو کۆتایهاتنی داعش لەسوریا، خەمی گەورەی ئەوەیە کورد لەرۆژئاواو سوریادا هاوکێشەیەکی نوێ بسەپێنێت، بۆیە ئەردۆغانو ئاکەپەو تورکەکان دێنو ماشێنێکی جەنگی گەورە بەناوی "چڵە زەیتون"ەوە لەدژی کورد دەخەنە گەڕ. چڵە زەیتونێک کە خوێنی لێدەچۆڕێو تۆپو موشەکی لێدەبارێت. ئەوان خوازیارن لەرێگەی تێکشکاندنی کوردەوە لەعەفرین بەیەکجاری کۆتایی بەخەونی کانتۆنەکانو فیدرالی بهێنن.

لەم چرکەساتەدا هەمو کوردێکی مەردو بەشەرەف دڵی لای عەفرینە. ئەگەر دوێنێ کۆبانێ رەمزی خۆڕاگری بو بێت بۆ کورد، ئەوا ئەمڕۆ عەفرین رەمزی بەرخودانو شەڕی مانو نەمانە بۆ ئێمە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - رێکەوتی: ٢٣ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# عەفرین



**ئاشتی عەبدوڵا**

*مستەفا بەگی کوردیی دەڵێت:*

*گەردنی کوردێ لەکێوی بێستون مەحکەمترە.*
*چونکە سەری لەژێر باری خەمایەو نابەزێ.*

مێژوویەکی دوور و درێژە داگیرکەرانی کوردستانی گەورە، لەهەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیەکدان، خەیاڵێکی پەرش و بڵاو دەکەن و بێحورمەتی بەرامبەر بەژیان و مرۆڤایەتی بەبەر چاوی جیهانەوە ئەنجام دەدەن.

بەهۆی مەترسی گەورەیان لەبوونی نەتەوەی کورد و خواستی سڕینەوە، مێژووی پڕکردوون لەتاوان و لەبەرامبەردا هەموو بنەماکانی ئینسانیەت پێشێل دەکەن، تا ئەو خەیاڵەیان بکەنە واقیع. مێژوو و ئێستا و داهاتووش پێیان دەڵێت کە ئەم خەونەیان هەروا دەمێنێتەوە، هەروەک مستەفا بەگی کوردی لەو دێڕەی سەرەتا ئاماژەی پێکراوە دەڵێت کورد نابەزێ، واقیع بوونی نەتەوەیەکە لەمەساحەیەکی فراوانی نەتەوەکانیتری دونیا و ئینسانیەتدا.

ئەو خەیاڵەی داگیرکەران تەنها وێنەیەکی کێشراوی پڕ هێڵی کوشتن و نیگای مناڵە شەهیدەکانی کورد و نەتەوەکانیترە کەدەستکەوتیانە لە بازاری هەراجی ویژدان و ئینسانیەتەدا.

میلەتێک سەدان ساڵ بەزیندویتی ماوەتەوە و سەدان ساڵە دەمانکوژن و جینۆساید و کیمیاباران و ڕەشبگیری و

زیندانیکردنی سەرکردەکان و داگیرکاری و کاولکاری خاکمان، بەڵام هێشتا لەدایک دەبینەوە.

ئەوەی جێی تێڕامان و بیرکردنەوەیەکی ترە، ئەوەیە کە ئەم هەموو تاوانە لەسەدەی بیستویەکدا روودەدات و بێدەنگی و بێ هەڵوێستی کۆمەڵی نێودەوڵەتی شەرمەزاریەکی گەورەیە بۆ دونیای دیموکراسی کە ئیدعای بۆ دەکەن، هەموو ئەم رووداوانەی کە چەند ساڵێکە لەناوچەکەدا روودەدەن و کورد تێیدا قوربانی زۆری دا، دەرخەری ئەو راستیەن کە جیهان لەچ ئاستێکی نزمی مرۆڤایەتیدا دونیا دەبینێت، وێنە روونەکە ئەوەیە کەبەرژەوەندیە سیاسی و بازرگانیەکانی وڵاتە زلهێزەکان و یەکلایکردنەوەی پارسەنگی هێزیانە لەناوچەکە کەبۆ ئەوان خاڵێکی گرنگ و وەرچەرخانێکی نوێ دەبێت لەگەڵ دارشتنەوەی نەخشە نوێیەکانی کە بەخوێنی میلەتانی تر دێتەبەرهەم بۆیان.

عەقڵ و لۆژیک درک بەم موئامەرە گەورەیە دەکات و بەڵام دۆزینەوەی فاکتەری بەئاگا هێنانەوەی خودی کورد و پارتە سیاسیەکانی رێبەرایەتی و نوێنەرایەتی کورد دەکەن لەم سەدەیەدا بۆتە ئەو خاڵەی کە سەختە لۆژیکی لەگەڵدا بگونجێت چون ناکرێت ئەم هەموو مەترسیە لەسەر نەتەوەیەک هەبێت و یەک گوتاری نەتەوەیی هاوبەش بەدی نەکرێت؟

رۆژێک کەرکوک و رۆژێ عەفرین و هتد... ئەم زەنگانە ناکرێت بەئاگایی دروست نەکات و خواستی دوژمنکارانەی بەتایبەت ئەردۆغانیەکان لەم سەدەیەدا بەلۆژیک مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت. تاکە لۆژیک بۆ ئێستا یەک گوتاری نەتەوەی کوردە.

سەرچاوە: ماڵپەری ڤین پریس - رێکەوتی: ٢٤ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# بێدەنگبونی ناوەندە ئیسلامییەکانو جیهان لەبەرامبەر عەفرینو کوردانی ڕۆژئاوا



**عەلی فەتحی**

بەبەرچاوی جیهانەوە تورکیا بۆردومانی عەفرین دەکاتو بەبێ جیاوازی منداڵو ئافرەتو پیاو لەناو دەباتو بەچڕی بۆردومانیان دەکات. تورکیا بەدرێژایی مێژو لەژێر هەرناوێکدا بوبێت عەلمانی یان ئیسلامی دژایەتی سەرسەختانەی گەلی کوردی کردووەو لەهەر شوێنێکدا بۆی کرابێت درێخی نەکردووە لەلەناوبردنی کورد.

ئەوەی لێرەدا جێگەی داخە بێ هەڵوێستی ناوەندە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ و وڵاتانی ڕۆژئاوایە لەبەرامبەر ئەم کارە درندانەیەی دەسەڵاتی تورکیا بەرامبەر بەکوردانی ڕۆژئاواو عەفرین ئەم وڵاتانە هەمیشە شانازی بەداکۆکیکردنیان لەمافی ستەملێکراوان دەکەن بەڵام لەبەرامبەر ئەم ڕدوداوانەی کە لەعەفریندا ڕودەدەن تاڕادەیەکی زۆر بێ هەڵوێستن.

جگە لەوە بێ هەڵوێستبونی ناوەندە ئیسلامییەکان جێگەی داخە بەتایبەتی ئەو ناوەندە ئیسلامیانەی بەردەوام لەبەرامبەر ئەو ڕووداوانەی کەلەجیهانی عەرەبیو ئیسلامیدا ڕودەدەن هەڵوێست دەنوێنن و دژی ئەو لایەن و وڵاتانە دەوەستنەوە کە ئەوکارەیان ئەنجامداوە.

داکۆکیکردن لەو مرۆڤانەی کە ستەمیان لێدەکرێت کارێی پیرۆزو مرۆڤانەیە لەهەر شوێنێکی جیهان دا بێت و هەر بیروباوەڕێکی هەبێت بەڵام ئەوەی کە لێرەدا گرنگە خاوەن هەڵوێست بیت لەبەرامبەر هەموو ستەمکاریەکدا کە ڕودەدات نەک تەنها داکۆکیبکەیت لەو ڕوداوانەی کە لەبەرژەوەندی چەند هێزێکی سیاسی و ئاینیدایە.

ئێمە دەبینین جیهانی ئیسلامی و زاناکانیان لەبەرامبەر بچوکترین ڕووداو کەلە فەڵەستین ڕوودەدات بەیان نامە دەردەکەن و نارەزای دەردەبڕن. کێشەکەلێرەدا ئەوە نیە کە داکۆکی بکەیت لەگەلی فەڵەستین چەندین شاعیری کورد هۆنراوەیان بۆ فەڵەستین نوسیەوە هاو سۆزیان بوون کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە جیهانی ئیسلامی و زاناکانیان لەوڵاتێکدا دژی ستەمکارین و لەناوچەیەکی تردا بێدەنگن لەئاست ستەمکاری وئەو تاوانانەی کە بەناحەق دووچاری دانیشتوانەکەی دەبێتەوە. ئەمە زۆر بەڕوونی بەهەڵوێستی جهیانی ئیسلامیەوە دیارە کە جیهانی ئیسلامی هەمیشە هەڵوێستەکانیان ساردبووە لەبەرامبەر ئەو ڕووداوانەی کەبەسەر کوردا هاتووە.

دواین ڕووداو ستەمکاریی کەبەرامبەر کورد ئەنجام دەدرێت ئەو بۆردوومانانەی تورکیایە بۆ سەر عەفرین و ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجامی دەداتو تێیدا دەیانو سەدان پیاوو ئافرەتو منداڵی بێ تاوان دەبنە قوربانی ئەم بۆردوومانانە بەڵام دەبینین کە جیهانی ئیسلامی زۆر بێهەڵوێست و بێدەنگە لەبەرامبەر ئەم ستەمکارییەی تورکیادا.

سەرباری هەمو ئەمانە و بێدەنگبوونی زۆرێک لەو بەناو زانایانەی جیهانی ئیسلامی زۆرێک لەوانە لەزۆر هەڵوێستدا بەڕونی پاڵپشتی دەسەڵاتی تورکیایان کردووە و ئاینەکەیان خستۆتە خزمەت سیاسەتی دوڵەتێکەوە کە خۆیان بەزیندوکەرەوەی خەلافەتی ئیسلامی دەزانن. بێ هەڵوێستیەکی زۆر دەبیندرێت لەلەڕۆژئاواو جیهانی ئیسلامی. ئەگەر جیهانی ئیسلامی بێ هەڵوێست بووبێت لە دژایەتیکردنی ستەمکاریی تورکیا بەدەرنەکردنی بەیاننامەو دژایەتیکردنی ئەم سیاسەتە دڕندانەیە ئەوا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەیتوانیەوە بەزۆرکردن لەتورکیا لەڕووی سیاسیو ئابورییەوە فشارێکی نێودەوڵەتی دروست بکات هەتا تورکیا وازبهێنێت لەم هێرشە دڕندانەیەی و چیتر خەڵکی بێ تاوان نەبەنە قوربانی.

سەرچاوە: ماڵپەری ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# عەفرین نیشتمانی پۆڵاکان



**ئارام قادر حەمەسور**

لەناو مێژودا چەندین گەل وشار هەبون کە مرۆڤیان سەرسامکردوە بە ئازایەتی. گەلێک بەملیۆنان شەهیدی داوە لە پێناوی خاکەکەیدا، گەلێکی تر چەندین ساڵ بەرگریکردوە بۆ مانەوە، ئامانجی هەمو ئازایەتیەکان پاراستنی خاکەکەیان بوە، چونکە لەدەستدانی خاک بە ئاسانی و بەقوماری ساسی کۆتایی ئەخلاقە. خەڵکی کۆبانێ جیهانی سەرسامکرد کاتێک توانی بەرگریبکات و کۆبانێ ڕزگار بکات لەدەستی چەتەکانی داعش، ئازایەتی مرۆڤە پۆڵاینەکانی کۆبانێ وایکرد ئەمریکاو ڕوسیا حساب بۆ (یەپەگە) بکەن. بەگشتی پەروەردەی ئاپۆی و پەکەکە پەروەردەیەکی پۆڵاینە لە بواری سەربازیدا، گەریلاکان ئەتۆمن و پڕن لە ئیرادەو خۆڕاگری، تورکیا زیاتر لە سی ساڵە شەڕی لەناوبردنی پەکەکە دەکات بەڵام تا ئەمڕۆش پەکەکە و لقەکانی بەپێوەن و بەهێزتر بون، پەروەردەی سیاسی وایکردوە مرۆڤێک لە گۆشت و ئێسک ببێتە پۆڵایەک، تورکیا بەهەمو چەکە پێشکەوتوەکانی شەڕ دەکات و واز لە کورد کوژی ناهێنێت، بەڵام ئیرادەی قوتابخانەی ئاپۆی هەر لەبەرزیدایە.

ئێستا تورکیا پەلاماری عەفرینی داوە و بەچەکی قورس هێرش دەکات، تورک لە مێژوی سەدساڵی ڕابردودا یەکەم پیلانی لاوازکردنی کوردبوە و بەردەوام کوردی بە چەقۆی ژەهراوی سەرسنگی ناسیۆنالیزمی تورک زانیوە، مێژو پێمان دەڵێت تورکیا خوێنمژی کوردەو لە ئازاردانی کوردان چێژ وەردەگرێت، سادیزمی تورکی بەڕەنگی عەلمانی و ئیسلامی یەک سیاسەتە، ئەو ئیسلامیانەی لەسەر شاشەی تیڤیەکان مایکیان کۆنترۆڵکردبو بەزۆر بڵێی بۆ حیزبە ئیسلامیەکەی ئەردۆغان و باسی گەڕانەوەی خەلافەی عوسمانیان دەکرد، ئەوانە لینگەوقوچ لە مێژوی تورک تێگەیشتبون و ختوکەی دینی دور لە خوێندنەوەی عەقڵی توشی خەو خۆشی کردبون، بێئاگا لەوەی عەقڵی دەسەڵاتی تورکی بە ڕەنگی عەلمانی و ئیسلامی بریتیە لە کورد کوژی، حیزبە ئیسلامیەکەی ئەردۆغان هێرش



سەرچاوە
Serchawe

دەکاتە سەر خاک و شارێک تەنیا لەبەر ئەوەی کوردن. ژن و منداڵ و پیر و گەنج دەکوژێت و سڵ لە دەقە دینیەکان ناکاتەوە کەدژی مرۆڤکوژین وەک خوا دەفەرمویت"ئەوەی مرۆڤێک بکوژێت وەک ئەوەیە هەمو خەڵکی کوشتبێت"یان " کەعبە بڕوخێت باشترە نەک کەسێک بکوژرێت" کەواتە ئیسلامیبونی ئەردۆغان ماسکێکە بۆ خڵەتاندن و جوڵاندنی ختوکەی دینی، دین دەبێت لەواقیعدا باشی خۆی نیشان بدات چونکە مرۆڤ گەورە ترە لە دین. ئەوانەی ئیمانیان بەهێز ببو بە ئەردۆغان دەبێت بەخۆیاندا بچنەوەو گومانیان لە ئیمانەکەی خۆیان هەبێت، چونکە فەلسەفەی سیاسی تورکی بریتیە لە کوردکوژی.

پۆڵاکانی عەفرین پڕن لە وزەو ئیرادە و خاکویستن نەک خاکفرۆش، ئەوان نیشتمان دەپارێزن نەک بیفرۆشن. سەیرە لێرە چەند هێزێک نیوەی کوردستانیان دۆڕاند لە شەو ڕۆژێکدا بەڵام رویاندێت بڵێن گەر عەفرین پێویستی بێت ئامادەین هێز بنێرین! خەڵکی عەفرین دەزانێت هێزێک خاکی خۆی نەپارێزێت چۆن خاکێکی تر دەپارێزێت. لێرە چارەگە سەدەیەکە نەتوانراوە هێزێکی تۆکمەی دور لەحیز دروستبکرێت و بکرێتە پۆڵا بۆ پاراستنی نیشتمان نەک حیزب. بەڵام ئەوان لە کانتۆنەکانی خۆرئاوا هێزێکی پۆڵا ئاسایان دروستکردوە و وڵاتانی زلهێزی جیهانیان ناچار بەهاوکاری کردوە. کورد بەردەوام قوربانی دەستی زلهێزەکانی جیهان بوە، بەردەوام لەکۆتایدا پشت لە کورد کراوە، دیموکراسی و مافی مرۆڤ تا ئەمڕۆش بۆ کورد دو درۆی گەورەبون، چونکە بەبەرچاوی دونیاوە کوردکوژی کراوەو دەکرێت، باشترین کار دروستکردنی نیشتمانێکی دادپەروەرو هێزێکی نیشتمانیە، ژن و پیاوی عەفرین چەکدارن و هەموان شەڕ دەکەن بۆ نیشتمانەکەیان بەبێ جیاوازی، هەمویان وەک پۆڵان و بەرگریدەکەن تا مردن، عەفرین لوتکەی خۆڕاگری و ئیرادەیە، بونی ئیرادە مرۆڤ گەورە دەکات و دەیکاتە پاڵەوان، زۆرجار ئەوەی شەڕ دەباتەوە جۆری چەک نیە بەڵکو چەندیەتی ئیرادەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانیۆیری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## عەفرین و فۆبیای ئەردۆگان



**عەبدولکەریم هەڵەدنی**

ئامانجەکانی فاشیزمی تورک لە هێرشە بەربەریەکانیدا بۆ سەر عەفرین وگەلە خۆڕاگرەکەی وەک فاشیزمێکی نەتەوەیی و دینی بۆ کوردو بۆ جیهان ئاشکرایە، لە ماوەی چەند ڕۆژەی هێرشەکانی تورکیادا کە بە سودوەرگرتن لە نوێترین تەکنۆلۆجیای چەکی سەردەم بۆ سەر شارێکی بچوک و گەمارۆدراوی سنووریی وەکو عەفرین کە بە شێوەیەکی یەکجار ناهاوسەنگ و نابەرانبەر بەڕیوە دەچێت لەسەرێکەوە ئازایەتی وئیرادەی بەهێزی شەڕڤانان بەجۆرێکە هەمووانی سەرسام کردوە، لەسەرێکی دیکەوە فۆبیای ئەردۆگان وڕوە چەپەڵە نەتەوەیی و فاشیستیە دینیەکانی ئەو دیکتاتۆرە ملهوڕەمان بۆ دەردەخات، لە ساتەکانی سەرەتای پەلامارە وەحشیەکانی تورکیاوە بۆ سەر ئەو شارە ئارام و ئاشتیخوازە لە پای شکستە یەک لەدوای یەکەکانیدا ئەردۆگان ڕۆژانە وتاری دوورو درێژو فوودراو بە بۆچوونە فاشیستیەکانی خۆی وحیزبەکەی پێشکەش دەکات و هەوڵ دەدات نەک شەقامی تورکی و جەماوەری تورک بۆ پڕوپاگەندە دوژمنکارانەکانی بەرانبەر گەلی کورد تاوبدات و مۆبیلیزەبکات بەڵکو هەوڵدەدات جیهانی ئیسلامی و شەقامی وڵاتانی هەژارو دواکەوتوی ئیسلامیش بەو ئاڕاستە پیس وچەپەڵەیدا بجوڵێنێ وگەلی ئاشتیخوازی کورد وەک پیاو کوژو دوژمنی ئیسلام نیشانبدات، بێگومان شەقامی تورکی لەبەر چەندین هۆکاری مێژوویی خۆی ئەو ئامادەیی و مەیلە فاشیستیەی تێدایە بەڵام جوڵاندنی شەقامی جیهانی ئیسلامی لەلایەن ئەردۆگانەوە جیا لەوەی ئامانجی ستراتیجی دوورتری بۆ ئەو وەک خاوەن خەونێکی ئیمپراتۆریانەی نوێ کە خۆی وەک ڕابەرو ڕۆحی ئیخوانە تێکشکاوەکانی جیهانی ئیسلامی دەناسێنێت لەوەدا کە بە سوپایەکی زەبەلاح و پڕچەک و تەکنۆلۆجیای سەردەمەوە بەرانبەر شارێکی بچوک و جوگرافیایەکی گەمارۆ دراوو گەلێکی وەک کوردی عەفرین بێ پشتیوان جگە لەوەی مەوداکانی دڕندەیی و کورتبینی ئەو مەیلە فاشیستیەمان نیشاندەدات سەرەتا بەرەبەیانی شکستی ئەو مەیلە ترسناکەشمان پێدەڵێت، پەنابردنی ئەردۆگان بۆ شەقامی ناوەودەرەوەو وتارو لێدوانە بەردەوامەکانی تاکو ڕادەی پەنابردن بۆ بەکارهێنانی زمانی بازاڕی وقسە بێتام و بێنرخەکانی و سود وەرگرتن لە



سەرچاوە
Serchawe

کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی وڵاتەکەی لە دەستدرێژیەکانیدا بۆ سەر عەفرین ئەردۆگانی توشی فۆبیایەک کردوە دەکرێت شکست لە زۆربڵێیە پوچ وبێ ماناکانیدا لەسەر دەستی هێزی کەم چەک و کەم ژمارە بەڵام ئیرادە بەهێزی شەرڤانانی کوردی عەفریندا بخوێنیتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە لەسەرێکەوە بێ شەرمی هەندێ سەرکردەی کوردی ئیخوانی وئەردۆگانی وبوونی لایەنگری کوردی ئیخوانی وئەردۆگانیە لەم کاتەدا کە وەک نۆکەرو کرێگرتەی هەرزان بەئاشکرا پشتیوانی لە دوژمنان لە قەتڵ و عامی گەلەکەی خۆیاندا دەکەن، هەروها بەردەوامی نۆکەرایەتی سیاسی خێڵەکی کوردو حیزبە لات و لەوێریەکانی وهەڵویستە سوک و لاوازەکانیان وا لەمرۆڤی کورد دەکات تەنیا شتێک لەم ڕۆژگارو سەردەمەدا شانازی پێوەبکات و شەرم لە کوردبوونی خۆی نەکات ئازایەتی و خۆڕاگری شەرڤانەکانی عەفرینە کە دەبێت وەک پاڵەوانەکانی کۆبانێ هەتاهەتایە سوپاسگوزارو قەرزاریان بین.

بێگومان سەرکەوتنی عەفرین نابێت بەسەرکەوتنێک بۆ گەلی کورد بەتەنیا بەڵکو لە ناوچەیەکدا کە پڕە لە دەوڵەتی فاشیستی، حیزب و گروپی دینی ونەتەوەیی فاشیستی، هێزی خێڵەکی وسیاسی فاشیستی، تێکشکانی فاشیزمی تورک سەرکەوتنێکی یەکجار گەورەمەزن دەبێت بۆ بەرەی دیموکراسی و ئازادیخوازی گەلانی ناوچەکە، بۆیە پشتیوانیکردن لەعەفرین لە ئیستاداو لەم ڕۆژەدا ئەرکی سەرشانی هەموو مرۆڤێکی دیموکراس و ئازادیخوازو مرۆڤدۆستە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێوێری ٢٠١٨



## عەفرینیش باجی ریفراندۆم ئەدات؟



**ئاری محەمەد هەرسین**

لە پاش ڕێفراندۆمەکەی ساڵی پار لە هەرێمی کوردستان، هەندێک دەستەو دایرەی خولیاو وەفادار بە یەکێتی خاکی عێراق و شاعیرانی دەرباری عێراقچێتی، هیچ نەما نەیڵێن و نەیکەن بۆ کەمکردنەوە لە هەیبەتی ئیرادەی نەتەوەکەمان کە بریتی بوو لە (بەڵێ) یەکی سادە و ڕاشکاو بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان. ئەم دەروێشانەی تەکیەی عێراقچێتی هەراو هوریایەکیان دروستکرد، وەک بڵێی دەربڕینی ڕای نەتەوەیەک لە سەر چارەنوسی خۆی کوفرێکی گەورەیەو سزایەکی قورسی بەدواوەیە. ئەمانە هەستان بە تیۆریزەکردن و هونجەت هێنانەوە بۆ دەوڵەتی داگیرکەری عێراق و سوپا دڕندەکەی. واتە بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانیان ئەوت: دەوڵەتی عێراق دیموکراسە و سوپاش پارێزەری یەکپارچەیی عێراقە،، ئەوەی کە تاوانی کردوە ئێوەن کە بە (بەڵێ) دەنگتان بە ڕێفراندۆم داوە، هەر بۆیەش سوپای نیشتیمانیی عێراق ناچار بوو لە کەرکوکەوە داگیری بکات هەتا شنگال... سادەتر بڵێین، واتە هەرچی سوپای عێراق و چەتەکانی حەشدی شەعبی لە دوزخورماتوو لە شکاندنی کەرامەتی کورد ئەیکەن، تەنیا لە پێناوپاراستنی یەکپارچەیی نیشتیمانی عێراقە

لێرەدا ناچینەناو ئەو ڕاستیە ی کە ئەم دەوڵەتە بەنەفرەت بوەی عێراق چ نەهامەتیەکی لەمێژووی کەمتر لە سەد ساڵی تەمەنی بەسەر کورد هێناوە. چونکە (دەروێشەکانی تەکیەی عێراقچێتی) هەموو ئایەتی قورئان و حەدیسی دونیاشیان لەبەر دەست بێت، ناتوانێت هەڵەبجەو ئەنفال و ڕاگواستن و پرۆسەی بەرنامەبۆ داڕێژراوی بەعەرەب کردن لە لایەن دەوڵەتی داگیرکەری عێراق بەرامبەر بە نەتەوەی کورد لە مێژوودا بسڕنەوە. هەر ئەوەندەیان بۆ ئەمێنێتەوە پێمان بڵێن: ئەگەر کورد شۆڕشی نەکردایە، دەوڵەتی عەرەبیی عێراقیش هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەی کوردی نە ئەدا...! کەوابێ دانیشەو خزمەتکاربونت لە ژێردەستی عەرەب قوبوڵکە لە ئێستادا سوپای دڕندەی



سەرچاوە
Serchawe

دەوڵەتی تورک پڕچەک بە تفاقی ناتۆی دەستکردی ئەمەریکاو هاو ئاوازەکانی هێرشێکی توندی بۆ سەر شاری عەفرین لە خۆرئاوای کوردستان دەستپێکردوە. ئەم شەڕە نابەرابەرە لە ڕوی کەرەستەی سەربازی و ژمارەوە، کوێرانە تۆپبارانی خەڵکی بێ چەکی مەدەنی ئەکات. تۆپباران و بۆمباباران، ژن و منداڵ، پیر و گەنج، سەرباز و مەدەنی لێک جیاناکاتەوە. دەوڵەتی تورک ئەم هێرشەی بە پاساوی پاراستنی ئەمنیەتی سنورەکانی تورکیا ئەکات. لە کاتێکا ئیدارە کوردیە خۆجێیەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان نە تاوانێکیان بەرامبەر تورکیا ئەنجام داوە، نە مەترسیشن بۆ سەر مرۆڤایەتی. کەچی لەبەرامبەر ئەم تاوانە گەورەیەی دەوڵەتی تورکدا ڕێکخراوی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان ( نەک نەتەوە یەکگرتوەکان) مێشیش میوانی نیە، وەک بڵێی ڕشتنی خوێنی ئینسانی کورد هەر لە ئەزەڵەوە و بۆ هەتا هەتایە حەڵاڵ کراوە

دنیا لە بەرامبەر ئەنفال و کیمیاباران و داگیرکردنەوەی کەرکوک (١٦ - ١٠ - ٢٠١٧) و تاوانەکانی سوپای دڕندەو داگیرکەری عێراق لە دوزخورماتو بێدەنگ بوو، لە قەتل و عامی خەڵکی عەفرینیش دیسانەوە بێدەنگی هەڵبژارد. ئێرانیش (ئامۆزا دێرینەکەمان) لە کەرکوک ڕاوێژکاری سوپای داگیرکەری عێراق بوو، نیگەرانیشە لەم کردەوەیەی سوپای تورک لە عەفرین...! باشە خۆ خەڵکی خۆرئاوای کوردستان ڕێفراندۆمیان نەکرد. ئەمجارە دەروێشەکانی تەکیەی عروبە و یەکپارچەیی نیشتیمانی عێراق، ئاخۆ چۆن تیۆریزەی ئەم کردەوە دڕندانەیەی سوپای دەوڵەتی تورک ئەکەن؟...

بە ناچاریەوە ئەبێت لە بەرامبەر ئەوانەی کە ئەیانەوێت بەزۆر سوپای عەرەب و تورک بکەنە برای کورد بڵێم:

***قەحبەن ئەوانەی پێم ئەڵێن ماری شیرین زاریش هەیە***
***قەحبەن ئەوانەی پێم ئەڵێن تەوری برای داریش هەیە***

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# نامەیەکی کراوە بۆ وەزیری دەرەوەی دانیمارک و ڕێکخراوی ناتۆ



**سارا عومەر**

***نامەیەکی کراوە بۆ وەزیری دەرەوەی دانیمارک و ڕێکخراوی ناتۆ***

***(تکایە بێدەنگی بشکێنە و ئەم نامەیە بڵاو بکەرەوە)***

***بەڕێز ئاندەرس ساموێلسن و ئەندامانی ڕێکخراوی ناتۆ***

**چەند ڕۆژێکە تەواو شۆک بووم بە بینینی وێنەی ئەو کوژراوە مەدەنییانەی لە دوای هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر ناوچە کوردیەکانی عەفرین لە سوریا، گیانیان لەدەستدا. هەروەها من تەواو تاساوم لە ئاستی ئەو بێدەنگییە تۆقێنەرەی، کە دەیبینم لە حکومەتی دانیمارکیی و لە سیاسەتمەدارانی وڵاتەکە و لە ئەندامانی ڕێکخراوی ناتۆ. ڕاستییەکە لەوەدایە، کە ئێوە سڵتان لەوە نەکردووە، کە ژن و پیاوە ئازاکانی کورد بکەن بە خۆراکی تۆپەکان لە جەنگی دژ بە داعشدا، بەڵام ئێستا هەمان ئەو کوردانە، کاتێک لەلایەن هێزە تورکییەکانەوە بۆمباران دەکرێن، ئێوە یەک وشە لە دەمتان نایەتەدەرەوە و ئیدانەی ئەو جەنگە ناکەن. نەک هەر ئەمە، بەڵکو ئێوە ڕووتان وەردەگێڕن و سەیری شوێنێکی تر دەکەن، کە هیچ کات لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتیدا نییە.**

**لەم ساتەوەختەدا هێزی ئیسلامییە پەرگیرەکان (ئیسلامە ڕادیکاڵە توندڕەوەکان)، بە هاریکاریی سوپای تورک، هێرش دەکەنە سەر هێزە کوردییە عەلمانیی و بێتاوان و دیموکراسخوازەکان لە عەفرین. ئێمە چەندەها جار و بەبێ بڕانەوە گوێمان لە سیاسییە دانیمارکییەکان بوو، کە ڕەخنەیان لە ئیسلامییە توندڕەوەکان دەگرت، بەڵام**

کاتێک مەسەلەکە پەیوەندیی بە ژیان و مردنی سەدان هەزار خەڵکی مەدەنییەوە هەیە لە عەفرین، جگە لە بێدەنگی ئێوە زیاتر، گوێمان لە شتێکی تر نابێت.

من خۆم ژنێکی کوردم ،کە لە جەنگ و گازی کیمیاویی و ڕق و چەوساندنەوە و جینۆساید ڕامکردوە. من بەدور و درێژیی گوێم لە سیاسەتمەدارە دانیمارکییەکان و حکومەت بووە، کە دەڵێن باشترین یارمەتییەک، کە پێشکەش بە ئاوارە و پەنابەران بکرێت، ئەوەیە کە لە ناوچەکانی خۆیاندا بهێڵدرێنەوە و لەوێدا هاوکاری بکرێن. بەڵام لە ئێستادا، کە بۆمبا و جەیشە تورکییەکان بەسەر ئەو ناوچەیەدا دابارین، کە یەکێکە لە لەناوچە ئارامە کەمەکانی سوریا بۆ داڵدەدانی ئاوارەکان، دەبینین سیاسەتمەدارە دانیمارکییەکان و ئەندامانی ڕێکخراوی ناتۆ پشتمان تێدەکەن و ئاوڕمان لێنادەنەوە.

***بەڕێز وەزیری دەرەوە و ئەندامانی ڕێکخراوی ناتۆ،***

***ئەم بێدەنگییە ئابڕووبەرە.***

ئێوە پێوستە نیشانمان بدەن، کە قسەکانتان دەربارەی یارمەتیدان و جێکردنەوەی ئاوارەکان لە ناوچەکە خۆیدا تەنها قسەی ڕووت و بێناوەڕۆک نەبوون. نیشانمان بدەن، کە ناکرێت ڕەخنەکردنی ئیسلامی توندڕەو بێدەنگ بکرێت بەهۆی ترس لە ستەمکاریی ئەردۆگانەوە. نیشانمان بدەن، کە ئەو ژن و پیاوە کوردە ئازایانەی، کە گیانی خۆیان بەخشیی لە جەنگ دژ بە داعشدا، بە هاوکاریی لەگەڵ دانیمارکدا، بێهودە و لە پێناویی هیچدا نەمردون. کردارتان هەبێت و قسە بکەن،

بێدەنگییتان بشکێنن

لەگەڵ ڕێزم

سارا عومەر، نووسەری کتێبی مردوشۆر

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانیۆیری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# لە کەرکووکەوە بۆ عەفرین، دابەشکردنی میراتی پۆست - داعش



**پەرویز ڕەحیم**

## لە کەرکووکەوە بۆ عەفرین؛ دابەشکردنی میراتی پۆست - داعش

پەرویز ڕەحیم قادر/ مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی:**

لە دوای ٩ ڕۆژ لە تۆپبارانکردنی سنوورەکانی شەهبا و عەفرین لە هەرێمی عەفرینی ڕۆژاوای کوردستان، ڕۆژی شەممە ٢٠ - ١- ٢٠١٨، سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنی "چڵە زەیتوون"ی ڕاگەیاند (وەکوو ئاماژەیەک بۆ ئاشتی! و، هەروەها سیمبولی ناسراوی ناوچەی عەفرین) و، هێرشی ئاسمانییان بە ٧٢ فڕۆکە بۆ سەر زیاتر لە ١٠٨ شوێن بۆ سەر عەفرینی ڕۆژاوای کوردستان دەست پێ کرد. بە گوتەی بەرپرسانی تورکیا، ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکە نەهێشتنی مەترسیی یەکەکە-یەپەگەیە لەسەر ئاسایشی نەتەوەییی تورکیا. هەروەها سەرۆکئەرکانی سوپای تورکیا، "خەلووسی ئاکار" ڕای گەیاند، هەموو ڕێگەیەک دەگرینە بەر بۆ سەرخستنی شەڕی عەفرین و لەناوبردنی "تیرۆریستان" لەو ناوچەیە. خەلووسی ئاکار ڕای گەیاند: "ئامانجی هێرشەکانی ئێمە تەنیا هەڵتەکاندنی حەشارگەی تیرۆریستان و لەناوبردنی چەکەکانیانە بۆ ئەوەی بتوانین سەقامگیریی تورکیا دەستەبەر بکەین." لە بەرامبەردا دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی عەفرین و، هەروەها بەرپرسان و وەزیرەکانی ئەو هەرێمە، ڕاگەیەندراوێکیان لەبارەی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین بڵاو کردووە و، داوایان کرد هاووڵاتیان چەک هەڵبگرن و بەرەنگاری هێرشەکانی تورکیا و گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا ببینەوە.

## خستنەڕووی بابەت:

هێرشەکەی ئانکارا کاردانەوە و ناڕەزاییی لەسەر ئاستی جیهان بە دوای خۆیدا هێنا. بۆ نموونە "بەشار ئەسەد" ڕای گەیاند کە هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر عەفرین دوژمنکارانەیە و، لە سیاسەتی پێشووی ئانکارا کە لەسەر بنەمای پشتیوانیی تیرۆر دامەزراوە جیا ناکرێتەوە. وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا لە بەیاننامەیەکدا گوتی، پاریس داوای کۆبوونەوەی بەپەلەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕەوشی سووریا. لە لایەکی ترەوە وەزارەتی دەرەوەی میسر لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەوە کرد هێرشەکەی سوپای تورکیا بۆ سەر عەفرین پێشێلکردنی سەروەریی خاکی سووریایە؛ هەروەها هەڵوێستی میسر نەگۆڕە و پێیان وایە دەستوەردانی سەربازی دەبێتە هۆی زیادبوونی نەهامەتییەکانی گەلی سووریا. هەروەها بەهرام قاسمی، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕای گەیاند وڵاتەکەی خوازیارە بە زووترین کات هێرشی تورکیا بۆ سەر شاری عەفرین ڕابگیرێت؛ ئەوەیش لە پێناوی قووڵنەبوونەوەی زیاتری کێشەکان لە سنووری تورکیا و سووریادا.

بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەرنجە، هەڵوێستی ڕووسیا و ئەمریکایە. بۆ نموونە ڕووسیا جۆرێک لە بێدەنگیی هەڵبژاردووە. ئالدار خەلیل، سەرکردەی بزووتنەوەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک، لە دیدارێکی تەلەڤزیۆنیدا ڕۆژی شەممە ٢٠ - ١ - ٢٠١٨ گوتی: "ڕووسیا دوێنێ داوای لێ کردووین ناوچەکانمان ڕادەستی ڕژێمی سووریا بکەین و، ئێمەیش قایل نەبووین. ئێمە خاکی خۆمان ڕادەست ناکەین و بەرگری لە سەرجەم ناوچەکانمان دەکەین". هەروەها یەکینەکانی پاراستنی گەل "یەپەگە" لە بەیاننامەیەکدا ڕای گەیاند: "ڕووسیا بەرپرسیارە لەو ڕەوشەی بەسەر عەفرین هاتووە و لە لایەن تورکیاوە بۆردوومان دەکرێت و هێرشی دەکرێتە سەر". هەروەها یەپەگە گوتی: ""ئێمە دەزانین ئەگەر ڕەزامەندیی هێزە نێودەوڵەتییەکان، لە سەروویانەوە ڕووسیا نەبێت، تورکیا ئەو هێرشەی نەدەکردە سەر عەفرین و هێزەکانی لە دەوروبەری شارەکە بڵاو نەدەکردووە".

لە لایەکی تریشەوە لە ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا، ڕێکس تیلەرسن ڕای گەیاندووە: "داوا لە تورکیا دەکەین دان بەخۆیدا بگرێت و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی لە رووی چوارچێوە و کاتەوە سنووردار بێت و ورد بێت، بۆ ڕێگریکردن لە زیانە مەدەنییەکان". وەزیری دەرەوەی ئەمریکا نیگەرانییەکانی تورکیای بە "شەرعی" ناو بردووە و گوتی: "بەردەوام دەبین لە پشتیوانیکردنی چارەسەرکردنی نیگەرانییە شەرعییە ئەمنییەکانی تورکیا

وەک هاوپەیمانێکی ناتۆ و هاوبەشێکی گرنگ لە تێکشکاندنی داعشدا". لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر ئامانج و پاڵنەرەکانی تورکیا لەم ئۆپەراسیۆنە و، هەروەها ڕۆڵی ئەکتەرەکانی دیکە لەم نێوەندەدا. ناوچەی عەفرین لە ساڵی ٢٠١٢ەوە لەژێر کۆنترۆڵی یەپەگەدایە و بە نزیکترین ناوچەی ڕۆژاوای کوردستان لە دەریای ئازاد دادەندرێت. ئەم نزیکییە پێگە و هەڵکەوتەی جیۆستراتیژیی ئەم ناوچەیە بۆ کورد بەگشتی و ڕۆژاوا بەتایبەت، بۆ ڕزگاربوون لە گەمارۆ و ئابلوقەی جیۆسیاسی، کوردستان زیاتر هەستیار دەکات. بۆیە دەکرێت پاڵنەر و فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین بەم شێوەیە پۆلین بکەین:

## یەکەم: کۆتاییی داعش

یەکێک لە پاڵنەرەکان کۆتاییهاتنە بە فەرمانڕەوایی و شکستی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ناسراو بە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لە ڕووی فەرمانڕەواییی هەرێمییەوە لە عێراق و سووریا. بۆیە هەر یەکە لە ئەکتەرە هەرێمییەکانی کاریگەر لە ناوچەکە، بەتایبەت وەکوو تورکیا و ئێران، هەوڵی ئەوە دەدەن کە بۆشاییی پاش نەمانی داعش لە بەرژەوەندیی خۆیان پڕ بکەنەوە. ئەم پڕکردنەوەیەیش یان ڕاستەوخۆ دەبێت یاخود ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەکتەرە نا-دەوڵەتییەکانی لایەنگری ئێران و تورکیا لە عێراق و سووریا. لە لایەکی تریشەوە ئەم فاکتەرە لە لای تورکیا و ئێران دڵەڕاوکێی ئەوەی دروست کردووە کە ئەکتەرە سەروو-هەرێمییەکان وەکوو ڕووسیا و ئەمریکا لەسەر داهاتووی هاوسەنگیی هێزی ئەکتەرەکان و ناوچەی نفووزی خۆیان لە ناوچەکەدا، بەتایبەت لە سووریا ڕێک بکەون و، ئەمەیش بە زیانی ناوچەی نفووزی ئێران و تورکیا و تێکچوونی هاوسەنگیی هێزی ئەکتەرەکان کۆتایی پێ بێت. بۆیە هەم ئێران و هەم تورکیا ئەم ماوە زەمەنییە وەکوو دوایین دەرفەت دەبینین، پێش ئەوەی کە هاوسەنگیی نوێ بێتە ئاراوە و داهاتووی سووریا لە پاش داعش دیاری بکرێت.

## دووەم: داهاتووی سووریا

یەکێک لە گرنگترین پاڵنەرەکان بۆ تورکیا، داهاتوو و ستاتۆی سیاسی و یاساییی سووریایە بەگشتی و کورد بەتایبەتی، لەم دەوڵەتەدا. بەم واتایە کە تورکیا لە ئێستادا لە ڕووی مەیدانییەوە کارتی گرنگی بەدەستەوە نەماوە کە لە دانوستاندنەکاندا لە هەمبەر ئێران و سووریا و تەنانەت ڕووسیا و ئەمریکا پشتی پێ ببەستێت.



سەرچاوە
Serchawe

چونکە ئەکتەر و هێزەکانی لایەنگری تورکیا، وەکوو سوپای ئازاد و تورکمانەکان و بەرەی نوسرە (جبهه النصره) و...، لە ڕووی مەیدانییەوە لاواز بوونە. بۆیە تورکیا هەوڵ دەدات کە لە دانیشتنەکانی چەندلایەنە یاخود نێودەوڵەتی وەکوو ئاستانە و سووچی و ژنێڤ و...، بتوانێت کاریگەریی لەسەر داهاتووی سووریا هەبێت و ڕێگە لە دابەشکردنی یاخود سیناریۆکانی دیکە کە تورکیا لە دژی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانێت، بگرێت. چونکە تورکیا ترسی ئەوەی هەیە کە لە ناوچەکانی منبج و ئێدلب، سووریا و ڕووسیا هێزەکانی سەر بە تورکیا بەتەواوی لەناو بەرن و کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە بکەن.

## سێیەم: نەبوونی متمانە و هاوپەیمانێتیی جێگیر و بەردەوامی تورکیا لەگەڵ ئێران و ڕووسیا و ئەمریکا

ڕوانگە و سیاسەتەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی ئاکپارتی و ئەردۆغان، بەتایبەتی لە ناوخۆی تورکیا و لە ئاستی دەرەکیدا، وای کردووە هەم ئەم دەوڵەتانە متمانەیان بە تورکیا نەبێت و هەم تورکیایش متمانەی بەم هاوپەیمانێتییە لەرزۆک و کاتییەی ئێستا نەبێت. لە ڕاستیدا هەموو ئەکتەرە ناوچەیی و سەرووهەرێمییەکان بەرژەوەندی و ڕوانگەی پێکناکۆکیان بۆ داهاتووی ئاڵوگۆڕەکان هەیە. بۆیە تورکیا دەیەوێت کەڵک لەم بۆشاییەی ئێستا لە پاش جەنگی داعش وەربگرێت کە لە داهاتوودا لە هەمبەر هەر یەکە لە ڕووسیا و ئەمریکا و ئێران لە ناوچەکەدا کارتی گوشاری هەبێت و، ئەم لایەنانە نەتوانن تورکیا بەگشتی و حزبی داد و گەشەپێدان بەتایبەتی پەراوێز بخەن. ڕووسیا خاوەن ستراتیژی و بەرژەوەندیی تایبەتە کە لەگەڵ تورکیا پێکناکۆکە و، ئەمریکایش ڕوانگە و پەیوەندی و بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئاشکرا لە دۆخێکی ناهەموار و پێکناکۆکدایە؛ ئەمە بێجگە لەوەی کە ئێران و تورکیایش لەسەر بەرژەوەندی و نفووزیان لە ناوچەکە لە کێبڕکێ و ململانێدان و، بەهێزبوونیان بە زیانی لایەنی دیکەیە؛ هەرچەندە لە کورتخایەندا و لەسەر پرسی کورد هاوڕا بن.

## چوارەم: پرسی کورد

یەکێک لەو خاڵانە کە وا دەکات تورکیا ڕێگە لە بەهێزبوونی کورد لە سووریا بگرێت، پرسی کورد لە تورکیایە. ئەردۆغان و بەرپرسانی باڵای ئەو دەوڵەتە بەردەوام ڕایان گەیاندووە کە هێزەکانی یەپەگە بەش یاخود لقێکن لە پەکەکە، کە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی دەزانن. بۆیە پڕچەککردنی ئەم هێزانە لە لایەن ئەمریکا و تەنانەت ڕووسیاوە، ئەو مەترسییەی بۆ تورکیا دروست کردووە کە لە داهاتوودا لە ناوخۆی تورکیایش ئەم سیناریۆیە



سەرچاوە
Serchawe

دووبارە ببێتە و، پەکەکە لەم چەکانە کەڵک وەربگرێت. لە لایەکی تریشەوە بە بەستنەوەی ناوچە یاخود کانتۆنەکانی ڕۆژاوا، کوردەکانی ڕۆژاوا بگەنە دەریای ئازاد و، لەم ڕێگەیەوە هەموو هاوکێشە جیۆستراتیژی و جیۆئیکۆنۆمی و جیۆسیاسییەکان لە زیانی تورکیا کۆتایی پێ بێت. بۆیە لاوازکردنی یەپەگە لە لایەک لە ئاستی دەرەکیدا تورکیا بەهێزتر دەکات و، لە لایەکی تریشەوە لە ئاستی ناوخۆیی ڕێگە لە بەرزبوونەوەی داواکاریی کوردەکان لە تورکیا دەگرێت. هەروەها تورکیا پڕچەککردنی کوردەکان لە ڕۆژاوا لە لایەن ئەمریکاوە بە مەترسی دەزانێت کە ئەو هێزە لە داهاتوودا بە هۆی فاکتەری پێگەی جوگرافییەوە ببێتە جێگرەوەیەک بۆ تورکیا و، چیتر تورکیا لە هاوکێشەکانی سووریا و تەنانەت ناوچەکە گرنگیی پێشووتری نەمێنێت.

## پێنجەم: هاوکێشە ناوخۆییەکانی ئاکپارتی لە تورکیا

ئەردۆغان لە ناوخۆی تورکیادا زۆربەی کات کێشە و گرفتەکانی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن بەگشتی و کورد بەتایبەتی هەناردەی دەرەوە کردووە و، هەوڵی داوە لە ڕێگەی فاکتەر و هۆکاری دەرەکییەوە ئەم ململانێیانە یەکلایی بکاتەوە یاخود بەڕێوەی بەرێت. بۆ نموونە لە پاش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٥ و لاوازبوونی ئاکپارتی و بەهێزبوونی کوردەکان لە باکووری کوردستان، ئەوە ئەردۆغان "پرۆسەی ئاشتی"ی هەڵپەسارد و جەنگ لەگەڵ پەکەکە دووبارە دەست پێ کردەوە. هەروەها لە پاش کودەتا سەرنەکەتووەکەی ١٥ی جولای ساڵی ٢٠١٦ی لە تورکیا و تۆمەتبارکردنی ئەمریکا بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی تورکیا و بەتایبەتی ڕادەستنەکردنەوەی "فەتحوڵلا گولەن" و پاشان دەستپێکردنی پرۆسەیەکی پاکسازی، بۆ دەرکردن و گرتن و بەندکردن و ڕاوەدوونانی نەیارانی سیاسی، سەربازی و ئەکادیمی و هتد لە لایەن ئەردۆغانەوە، ناڕەزایەتی زۆری لێ کەوتوتەوە. لە ئێستایشدا هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٩ی سەرۆکایەتی لە ئارادایە و ئەردۆغان لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت ئۆپۆزسیۆن نەیارەکانی بێدەنگ بکات و نەتەوەپەرستە توندڕەووەکان لە "مەهەپە" لەگەڵ خۆی هاوڕا بکات بۆ ئەوەی کەمترین کێشە و گرفتی لەمبارەیەوە هەبێت.

## کۆبەند (سیناریۆ سەرەکییەکان):

لە ڕاستیدا ئەم هێرشە، دەربڕی کۆتاییهاتنی سیاسەتی ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێزە لە نێوان ڕووسیا و ئەمریکا، لە لایەن ڕۆژاوای کوردستان یاخود پەیەدە و یەپەگەوە. چونکە بەرەی کوردەکان و هاوپەیمانانیان لە سووریا بە

پاڵپشتیی ئەمریکا، بەرەی ئێران و حزبوڵڵا و سووریا بە پاڵپشتی ڕووسیا و، هەروەها بەرەی تورکیا و لایەنگرانی وەکوو تورکمانەکان و سوپای ئازاد و بەرەی نوسرە لە سووریا، بەرژەوەندیی پێکناکۆک و دژیان پێکەوە هەیە. بەڵام لە پاش نەمانی داعش، بەهێزترین و کاریگەرترین ئەکتەر کە ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیژیی لە سووریا بەدەستەوە بێت و لە ڕووی سەربازی و مرۆییەوە بەهێز بێت، ئەوە کوردەکان بوون. بەڵام کوردەکان ئەکتەری دەوڵەتی نین، واتە نا - دەوڵەتین؛ کە بەم پێیە زۆر ساناتر لە هاوکێشە و دانوستانەکانی پۆست - داعش لە نێوان ئەکتەرە دەوڵەتییەکاندا دەبنە قوربانی و، بەرژەوەندییەکانیان دەبێتە دەسکەوت بۆ ئەکتەرەکانی دیکەی دەوڵەتی. بێجگە لە مانەیش تورکیا مەترسیی قووڵی لە فاکتەر یاخود پرسی ئاسایشی وزە هەیە کە ئەگەر کوردەکان بالادەست بن و بگەنە ئاوە ئازادەکان (دەریای ناوەڕاست) ئەوە کۆریدۆری وزەی ناوچەکە دەگۆڕدرێت، ئەو کاتە تورکیا بە تەواوی پەراوێز دەکەوێت و بە دۆڕاوی قۆناغی پۆست-داعش دادەندرێت و، گرنگیی جیۆسیاسی و جیۆئابووری و جیۆستراتیژیی خۆی لەدەست دەدات. هەروەها نابێت فەرامۆش بکەین کە ئەو کاتە تورکیا تەنیا لە ڕێگەی کوردەوە (باشوور و ڕۆژاوا) دەتوانێت لەگەڵ جیهانی عەرەبی و سوننەدا پەیوەندیی هەبێت و، ئەم دۆخەیش بەپێچەوانەی پلان و تێزی "نیوعوسمانیزم"ی "ئەکەپە"یە لە ناوچەکەدا.

ئەم هێرشەی تورکیا ئەگەر سنووردار بێت، جۆرێکە لە ڕازیکردنی تورکیا لە لایەن ئەمریکا و ڕووسیا. لە لایەکی تریشەوە جۆرێکە لە ڕێککەوتن لە نێوان ئێران و تورکیا لەسەر شکستهێنان بە ئاکامەکانی پرسی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان و، پاشان ڕووداوەکانی کەرکووک کە پشکی ئێران کەرکووک بوو و پشکی تورکیا دەبێتە عەفرین. هەر ئەوەیش وای کرد کە سووریا هەڵوێستی توند و هەڕەشە سەربازییەکانی خۆی لە هەمبەر ئەگەری هێرشی تورکیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تورکیا نەباتە سەر. هەروەها ئەمریکا و ڕووسیایش جۆرە ڕێککەوتنێکیان لەسەر ناوچەی نفووزی خۆیان لە سووریا کردووە، بۆ ئەوەی خۆیان لە پێکدادان دوور بگرن و لەسەر داهاتووی ڕژێمی ئەسەد ڕێک بکەون. بەڵام ئەگەر تورکیا نەتوانێت بەخێرایی ئامانجەکانی بپێکێت و بۆ ماوەی درێژخایەن لەم جەنگە تێوە بگلێت، ئەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەنانەت ئەمریکا و ڕووسیا و ئێران و سووریا لە دژی تورکیا ناچارن هەڵوێست وەرگرن. هەروەها ئەگەر یەپەگە و پەکەکە جەنگ ببەنە ناوخۆی تورکیا، ئەوە هەموو هاوکێشەکان دەکرێت گۆڕانی بەسەردا بێت. بۆیە دەکرێت لێکەوتە و سیناریۆ سەرەکییەکان بەم شێوەیە بخەینە ڕوو:

١- ئەگەر بەرگریی یەپەگە و هێزە هاوپەیمانەکانی لە سووریا بەردەوام بێت، ئەوە تورکیا لە جەنگێکی درێژخایەن و نادیار تێوە دەگلێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش هەڵوێستی لە دژی تورکیا دەبێت. لەم سیناریۆیەدا

تورکیا لە ڕووی ئابووری، سیاسی و تەنانەت سەربازی و ئاسایشییەوە زیانێکی زۆر دەبینێت و، ناوچەی نفووزی خۆی لەدەست دەدات و لایەنگرانی بەتەواوی لە داهاتووی سووریا لاواز دەبن. لەم حاڵەتەدا کوردەکان و هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژاوا بەهێزتر دەبن. لێرەوە هەم سووریا و هەم کوردەکان براوەی سەرەکی دەبن. لە لایەکی تریشەوە ئەمریکا پێگەی بەهێزتر دەبێت. لەم سیناریۆیەدا ئەگەری پێکەوەبەستنی کانتۆنەکانی ڕۆژاوا دێتە ئاراوە و کوردەکان لە دەریای ئازاد نزیک دەبێتەوە. بەڵام ئەمە لە ئێستادا ئەگەرێکی ئەستەمە، بەڵام لەسەر هەڵوێستی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و، لە لایەکی تریشەوە ئاستی بەرگریی پەیەدە و ئەگەری نائاسایشی و ناسەقامگیریی ناوخۆیی تورکیا و هەڵوێستی ڕای گشتیی تورکیا و گوشارەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕادەوستێت. هەروەها لەم سیناریۆیەدا ئێران و ڕووسیا قازانج دەکەن و تورکیا ڕووبەڕووی ئەمریکا دەبێتەوە، بەتایبەت لە منبج.

٢- ئەگەر کوردەکان نەتوان بەرگری بکەن یاخود ناچار بە پاشەکشە و ڕادەستکردنی ئەو ناوچانە بکرێن، ئەوە تورکیا و لایەنگرانی لە ئێستا و داهاتووی سووریادا بەهێز دەبن و هاوسەنگیی هێز لە سووریا و ناوچەکە لە قازانجی تورکیا دەگۆڕدرێت. لەم حاڵەتەدا تورکیا و سووریا براوەی سەرەکین. لە لایەکی تریشەوە ئێران و ڕووسیا بێدەنگ دەبن و ئەوانیش سوودمەندن. لێرەوە ئاڵوگۆر لە نێوان عەفرین و ئیدلب لە نێوان سووریا و تورکیا دەکرێت و، مەترسیی کورد بۆ هەر دوو لا دەڕەوێتەوە. لێرەدا ئەمریکا زیانی بەردەکەوێت. مەترسیدارترین ئەگەر و سیناریۆ ئەوەیە کە، تورکیا زیاتر پێشڕەوی بکات و هەموو ئەزموونی ڕۆژاوا لەناو بەرێت و تاوەکوو سنوورەکانی باشووری کوردستان لە عێراق نفووز بکات. ئەمەیش لەوانەیە ڕووبەڕووی کاردانەوەی ئەمریکا ببێتەوە و تەنانەت لەگەڵ ئێران تووشی پێکناکۆکی و پێکدادان ببن.

ئەم سیناریۆیە دەتوانێت لە قۆناغی دووەم بۆ لێدانی پەکەکە لە قەندیل درێژەی هەبێت و، تەنانەت باشووری کوردستانیش لەم سیناریۆیە زیانی گەورەی وەبەردەکەوێت. بۆیە ئاماژەکان نیشان دەدەن ئەم سیناریۆیە لە لایەن تورکیا و ئێرانەوە لە ڕووداوەکانی ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان داڕێژراوە؛ هەرچەندە لەوانەیە وەکوو خۆی جێبەجێ نەکرێت یاخود تورکیا نەتوانێت سەرکەوتوو بێت و، هەروەها ئێران بە هۆی گوشاری ناوچەیی و ناوخۆیی، نەتوانێت لە بەئاکامگەیشتن و سەرکەوتنی ئەم سیناریۆیەدا یارمەتیدەر بێت. لێرەدا نەوتی کەرکووک و ڕێڕەوی هیلالی شیعی و باشووری هەرێمی کوردستان بۆ ئێران و، نەوتی سووریا و ناوچە سوننەکان و، هەروەها باکوری هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا دەبێت. ئەمە خراپترین سیناریۆیە، بەڵام مەرج ئەوەیە ئەکتەرەکانی دیکە



سەرچاوە
Serchawe

بەمە ڕازی بن؛ کە ئەمەیش ئەستەمە تا ئەم ئاست و ڕاددەیە دەستی تورکیا ئاوەڵا بکرێت.

٣- سیناریۆی سێیەم ئەوەیە کە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگە لە تورکیا بگرێت و، تورکیا بە دەسکەوتێکی کەم لە داهاتووی سووریا و لە هاوکێشەکانی لەگەڵ ڕووسیا و ئەمریکا پشکی پێ بدرێت و ڕازی بێت؛ بەو مەرجەی کە کوردەکان لە هەمبەر ئەکتەرەکانی لایەنگری تورکیا لە سووریا بەهێز نەبن و نەبنە هەڕەشە لەسەر تورکیا و، پەکەکە کۆنترۆڵ بکرێت و تەنانەت ئەمریکا دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆییی تورکیا نەکات و چیتر کوردەکان پڕچەک نەکات و، ڕووسیا لە ڕووی ئابووری و سەربازییەوە یارمەتیدەری تورکیا بێت و، ئێران و سووریایش ناوچەی نفووز و ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە سووریا و عێراق بپارێزن. بۆ نموونە کانتۆنەکان پێکەوە نەبەسترێنەوە و ناوچەیەکی دژەفڕین یاخود پارێزراو دروست ببێت کە تورکیا تیایدا کاریگەر بێت و، کوردەکان کۆنترۆڵ و چاودێری بکات؛ هەروەها لە داهاتووی سووریادا لایەنگرانی تورکیا پشک و ڕۆڵی کاریگەر و سەرەکییان هەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوس - ڕێکەوتی: ٢٥ی جانێوێری ٢٠١٨

## هەڵوێستێک لەپێناو عەفرین



**کەمال سەعید تاکۆیی**

تورکیا ماوەی شەش ڕۆژە لەسەر هێرشو پەلاماردانی نارەوای خۆی بۆ سەر کانتۆنی عەفرین بەردەوامە، هێرشو پەلاماردانێک کە کارەساتێکی مرۆییانەی گەورەی لێچاوەڕوان دەکرێتو لەئێستاشەوە نیشانەکانی دەرکەوتون:

دەیان ژنو منداڵ بونەتە خۆراکی تۆپو بۆردومانەکانی سوپای تورکیاو سەدانو بگرە هەزاران کەسیش ئاوارەو لێقەوماو بون.

ئەم دۆخەی لەلایەن تورکیاوە بەسەر عەفریندا سەپێنراوە پێویستی بەهەڵوێستو پشتیوانی هەموو کوردێکە. بەتایبەتی خەڵکی باشوری کوردستان، کە زیاتر لەبیست ساڵە یەکێکە لەشەریکە بازرگانیە سەرەکیەکانی تورکیاو ساڵانە ملیارەها دۆلاری خەڵکی باشور دەدرێت بەکاڵای تورکی، ملیارەها دۆلار سوودو قازانج دەچێتە گیرفانی کۆمپانیا گەورەکانی تورکیاوە، بەشێک لەگەشەی ئابوری تورکیاش لەسەردەمی ئەردۆغانو ئاکەپەدا، لەڕاستیدا هەر لەڕێگەی ئەم ئاڵوگۆڕە بازرگانییە ناهاوسەنگەوە بەدیهاتوە کە تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیبوە، پارەو داهاتو نەوتو سەروەتو سامانی لەبەرامبەر کاڵاکانیدا بردوین.

ئایا هێرشکردنە سەر عەفرینو بەکارهێنانی زەبروزەنگی سوپای تورکیاو میلیشیا سوریا گوێڕایەڵەکانی بەرامبەر بەخەڵکی رۆژئاوای کوردستان شایستەی ئەوە نییە هەڵوەستەیەک لەسەر ئەو پەیوەندییە بازرگانییو ئابورییە بکەین کە گەورەترین قازانجو سودی بۆ تورکیا دەستەبەر کردووە لەروی ئابورییەوە رۆڵی هەبوە لەپێشخستنی ئەو وڵاتەدا کە ئێستا سوپاکەی ماشێنێکی جەنگیی گەورەو زەبەلاحی لەدژی گەلێک خستوەتە گەڕ خاوەنی ساکارترین چەکی بەرگری کردن لەخۆیان نینو بەناڕەوا خوێنیان دەڕژێنرێو دەربەدەرو ئاوارە دەکرێنو ماڵو حاڵیان لێتێکدەدرێت؟

بەدڵنیایی بەڵێ، لەم سۆنگەیەوە داواکارم لەهەموو خەڵکی بەشەرەفی هەرێمی کوردستان بەکردەکی هەڵوێستی خۆیان لەو رێگەیەوە دەرببڕن کە تا هێرشی سوپای تورکیا بۆ سەر عەفرینو رۆژئاوای کوردستان بەردەوام بێت، هیچ جۆرە کاڵایەکی تورکی نەکڕن. بەڕاستی هەنگاوێکی بەمجۆرە بۆ خەڵکی باشور مایەی سەربەرزیی دەبێت، تا هیچ نەبێت بتوانن هاوخەمیو هاوسۆزی خۆیان بۆ خەڵکی مەردو بەشەرەفو دلێری عەفرینو رۆژئاوای کوردستان دەرببڕن، دڵنیاش بن لەوەی نەکڕینی کاڵای تورکی هەر رۆژێک زیانێکی بەرچاو بە بەرژەوەندی ئابوری تورکیا لەکوردستاندا دەگەیەنێو ئامڕازێکی کاراو کاریگەریش دەبێت بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بەو رەفتارە نامرۆییانەی بەرامبەر بەکوردو رۆژئاوای کوردستان دەیکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٥ی جانیۆیری ٢٠١٨

# عەفرین



**دیدار بەکر**

هێرشە نارەواو دڕندانەکەی سوپای دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بۆ سەر (عەفرین)، چەندەها شرۆڤەو لێکدانەوەی سیاسی، سەربازی، ئابوری‌و تەنانەت شرۆڤەی جوگرافیشی بۆ کرا. هەڵبەت بەشێک لەو ڕاڤەو شیکردنەوانە دیوێکی ڕاستیەکانو ڕویەکی دیمەنەکەیان خستۆتەبەرچاو.

بەبڕوای من بۆ ئەوەی لەم هێرشە نادلێرانەیەی تورکیا تێبگەین کە ئێستا کردوێتیە سەر (عەفرین)، بەر لەهەر شت دەبێت کۆی سەرجەم دیمەنەکە ببینینو ڕەهەندو لایەنەکانی بخوێنینەوە، وە لەو پەیوەندەشدا مەغزاو کرۆکی هێرشەکەی سەر (عەفرین) تێدەگەین.

پەلاماردانی (عەفرین) دابڕاونییە لەکۆی ئەو ئاڵۆزی و کێشە بنەڕەتیانەی کە ساڵەهای ساڵە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەسەختی دەرگیری بوە. کێشەو ململانێ مێژوویی و سیاسی و ئیتنیەکان لەو ناوچەیەدا بە جۆرێک قووڵ و خەست بۆتەوە کە بونیادو پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایانەی داتەپاندوە، ئەم داڕزینو داتەپینە وایکردوە هەندێکجار دەوڵەتە سەردەستەکانی ناوچەکەو تەنانەت زلهێزەکانی دونیاش بەرچاویان ڕۆشن نەبێت کە دەبێت چی بکەن و چۆن بەرژەوەندیەکانی خۆیان بپارێزن.! هەر ئەم نارۆشنی و ڵێڵیەیە کە بڕێکجار دەوڵەتان و زلهێزەکان بکەونە هەڵەی ستراتیژی وسیاسی گەورەو کوشندەوە کە دواتر بۆیان دەردەکەوێت خلیسکاونەتە ناو چ قۆرتێکی تاریکەوە.

لەهەرحاڵدا بۆ ئەوەی لە باسەکە دوورنەکەومەوەو بگەڕێمەوە سەر هێرشەکەی (عەفرین) و کۆی دیمەنەکە باسبکەین و لەو جەنگە نابەرابەرە تێبگەین کە دەوڵەتی فاشیستی تورکیا ئەمجارەش بەرپایکردوە، دەبێت ئاماژە بە تێزێکی (ئۆج ئالان) بدەم کە لە کتێبی (مۆدێرنیتەی دیموکراتی) یدا باسی لێوە دەکات. تێزێکە بڕوای وایە

کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری هێزی سەرەکی خۆی تەنها لە پارەو جەنگو چەکاکانیەوە وەرناگرێت، بەڵکو هێزی ڕاستەقینەی خۆی لەو ڕۆحە لیبرالیە وەردەگرێت کە لەسیحربازێک زۆر ئەفسوناویترو کاریگەرتر سەرجەم ئایدۆلۆژیاو یۆتۆپیاکان بۆ ڕەنگو دەنگی جیاواز جیاواز دەگۆڕێت و لەناوخۆیدا دەیانتوێنێتەوە. بە مانایەک لە ماناکان هیچ دەرە سیستەمێک بوونی نییەو هەمووی لەناو خولگەو سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا پەلدەهاوێژێتو دەخولێتەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەم سیستەمە لە فشارو چەوسانەوەو هەڵگیرسانی جەنگو کارەسات سازکردندا هیچ سنوورێک ناناسێت . بە بڕوای (ئۆج ئالان) لە ئێستادا سەرمەشقی ئەو سیستەمە لە لایەن ئەمەریکا، یەکێتی ئەوروپاو ڕوسیای پاشماوەی یەکێتی سۆڤیتی هەڵوەشاوە ئیدارەدەکرێت و بەڕێوەدەچێت.

هەربۆیە بۆ ئەوەی لە سەرجەم جەنگو ململانێ تەواو نەبووەکان و کۆی هێرش و پەلامارو کاولکاریە بەردەوامو هەمیشەییەکانی ئەو ناوچە گرگرتوە (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) تێبگەین، بەر لەهەر شت دەبێت ڕووی ڕاستەقینەی ئەم (سیستەمە) ئاشکرا بکرێت و بخرێتە ڕوو کە چ شێرپەنجەو مەترسیەکی گەورەیە کە ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی بۆتەوە. (سیستەمێکە) ڕووکاری دەرەوەی زۆر ڕوون و شەفافە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هێندە پێچیدەو ڕیشەدارە کە بەهۆی دەسەڵاتە سیاسی و کلتوری و زانستیەکەیەوە سەرجەم مرۆڤایەتی بەخۆی بەستۆتەوەو هەمووانی کردوە بە گژ یەکتر‌داو کۆی مرۆڤایەتیشی خستۆتە ناو دڵەڕاوکێ و کێشمەکێش و جەنگو ململانێیەکی قووڵەوە.

هەربۆیە ئەم هێرشە دڕندانەیەی ئەمجارەی دەوڵەتی تورکیاش بۆ سەر (عەفرین) هەر لەو چوارچێوەیەدایەو دەلالەتێکی ڕوونی بێڕەحمانەی ئەو (سیستەمەیە) کە ئاماژەمان پێدا. لە ئێستادا ئەگەر لەناو ئەو هاوکێشەو سیستەمەدا نەبێت دەوڵەتی تورکی هیچ کات خۆی بە تەنها نە دەتوانێت جەنگ ساز بکات نە دەتوانێت شەڕبکات نە دەتوانێت دەسەڵاتو قوڵەمڕەوی خۆی زیادبکات. بەڵکو ئەوە سیستەمی (مۆدێرنیتەی سەرمایەداری) یە کە ڕۆڵی دەوڵەتێکی سەربازی و جەندرمەییەکی ڕووتی بەخشیوە بە تورکیاو سەرجەم دەوڵەتو هێزەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوەی بەردەوام کۆمەڵگاو مرۆڤە ئازارچەشتوەکانی سەر ئەو زەمینە ئامادەو ساز بکەن بۆ فشارە لەبن نەهاتوە بینراو نەبینراوەکانی ئەم سیستەمە زەبەلاحە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٥ی جانیوێری ٢٠١٨

# فاشیستەکان بەرەو شکستو ڕمان، عەفرینیش سەربەرزی!



**حەسەن سەیدباقی**

ئەو کارە چەپەڵە تیرۆریستیەی ئەردۆغان دەستی داوەتێ کە ماهیەتی ڕاستەقینەیەتی، بزمارە لە تابووتی کۆتایی، هەموو ئەو کارە تیرۆریستی و ئاژاوانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وئەم دواییەی سوریا ڕوودەدەن، پلانی نەخشە بۆ داڕێژراوە لەلایەن ئەمریکاو ئەوروپا ودۆستە گیانیەکەیان پارێزەری کەڵەکە کردنی سەرمایەکەیان تورکیای ئەردۆغانیزمی فاشیستە.

ڕۆژێک بەناوی داعشی ڕەشپۆش هێرش دەکەن، وەک دەروونی نەخۆشیان، بۆگەنی کردووەو وەک شێرپەنجەن بۆ مرۆڤایەتی پێویستە ڕۆژێک زووتر لەبنا بیانبڕن. لوتیان شکا لە کۆبانی گەمەکەیان تێکشکێنراو جارێکی تر پەلاماری عەفرینی شۆڕش دەدەن، گومانی تێدا نییە، دەشکێنەوەو ڕوویان ڕەش دەبێت، خۆیان و جاشەکانیان بەناوی سوپای (دژە ئازادی) ئازاد، کە شتێک نین، لە درێژکراوەی داعش زیاتر، لەگەڵ بەرەی (سقوگ)نەسرە.

زلهێزەکان گەمەکەیان دیارە، وەک ئەمریکا دەڵێت ماوەیەکی کورت خایەن دەبێت،هێرشەکە تەواو بێت وەک ئەوەی ڕێکەوتنی نهێنی هەبێت، لەنێوانیان و پێشتر ئاگاداری هێرشە نابەرابەرە وەحشیگەرەکە بوون. بۆیە شەڕەڤانان و یەپەگە دەبێت لەوجۆرە یاریانە ئاگاداربن، وە بە چەند پارچە چەکێک لە بیرو بۆچونیان چەواشەنەبن، لەم ساتە وەختانەشدا دەبێت لە هەموو پارچەکان زیاتر لە باشور خەڵک بڕژێنە سەر شەقامەکان و، بەرەو مۆڵگەکانی فاشیستەکان هەنگاو هەڵنێن، لە هەولێر کونسوڵیەتەکەیان، هەر بەرژەوەندیەکی تایبەتیان هەیە لە کوردستان وەدەربنرێن(کۆمپانیەکانیان)وە شمەکەکانیان بایکۆت بکرێت. لەم ساتە وەختەشدا دەبێت پەکەکە پابەست بێت بە پەیمانەکانی و باکوری کورستان بکاتە ئاگر، ئەگەر نا ئەوکات خەڵکی باوەڕیان لەق دەبێت،



سەرچاوە
Serchawe

عەفرین خاڵی وەرچەرخانە بۆ ڕمانی فاشیەتی تورکی، کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیش بێدەنگە لەو کۆمەڵکوژیە نا مرۆڤانە، تا ئەوکات لەگەڵماندا بوون کە بەرژەوەندیە سەرمایەدایەکانیان نەکەوێتە خەتەر، دەبێت ئەوە بزانین کە بە دەبابەی ئەڵمانی و لەبەرچاوی ئەمریکاو ڕووسیا، لە ڕۆڵە ئازاکانی سەنگەری خەبات و بەرخۆدان ئەدەن، دەستە گوڵی مێرکل بۆیان، ئەمریکای فاشیست ،ئەم گەمەیە درێژە ناکێشێت بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی سیاسەتی زلهێزەکان لە ناوچەکە، بەتایبەت ئەمریکا و ڕووسیا، ڕووسەکان هەرچەند نیگەرانن لە پەیوەندیەکانی یەپەگە لەگەڵ ئەمریکا، دەکرێت هاوکاری و نیەت پاکیان نیشان بدەن نەک بە قسە، من پێموایە ڕووسیا ئامانجی ئەوەیە تورکەکان دەستبەرداری ناتۆ ببن، پاشان گورزی کاریگەرو کوشندەی خۆیان لە تورکیا بوەشێنن، وە خۆیان لە شەڕی جیهانی لە ناوچەکەدا دەپارێزن، دەنا بۆ ئێمە هیچ کام لە ئەورپاو ئەمریکا و ڕووسیا جیاوازییەک نابینین، هەر هەموو کۆک دەبن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان. چاوەڕانین کە بە ورەی پۆڵایینی خەباتکەرە ئازاکانی ڕێگەی ئازادی و ژیان وانەیەکی نوێ بدرێت بە فاشیستەکان و هاوکارەکانیان تا مێژوو مێژووە لەبیر نەکرێت، خۆیان تیرۆری نێودەوڵەتی و گواستنەوەی تیرۆریستانن لە سەرتاسەری دونیا، کەچی بە یەپەگە دەڵێن تیرۆریست سەیرە گوڵم!، کە ڕەمزی خەباتن دژی تیرۆر لەناوچەکەدا، وە لەناو بردنی بەچکە ئەردۆغانیەکان(داعش).

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٦ی جانێوێری ٢٠١٨



# عەفرین لەبەردەم هێرشی تورکیادا



جەزا ئەحمەد فارس

## دەروازە

تورکیا هێرشی سەربازی دەستپێکردوە بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی عەفرین لەبەرئەوەی عەفرین پێگەیەکی ستراتیجی گرنگی هەیەو لەئایندەدا پرسی سوریا لەعەفرینەوە یەکلای دەکرێتەوە.

بیانوەکانی تورکیا بۆ پەلاماردانو هێرشکردنە سەر عەفرین بریتیە لەبونی یەکینەکانی پاراستنی گەل وەک مەترسییەک بۆ سەر ئاسایشی سنورەکانی بەڵام ئەم هێرشە تەنیا پەیوەندی بەوە نیە بەڵکو هاوکێشەیەکی هەرێمیو نیودەولەتی تەحەکومی پێوە دەکەکات کە خۆی دەبینێتەوە لە ململانێکانی روسیاو ئەمریکا لەپێناو زیاتر هەیمەنە کردنیان لە سوریادا.

دورکەوتنەوەو ئالۆز بونی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو تورکیا کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر هەڵکردنی گڵۆپی سەوز لەلایەن روسیاوە بۆ دەستکردن بەم ئۆپراسیۆنە بەئامانجی ئەوەی لەئایندەدا تورکیا دوربکەویتەوە لەهاوپەیمانی ئەمریکاو بچێتە چوار چێوەی هاوپەیمانی روسیاوە بەمەش روسیا دەیەوێت کە پرسی سوریا لەبەرژەوەندی خۆی یەکلای بکاتەوە.

لەپاڵ ئەو ململانێ نێو دەوڵەتیو هەرێمەی کە لەسەر عەفرین هەیە کورد خاوەنی هێزێکی سەربازی تۆکمەو بەهێزە لەرۆژئاواو تەواوی سوریا بەناوی یەکینە کانی پاراستنی گەل کە رۆلی گرنگی یەکلا کردنەوە ئەبینن لەم

ململانێدا بەو پێیەی ئەم هێزە تێکشکێنەری داعش و پارێزگاری یەکەمی کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستانە.

ئەمەی خوارەوە توێژینەوەیەکی کورت و پوختە لەسەر (عەفرین لەبەردەم داگیرکاری تورکیادا) کە بەمشێوەیەی

خوارەوە دابەشمانکردووە

- *هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین*
- *گرنگی پێگەی عەفرین*
- *ئامانجی تورکیا لە هێرشکردنە سەر عەفرین چییە؟*
- *بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی تورکیا لەلایەن YPG ەوە*
- *کاریگەری ململانێکانی روسیاو ئەمریکا لە هێرشکردنە سەر عەفرین*
- *کاردانەوەی وولاَتان سەبارەت بەم هێرشە*
- *دەرئەنجام*
- *لیستی سەرچاوەکان*

## هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین

سوپای تور کیا لە (٢٠ - ١ - ٢٠١٨)ەوە دەستیانکردووە بە ئۆپراسیۆنێکی سەربازی لەژێر ناونیشانی (چڵە زەیتون) کە ئامانج لێی بریتییە لەچونە ناوخاکی سوریاوە بە قوڵای (٣٠)کم لەسنوری عەفرینەوە. تورکیا بەبیانووی پاراستنی سنورەکانی لە هێرشی هێزەکانی سوریای دیموکرات کە یەکینە کانی پاراستنی گەل بەشێکی سەرەکی پێک دەیەنن و لە لایەن هاوپەیمانی نێودەوڵەتیەوە دژی داعش کە ئەمریکا سەرپەرشتی دەکات دروست کراو ن و پشتگیری دەکرێن دەستی کردووە بەم ئۆپراسیۆنە.(١)

تورکیا هەمیشە یەکینەکانی پاراستنی گەل کە بەشێکی سەرەکی هێزە کانی سوریای دیموکرات پێکدەیەنن بەوە تۆمەتبار دەکات کە ئەوان بەشێکن لەپارتی کرێکارانی کوردستان کە پارتێکی کوردییە و لە قۆناغی خەباتی ریزگاری نیشتیمانیدایە دژی تورکیا ئەمە لەکاتێکدا یەکینەکانی پاراستنی گەل ئاماژەبەوەدەکەن کە ئەوان هیچ

پەیوەندییەکی راستەوخۆیان لەگەڵ پارتی کریکارانی کوردستان نیە. (٢).

تورکیا بۆ ئەم هێرش و داگیر کاریەی پشت بەچەکدارانی سوریای ئازادو گروپە توندرەوەکان دەبەستێت کە لەماوەی رابردودا راهێنانیان پێکردون، ئەم گروپ و هێزە توندرەوانە بە ئاڵاَی تورکیاوە پەلاماری عەفرین دەدەن(٣).

دوا بەدوای هێرشی تورکیا پارتی یەکێتی دیموکرات داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات کە تەداخول بکەن. روسیاش بەوە تۆمەتبار دەکات کە ناپاکی لێکردونو ئەو هێزەی روسیا کە لەعەفرین بوون پێش دەست کردن بەم ئۆپراسیۆنە کشێنراونەتەوە.

## گرنگی پێگەی عەفرین

عەفرین ناوچەیەکی شاخاوییە کە روبەرەکەی نزیکەی ٣٨٥٠ کم چوار گۆشەیە کە دەکاتە لە ٢% خاکی سوریا سنورێکی فراوانی لەگەڵ تورکیادا هەیە.

ژمارەی دانیشتوانی بەهۆی ئاوارە بوونی خەڵکی ناو چەکانی ترەوە بەرز بۆتەوە بۆ زیاتر لە یەک ملیۆن کەس ، گرنگی عەفرین لەوەدایە کە ئەو ناوچانە لەیەکتری دادەبرێت کە لە ئۆپراسیۆنی تورەی فرات ئەو هێزانەی نزیکن لە تورکیا کۆنترۆلیان کردوە مەبەست لێی جەرابلوس و بابە ئەعزازە لە رۆژهەلاتی عەفرین وە پارێزگای ئیدلیبیش لە لەرۆژئاواوە.

کۆنترۆڵککردنی عەفرین لە لایەن تورکیاوە بەواتای بەستنەوەی سەرجەم ئەو ناوچانەی کە هێزە چەکدارەکانی نزیک لە تورکیا کۆنترۆڵیان کردووە لە سەر سنور ، و گەشتنە بە دەریای ناوەراست(٤).

عەفرین یەکێکە لە گرنگترین کانتۆنەکانی رۆژئاوا کە لە ٢٠١٢ وە دوای ئەوەی سوپای سوریا ئەو ناوچەیان لەدەستدا یەکینەکانی پاراستنی گەل ئەرکی پارێز گاریکردنی ئەم ناو چەیان گرتۆتە ئەستۆ و لە ٢٠١٤ وە وەک کانتۆنێکی رۆژئاوا راگەیاندراوە(٥).

عەفرین پێشتر لەلایەن بەرەی نوسرە و داعش و حکومەتی سوریا وە چەندین جار هەوڵدراوە کۆنترۆڵ بکرێت و هێرشکراوەتە سەری بەڵام یەکینەکانی پاراستنی گەل پاراستوویانە(٦).

یەکێک لە گرنگییەکانی تری عەفرین بریتیە لەوەی کە خاڵێکی گرنگی بەستنەوەی کوردەکانی رۆژئاوایە بە باکوری کوردستانەوە کە کوردەکانی ئەم دووبەشەی کوردستان زۆر نزیکیان لە گەڵ یەکتری هەیە بە شێوەیەک کە تەنانەت هەردووکیان بەهەمان شێوەزاری کوردیش قسە دەکەن.

لە پاڵ هەموو ئەوانەی کە باسمان کرد عەفرین پێگەیەکی گرنگی جیۆستراتیجی هەیە بەو پێیەی دەروازەیەکە بۆ گەشتنی کورد بۆ سەر دەریای ناوەراست کە دەکرێت لە ئاییندەدا ببێتە خاڵێکی گرنگی کرانەوەی رۆژئاوای کوردستان بەروی جیهاندا لە رووی بازرگانیکردنەوە و هەوەها سوردی گرنگیشی هەبێت بۆ باشوری کوردستان لە بەر ئەوەی هاوسنورە لە گەڵ رۆژئاوادا.

عەفرین چۆن گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ کوردەکان بە هەمان شێوە وەک شوێنێکی ستراتیجی گرنگ دادەنرێت بۆ تورکیا چونکە تورکیا نایەوێت کورد سود لە دەریای ناوەراست ببینێت بەمەبەستی کرانەوە بەرووی جیهاندا و هەروەها دەیەوێت ئەو ناوچانەی سوریا کە لە لایەن گروپە توندرەوەکان و سوپای سوریای ئازادەوە کۆنترۆڵ کراون بگەیەنێتەوە بەیەک.

## ئامانجی تورکیا لە هێرشکردنە سەر عەفرین چیە؟

تورکیا رایگەیاند کە ئەوان ئامانجیان لەم ئۆپراسیۆنە چونە ناوخاکی سوریایە بە قوڵای ٣٠ کم بەمەبەستی پاراستنی سنورەکانیان و دروستکردنی ناوچەی ئارام لە نزیک سنورەکەیان چونکە ئەوان بوونی هێزی یەکینەکانی پاراستنی گەل بەهەڕەشە دەبینن بۆ سەر ئاسایشی تورکیا لەبەرئەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل لقێکن لە پارتی کرێکارانی کوردستان هەروەها ئەوان نیگەرانن لە پشتگیری کردن و پڕچەککردنیان لە لایەن ئەمریکاوە(٧). لەراستیدا تورکیا ئامانجی سەرەکی بریتییە لە بچراندنی پەیوەندی نێوان کوردەکانی رۆژئاوا و باکور لە لایەک و لە لایەکی ترەوە نایەوێت کوردەکانی رۆژئاوا بگەنەوە سەر دەریای ناوەڕاست لەبەرئەوەی لە ئاییندەدا سوردی زۆری دەبێت بۆیان.

تورکیا بەهێرشکردنە سەر عەفرین و داگیر کردنی دەیەوێت رۆژئاوای کوردستان ئابلۆقە بدات و تەوقیانبدات بەشێوەیەک هیچ دەروازەیەکیان بۆ نەهێڵێتەوە بۆ پەیوەندی کردن بە جیهانی دەرەوە چونکە لەحاڵەتی گەشتنی کورد بەدەرەوە ئەوە کوردەکان دەست دەکەن بە بازرگانی و لایەنی ئابوری ئەم هەرێمە کوردیانە دەست دەکات بە بووژانەوە کە ئەمەش لە بەر ژەوەندی تورکیادا نیە.

بەداگیر کردنی عەفرین تورکیا دەیەوێت کە ئەو ناوچانەی کە چەکدارە توندەرەوەکان داگیریان کردن لەگەڵ سوپای سوریای ئازاد کە نزیکن لێیەوە بگەیەنێت بەیەکتری و وەک قەڵخانێک بۆ پاراستنی تورکیا بەکاری بیەنێت و بشیانخاتە شەڕەوە لەگەڵ کانتۆنەکوردییەکانی تر.

## یەکینەکانی پاراستنی گەل بەرپەرچی هێرشی تورکیا دەدەنەوە

یەکینەکانی پاراستنی گەل کە بەشێکی سەرەکی هێزەکانی سوریای دیموکرات پێک دەینەنن لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانی دژی داعشەوە پرچەک کراون و مەشقیان پێکراوە بەتوندی بەر پەرچی هێرشەکانی تورکیایان داوەتەوە بۆ سەر عەفرین.

تورکیا بە ئاسانی ناتوانێت سەرکەوتوو بێت لە هێرشەکانی هەرچەندە لەڕوی چەک و هێزی سەر بازییەوە نا بەرامبەرییەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان سوپای تورکیاو یەکینەکانی پاراستنی گەل بەڵام وەک پێشتر لە کوبانی و زۆر ناوچەی تر بینیمان یەکینەکانی پاراستنی گەل هێزێکن بە ئاسانی تەسلیم نابن و تا کۆتای شەر دەکەن بەمەش پێویستە چاوەری شەڕێکی قورس بکەین.

لەدوای هێرشەکانی تورکیا بۆسەر عەفرین خۆبەرێوەبەری دیموکراتی عەفرین داوای لە سەر جەم خەڵکی ناو عەفرین و پلەبالاکانی کردووە کە چەک هەڵبگرن و دژی داگیرکارییەکانی تورکیا بوەستنەوە و جگە لەوە داوا لە کۆمەڵگای نێو دەولەتی دەکەن کە بێدەنگ نەبن (٨).

هەموو پێشهاتەکان ئاماژەی ئەوەمان پێدەدەن کە شەڕێکی قورس چاوەڕوانی تورکیا دەکات لەبەر ئەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل ماوەی چەندین ساڵە خۆیان بۆ ئەم شەرە ئامادەکردوە و ئەزموونێکی باشیشیان لە



سەرچاوە
Serchawe

شەردا هەیە بەو پێیەی بەتێکشکێنەری داعشن لە رۆژئاوا و تەواوی سوریادا (٩).

لەپاڵ بانگەشەی خۆبەرێوبەری دیموکراتی عەفرینیش هاوسەرۆکایەتی ئەنجومەنی فیدرالی باکوری سوریا داوای لە سەرجەم کوردان و پارتە سیاسیەکان کرد کە دژی داگیر کاری تورکیا بوەستنەوە بۆ سەر عەفرین (١٠).

## رۆڵی ململانێکانی ئەمریکا و رۆسیا لەهێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین

ئەمریکا پێی وایە کە ترسی تورکیا لە ئاسایشی نەتەوەکەی شەرعییە بەڵام دەبێت تورکیا کۆنترۆڵی خۆی بکات و وە پێویستە کە جوڵە سەربازییەکانی سنوردار بێت و قوربانی لێنەکەوێتەوە بە تایبەتی هاوڵاتیانی مەدەنی نەبنە قوربانی.

بەڵام تورکیان نیگەرانە لە رەفتارەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەو پێیەی کە ئەمریکا پشتیوانی هێزەکانی سوریای دیموکرات دەکات.

دوای ئەوەی کە ئەمریکا رایگەیاند لە (١٣- ١- ٢٠١٨)یارمەتی هێزەکانی سوریای دیموکرات دەدات بەمەبەستی دروستکردنی هیزی ئاسایشی سنور لە کە ژمارەیان لە ٣٠ هەزار شەرکەر پێک دێت و ئەمریکا راهێنانیا پێدەکات، نیگەرانی تورکیای لێکەوتەوە لە بەر ئەوەی نیوەی ئەم هێزە لە هێزەکانی سوریای دیموکرات پێک دێت ئەردۆغان ئەم هێزەی بە سوپای تیرۆر ناو برد(١١).

ئەمریکا مەبەستی سەرەکی لە دروست کردنی ئەم هێزە نوێیە بەناوی هێزی ئاسایش سنور بریتییە لە وەستاندنی هاتنی تیرۆرستانی داعش لە تورکیا و عێراقە وە بۆ سوریاو هەروەها مەبەستێتی ئەم هێزە ببێتە بەر بەست لە بەر دەم هەیمەنەی روسیاو تورکیادا بۆیە رۆسیا بریاری کشانەوی سەربازەکانی خۆیدا لە عەفرین و لەگەڵ کشانەوەی سەربازانی روسیا لە عەفرین تورکیا دەستی کرد بەهێرشکردنە سەر عەفرین لە ژێر ناوی ئۆپراسیۆنی(چڵە زەیتون).

بەر لە کشانەوەی سەربازانی روسیا لە عەفرین، دوو بڕاردەیان خستۆتە بەردەم کوردەکان کە ئەوانیش بریتی بوون



سەرچاوە
Serchawe

لەوەی کە واز لە عەفرین بیهێنن بۆ حکومەتی سوریا کە مەبەست لێی حکومەتی بەشار ئەسەدە یان دەبێت ڕووبەڕووی سوپای تورکیا ببنەوە(١٢).

پەیوەندییەکانی ڕۆسیاو تورکیان لە نزیکبونەوەدان لەگەڵ یەکتری لەدوای دروستبوونی ناکۆکی و ئاڵۆزی لەنێوان ئەمریکا و تورکیادا بە تایبەت دوای ئەو پشتگیریانەی کە ئەمریکا دەیکات بۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل (١٣). ئاڵۆز بوونی پەیوەندی ئەمریکا و تورکیا هانی بەرووسیاوە ناوە کە گڵۆپی سەوز بۆ تورکیا هەڵبکات بەمەبەستی هێرشکردنە سەر عەفرین بە هیوای ئەوەی کە لە ئایندەدە تورکیا دەستبەرداری ئەمریکا ببێت و ببێتە هاوپەیمانی روسیا لەناوچەکەدا.

کەواتە ئەوەی لە عەفرین روو ئەدا بەشێکی دەرئەنجامی ململانێی دوو وڵاتی زلهێزی گەورەی وەک روسیاو ئەمریکایە کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بەشێوازی جیاجیا لە پێناوی بەرژەوەندیەکانی خۆیان هێزو وڵاتانی جیهانیان پێکدا کێشاوە.

کوردەکان زۆر جار ڕۆسیا بە ناپاک وەسف دەکەن لەبەر ئەوەی کە گڵۆپی سەوزی بۆ تورکیا هەڵکردوە لە دوای کشاندنەوەی سەربازەکانی لە عەفرین.

بێدەنگی ئەمریکاش سەبارەت بە داگیر کاری تورکیا بۆ عەفرین لەوە وە سەرچاوە دەگرێت کە عەفرین وەک بەشێک لە ستراتیجی روسی سەیر دەکەن بەڵام دوور نیە لە ئایندەدا ئەم کانتۆنەش وەک کانتۆنەکانی تر ببێت بە بەشێک لە ستراتیجیەتی ئەمریکی.

## کاردانەوەکانی وڵاتان سەبارەت بە داگیرکاری تورکیا بۆ سەر عەفرین

وڵاتانی ئەوروپا بە شێوەی جیاجیا لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوەیانەوە رای خۆیان دەربڕیوە سەبارەت بە هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین.

فەرەنسا داوادەکات کە دەست بەجێ شەرکردن بوەستێنرێت و هاوکاری مرۆی بگەیەنرێتە لێقەوماوانی شەڕ.

ئەوەی کە خاڵی زۆر گرنکە لە سیاسەتی دەرەوەی فەرەنسا سەبارەتە بە عەفرین بریتیە لە داواکردنی فەرەنسا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین را بگرێت ئەمە لەکاتێکدا یە وەزیری دەرەوەی تورکیا مەولود چاوش ئۆغلۆ پێی وایە کە بردنی ئۆپراسیۆنی تورکیا بۆ ناو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لایەن فەرەنسا یان هەر وولاتێکی ترەوە بێت بەبەرژەوەندی تیرۆرستان کۆتای دێت کە مەبەستی یەکینە کانی پاراستنی گەلە.

لە پاڵ فەرەنساش وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیاش رای گەیاند دوای هێرشی تورکیا بۆ سەر یەکینەکانی پاراستنی گەل مەترسیەکان پێشبینیکراو نین و ئەم هێرشەی تورکیا نیگەرانی کردون، چونکە دوای ئەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل سەرکەوتنی گەورەیان بەسەر داعش بەدەستهێنا پێویستە ئاشتی بێتە کایەوە نەک شەرێکی تر چونکە سەرجەم خەڵکانی سوریا بە دەست شەرەوە قوربانیان داوەو دەناڵێنن(١٤).

میصریش وەکو یەکەم وولاتی عەرەبی لە رێگەی وەزارەتی دەرەوەی رایگەیاند کە ئەوان هێرشی تورکیا بۆسەر عەفرین کە دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای سوریاوە رەتدەکەنەوە چونکە ئەمە بەواتای بەزاندن و هێرشکردنە سەر سەروەی سوریا دێت وە ئەم هێرشە کاریگەری ئەبێت لەسەر هەوڵەکانی لەناو بردنی تیرۆر لە سوریادا (15).

## دەرئەنجام

- قوربانی یەکەم لە هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین بریتی دەبێت لە هاولاتی مەدەنی کە زیاتر لە یەک ملوێن هاولاتی مەدەنی لە عەفرین دەژێی لە ئێستادا.

- ئەوەی لە عەفرین روودەدات بریتیە لە پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی روسیاو ئەمریکا کە هەریەکەیان هەوڵی زیاتر کردنی هەیمەنەی خۆی دەدات لە ناوچەکەدا.

- تورکیا ناتوانێت سەرکەوتنی گەورە بەدەست بیهێنێت لەم ئۆپراسیۆنەدا لەبەر ئەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل کە بەهێزترین هێزی چەکدارن لە سەرجەم سوریادا بڕیاریاندەوە کە بەتوندی دژی تورکیا بوەستنەوە.

- بەبیانوی پاراستنی سنورەکانی تورکیا دەستی کردووە بە ئۆپراسیۆنی سەربازی بە ئامانجی داگیر کردنی عەفرین

بۆ پێکەوە بەستنەوەی ئەو ناوچانەی کە هێزەکانی نزیک لە تورکیا کۆنترۆڵیانکردووە.

- بەهەڵکردنی گڵپی سەوز لەلایەن ڕۆسیاوە بۆ تۆرکیا کورد زیاتر لە ئەمریکا نزیک دەبێتەوە بەمەش دوور نیە هاوکێشەی سیاسی سوریا بەبەرژەوەندی ئەمریکا یەکلای ببێتەوە.

***سەرچاوەکان:***


-1 Alex Crawford, Special Correspondent, in Istanbul, Turkish troops move into Kurdish-controlled area of Afrin in northern Syria, on https://news.sky.com/story/turkish-troops-move-into-kurdish-controlled-area-of-afrin-in-northern-syria-11217110 .

-2ZACHARY FRYER-BIGGS, DEFENSE SECRETARY MATTIS WARNS ISIS COULD BENEFIT FROM TURKISH MILITARY STRIKE IN AFRIN, 1/23/18 AT 6:53 AM, ON HTTP://WWW.NEWSWEEK.COM/MATTIS-WARNS-ISIS-COULD-BENEFIT-TURKEY-STRIKE-AFRIN-787756.

3-Tracey Shelton, ‘We will tear them down’: Turkey launches attack on US-backed Kurds in northern Syria, ON http://www.abc.net.au/news/2018-01-21/turkey-launches-attack-on-afrin-kurds/9346626.

-4بى بى سى العربيه، لمحه عن منگقه عفرين السوريه التى تتعرچ لغارات تركيه http://www.bbc.com/arabic/in-depth-42184674،

5- By;The Kurdish Project, for more information visit : https://thekurdishproject.org/kurdistan-map/syrian-kurdistan/afrin-syria.

6- Jonny Hogg, Syrias Kurds Warn Afrin Could Be The New Kobani, https://www.huffingtonpost.com/2014/11/07/syria-afrin_n_6121632.html11/07/2014 11:08 am ET Updated Nov 07, 2014.

7-Jeff Daniels, Turkey’s Afrin offensive against US-backed Kurdish forces ‘a big mistake,’ says ex-DOD official ,ON ; https://www.cnbc.com/2018/01/22/turkey-could-lose-in-its-attack-on-us-backed-syrian-kurds-says-expert.html.

8– Daxuyanî ji Rêveberiya Xweser ya Kantona Efrînê https://pydrojava.net/kurdi/2018/01/daxuyani-ji-reveberiya-xweser-a-efrine/.




سەرچاوە
Serchawe

9-Tracey Shelton, 'We will tear them down': Turkey launches attack on US-backed Kurds in northern Syria, ON http://www.abc.net.au/news/2018-01-21/turkey-launches-attack-on-afrin-kurds/9346626.

10- ANF NEWS, Today in the attack on Afrin launched with Russias permission, https://anfenglish.com/rojava/today-in-the-attack-on-afrin-launched-with-russia-s-permission-24310.

11-BBC, Turkey targets Kurdish forces in Afrin: The short, medium and long story, http://www.bbc.com/news/world-middle-east-42704542 , 22 January 2018.

12- BY THE ASSOCIATED PRESS,The Latest: Russia warned Kurdish officials of Turkey attack,ON http://abcnews.go.com/International/wireStory/latest-turkey-troops-enter-syrian-kurdish-enclave-52498986, Jan 21, 2018, 1:12 PM ET .

13-Umut Uras & Tamila Varshalomidze, What is Russia's end game in Afrin?,23/1/2018, on http://www.aljazeera.com/indepth/features/russia-green-light-turkeys-afrin-offensive-180123064315810.html.

14- بيى بيى سى العربيه،عفرين: مواقف دوليه متباينه من اجتياح القوات التركيه لها ، http://www.bbc.com/arabic/in-depth-42780452 22 يناير/ كانون الپانى 2018.

15- بى بى سى العربيه،عفرين: مواقف دوليه متباينه من اجتياح القوات التركيه لها، http://www.bbc.com/arabic/in-depth-42780452 22 ينايير/ كانون الپانى 2018.


سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٦ی جانیۆیری ٢٠١٨



## ئامینە ئەردۆگان ئەی فرمێسکەکانت بۆ عەفرین!



**عەلی فەتحی**

ئامینە ئەردۆگان هاوسەری ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک کۆماری تورکیایە. ئەو چەند مانگێک پێش ئێستا وەک مرۆڤ دۆستێکو خەم خۆری مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ وەفدێکی تورکیدا ڕۆیشتە بۆرماو لەوێ بەچاوی فرمێسکاویەوە خۆی پیشانی میدیاکانداو وەک خەمخۆرێک بۆ گەلی ستەملێکراوی بۆرما خۆی پشانی جیهاندا.

ئامینە ئەردۆگان بەفرمێسکەکانی ئازارو مەینەتیەکانی بۆرمای پشانی جیهانداو بەفرێسکەکانی دەیویست خۆی وەک مرۆڤ دۆسترین مرۆڤی دنیا پشانبدات. بەڵام تەنها چەند مانگێک دوای ڕشتنی ئەو فرمێسکانە بۆ بۆرما هاوسەرەکەی بووە هۆی ڕشتنی فرمێسک لەچاوی هەزاران دایکو باوکو منداڵی کورد لەڕۆژئاواو عەفرین. بەڵام تەنها چەند مانگێک دوای ئەوە دەرکەوت کە فرمێسکەکانی ئامینە ئەردۆگان تەنها دەوربینینێکی سیاسی بووەو بۆ ڕاکێشانی هەست و سۆزی بۆرماو سپیکردنەوەی ڕوی ڕەشی تورکیا بووە.

ئامینە ئەردۆگان ئەگەر مرۆڤێکی مرۆڤ دۆستو میهرەبان بوایە دەبو ئێستا هەر وەک چۆن فرمێسکی بۆ گەلی بۆرما ڕژاند فرمێسکی بۆ ئەو هەموو دیمەنە هەژێنەرانەی عەفرین برژاندایە کە ناخی هەمو مرۆڤێکی خاوەن هەست ویژدان دەهەژێنێت.

ئامینە ئەردۆگان ئەگەر خاوەنی ویژدانێکی باڵای مرۆڤانە بێت دەبێت بینینی دیمەنی شەهیدکردانی سەدان پیاوو ئافرەتو منداڵی بێ تاوان ئەو والێبکەن کە هاوسەرەکەی ڕازی بکات بەوازهێنانی لەو ستەمەی بەرامبەر خەڵکی بێ تاوانی ڕۆژئاوا ئەنجامی دەدات.

ئامینە ئەردۆگان ئەو کەسەی دوێنێ لەبۆرما خۆی وەکو کەسێکی خاوەن ویژدان و میهرەبان پشاندا بەڵام ئەمڕۆ هاوسەرەکەی بۆتە پیاوێکی دیکتاتۆرو بۆتە دڕندانەترین مرۆڤ بۆ کوردانی ڕۆژئاواوو عەفرینو بەبێ تاوان موشەکبارانیان دەکات و خوێنی سەدان مرۆڤی ڕشتووە. ئێوە کە خاڵین لەهەمو هەستێکی مرۆیی‌و دورن لەبەها باڵاکانی ویژدانو مرۆڤایەتی نەک فرمێسک ناڕژێنن بۆ گەلی کوردی ستەملێکراو لەڕۆژئاوا بەڵکو ئێوە چێژ لەبینینی دیمەنی ستەم و کوشتنی مرۆڤی کوردو بۆمبباران کردنیان دەبینن‌و بەرهەمهێنەری ڕقو توندڕەویی‌و دڕندەین نەک هەستو یژدانی مرۆڤایەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٧ی جانێوێری ٢٠١٨

## عەفرین دەبێتە دەروازە بۆ نەتەوەیەک



**نەبەز جەلال**

کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستاندا بەدۆخێکی قورسی مێژویی گەرمی شەڕی نارەوا و بەرگری کردنێکی توندی ململانێی راستەقینەی نەتەوەیی بونی خۆیدا گوزەر دەکات.

باشوری کوردستان پاش (٢٦) ساڵی حوکمڕانی لەدەستکەوتی گەورەوە گەیشت بەشکست و بەرهەمی دەستکەوتەکەی بوە ئازارێکی قورسی رۆحی و دەرونی بۆ سەرتاسەری خەڵکی کوردستان، روداوی بەدەستەوەدانی نیوەی خاکی باشوری کوردستان بە هۆکاری شکستی بەڕێوەبردن و پاوانخوازی دەسەڵاتی دو پارتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe

و زۆرانبازی هێزی بەناو براوەکان بو بۆ سەرکەوتن و دیاریکردنی دیڕێکی زەقی دروێنەی کاری نەکردە لەمێژوی گەلێکی بەشمەینەتدا بو بۆ تاکێکی هەڵچنراو.

بە پێچەوانەی چاوەڕوانی دەستکەوتەکەشییەوە بوە مایەی دڵشکاندنی زۆرینەی خەڵکی کوردستان و بێ ئومێدی و پەرتبونی ماڵی کوردو بچوککردنەوەی دۆزی کورد لەدونیادا کە کورد تێیدا گەیشتبوە لوتکە، هێزی بەرگریکار و دڵسۆز و ولاتپارێزی خەڵکی رۆژئاوای کوردستان کە لە کۆبانی و ناوچەکانی تردا بونە سیمبولی بەرگری و بەرخۆدان و مایەی سەربەرزی کورد و سەرخستنی پرۆسەی رزگاری ئازادی بۆ نیشتیمان بەرهەمیان دروستکردنی کانتۆنەکانی بەڕێوەبردنی خۆجێیی خەڵک بو بۆ خەڵکەکەی خۆیان و نیشتیمان.

بەدڵنیاییی بەردەوامی مانەوە و بەرگریکردنی ئەم هێزە کوردستانیانە لە رۆژئاوادا دەبێتە مایەی سەرکەوتنی زیاترو گەڕاندنەوەی شکۆی راستەقینەی نەتەووە کوردبونێکی راستەقینە بۆ خەڵکی کوردستان و خاکەکەی نەک وابەستە بەحیزبی فەرماندە و تاک پاڵەوان و دەسەلاتە بازرگانییە گوماناوییەکانیان لە پارچەکانی تری ولاتدا.

بێگومان شکستی کورد لە رۆژئاوای کوردستاندا دەبێتە شکستی تەواوی خەڵکی کوردستان و دواکەوتنی کورد لە بەشدارییپێکردنی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی ناوچەکە لە نێوان زلهێزەکان و نەخشە نوێیەکەیدا بۆ گۆڕانکاری.

تورک دوای تەواوبونی جەنگی نابەرابەری دژ بەکوردانی عەفرین ناوەستێت، ملهوڕییەکانی زیاتر دەکات و دەستی زیاتر درێژدەکات لە پێناو دروستکردنی پشتێنەیەکی دڵنیایی پارێزراوی تۆکمەتر و دورتر لە سنورەکانی بەرکەوتنی خۆیی لە نێو خاکی تورکیادا.

پلانی دانان و لێدانی سەنگەرەکانی بەرگریکردنی خۆیان زیاتر دەکەن لە چوارچێوە دیاریکراوەکەدا بۆ گۆڕەپانەکانی شەڕ و هێڵی ئاگرینی بەرکەوتن لەو شوێنەی ئەوان ناوی دەبەن دوژمن! بە مانایەکی تر هەمو ئەو ناوچانەی بەجێ دۆستنشین و تورکنشینی خۆیانی دەزانن دەیگەڕێننەوە نێو باوەش و ژێر باڵی پێکەوە ژیانێکی ئاشتیانەی سوڵتان و دەیکەنەوە ماڵی تورکی خۆیی و دەستی بێ مەقاشی بێکێشەو راستەوخۆی خۆیان دەبن بۆ هەرێمی کوردستان و شەڕ دەخەنەوە نێو ناوچە تورکنشینەکانی هەرێمی باشورەوە بە شارەکانی هەولێر و کەرکوک و موسڵیشەوە بۆ گەیشتن بەدوا خەونی میرنشینی سوڵتانەوە لە باشوری کوردستان.

بەرامبەر هەمان دۆخی دابەشکراوە لە ناوچەی زۆنی سلێمانی و گەرمیاندا بۆ ئێران و بێبەش نەکردنی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە لە حوکمڕانی پێبڕاو و لەسەر دابەشکردنی هێز لەسەر و ئەگەرەکانی دەسەڵات لە بەدەستهێنانی دەسەڵات لە ناوچەکەدا.

دەربڕین و جوڵە و هەڵسوکەوتەکانی ئەردۆغان ئاسایی نین، فۆرمێکی جیاواز لە هەڵسوکەوتێکی زلهێزانەیی زیاترە بەرجەستە دەکات ، وەک لە دەست و دەسەڵاتی سەرکۆمارێکی تورکیا بۆ پەلکێشکردن و کۆنترۆڵکردنی زیاتری ناوچەکە ئەوەی بۆتە جێیی ململانێی ئەمریکا و روسیا و بەشێکی ئەوروپا لە گەمە گەورەکە و بۆرسە جیهانیەکەی ناودەبرێت. گوژمی هێرشەکانی تورکیا کە دەیکات سەر رۆژئاوا بۆ ئەوەیە بەرگرییەکەی پتەوتربێت و نایەوێت هیچ لەو گۆڕانکاریانەی دێنە ناو بازنەکەوە پریشکی ئاگری بەر وڵاتی تورکیا بکەوێت و خاکەکەی بە پارێزراو بهێڵێتەوە لەم جەنگە کە ئاراستەی فراوانبونێکی زۆر گەورەتری لێ چاوەڕوان دەکرێت.

لێرەدا بەرپرسیارێتی هێزە کوردییەکان و بەتایبەتیش لە ناوچە و شوێنی بەرکەوتنەکەدا هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەبێت لە دۆخی بێدەنگی و سڕبونیاندا بۆ باکور بێنە دەرەوە و دۆخی نەخوازراوی ئێستای کوردستان بکەنە مەشخەڵی بەرخۆدان و تروسکایی ئازادی راستەقینە و بڕیاری تەواو و هەڵوێستی خۆیی بەرامبەر ئەم دۆخە بخەنە نێو زەمینی سیاسی و جوڵەی ئەرێنی باکوری کوردستان و تورکیاوە و هێزی سەرتاسەری خۆی بکاتە جێی سەنگ و مەحەکی یەکلاییکردنەوەی دۆزی کورد و کوردستان، لە پاڵیشدا هەرجۆرە چالاکیەکی تری کە لە توانایدا هەیە بۆ جێبەجێکردن بێ سڵەمینەوە بخاتەگەڕ بۆ گەیشتنی هەرچی زوترە بە ئامانج و لە دەست نەدانی ئەم کاتە گرنگ و گونجاوەی بۆتە دەرفەت بۆ هەمو خەڵکی کوردستان و خودی بەدەستهێنان و گەیشتن بەمافەکانی گەلی کورد لە کوردستان.

ئامادەکاریش بخوڵقێت بۆ تێگەیشتنێکی سروشتیانەی هێزەکانی باشوری کوردستانیش لە وەرگرتن و قۆستنەوەی ئەم چانسی گەورەبون و یەک ماڵییەی کورد و دەست لەو خۆبەدەستەوەدان و ملکەچییە ناوچەییانە هەڵبگرن و دۆزی راستەقینەی کوردستان بخەنە پێش هەر ویستێکی تاکی و حیزبی و بازرگانییەوە بۆ تەواوی مافەکانی خەڵک و خاکی کوردستان بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن.

یەکانگیر لەگەڵ گشت ئەمانەشدا دەبێت رەوەندی کوردییش دەست لە ناودەست ، تێکۆشانەکانیان یەک بخەن و



سەرچاوە
Serchawe

لۆبیەکی سەرتاسەری پێکبهێنن ، دەنگ و ڕەنگی کوردستانیان بخەنە خزمەت پرۆسەی ئازادکردن و سەربەخۆیی کوردستانەوە .دەنا بە دڵنیایی کاتی لەدەستدانی ئەم جۆرە هێرش و پەلاماردانانە دەمانبەنە قەراغی لەبیر بردنەوە و پەراوێز خستنێکی سەرتاسەری و دەبینە دواکەوتەی پرۆسەی سیاسیەکەی خۆرهەڵاتی ناوین.

گەلی کوردیش دەگەڕێتەوە دۆخی جاران و دەبێتەوە بە بن دەستێکی سەرکوتکراوی دۆڕاو لە گۆڕەپانی جەنگ و چانسی دروست بونەوەی ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆمان بە سەدان ساڵی تر بۆ نارەخسێت لە بەخت و تەختی مێژودا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٢٧ی جانیۆیری ٢٠١٨

## بەرخودانی عەفرین.. پاراستنی نیشتمان یان نوخبەی دەسەڵات؟!



**ئاریان ڕەئوف**

بەرخودانی شەڕڤانان لەعەفرین و کۆبانی دژ بە داعش و سوپای تورکیاو میلیشیا توندڕەوەکانی سوریا لە لایەک، هەڵاتن و پاشەکشە لە شەنگال و کەرکوک و ناوچە کوردستانیەکان لەلایەکی تر، ئەو پرسیارەمان لا دروست دەکات هۆکارەکانی شکست لە باشورو سەرکەوتن لە ڕۆژئاوا چین؟ هەروەها لە کوێدا پاراستنی نیشتمان ئامانجە لە کوێشدا پاراستنی نوخبەی دەسەڵات مەبەستە؟

خوێندنەوەو بەراودکردنی شکست و سەرکەوتن لە نێوان ڕۆژئاوا و باشور کارێکی ئێجگار گرنگە بۆ ئەوەی ڕاستیەکان بزانین، بەهۆی ئەوەی هەڕەشەو هێرشەکان تارادەیەکی زۆر نزیک و هاوتای یەکن، بۆ نمونە ئەگەر سەرەتا

بەراوردی هەڵاتنی هێزەکانی پارتی بکەین لە شەنگال لە بەرامبەری هێرشی داعش لە ئابی ٢٠١٤، ئەم پاشەکشەی هێزەکانی پارتی بوە هۆی ئەوەی داعش ببێتە هەڕەشەی سەرەکی لە سەر هەرێم، چونکە ئاستی لاوازی بەرگری باشوری بۆ دەرکەوت، ئەگەر هاوکاری و پاڵپشتی هاوپەیمانان نەبوایە داعش زۆری نەمابو بڕواتە ناو هەولێر، ئەم هێرشەی داعش بۆ شەنگال هاوتایە بە هەمان هێرشی داعش بۆ کۆبانی لە ساڵی ٢٠١٥، بەڵام لە کۆبانی بەرخودان بەردەوام بو تا شەڕڤانان سەرکەوتن، ئەم سەرکەوتنەش بو بەهۆی ئەوەی لە ئاستی رای گشتی جیهانی هاوسۆزی بۆ رۆژئاوا بە تایبەتی و کورد بە گشتی پەیدا ببێت بەمەش پاڵپشتی سیاسی و هاوکاری سەربازی بۆ رۆژئاوا دەستی پێکرد و پێگەی رۆژئاواش لە ئاستی نێودەوڵەتی بەهێز بو. لە لایەکی تریشەوە ئەم شکستەی داعش لە کۆبانی سەرەتای دەستپێکردنی هەرەسی دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی داعش بو کە پێش ئەم شکستە لە ئەوپەڕی بەهێزبونیدابو.

بەرخودانی شەڕڤانان دژ بەهێرشی سوپاسی تورکیا و میلیشیاکانی سوریا لە ئێستادا هاوتای هێرشی سوپای عێراق و حەشدی شەعبیە بۆ سەر کەرکوک و سەرجەم ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ کە لە ماوەی کەمتر لە ٢٤ سەعات نزیکەی (٥١%)ی خاکی باشور بە بێ بەرگری هێزەکانی پارتی و یەکێتی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی، خۆ ئەگەر پاساوی یەکێتی و پارتی ناهاوتایی چەک و تەقەمەنی بو لە گەڵ سوپای عێراق و حەشدی شەعبی ئەوا خۆ سوپای تورکیا سەرەڕای هێرشی زەمینی لە رێگەی فرۆکەی جەنگی هێرشی ئاسمانیش دەکاتە سەر شەڕڤانان لە هەمانکاتدا یەکێکە لە سوپا هەرە گەورە و رێکخراو و پۆشتەکان لە روی چەک و تەقەمەنی، کەچی شەڕڤانان بەوپەڕی بڕوا و ورە و هێزەوە بەرگری لە عەفرین دەکەن تاکو ئێستا نەیانهێشتوە سوپای تورکیا پێشڕەوی ئەوتۆ بکات، کەچی لە باشور بە پێچەوانەوە هێزەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی ئەوەندە بەرگریان نەهاتە رێ لە هەندێ ناوچە تاو ئەو شوێنانەش هاتن کە لە ساڵی ١٩٩١ لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم بون.

ئەم نا هاوتایە لە بەرگری لە نێوان رۆژئاوا و باشور پەیوەندی بە هێزی شەڕکەر هەیە (سوپا)، وەک دەبینین هێزی شەرکەر لە رۆژئاوا ئەگەرچی مێژوی دامەزراندنی کەمتر لە حەوت ساڵە، بەڵام هێزێکی رێکخراو و یەکگرتوە و رۆڵی سوپایەکی نیشتمانی دەبینێت کە ئامانجی بەرگری کردنە لە نیشتمان، وەک ئاشکراشە ئامانجی سەرەکی لە دامەزراندنی هەر سوپایەک بۆ بەرگریە لە نیشتمان لە هەر هێرش و هەڕەشەیەکی دەرەکی، بەڵام بە پێچەوانەوە لە باشور هێزەکانی بەرگری فرە جۆرن و ئەم هێزانە یەکگرتونین لە ژێر کۆنترۆڵی زیاتر لە چەند سەنتەرێکن کە



سەرچاوە
Serchawe

بەرژەوەندیەکانیان لە یەکتر جیاوازە و دابەشبون بەسەر خواستی هێزە ئیقلیمیەکان، هەروەها توانای ڕێکخستن و بەرگری ئەم هێزانە بە گوێرەی توانای بەرگریکردنە لە هێرشەکانی هاوتاکەی (مەبەست هێزی پارتی بەرامبەر هێزی یەکێتی یان بە پێچەوانەوە) نەک بۆ بەرگری لە هێرشی دەرەکی شکستی لەشەنگال لە ئابی ٢٠١٤ و شکست لە کەرکوک و ناوچە کوردستانیە کێشە لەسەرەکان سەلمێنەری ئە راستیەن. لە لایەکی تریشەوە پارتی و یەکێتی متمانەیان بەوە نیە هێزێکی تۆکمەی نیشتمانی هەبێت، چونکە لە لایەک دەترسن کۆنترۆڵی ئەو هێزە نیشتمانیە لە دەستی یەکێکیان بمێنێتەوە ئەوی تریان لاواز بکات، لە لایەکی تریشەوە نەبونی هێزی نیشتمانی زامنی مانەوەیان لە دەسەڵات مسۆگەرتر دەکات، هەربۆیە یەکێتی و پارتی هێزیان بۆ پاراستن و بەرگری لە خۆیانە نەک پاراستنی نیشتمان، هەر ئەمەشە هۆکاری شکست لە باشور و بەردەوامی بەرخودان لە رۆژئاوا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٢٧ی جانیۆیری ٢٠١٨

## عەفرین لە بەراوردی هێزی داگیرکەری تورک و بەرخۆدانی گەلەکەمان!



**ئاسۆ حامدی**

تاکە هێز کە گەلی ئێمە هەیبێ بۆ بەرگری هەڤانیەتی مەسەلەی گەلەکەمانە کە دەمانەوێ بە ئازادی و ئاشتی بژین لە کۆمەڵگای فرە کەلتوری وەکو شاری قەشەنگی عەفرینا رەنگین. ئەوە بۆ چەندین رۆژە بەرگریەکی بێ وێنە دەکرێ بەرامبەر هێزێکی سەربازی کە خۆ بە دوەم سوپای ناتۆ دەناسێ و توانای برینی سنوری چیا و گردەکانی عەفرینیان نیە سەرەڕای ئەم هەمو ئیمکاناتانەی لەبەردەستیانە. تاکە ترسمان دوبارە بونەوەی ئەو وەزعەیە کە کورد لە شەڕ سەردەکەوێ و لە ئاشتی دەدۆڕێنێ.

هێزی فاشیزمی ئەردۆگان زۆر هۆکاری بەدەستەوەیە، هێزی سوپا و چەکی ناتۆ، هێزی دیپلۆماسی و هێزی میدیای زەبەلاح، بەڵام ناتوانێ روی داگیرکەر و رق و کینەی دژی نەتەوەی کورد ماکیاژ بکات. ئەو کابرایە هەمو کێشە ناوخۆییەکانی بەشێوەی جیاجیا تەسفیە کردو بۆی چووەتەسەر. هەر لە چوارچێوەی ئینقلابە کارتۆنیەکەی جەماعەتی گولەن، تا دەگاتە هێرشی بۆ سەر هەدەپە و زیندانی کردنی سەرکردە قارەمانەکانیان و گێڕانەوەی تورکیا بۆ بازنەی سەرکوتی ئیسلامیستی و زیندوکردنەوەی خەونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. ئەمجارەش لە کاتی ریفراندۆم هەمو هێزی خستەگەڕ دژی گەلی کوردو هەمو ئاوات و خەونەکانی نەتەوەی کوردی بۆ چەندین دەیە دورخستەوەو رابەران و سەکردە سیاسیە کوردەکانی خستە ژێر پرسیارەوە و بەشداربو لەم گەلە کۆمەکیە ئیقلیمیەی کە کوردی لە باشور بەم دەردە برد. دوبارە هاتینەوە سەر مەقولەی کورد تەنها چیاکان هاورێمانن.

دژایەتی حکومەتە فاشیستەکانی ناوچەکە و یەکگرتنیان لە کاتی پێویستدا دژ بە مەسەلەی کورد شتێکی نوێ و شاراوە نیە. هەمو فاشیزمی گەلە بالا دەستەکان هەمان هەنگاویان ناوە جا چ فاشیزمی فارسی، عەرەبی یان تورکی بێت. ئەردۆگان بەئاشکرا هەمو گەلی کورد دەکاتە تیرۆریست، بەڵام خۆی ئەم هەمو کارە تیرۆریستیە دەکات سنور دەبرێ ژن و منداڵ و پیر و داروبەرد تۆپباران دەکات خۆی فریادرەسەو دژی گەلی کورد نیە، بەڵکو دژی پەکەکە و پەیەدەیە. وا دەزانێ نەوەی کورد بەمە فریو دەخوا، هێرش بۆ سەر عەفرین بەمانا وشەکە سەرەتایەکە بۆ سەرکوتی هەر بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی کورد لە ناوچەکە، بە خودی کوردە بە کرێگراوەکانیشەوە هیچیان پێ رەواناببینێ.

دور لە سۆزی نەتەوەیی، بە زانستی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرسە زۆر گرنگە و هێز و تواناکانی گەلی خۆمان بزانین، بەڵام ئیرادەی گەل گرنگە دەبێ میللەت گرەو لەسەر ئەم ئیرادەیە بکات و قوربانی بۆ بدات، بەڵام هێشتا کافی نیە. دەبێ لاوانی گەل لەم نێوەدا هەمویان یەک راو هۆشیاربن. چونکە هەر ئیرادە و سۆزی نەتەوەیی کافی نیە، بەڵکو لە کاتی شەڕدا دەبێ دیسپلین و خوتەی شەڕ و چەک و تفاق و فرت و فێڵ و تاکتیکی سەربازی و خۆشاردنەوەو هەڵاتن و ئینسحاب و هێرش و بەڕێوەبەری دروستی دەوێ. لە هەمان کاتدا گەل دەبێ بەردەوام زەخیرەی کافی لانیکەمی بەرەنگاری هەبێ و دواتریش ئەلتەرناتیڤی جیاجیای هەبێ.

هێزی ئەڵتەرناتیڤمان بۆ بەرگری لە عەفرین چاکترین رێگا و ناخۆشترین یان راپەرینی شارەکانی کوردستانی باکورە، هەر لە ئامەد تا ئەستەنبۆل دەبێ گەل دەست بۆ نارەزایەتی جیاجیا ببات. ئەگەر ئەمە بو ئیدی سوپای

تورکیا ناتوانێ بچێتە نێو عەفرین و ئەڵتەرناتیڤەکانیان یانی سوپای ئازادی بەکرێگیراویان بە کوردەکانیشەوە ناتوانن هیچ کاریگەریان هەبێ. بۆ ئەم هەنگاوەش دەبێ رابەرێکی وەک سەلاحەدین دەمیرتاش لە کوردستانی باکور هاوار بکات گەل برژێنە سەر شەقام و ئیتر گەل تەحەمولی نەما چۆن بۆ کۆبانی کردیان ئاواش دەبێ بۆ عەفرین بکرێت، ئەمەش قوربانی دەوێ. هەروەها هەمو گەل لە پشتیوانی بەردەوامدا بێ ئەوکات عەفرین تواناى خۆڕاگری دەبێ. ئەگینا تورکیا ئەگەر لە شەڕیش شکستی هێنا ئەوە بە فێڵێکی دیپلۆماسی و تەنازولێکی ئیقلیمی گرەو دەباتەوە.

کورد ئەگەر یەکگرتوبێ چ سەرکەوتو چ ژێرکەوتو قازانجی زۆرترە لە پارچە پارچەیی، عەفرین دیسان شەقامی کوردی یەکخستەوە هەمو گەل دژی ئەم شەڕەیە و بەگشتی هەموی پشیتوانی یەکن.

بەرگری سەربازی گرنگە لە چوارچێوەی مەسەلە سەربازیەکان، بەڵام گەلی ئێمە دەبێ هەمو وەسایلەکانی تر بگرێتە خۆ. ئەم هەژاریەی گەلەکەمان تەواو نابێ لە هەمو مەیدانەکانی بەرهەمهێنان و دیپلۆماسی و میدیایی دا بەڵام مەسەلە ڕەواکانمان ئیرادەی بەهێزی ئێمەیە ئەمەش دەبێ بە زیرەکانە بەکاریان بێنین نەک نەک وەک ئەوەی کە هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٢٧ی جانیۆیری ٢٠١٨



# ئامانجەکانی تورکیا لە داگیرکردنی عەفریندا



**بایز رەشید**

دەریای سپی ناوەڕاست بە درێژایی دو سەدەی رابردو جێگەی بایەخی وڵاتانی جیهان بوە، هەر نەتەوەیەک لە روی ئابوری و بازرگانی و پیشەسازی پێشکەوتنیی بەخۆیەوە بینیبێت. ئەوا یەکەم هەنگاوی پاوانخوازیی، چاوی بڕیوەتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست. ململانێی فەرەنسی و ئینگلیزەکان لەسەردەمی شەڕەکانی ناپلیۆندا بەشێکی زۆری لە سەر دەستبەسەراگرتنی ڕێڕەوەکانی دەریابوە. بۆیە هەر لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەسەندنی پیشەسازی لە ئنگلتەرەدا هەوڵی ئەوەیانداوە دەست بەسەر دەروازەکانی دەریاوانیدا بگرن، کە دواتر توانیان تەواوی بەندەرەکانی دەریای ناوەڕاست لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا کۆنترۆڵبکەن. بەهەمانشێوە هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر کوردانی رۆژئاوا و کانتۆنی عەفرین وابەستەیە بە پرسی هەژمونی ڕێرەوی دەریاییەوە.

لە دیدگای زانای جیۆپۆلیتکی سەدەی نۆزدەهەم (ئالفرید ماهان)وە ڕێڕەوە دەریاییەکان بە یەکێ لە توخمە گرنگەکانی دەوڵەتداری دادەنرێن، کە لە ڕێگەی هەژمونی دەریاییەوە نەتەوەیەک دەتوانێت سیاسەتی دەرەکیی بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە ئەنجامبدات. لەو ڕێگەیەوە هەژمونی خۆی لەروی بازرگانیەوە بەسەر جیهاندا بسەپێنێت. بە نمونە وڵاتی بەریتانیا بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم هەژمونی بەسەر سێ بەشی جیهاندا هەبوە کە لە هەژمونی بەسەر ڕێڕەوەکانی دەریاوە سەرچاوەی گرتوە، ئەوکات کۆی ڕێڕەوە کەشتیڕانە دەریاییەکانی لە بەردەستدا بوە هەر لە دەریای ناوەڕاستەوە تا دەگاتە جەبەل تارق و گەروی مالگا لە نێوان چین و یابان و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیادا.

هەژمونی بەریتانیا بەسەر دەریای ناوەڕاست کە ئەفریقاو ئاسیاو ئەوروپا بەیەکدەگەیەنێت و هەروەها بەسەر گەروی مالکا لە ئاسیای دور و باکوری رۆژهەلاتی ئاسیا، کە هیندو چین و ژاپۆن و ئەوروپیەکان لەم گەرووە ئالوگۆڕی بازرگانی ئەنجامدەدەن، سەرەڕای ئەمانەش هەژمونی بەسەر بەندەرەکانی (جەبەل تارق) و (رەئس رەجا صالح) بەریتانیەکانی بە درێژایی سەدەی نۆزدەهەم وەک زلهێزی جیهان هێشتەوە، کە کۆی گەروەکانی کەشتیرانیی جیهان بە زالگەکانی ئینگلیزاکاندا گوزەریان دەکرد.

پوکانەوەی پێگە و هەژمونی ئینگلیزەکان بە لەدەستدانی بەندەرەکان دەستی پێکرد کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا زلهێزی تری وەک ئەمەریکا بەدەرکەوت کە بەرێگەو میکانیزمی جیاواز دەستی بەسەر بەندرە گرنگەکانی جیهاندا گرت و لەو رێگەیەوە بۆ ماوەی سەدەیەکە هەژمونی خۆی بەسەر جیهاندا سەپاندوە، کە لە رێگەی رێکەوتنامەوە لەگەڵ ولاتانی سەر بەندەرەکاندا دەسەلاتی دەریایی مسۆگەرکردوە. لەبەرامبەردا روسیا بەهەمانشێوە لە رێگەی سوریا و ئێران ولاتی میسری عەرەبی لە سەر دەریای ناوەڕاست پێگەی خۆی پتەو کردوە، بۆیە جەنگەکان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەسەر کۆنترۆلکردنی بەندەرەکانی دەریا بەردەوام دەبێت کە لەناویاندا تورکیا زیاتر لە هەمویان چارەنوسی ولاتەکەی بە شێوازی هەژمونی هێزە رکابەرەکانەوە بەستراوەتەوە.

هەرگرنگی دەریایە کە پێگەی ناودەوڵەتی تورکیای بەهێزکردوە کە لە رێگەی گەروی بۆسفۆرو دەریای رەش و دەریای ناوەڕاستەوە ئاسیاو ئەفریقا و ئەوروپا بەیەک دەگەیەنێت، بەمەش ئەنکەرە توانیویەتی لەسەر ئاستی ناودەڵەتی سود لە پێگەی جیۆپۆلەتیکی خۆی وەربگرێت و لەسەر ئاستی نێونەتەوەییش لە ناوەندەکانی بڕیارداندا قورساییەکی تایبەتی هەبێت.

تورکیا وێڕای هێشتنەوەی هەژمونی بەسەر دەریادا لە هەوڵی ئەوەدایە کە هیچ هێزێکی تر جێگەی نەگرێتەوە بەتایبەت گەیشتنی کورد بە دەریا بە مەترسی بۆ سەر پێگەی خۆی دەزانێت، بۆیە ئەنکەرە بە پێشڕەوییەکانی کوردانی رۆژئاوا توشی هیستریا بوە، بە تایبەت کاتێک شەڕڤانان لەرێگەی بەیەکگەیاندنی کانتۆنەکانی جەزیرە و عەفرینەوە دەگەنە سەر دەریای ناوەڕاست کە بەمەش وێڕای رزگاربونی کوردانی رۆژئاوا کوردانی باشوریش زەمینەیەکی باشتریان بۆ دەڕەخسێت کە چیتر وابەستەو ملکەچی تورکیا نەبن.

داگیرکاریەکانی سوپای تورکیا لە جەرابلوس و باب و ئێستاش لە عەفرین رێگری کردنە لە نزیکبونەوەی کوردانی

رۆژئاوا بە رێرەوە دەریاییە ناودەوڵەتیەکان. ئەنکەرە لە هەوڵی ئەوەدایە کە وەک رێرەوی ترانزێتی وزە رۆڵ ببینێت، هەوڵەکانی لە بنیاتنانی هێڵی گواستنەوەی وزە ناسراو بە (یەلۆ ستریم) و(تورکیش ستریم) و (باکۆ - تیبلیس - جیهان) بەشێکی سەرەکی سیاسەتی دەرەکی (ئەنکەرە)ن کە ئەم هێڵانە دەتوانن سەرچاوەکانی وزە لە روسیاو ئاسیای ناوەڕاستەوە رەوانەی بازاڕەکانی وڵاتانی پیشەسازی ئەوروپا و رۆژئاوا بکەن. تورکیا ئامانجیەتی وەک تاکە رێرەوی سەرەکی وزە لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە و لە رێگەی ترانزێتی وزەوە لە سەر ئاستی جیهان رۆل بگێرێت و بەو هۆیەوە ناوەندەکانی بریاردان لە سەر ئاستی جیهان ناچاربکات بە بەرژەوەندی تورکیا بڕیاردەربکەن.

رێڕەوی کەرکوک - جیهان یەکێکی ترە لە هێڵە گرنگە ستراتیژیەکانی جێئومێدی ئەنکەرە کە لەو رێگەیەوە گەمە سیاسیەکانی خۆی لە عێراق و کوردستاندا درێژەپێدەدات. بۆیە بەسەرکەوتنی کوردانی رۆژئاواو مانەوەی دەسەڵاتی کورد لە عەفرین دەبێتە هۆی لە دەستدانی ئەم کارتە سیاسیەی بەردەست ئەنکەرە لە ناوچەکەو پێگەی تورکەکان هێندەیتر لەسەر ئاستی  ناوچەکەو جیهان لاوازتر دەبێت. لەبەرئەوە ئەنکەرە هەوڵدەدات بەهەر شێوەیەک بێت رێگری بکات ئەم دەروازەیە نەکەوێتە دەست کوردان، چونکە لەئاییندەدا نەوت و گازی باشوری کوردستان و بازرگانی ناوەڕاست و باکوری عێراق لەم رێرەوەوە ئەنجام دەدرێت، ئەمەش بایەخی جیۆپۆلەتیکی تورکیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی پێدێنێت.

هەربۆیە دوای دروستبونی کانتۆنەکانی جەزیرە و کۆبانێ، تورکەکان توشی حاڵەتی هیستریا بون لەرێگەی پرۆکسیەکانیەوە لەناو سوریا هێزیان گەیاندە جەرابلوس و باب بەمەبەستی دابڕاندنی عەفرین لەم دو کانتۆنە. بەڵام دوای ئەوەی تورکیا بۆی دەرکەوت ئەمە سودی نیەو کانتۆنی عەفرین توانی بەتەنها خۆی رێکبخات و بەڕێوەبەرایەتی خۆجێیی دابمەزرێنێت، هاوکات لە رێگەی ئەمەریکاو روسیاوە شکستیهێنا ئەم کانتۆنە هەڵبوەشێنێتەوە، پەنا دەباتە بەر پەلاماردانی سەربازی بۆ سەر عەفرین. تورکیا پەلەقاژەی مەرگیەتی، لەسەرئاستی جیهان هیچکام لە ئەمەریکاو ئەوروپا متمانەیان بە ئەنکەرە نەماوە و روسیاش لە بەرژەوەندیدا نیە هەژمونی تورکیا لە سوریا پەرەبسێنێت و لەسەر ئاستی ناوچەکەش  کاریگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەڵکشاندایە، پێشێلکاریەکانی ئەنکەرە لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی سەروەری یاساو پەرلەمان، دەرفەتی بەئەندامبونی ئەو وڵاتەی لە یەکێتی ئەوروپادا ئەستەمکردوە کە هەریەکە لە فەرەنسا و ئەڵمانیا چەندین جار راشکاوانە ئەندامبونی ئەنکەرەیان رەتکردوەتەوە، بەمەش تورکیا کەوتوەتە تونێلێکی تاریکەوەو



سەرچاوە
Serchawe

بەمزوانە گەڕانەوەی تروسکایەک بۆ سیاسەتە پاوانخوازیەکانی ئەردۆگان بە ئەستەم دەبینرێت.

کوردانی رۆژئاوا لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا توانیویانە بە هەوڵ و فیداکاری و سیاسەتی لێوەشاوەیان دەوڵەتی تورک توشی هستیریا بکەن و بڕبڕەی پشتی پێگەی ستراتیجی و جیۆپۆلەتیکی تورکیا بشکێنن و سەرنجی جیهان بۆ لای خۆیان کێشبکەن. ئەمەش بە نزیکبونەوەیان لە دەریای ناوەراست و رەخساندنی هەلی گواستنەوەی وزەی هەرێم لەم رێرەوەوە لەبری رێرەوەکانی تورکیا. وێڕای ئەوەی کوردانی رۆژئاوا ئامادەیی تەواویان تێدایە کە عەفرین لە بەردەم هەر هەڕەشەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی بپارێزن، وڵاتانی ناوچەکە و جیهان رێگە بە دەست درێژکاری تورکیا نادەن بە تایبەت هەژمونی تورکیا لە رۆژئاوا لە بەرژەوەندی هیچکام لە ئەمەریکاو روسیادا نیە، لە هەمانکاتیشدا ئێرانیەکان سودمەند نابن لە بونی تورکەکان لەم ناوچانەدا.

بەکورتی داگیرکارییەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر جەرابلوس و باب و هەڕەشەکانیان بۆ سەر کانتۆنی عەفرین چەندین ئامانجی سیاسی و ئابوری جیۆپۆلەتیکیان لە پشتە، شکستهێنانی تورکیا لە عەفریندا دەبێتە هۆی ئەوەی تورکیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو لاوازی هەنگاو بنێت و پێگە ناوچەیی و ناودەوڵەتییەکەی لە دەستبدات. وێڕای ئەوەی کە چیتر ناتوانێت کوردانی باشوری کوردستانیش وەک بارمتە بەکاربهێنێت، بۆیە عەفرین لە روی جیۆپۆلەتیکی و ستراتیجیەوە بۆ هەرێمی کوردستانیش زۆر بایەخدارەو تەنها لەم دەروازەیەوە هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە ژێر هەژمون و چەپۆکی گەمەکانی ناوچەکە رزگاربێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٢٧ی جانیۆری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# عەفرین و سروشتی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست



**سەردار عەزیز**

عەفرین تاکە جێگابو لە ناو خاکی سوریا کە وێران نەبو بو، هەروەها هیچ هێزێکی بیانی تیادانەبو بە شێوەیەکی راستەوخۆ. تورکەکان لە هەوڵی ئەوەدان ئەم پانتاییە بگرن بۆ خۆیان یان بیخەنە ژێر دەستی هێزە لایەنگرەکانیان. بەڵام جەنگی عەفرین تەنها جەنگی نێوان کورد و تورک نیە لە سەر خاکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو جەنگێکە؛ دەکرێت بڵێین وەک هەمو جەنگەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە رەهەندی لۆکاڵی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیشی هەیە.

سوریا وەک عێراق، وەک دەوڵەتێکی مۆدێرنی دروستکراو تەمەنی نزیکەی سەدەیەکە. بە هاوشێوەی عێراق لەم تەمەنە کورتەیدا بەردەوام لە سایەی کودەتای سەربازو هێزی نادیموکراتیدا بوە. بە گشتی سوریا نەبوەتە دەوڵەتێکی خاوەن پایەکانی مۆدرێن لە روی حوکمداری و سیستەم و ئابوری و کۆمەڵگاوە.

ئەم لاوازیەی دەوڵەت و حوکمداری لە ناوچەیەکی زۆر ئاڵۆز و ستراتیژی گرنگی وەک رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەهایکردوە ئەم خاکە ببێتە گۆڕەپانی ململانێی هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکان. بۆیە هێشتا کاتێک کە دێتە سەر ئەم دەوڵەتانەی وەک سوریا و عێراق پرسیاری سادە و سەرەکی وەڵامی نیە: ئایا ئەم پانتاییانە یان ئەم خاکانە خاک و پانتایی کێن، کێ مافی ئەوەی هەیە کە بیانبات بەڕێوە، کێ بیانکاتە نیشتمانی خۆیان. لەگەڵ خاوەنداریتیدا، هەروەها کێشەی ئەوە هەیە ئایا ئەم پانتاییانە ناوچەی نفوزی کێن؟ یان ناوچەی کەلتوری و مێژویی کێن؟

نەبونی وەڵامی رون بۆ ئەم پرسیارانە، وەها دەکات رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، ناوچەیەک بێت کە جێگای ململانێی هێزە ئیقلیمی و جیهانیەکان بێت، چ بە هۆکاری ململانێیان لە گەڵ یەکتردا لە نێو هێزە ئیقلیمیەکاندا، چ بە هۆکاری ململانێی نێوانیان لە گەڵ هێزە نیودەوڵەتیەکاندا.

تورکەکان وەهایان لە سوریا دەڕوانی کە ناوچەی مێژویی و کەلتوری و تایفی خۆیانە. دەسەڵاتی ئەمڕۆی تورکیا هاوشێوەی دەسەڵاتی سەردەمی سوڵتان عبدالحمیدە. عبدالحمیدی دو کە لە ساڵی (١٨٧٦ بۆ ١٩٠٩) حاکم بو هەوڵیدا هاوشێوەی شاژن ڤیکتۆریای بەریتانیا، جوت چەمکی لە دەسەڵاتیدا بهێنێتە ئاراوە. لەو رۆژگارەدا ڤیکتۆریا چەمکی شاژن - ئیمپراتۆری هێنایە ئاراوە و خۆی کرد بە ئیمپراتۆری هیند لە ساڵی (١٨٧٧). بە هەمانشێوە عبدالحمید چەمکی سوڵتان-خەلیفەی هێنایە ئاراوە، بۆ ئەوەی خۆی وەک حاکمی پان - ئیسلام ببینێت بەتایبەتی سوننە. لەم روەوە سوریا وەک خاکی خەڵکێکی زۆرینە سوننە دەبینرا کە ناوچەی دەسەڵاتی عوسمانی بێت. ئەمڕۆ ئەم خەونە لەلایەن ئەردۆگانە زیندودەکرێتەوە.

بە هەمانشێوە روسەکان و ئێرانیەکان هەریەک بە دیدی خۆی بنەمای ئەوەیان بۆ خۆیان داڕێژاوە کە مافی ئەوەیان هەیە کە لە سەر ئەو خاکە بن. روسەکان لە ماوەی سەدەی رابوردودا بە هۆی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەماون. ئامادەبونیان لە سەردەمی شەڕی سارددا، زیاتر لە رێگای ئامرازی ئایدەلۆژیەوەبو. دیارە بە خیتابێکی جیاوازتر. ئەمڕۆ هاتنەوەیان هاوشێوەی هاتنەوەی دەوڵەتی ئاساییە لە گەڕان بە دوای نفوز و بەرژەوەندی و هێزدا. بە تایبەت کە روسەکان هەمیشە ئامانجی ئەوەیان هەبو کە چۆن بگەنە سەر ئاوە گەرمەکان چ کەنداو چ دەریای ناوەڕاست.

دەربارەی ئێران زۆر وتراوە.. ئەمەریکاییەکان نوێن لە سوریا. لە مێژوی رابوردوا بە شێوەی راستەوخۆ ئامادەییان نەبوە. ئەم نوێبونە دەرفەتیان دەداتی کە کاریگەرییان هەبێت لە سەر خاکێک کە جێگای ململانێی هێزەکانی ترە. بە هۆی نوێبونیان ئەمریکاییەکان لە سوریا دۆستییان نیە. دۆستایەتی لە گەڵ کورددا دەرفەتیان بۆ دەرەخسێنێت کە بەشێک بن لە بڕیاری داهاتوی ئەو وڵاتە. بەڵام ئەم کارتە ئاسان نیە.

*ئەوەی لە هەمو ئەمانەوە بەدەستی دەهێنین ئەمانەی خوارەوەیە:*



سەرچاوە Serchawe

***یەکەم،*** ولاَتانی رۆژهەلاَتی ناوەڕاست دەستکردن لە ناوچەی ستراتیژیدا. ئەگەر لە ناوەوە نەتوانن قەیرانی خۆیان چارەسەر بکەن ئەوا خێرا دەبنە جێگەی ململانیی هێزە دەرەکیەکان

***دووەم،*** هێشتا لە کۆمەڵگای نیودەوڵەتیدا ئەم ناوچەیە بە لاواز دەبینرێت. ئەم لاوازیە بووەتە مایەی ئەوەی کە هەموان دەمیان ئاو بکات بۆ ئەوەی ئامادەییان هەبێت تیایدا.

***سێیەم،*** کە هەمو خواستی ئامادەیی هەیە: ئەم خواستە پاڵنەری ئەوەیە کە هەموان هەوڵی هاتن بدەن بۆ ناوچەکە.

***چوارەم،*** کاتێک هەمو دێن، هەمو بە دوای پرۆکسی ناوخۆییدا دەگەڕێن ئەوا ململانێکان زیاتر درێژە دەکێشێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٢٧ی جانیوێری ٢٠١٨

## عەفرین لە سات و سەودای وڵاتاندا



**بورهان شێخ ڕەئوف**

ئێستا عەفرین سەردێڕی هەواڵە گەرم گوڕەکانی زۆرێک لە میدیاکانی ناوچەکەو جیهانە ئێستا عەفرین و هەموو گوندەکانی کە (٣٥٠) گوندی هەیە گۆڕەپانی ئامانجی شەڕێکی داسەپاو و نەخوازراوە بە بیانووی ئەوەی هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی ئیستراتیجی دەوڵەتی تورکیا.

عەفرین دەکەوێتە لای سەروی باکوری ڕۆژئاوای سوریاوە و ڕووباری عەفرین تێیدا تێپەڕ دەبێت و شارۆچکەی ئەعزاز دەکەوێتە خۆرئاواییەوەو و شاری حەلەبی ئیستراتیجی و پایتەختی ئابوری سوریا دەکەوێتە باشوورییەوە

هەروەها لە ڕووی کارگێڕیشەوە سەربە ئەوێیە، هەروەها لە باشووری ڕۆژئاواشەوە شاری ئەدلیبە واتە دەکەوێتە سەر سنووری تورکیا لە باکوورو ڕۆژئاواوە.

عەفرین ناوچەیەکی شاخاوی جوانە کە ڕووبەرەکەی نزیکەی ٣٨٥٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە واتە لەسەدا دووی ڕووبەری خاکی سوریا پێکدەهێنێت و لە ڕووی جوگرافیەوە لە ناوچەو کانتۆنەکانی تری خۆسەری بەڕێوەبەری دوورەو بە یەک ناگەن و لە ناوچە کوردنشینەکانی ترەوە تاڕادەیەک دوورە.

عەفرین لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی سوریا ڕاستەوخۆ لە لایەن یەکینەکانی پاراستنی گەلی و یەکینەکانی پاراستنی ژنەوە پارێزگاری لێدەکریت و بنکەو پێگەو سەنگەری بەهێزی بەرگری بۆ دابین کراوە، کە بە هەزاران شەڕڤان مەزەندە دەکرێت و هەندێک سەرچاوە باس لە زیاتر لە (٥٠) هەزار کەس دەکەن بۆ یە پێناچێت ئەو شەڕە وا بە ئاسانی یەکلایی بکرێتەوە.

عەفرین هەرچەندە شارێکە لە سەر کەناری دەریا نییە، بەڵام نزیکترین خاڵ و پێگەی کوردە لە دەریایی سپی ناوەڕاستەوە بۆ داهاتووی دامەزراندنی هەر قەوارەیەکی کوردی و تەنها ترس و نیگەرانی دەوڵەتی تورکیاش هەر لەم گریمانەیە، بۆیە وا بەهێز توانای گەورەی سەربازی پێشکەوتوو سیستمی ڕۆکیتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و هاتۆتە مەیدان و وەکو سەرۆک کۆماری تورکیا ئەردۆگان دەڵێت نەک هەر عەفرین بەڵکو تا سنوورەکانی عیراقیش دەڕۆین.

هەموو ئەم لەشکرکێشی و پەلامارو ئۆپەراسیۆنانە، لە ناوچەیەکدایە کە سەقامگیرترین شوێنی سوریاو لەهەمانکاتدا گونجاوترین پەیوەندی هەیە لە نێوان هەموو پێکهاتە ئتنیکیە جیاوەزەکاندا.

بەڵێ لە کاتێکدا ئەم ئۆپەراسیۆنە ئەنجام دەدەرێت یەکینەکانی پاراستنی گەل باشترین پەیوەندی و هەماهەنگیان لە گەڵ هێزە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لەلایەک ڕوسیا لەلایەکی ترەوە هەیە، تاکار گەیشتە ئەوەی ڕوسیا خەڵاتی فەرماندەی گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل سیبان حەمۆ بکا بە مەدالیای قارەمانی لە پلەی باڵا لە سوتشی.

بەڵام ئێستا دەبیستین و دەبینین وا هێزەکانی ڕوسیا بنکە و بارەگاکانیان چۆڵ دەکەن لە عەفرین، لە کاتێکدا عەفرین ئارامترین و سەقامگیرترین شارە لە هەموو سوریادا پێچەوانەی هەموو ئەو پاساو و لێدوانانەی تورکیا و ئەردۆگان کە دەڵێن عەفرین هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی ئیستراتیجی تورکیاو هێزی تیرۆریستی داعشی لێ یە، لە کاتێکدا لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەموومان شاهیدی ئەو ڕاستییەین کە هێزە تیرۆریستیەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بە درێژایی چەندین کیلۆمەتر لە سەر سنوورەکانی تورکیا بوون دەوڵەتی ئەکەپەو ئەردۆگان هیچ ڕۆژێک ئەم نیگەرانی و ترسەیان پیشانی کەس نەدا.

ئەوەی جارێکی تر گومانی مێژوویی کورد لە ڕووسەکان زیندوو دەکاتەوە دوای کۆماری کوردستان لە مهاباد ساڵی ١٩٤٦ هەڵکردنی چرای سەوزی ڕووسیایە بۆ تورکیای ئەردۆگان، کە پەلاماری عەفرین و تەواوی ڕۆژئاوای کوردستان بدات، لە بەرامبەردا بەشداربوونی ئەنقەرە و هێزە وابەستەکانی لە ئۆپۆزەسیۆنی سوریا لە کۆنگرەی ئەستانە کە مۆسکۆ سەرکردایەتی دەکات.

ئێستا خێرە لە شارێکی وا ئارام و سەقامگیر و بێ کێشەدا ئۆپەراسیۆنێکی وا زەبەلاح ئەنجام بدرێت و پەلاماری خەڵکی سڤیل و بێتاوان بدرێت،ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت لە جەنگی عەفرین نەک گۆڕینی نەخشەی هاوپەیمانێتیەکان لە سوریا بەڵکو نەخشەی هاوپەیمانێتی لە ناوچەکەش دەگۆڕێت بە تایبەتی هاوپەیمانێتی چوار قۆڵی لە نێوان تورکیا و ئێران و ڕوسیا و سوریاو بە تایبەتی مانەوەی ئەسەد و هەوڵدان جێگیرکردنەوەی . ماوەتەوە بڵێین ئایا گەلی کورد جگە لە عەزم و ئیرادەی پۆڵایینی شەڕڤانەکانی لە شەڕێکی وا نابەرابەردا چ شتێکی هەیە؟

یان هەر وتە کۆنەکەی جاران بڵێینەوە کورد جگە لە چیاکان دۆستی تری نیە .

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوی - ڕێکەوتی: ٢٨ی جانیۆری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## داستانی ئەفرین!



**کاروان یاروەیس**

وادیارە داستانی بەرگریی ئەفرین سەرلەبەری ئەو بۆچونو هاوکێشانە دەگۆڕێت، کە پێیانوایە، لەسەردەمی ئێستادا، تەکنەلۆژیای تازەی جەنگو هێزی فڕۆکەو چەکو ئامێری پێشکەوتوی جەنگیی ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێ لە شەڕدا، نەک ئیرادە و هێزی دەروونیو جەستەیی مرۆڤ.

پێشتر جەنگی ئەمریکا و ڤێتنام لە سەدەی ڕابردودا، ئەم ڕاستیەی سەلماند، کە بەرگریو باوەڕی گەلان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی داگیرکەران زۆر گرنگە، بۆیە ڤێتنامیەکان بە توانایەکی سەربازیی سنوردارو لاواز، بەڵام ئیرادەی نیشتمانیی بەهێز، زلهێزێکی گەورەی وەک ئەمریکایان تێکشاند.

ئەوسا بۆ ئێستا، لە جەنگی ڤێتنامەوە بۆ ئۆپەراسیۆنی داگیرکردنی ئەفرین، تەکنەلۆژیای جەنگ بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پەرەیسەندووە، گەلێکی بێدەوڵەت و تازە ڕزگاربوو، ئەفسانەی تیرۆریزمی داعشی لەکۆبانێ شکاندو ئێستاش لەسەروبەندی ئەوەدایە، وڵاتێکی داگیرکار، کە ئەندامی (ناتۆ) و خاوەن سوپا و جبەخانەی گەورەیە، تێکبشکێنێ.

گەلانی بێدەوڵەتو وڵات زەوتکراو، هەرگیز لەبەردەم پەلاماری وڵاتانی داگیرکاردا شکستیان نەهێناوە، ئەنجامەکەی تێکشکانی داگیرکارە یان کەوتنە، لەهەردوو بارەکەدا گەلانی ئازادیخواز سەرکەوتوون، چونکە کەوتنیشیان پاش بەرگریو پیشاندانی ئازایەتی ڕوویداوە.

بەدرێژایی مێژوو، بەتایبەتی لە سەد ساڵی ڕابردودا، کورد ڕووبەڕووی دەیان پەلاماری دڕندانەی داگیرکاریو قڕکردن بۆتەوە، ڕاستە لەڕووی مرۆییو ژێرخانەوە زیانی گەورەی کردووە، بەڵام ئەگەر لە قۆناغێک کەوتبێ، لە قۆناغێکی تر بەهێزتر هەستاوەتەوە.

ئەم ئەزموونانەی مێژووی دوور و نزیک، دەیسەلمێنن، هێز و قڕکردن ناتوانێ پرسی ڕەوای گەلانی بێدەوڵەتو داگیرکراو چارەسەر بکات، زلهێزەکانیش ناتوانن هەمیشە لەسەرمێزی پیلانگێڕیدا، مافو چارەنوسی گەلان بە بەرژەوەندییە ئابورییەکانیان بگۆڕنەوە.

ئێستا زیاتر لەهەفتەیەکە، تورکیا نەک هەر خۆی، بەڵکو زیاتر لە (٢٥) هەزار چەکداری بەکرێگیراوی بەناو ئۆپۆزسیۆنی سوریی، پەلاماری (ئەفرین)یان داوە، کە شارێکی بچوکەو بە هێزێکی مرۆییو توانایەکی سەربازیی ئاسایىو باو (تەقلیدی) بەرگری دەکاتو نەیانهێشتووە هەنگاوێک بچنە پێشەوە.

ئەردۆگان خەونێکی گەورە چووە بە مێشکیدا و دەیەوێ وەک سوڵتانی نوێ (عوسمانی) خۆی وێنا بکاتو هەژموونو توانای تورکیا زۆر زیاتر لەقەبارەو سەنگی خۆی پیشانبدات، لەکاتێکدا بیری چۆتەوە، ئەم کارە بەتەنها بە (قیرە قیرِ)ی سەر مایکەکان نابێو بە ئامادەییو بەرجەستەیی لەمەیدانی شەڕو سیاسیەتدا دەبێ.

تورکیا وڵاتێکە ناتوانێ لەدەرەوەی سنوری خۆی شەڕی هەژموونو گۆڕینی هاوکێشەکان بکات، ئابورییەکەیو توانا سەربازییەکەیو نەفەسی لەمجۆرە شەڕدانەدا کورتو سنوردارە.

هەفتەیەک بەرگریی، جگە لەوەی نیشانەی ئیرادەی بەهێزی ئازادیخوازانی (ئەفرین)و شکستی تورکیایە. هاوکێشەکانیش بەجۆرێکی تر دەگۆڕێت. دەرفەت دەرەخسێنێ دەستپێشخەری تر دێتە پێشەوەو پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ کورد زیاتر دەبێت.

یەکێتیی ئەوروپا لە مشتومڕی ئەوەدایە، پەلاماری سەر (ئەفرین) بە داگیرکاری بناسێنێو بە ڕەسمی ئیدانەی بکاتو ڕێوشوێنی دیپلۆماتی بگرێتەبەر، هەڵوێستی ئەمریکا هێواش هێواش ڕوونتر دەبێتەوە.

شەڕی (ئەفرین) بەسەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی، زۆر هاوکێشە لەناوچەکەدا دەگۆڕێت، بەرگری (ئەفرین) و هاوکێشە ناوچەیی‌و نێودەوڵەتیەکانیش کاریگەری لەسەر چارەنوسی شەڕەکە دەبێ، بەڵام بەهەردوو بارەدا ڕەنگدانەوەی ئەرێنیی لەسەر باشووری کوردستانیش دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوی - ڕێکەوتی: ٢٨ی جانیۆیری ٢٠١٨

## عەفرینی خوێناوی لە بەرخۆدان بەردەوامە



**ئامادەکردنی: دیاری سابیر**

پەلاماری سوپای تورکیاو تاقمە چەکدارییە توندڕەوە هاوپەیمانەکانی بۆ سەر کانتۆنی عەفرین بەردەوامەو لە بەرامبەریشدا شەڕڤانان بەورەیەکی پۆڵایینو شێلگیرانەوە بەرەنگاریان دەبنەوە.

### کوژرانی دەیان سەربازو چەکدار

دوێنێش سوپای تورکیاو میلیشیا توندڕەوە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەی راجوی سەر بەکانتۆنی عەفرین ویستیان بەپاڵپشتی هێزی ئاسمانیو ژمارەیەکی زۆری تانکو زرێپۆش پێشڕەوی بکەن، بەڵام شەڕڤانان لێیان هاتنە دەستو پەلامارەکەیان تێکشکاند.

وێڕای بەردەوامی شەڕ لە ناوچەی راجو، ئاژانسی دەنگوباسی هاوار بڵاویکردەوە: لەشەڕێکی نابەرامبەردا لە ناوچەی عەلبیسکە لە کانتۆنی عەفرین، دەیان سەربازو چەکداری میلیشیاکانی سەر بەتورکیا کوژراونو شەڕڤانان تانکێکی تورکیایان تێکشکاندووە.

لە پەلامارەکەیدا بۆ سەر کانتۆنی عەفرین، سوپای تورکیا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی تۆپبارانو بۆردومانی ناوچەکان دەکاتو دەست لە شەهیدکردنو بریندارکردنی هاووڵاتیانی مەدەنی ناپارێزێت.

سەبارەت بەئاماری شەهیدو بریندارەکانی خەڵکی سڤیلی کانتۆنی عەفرین، جوان محەمەد بەرپرسی نەخۆشخانەی عەفرین رایگەیاند: لەسەرەتای پەلامارەکانی سوپای تورکیاوە بۆ سەر عەفرین، تائێستا ٨٦ مەدەنی شەهیدبوونو ١٩٨ی دیکەش بریندار بوون، کە لەنێوانیاندا ژمارەیەکی زۆر ژنو منداڵو خەڵکی بەتەمەن هەیەو ژمارەکانیش لە زیادبووندان.

هەروەها ئەنگیلا رەشۆ هاوسەرۆکی ئەنجومەنی تەندروستی عەفرین رایگەیاند: بەمەبەستی بەهاناوەچوونی بریندارەکان، تیمە تەندروستییەکانی خاچی سوری کوردیو کارمەندەکانیان شەوو رۆژ کاردەکەن، وتیشی: بەهۆی سەختیی بۆردومانو تۆپبارانەکانی سوپای تورکیاوە، زۆربەی شەهیدو بریندارەکان خەڵکی ناوچەکانی جەندرسەو راجونو تەنها لەماوەی یەک رۆژدا ٢٧ کەسی خەڵکی جەندریسە بریندار بوون.

لای خۆیشییەوە فران ئەکویزا نوێنەری یونسێف لە سوریا رایگەیاند: بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستیاندایە، بەهۆی بۆردومانو تۆپبارانی ناوچەکە لەلایەن سوپای تورکیاوە لانیکەم ١١ منداڵ لە عەفرین شەهید بوون.

## هەسەدە ئاماری پێکدادانەکان بڵاودەکاتەوە

دوو رۆژ لەمەوبەریش هەسەدە ئاماری شەڕو پێکدادانەکانی هێزەکانیانو یەپەژەو یەپەگە لەگەڵ سوپای تورکیاو چەکدارانی سەر بەتورکیا بڵاوکردەوەو لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند: لەسەرەتای پەلامارەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین، ٣٠٨ سەربازو چەکداری سەر بەتورکیا لەلایەن شەڕڤانانەوە کوژراون، کە لەناویاندا چوار فەرماندەی باڵا هەیەو تەرمی چوار سەربازی تورکیا کەوتۆتە دەست هێزەکانیان، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش برینداریان

هەیە.

هەسەدە رایگەیاندووە: هێزەکانیان دەستیانگرتووە بەسەر بڕێکی زۆر بەڵگەو چەکو تەقەمەنیو کەلوپەلی سەربازیدا، هەروەها چەندین تانکو زرێپۆشو ئۆتۆمبیلی سەربازیی تورکیا تێکشکێنراون.

ئاماژەی بەوەشکردووە: لەسەرەتای شەڕی بەرگرییەوە ٤٣ شەڕڤان شەهید بوون، لەگەڵ شەهیدبوونی ٥٩ کەسی مەدەنیو برینداربوونی ١٣٤ی دیکە.

## لیوای شۆڕشگێڕان ئامادەیە

هاوکات لەگەڵ بەردەوامیی بەرخۆدان، پەیتاپەیتا ژمارەی ئەو کەسو لایەنانە زۆر دەبن کە ئامادەن بچن بۆ عەفرینو شانبەشانی شەڕڤانان شەڕی بەرگریی بکەن. لەو رووەشەوە لیوای قەڵغانی شۆڕش سەر بەسوپای شۆڕشگێڕان ئامادەیی تەواوی خۆیان دەربڕی بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپای تورکیاو بەکرێگیراوانی لەسوریا. هەروەک پەیامێکیشیان ئاراستەی ئەو کەسانە کردووە کە لەپرۆسەی داگیرکاریی چڵە زەیتوونی سوپای تورکیا بۆ داگیرکردنی عەفریندا بەشدارن، بگەڕێنەوە سەر ڕێچکەی پرەنسیپی شۆڕشگێڕی. پەیامەکەشیان بەدروشمی (بژی سوریای ئازادو دیموکراتو فرەیی) کۆتاییهاتووە.

## شەڕڤانە بیانییەکان

بەهۆی پەلامارەکەی سوپای تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عەفرین، لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپاو وڵاتانی دیکەش خۆپیشاندانی نارەزایی دژی لەشکرکێشییەکەی تورکیا دەکرێتو داوای پاشەکشەی سوپای تورکیاو راگرتنی بۆردومانو تۆپبارانەکان دەکەن.

هەروەها بەمەبەستی بەرگریکردن لەکانتۆنی عەفرین، ژمارەیەکی دیکەی شەڕڤانانی بیانی گەیشتنە عەفرین بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپای تورکیاو لەو بارەیەوە بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە.



سەرچاوە
Serchawe

لەبەیاننامەکەیاندا شەڕڤانە بیانییەکان دەڵێن: دوژمنکاریی تورکیا بۆ سەر عەفرین پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانو دەستدرێژییەکی ئاشکرایە بۆ سەر مافی مرۆڤ. یەکێک لە شەڕڤانەکان کە خەڵکی فەرەنسایە، دەڵێت: چەند ساڵێک لە دژی تیرۆریستان جەنگاین، ڕێگەنادەین تورکیا ئەو خاکە داگیر بکات کە بەرۆحو خوێن ڕزگارکرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوی - ڕێکەوتی: ٢٨ی جانیوێری ٢٠١٨

## ئەوەی بۆ عەفرین دەکرێت، بۆچی بۆ کەرکوک نەکرا؟



**هیوا سەید سەلیم**

لەگەڵ بەرخودانی چەند ڕۆژەی عەفرین و خۆڕاگری شەرڤانان و خەڵکی عەفرین و گوندەکانی دەوروبەری لەبەرامبەر گەورەترین هێرشی داگیرکەرانەی دەوڵەتی تورکیا، لە کوردستان و وڵاتانی هەندەران چەندین چالاکی جۆراو جۆری پشتیوانی ئەنجامدەرێن، هەروەها لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیش دەبینرێت کە باس باسی عەفرینە، بۆیە خەلکانێک هەن کە دەپرسن ئەوەی ئێستا بۆ عەفرین دەکرێت بۆچی پێشتر بۆ کەرکوک نەکراوە؟

ئەوە پرسیارێکی بە جێیە، کە بۆچی لە ١٦ ئۆکتۆبەر ئەو کاردانەوەیە نەبینرا، ئایا کەرکوک و لە دەستدانی ئەو شارە و شار و شارۆچکەکانی تر شایانی ئەوە نەبوون کە وەک عەفرینیان بۆ بکرێت؟

کەرکوک کە زیاتر لە نیو سەدەیە رووبەرووی سیاسەتی (بەعەرەبکردن و راگواستن) دەبێتەوە، لە چەند ساڵی دوای رووخانی رژێمی سەدامیش دەرفەتێکی باشی بۆ رەخسا کە سێبەری سیاسەتی رەشی داگیرکەرانی لەسەر برەوێتەوە، وە کۆتایی بهێندرێت بەو غەدرە مێژووەیەی کە رژێمە یەک لەدوای یەکەکان دەرهەق بەو شارە و شارۆچکە تەعریبکراوەکانی تر کردوویانە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشی کە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، رژێمی سەدام رووخا، وە ئەو ناوچانەش لەلایەن هێزی پێشمەرگە ئازادکران، وە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ کورد زۆربەی جەمگە سەرەکیەکانی ئیدارەی ئەو ناوچانە لەدەستدا بوو، بەڵام نەک هەر نەتوانرا ئەو دەڤەرانە بخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، بگرە نموونەی ئیدارەدانی باشیش پێشکەش نەکرا.

دوای پرۆسەی ئازادی عێراق (پارتی و یەکێتی) کێشەکانی خۆیان لە هەرێمەوە گواستەوە بۆ ئەو ناوچانە، رکابەری حزبی و حزبایەتی کردنی خراپ و کاریگەری دوو ئیداری و دوو لەشکری و دوو ئاسایش بە زەقی بەسەر تەواوی ئەو ناوچانەو بەتایبەتیش بەسەر کەرکوک دیاربوون.

بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوەی لە (١٦)ی ئۆکتۆبەر روویدا، زادەی شکستی حوکمرانی حزبی بوو لە هەرێمی کوردستاندا، کە دواتر پرووشکی ئاگرەکەبەر کەرکوکیش کەوت، وە لەو رۆژەشدا شکستی سەربازی لێکەوتەوە، شکستێک کە نەتوانرا یەک رۆژیش لەو شارە بەرگری سەربازی بکرێت، کە زۆرێک لە چاودێران پێیان وایە، ئەوەی ئەمرۆ لە عەفرین دەگوزەرێت دەکرا لە کەرکوکیشبکرابایە بەڵام نەکرا.

خۆڕاگری عەفرین بەرامبەر یەکێک لە ١٠ سوپا بەهێزەکانی جیهان، دووەم سوپای بەهێزی ناو هاوپەیمانی ناتۆ هەفتەیەکی تێپەڕاند، ئەگەر بەراوردێک لە نێوان (عەفرین و کەرکوک) بکەین تێدەگەین خاڵە بەهێزەکانی پشتی بەرخۆدانی عەفرین بریتیە لە (ئیرادە و بڕوابەخۆبوون)، کە ئەو ئیرادەیە لە کەرکوک نەبینرا، نەبوونی ئەو ئیرادەیەش دەسەڵاتی کوردستان لێی بەرپرسە.

بۆیەشە بە بەرپرسانی هەرێم دەڵێین، ئەگەر ئەوەی لە عەفرین دەکرێت ئێوەش بتانکردایە ئەوسا مافی خۆتان بوو داوای هەمان پشتیوانی لە خەڵک و رای گشتی بکەن.

بەڵام کە ئەمەتان نەکرد، وە بە ماوەیەکی زەمەنی زۆر کورت ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستانیتان ڕادەستی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کرد، نا بێت نیگەران بن کە خەڵک حەماسی نەتەوەیی لەگەڵ بەرخودانی عەفرین بەرزبێتەوە و ئەو جۆرە پشتیوانیە لە بەرخۆدانی عەفرین بکات.

٢٦ ساڵە باشووری کوردستان ئازادە، دەبوو لە شوێنی هێزی وابەستە بە حزب هەرێمی خاوەنی سوپای یەکگرتووی نیشتمانی بوایە، ڕووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەر کەلێنی ئەو سوپا نیشتمانیەی پێوەدیاربوو، لەبەرامبەر ئەوەدا ڕۆژئاوا خاوەنی یەک هێزی یەکگرتوو و یەک ناوەندی بڕیاری سیاسیە بۆیە تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت گەورەترین هێزی سەربازی کە هێزی تورکیایە بە تانک و فڕۆکە و بەرزترین تەکنەلۆجیا هەفتەیەکە نەیتوانیوە زەفەر بە چەپەرەکانی شەڕڤانان ببات.

ئێستا تێدەگەن بۆچی ئەوەی بۆ عەفرین دەکرێت بۆ کەرکووک نەکرا، چونکە ئەوەی لە عەفرین دەکرێت ئێوە نەتانکرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ٢٨ی جانێوێری ٢٠١٨

## لە نێوان سووتاندنی بەغداد و هێرش بۆ سەر عەفرین: ٧٦٠ ساڵ لە داگیرکاریی



**ڕێبوار ڕەشید**

٢٩ - ١ - ٢٠١٨ ئەم ساڵ) مێژووی سووتاندنی بەغداد لەلایەن تورکانی مەغۆلەوە پێ دەنێتە ٧٦٠ ساڵ.

لە ٢٩ - ١ ساڵی ١٢٥٨ دا بوو کە تورکە مەغۆلەکان پاش ئابڵووقەدانی بەغداد لە ماوەی دوو هەفتەدا، لە ١٠ - ٢، بەغدادیان بە تەواوی کاولکرد. لە بەر چاوی خەلیفە موعتەسەم بە سەدان هەزار کەسیان کوشت، خانوبەرەیان وێران کرد و یەکێک لە گەورەترین کتێبخانەکانی ئەو سەردەمە، "خانەی زانست" یان سووتاند و چەندین کەلەپوری کولتوریی کە دەگەڕانەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکانیان خاپوور کرد.

پێش ئەوەی خەلیفە موعتەسەم بکوژن ئەندامانی خانەوادەکەیشیان لە بەر چاویدا کوشت. تەنیا یەک کوڕی نە کوژرا  کە وەکوو دیاری شەڕ ڕەوانەی مەنغۆلیایان کرد.

پاشان خەلیفە موعتەسەم لە فەرشێکەوە ئاڵێنرا و لە ژێر پێی ئەسپ سوارانداا گیانیان پێ سپارد.

ئەو دەم کەس نەیدەزانی کە بەدبەختیی و چارەڕەشیی میسۆپۆتامیا تازە دەست پێ دەکات. کاولکاریی و کوشتن و بڕینی نەتەوەکانی وەکوو ئەرمەن و ئاسوور و عەرەب و کورد و لاز و چەرکەس بە دەستی تورک درێژەی دا. پاشان خوێنی یۆنانی و بولگار و سێرب و نەمساوی و ئەفریقیەکانی باکوور وەکوو میسر و ئەریتریا و ئەوانی دیکەش لە سەر هەمان شمشیر وشک بوونەوە.

کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و دەستپێکی سەدەی نۆزدەهەم ساڵی قڕکرنی ئەرمەن و ئاسوور و کورد بوو. دزیی و تاڵانیی و دەستدرێژییکردن بۆ سەر کچان و ژنانی ئەرمەن و ئاسووریی و کورد بەشێک لە کولتوری ئەم نەتەوە تازە بە ئیسلام بووە بوو.

پیادەکردنی پلانی سایکسپیکۆ نەتەوەکانی ناوچەکەی لە ژێر شمشیری تورکەعوسمانیەکاندا ڕزگار کرد، بەڵام خەڵک و نیشتیمانیانی بە ئارەزووی سایکس و پیکۆ دابەشکرد و سیستەمێکی نوێ لە داگیرکەریی و چەوساندنەوە دەستی پێکرد. تورکەکان لە گەلێک خاکی ناوچەکە وەدەرنران، بەڵام ڕێککەوتننامەی لوزان بوو بە هۆی ئەوەی بتوانن بەشێکی کوردستان  هەر لە ژێر چنگی خۆیاندا بهێڵنەوە.

ئەتاتورک جەوانێک بوو کە بە ناسنامەی تورکبوونی خۆی شاد بوو، بەڵام لە کەوتنی هەزاربەهەزارەی سوڵتانەکان تووڕە بوو. شۆڕشی گەنجەتورکەکان هەر لە سەرەتاوە بۆ ڕزگارکردنی ئەو خاک و دەسەڵاتەی عوسمانی بوو کە



سەرچاوە Serchawe

پێیان وابوو تاپۆی خۆیانە و موڵکی باوباپیریانە. لەبەرئەوەی خاوەنی کولتورێک بوون لە داگیرکردن و تالانیی و دەستدرێژیی توانیان درێژە بە ناکۆکی نێوان نەتەوە دێرینەکانی ناوچەکە بدەن.

لە نێوان ساڵانی ١٩١٦ و ١٩٣٣ دا چەندین جار کارەساتی سووتاندنی بەغداد لە ناو خاکی ئەرمەن و ئاسووریی و کورد و یۆنانیی و ڕۆمدا دووبارە بووە. ئەتاتورک لە خەسڵەتی دڕندەیی و ناشارستانییدا هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ هۆلاکۆ خاندا نەبوو. هۆلاکۆ، ئەو پیاوەی تەنها لە شاری هیرات ی ئەفغانستان بەرپرسی کوشتنی زیاتر لە یەک ملوێن و شەش سەد هەزار کەس بوو، بۆ ئەتاتورک سیمبوڵی شانازیی و سەربەرزیی بوو.

ئەتاتورک هەلێکی زێڕینی لە بەردەستدا بوو کە بە شێوەیەکی تر وەڵام بە سایکس پیکۆ بداتەوە، ئەویش وەڵامی ئاشتیی و برایەتیی گەلان بوو. ساڕێژکردنی برینی قووڵی ئەرمەنیی و ئاسووریی و کورد بوو، دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ هەمووان بوو.

ئەتاتورک هەستی بە دۆڕاوی تورک دەکرد و لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە خۆی بە نەوەیەکی دۆڕاوی تورک دا دەنا لەبەرئەوە بژاردەیەکی دیکەی لە جیاتی ئاشتیی و ئارامیی هەڵبژارد. ئەتاتورک دەستی نەدەگەیشتە ئەو عەرەبانەی کە سایکس و پیکۆ ئاوڕێکی خێری لێ دابوونەوە و بە ئینگلیز و فەرەنسایش نەدەوێرا کە گوللەکانیان زیاتر بریان دەکرد. لەبەرئەوە، بۆ ئەوەی داخی پڕ لە کینەی خۆی بڕێژێت، ئەتاتورک دووبارە کەوتەوە گیانی ئەرمەن و ئاسوور و کورد و ئەو ژمارە کەمە یۆنانیی و ڕۆماییە بریندار و لاوازانەی لە ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵ مابوونەوە.

بە کۆمەڵکوشتن و تالانیی و زەوتکردن و دەستدرێژیی ئەتاتورک بۆ سەر ئەم گەلانە کە هەمیشە لەم بەشەی ڕۆژهەڵاتی ناوینددا ژیاون، هیچی لەوی هۆلاکۆ و سوڵتانەکانی عوسمانیی کەمتر نەبوو، بەڵکو لە ڕووی چوونایەتییەوە توندتریش بوو. ئەم نەتەوانە کولتور و جلوبەرگ و موزیک و ئاواز و ئەدەب و شایی و شێن و زمانیشیان قەدەخە کرا.

ئەتاتورک بە حیسابی خۆی تۆڵەی هەموو ئەو مێژووەی نێوان خۆی و هۆلاکۆی لەم نەتەوانە کردووە کە بە خەساری تورکەکان لێی دەگەیشت.

تورکە نوێیەکان کولتور و زمان و جلوبەرگ و خانووبەرەی ئەرمەن و ئاسووریيان زیاتریش زەوت کرد و خۆیان کرد بە خاوەنی. پاش نزیکەی سەدەیەک ئێستا لە زنجیرە دراماپی و فیلم و ڕیکلامی خۆیاندا وەکوو بەرهەمی تورک بە گەلانی ناوچەکە و دونیای دەفرۆشنەوە. هیچ پارچە زەوییەک لە تورکیادا نەماوە ناوی ڕەسەن و ڕەگی خۆی پێوە مابێت، هەمووی بە تورکی کراوە.

بەڵام دونیا دەزانێت کە ئەو تورکیایەی ئەورۆ هەیە یەک دانە بەرد و یەک ئاسەواری مێژوویی و یەک دانە کەلەپوری شارستانیی تێدا نییە کە هی تورک بێت.

ئەتاتورک نەیتووانی نۆکەر لە ئەرمەنیەکان و ئاسووریەکان هەڵبخرێنێت، چونکە ئەوان وەکوو کورد خاوەنی میرگەل و شێخ و سەید و سەرۆک عەشیرەت و ئاغا و ئاغاوتێک نەبوون کە قورئان و حەدیس تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لێک بدەنەوە و بە پارە گەل و نیشتیمانی خۆیان بفرۆشن. ئەو کوردانەی شێخبوون و سەیدبوونیان بێ ویژدانی نەکردن و فریوی تورکانیان نەخوارد، وەکوو شێخ سەعید و شێخ ڕەزا و ئەوانی دیکە، لە سێدارە دران و دروست وەکوو خەلیفە موعتەسەم بە بەرچاویانەوە وڵاتیان وێران کرا.

پاش ئەتاتورک، حکومەتگەلی یەک لە دوای یەکی تورکیا، فرسەتی گەورە لە خوێن یان لە بەردەستدا بوو کە پەردەی ئەو تراژیدیا سوریالیزمە دابدەنەوە و گوڵێک فڕێ بدەنە سەر ئەو تابووتەی چەندین ملوێن ی گەرمی تێدا سارد کرابووەوە، بەڵام سەرلەنوێ ئەفسانەی بریسکەی تیغی شمشیری جەنگیزخانی باوەگەورە زۆر پیرۆزتر و گرینگتر لە تیشکی ئاسۆی گەلانی ناوچەکە بوو.

پاش نزیکەی پێنج سەدە ئەرمەنیی و ئاسووریی و لاز و چەرکەس و یۆنان و ڕۆمیی ئەوسای تورکیا ڕانە مەڕێکی گورگان خواردوون، بەڵام بە سیحرێکی پەنهان کوردان بە سنگەخشکێ خۆیان لەگەڵ هەوراز و نشێوی کاروانی مێژوودا بە ڕێ کرد. کوردێکی بێ باوەڕ بە خۆ، ماندوو و لاواز و هەژار، هاتەوە سەر چۆک و سەری خۆی بەرز کردەوە، و بە نیگایەک لە مێژوویەکی خوێناوی ناوچەکە و بە دەستێک بە باقەی گوڵەوە بەرامبەر بە عەرشی پادشا ئەردۆغان وێستا.

بەڵام ئەردۆغان لە خەوێک ڕاپەڕیوە کە خەونی هەڵگرتنەوە و دووبارە پێکردنەوەی مەشخەڵی دەستی هۆلاکۆ و

سوڵتانەکان و ئەتاتورکە. ئەردۆغان ئەم جارەیان دەیەوێت ئیسلامێکی ڕاستەقینەتر وەکوو لەوەی بە مێژوو تا ئێستا بینیوومانە و کە مێژوو لە مۆزەخانەکانی ئورووپاشدا هەڵیواسیوون، تێکەڵ بە هەستی هاوڕێیەتیی هاوسۆزیی هۆلاکۆ و سوڵتانەکان و ئەتاتورک، پێشکەش بە گەلی کورد بکات. ئەردۆغان ڕەگەزپەرستیی و ئولترا‌ناسیونالیستیی تێکەڵ بە سوننەگەرایی رادیکالی ئیسلامی سیاسیی کردووە و دەیەوێت دووبارە ئیمپراتۆریی عوسمانیی زیندوو بکاتەوە. لەو بارەوە سڵ لە هیچ جۆرە بێڕەووشتیی و بەدکاریی و گەنکارییەک ناکاتەوە.

لە چاوترووکاندنێکدا شاری بەغداد لە دوو هەفتەی هێرشی تورکانی مەغۆلدا ببینن و لەگەڵ هێرشی ئێستای دووهەم گەورەترین سپای ناتۆ بۆ سەر شاری عەفرین، بەراوورد بکەن. لە پشت ئەو دراماییەوە هەمان ئەردۆغان لە ٧ی مانگی دەی ساڵی ٢٠١٥ دا ببینن کە بەرامبەر کۆبانێ وێستابوو و بە زەردەخەنەی تەوسەوە دەیگوت: کۆبانێ هەر دەکەوێت.

ئێستا هێرشی تورکەکان بۆ سەر عەفرین ناوی "چڵی زەیتوون" ە. چڵی زەیتوون لە مێژووی دیپۆلماسیی دانوستاندندا بە مانای دەستی ئاشتیی دێت. تورکەکان لە مێژووی خۆیاندا تا ئەو کاتەی بەغدادیان سووتاند و ڕووە و سووریای ئەورۆ بۆ درێژە دان بە داگیرکاریی بەڕێکەوتن، زەیتوونیان نەدیبوو. لە ٧٦٠ ساڵی مێژووی هەبوونیاندا لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقا و ئورووپای خواروو و بەڵکاندا، یەک دانە لاپەڕە لە مێژوو سەبارەت بە دیپلۆماسی "چڵی زەیتوون" کە تورکەکان تیایدا بەشدارییان کردبێت، نییە.

ساڵی ٢٠١٣ تێکۆشەر عەبدوڵا ئۆجەلان دوو پرۆژەی خستە بەردەست کە بە ڕاستیی دەیتوانی ببێت بە سەرەتایەک بۆ کۆتاییهێنان بەم مێژووە تاڵە. یەکێکیان ئەوە بوو کە تورک و کورد بکەونە ناو قۆناخێکی دانووستاندنەوە و کێشەی باکووری کوردستان بە ڕێگای ئاشتیی و دیموکراسیی وەکوو دوا کۆلۆنیی ئیمپراۆریەتی عوسمانی چارەسەر بکرێت. ئۆجەلان ئەو کاتە "چڵێکی زەیتوون"ی بە مانا دروستەکەی بە تورکیا دا. دووهەمیان ئەوە بوو کە کوردان یەکیەتیەکی نەتەوەیی خۆیان پێک بهێنن.

تورکیا پرۆژەی یەکەمی ژێر پێی خۆی نا و بە هاوکاریی ئێرانیش پرۆژەی دووهەمیان لە ناو برد.
بێگومان مرۆڤی کوردی ئازادیخواز کە عاشق بە کۆتاییهێنان بەم دراما تراژیدیایەیە کە لە ڕاستەقینەدا خوێنی گەرمی تیادا دەڕژێت، بە هیوای ئەوەیە لە ناو تورکەکاندا بزووتنەوەیەکی بەهێزی هیومانیستیی سەردەربهێنێت کە

بە باوەڕەوە ئازاری کورد و ئەرمەن و ئاسوور و لاز و چەرکەس و یۆنانی و ڕۆمیی و ئەوانی دیکە ببینێت و بۆ یەک جار داوای لێبووردن بکەن و بەشداریی لە چارەسەرێکی ئاشتیخوازانەدا بکات.

لەو خەباتەدا لە مێژە کوردان بە گورەگوری شێتانە و بەرخوردی شەڕلاتیانەی ئەردۆغان و بەهجەلی ڕاهاتوون. ئەردۆغان نوێنەرایەتیی خراپترین و پیسترین بەش لە مێژووی دزیی و تالانیی و دەستدرێژیی و بێڕەووشتیی و بێئەتواریی ئەم ٧٦٠ ساڵە دەکات. لە سەردەمی پۆست کۆلۆنیالیزم و قۆناخی نیوکۆلۆنیالیزمدا ئەردۆغان هەر پێی وایە دەتوانێت گرەو لە سەر ئەوە بکات کە لە ڕێگای شێخ و سەید و مەلا و سەرۆک عەشیرەتی کوردەوە درێژە بە ٧٦٠ ساڵەی داگیرکەریی بدات.

هاوکات کەمال کلیچدار ئۆغلۆی سۆسیالدیموکرات، کە لە پاداشتی فرۆشتنی ناسنامەی کوردبوون و عەلەوییبوونی خۆیدا خەڵاتی هەڵمژینی هەناسەی ڕۆژانەی پێ بەخشراوە، حەوتپشتی خۆی دەباتەوە سەر پێغەمبەری موسڵمانان و لە پشت تابووتی خاڵیی ئەو سەربازانەوە ڕادەوەستێت کە گوایا لە شەڕی پاراستنی نیشتیمانی تورکدا لە عەفرین "شەهید" بوون و کە ئەمیش "چڵی زەیتوون" ـێکی بە دەست خۆیەوە گرتووە، لە گۆشەیەکی دیکەوە مێژووی ئەو ٧٦٠ ساڵە دەبینین. گرینگە کوردان بپرسن ئاخۆ خەلیفە موعتەسەم و شێخ ڕەزا و شێخ سەعید لە دوا چرکەی ژیانیاندا چیان وەبیر دەهاتەوە؟

دوێنێ ٢٧ - ١، تەنیا دوو ڕۆژ پێش ٧٦٠ ساڵەمین یادی سووتاندنی بەغداد، ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی سۆسیالدیموکرات، سۆسیالیست ئینتەرناسیونال لە بەیاننامەیەکی خۆیدا وەبیردەهێنێتەوە کە هێرشی سەر عەفرین دەتوانێت کارەساتی مرۆڤیی لێ بکەوێتەوە. لە نارەزایی دەربڕین دژ بەو بەیاننامەیە، ئومت ئوران کە پارلەمێنتارێکی پارتی کۆماریی تورکیایە، واتە ئەندامی پارتەکەی کلیچدارئۆغلۆیە، لە نارەزایی ئەو بەیاننامەیەدا واز لە بەرپرسیاری خۆی وەکوو جێگری سەرۆکی سۆسیالیستئینتەرناسیونال دەهێنێت و دەڵێت کە ئۆپەراسیۆنی "چڵی زەیتوون" لە ڕاستییدا دژ بە تیرۆریزمە و کە سۆسیالئینتەرناسیونالیست و جیهان لە مەترسی گەورەوگرانی پ ک ک تێ ناگەن و نازانن چەندە تیرۆریستە.

ڕێکخراوەی سۆسیالئینتەرناسیونالیست پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر حیزبە سۆسیالدیموکراتەکەی کلیچدارئۆغلۆی بە هۆی بیری ڕەگەزپەرستیی و هەڵاواردنی کوردەوە ماوەیەک هەڵپەسارد، بەڵام هەمیشە چاوپۆشی لە کار و کرداری

فاشیستیان کردووە و باش دەزانن کە درێژەی هەمان حیزبی ئەتاتورکە. خوێنی ئەرمەن و ئاسوور و یۆنان و ڕۆمایی و ئەوانی دیکە وشک بوونەتەوە و لە سەر تەرازووی دادپەروەریی سەنگیان نییە، وەلێ هێشتا خوێنی کوردیش هێشتا وا گەرم و گران نەبووە کە ڕێکخراوەگەلی نێونەتەوەیی و ڕای گشتیی دیموکراتیکی جیهانیی داوای مرۆڤایەتیی لە کرداردا لە تورکەکان بکەن.

ئەوەی کە هۆلاکۆ و سوڵتان محەممەدی دوو (محەممەدی داگیرکار) و عوسمان ئێرتوگرول و موراد و بایەزید و ئەتاتورک و کەنعان ئیڤرین و بەهجەلی و میرال ئەکشینار و کلیچدارئۆغلۆ و ئەوانی دیکە پێکەوە دەبەستێتەوە ئەو زیهنیەتە داگیرکەرییە کە دادودئۆغلۆ دەڵێت، ئەگەر خوداش دەوڵەتی کوردیی دروست بکات، دژی دەوێستین. ئەردۆغان نوێنەری بێخودایی و بێویژدانیی و بێشارستانیی ٧٦٠ ساڵ لە مێژووە.

بێگومان لە ناو تورکەکاندا هەر ئێستا دەنگی مرۆڤپەروەر و ئاشتیخواز و دادەپەروەر لە دایک بوون و هەن، بەڵام لاواز و دوور لە یەکن. بە دڵنیاییەوە لە ناو تورکەکاندا بزووتنەوەی مرۆڤپەروەر و ئاشتیخواز دروست دەبێت، بزووتنەوەیەک کە تورکەکانیش سەریان بە موزایکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرز بێت و کە خۆیان بە بەشێک لەو موزایک و هەمەڕەنگییە ببینن و دڵ و دەروونیان بە بینینی ئەوانی دیکە شاد بێت. لە ئێستادا لەوە دەچێت هێشتا ساڵگەلێکی مابێت ئەو ڕۆژە ببینین.

لە هەموو شتێک زیاتر پێویستمان بە کولتوری هاومرۆڤیی و مرۆڤپەروەریی و تۆلەرانسی سیاسیی و دیموکراسیی هەیە، بەشێک لەو خەباتە ئەوەی کە مرۆڤی تورک بتوانێت داوای لێبوردن بۆ ٧٦٠ ساڵ لە مێژووی خوێنڕشتن و دزیی و تاڵانیی و بێڕەووشتیی دەسەڵات بکات، نەک لەبەرئەوەی بەشێکی سرووشتییە لەو مێژووە، بەڵکو بۆ ئەوەی نەبێت بە بەشێک لێی.

کاری هەموو ئەوانەی دیکەمان ئەوەیە بێووچان هەر بۆ ئاشتیی و خوشک و برایەتیی و دراوسێیەتی تەندروست کار بکەین. ڕۆژهەڵاتی ناوین بە زیادەوە بەشی هەمووومان دەکات. پەیامی هەموو ئازادیخواز و ئاشتیخوازێک لە ساڵیادی ٧٦٠ هەمینی سووتاندنی بەغدادا دەبێت ئاشتیی و مرۆڤایەتیی بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ٢٨ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# گرنگی عەفرین بۆ کورد و تورکیا لە ڕووی سەربازیی و سیاسیەوە



د. ئومێد ڕەفیق

لەکاتێکدا هێزەکانی سوریای دیموکرات و لە ناویاندا یەکینەکانی پاراستنی گەل، زۆرترین پانتایی سیاسی و سەربازییان لە ڕۆژهەڵاتی فورات لە ژێر دەستە، کەچی تەرکیزی تورکیا لەسەر عەفرینە. پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە ئایا گرنگیی سەربازی و ئەمنی عەفرین بۆ تورکیا چیە؟

## بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە پەلاماردانی عەفرین

دەست تێوەردانەکانی تورکیا بۆ ناوخاکی سوریا یەکەم جار نیە. لە ئێستادا سوریا خاوەنی بڕیاری خۆی نیە و سەروەری نیە بەسەر خاکی سوریادا، بۆیە خاکی سوریا بوە بە کارتی گۆڕینەوەی بەرژەوەندییەکانی( ڕوسیا، ئەمریکا، تورکیا ، ئێران) وڵاتانی عەرەبی ڕۆڵیان نیەو ، دەنگی کاریگەریش نین، لەسەر هیچ دۆسیەیەکی. ئەگەر لەڕوانگەی تورکیاوە سەیری عەفرین و پرۆسەی سەربازی تورکیا بکرێت ، ئەوا تورکیا ئەم بیانوانە دەهێنێتەوە:

١- عەفرین ناوچەیەکی کراوەیە بەسەر دەریادا و بواری جوڵەی سیاسی و سەربازی و پێگەی هەرێمی کوردی زۆر زیاتر دەکات و پاڵپشتی گەورە دەبێت لە ئاییندەدا بۆ دروست کردنی کیانی کوردستان.

٢- عەفرین دەبێتە سەنتەری بەیەکەوە بەستنەوەی کانتۆنەکانی تر ئەوەش لەڕێگەی بەیەکەوە بەستنەوەی بە ئاراستەی تەل ڕەفعەت بەرەو عەرێمە و منبج و ئەمەش کانتۆنە کوردیەکان لە لای باشوورەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە

و دەیانگەیەنێت بە دەریای سپی ناوەڕاست. بە تایبەتی کە بەرەو لای رۆژئاوا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ عەفرین دەچێتەوە سەر دەریای سپی ناوەڕاست.

٣- روبەڕوبونەوەی پرۆژەی ئەمریکی لەسوریا: تورکیا لە پرۆسەی قەڵغانی فوراتدا بەشێک لە ئامانجەکانی بەدەست هێنا، ئەوەش لەڕێگەی چونە ناو ئەعزاز و جەرابلوس، بەڵام لەبەر بونی ڕێگەی باشور (واتە مانەوەی منبج و تەل رەفعەت) تورکیا دەیەوێت بەکجاری ئامانجەکەی تەواو بکات لە خەونی یەکگرتنی کانتۆنەکان گەیشتن بەسەر دەریا. چونکە عەفرین بە پێچەوانەی ناوچەکانی تری رۆژئاواوە هێزو سەربازو راوێژکاری ئەمریکی بونی نیە، ئەمەش پرۆسەکەی بۆ تورکیا ئاسانکردوە، بۆیە تەنها پێویستی بە ڕێگە پێدانی ڕوسیاو ئێران هەیە. ئەم دوو دەوڵەتەش هەردوو کیان دژ بە پرۆژەکانی ئەمریکان لەسوریا. کەواتە پرۆسەکە لەهەردوو لاوە تۆڵە کردنەوەیەکی باشە بۆ تورکیا کە بتوانێت لەم ڕێگەیەوە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بدات، بە تایبەت دوای ئەوەی ئەمریکا پرۆژەی دروستکردنی هێزێکی تازەی هەیە بۆ پاراستنی سنورەکان و تورکیاش دروستکردنی ئەم هێزە بە مەترسیەکی گەورە دەبینێت. بۆیە لەرووی ستراتیژییەوە هەڵبژاردنی ئەم کاتە راستەوخۆ لێدان و لە ناوبردنی ئەو پرۆژەیەیە.

٤- تورکیا لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە ناوچەیەکی فراوانتر لە رۆژئاوای فوڕات دەکات بە ناوچەی ئارام، ئەمەش زەمینەیەکی دووسەرە بۆ تورکیا دەڕەخسێنێت، یەکێکیان ئەوەیە تورکیا دەتوانێت لەم ڕێگەیەوە مەترسی جوڵەی سەربازی و ئەمنی بەتەواوی کۆنترۆڵ بکات ڕێگر بێت لە دروستکردنی 'قەندیل'ێکی تر. لە لایەکی ترەوە دەتوانێت بەشێکی زۆر لە ئاوارەکانی تورکیا بگەڕێنێتەوە، بەمەش ئامانجێکی ئابوری بەدەست دەهێنێت.

٥- تورکیا لە ئێستا لە ناوخۆدا گرفتارە بەدەست دەیاها کێشەی سیاسی و و ئابورییەوە، بۆیە لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت کێشە ناوخۆیەکانی بباتە دەرەوە.

٦- توندوتۆڵکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕوسیا ، بۆ رازیکردن و پێدانی ئاماژەی رازیبونی ڕوسیا بۆ پرۆسەی سەربازی عەفرین ، لەرۆژانی ١٨، ١٩ - ١ - ٢٠١٨ هەریەک لەسەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا و سەرۆکی دەزگای هەواڵگری تورکیا سەردانی ڕوسیایان کردوە ، هەرچەندە دەنگۆی ئەوە هەبوە تەنانەت ڕوسیا راوێژکارەکانی لە رۆژی هەینی ١٩. ١ ٢٠١٨ لە عەفرین کشاندۆتەوە ، بەڵام لە 'نیویۆرک'ەوە وەزیری دەرەوە سێرکی

لافرۆف، ئەو هەواڵەی ڕەتکردەوە ، تەنانەت باسی ئەوەی کرد کە ڕوسیا لەگەڵ ئاڵۆزیدا نیە و دەیەوێت لەڕێگەی دبلۆماسیەوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات. بەڵام ئەمە مانایی ئەوە نیە کە تورکیا دەستبەرداری ئەم پرۆسەیە دەبێت، چونکە ڕوسیا بەرژەوەندی زۆرتری هەیە، لەوانە:

. گەمارۆدانی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا.

. هاوبۆچونی ڕوسیاو تورکیا کە هەردوکیان دژ بە دابەشبونی خاکی سوریان.

. بەردەوام بون لەسەر زیادکردنی هێزی نزیک لە بەرژەوەندییەکانی تورکیا و ڕوسیا، لە نێوان هێزە ئۆپۆزسیۆنە عەرەبی و کوردییەکان. ئەو هێزانەی هەمو ئاماژەو فەرمانێک لە تورکیا و ڕوسیاوە وەربگرن.

. تورکیا دەتوانێت لەم کاتەدا لانی کەم لەگەڵ ئێرانیش تەبا بێت، چونکە بەرژەوەندی هەردووکیان ئەوەیە کە کورد کیانێکی بەهێزی نەبێت، بۆیە تورکیا لە ئێستادا کار بە سیستەمی هاوسەنگی دەکات.

## بەربەستەکانی بەردەم پرۆسەی سەربازی عەفرین( شمشێری فورات)

هەرچەندە تورکیا بە هەموو هێزییەوە دەستی کردوە بەم پرۆسەیە (هەواڵگری، ئامادەکاری، جوڵاندنی هێز، جێگیرکردنی هێز، ڕێکخستنی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا کە ناسراون سوپای ئازاد)، یەکەم هەنگاوی پرۆسەکەش بە موشەک بارانکردنی پێگەکانی یەکینەکانی پارستنی گەل دەستی پێکرد تاوەکو زەمینەی پێشڕەوی سەربازی خۆش بکات. بەڵام ئەم پرۆسەیە پرۆسەی قەڵغانی فوڕات نیە، تورکیا ئەمە باش دەزانێت، چونکە بەربەست و ئاستەنگەکانی زۆرن، کە ڕەنگە ئەمانەی باس دەکرێن، لە گرنگترینیان بن:

١- تورکیا شەڕ لەگەڵ گروپێکی بێزراو لە ڕووی نێودەوڵەتی ناکات وەکو ئەوی لە پرۆسەی قەڵغانی فوڕات کردی و، بیانوی هەبو، بێدەنگی لێکرا، بەڵکو تورکیا شەڕ لەگەڵ گروپێک دەکات کە براوەی یەکەمی شەڕی داعشە لە سوریا و ڕزگارکەری ڕەقەیە.

٢- ئەمریکا تا ئێستا دژ بە جوڵاندنی هێزو دەست تێوەردانی تورکیایە، بەفەرمی ئەم پەیامەی بە تورکیا گەیاندوە، کە ئەمریکا لەگەڵ دەست تێوەردانی تورکیا نیە و، ئەم پرۆسەیە دەبێتە فاکتەری ئاڵۆزی بۆ ناوچەکە بە تایبەتی دوای ئەوەی داعش لە سوریا بەرەو لە ناوچونی تەواوەتی دەچێت.

٣- فشارەکانی ئەورووپا لەسەر تورکیا زیاد دەبێت، لەلایەک لە ئەورووپا هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل، نمونەی حوکمڕانی ڕۆژئاوا نمونەیەکی باشە بۆ دوای ئارامبونەوەی سوریا، لەلایەکی ترەوە ئەورووپا لەو ململانێ مێژووییە تێدەگات کە لەنێوان کورد و تورکیادا هەیە، بۆیە ئەم دەستدرێژییە سەربازییە بۆ عەفرێن کە زۆرینەی کوردە، واتە تۆخکردنەوەی ململانێکان و کردنەوەی دەرگای توندو تیژی بەردەوام.

٤- تورکیا بیانوەکانی بۆ دەستێوەردان و چونە ناو خاکی عەفرین تەنها لە ڕوانگەی خۆیەوە شەرعیەتی هەیە، ئەگەرنا هیچ پاڵپشتیەکی لە ناوخاکی عەفرین نیە، تەنانەت سوریا هەڕەشەی بەردانەوەی فڕۆکەکانی دەکات، بە پێچەوانەی شارەکانی دەوروبەری عەفرین کە هەندێک جار وەکو بەرپرسیارێتی پاراستنیان کەزۆرینەیان عەرەبن، ئەگەر بەجۆرێک لە جۆرەکان ئەم مافەی بەکارهێنابێت و قبولکراو بێت، بەڵام لە عەفرین کە زۆرینەی زۆری کوردەو، بونی تورکیا بە توندی ڕەتدەکەنەوە، ئەم مافەی نییە و، هێزەکانی سوریای دیموکرات و یەکینەکانی پاراستنی گەل بەوپەڕی هێزییانەوە بەرپەرچی تورکیا دەدەنەوە. چونکە بە هێزی داگیرکەری دەزانن و لە ڕوی یاساییەوە ئەم مافەیان هەیە.

٥- پشت بەستن بە هێزەکانی سوپای ئازاد بۆ تورکیا، کە چاوەڕواندەکرێت لە ڕوی سەربازییەوە، پرۆسەکە وا دەست پێبکات، کە تورکیا تەنها لە سەرەتادا بە هێزی پاڵپشتی و چەکی قورس بەشدار بێت، لە ناوبردنی خەونی تورکەکانە، چونکە ئەو هێزانە توانای سەربازییان بەبەراورد بە هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل زۆر لاوازەو، لە واقیعیشدا پاڵپشتی جەماوەرییان نییە.بۆیە تەحەدایەکی گەورەیە بۆ تورکیاو بە ئاسانی لە زیانەکانی ئەو ئاشوبە دەرناچێت.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە بۆ کوردانی عەفرین و ڕۆژئاوا جگە لەوەی لەبەردەم ئەم تەحەدایە خۆگری و بیرکردنەوە لە بەرگری ڕێگەیەکی تر نییە، کارکردنە لەسەر شەقامی ئەورووپا و فشارە نێودەوڵەتیەکان بۆ بە شەرعی ناساندنی ئەم پرۆسە سەربازییە سەپێنراوەدا بەسەر شارێک و ناوچەیەک کە ڕوبەڕوی گروپێکی وەکو داعش بویەوە. بۆ کورد عەفرین جگە لەزەوی و جوگرافیا، موقەدەسترین پێگەی ستراتیجی و سیاسیە کە دەتوانێت خاڵی بەیەکەوە گرێدانی هەمو پارچەکان بێت، لەم ڕووەوە تورکیا توانیویەتی بێدەنگی ئێران و ڕوسیا بە دەست بهێنیت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئێن ئار تی - ڕێکەوتی: ٢٨ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# خوێندنەوەیەکی تر بۆ ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا



**ئیدریس جەبار**

**رەنگە بگوترێت پشتبەستنە بە تیۆری پیلانگێڕی کە بە تیرۆرێکی ئێکسپایەر و ماوەبەسەرچوو دادەنرێت، بەڵام نەبوونی هەڵوێستێکی بوێر و راشکاوانەوە لەلایەن ولایەتە یەکگرتووەکانەوە بەرانبەر بە ئۆپەراسیۆنی «چڵە زەیتون» لە عەفرین، دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە «راگەیاندنی هێزێکی سنوری بۆ پاراستنی سنورەکانی سوریا لەگەڵ عیراق و تورکیا»، هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بوو بۆ تورکەکان.**

**هێرشکردنە سەر عەفرین و «پاشان مەنبەج»بەو وەتیرەیەی سوپای تورکیا دەستیپێکردووە، بۆ لەباردنی تەواوەتی ئەزمونی کوردییە لە رۆژئاڤا کە نمونەیەکی گەش و جوانی لەماوەکانی رابردوودا بۆ مقاوەمە و بەگژداچوونەوەی تیرۆری بێهاوتای رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی خستەڕوو، وێڕای بەڕێوەبردنێکی دیسپلینانەی ئەو ناوچە کوردیانەی لەپاش تەنگژەکانی کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد (PYD) و یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد (YPG).**

**گەر (YPG) درێژکراوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)ش بێت، دەبێت ئەو هەڕەشانە چی بن کە ئەو هێزە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دروستی دەکات؟ هێزێکی شەکەت و ماندوو کە بە هەزاران قوربانییەوە لە دژی داعش هاتۆتەدەر و سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، دەبێت قەبارەی ئەو مەترسیانە چەند بن کە دەوڵەتی تورکیایان بەوجۆرە هێستریە توشی شۆک کردووە؟.**

ئەم پرسیارانە و چەندان پرسیاریی تری لەو جۆرە، ڕەنگە لەلایەن تورکەکانەوە بەشێوەیەکی لۆجیکانە وەڵام بدرێنەوە و زیاتریشیان بخرێتەسەر، بەڵام تێنەگەیشتن لە پاڵپشتی و پشتیوانیکردن لە (YPG) و بەکارهێنانی بۆ قۆناغێکی کاتی، ڕەنگە ئەو هەڵە کوشندەیە بێت کە بەدرێژایی مێژوو نەتەوەی کورد پێوەی گیرۆدەیە.

لە باشوور و ڕۆژئاڤا، کورد بەردەوام فاکتەری سەقامگیریی و ئارامی بووە و هەرگیز نەبۆتە مایەی دروستکردنی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی هیچ کام لە وڵاتە دراوسێکانی، بگرە فاکتەرێکی یاریدەدەریش بووە بۆ ڕەواندنەوەی مەترسی و هەڕەشەکانی سەر ناوچەکە، بەگژداچوونەوەی مەیدانی هێزە کوردییەکانیش بۆ تیرۆری داعشی کە خەریک بوو شارستانی مرۆڤایەتی بەرەو دارمان ببات، واقعێکی نزیکە و ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێنەپەڕیوە.

باسی هەڵوێستەکانی ئێران و سوریا و عیراق ناکەین، بەڵام ئەمریکا «داوای دانبەخۆداگرتنی لە سوپای تورکیا» کرد، بریتانیا «تێگەیشتنی هەبوو بۆ ئەو مەترسیانەی لە ئایندەدا لەسەر دەوڵەتی تورکیا دروست دەبن»، هەڵوێستی ڕوسیاش ڕێگەچۆڵکردن بوو بۆ پەلکێشی سەربازی تورکیا لە دژی کورد، هەرچەندە «داوەتنانەی بۆ نوێنەرە کوردەکان ناردبوو تا بەشداریی لە کۆنگرەی سوچیدا بکەن».

گەر ولایەتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژئاڤا بە تەواوەتی بچێتە ژێر باری ئەنقەرە و هیچ بەرگرییەک لە یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد (YPG) نەکات، مانای گورگان خواردکردنی ئەو هێزەیە و لەلایەکی تریشەوە، چۆڵکردنی گۆڕەپانی سوریایە بۆ گەمەکەرە ئیقلیمییەکان کە دیسانەوە چۆکدادانی ئەو زلهێزە بێ ڕکابەرە دەگەیەنێت بۆ نەیارەکانی و دووبارەبوونەوەی ئەو شکستانەشیەتی کە لەپاش ٢٠٠٣ لە عیراقدا ڕووبەڕووی بۆوە.

پەرەگرافی پێشوو، خوێندنەوەیەکی سەرەتایی و ڕواڵەتیانەیە بۆ هەڵوێستەکانی ئەمریکا و خاڵە بەهێز و لاوەزەکانی ئەو وڵاتە لە ناوچەکەدا، ئەوەی شیاوی گوتنە و بە خوێندنەوەیەکی دروست دادەنرێت، قسەکردنە لەسەر ئەو گرێبەستە نهێنیانەی لە تاریکیدا کراون و دەکرێن.

دووبارە بوونەوەی سیناریۆکانی دوێنێ و ئەزموونەکانی ڕابردوون، تێنەگەیشتنە لە خواستە کاتییەکان و خوێندنەوەیەکی هەڵەیشە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گەورەکان.

ناڵێم سیاسەتوانەکانمان پێویستە ببنە ئۆدیب و گرێکوێرەی ئەو هەموو ناپاکییە لوغزاویانەمان بۆ بکەنەوە کە بە درێژایی مێژوو لەلایەن دۆستە خەمخۆرەکانمان لەژێر ناوی جیاجیا و بیانووی جیاجیادا کوردیان دووچاری نسکۆ و کارەساتی گەورە کردووە، لێکدانەوەیەکی تر و تێڕوانینێکی تر و مامەڵەکردن بە شێوازێکی تر، دەبێت ناونیشانی پەیوەندی دیپلۆماسیانەی کورد بێت لەگەڵ دەورووبەر و دۆستەکان.

دەبێت زەمانەتی هەمیشەیی، جێگەی سیاسەتی کاتی بگرێتەوە، هاوبەشی ڕاستەقینە بین نەک تەنیا کۆچی قوربانی و گەمە پێکراوێکی بەدفەساڵ، پشت ئەستور بە گەل خۆمان لە بەهێزیدا ببینینەوە نەک لاواز و مل کەچی بەردەم داخوازیی بێگانان، کۆبانییەکان بکەینە ناونیشانی مقاوەمەی نەتەوەیی و سونبولی کورد، نەک بڵێین عەفرینیشی هاتەسەر و لەبری پێشڤەچوون، بەرەو پاش دەگەڕێینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوی - ڕێکەوتی: ٢٩ی جانیۆیری ٢٠١٨

---

## فاشیستەکان بەرەو شکست و ڕمان، عەفرینیش سەربەرزی!



**حەسەن سەیدباقی**

ئەو کارە چەپەڵە تیرۆریستیەی ئەردۆغان دەستی داوەتێ کە ماهیەتی ڕاستەقینەیەتی، بزمارە لە تابووتی کۆتایی، هەموو ئەو کارە تیرۆریستی و ئاژاوانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وئەم دواییەی سوریا ڕوودەدەن، پلانی نەخشە بۆ داڕێژراوە لەلایەن ئەمریکاو ئەوروپا ودۆستە گیانیەکەیان پارێزەری کەڵەکە کردنی

سەرمایەکەیان تورکیای ئەردۆغانیزمی فاشیستە.

ڕۆژێک بەناوی داعشی ڕەشپۆش هێرش دەکەن، وەک دەروونی نەخۆشیان، بۆگەنی کردووەو وەک شێرپەنجەن بۆ مرۆڤایەتی پێویستە ڕۆژێک زووتر لەبنا بیانبڕن. لوتیان شکا لە کۆبانی گەمەکەیان تێکشکێنراو جارێکی تر پەلاماری عەفرینی شۆڕش دەدەن، گومانی تێدا نییە، دەشکێنەوەو ڕوویان ڕەش دەبێت، خۆیان و جاشەکانیان بەناوی سوپای (دژە ئازادی) ئازاد، کە شتێک نین، لە درێژکراوەی داعش زیاتر، لەگەڵ بەرەی (سقوگ)نەسرە.

زلهێزەکان گەمەکەیان دیارە، وەک ئەمریکا دەڵێت ماوەیەکی کورت خایەن دەبێت،هێرشەکە تەواو بێت وەک ئەوەی ڕێکەوتنی نهێنی هەبێت، لەنێوانیان و پێشتر ئاگاداری هێرشە نابەرابەرە وەحشیگەرەکە بوون. بۆیە شەڕەڤانان و یەپەگە دەبێت لەوجۆرە یاریانە ئاگاداربن، وە بە چەند پارچە چەکێک لە بیرو بۆچونیان چەواشەنەبن، لەم ساتە وەختانەشدا دەبێت لە هەموو پارچەکان زیاتر لە باشور خەڵک بڕژێنە سەر شەقامەکان و، بەرەو مۆڵگەکانی فاشیستەکان هەنگاو هەڵنێن، لە هەولێر کونسوڵیەتەکەیان، هەر بەرژەوەندیەکی تایبەتیان هەیە لە کوردستان وەدەربنرێن(کۆمپانیەکانیان)وە شمەکەکانیان بایکۆت بکرێت. لەم ساتە وەختەشدا دەبێت پەکەکە پابەست بێت بە پەیمانەکانی و باکوری کورستان بکاتە ئاگر، ئەگەر نا ئەوکات خەڵکی باوەڕیان لەق دەبێت،

ئەفرین خاڵی وەرچەرخانە بۆ ڕمانی فاشیەتی تورکی، کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیش بێدەنگە لەو کۆمەڵکوژیە نا مرۆڤانە، تا ئەوکات لەگەڵماندا بوون کە بەرژەوەندیە سەرمایەدایەکانیان نەکەوێتە خەتەر، دەبێت ئەوە بزانین کە بە دەبابەی ئەڵمانی و لەبەرچاوی ئەمریکاو ڕووسیا، لە ڕۆڵە ئازاکانی سەنگەری خەبات و بەرخۆدان ئەدەن، دەستە گوڵی مێرکل بۆیان، ئەمریکای فاشیست ،ئەم گەمەیە درێژە ناکێشێت بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی سیاسەتی زلهێزەکان لە ناوچەکە، بەتایبەت ئەمریکا و ڕووسیا، ڕووسەکان هەرچەند نیگەرانن لە پەیوەندیەکانی یەپەگە لەگەڵ ئەمریکا، دەکرێت هاوکاری و نیەت پاکیان نیشان بدەن نەک بە قسە، من پێموایە ڕووسیا ئامانجی ئەوەیە تورکەکان دەستبەرداری ناتۆ ببن، پاشان گورزی کاریگەرو کوشندەی خۆیان لە تورکیا بوەشێنن، وە خۆیان لە شەڕی جیهانی لە ناوچەکەدا دەپارێزن، دەنا بۆ ئێمە هیچ کام لە ئەوروپاو ئەمریکا و ڕووسیا جیاوازییەک نابینین، هەر هەموو کۆک دەبن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان. چاوەڕانین کە بە ورەی پۆڵایینی خەباتکەرە ئازاکانی ڕێگەی ئازادی و ژیان وانەیەکی نوێ بدرێت بە فاشیستەکان و هاوکارەکانیان تا مێژوو مێژووە لەبیر نەکرێت،

خۆیان تیرۆری نێودەوڵەتی و گواستنەوەی تیرۆریستانن لە سەرتاسەری دونیا، کەچی بە یەپەگە دەڵێن تیرۆریست سەیرە گوڵم!، کە ڕەمزی خەباتن دژی تیرۆر لەناوچەکەدا، وە لەناو بردنی بەچکە ئەردۆغانیەکان(داعش).

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوی - ڕێکەوتی: ٢٩ی جانێویری ٢٠١٨

## ئاماری کوژراوانی سوپای تورکیا لە عەفرین بڵاوکرایەوە



*زانیاری لە بارەی تەکنیکی بەرگریی عەفرینەوە ئاشکرا دەکرێت*

**دیاری هەرکی**

نزیکەی هەفتەیەکە ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان دەستی پێکردوە، بەڵام هێشتا ئەو سوپایە و هێزە هاوکارەکانی نەیانتوانیوە بەرگریی شەڕڤانانی ئەو شارە بشکێنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، شەڕەکە لە بەرژەوەندیی شەڕڤاناندایە.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی دیاری لوبنانی، ماوەی چەند ساڵێکە کانتۆنی عەفرین دەستیکردووە بە جێبەجێکردنی پلانێکی تۆکمە بۆ پاراستنی ئەو شارە و بۆ ئەوەش سوودیان لە بیرۆکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان وەرگرتوە.



سەرچاوە
Serchawe

چەند ساڵێک لەمەوبەر، ئۆجەلان ڕێنمایی پێویستی داوەتە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردسان کە درەنگ یان زوو سوپای تورکیا بە فەرمانی ئەردۆغان هێرش دەکاتە سەر کانتۆنەکان بە تایبەتی کانتۆنی عەفرین کە پێگەی ستراتیجی هەیە و خاڵی لاوازیشی ئەوەیە کە لە ڕووی جوگرافییەوە نەبەستراوەتەوە بە کانتۆنەکانی کۆبانی و حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستانەوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، هێڵی بەرگریی شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و هێزەکانی سوریای دیموکراتی (هەسەدە) لەسەر دوو بنەمای سەرەکییە، کە ئەوانیش بریتین لە دروستکردنی پشتێنەیەکی ئەمنی لەسەر سنوور بە چەک و تەقەمەنی و بۆمب و مینی چێنراو، لەگەڵ دروستکردنی تۆڕێکی فراوانی تونیل و پلانی ئەمنی تۆکمە بۆ ناو شاری عفرین و گوند و ئاواییەکانی تر.

ڕۆژنامە لوبنانییەکە دەڵێت، سروشتی کانتۆنی عفرین سروشتێکی سەختە لەگەڵ بەرگری و پلانی تۆکمەی شەڕڤانان دوور ڕێگری گەورەن بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆنی تورکیا بە ئاسانی تێپەڕێت.

ئاشکراشیکردوە، یەکێک لەو پلانانەی زەبری توندی لە تورکیا داوە چاندنی بۆمب و مینە بە شێوەیەکی شارازایانە لەسەر ناوچە سنوورییەکان کە دژی تانک و زرێپۆش و ئۆتۆمبیلە سەربازییەکانە. شەڕڤانان دەست دەکەن بە کشانەوە بۆ ئەوەی تورکیا بە تایبەتی تانکەکانیان بێنە پێشەوە، بەڵام کاتێک بە خۆیان دەزانن کەوتونەتە زەوییەکی بە مین و تەقەمەنی چێنراو کە دەربازبوون لێی ئەستەمە، هەر بەو هۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆریان بە دیلی کەوتونەتە دەست شەڕڤانان.

یەکێکی تر لە پلانی شەڕڤانان بەکارهێنانی چەکی پێشکەوتووی دژە تانک و زرێیە کە هێزەکانی تورکیا و هاوکارەکانی بێزار کردوە، دوای کەوتنە داوی تانک و هێزەکانی تورکیاوە، شەڕڤانان بەبێ ئەوەی لە سەنگەرەکانیان بێنە دەرەوە یان زۆر دوور بکەونەوە دەست دەکەن بە هێرشکردنە سەر تورکیا و هێزە هاوکارەکانیان.

بەپێی ڕۆژنامەی دیاری لوبنانی، هاوکێشەی ئێستای شەڕی عفرین ئێستا لە بەرژەوەندیی تورکیا نییە، زەبریان بەرکەوتووە و ورەیان ڕووی لە کشانەوەیە. بە تایبەتی سوپای تورکیا سەر بە ناتۆیە و بە دووەم گەورەترین

سوپای ناتۆ دادەنرێت، ئەگەر پێشتر بوترایە تورکیا بە هەفتەیەک نەیتوانیوە شارێک داگیر بکات لەوانەیە زۆر شیکەرەوەی سەربازی گاڵتەی پێبهاتایە. بۆیە ئێستا تورکیا ناوێرێت لەسەر زەوی جوڵە بکات، دەستیکردووە بە بۆردومانی ئاسمانی و تۆپباران لەو دیو سنوورەوە.

لە لایەکی ترەوە، هێزەکانی سوریای دیموکراتی ئاماری هەفتەی یەکەمی ئۆپەراسیۆنی تورکیا بۆ سەرکانتۆنی عفرینی بڵاوکردەوە و ئاشکرای کرد، ٣٠٨ سەربازی تورکیا کوژراون و ٤٣ شەڕڤان و ٥٩ هاووڵاتیش شەهید بوون.

بە بۆنەی تێپەڕینی هەفتەیەک بەسەر هێرشی تورکیا و هێزەکانی سەر بە حکومەتی ئەنقەرە بۆ سەر کانتۆنی عفرینی رۆژئاوای کوردستان، هێزەکانی سوریای دیموکراتی (هەسەدە) ئامارێکی بڵاوکردەوە.

ناوەندی راگەیاندنی هێزەکانی سوریای دیموکراتی (هەسەدە) لە ئامارەکەدا ئاشکرایان کردوە، لە ماوەی هەفتەیەکی لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ سەر عەفرین، ٣٠٨ سەرباز و چەکداری سەر بەو سوپایە کوژراون و ٤٣ شەڕڤانی یەپەگە و یەپەژە و ٥٩ هاولاتی سیڤیل شەهید بوون.

ئاشکراشیکردوە، لەم هەفتەیەدا سوپای تورکیا ٦٩٩ هێرشی بە تۆپ و هاوەن، هەروەها ١٩٢ هێرشی ئاسمانی لە رێگەی فڕۆکە و هێلیکۆپتەری جەنگییەوە ئەنجامداوە، هاوکات ١٣٦ شەڕ و پێکدادان روویانداوە.

لەبارەی ئاماری زیانەکانی هەسەدە، لە راگەیەندراوەکەدا باس لەوە کراوە کە لە ماوەی هەفتەی رابردوودا ٤٣ شەڕڤانی یەپەگە و یەپەژە و ٥٩ هاولاتی مەدەنی شەهید بوون و ١٣٤ یش بریندار بوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوی - رێکەوتی: ٢٩ی جانیۆیری ٢٠١٨

# بۆچی وڵاتەکان هەڵوێستی ڕونیان نییە بۆ ڕاگرتنی هێرشەکانی تورکیا؟



**د.شێرکۆ کرمانج**

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت بگەڕێینەوە سەر ئەو پرنسیپ و نۆرمە سەرەکییانەی کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی لەسەر دامەزراوەو بەڕێوەدەچێت. وڵاتان بەگشتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانیان سیاسەتی دەرەوەیان دادەڕێژن. ئەگەر ئەم تێگەیشتنە بکەینە چوارچێوەیەک بۆ شرۆڤەی هەڵوێستی هەر یەکێک لەلایەنە پەیوەندارەکان ئەوکات لە بێدەنگی یان بێهەڵوێستی وڵاتانی وەک ڕوسیاو ئەمریکا باشتر بگەین.

ڕوسیا لە سوریا چەند ئامانج و ستراتیجێکی هەیە، لەوانە: نیشاندانی خۆی وەک بکەرێک کە دەیەوێت جارێکی دیکە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا وەک جاری جاران ڕۆڵی زلهێزێک بگێڕێت و لەلایەن ئەمریکا و بکەرە سیاسییەکانی دیکە دانیپیابنرێت.

ڕوسیا کە هاتە ناو هاوکێشەکانی سوریا وەک پشتیوانیکەرێک لە ڕژێمەکەی ئەسەد هاتە گۆڕەپانەکە، ئێستاش ئامانجی سەرەکی ئەو هێشتنەوەی ئەسەد و لەناوبردنی گروپە تیرۆریستەکانە.

بەرازیکردنی تورکیا لە هەندێک لە داواکانی ڕوسیا زیاتر لە ئامانجەکەی لە هێشتنەوەی ئەسەد نزیکدەبێتەوە. کاتێکیش تورکیا داوای بێدەنگی ڕوسیا دەکات لە هێرشکردن بۆ سەر عەفرین لەبەرابەر دەرچوونی گروپەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ئەدلیبو دەوروبەری بۆ ڕوسیا و سوریای ئەسەد دەسەڵات بەسەر ئەدلیبو دەوروبەرەکەی گرنگترە چونکە عەفرین هە ر لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا نیە.

بۆ ڕوسیا و سوریا ئەو گروپە ئۆپۆزسیۆنانە مەترسین کە لەلایەن تورکیاوە پشتیوانیان لێدەکرێت، کاتێک ئەوان بێلایەنـدەکرێن مەترسی لەسەر ڕژێمەکەی ئەسەد کەمتر دەبێتەوە. دواجاریش، ڕوسیا و سوریا پێیانوایە کە وەرگرتنەوەی ناوچەی عەفرین لە تورکیاو گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان ئاسانترە لە وەرگرتنەوەی لە کورد و ئەمریکا.

بێدەنگی ئەمریکا لە هێرشەکانی تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەمریکا هەر لەسەرەتاوە خۆی لە ناوچەی عەفرین بێبنەبانکردوە، بەو مانایەی کە وەک ناوچەیەکی نفوزی خۆی تەماشای نەکردووە.

هاوکات، ئەمریکا نایەوێت دڵی تورکیا برەنجێنێت. ڕاستە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا گەیشتونەتە ئاستێکی زۆر نزم، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە ئەمریکا دەیەوێت تورک بە کورد بگۆڕێتەوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سەنگی تورکیا لە هاوکێشە ئیقلیمی و جیهانییەکان ئێجگار گەورەیە.

ڕەنجاندنی تورکیا واتە چونی تورکیا بۆ باوەشی ڕوسیا، کە نیشانەکانی هەر ئێستا دەرکەوتوون. ئەمریکا هەست بەو نزیکبوونەوەی تورکیا و ڕوسیا دەکات، بەڵام نایەوێت ئەم دەرکەوتەیە ببێتە ئەمری واقیع.

ئەمریکا دەیەوێت لە سوریا نفوزی ئێران کەمبکاتەوە، بەڵام دەزانێت کە تەنیا لەڕێگەی کورد بەو ئامانجەی ناگات، بەڵکو بە کەلک وەرگرتن لە تورکیا لەم ئامانجەی زیاتر نزیکدەبێتەوە.
ئەمریکا ئەوەش دەزانێت کە ئەگەر لە دواڕۆژدا هەڵبژاردن لە سوریا بکرێت ئەوە ئەگەری زۆرە کە لەڕێگەی زۆرینەی پەرلەمانییەوە سوننەکان بێنە سەر حوکم، هاوکات، دەشزانێت کە حکومەتێکی سوننە لە سوریا نزیک لە تورکیا دەبێت.

لەپاڵئەمانەش، ئەمریکا پێیوایە کە تواناکانی کورد لە ئاراستەکردنی سیاسەت هەم لە سوریا هەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیاریکراون، بۆیە نایەوێت بۆ کورد تورک و عەرەب لەخۆی بکات.
بەکورتی، هەم ڕوسیا هەم ئەمریکا بەرژەوەندییەکانی خۆیان ڕەچاودەکەن و بەرژەوەندییەکانی ئەم دوو دەوڵەتەش زیاتر هاوتای بەرژەوەندییەکانی تورکیا و سوریایە.
ئەوە بەو مانایە نیە کە کورد ناتوانێت بە هیچ جۆرێک ڕۆڵی هەبێت یان ناتوانێت سەرنجی ڕوسیا و ئەمریکا بۆ خۆی ڕاکێشێت.



سەرچاوە
Serchawe

من پێمـوایە کوردەکـان هەم لە باشـور هەم لە ڕۆژاڤـا سـەلماندویانە کە دژی تیرۆریـزمن لە نـاوچەکە، ڕوسـیا و ئەمریکاش درکی ئەو ڕاستییەیان کردوە بۆیە نایانەوێت بەیەکجاری پشت لە کورد بکەن.

من واشـی بـۆ دەچـم کە هەم ڕوسیا هەم ئەمریکـا حەزنەکەن تورکیـا لە عەفـرین سـەرکەوێت، بەڵام هەردووکیـان نایانەوێت کە تورکیا هەستبکات کە ئەوانن هۆکاری شکستەکەی، بۆیە بێدەنگی و بێلایەنیان هەڵبژاردوە.

مەرجیش نییە هەڵوێستەکان هەر ئاوا بمێننەوە چونکە بەردەوامبوونی خۆڕاگری و بەرخۆدان ئەگەری زۆری هەیە کە گۆڕانکاری لە هەڵوێستی ئەمریکا و ڕوسیا دروستبکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٩ی جانێوێری ٢٠١٨

## هێرشکردنە سەر کوردەکانی سوریا لەوانەیە هەمو ناوچەکە ژێروژور بکات



نوسینی: گارێت ستەنسفیلد پرۆفسۆر لە زانکۆی ئێکسێتێر

وەرگێڕانی: ئەحمەد ئەسکەندەری

ئەم بەرە تـازەیە تەنهـا تێکهەڵچـوونێکی لۆکـاڵی نییـە، بەڵـکوو دەتوانێـت ببێـت بە سـەرهەڵدانێکی بەربـڵاوی کوردەکان کە سەر لەبەری نەخشەی ناوچەکە بگۆڕێت.

کوردەکان لە هەر وڵاتێک کە دەژین، بوونیان لە ژێر مەترسییەکی گەورەدایە. لە ئێران خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات و لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەتوندی لە ژێر زەبروزەنگێکی بەرچاودان، لە کاتێکدا لە عێراق کوردەکانی باکوور لەگەڵ چالاکییەکی سەربازی زۆر ڕێکخراودا بەرەوڕوو بوونەوە. ئەوان هەروەها کەوتنە بەر دەستپێشخەرییەکی دیپلۆماتێک کە نیشان دەدات، تەنانەت لە دونیای سیاسەتی شکێنەری ڕۆژهەڵاتی ناوینیشدا، ئارمانجی کوردەکان دەتوانێت عێراق، ئێران و تورکیا وا لێبکات کە بە دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا، هەڵوێستێکی هاوبەشیان هەبێت.

تەنانەت لەوەیش سەیرتر، دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوا بوون کە دژ بە کوردە هاوپەیمانەکانیان لە عێراق، کە ئەو هەمووە لە شەڕی دژ بە داعش بۆیان گرینگ بوون، یەکریز بوون. شێوەی بیرکردنەوەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا مەنتیقێکی تێدا بوو – تەنانەت ئەگەر بابەتییانەیش بڕوانین – چونکوو ئەوان دەستەبەری سیاسەتێک بوون کە پارێزگاری لە تەواوەتی خاکی عێراق دەکرد. بەڵام لە گۆشەنیگای کوردەکانەوە ئەوان لەکاتی پێویستدا وەکیلێکی باش بوون، و لەوە بەدەر دۆستانێک بوون کە لەبیر دەکران.

ئەم کلێشەیە خەریکە لە باکووری ترین خاڵی سووریا، لە عەفرین کە لە لایەن یەکینەکانی پاراستنی گەلەوە YPG و هاوپەیمانانی سیاسی ئەوانەوە لە پارتی یەکگرتووی دیموکراتیک PYD ـەوە کونترۆڵ دەکرێت، جارێکی دیکە دووپات دەبێتەوە. لە دیدی تورکیاوە ئەم گرووپە هاوواتای پ ک ک یە کە لە لایەن تورکیا و وڵاتانی ڕۆژئاواوە بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی دەناسرێت. لەبەرامبەردا ئەم گرووپانە پێداگری دەکەن کە بە تەواوی خەڵکی سووریان و خۆیان سەر بە ناوچەیەک ناودەبەن کە پێی دەڵێن ڕۆژاڤاوا و داوای خۆسەریی دەکەن لە ئایندەی سووریایەکی فیدیراڵدا. ئەوان لە هەمان کاتدا هاوپەیمانانی لێبڕاوی دەوڵەتانی ڕۆژئاوان لە شەڕی دژ بە داعشدا.

کێشەی ئەم لێکدانەوانە لەوەدایە کە هەموویان جەوهەرێک لە ڕاستییان تێدایە. گرینگ نییە ڕێبەرانی PYD تا چەندە دەتوانن ڕازیمان بکەن بەوەی کە ئەوان بەشێک نین لە پ ک ک، ئەو ڕاستییانەی بەچاو دەبینرێن ئەوە ناگەیەنێت. ئەمەیش هیچ سەیر نییە. پ ک ک پێشتر بنکەکانی لە سووریا بووە و دەوڵەتی سووریایش سیاسەتەکەی لەسەر ئەوە داڕشتبوو کە بە درێژایی ساڵان هاندەری کوردەکان بوو کە بچنە ڕیزی پ ک ک ـوە. ئەم شەڕڤانانە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەگەڕانەوە ماڵەوە. دەیجا، لە کاتێکدا کە ئەم دەربڕینە بە واتای ئەوە نییە کە

YPG هەمان پ ک ک ـ یە، ئەم بانگەشەی ئانکارایش لەم بارەیەوە جێگای تێڕامانە.

بەڵام گرووپە کوردییەکان ئیسباتیان کردووە کە لە ڕووی سیاسییەوە هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن و ناوچەکانی خۆیان لەناو ئەم پێکهاتە شپرزە و تێکچووانەی سووریای پاش ساڵی ٢٠١١دا بەباشی بەڕێوەبردووە. لە ڕوانگەی سەربازییەوە پێدەچێت کە YPG بوونەتە هاوتای سپارتیستەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا. ئەم هێزانە بە چەک و چۆڵی سنووردارەوە بەڵام بە دیسیپلینێکی زۆر و باوەڕێکی پاکەوە سەرسەختانە شەڕیان کرد و سەرەنجام وەها پارێزگارییەکی سەرکەوتووانەیان لە کۆبانی تۆمار کرد کە لە مێژوودا وەکوو ئەو ساتە دێتەوە یاد کە شەپۆلەکەیان لە دژی داعش وەرگەڕاندەوە، ئەو داعشەی کە هەتا ئەو کاتە وادەردەکەوت کە تەقریبەن بە هیچکەس پێشی پێناگیرێت.

ئەمانە دواتر بوونە کاکڵەی سەرەکی هێزەکانی سووریای دیموکراتیک و توانییان داعش گوند بە گوند نەک هەر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەرپەڕێنن بەڵکوو هەروەها ئەوانیان هەتا ناوچە هەرە باشوورییەکانی وەکوو پارێزگای دیرالزور لە سەر سنووری عێراق ڕاونا. کوردەکان بە هاوکاری کردن لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئەمریکا بوونە خاوەن ئەزموون و لێهاتوویی زۆر و ئەمەیش پێگەی بەهەیبەتی پێشووی ئەوانی بەهێزتر کرد.

بە کورتی لە ڕوانگەی ڕۆژئاواییەکانەوە، هەڵوێستی تورکیای ئەندامی ناتۆ لێرەدا واتادارە، بەڵام هەروەها هەڵوێستی هاوپەیمانە کوردەکانیش لە دژی داعش واتای هەیە. کاتێک ناچار بیت بە هەڵبژاردنێکی ناموکین، لەوانەیە ئاسانتر بێت کە لانیکەمێکی ڕووت ڕەچاو بکەن. بەڵام عەفرین ئەو نەبەردە نییە کە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بەو ئاسانییە خۆی لێ گێل بکەن، ئەو چەشنەی کە لە ڕیفراندۆمی کوردەکانی عێراق دا هەڵوێستیان گرت.

لە ئاستێکی تاکتیکی نزیکدا، کوردە لە ئەزموونی شەڕ دەرچووەکان، هەتا ئێستایش زیانی زۆریان بە هێزەکانی سەربە تورکیە گەیاندووە. ئایا هێزی لەشکری تورکیا دتوانن سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنن؟ ئەمە زۆر گونجاو نییە و یان لانیکەم ئەگەریش ڕوو بدات، زۆر قورس لەسەریان دەکەوێت. ئەرتەشی تورکیا بە دوای کوودیتای مانگی حەوتی ساڵی ٢٠١٦ دا لە دژی سەرەککۆمار ئەردۆغان هێشتا دەورانی هەستانەوەی دوای نەخۆشی تێپەڕدەکات. ئەگەر بێتوو هێزە چەکدارەکانی تورکیا و یان تەنانەت ئەو هێزانەی ئەوان ژێر باڵیان دەگرن لە



سەرچاوە Serchawe

شەڕێکی خوێناویدا لە عەفرین بچەقن، ئەو هەڵسەنگاندنەی ئەردوغان لە لایەن خەڵکەوە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە کە خودی ئەو ئەوانی بەرەو ناسیونالیسم و دژایەتی کردن لەگەڵ کوردەکان ڕاکێش دەکرد.

سەرەڕای ئەوانە، کوردەکانی تورکیا دەتوانن لەم دۆخە کەڵکوەرگرن و لە ئاکامی هەستانێکی کتووپڕدا کە ئاوێتەی شەرکەربوونی کوردەکان دەبێت، ڕاپەڕینی ئەوان توندتر بکاتەوە. وەها بەرزبوونەوەیەکی ناسیونالیسمی کوردی هەروەها لە ئێران و عێراقیش دەتوانێت سەرهەڵبدات. لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئەو ڕاپەڕینەی کە سەرەتا تێکەڵ بوو بە سەرکەوتن - یان تەنانەت لە شکستێکی ئابڕوومەندانەیشدا - لە عەفرین، شۆڕشێکی کوردیی بەربڵاوتر لە دژی وڵاتانی خانەخوێ و هاوپەیمانەکانیان، ئەگەرێکە ناکەوێتە گۆڕەپانی نەگونجان.

ئەمە دەبێتە کارتێکردنێکی دۆمینۆ ئاسا کە لەوانەیە ڕووبدات و تەنانەت ئەگەر لە چوارچێوەی سیستەمی حکوومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینیشدا سەیری بکەین، ژێروژوورکەر دەبێت و قابیلی پێش بینی کردن نییە. ئەگەری دۆمینۆیەکی تریش هەیە کە تاکوو ئێستا هەم لە لایەن عەفرینەوە کەوتووەتە بەر هەڕەشە و تەنانەت بووەتە جێگای نیگەرانی زۆرتری حکوومەتەکانی ڕۆژئاوا: کارتێکردنی لەسەر پێکەوە لکانی ناتۆ.

بۆ ڕووسیا، تێوەگلان لە سووریا دەرفەتێک بوو تا لە بەرژەوەندی خۆی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات، وڵاتانی باڵتیک و لەوانەیە ئەوپەڕی ئەوێ و لە شوێنی تریش، ژێرپێی تەواوەتی ناتۆ خاڵی بکاتەوە. پشتگیری کردنی ڕووسیا لە تورکیا لە شەڕی عەفرین - بەوەی کە ڕێگای فڕینی پێدان بە سەر ئاسمانی ئەم شارە و بە ئاشکرا سەرکۆنەی ئەمریکای کرد کە بۆچی دەستی داوەتە چالاکی "یەک لایەنە" بۆ بەهێزکردنی YPG - موسکۆ دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە لانیکەم بەشێک لە پلانەکەی بە باشی داڕشتووە. دوو ئەندامی ناتۆ واتە ئەمریکا و تورکیا و لانیکەم ئەو هێزانەی لە ژێر فەرمانی ئەواندان، دەتوانن بکەونە شەڕێکی خوێناوی و درێژخایەنەوە.

کەوابوو ئەوەی لە عەفرین ڕوودەدات تەنها سەبارەت بە داهاتووی کوردەکانن لە باکووری سووریا نییە، بەڵکوو زۆر لەوە تێدەپەڕێت. ئەمە دەتوانێت ناوچەکە ژێروژووربکات - تورکیا، عێراق و بەتایبەت ئێران - و هەروەها ئاکامی زۆر قووڵی هەبێت بۆ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەکاتێکدا کە لەگەڵ ململانێی ڕووسیایەک بەرەوڕوون کە کارتێکەریی ڕوو لە زیاد بوونە و خاوەن توانا و داینامیکە.



سەرچاوە
Serchawe

سەرەنجام کاتی ئەوە هاتووە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەم پرسیارە هەژێنەرە بەرەوڕوو ببنەوە؛ بەدەر لە بەیان دەرکردن و بە زمانی چەور وادەی ئاشتی و سەقامگیری و دیموکراسی دان، لە ڕۆژهەڵاتی ناوین ئەوان لە چی دەگەڕێن؟ ئەمە هەڵبەت پرسیارێکی فرە دژوارە بەڵام پێویستی بە وەڵامدانەوەیە. لە نەبوونی وەها وەڵامێکدا، ئەو شتانەی کە لە عەفرین ڕوودەدەن و ئەو شتانەی کە لەوانەیە دواتر بێنە پێش، بەردەوام دەتوانن ببنە هەوێن بۆ ئاکامگەلێک کە لەبەرژەوەندی ئەوانی تردا دەشکێتەوە.

گارێت ستەنسفیلد پرۆفسۆری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ئەنستیتۆی توێژینەوەی ئیسلامی و عەرەب لە زانکۆی ئێکسێتێر

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز - ڕێکەوتی: ٢٩ی جانێوێری ٢٠١٨

## سامۆرای عەفرین، لە ئارین مێرکانەوە بۆ ئاڤێستا خاپور



عەدنان کۆچەر

ئەو چەشنە لەخۆکوژییەی (ئارین مێرکان) لەبەرامبەر سوپا چەقاوەسوەکەی داعش و (ئاڤێستا خاپور) لەبەرامبەر لەشکرە دڕەقەکەی تورکیا ئەنجامیاندا دەچنەوە سەر ئەو شارێیەی کە ئەمیل دورکایم فەیلەسوف و زانای کۆمەڵناسی فەرەنسی بەخۆکوشتن لە پێناو ئەوانی دیکە ناویدەبات، لەراستیشدا ئەو فۆرمە لەخۆکوژییەی کە جەنگاوەر بۆ رزگارکردنی ئەوانی دیکە لەبەرامبەر هەژموونێکی دڕەقدا پەنای بۆ دەبات، لەبنەڕەتەوە چێژ بینین

نییە لەمەرگ و بێ هیوایی نییە لەژیان، بەئەندازەی ئەوەی خۆبەستنەوەیە بەو ئاکارە باڵایانەی کە مرۆڤی باوەڕدار لەپێناوی ڕزگاریی ئەوانی دیکە پەنای بۆ دەبات.

باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و بە دیاریکراویش یابان دەشێت وەک یەکەمین جوگرافیای مرۆیی لێی بڕوانرێت کە لەوێوە خۆکوشتن و گیانبەخشین لەپێناو مۆڕاڵ و پابەندییە ئاکارییەکانی جەنگاوەر تێیدا دەرکەوتبێت، ئەم فۆڕم و تایپەی کە لەنێو جەنگاوەرانی سامۆرای بە (پۆشیدۆ) ناسراوەو ئاکارە باڵاکانی جەنگاوەری ڕاستەقینەی تێدا بەیانکراوە، هەمان مۆڕاڵ و ڕێکاری جەنگاوەرەکانی ڕۆژئاوایە کە لە(پرسی کەسایەتی) ئۆجەلاندا خۆی بەیانکردووە، هەردوو فۆڕمی پابەندبوونی ئارەزوومەندانەی جەنگاوەر بە ئاکارەکانەوە چ گەریلاو شەرڤان یانیش سامۆرای، دەچنەوە سەر یەک شاڕێی ڕاستەقینە کە ئەویش خۆنەویستی و گیانفیداییە لەپێناو باوەڕەکانیاندا، ئەوەی فەرهەنگی کوردانی ڕۆژئاوای لەسامۆراییەکانیش جیاکردۆتەوە، تەنها ئەو بوێرییەیە کە جەنگاوەرانی ژن دەتوانن بەر لە جەنگاوەرانی پیاو ئەو بڕاردەیە پەسەند بکەن.

ئەو چەشنە لەخۆکوژییەی سەرباز و جەنگاوەری سامۆرایی کە لەبەرەکانی جەنگ هەڵیدەبژێرێت، بە هاراکیریی ناودەبرێت، ماڵپەڕی ویکلیکس (هاراکیریی) بە (سیبوکو)ش ناودەبات، کە مۆڕاڵ و پابەندییە ئاکارییەکانی جەنگاوەرانی سامۆرایە، کە خۆکوشتن وەک بژاردەیەک لەپێناو وەرگۆڕینی شکست بۆ سەرکەوتن پەسەند دەکەن، چونکە بەپێی پرەنسیبە باڵاکانی ئەم چەشنە لەجەنگاوەربوونە، هەڵبژاردنی مەرگ و خۆکوشتن نیشانەی نەجابەت و ڕاستگۆییە و بەپێچەوانەوە شکانی شکۆ ڕادەستبوون بەویستی داگیرکاریی بەهایەکی لاوازە. هاوچەشن لەگەڵ ئەو فۆڕمەش ئەو ڕێکارە ئاکارییانەی ئۆجەلان لە پرسی کەسایەتی بۆ جەنگاوەری ڕاستەقینەی ئاپۆچی دایڕشتووە، دیسانەوە وادەکات جەنگاوەر ئارەزومەندانە مەرگ و گیانفیداییش لەپێناو ئەوانی دیکە و پاراستنی شکۆی باوەڕەکانیدا ببەخشێت.

لەمێژووی سیاسیی و بەرەنگاریی زۆربەی نەتەوە بندەستەکانی دنیا، لەزۆرێک لە شۆڕش و بەرخودان و ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری هەمەچەشنە، خۆکوشتن لەپێناو زیاندان لە دوژمن وەک بژاردەیەک هەمیشە تاقیکراوەتەوە، بەڵام ئەوەی (ئارین و ئاڤێستا) لەوانی دیکە جیادەکاتەوە زۆر ڕەهەندە، یەکەمیان دەبنە یەکەمین ژنە جەنگاوەری مێژوو، کە لەپێناو باوەڕی خۆیان و ژیانی ئەوانی دیکە ڕۆحیان فیدا دەکەن و خۆکوشتن لەبژاردەیەکی تاکەکەسییەوە دەگۆڕن بۆ چەکێکی بەهێزی بەرەنگاریی و لەوێوە دەتوانن سوپای دوژمن چەندیش

بەهێز بێت تێک بشکێنن، دووەمیان وادەکەن سنورێکی ڕاستەقینە لەنێوان ئەو چەشنە خۆکوژییەی سیمبولی بەرەنگارییە لەگەڵ ئەو خۆکوژییەی وەک ئامرازێکی تیرۆر لەیەک جودابکەنەوە، چونکە بەهۆی کاریگەرییە نەرێنییەکانی خوکوژی گروپە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکانەوە، وێنەیەکی زەینی جێگیر لەیادەوەری هەمووان‌دا دروستبووە، کە خۆکوژی هاوشێوە ببێتەوە بەتیرۆر، بەڵام مۆدێل و فۆرمی (ئارین و ئاڤێستا)، وەک سمبول دەمێنێتەوە، چونکە ئیدی مەرگی ئەوان بۆ کوشتن و بە ئامانجگرتنی بێ چەکەکان نییە، بەڵکو بۆ ڕاگرتنی ئەو هەژموونی دڕەقییەیە کە جەنەڕاڵە تورەکانی ئۆردۆگان دەیانەوێت هێزی خۆیان لەسەر ئەوانی دیکەی بێ چەک تاقی بکەنەوە.

لەڕاستیدا جەنگی عەفرین، بەرلەوەی جەنگی دوو هێز بێت، جەنگی دوو میحوەر و جەمسەربەندیی ئاکارییە، شەڕی هێزێکی بێ مۆڕاڵی هەرێمییە کە بە پاڵپشتی تیرۆر و هێزە لەیاسادەرچووەکان دەیەوێت پەلاماری جوگرافیایەک بدات کە وەکیەکی و یەکسانی و دادپەروەری تێیدا ڕەنگدەداتەوە، شەڕی دەوڵەتێکی یاخییە لەبەرامبەر گەلێک کە هێشتا جەنگاوەرەکانی خوێنی جەنگی داعشیان بە پۆشاکەکانیانەوە ماوە، هەربۆیەش لەبەرامبەر دڕەقی ئەو دووژمنە هەموو چەکێک دەبێت دواجار وەک بەشێک لەپارێزگاریکردن لەخۆو بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاریی ڕەوا بێت، چ جای گیانفیداییەکی گەورەی وەک (ئاڤێستا خاپور) کە دوێنی بەجەستەی خۆی نەیهێشت سوپا سەرەڕۆیەکەی ئۆردۆگان لە لەشکرکێشییەکەیان پێشڕەوی بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ٢٩ی جانێوێری ٢٠١٨



# شەڕی عەفرین لە ڕەوشێکی ناجێگیردا



**هەوراز شوانی**

بەپێچەوانەی پێشبینی تورکیاو بەکرێگیراوەکانی لە ئۆپۆزسیۆنی سوریا، دوای نزیکەی ١١ ڕۆژ لە هێرشی سوپای تورک بۆ سەر ناوچەکانی عەفرین، تائێستا دووەمین سوپای ناتۆ هیچ پێشکەوتنێکی بەرچاوی لەسەر خاک بەدەست نەهێناوە.

گەرچی نیگەرانی ئەمریکاو ئەوروپا لە هێرشی تورکیا نەگەیشتۆتە ئاستی گوشار، بەڵام بەرگریی شەڕڤانان تاکە هۆکاری سەرنەکەوتنی سوپای تورکە.

## ڕووداوەکان تائێستا پێچەوانەی پلانەکانی تورکیایە

تورکیاو چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا پێشبینییان دەکرد لەماوەیەکی کورتدا شەڕی عەفرین لە بەرژەوەندیی خۆیاندا یەکلابکەنەوە، یان لانی کەم لەماوەیەکی کورتدا دەستکەوتی سەربازیی بەدەستبهێنن، بەڵام ڕووداوەکان تائێستا پێچەوانەی پلانەکانی تورکیایە.

تورکەکان باش دەزانن لەبەر ئاڵۆزیی ڕەوشی سوریا، هەر هەنگاوێکی سەربازی، پێویستی بەڕەزامەندیی روسیا یان ئەمریکا هەیە، وەک ئەوەی لە هێرشی (قەڵغانی فورات) لەبەرامبەر کۆنترۆڵ کردنی دیمەشق لە حەلەب هاتەدی،

لە هەمان کاتدا ئەنکەرە دڵنیایە لەبەر کێشە کەڵەکەبووەکانی لەگەڵ واشنتۆندا، زەحمەتە ئەمریکا ڕێ بە هیچ پرۆسەیەکی سەربازی تورکیا لە سوریا بدات، تەنانەت هەندێ سەرچاوەی هەواڵ باس لەوە دەکەن ئەمریکا لەڕێی لایەنی سێیەمەوە لە هێرشی سەر عەفرین ئاگادارکراوەتەوە، هەر بەپێی ئەو سەرچاوانە لێدوانی وەزیری بەرگریی ئەمریکا کە گوایە ئەنکەرە پێشوەخت واشنتۆنی لە هێرشەکە ئاگادارکردۆتەوە، تەنها لێدوانی دیپلۆماسی بوون.

## دوورنییە روسیا بە هەڵوێستەکانیدا بچێتەوە

پێدەچێت رووسەکان لەبەرامبەر شەڕی عەفریندا بێدەنگییان هەڵبژاردبێت، یان بەواتایەکی دیکە چرای زەردیان بۆ تورکیا هەڵکردبێت، دەکرێ ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری لەپشتەوە بێت، لەوانە: هاندانی تورکیا بۆ بەشداری کردنی گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریا، ئەوانەی لەو وڵاتە نیشتەجێن لەکۆنگرەی (سوچی)، بەڵام رەتکردنەوەی خواستی مۆسکۆ لەلایەن دەستەی باڵای دانوستانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا لە کۆنگرەی ناوبراو، دوورنییە ببێتە پاڵنەرێک بەوەی روسیا لە داهاتوودا بە هەڵوێستی خۆی لەبەرامبەر هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین بچێتەوە.

## هەموو نەگەرێک لەبەرامبەر شەڕی عەفرین کراوەیە

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی رووداوەکانو هەڵکشانی ژمارەی قوربانیانی سڤیل، هەموو ئەگەرێک لەبەرامبەر شەڕی عەفریندا کراوەیە، لەوانەش تورکیا دووچاری شەڕێکی درێژخایەن بێت، کە دەبێ هەمیشە پێشبینی گۆڕانکاریی هاوکێشەکانی بکرێ، لەبەر ئەوەی شەڕ یان جەنگ پرۆسەیەکی سیاسییەو تەنها تەرازووی هێزەکان بەس نین بۆ یەکلاکردنەوەی، بەڵکو گوشار یان ڕێککەوتنو لێکگەیشتنە سیاسییەکان سەرەنجام مەودای شەڕو نەخشەکان دیاری دەکەن، شەڕی ئێستای عەفرین-یش هەر لەم چوارچێوەیەدایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوی - ڕێکەوتی: ٣٠ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## عەفرین، تورکیا لە هاوکێشەکە دەکاتە دەرەوە؟



**سەرتیپ جەوهەر**

ئاڵۆزییەکانی عەفرین بارودۆخێکی نوێی لەسوریاو ناوچەکە هێنایە پێش، ئەوەی لەوێ ڕوودەدات بەم شێوەیەو بەم قەبارەیە، چاوەڕوان نەکراوبوو، بەڵام هێرشەکەی تورکیا ئاماژەیەکی ڕوونی نەگەیشتنە ئەنجامی هەوڵەکانی ئەنقەرەیە بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی لەسوریا.

لەگەڵ ئەوەی ئاڵۆزییەکانی سوریا بەردەوامە، بەڵام هێدی هێدی ئایندەی ئەو وڵاتە ڕوون دەبێتەوە، نەخشەی ئایندەی ئەو وڵاتە لەڕێککەوتنی نێوان ئەمریکاو ڕوسیا دەستپێپێکرد کە لە ٢٠١٥ لەسەری یەکلایی بوونەوە، بەپێی ڕێککەوتنەکە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات بووە ناوچەی نفوزو هەژموونی ئەمریکا، کە لە مەنبجەوە دەستپێدەکاتو درێژدەبێتەوە تا دێرزۆر لەڕۆژهەڵاتی باشووری سوریا، ڕۆژئاوای فوراتیش بووە ناوچەی هەژموونو نفوزی ڕوسیا کە لە عەفرینەوە دەستپێدەکات تا ڕۆژئاوای ڕووباری فورات لەسەر سنووری ئوردن، هەروەک ڕێککەوتن لەسەر کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئێران لەئایندەی سوریاو کێشانەوەی بەشێک لەهێزەکانیان لەخاکی سوریا، بەتایبەت لە دیمەشقو دەوروبەری.

لەگەڵ ئەوەی هەردوولا (ئەمریکا - ڕوسیا) لەسەر دابەشکردنی سنووری جوگرافیای هەژموونی یەکتر لە سوریا ڕێککەوتوون، بەڵام تائێستا نەیانتوانیوە ڕێکبکەون لەسەر ئایندەی دەسەڵاتی سیاسیو حوکمڕانی لەسوریا، بۆیە بەردەوام هەردوولا هەوڵدەدەن کۆبوونەوەی نێوان ڕژێمو (بەناو ئۆپۆزسیۆن)ی سوریا لە ئەستانەو جنێڤو سوچی کۆبکەنەوە، بۆئەوەی ئایندەی سوریا دەستنیشان بکەن، بەڵام بەهۆی ڕێکنەکەوتنیان هەم ئۆپۆزسیۆن بووە بەدوو

بەش، هەمیش وڵاتانی هەرێمەکە کە رۆڵیان لەئایندەی سوریا هەیە، ناکۆکن لەسەر داڕشتنی نەخشەی داهاتووی سوریا، کە بەپلەی یەکەم پرسی داهاتووی دەسەڵاتو شێوەی حوکمڕانییە لەو وڵاتەدا.

## رێگریکردن لە گەیشتنی گەلی کورد بە مافە دەستووریو مرۆییەکانی

ئێران هێزێکی زۆری لەسوریا هەیە، لەدیمەشقو دەوروبەری هەزاران چەکداری هەیە، لەسەر هێڵی روسیایەو لەداهاتوودا بەرکەوتەی هەژموونی لەرۆژئاوای رووباری فوراتدا دەبێت، بەڵام تورکیا دەستەوەستانەو کێشەی گەورەی لەگەڵ سوریا هەیە، ترسی گەورەی لە گەشەکردنی رۆڵو پێگەی کوردە لەو وڵاتەدا، بۆیە هەموو هەوڵێک دەدات کورد لاواز بکات، بەتایبەت ئەو هێزەی لەرۆژئاوای کوردستان باڵادەستە کە (پەیەدە)یە، لەمنداڵدانی پەکەکە لەدایکبووە، کە لەباکووری کوردستان لەخەباتی چەکداریدایەو بۆ ستاندنی مافو کەمکردنەوەی ستەمی رژێمەکانی تورکیا لەسەر گەلی کورد، لێرەدا تورکیا ترسی هەیە کورد لەسوریا دەستی بگاتە دەریای ناوەڕاست، کە مەترسییەکی ستراتیژییەو کاریگەریی گەورە لەسەر باروودۆخی کورد لەباکوورو لەسەر یەکپارچەیی تورکیا لەئایندەدا دروست دەکات، هاوکات تورکیا دەیەوێت رۆڵی کاریگەر بگێڕێت لەداڕشتنی نەخشەو سیمای داهاتووی سوریاو رێگریکردن لە گەیشتنی گەلی کورد بە مافە دەستووریو مرۆییەکانی لەو وڵاتەدا. تورکیا هەموو شتێک دەکات لەپێناوی گەیشتن بەو ئامانجە، روسەکانیش دەیانەوێ لەو ملمڵانێو کێشمەکێشەی لەناوچەکە هەیە سوود وەربگرن.

لەپرسی عەفریندا روسەکان مامەڵەیەکی نادۆستانەیان لەگەڵ کورد کرد، مامەڵەیەک بوو دوور لەهەموو بەهایەکی مرۆیی‌و سیاسی، سەرەتا پەیەدە لەسەر هێڵی (روسیا، ئێران، دیمەشق) هەژمار دەکرا، بەڵام دواتر رووی لەئەمریکا کرد، ئەم پشت تێکردنەی پەیەدە لەڕوسیا، لەجێی خۆیدا بوو، چونکە روسەکان جێی متمانە نەبوون.
لەپرسی عەفریندا بێگومان رێککەوتنێکی پێشوەختەی روسیاو تورکیا هەیە، ئەو رێککەوتنە پەیوەندیی بەئاڵوگۆڕی ئیدلب بەرامبەر عەفرین هەیە، واتە تورکیا لەئیدلب هێزەکانی خۆیو ئەوانەی لەخۆیەوە نزیکن (تیرۆریستانی بەرەی نوسرەو بەرەی نورەدین زەنکیو سوپای ئازادو ..تد) لەبەرامبەردا روسیا رێگا بەتورکیا دەدات هەم خۆیو هەمیش ئەو هێزە تیرۆرخوازانەی تورکیا پشتیوانیان دەکات هێرش بکەنەسەر عەفرین، باشترین بەڵگەش بۆ بوونی رێککەوتن، کشانەوەی هێزەکانی روسیا بوو کە ژمارەیان ٣٠٠ سەرباز بوو لە عەفرین.



سەرچاوە Serchawe

## ئاڵۆزترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو تورکیا

روسەکان لەڕێگەدان بەتورکیا بۆ هێرشکردنە سەر عەفرین، جگە لەکۆتاییهێنان بەو گرژیانەی لەباکووری عەفرین هەیە، هاوکات ئامانجێکی دیکەشیان هەیە کە پەیوەندی بەهاوکێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە، ئاڵۆزترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو تورکیایە، دەیانەوێ تورکیا بەئاڕاستەی روبەڕوبونەوەی زیاتری ئەمریکادا ببات، واتە پەیوەندییەکانی تورکیاو ئەمریکا ئاڵۆزتر بکات، بۆیە دەبینین لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا لێدوانی گرژ بەرامبەر یەکتر دەدرێت، دەبینین بینالی یەلدرم دەڵێت، پێویستە ئەمریکا بەزووترین کات هێزەکانی لە مەنبج بکێشتەوە، لەبەرامبەردا جەنەراڵ جۆزیف ڤۆتێل فەرماندەی سەرکردایەتیی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا دەڵێت، بەهیچ شێوەیەک ناکشێینەوەو گفتوگۆی ئەو بابەتەش ناکەین. بەکورتی روسەکان مەبەستیانە تورکیا هێندەی دیکە لەئەمریکا دووربخەنەوە، زەمینەی خۆشکردنی ئاگری گرژیی نێوان ئەمریکاو تورکیاش لەبارە، بۆیە جوڵەی لەسەر دەکەن.

ئەم کشانەوەی روسیا لە عەفرین بێ لێکەوتە نابێت، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بەدانوستانەکانی سوچییەوە هەیە، کە بڕیارە بەمزووانە بکرێت، بۆ گفتوگۆی چارەنووسو ئایندەی رژێمی سیاسی لەسوریا، لەدوای هێرشەکانی تورکیا ئیدی ئەو پرۆژەیەی روسیا لەسوچی لەبارچوو، چونکە هەم بەشێکی زۆری ئۆپۆزسیۆنی سوریا کە نزیکن لە سعودیەو ئیمارات، هەمیش نوێنەرانی کورد جگە لە ئەنەکەسە، رەتیانکردەوە بەشداریی لە گفتوگۆکاندا بکەن، ئەوانەی دەچن، یان گروپە تیرۆرخوازەکانن، یان ئەو گروپانەن کە پێیان دەوترێت بەرەی ئەنەکەسە، کە داردەستی تورکیان.

لەگەڵ دەستپێکی ئەو هێرشانەی تورکیا، ئێستا قسە لەسەر ئایندەی عەفرینو رۆڵی ئەمریکا دەکرێت، بەپێی لێکدانەوەی سیاسیو جموجۆڵی ئەمریکاو هێزی کورد، پێدەچێت ئیدی عەفرین لەسنووری نفوزی روسیاوە ببێتە سنووری نفوزی ئەمریکا، واتە کورد لە رۆژئاوای کوردستان هیچ ناوچەیەکی نامێنێت سنووری نفوزو ناوچەی بەرژەوەندیی روسیا بێت، کورد بەتەواوی چووە بەرەی ئەمریکاوە.

## ئەگەری روبەڕوبونەوەی تورکیاو ئەمریکا

بۆئەوەی عەفرین بەتەواو گرەنتی بکرێت وەک ناوچەی بەرژەوەندیی نفوزی ئەمریکا، پێویست دەکات هێزەکانی کورد لە مەنبجەوە پێشڕەوی بکەن بەرەو عەفرینو ناوچەکانی عەزازو جەرابلسو باس لەدەستی رژێمی تورکیاو هێزە تیرۆرخوازەکان دەربکەن، بەڵام ئەوە تەنها بەکورد ناکرێت، بەڵکو پێویست دەکات ئەمریکا پشتیوانی لە کورد بکات. کەواتە ئەگەرەکانی روبەڕوبونەوەی تورکیاو ئەمریکا زۆر بەهێزترە لەرێککەوتنیان، چونکە تورکیا دەیەوێت بەهەر نرخێک بێت رێگریی لە گەشەکردنی قەوارەی کورد بکات.

لێکەوتەو ئەگەرەکانی هێرشی جەندرمەی تورک بۆسەر عەفرین تەنها بەوەوە ناوەستێت کە عەفرین دەکاتە ناوچەی بەرژەوەندیی ئەمریکا، بەڵکو لێکدانەوەی دیکەیشی بۆ دەکرێت، یەکێک لە لێکدانەوەکان ئەوەیە کە ئەگەری بەهێز ئەوەیە تورکیا لە عەفرین شکست دەهێنێت، ئەگەر ئەوە رووبدات، ئیدی تورکیا بەتەواوی دەستی دەبڕێت لە کاریگەرییەکان، لەنەخشەڕێی ئایندەی رژێمی سورپاو جوگرافیای سوریا، چونکە هەم ئەو ناوچانە لەدەست دەدات کە لەباکووری حەلەبو دیمەشق لەژێر هەژموونی ئەودایە لەرێی گروپە تیرۆرخوازەکانەوە، هەمیش حەلەب لەدەست دەدات کە ئامانجیەتی داگیری بکات، هەروەک ئەگەری بەردەم کورد بۆ گەیشتن بەئاوی دەریای ناوەڕاست کراوە دەبێت، ئەوەش ئەو ئەگەرەیە کە تورکیا زۆر لێی دەترسێت.

روسەکان خەریکی مسۆگەرکردنی ئایندەی ناوچەی نفوزی خۆیانن لەسوریا، پرۆژەی خۆیان بە وڵاتانی هەرێمەکەوە نەبەستۆتەوە، واتە لەپرۆژەکەی روسیا وڵاتانی وەکو ئێرانو تورکیا ئەوەندە بەشدار نین، رەنگە هەردوو وڵات بەشدار بکات لە ئەجێندای خۆی، بەڵام پێناچێت بەشداریان بکات لەپرسی دیاریکردنی نەخشەڕێی گۆڕینی رژێمی سیاسی لەسوریا.

روسەکان بەدەر لەهەموو پرۆژەیەک، ماوەی ساڵێکە مژولی گۆڕینی سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپای سوریان، واتە چەند فەرماندەیەکی سەربازیی سوپای سوریایان لە سەرۆکایەتی ئەرکان گۆڕیوەو چەند کەسێکی دیکەیان دامەزراندووە، ئەمەش بەڵگەی ئەو راستیەیە کە روسەکان دەیانەوێ لەدەرەوەی گۆڕینو گۆڕانی رژێمی سوریا، بەرژەوەندییەکانیان لەرێی دامەزراوەی سەربازییەوە مسۆگەر بکەن، هەروەک چۆن ئەمریکییەکان لە میسر لەرێی

دامەزراوەی سەربازییەوە بەرژەوەندییەکانیان گرەنتی کردووەو لەگەڵ گۆڕانی رژێم لە میسر، لەسەروبەندی بەهاری عەرەبیدا لە ٢٠١٢، لەرێی عەبدولفەتاح سیسی-یەوە بەرژەوەندییەکانی خۆیان پاراستو محەمەد مورسی-ان لە ٢٠١٣ لەکارخست، دواتر دەسەڵاتیان لەو وڵاتە خستەوە چوارچێوەیەکی قانونیی لەرێی هەڵبژاردنێکی سەرتاسەریی لەو وڵاتەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوی - رێکەوتی: ٣٠ی جانێوێری ٢٠١٨

## بڵاوکردنەوەی وێنەو گرتەی ڤیدیۆیی ساختە لەلایەن میدیای تورکییەوە



تورکیا تەنها لەرێگەی سەربازییەوە پەلاماری کوردی رۆژئاوا نادات، بگرە بەشێکی گەورەی ئەم جەنگەش لەرووی میدیاییەوە دەکات. دیارە هەروەک چۆن تورکیا لەرووی سیاسیی و ئەخلاقییەوە، هیچ بەڵگەیەک و پاساوێکی راستی نییە، لەرووی میدیاییشەوە هەواڵی چەواشەکاری و دروستکراو، لەمیدیاکانی لەبارەی جەنگەکەوە بڵاودەکاتەوە، ئەمەش بۆئەوەی ورەی سوپاکەی لەناوخەڵکیدا بەهێزبکات. ئەمەش لەمیدیاکانی جیهاندا، بەشەرمەزاری وەسف دەکرێت.

### فرانس ٢٤ هەواڵەکە ئاشکرا دەکات

کەناڵی فرانس ٢٤ کە کەناڵێکی فەرەنسییە و بە سێ زمانی جیهانی بەرنامەکانی پەخش دەکات و یەکێکە لەکەناڵە باوەڕپێکراوەکانی جیهان، راپۆرتێکی لەبارەی

ساختەکاری لەمیدیای تورکیدا بڵاوکردۆتەوە وپەردەی لەسەر کۆمەڵێک هەواڵی درۆ هەڵماڵیوە، کە کەناڵە تیڤییەکانی تورکیا بڵاویان کردۆتەوە.

## کەناڵە گەورەکان تۆمەتبارن

لە ڕاپۆرتەکەی فرانس ٢٤ دا هاتووە، بەشێکی زۆری ئەو کرتە ڤیدیۆ ساختانەی کەلەماوەی پێشوودا بلاوکراوەتەوە، لەلایەن کەناڵە گەورە و بەربڵاوەکانی تورکیاوە پەخشکراوە. بۆنموونە باسی چەند هەواڵێکی کەناڵی» خەبەر» ی تورکی دەکات، کەزۆرترین بینەری لەتورکیا هەیە و بەیەکێک لەکەناڵە ناسراوەکانی دادەنرێت، کەچی ئەم کەناڵە بەرۆژی ڕووناک، هەواڵی ساختە بڵاودەکاتەوە، ئەمەش گوزارشت لەوەکات، کەبەشێکی زۆری میدیای تورکیا، هیچ پابەندی ئەتەکێت و بنەما ئەخلاقییەکانی رۆژنامەوانی نابن.

## مانۆڕێکی سەربازیی ڕوسیایە

یەکێک لەو هەواڵە ساختانەی کە ئاشکرابووە، کە کەناڵی « خەبەر» بڵاویکردۆتەوە، کرتەیەکی ڤیدیۆییە گوایە ئەوە جەنگی نێوان سوپای تورکیا و یەپەگەیە لەعەفرین، بەڵام لەپاش بەدواداچوون لەناو سایتی گوگلە، دەرکەوتووە ، ئەو دیمەنە عەفرین نییە، بگرە ئەوە ناوچەی قەوقازی ڕوسیایە، دیمەنی جەنگیش نییە، بگرە مانۆڕیکی سووپای ڕوسیایە کە لەساڵی ٢٠١٢ لە ناوچەی قەوقاز ئەنجامیداوە.

## ئەمستەردامیان لێبۆتە عەفرین

هەواڵێکی تر کە زۆرێک لە کەناڵە میدیاییەکان و تەنانەت بەشێکی زۆری واڵە تورکییەکانی لەسەر فەیسبووک و تویتەری بڵاوبۆتەوە، کرتە ڤیدیۆیەکە کە کۆمەڵێک فرۆکەی جەنگی ئێف ١٦ یە، کە بەئاسمانەوە دەفڕن، گوایە ئەمانە فرۆکەی تورکین بەسەر عەفرینەوە دەفڕن. بەڵام لەڕاستیدا ئەم کرتە ڤیدیۆیە ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەپریلی ساڵی ٢٠١٣ کاتێک لەئەمستەردام شازادە« ولیەم ئەلکسەندەر « کرایە مەلیک، هێزی ئاسمانی هۆڵەندی ئەم نمایشە ئاسمانییەی بەو بۆنەیەوە سازکردووە.

## چێشتی کۆن گەرم دەکەنەوە

هەواڵێکی تریش کەلە میدکانی تورکیا بڵاوکراوەتەوە، کرتەیەکی ڤیدیۆییە کە وێنەی بۆمبارانکردنی فڕۆکە ئاسمانییەکانی تورکیایە لەدژی بنکە سەربازییەکانی یەپەگە، بەڵام دواتر ئەمەش ئاشکرابووە، کەئەم وێنانە کۆنن و دەگەڕێنەوە بۆساڵی ٢٠١٦ کاتێک سوپای تورکیا پەلاماری ناوچەی مەنبەجی داو، کۆمەڵێک بنکەی سەربازی یەپەگە بۆمباران دەکات.

## جەنگی دەروونی

زۆرێک لەچاودێرانی سەربازیی باس لەوە دەکەن ئەمەی تورکیا دەیکات، بەشێکە لەو جەنگە دەروونییەی کەدەیەوێت، لەگەڵ گەلی کوردی بکات، واچاوەڕوانیش دەکرێت، لەماوەی داهاتوودا، وێنەو گرتەی ڤیدیۆیی ساختەی زیاتر لەلایەن تورکیاوە بڵاو بکرێتەوە،چونکە ئەمە بەبەشێک لە ستراتیژی هێرشبەرانەی تورکیا بۆسەر گەلی کورد دادەنرێت. هەرچەندە ئەمە لەرووی ئەتەکێت و ئەخلاقیی ڕۆژنامەوانییەوە ، زۆر کارێکی نابەجێ و قێزەوەنە و میدیای تورکیاش لەکەدار دەکات.

سەرچاوە: کەناڵ فرانس ٢٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوی - ڕێکەوتی: ٣٠ی جانیۆیری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتەکانی مانگی فێبریوێری:

---

### ڕۆڵی ڕووسیا لە عەفرین پشت بە نیاز و مەرامەکانی تورکیا دەبەستێ



ڕۆڵی ڕووسیا لە عەفرین پشت بە نیاز و مەرامەکانی تورکیا دەبەستێ

**ماکسیم سوچکۆڤ**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئاسۆ کەریم**

مۆسکۆ- هەفتەیەک زێترە پەلاماری تورکیا بۆ سەر ناوچەی عەفرین کە دەکەوێتە باکووری سووریاوە بەردەوامە. ئەو پەلامارە نیگەرانیی ئەوەی ناوەتەوە، ئاشکرا قۆڵێکی نوێی تەواوی جەنگ لە سووریا بکاتەوە کە ڕەنگدانەوەی بەسەر ئاسایشی تەواوی ناوچەکە دەبێ. لە پرێس کۆنفڕانسەکەی ٢٥ی کانوونی دووەمدا، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا، ماریا زاخارۆڤا لەسەر ڕووسیا بەوەڵام هات لە بەرانبەر جەختکردنەوەی کوردان کە مۆسکۆ لایەنگیریی تورکیای لە عەفرین کردووە. زاخارۆڤا پرسیی: "ئایا ڕووسیا بەرپرسیارێتیی کار و کردەی تورکیای دەکەوێتە ئەستۆ؟" هەروەها گوتی: "ئێمە سیاسەتی دەرەکیی خۆمان هەیە و هەڵوێستێکی ڕوونمان لەبارەی بەشدارپێکردنی کوردان لە پرۆسەی سیاسی لە سووریادا هەیە."

ڕیپۆرتەرێکی کورد گوتی زەحمەتە بەم زووانە چارەسەرێک بۆ قەیرانی سووریا بدۆزرێتەوە لە کاتێکدا تورکیا "ئۆپەراسیۆنێکی درێژخایەن بەڕێوە ببا". هەواڵنووسەکە گوتی: "تۆ دەتوانی لە هاوپەیمانی خۆت، تورکیا، بپرسی کە بە شێوەیەکی جیاواز ئەو پرسانە لەگەڵ کورداندا تاووتوێ و باس بکا؟" لە وەڵامدا، زاخارۆڤا ئاماژەی بە سروشتی ئالینگارییانەی وتووێژەکانی نێوان مۆسکۆ و ئانکارا لەمەڕ ئەم پرسە دا. ئەو لە ئاماژەدانێکیدا بۆ پەیوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ تورکیادا، پشتی خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی ڕووسی لە نۆڤەمبەری ٢٠١٥ دا گوتی: "ئێوە دەزانن کە ئێمە تازە لە قەیران دەرچووینە". "پێویست ناکا پێمان بڵێی کە تورکیا چەند شەریکێکی سەختگر و منجڕە. وڵاتێکە بەرژەوەندیی خۆی هەیە، هەمیشە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێمەدا یەک ناگرێتەوە... ئارمانجی ئێمە، هەرچۆنێک بێ، ئەوەیە کە پانتاییەکانی بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ هەر شەریکێکدا بدۆزینەوە؛ جا کۆسپەکان هەرچییەک بن. تەنانەت ئەوە لەسەر ئاستی دووقۆڵیش کارێکی ئاسان نییە؛ ئەوە لە چارەسەری کێشەی سووریایش بگەڕێ."

بۆ ڕووسیا، پرسی کوردانی سووریا بە لانی کەمەوە سێ ڕووی هەیە: پەیوەندیی لەگەڵ تورکیادا، پەیوەندیی لەگەڵ کورد خۆیاندا، پەیوەندیی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. لەم خاڵەدا، دەبێ هەر سێ بوارەکە لەگەڵ ئەو ئەرکەدا پێوانە بکرێن و بگونجێندرێن کە ئێستە مۆسکۆ بە ئەرکی سەرەکیی خۆی دەزانێ: ئەویش سازدانی کۆنگرەی دیالۆگی نیشتمانییە لە سوچی لەم هەفتەیەدا، کە مۆسکۆ ئومێد دەکا دانوستانێکی بەگوڕ بێ بەرەو چارەسەرێکی سیاسی، کە دەکرێ دواتر لە مستی "ژنێڤ" بنرێ.

هەڵوێستی ڕووسیا لەبارەی "عەفرین"ەوە لەگەڵ هەڵویستی ڕووسیا لەبارەی تەواوی سووریا و لەگەڵ سیاسەتە بەرفرەکانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕێک دێتەوە: خۆدوورخستنەوە لەو قەیران و تەنگژانەی کە ڕاستەوخۆ بەرژەوەندە تەناهییەکانی ڕووسیا ناخەنە بەر مەحەکەوە. لەگەڵ سەرۆک ڕەجەب تەییب ئەردۆغاندا بە ڕێچکەیەکی باریکدا دەڕۆین، لێ مادام تورکیا و ڕووسیا بەردەوام کەناڵی سوپایی و هەواڵگری و سەرۆکایەتییان لە نێواندا هەبێ، ئەوا وێناچێ مۆسکۆ خۆی بخانە ناو نیگەرانییەکی گەورەتری ئاسایشییەوە کە بە لای تورکیاوە وا ببیندرێ، نەک ڕووسیا.

لەتەک ئەوەدا، وەک پێشتر هەر لەم مانگەدا لە وتارێکی ئەلمۆنیتۆردا هاتووە، پاش کۆنگرەی دایەلۆگی نیشتمانی لە ٢٩ - ٣٠ی کانوونی دووەمدا، پشتیوانیی تورکیا و ئێران بە لای مۆسکۆوە گرنگییەکی سەرەکیی هەیە و،



سەرچاوە
Serchawe

دەیەوێ ئەو سێ لایەنە، کەم تا زۆر، لەسەر پرسە سەرەکییەکاندا یەکگرتوو بن. تورکیا ئەم دواییە بە لای ڕووسیاوە بووەتە لایەنێکی سەرەکی بۆ میواندارێکردنی کۆنگرەی سوچی و، لە ڕێگەدان بە هێزەکانی سەرۆک بەشار ئەسەد بۆ گرتنەوەی چەند بەشێکی ئیدلب. بەگشتی ئانکارا، بە ڕووکردنە گرووپە هەرە گرنگەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووری، دەرهەق بە ڕۆڵی ڕووسیا بنیاتنەرانەیە. مۆسکۆ هیچ هۆیەک شک نابینێ کە لەم ساتە یەکلاکەرەوەیەدا، ئەو کاری هاوسەنگڕاگرتنە خۆنەگرتووە لەگەڵ ئانکارادا تێک بدا.

لەگەڵ ئەوەیشدا چارەسەری سەربازییانەی تورکیا بۆ عەفرین بە لای مۆسکۆوە، ڕێگەچارەیەک بووە کە دەکرا خۆی لێ نەدرێ. هێزەکانی سووریای دیموکراتیک (SDF) پێشنیاری ڕووسیایان ڕەت کردەوە کە ڕێگە بە هێزەکانی حکوومەتی سووریا بدەن کۆنترۆڵی عەفرین بکەنەوە. ئەم پلانە بەو نیاز و مەبەستە بووە کە هەم نیگەرانییەکانی تورکیا دەرهەق بە کوردان بڕەوێنێتەوە کە کۆنترۆڵی کۆریدۆرێکی زەوینیی قەرە بە قەرەی سنووری تورکیا دەکەن و، هەم پانتاییەکی زۆرتری خاکی سووریا بکەوێتەوە دەستی ئەسەد. لێ ئەو هزر و بیرە لەگەڵ داخوازییەکانی کورددا بۆ خۆبەڕێوەبردن یەکی نەدەگرتەوە. ڕووسیا یەکەمین وڵات بووە کە پێشنیاری کردووە چەمکی "ئۆتۆنۆمیی کوردی" بخرێتە ناو دەستوورێکی نوێوە کە لە ڕۆژی خۆیدا تورکیای دڕدۆنگ و کوردەکانی بەجۆش و خرۆش خست. هەروابێتەوە، ڕووسیا باوەڕی وایە کە پرسی ئۆتۆنۆمیی کوردی، دەبێ دانوستاندنی لەسەر بکرێ.

لەم سۆنگەیەوە، وێدەچێ  ڕووسیا باکی بەو هێڵە ڕەخنە میللییە نەبێ کە دەڵێ "ڕووسیا خیانەتی لە کوردان کرد". هەندێ کۆڕ و کۆمەڵەی کوردی، پێوەندی و ڕایەڵکەیان لەگەڵ خاوەنڕایانی ڕووسیا لە سەنتەری ئاشتکردنەوەی ڕووسی بۆ سووریا لە بنکەی "حمێمیم"دا هەبووە. ڕووسیا هیچ قەول و هەرێیەکی بە حزبی یەکێتیی دیموکراتی (PYD) نەداوە، کە ماوەیەکی درێژە گەمە لە نێوان ئانکارا و دیمەشقدا دەکا و دواجار لە بری ڕووسیا، خۆی بە لای ئەمریکادا ساغ کردەوە. بێ لەوە، تورکیا پەیەدە بە گرووپێکی تیرۆریست دەزانێ.

زاخارۆڤا لە پرێس کۆنفراسەکەدا گوتی: "هەڵبەت، بۆ ماوەی چەندین ساڵ، هاوبەشە ڕۆژاواییەکانمان یارییان بە فاکتەری کوردی کردووە، بەڵام بۆ بەرژەوەندییەکانی کوردان نەبووە." "ڕووسیا لەبەر ئەوەدا بوو کورد لە باری سیاسییەوە بخاتە ناو پرۆسەی چارەسەریی سوورییەوە... ڕووسیا داوای لە هەڤاڵە ڕۆژاوایی و هەرێمییەکانی خۆی دەکرد کە کورد بخرێنە ناو فۆرماتە جوداجوداکانی دانوستاندنەوە. کاتێ ئێمە هەموومان ئەو دەرفەتەمان بۆ هەڵکەوت خوێنڕشتن ڕابگرین و ئیئتلافێکی بەرفرە بۆ یەکخستنی ئۆپۆزیسیۆنی سووری پێک بهێنین، ڕۆژاوا بە

کوردەکانی گوت ئەو دەرفەتە پشتگوێ بخەن. لە خۆتان بپرسن، ئەمە خزمەتی بە بەرژەوەندییەکانی کێ کرد. پاشان ببینن کە هەڵوێستی ئێمە دەرهەق بە کوردان چەند لەبار و گونجاو بووە."

مۆسکۆ دووپاتی کردووەتەوە کە ئەو هەنگاوەی واشنتۆن بۆ پێکهێنانی هێزێک بۆ پاراستنی سنوور لە چەکدارەکانی یەپەگە، هەوڵێکە بۆ "دابرینی ئەو ناوچانەی کورد دەستیان بەسەردا دەشکێ" و، نانەوەی گرژی و ناخۆشی. ئەو ڕەخنەگرتنەی ڕووسەکان، بە هەر حاڵ دوو مەبەست و ئارمانجی هەیە: هەر شەڕێک لە عەفرین بەرپا ببێ، گلە و گازاندەکە بکەوێتە سەر ئەمریکا و، ناردنی ئاماژەیەکیشە بۆ کوردان کە لە هەڵبژاردنی شەریکێکی "ڕاستەقینە"دا سەرکەوتوو نەبوون.

کاتێ واشنتۆن ڕووبەڕووی وەڵامێکی توندی تورکیا و ئاکام و شوێنەوارەکانی قەیرانێکی بەرفرەتری ناوچەیی بووەوە، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا چەند ڕۆژێ دوای ئەو بڕیارە لە ١٧ی کانوونی دووەمدا بای دایەوە و گوتی: "بەدحاڵیبوونێک لە تەواوی ڕەوشەکەدا هەیە... ئێمە هەرگیز هێزێک بۆ پاراستنی سنوور پێک ناهێنین." ئەم ئاخاوتنەی ڕیکس تیلەرسن، تورکیای لە پەلامارەکەی ١٩ی کانوونی یەکەم بۆ سەر عەفرین نەوەستاند و، باوەڕی ڕووسیایشی نەگۆڕی کە پێی وایە ئەمریکا پلانی بۆ دابەشکردنی سووریا بە بەکارهێنانی هێزەکانی سووریای دیموکرات و خەڵکی دیکە، داناوە.

یەڤگینی ساتانۆڤسکی، کە ئەنستیتۆی مۆسکۆ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوە دەبا و، بەوە ناسراوە ڕایەڵکەیەکی لەگەڵ ئەولەهیی ڕووسیادا هەیە، دەڵێ دیماهییەکەی هەڵوێستی ڕووسیا لە عەفرین هەم لەگەڵ ئانکارا و هەم لەگەڵ واشنتۆندا باش جێگەی خۆی دەگرێ. "ئەمریکا هێزەکانی سووریای دیموکراتی بۆ هێرشبردنە سەر ئیدلب مەشق پێ دابوو و، بەو هیوایە بوو بەر لەوەی هێزەکانی حکوومەتی سووریا کە لە لایەن ڕووسیاوە پشتیان دەگیرێ، پەلاماری ئەوێ بدەن، SDF دەستی خۆی بوەشێنێ. لەبەر ڕۆشناییی پێکهاتەی عەرەبی سوننەی ناوچەی ئیدلب، هەموو خێڵ و کۆڕ و گرۆی عارەبان لە دژی کوردان ڕاست دەبوونەوە.... عەرەب ئێستاکە گومانیان لەوە هەیە کە ئەمریکییەکان دەیانەوێ وەک دەڤەرە نیمچە-دەوڵەتەکەی کوردی عێراق، شتێکی هاوشێوە لە سووریایش بۆ کورد پێک بهێنن؛ ئیدی کورد بۆ هێنانەدیی کوردستانی گەورە سەریان گەرم دەبێ." یەڤگینی پێدا دەچێ و دەڵێ: "لەگینە ئەمریکییەکان ئومێدیان بەوە بووبێ کە ڕووسیا پێش بە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تورکیا بۆ سەر عەفرین دەگرێ. لەوانەیە پەلامارەکە ئەردۆغان بخاتە ناو کێشەیەکی درێژخایەنەوە. تەنانەت ئەگەر لە کۆتاییدا

هێزەکانی تورکیا، عەفرینیش داگیر بکەن، ئەوا ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکی درێژخایەنی گەریلایی ببنەوە و پێوەندیی تورکان لەگەڵ کورداندا ئاڵۆزوپاڵۆزتر ببێ. ئەمە بە دووری خۆیەوە، هەم هێزەکانی سووریای دیموکرات و هەم هێزە شەڕکەرەکانی ئانکارا سەرقاڵ دەکات."

ئەم "چاوەڕوانییە چەوت و هەڵانە" کە کورد  لەبارەی هەڵوێستی ڕووسیا لە هێرش بۆ سەر عەفرین هەیان بووە، لە چییەوە هاتووە: یەکەم لە حیسابی هەڵەی سەرکردایەتیی پەیەدە بووە بۆ سەرچاوەکانی خۆی لەسەر زەوینەی واقعدا؛ دووەم لە زێدەڕۆییکردن بووە لە قەوارەی پشتیوانیی ئەمریکی و  هەرێ و بەڵێنەکانی ئەمریکا بۆ هێزەکانی پەیەدە و کێشە سیاسییەکانیان و؛ سێیەم لە بەکەمگرتنی گرنگیی کۆنگرەی سوچی بووە لە پلان و نەخشەی گەمەی ڕووسیا بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سووری.

هێزەکانی کورد ساغیان کردووە کە ئەوان شەڕڤانی لێزانن و بەشدارییەکی گرنگیان لە تێکشکاندنی گرووپە جیاجیا ڕادیکاڵەکاندا کرد، بە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)یشەوە، لێ بازدانی گەورەی ستراتیژیی سەرکردایەتییەکەیان - چ لە عێراق و چ لە سووریا- زۆر بەخراپی لە خزمەت کێشە و دۆزەکانیاندا بووە. هێزە سەرەکییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان، ئەم خاڵەیان بۆ خۆ قۆستووەتەوە؛ هەندێکیان پێش ئەوانی دیکە، فێر بوون چۆن ئەو بۆشایی و کەلێنانە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەعەمەل بهێنن.

پێوەندییەکانی ڕووسیا دەگەڵ پەیەدەدا لەوانەیە، بە لانی کەمەوە بۆ ماوەیەکی کورت، ساردوسڕییان تێ بکەوێ. کورد لە مۆسکۆ بێئومێد ببن. بڕیارە سۆزەکییەکانی کوردان- وەک گلە و گازەندەکردن لە ڕووسیا کە گوایا تێکەولێکەی پێ کردوون، یان هەڕەشەکردن کە چاو بە سیاسەتەکانی خۆیان لەگەڵ ڕووسیادا دەخشێننەوە و ئامادەی کۆنگرەی سوچی نابن- ئەجێندای ڕووسیا ناگۆڕن. مۆسکۆ باوەڕی وایە کە بەبێ ئامادەبوونی کۆڕ و کۆمەڵە بەنفووزەکانی کوردانیش لە کۆنگرەی سوچی، هێشتا دەکرێ تێکەولێکە و ساتوسەودا لەوێ بکرێت؛ لەوانەیشە نەکرێن. بۆ ماوەیەکی کورت، ڕووسیا هەندە زیرەکە کە ڕێگەیەک بدۆزێتەوە هەندێ کورد لە سوچی ئامادە ببن و هەندێ بڕیار لەوێ بدرێن کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی کورد بکەن. کە پەیەدە ئامادەی ئەو کۆنگرەیە نابێ، مۆسکۆ ئەوە بە سەرنەکەوتن بۆ خۆی دانانێ، بەڵکوو پێی وایە ئامادەنەبوونی پەیەدە گرفتێکی دوورمەودا بۆ خۆی پێک دەهێنێ. زاخارۆڤا لە پرێس کۆنفرانسەکەدا جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە "ئێمە داوەتنامەمان بۆ نوێنەرانی کورد ناردووە. ئێستە تۆپەکە کەوتووەتە لای ئەوان کە نەک تەنیا هەر داوەتنامەکە پەسند بکەن، بەڵکوو بۆ

ئەوەی ڕۆڵێکی کارا لەم فۆرماتەدا بگێرن." لە دەسپێکی ڕۆژی یەکەمی کۆبوونەوەی سوچیدا، هەندێ کورد ئامادە بوون، لێ نازانرێ چەند کەس بوون و نوێنەرایەتیی چ گرووپێکیان کردووە.

هێشتا مۆسکۆ لەو باوەڕەدایە کە ڕێگەچارە هەن بۆ یەکلاکردنەوەی قەیرانی عەفرین. یەکێ لەو ڕێگەچارانە دووبارەبوونەوەی پێشنیاری سەرەتاییی ڕووسیایە کە هێزەکانی حکوومەتی سووریا بچنە ناوچەی ژێردەستی کوردان و دامودەزگەی هاوبەش لەگەڵ کورددا پێکەوە دروست بکەن. مەترسیی ئەو ڕێگەچارەیە لەوەدایە کە هەر دوو سوپای سووری و تورکی، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە. لێ لەوانەیە ڕێگەیەکیش بێ بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ لە عەفرین و ناوچەکانی دەوروبەری؛ مادام تورکیا گەرەنتیی "زۆنێکی ئەولەهی"ی ٢٠ کیلۆمەتر قووڵاییی پێ بدرێ. لەو بارەدا، تورکیا دەیەوێ ئەمریکا چیدیکە پشتگیری لە یەپەگە نەکا و، ڕووسیاش بە دووری خۆیەوە، دەیەوێ ئەمریکا کۆسپ بۆ کوردان دروست نەکا تا تێکەڵی ئەو پرۆسە چارەسەرییە ببن کە مۆسکۆ سەرکێشیی دەکا. بەم دواییە، خاوەنڕایانی کورد لە عەفرین نامەیەکیان بۆ حکوومەتی سووریا ناردووە کە "بەرعۆدەی پابەندبوونە سیادییەکانی خۆی بێ و سنوورەکانی خۆی بپارێزێ." لە نامەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە نەکراوە کە داخوا کاربەدەستانی کورد ڕادەستکردنی عەفرین بە دیمەشق وەک ڕێگەچارەیەک [Option - خیار] دەبینن، ئایا واقیعی [شەڕ ] پاڵی بە کوردان ناوە ئەو ڕێگەچارە [پێشنیارکراوەی ڕووسان] بەهەند وەربگرن کە پێشتر دژی بوون.

ئەگەر، بە هەر حاڵ، ئەو قەیرانە بەردەوام بێ و ئۆپەراسیۆنەکە لەوە زۆرتر بکێشێ کە لە سەرەتاوە پلانی بۆ دانرا بوو، ئەوا لەوانەیە سوپای تورکیا بەردەوام بێ لەسەر بەرفرەکردنی بوونی خۆی و، هەرگیز ڕازی نەبێ ئەوێ بەجێ بهێڵێ. تەنانەت ئەگەر بەوەیش ڕازی بێ، ئەوا زێتر وەک "بەجێهێشتنێک بە ستایلی ڕووسی" دەبێ و، هێزێکی بەرچاوی شەرکەری لەوێ دەمێنێ. ئەمەیش گەلێ ئالینگاریی سیاسی و مەیدانی بۆ سیاسەتەکانی ڕووسیا لەبارەی سووریاوە دروست دەکا. لە هەمان کاتدا، مۆسکۆ لە عەفرین بەوریایی و بەپارێز دەجووڵێتەوە؛ لە مەودای وەکیەک لە "داخوازییە ڕادیکاڵەکان"ی هەر دوو لایەنی تورکی و کوردی ڕادەوەستێ.

سەرچاوە: https://www.al-monitor.com

سەرچاوە: ماڵپەری پێنوس - ڕێکەوتی: ١ی فێبریوێری ٢٠١٨

## عەفرین و قەیرانی ناسنامەی تورکیا



**چیا عەباس**

گەورەترین شانازی کورد لە ساڵانی دواییدا بەرەنگاربونەوەی تیرۆریزم و دڕندایەتی و هەمەجیەتی داعش بو. ئەوە تەنها بەرەنگاربونەوەی هزرێکی ئاینی خوێنرێژی وەحشگەرا نەبو، بەڵکو بەرگریکردنیش بو لە نەتەوە و خاک و بەهاکانی مرۆڤ و ژیان، هەزاران شەهید و بریندارى هێزەکانی پێشمەرگە و شەڕڤانان و گەریلا و تێکۆشەرەکانی تر ئەو راستیەیان سەلماندوە.

کێشەیەکی گەورەی ئەم سەردەمەی کورد ئەوەیە کە ئاسان نیە لە نێو زلهێزەکانی دنیادا کە تەحەکوم بەناوچەکەمان دەکەن نیەتی باش و گوماناوی و خراپیان بخوێنرێنەوە و لە یەک جیا بکرێنەوە و بەو پێوەرەش مامەڵەیان لە گەڵدا بکات، هەرچەندە ئەم تێکەڵاوبونە بۆتە واقیعێکی سیاسی ئەم سەردەمە، بەڵام ئەوەی ئەم هاوکێشەیە ئاڵۆزتر دەکات ئەو راستیەیە کە هێزە بنەرەتیەکانی کوردایەتی نایەنەوێت دیدگایەکی هاوبەشی رونیان بۆ رەوشی سیاسی ئێستای دنیا و ناوچەکە و ئایندەی نەتەوەکەیان هەبێت، بەهۆی ئەم پەرتەوازەییەشەوە نیەتە جیاکانی زلهێزەکانی دنیا و داگیرکەرکەران دەتوانن گورزی کوشندە لە کورد بوەشێنن.

قەدەری کورد وابوە دابەش کراوە و بەئەقلیەتی دژایەتیکردن و شۆڤێنزمی نەتەوە داگیرکەرەکان و ناکۆکی خوێناوی مەزهەبەکان دەورە دراوە، لە گەڵ کۆتایی شەڕی سارد و لە ئاکامی وەڵامی توندی نێودەوڵەتی بۆ داگیرکردنی کوێت و دواتر روخاندنی رژێمی سەدام شەرعیەتی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەمان لەلایەن زلهێزەکانی دنیاوە پشتگوێخرا، ئەمەش دەرفەتێکی بۆ هەناسەدان و هەڵساندن و بەدیهێنانی بەشێک لە مافەکانی کوردی رەخساند. خاڵی هەرە لاوازی ئەو دەرفەتە کا تا ئەم چرکەیەش رۆڵی زۆر گرنگی هەیە لەوەدایە کە کلیلی گۆرانکاری و



سەرچاوە
Serchawe

رووداوەکان بەدەست ئەو زلهێزانە و پاشکۆکانیانە لە ناوچەکەدا، رووداوەکانی ٣١ی ئاب و بەزۆر لکاندنمان بە عێراقەوە و دژایەتیکردنی ریفراندۆم و کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و لە ئێستاشدا عەفرین ئاماژەی حاشاهەڵنەگرن بۆ ئەو خاڵە لاوازە.

لە گەڵ ئەو واقیعە تاڵ و سەختەشدا، کوردی رۆژئاوا لە رۆژانی بەرخودان لە کۆبانێ و ئەو سەرکەوتنە مەزنانەی لە مەیدانی جەنگ و حوکمڕانی و سیاسەتدا بەدەستیان هێناوە بونەتە سیما بەرز و درەوشەوەکانی کورد لە دنیادا.

STEVEN A. COOK پسپۆری تایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەفریکا لە کۆنسوڵی پەیوەندیە دەرەکیەکان لە نوسینێکیدا لە سەر هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین لە Daily Atlantic نوسیویەتی: لە سەدەی نۆزدەدا بەریتانیا، فەرەنسا و روسیا کارئاسانیان بۆ سەربەخۆیی یۆنان، سربیا، مۆنتیگیرۆ، بولگاریا، تونس و میسر کرد، ئەم وڵاتانە بەشێک بون لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. لە ساڵی ١٩٢٠ براوەکانی شەڕی یەکەمی جیهان عوسمانلیەکانیان ناچار کرد پەیمانی سیڤەر ئیمزا بکات، بەپێی ئەو رێکەوتنە هەریەک لە لوبنان، سوریا، ئوردون لە دەسەڵاتی عوسمانلی دابڕێنران، هەر بەپێی رێکەوتنەکە فەرەنسا زۆنێکی دەسەڵاتی لە بەشی باشوری رۆژهەڵاتی ئەنەتۆلیای پێدرا لە گەڵ دەسەڵاتی بەسەر سوریا و لوبناندا، ئیتاڵیەکان چەند ناوچەیەکی باشور و ناوەڕاستی ئەنەتۆلیایان وەرگرت کە ئەنتالیا و کۆنیای تێدا بو، یۆنان پرۆتۆکتۆرێکی لە سمیرنا (ئیزمیر) دروستکرد.

لە وەڵامی ئەم روداوانەدا مستەفا کەمال ئەتاتورک لە گەڵ سوپایەکی ناسیۆنالیستەکانی تورک هێزەکانی هاوپەیمانانیان دەرکرد و لە ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣ دامەزراندنی کۆماری تورکیان راگەیاند.

وێڕای سەرکەوتنی ئەتاتورک و چەسپاندنی پێگەی تورکیا وەک هێزێکی ناوچەکە بەڵام تا دەهات متمانەی هێزەکانی ناوچەکە و تەنانەت هاوپەیمانانی تورکیا بە کلتوری سیاسی تورکیا لاواز دەبو.

لە ماوەی ٩٤ ساڵی رابوردودا سەرکردەکانی تورکیا جەختیان کردوەتەوە لەوەی کابوسی دوای کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهان نابێت دوبارەببێتەوە، وێڕای هەوڵی زۆریان، بەڵام پێیان وایە نمونەی رۆژئاوا و بە بەشداری ئەمریکا مەترسیەکی جدی لە سەر تورکیا دروستکردوە.



سەرچاوە
Serchawe

بڕیاردەرانی سیاسەت لە واشنتۆن گرنگی تورکیا لە بنەڕەتدا لە مەوقعە جوگرافیەکەیەوە دەبینن، ئەم پێگە جوگرافیە زەرەرەشی بۆ تورکیا هەیە، بەتایبەت سنورێکی درێژی لە گەڵ وڵاتانی نائارام و پر کێشە و قەیران هەیە.

چاودێران بەسەرسوڕمانەوە گوێبیستی ئەردۆغان بون کاتێک لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ گومانی دەربارەی پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣ دەربڕی کە تێیدا سنورەکانی تورکیا دیاریکران.

جوگرافیا جەخت لە کێشەی ناسنامەی تورکیا دەکاتەوە، بێجگە ئەمەش کێشەی نەتەوەکانی تر لە تورکیا، بەتایبەت کورد و ئەرمەن کە گەورەترین پێکاهەتەی غەیرە تورکن لە ئەنەتۆلیا و پشتگیری بەهێزیان لە ڕۆژئاوا هەیە.
تورک بەدرێژایی سەدەی پێشو کێشەی گەورەی لە گەڵ لەرزۆکی پێگەی جوگرافیای تورکیا هەیە، لەو مێژوەشدا تورک دڵنیا نەبوە لە زلهێزەکانی دنیا، ململانێکانی ساڵانی دوایی لە سوریا ئەو هەستەی خەستتر کردوە.

ئەمەریکا بۆ زیاتر لە چوار ساڵی خواستی نەبو دەستێوەردان لە کوشتن و بڕینی سوریا بکات، تورک ئەم هەڵوێستەی ئەمریکای بەمەترسی لە سەر ئاسایشی خۆی دەزانی، کاتێک لە دوا مەتافدا ئەمریکا دوای کۆبانێ لە سوریا چالاک بو مەترسیەکانی سەر ئاسایشی تورکیا گەورەتر بون..

بێگومان دو دڵی تورکیا بۆ شەڕکردنی داعش وایکرد ئەمەریکا زیاتر لەگەڵ کوردەکان کاربکات. پێدەچێت ئێستا ئەمەریکا سیاسەتی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ داوای تورکیا بۆ دروستکردنی زۆنێکی ئارام بە قوڵایی ٣٠ کیلۆمەتر لە عەفرین، بەڵام تورکەکان متمانەیان بە ئەمەریکا نیە، چونکە واشنتۆن ڕۆڵی گرنگی لە کابوسی سەد ساڵەی تورکیا بینیوە.

دەبێت تورکیا لەم هێرشکردنەیدا بەرپرسیاریەتی خۆی لە چەند بوارێکدا بەیان بکات، وەک: لە گەرمەی کێشە و قەیرانی سوریادا تورکیا چاوی لە جیبهادیستەکانی سەر بە قاعیدە داخست، زۆر دو دڵ بو لە شەرکردنی داعش، ئایا بۆ تورکیاش باشتر نیە بە نیەتێکی کراوە مامەڵەی کوردی وڵاتەکەی بکات لە بری زەبری مەچەک، هاوار هاوار و ڕیتۆریکی سەرکردەکانی تورکیا بۆ پشتگیریکردن لە هێرشەکە ڕاستیەکە خوێنڕشتن بەدوایدا دەهێنێت.



سەرچاوە
Serchawe

(کۆتایی نوسینەکە)

دوای نزیکەی ٩٥ ساڵ لە سەربەخۆیی تورکیا ئەردۆغان شەڕی ئەو ناسنەمەیەی گەرم کردوە. بێگومان ئەو ناسنامەیەی ئەردۆغان بۆ تورکیا مەبەستیەتی تێکەڵاوە لە هزری شۆڤینیزمی تورکی و هزری ئاراستە ئاینیەکەی حیزبەکەی.

لە سەردەمی ئەتاتورکەوە تا ئەم چرکەیە ئەمەریکا گەورەترین هێزی دنیا بوە کە دەوڵەتی تورکیای لە لێواری بەهێزبون و لاوازبوندا راگرتوە و رێگەشی پێنەداوە ناسنامەکەی یەکلایی بکاتەوەوە و بچەسپێنێت.

چەندین کودەتای سەربازی و جورعاتی یارمەتی دارایی و سەربازی بۆ تورکیا و رێگەپێدان گەورەترین سوپای لە ناتۆدا هەبێت و رێگریکردن لە قبوڵکردنی تورکیا وەک ئەندامی یەکێتی ئەوروپا و چەندین سیاسەتی تر دەیسەلمێنن ئەمەریکا و ئەوروپا تورکیایان وەک مقاشی ناو ئاگردان بەکارهێناوە.

وێڕای ئەوەی تورکیا ئەندامێکی گرنگی ناتۆیە و بەدەروازەی رۆژهەڵاتی ناتۆ ناسراوە، بەڵام هاوپەیمانەکانی لەو حلفەدا هیچکات وەڵامێکی جێگیر و رازیکەریان بۆ داواکاری و خواستەکانی تورکیا نەبوە، ئەمەش بەدەر لەوەی کێ لە ئەنکەرە حوکم دەکات. زیادە بۆ ئەمانەش وەک پرەنسیپێکی سیاسی نەگۆڕ ئەمەریکا هیچکات رێگەی نەداوە دۆستە زلهێزەکانی ناوچەکانی دنیا لە فەلەکی خۆیدا نەسوڕێنەوە و ئەوەندە باڵادەست بن تەحەکوم بە روداوەکان بکەن.

لە دوای هاتنی ئیسلامیەکان بۆ دەسەڵات لە تورکیا، لە سەردەمی ئەربەکانەوە تا ئەم ساتە، ئەمەریکاو رۆژئاوا حسابی حەسحەسێکی کەم متمانەیان بۆ تورکیا کردوە و بەو شێوازەش مامەڵەیان کردوە و تادێتیش متمانەی نێوان تورکیا لەلایەک و ئەمەریکا و ئەوروپا لەلاکەی ترەوە رو لە کزبون دەکات، تەنانەت چەند دەنگێکی ئەوروپی و ئەمەریکی دەبیسترێن کە داوای دەرکردنی تورکیا لە ناتۆ دەکەن.

بەپێی هەڵسەنگاندنی چەندین چاودێری نێودەوڵەتی هەوڵەکانی ئەردۆغان بۆ قورتاربون لە فەلەکی ئەمەریکا سەرەتای دارماندنی دەوڵەتی نوێی تورکیا و دەسەڵاتی ئیسلامیە تێیدا.

یارمەتیەکانی ئەمەریکا بۆ کوردی رۆژئاوا، بەتایبەت پلانی بۆ دروستکردنی هێزێکی (٣٠.٠٠٠)چەکدار وەک گاردی سنورەکانی باکوری سوریا لە گەڵ تورکیا ئەردۆغان و رژێمەکەی هەراسان و هار کردوە.



سەرچاوە Serchawe

هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین لە کاتێکدایە کە پەیوەندیەکانی ئەو وڵاتە لە گەڵ ئەمەریکا و ئەندامانی ناتۆ و هاوپەیمانی دژی داعش لە خاڵی دارمان و پچڕاندن نزیکبونەتەوە.

Jim Mattis وەزیری بەرگری ئەمەریکا دوای هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین رایگەیاند: "ئەوان پێش پەلاماردەنەکانیان ئێمەیان ئاگادار کردوە کە ئەوان ئەو کارە بەراوێژ لە گەڵ ئێمەدا دەکەن، ئێستا کاری لە سەر دەکەین". ماتیس وتی: "تورکیا خەمی رەوای ئەمنی هەیە و تاکە ئەندامی ناتۆیە کە لە سنوری وڵاتەکەدا یاخیبونێکی چالاک هەیە. هاوکات ماتیس راشیگەیاند: " ئەوان، (مەبەستی کورد و هێزە شەرکەرەکانی تر کە ئەمریکا پشتیوانیان دەکات) کاریگەری خۆیان سەلماندوە، هەزاران قوربانییان داوە، بینرا چۆن بەپشتگیری هاوپەیمانان خەلافەتی داعشیان لە سوریا دارمان".

لە وەڵامی پرسیارێک دەربارەی خەمەکانی ئەمەریکا بۆ رەوشەکە ماتیس وتی: "زۆر بەئاگاین لێی و لە سەر ئاستی باڵا خەریکین... و کاری لە سەر دەکەین".
ئەم هەڵوێستە نارون و مەتاتیەی ئەمەریکا کێشەی قەیرانی ناسنامەی تورکیا زیاتر ئاڵۆزتر دەکات.

تورکیا وەک ئەندامێکی ناتۆ لە بواری سەربازی و سیاسیەوە لە روسیا نزیک بۆتەوە. ئەم هەوڵەشی بۆ فشارکردنە سەر ئەمەریکا و رۆژئاوا تا بەدەنگ داخوازیەکانیەوە بچن و رێگر نەبن لە سەپاندنی ناسنامەیەکی ناسیۆنالیزمی ئیسلامی بەرابەرایەتی ئەردۆغان. ئەگەر ئەردۆغان لەو باوەڕەدایە دەتوانێت لەم سەردەمەدا نێوان ئەو دو زلهێزە سەرپشکانە گەمەکانی خۆی بکات، ئەوا زۆر سەرکردە و هێزی تر پێشتر ئەوەیان تاقیکردۆتەوە و کەسیان بەسەلامەتی لێی دەرنەچون.

کورد بێجگە بەرگری سەربازی بوارێکی لەباری بۆ رەخساوە قەیرانی ناسنامەی تورکیا ورد و ژیرانە بۆ بەرژەوەندیەکانی بەکار بهێنێت، چونکە مێژوی سەد ساڵەی پێشوی تورکیا سەلماندویەتی تورکیا لەو گرێ کوێرە توندە وا زو دەربازی نابێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## بۆردومانەکانی تورکیا جیاوازیی لە نێوان چەکدار و سڤیلدا ناکەن



**زیانیان بە شوێنەوارە مێژووییەکانیش گەیاندووە**
**بۆردومانەکانی تورکیا جیاوازیی لە نێوان چەکدار و سڤیلدا ناکەن**

سوپای تورکیا لە بۆردومانەکانیدا بۆسەر ناوچەکانی عەفرین، جیاوازیی لەنێوان خەڵکی چەکدار و سڤیلدا ناکات و بەشێوەیەکی کوێرانە ناوچەکانی جێنیشتەجێی هاوڵاتیان بۆردومان دەکات، بە گوێرەی راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانیش، شوێنەوارێکی مێژوویی گرنگ لە عەفرین بەهۆی بۆردومانەکانی تورکیاوە زیانی گەورەی بەرکەوتووە.

سوپای تورکیا لە ٢٠ی کانوونی دووەمی رابردووەوە هێرشەکانی بۆسەر ناوچەی عەفرین چڕکردۆتەوە، لەو هێرشانەشدا هەموو جۆرە چەکێکی بەکارهێنا و ناوچەکانی جێنیشتەجێی هاوڵاتیانی کردۆتە ئامانج، بە گوێرەی زانیارییەکانی ماڵپەڕی (هاوار)ی نزیک لە پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا، بەهۆی ئەو بۆردومانانەوە دەیان مەدەنی بونەتە قوربانی کە زۆربەیان ژن و منداڵ و بەساڵاچوون، زیاتر لە 150 کەسی تریش هەر بەو هۆیەوە بریندار بوون.

وێڕای ئەو زیانانەی بەر مەدەنییەکان کەوتوون، میدیاکانی حکومەتی سوریا و چالاکوانی سوریا باس لەو زیانە گەورانەش دەکەن کە بەهۆی بۆردومانەکانی تورکیاوە بەر پەرستگایەکی مێژوویی کەوتووە لە ناوچەی عەفرین.

(بی بی سی) بریتانیا ئاماژە بە بڵاوبوونەوەی ئەو وێنانە دەکات لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کە تێیاندا چاڵێک لە ناوەڕاستی شوێنەواری عەین دارەی مێژوویی لەگەڵ داروپەردوویەکی زۆردا دەرکەوێت، لە کاتێکدا لەو شوێنە پەیکەری شێرێکی بەردین هەبوو کە بە شوێنەوارێکی مێژوویی دەگمەن لە ناوچەکەدا دادەنرا.

دەگوترێت ئەو پەرستگایە لەلایەن ئارامییەکانەوە لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین بنیاتنراوە.

لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨، هێزەکانی تورکیا و هاوپەیمانەکانی لە ئۆپۆزسیۆنی چەکداری سوریا، ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی گەورەیان بۆسەر ناوچەی عەفرین دەستپێکرد، ئامانج لەو ئۆپەراسیۆنەش وەک دەسەڵاتدارانی تورکیا باسی دەکەن، بۆ دەرکردنی شەڕڤانانی کوردە لە ناوچەکە.

ئەنقەرە دەڵێت، یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد (یەپەگە) لقی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)ە لە سوریا کە لە ساڵی ١٩٨٤وە خەباتی چەکداریی لە دژی حکومەتی تورکیا دەستپێکردووە.

یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد، ڕەتیدەکەنەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان هەبێت، لەو ڕووەشەوە ولایەتە یەکگرتووەکان پشتیوانیان دەکات کە بە چەک و مەشقپێکرد یارمەتییان دەدات، ئەوەش بەوپێیەی پێشتر لە جەنگی دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی پشتی پێیان بەستبوو.

ڕوانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ کە بارەگاکەی لە بریتانیایە دەڵێت، لە سەرەتای دەستپێکردنی بۆردومانەکانی تورکیا بۆسەر ناوچەی عەفرین، دەیان مەدەنی بونەتە قوربانی، وێڕای کوژران و بریندداربوونی زۆرێک لە سوپای تورکیا و هێزە کوردییەکان.

وەک ڕوانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ باسی دەکات« ٦٠%ی پەرستگای عەین دارە کە ١٠ کیلۆمەتر لە عەفرینەوە دوورە، ڕووبەڕووی کاولکاریی بۆتەوە».

بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و مۆزەخانەکانی سوریاش بۆردومانەکەی تورکیای بۆسەر پەرستگاکە مەحکوم دەکات، لە بەیاننامەیەکیدا ڕایگەیاندبوو»ئەو هێرشە کاردانەوەی ڕق و کینە و دڕندەیی ڕژێمی تورکیا بەرانبەر بە ناسنامەی

سوریا و مێژوو و ئایندەی گەلی سوریا دەردەخات».

مەئمون عەبدولکەریم بەڕێوەبەری پێشووی مۆزەخانەکان لە سوریا بە ئاژانسی (فرانس پرێس)ی راگەیاندبوو»ئەو پەرستگایە بە پەیکەری شێرە گەورەکان دەناسرا کە لە بەردی گڕکانی تاشرابوون».

پێشتر زۆرێک لە پێگە و شوێنەوارە مێژووییەکانی سوریا، بە دەستی چەکدارانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) دووچاری تێکدان و کاولکرن بوونەوە.

لەنێوان ئەو پێگە و شوێنەوارە مێژوویانەش کە تێکدان و کاولکاریی گەورەیان بەسەردا هاتبوو، شاری تەدموری مێژوویی بوو کە لە لەلایەن یۆنسکۆوە بە بەیەکێک لە شوێنەوارە مرۆییە مێژووییەکان پۆلێن کراوە و مێژووکەی بۆ ٢٠٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە.

بە گوتەی مەئمون عەبدولکەریم «بەدکرداریی لە تێکدانی عەین دارە، جیاوازیی نییە لەگەڵ تێکدانی تەدمور»، نیگەرانی خۆیشی دەربڕیبوو بەرانبەر بە چارەنوسی گوندە مێژووییەکانی تر کە لە هێڵەکانی پێشەوەی باشووری عەفرینەوە نزیکن.

ئەو گوندانە لە لیستی یۆنسکۆدا بە گوندەکانی باکووری سوریا دەناسرێن و مێژوویان بۆ سەدەی حەوتی زاینی دەگەڕێتەوە «دۆکۆمێنتی نایابیان تێدایە لەبارەی ژیانی گوندنشینی لە سەردەمی بیزەنتییەکان».

داوای لە حکومەتی سوریا دەکرێت رووبەرووی هێرشەکەی تورکیا ببێتەوە

کوردەکانی ناوچەی عەفرین داوا لە حکومەتەکەی بەشار ئەسەد سەرۆکی سوریا دەکەن، کار بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو هێرشەی تورکیا بکات کە دەکرێتە سەرییان.

بەپێی بەیاننامەیەک کە لە هەفتەی رابردوودا لەلایەن خۆبەڕێوەبەری عەفرینەوە بڵاوکرایەوە»ئامانج لە دوژمنکارییەکانی تورکیا، دابرینی خاکی زیاتری سوریایە لەرێی داگیرکردنی عەفرینەوە».



سەرچاوە
Serchawe

لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨وە، هێزەکانی تورکیا بەرکردایەتی هێرشێک دەکەن بۆسەر ناوچەکانی ناوچەی عەفرین لە خۆرئاوای سوریا.

تورکیا یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد بە گروپێکی «تیرۆریستی» ناودەبات و دەڵێت، پەیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان هەیە کە لەلایەن ئەنقەرەوە وەک «رێکخراوێکی تیرۆریستی» مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.
یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد، رەتیدەکەنەوە پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان هەبێت.
روانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ دەڵێت، لە ماوەی هەفتەی یەکەمی هێرشەکەی تورکیا بۆسەر عەفرین، ٤٨ چەکداری سەر بە تورکیا لەبەرانبەر ٤٢ شەڕڤانی کورد لە پێکداهەڵپژانەکاندا کوژراون.

هەر لەو چوارچێوەیەدا و وەک نارەزایی بەرانبەر بە ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا بۆسەر عەفرین، ئەڵمانیا لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨ بڕیاریدا نوێکردنەوەی تانکە دروستکراوە هاوبەشەکەی لەگەڵ تورکیادا رابگرێت.

ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا بۆسەر عەفرین
تورکیا یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد بە مەترسی دادەنێت بۆسەر وڵاتەکەی و پێیوایە سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانە.

بەرپرسانی کورد لە عەفرین دەڵێن» هێرشەکەی تورکیا هەرەشە لە یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی سوریا دەکات و مەترسی لەسەر ژیانی هاوڵاتیانی مەدەنی ناوچەکە دروست دەکات» ئەمەش لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا بڵاوکرابۆوە.

کوردەکان داوایان لە دەوڵەتی سوریا کردبوو»ئەرکی پاراستنی سەروەریی خۆی بەرانبەر بە عەفرین بۆ پارێزگاریی لە سنورەکان لەگەڵ تورکیادا لەبەرانبەر داگیرکاریی ئەو وڵاتە لەئەستۆ بگرێت».

یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد، رەتیدەکەنەوە پەیوەندی رێکخراوەیی راستەوخۆیان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان هەبێت، ئەوەش لەلایەن ولایەتە یەکگرتووەکانەوە تەئکیدی لەسەر دەکرێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

واشنتۆن لە شەڕەکانی دژ بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە سوریا، پشتگیری لە یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد کردبوو.
هەر بەهۆی هێرشەکەی تورکیا بۆسەر عەفرین، ناکۆکییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا لەبارەی کوردەکانەوە، وەدەرکەوتن.

بەپێی بەیاننامەیەک کە لەلایەن کۆشکی سپییەوە بڵاوکرابۆوە»سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکی تورکیا، ئەنقەرەی هاندابوو ئۆپەراسیۆنەکانی لە عەفرین چڕنەکاتەوە».
دوابەدوای ئەوەش وەزیری دەرەوەی تورکیا باسی لەوەکردبوو کە ئەردۆغان داوای لە هێزەکانی ئەمریکا کردووە پاشەکشە بکەن لە ناوچەی مەنبەج، کە بە هەمان شێوە لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە.

پێشتر ئەردۆغان ڕایگەیاندبوو، ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا بەرەو مەنبەج درێژە دەکێشێت.

هەر لە بەیاننامەکەی کۆشکی سپیدا هاتبوو»ترەمپ داوای لە تورکیا کردبوو، خۆی لەو کارانە بەدووربگرێت کە دەبنە مایەی دروستبوونی تەنگژە و ئاڵۆزی لەنێوان هێزەکانی تورکیا و ئەمریکا لەو ناوچانە».

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە هەفتەیەک (کاتی ئامادەکردنی ئەم بابەتە)، واپێدەچێت ئەو هێزانەی لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێن، زۆر بە خاوی پێشڕەوی بکەن، ئەمەش بە بۆچوونی چاودێران بۆ ئەو مقاوەمە توندە دەگەڕێتەوە کە لەلایەن شەرڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد (یەپەگە)وە دەکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتیی گشتییەوە



**ئازاد وەڵەدبەگی**

***هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتیی گشتییەوە***

***ئازاد وەڵەدبەگی، ماستەر لە یاسای گشتی***

## پێشەکی:

پاش چەند مانگێک هەڕەشە لە لایەن دەوڵەتی تورکیا دژ بە ڕۆژاوای کوردستان و، سەرەنجام لە ڕێکەوتی ٢٠ - ١ - ٢٠١٨، هێزەکانی تورکیا بە هاوکاریی هەندێ هێزی کرێگرتەی سووریی وەک سوپای ئازاد، فەیلەقی شام و بەرەی شام و...، لە ئۆپەراسیۆنێکدا لەژێر ناوی "چڵە زەیتوون"، هێرش و دەستدرێژییەکی بەرفراوانیان کردە سەر کانتۆنی عەفرین لە ڕۆژاوای کوردستان. بەداخەوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەک هەمیشە، بە بێدەنگییەکی شەرمنانە و بەرژەوەندیخوازانەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەم بابەتەدا کرد.

ئەم هێرشەی تورکیا، بە جەنگێکی چەکداریی نێودەوڵەتی دادەنرێ، هەر بۆیە دەبێ لەژێر چەتری یاسای نێودەوڵەتیی گشتیدا خوێندنەوە و شیکردنەوەی بۆ بکرێت. ئەم جەنگە، بە دەستدرێژی و دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتێکی دیکەی سەربەخۆ لە قەڵەم دەدرێ و، پێشێلکردنی ڕێسایەکی فەرمانکەر (آمرة)ی یاسای نێودەوڵەتییە. بۆیە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لە سەرووی هەموویانەوە نەتەوە یەکگرتووەکان، ماف و ئەرکیانە

لەسەر ئەم پێشێلکارییە وەدەنگ بێن و هەڵوێست دەرببڕن. لەم وتارەدا، باس لە دیوی یاساییی ئەم دەستدرێژییانەی تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عەفرین دەکەین و، پێشێلکارییەکانی تورکیا بەرامبەر بە یاسا و ڕێسا و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دەخەینە ڕوو.

## ١) پێشێلکردنی پرەنسیپی دەستوەرنەدان لە کاروباری وڵاتانی تر

یەکێک لە پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی، بریتییە لە دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆییی دەوڵەتانی تر. یاسازانانی کلاسیک، لەمبارەیەوە هەڵوێستێکی توندیان هەیە و دەستوەردان بە تەواوی ڕەت دەکەنەوە، بەڵام لە یاسازانیی هاوچەرخدا، ئاراستەی جیاواز هەیە. هەندێکیان دەستوەردان بە کارێکی ناڕەوا و بە دەستدرێژی دەزانن بۆ سەر سەروەریی نیشتمانی و، لە هەمان کاتدا بە پێشێلکاریی ئەرکە نێودەوڵەتییەکانی لە قەڵەم دەدەن. هەندێکی تر لە یاسازانان، سەرەڕای جەختکردنەوەیان لەسەر ناڕەواییی دەستوەردان، بەڵام لە هەندێ حاڵەت بەڕەوای دەزانن و بە پێشێلکاریی سەروەریی نیشتمانی، یان سەربەخۆییی سیاسیی نازانن، وەک: مافی بەرگریی ڕەوای دەوڵەتان (بەپێی بەندی ٥١ی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان)، دەستێوەردانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاتی ئەنجامدانی ڕەفتاری ترسناک کە دەبێتە هۆی پێشێلکردنی بنەما سەرەکییەکانی یاسای نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ وەک جینۆساید، کوشتن و ئەشکەنجەدانی بەکۆمەڵ، جیاکاریی ڕەگەزی و هتد.

ئەوەی کە ڕوونە بنەمای سەرەکی لە یاسای نێودەوڵەتیی گشتی، بریتییە لە دەستوەرنەدان لە کاروباری وڵاتانی دیکە و، ڕێزگرتن لە سەروەری و سەلامەتیی خاک و سنوورەکانی وڵاتانی تر. ئەمەیش بە ڕێسایەکی فەرمانکەری یاسای نێودەوڵەتیی گشتی دادەنرێت و، دەوڵەتان دەبێ پێوەی پابەند بن. لە بەندی ٢/ بڕگەی ٧ لە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕوونی ئاماژە بە پرەنسیپی دەستوەرنەدان لە کاروباری دەوڵەتانی تر کراوە و دەڵێت: "لەم چارتەدا شتێک نییە کە ڕێگە بدات نەتەوە یەکگرتووەکان دەست بخاتە ئەو کاروبارانەی کە تایبەتی دەسەڵاتی ناوخۆیی دەوڵەتانن، هەروەها شتێک نییە کە ببێتە هۆی ئەوەی ئەندامان ئەم پرسانە بخەنە ڕوو لەبەر ئەوەی بە حوکمی ئەم چارتە چارەسەر دەبێت؛ نابێ ئەم پرەنسیپە ڕێگە لە جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنە سەرکوتکارییانە بگرێت کە لە فەسڵی حەوتەمدا هاتوون". بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم دەقە ڕێگە بە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆییی وڵاتانی تر نادات، چ لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و چ لە لایەن دەوڵەتانی دیکەی ئەندام بێت. واتە ڕێسای سەرەکی، دەستوەرنەدانە و، بە شێوەیەکی ڕیزپەڕ و لە هەندێ



سەرچاوە
Serchawe

حاڵەتی دەگمەندا ڕێگە بە دەستوەردان دەدرێت.

هەروا لە بەندی ٢ / برگەی ٤ لە چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە نابێت هێز بەکار بێت و دەڵێت: "قەدەغەیە بۆ هەموو ئەندامان کە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیاندا هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز، یان بەکارهێنانی دژ بە سەلامەتیی خاک، یان سەربەخۆیی سیاسیی هەر دەوڵەتێکی تر بکەن یان بە هەر شێوازێکی تر کە لەگەڵ ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ناگونجێت". جگە لەمەیش، بڕیاری ٢١٣١ ساڵی ١٩٦٥ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاماژە بە پرەنسیپی دەستوەرنەدان دەکات و دەڵێت:

- هیچ دەوڵەتێک مافی دەستوەردانی نییە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ و بە هەر هۆیەک، لە کاروباری ناوخۆیی و دەرەکیی هیچ دەوڵەتێکی تر و، هەر دەستوەردانێکی چەکداری، یان ناچەکداری، یان هەر هەڕەشەیەک کە ئامانجی کەسایەتیی دەوڵەت یان فاکتەرە سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانی بێت، جێی ناڕەزاییە.

- بەکارهێنانی هێز بۆ بێبەشکردنی گەلان لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان، پێشێلکردنی مافێکی مامەڵەپێنەکراوە (غیر قابل للتصرف) و پێشێلکردنی پرەنسیپی دەستوەرنەدانە.

پرەنسیپی دەستوەرنەدان، لە چەندین بڕیاری دیکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا جەختی لەسەر کراوەتەوە وەک: بڕیاری ٢٢٢٥ ساڵی ١٩٦٦، بڕیاری ٢٦٢٥ ساڵی ١٩٧٠، بڕیاری ٣٣١٤ ساڵی ١٩٧٤ و چەندین بڕیاری دیکەی هاوشێوە. هەروەها دادوەریی نێودەوڵەتی، لە چەند بڕیارێکی خۆیدا جەختی لەسەر پرەنسیپی دەستوەرنەدان کردۆتەوە وەک: کێشەی تەنگەی کۆرفو (١٩٤٩) و کێشەی چالاکییە سەربازی و نیمچەسەربازییەکانی نیکاراگوای (١٩٨٦). بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێ، ئەم ڕەفتارەی تورکیا پێشێلکردنی ڕێسایەکی فەرمانکەری (Jus Cogon) یاسای نێودەوڵەتیی گشتییە، کە دەبێ هەموو دەوڵەتان پێوەی پابەند بن. لە هەمان کاتدا، پێشێلکردنی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و، پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی تورکیایە وەک ئەندامێکی ئەو ڕێکخراوە. هەروا ئەنجومەنی نێودەوڵەتیی پارێزەرانی دیموکرات، لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین بە دەستدرێژی و پێشێلکردنی ڕێسای فەرمانکەری یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێت. بەدەر لەمەیش، بەکارهێنانی هێز هەڕەشەیە بۆ سەر ناسنامەی نەتەوەی کورد لە سووریا، کە لە بڕیاری ٢١٣١ قەدەغە کراوە.



سەرچاوە Serchawe

## ٢) پێشێلکردنی سەروەری و سەلامەتیی خاکی سووریا

لە یاسای نێودەوڵەتیی گشتیدا، خاک گرنگیی تایبەت بە خۆی هەیە و بە یەکێک لە فاکتەرەکانی پێکهێنانی دەوڵەت دادەنرێت. هەر بۆیە، پێویستە هەر دەوڵەتێک پانتایی و چوارچێوەی خاکی خۆی دیاری بکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوڵەتانی تر تووشی گرفتی مومارەسەکردنی دەسەڵاتەکانی نەبێت. هەروەک پێشتر گوتمان، لە بەندی ٢/برگەی ٤ی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت لەسەر ئەم خاڵە کراوەتەوە. هەروا کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بریاری ٢٦٢٥ لە ساڵی ١٩٧٠ لەژێر ناوی "بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی لە پەیوەندیی دۆستانە و هاوکاریی نێوان دەوڵەتان بەپێی چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان" دان بەم تێگەیشتنەدا دەنێت و دەڵێت:

- دەوڵەتان دەبێ لە هەڕەشە، یان بەکارهێنانی هێز خۆ ببوێرن بۆ تێکدانی دۆخی بەرقەراری سنوورە نێودەوڵەتییەکانی دەوڵەتێکی تر، یان وەک چارەسەری ناکۆکییەکان؛ لەوانەیش ناکۆکییە سنوورییەکان.

- لە هەر جۆرە کردارێکی توندوتیژ خۆ ببوێرن کە ببێتە بەربەست لە بەردەم گەلێک بۆ وەدەستهێنانی یەکسانی مافەکان و مافی بڕیاردانی چارەنووس.

بەم جۆرە دەردەکەوێ، کە ڕەفتارەکانی تورکیا لە بەکارهێنانی هێز و هێرش بۆ سەر شارۆچکەی عەفرین، کە بەشێکە لە خاکی سووریا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوا بە پێشێلکردنی سەروەری و سەلامەتیی خاکی سووریا لە قەڵەم دەدرێت. ئەگەر ئەم هێرشە، بە ڕەزامەندیی دەوڵەتی هێرش بۆ کراو، یان بەپێی بڕیارێکی دەرچوو لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان نەبێت (تەنانەت ئەگەر ئەم هێرشە زیان بە دەوڵەتی دەستدرێژی بۆ کراویش نەگەیەنێت)، ئەوا هەر بە پێشێلکردنی سەروەری و یەکپارچەیی خاکی ئەو دەوڵەتە لە قەڵەم دەدرێ. هەروا ئەم بڕیارە باس لەوەیش دەکات، کە نابێ ئەم هێرشە بەربەست لە بەردەم خواستەکانی گەلان دروست بکات بۆ وەدەستهێنانی یەکسانی مافەکان و مافی بڕیاردانی چارەنووس. بێ گومان ئامانجی سەرەکیی تورکیا لەم هێرشانە، ڕێگەگرتنە لە بەردەم گەلی کورد لە سووریا بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان و مافی بڕیاردانی چارەنووس، کە ئەمەیش ڕێک پێچەوانەی بڕیاری ئاماژەپێکراوی سەرەوەیە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین، تورکیا لەم بارەیەشەوە ئەو بڕیارەی پێشێل کردووە.

## ٣) ئەنجامدانی تاوانی نێودەوڵەتی

بەپێی بەندی (٥) لە پەیڕەوی دادگەی نێودەوڵەتیی تاوان، ئەو تاوانانەی کە دەکەونە ژێر چەتری سزایی دادگە بریتین لە: جینۆساید، تاوانە دژەمرۆیییەکان، تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دوژمنکاری. بەپێی ئەو دۆخەی کە ئێستا لە عەفرین لە ئەنجامی هێرشی سەربازیی تورکیا لە ئارادایە، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە کۆمەڵێک تاوانیان ئەنجام داوە، کە دەکرێ ڕووبەڕووی سزا ببنەوە. لە خوارەوە ئاماژە بەو تاوانانە دەکەین، کە تاکوو ئێستا بەپێی داتا و زانیارییە بەردەست و بڵاوبووەکان ڕوویان داوە. هەروا ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا، جۆر و ناوەڕۆکی تاوانەکان بە هۆی بەردەوامیی جەنگەکە زیاتر ببن.

### *ئا) تاوانی جینۆساید (الإبادة الجماعية)*

بەپێی بەندی (٦) لە پەیڕەوی دادگە، جینۆساید بریتییە لە ئەنجامدانی هەر کردارێک لەو کردارانە بە مەبەستی لەناوبردنی گرووپێکی نەتەوەیی، یان ئێتنیکی، یان ڕەگەزی، یان ئایینیی، بە شێوەی لەناوبردنی گشتی (كلي) یان هەندەکی (جزئي). بە سەرنجدان بەو بەندە، بۆمان دەردەکەوێ کە تاکوو ئێستا بە لانی کەمەوە تورکیا سێ لەو کردارانەی ئەنجام داوە، کە بریتیین لە: کوشتنی تاکەکانی گرووپێکی نەتەوەیی کە ئەویش نەتەوەی کوردە، پێگەیاندنی زیانی جەستەیی بە تاکەکانی ئەم نەتەوەیە و، هەروا ملکەچپێکردنی تاکەکانی ئەو گرووپە بۆ دۆخێکی بژێویی وا کە مەبەستی لەناوبردنی گشتی، یان هەندەکیی ئەو گرووپەیە. لە دۆخی ئەمڕۆی عەفرین، ئەو سێ حاڵەتە بەڕوونی و زەقی دیارە، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین، ئەو تاوانانەی کە ئەمڕۆ تورکیا لە عەفرین ئەنجامی دەدات، دەچێتە خانەی جینۆسایدی نەتەوەی کورد لە سووریا.

### *ب) تاوانە دژەمرۆیییەکان (جرائم ضد الانسانية)*

بەپێی بەندی (٧) لە پەیڕەوی دادگە، تاوانە دژەمرۆیییەکان بریتین لەو تاوانانەی کە لە چوارچێوەی هێرشێکی بەربڵاو، یان بەرنامە بۆ دارێژراوی ئاراستەکراو دژ بە گرووپێک لە دانیشتووانی مەدەنی بەزانینەوە ئەنجام دەدرێن و دووبارە دەبنەوە و، بەشێکە لە سیاسەتی ئەو دەوڵەت یان ڕێکخراوە، کە ئەم هێرشە دەکات یان ئەم سیاسەتە

بەهێز دەکات. یەکێک لە حاڵەتەکانی ئەم تاوانە بریتییە لە کوشتنی بەئەنقەست، کە ئەمەیان بەڕوونی دیارە لە ئەنجامی هێرشی چەندین بارەی ئاسمانی و زەمینیی تورکیا دەیان هاووڵاتیی مەدەنی لە عەفرین کوژراون. هەروا ئەم کوشتنانە دەرەنجامی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەوڵەتی تورکیایە دژ بە گەلی کورد لە سووریا. بۆیە دەتوانین ئەم ڕەفتارانەی دەوڵەتی تورکیا لە چوارچێوەی تاوانە دژەمرۆییەکان پێناسە بکەین.

## ج) تاوانەکانی جەنگ (جرائم الحرب)

تاوانەکانی جەنگ پێناسەیەکی بەرفراوانی هەیە و هەر دوو بواری جەنگی نێودەوڵەتی، یان نانێودەوڵەتی دەگرێتەوە. ئەوەی لێرە مەبەستمانە جەنگی نێودەوڵەتییە، چونکە پێشتر ئاماژەمان پێ دا کە ئەم هێرشەی تورکیا بۆ سەر عەفرین، هێرشێکی چەکداریی نێودەوڵەتییە. بەپێی بەندی (٨) لە پەیڕەوی دادگە، تاوانەکانی جەنگ بریتییە لە پێشێلکاریی ترسناک دژ بە ڕێککەوتننامەکانی جنیڤ لە ١٢/ئاب/١٩٤٩ و هەر کام لەو کردارانەی کە دژ بە کەسان یان موڵک و ماڵ ئەنجام دەدرێن، کە ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکانی جنێڤ دەیانپارێزن. هەروا پێشێلکاریی ترسناک بۆ ئەو یاسا و ڕێسایانەی، کە لەسەر ناکۆکییە چەکدارییە نێودەوڵەتییەکان، لە چوارچێوەی سەقامگیربووی یاسای نێودەوڵەتیدا دەچەسپێن.

ئەو حاڵەتانەیش، کە ئەم پێناسەیەی سەرەوە دەیگرێتەوە و لە هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین ڕوویان داوە بریتین لە: کوشتنی بەئەنقەست، ئاراستەکردنی هێرش دژ بە دانیشتووانی مەدەنی، یان دژ بەو تاکە مەدەنییانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە جەنگدا بەشدار نین، ئاراستەکردنی هێرش دژ بە شوێنە مەدەنییەکان، واتە ئەو شوێنانەی کە ئامانجی سەربازی نین، هێرش بۆ سەر شار و گوندەکان و ئەو خانووبەرانەی کە بە هیچ شێوەیەک ئامانجی سەربازی نین، هێرش بۆ سەر ئەو خانووانەی کە بۆ ئامانجی ئایینی و فێرکاری و زانستی و خێرخوازی بەکار دێن، یان شوێنەوارە مێژووییەکان، یان نەخۆشخانەکان، نەپاراستنی دیلەکانی جەنگ، بەکارهێنانی ئەو چەک یان هاوەن یان کەرەستە یان شێوازە جەنگییانەی کە پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکانی جەنگی چەکدارین و هتد. سەبارەت بە هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین، هەموو ئەو حاڵەتانەی سەرەوە کە باس کران بەدی هاتوون، هەر بۆیە پێمان وایە، کە تاوانەکانی جەنگ بەڕوونی و ئاشکرایی لەم هێرشەدا ڕوویان داوە و، ئەگەری ئەوەیش هەیە لە داهاتوودا جۆر و ژمارە و ناوەڕۆکی تاوانەکان زیاتر ببن.



سەرچاوە
Serchawe

### د) تاوانی دوژمنكاری (جريمة العدوان)

یەكێک لەو بابەتانەی كە مشتومڕی زۆری لێ كەوتۆتەوە، پێناسەكردنی تاوانی دوژمنكارییە. ئەم تاوانە دەبێتە هۆی ئەوەی كە ئاسایش و سەقامگیریی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بكەوێتە مەترسییەوە. نەتەوە یەكگرتووەكان لە ساڵی ١٩٦٧ كۆمیتەیەكی بۆ پێناسەكردنی ئەم تاوانە پێک هێنا، كە پاش هەوڵێكی زۆر سەرەنجام كۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان لە ١٩٧٤/١٢/١٤ لە بڕیاری ژمارە (٣٣١٤) خۆیدا لە بەندی یەكەم بەم جۆرە پێناسەی ئەم تاوانەی كردووە: "دوژمنكاری بریتییە لە بەكارهێنانی هێزی چەكدار لە لایەن یەكێک لە دەوڵەتان دژ بە سەروەریی دەوڵەتێكی تر، یان سەلامەتیی خاكەكەی، یان سەربەخۆییی سیاسی، یان هەر ئامرازێكی تر كە لەگەڵ ئامانجەكانی نەتەوە یەكگرتووەكاندا یەک نەگرێتەوە." بەپێی بەندی (٣)ی هەمان بڕیار، هەندێک لە كردارەكانی دوژمنكاری بریتین لە:

أ- داگیركردنی خاكی دەوڵەتێكی تر، یان هێرشكردنەسەری، بە هێزی چەكدار لە لایەن دەوڵەتێكی ترەوە، یان هەر داگیركارییەكی سەربازی كە لە ئەنجامی داگیركردن یان هێرش بەدی هاتبێ، ئەگەرچی كاتیش بێت و، هەر لكاندنێكی بەزۆر بە خاكی دەوڵەتێكی تر یان دابڕینی بەشێک لە خاكەكەی.

ب- هاوێشتنی بۆمبا بۆ سەر خاكی دەوڵەتێكی تر لە لایەن هێزی چەكداری دەوڵەتێكی ترەوە یان بەكارهێنانی هەر جۆرە چەكێک لە لایەن دەوڵەتێكەوە دژ بە خاكی دەوڵەتێكی تر.

بەندی (٥)ی هەمان بڕیار دەڵێت: "ناكرێ بە هیچ ئیعتبارێكی سیاسی، یان ئابووری، یان سەربازی، یان ئەوی تر، پاساو بۆ دوژمنكاری بهێنرێتەوە. جەنگی دوژمنكاری، تاوانە دژ بە ئاشتیی نێودەوڵەتی و، دوژمنكاری هۆكارە بۆ لێپرسینەوەی نێودەوڵەتی. نابێ دان بە ڕەواییی دابڕینی خاكی دەوڵەتێک و لكاندنی بە دەوڵەتێكی تر لە ڕێگەی هێزەوە بنرێت."

بەم جۆرە دەردەكەوێ، ئەم ڕەفتارەی توركیا، پێشێلكردنی پابەندییە نێودەوڵەتییەكانی ئەو دەوڵەتەیە لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، چونكە هێزی دژ بە فاكتەرە سەرەكییەكانی پێكهێنانی دەوڵەتێكی تر بەكار هێناوە، كە ئەویش خۆی لە پێشێلكردنی سەروەریی خاک، گەل و دەسەڵاتی سیاسیی فەرمیی دەوڵەتی سووریا دەبینێتەوە.



سەرچاوە Serchawe

هەروا بەپێی بەندی (٥) لە پەیڕەوی دادگەی نێودەوڵەتیی تاوان، تاوانی دوژمنکاری بە یەکێک لە تاوانە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێت، بەڵام دادگە تاکوو ئێستا لە پەیڕەوی خۆی پێناسەی ئەم تاوانەی نەکردووە، کە ئەمەیش گرفت لە بەردەم سزادانی ئەو کەسانە دروست دەکات کە بەم تاوانە تۆمەتبار دەکرێن. دوا گۆڕانکاری لەم بوارەدا ئەوەیە، کە لە دیسەمبەری ٢٠١٧، دەسەڵاتی دادگەی نێودەوڵەتیی تاوان سەبارەت بە تاوانی دوژمنکاری کارا کراوە، کە ئەمەیش دەتوانێ هەنگاوێکی باش بێ لە بواری بەدیهێنانی دادپەروەریی سزاییی نێودەوڵەتی.

هەروەک دەزانین لە یاسای نێودەوڵەتیی هاوچەرخ، تاک وەک یەکێک لە کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتی هەژمار دەکرێت، هەر بۆیە سەرۆکی ئەو دەوڵەتەی کە تاوانێکی نێودەوڵەتی ئەنجام دەدات، دەکەوێتە بەر لێپرسینەوەی سزایی. هەرچەند تورکیا ئەندام نییە لەم دادگەیە، بەڵام بەپێی بەندی ١٣ لە پەیڕەوی دادگە، ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێ ئەم کێشەیە ڕەوانەی نووسینگەی داواکاری گشتیی دادگەی ناوبراو بکات، بۆ ئەوەی ئەنجامدەرانی تاوانی نێودەوڵەتی پەلکێشی بەردەم دادگە بکرێن.

## ٤) ئەو ڕێککەوتنانەی کە پێشێل کراون

١) چارتی نەتەوە یەکگرتووەکان ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٤٥.

٢) ڕێککەوتننامەی لاهای بۆ پاراستنی موڵک و ماڵی ڕۆشنبیری لە کاتی ناکۆکیی چەکداری ١٤ / ئایار / ١٩٥٤ و پرۆتۆکۆلە هاوپێچەکانی، کە تورکیا لە ١٥ - ١٢ - ١٩٦٥ تێیدا بووەتە ئەندام. بەندی ١ / أ ئەم ڕێککەوتنە موڵک و ماڵی ڕۆشنبیریی بەم جۆرە پێناسە کردووە: "موڵک و ماڵی گوازراوە و نەگوازراوەی خاوەن گرنگیی گەورە بۆ کەلەپووری ڕۆشنبیریی گەلان وەک: خانووی تەلارسازی، یان هونەری، یان مێژوویی، ئایینی یان دونیایی و، خانووە شوێنەوارییەکان و، ئەو دەستە خانووانەی کە بە کۆبوونەوەیان بەهای مێژوویی، یان هونەرییان هەیە و، تاوازە هونەرییەکان و دەستنووس و کتێب و ئەو کەلوپەلانەی تر کە خاوەن بەهای هونەری و مێژوویی و شوێنەوارین و هتد. بەپێی هەواڵەکان، سوپای تورکیا لەم هێرشەدا زیانی بە شوێنەواری مێژوویی "عەین دارا" لە شارۆچکەی عەفرین گەیاندووە و، بەو پێیەی کە دەوڵەتی تورکیا ئەندامە لەم ڕێککەوتنەدا، هەر بۆیە لەسەریەتی پابەندی پاراستنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیە بێت.

٣) ڕێککەوتنامەی تایبەت بە ڕێزگرتن لە یاسا و نەریتەکانی جەنگی وشکانی، ناسراو بە ڕێککەوتننامەی لاهای



سەرچاوە Serchawe

لە ١٨ / ئۆکتۆبەری / ١٩٠٧.

٤) ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سزادانی ساڵی ١٩٤٨.

٥) پەیڕەوی دادگەی نێودەوڵەتیی تاوان ساڵی ١٩٩٨.

٦) ڕێککەوتننامەکانی جنیڤ ١٢ / ئاب / ١٩٤٩.

## ئەنجام

پاش خوێندنەوەیەکی یاسایی بۆ ئەو ڕەفتارانەی کە دەوڵەتی تورکیا لە هێرش بۆ سەر عەفرین ئەنجامی داوە، بۆمان دەرکەوت کە ئەو کردارەی تورکیا، پێچەوانەی یاسا و ڕێسا و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانە. هەر بۆیە، لە کاتی ئەنجامدانی هەر پێشێلکارییەک بەرامبەر بە ڕێسا فەرمانکەرەکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی و، لەوانەیش پرەنسیپی دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی تر و، پێشێلکردنی سەروەری و سەلامەتیی خاکی وڵاتانی تر، ئەوا دەوڵەتی سەرپێچیکار دەکەوێتە بەردەم بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتی. لەم حاڵەتەدا، دەوڵەتانی جیهان، نەتەوە یەکگرتووەکان و بەتایبەت دەوڵەتی سووریا، پێویستە هەموو ڕێوشوێنە یاساییەکان دژ بە دەوڵەتی سەرپێچیکار بگرنە بەر. جگە لەمەیش، کردارە سەربازییەکانی دەوڵەتی تورکیا، چەندین تاوانی ترسناکی نێودەوڵەتیی لێ کەوتۆتەوە، لەوانەیش جینۆساید، تاوانە دژەمرۆییەکان، تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دوژمنکاری، کە دەکرێ لەم حاڵەتەدا دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی تورکیا، بەپێی بەندەکانی ١٢ / ٢ / أ و ١٣ / ب و ج لە پەیڕەوی دادگەی نێودەوڵەتیی تاوان بکەونە بەردەم لێپرسینەوەی سزایی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوس - ڕێکەوتی: ٧ی فێبریوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# سەرکێشییە پڕمەترسییەکەی تورکیا لە عەفرین




*پینار تانک - توێژەرێکی سەرەکییە لە پەیمانگەی "ئۆسلۆ" بۆ لێتوێژینەوەی ئاشتی (PRIO).*

**وەرگێڕانی لە وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئاسۆ کەریم**

لەمێژ بوو چاوەڕوان دەکرا تورکیا پەلاماری عەفرین بدا، کە لە ٢٠ی کانوونی یەکەمدا دەستی پێ کردووە. لە کاتێکدا حزبی داد و گەشەپێدان (AKP)ی حوکمڕان بەو ئومێدەیە ئەم شاڵاوە، ناسیۆنالیزمی دژەکورد لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٩ دا ساز بدا، لێ ڕەنگە دەرکەوتەی دیپلۆماتیی توندیشی لێ بکەوێتەوە و پرسە ئەولەهییەکانی تورکیا دژوارتر بێنەوە.

لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە، چوونە ناو باکووری سووریا، پێوەندییە درزتێکەوتووەکانی تورکیا لەگەڵ ئەمریکادا گرژ و کشتتر [داوە دەزوو بای بدە تا توندتر بێ، پێی دەگوترێ کشتکردن. هەڵبەت ئەگەر زۆر کشت بکرێ، دەپسێ] دەکا و گوشارێکی زۆرتریش دەخاتە سەر پێوەندییەکانی ناتۆ- تورکیا. یەکێ لەو پڕیشکانەی ئاگری ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیای بۆ سەر عەفرین لێ کەوتەوە، ڕاگەیاندنەکەی ١٤ی کانوونی دووەمی ئەمریکا بوو کە هێزێکی کوردیی ٣٠ هەزار کەسی بۆ پاراستنی سنووری سووریا لەگەڵ تورکیا و عێراقدا لەو ناوچانەی کە لەبن دەستی کورددان، پێک دەهێنێ. ئەم هەنگاوە بە قسەی سەرۆکی حزبی بزووتنەوەی نەتەوەیی، دەوڵەت باخچەلی، "ئەو دڵۆپەی کە وای کرد کوپەکە لەسەری بڕژێ"، بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی تورکیا بووە کە هاوپەیمانێتیی ئەمریکی - کوردی پاش تێکشکاندنی داعش هەڵبوەشێتەوە. لێ ئەمریکا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە لە پشتیوانیکردنی هێزەکانی سووریای دیموکرات بەردەوام دەبێ، کە پەیەدە و هەر دوو باڵە سەربازییەکەی



سەرچاوە
Serchawe

یەپەگە و یەپەژە باڵیان بەسەردا کێشاوە، لە کاتێکدا تورکیایش سوورە لەسەر بەردەوامیدان بەو ئۆپەراسیۆنە، تا ئاسایشی سنوورەکانی خۆی دەستەبەر دەکا.

لەوەیش زێتر، هەڕەشەی پێکدادانی ڕاستەوخۆی نێوان ئەمریکا و تورکیا هەمیشە هەیە. وێڕای کە ئەردۆغان لە دەسپێکدا ئۆپەراسیۆنێکی بلەز و خێرای لە عەفرین ڕاگەیاند، لێ دواتر گوتی تورکیا بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات بەرەو شاری "منبج"ی بندەستی یەپەگە بەردەوام دەبێ. لەوەتەی لە پێشاژۆی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فوراتدا لە ئاداری ۲۰۱۷ دا تورکیا نەیتوانی ئەم شارە بگرێ و ئەمریکا هێزە تایبەتەکانی خۆی ڕوانەی منبج کرد بۆ پاراستنی هاوپەیمانە کوردەکانی، دەڵێی مستێک لە قەپرغەی ئەردۆغان دراوە. وێڕای کە ئەمریکا لە دەسپێکدا بە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات ڕازی ببوو، لێ جۆرێ لە لێکحاڵێنەبوون لەبارەی ئامانج و مەودا و ئاقارەکانی ئەو پەلامار و هاتنەناوەیەی تورکیا و شیمانەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دوو هاوپەیمانەی ناتۆ لە سووریا هاتە گۆڕێ.

لە کاتێکدا عەفرین ناوچەی ئۆپەراسیۆنەکانی هاوپەیمانان کە ئەمریکا سەرکردایەتیی دەکا نییە، ڕوون نییە کە داخوا ئەمریکا داوا لە تورکیا دەکا "دان بە خۆیدا بگرێ". ئەگەر تورکیا بە ئاراستەی منبج پێشڕەوی بکا ئەوا ئەمریکا دەستوەردان دەکا و بەرەنگاری دەبێتەوە. بە هەر حاڵ، ئەمریکا نایەوێ لە منبج بکشێتەوە و بەردەوام هێزە هەڵسووڕوداسووڕەکانی لەگەڵ ئەو یاخیبووانەی تورکیا پشتیوانییان لێ دەکا فیشەک بەیەکەوە دەنێن. ئەمەیش مەترسیی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تورکیادا زیاتر دەکات لە کاتێکدا ناتۆ ئەو مافە ڕەوایە بە تورکیا دەدا سنوورەکانی خۆی بپارێزێ، لێ ئەگەر قەیرانی مرۆیی وەک ئەنجامێکی ئەو هێرشە، بە شێوەیەکی بەرچاو خراپتر ببێ، ئەوا تورکیا ڕووبەڕووی ڕیسواکردنی زێتر دەبێتەوە.

هەروا ئەم هەنگاوە پێوەندییەکانی تورکیا و ڕووسیایش ئاڵۆزتر دەکا، چونکە ڕووسیا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان کورد و ڕژێمی سووریادا بەگوێرەی پێشنیارێکی مۆسکۆ لە کۆنگرەی دیالۆگی نیشتمانی لە سوچی، ئێستە خەریکی دانوستاندنە لەگەڵ ئەو دوو لایەنەدا. ڕووسیا کە هاوپەیمانی بنەڕەتیی تورکیایە لە سووریا، ئاسمانی سووریای بۆ فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا کردووە کە هێرش بۆ سەر عەفرین بکەن بە بیانووی پێڕەویکردن لە سیاسەتی دەستێوەرنەدان و گلە و گازەندەکردن لە ئەمریکا کە چەک و تفاقی جەنگ بە هێزەکانی کورد دەدا. لەوانەیە ئەم ڕێگەپێدانە، ئەو گرژییەی لە نێوان تورکیا و ڕووسیادا لە کانوونی دووەمدا سەبارەت بە ئیدلب هاتە گۆڕێ، خاو بکاتەوە کە لە ئیدلب سوپای سووری بە پشتیوانیی هێزی ئاسمانیی ڕووسی، هێرش و



سەرچاوە
Serchawe

پەلاماری بۆ سەر گرووپە جیهادییەکانی ئەوێ دەست پێ کردووە و، وەک دەگوترێ و باویشە گرووپە میانڕۆکانی سەر بە تورکیایش کراونەتە ئامانج.

لێ ڕووسیا ڕێککەوتنی لەگەڵ کوردەکاندا هەبووە و، مۆسکۆ بنکەیەکی سەربازیی لە ئاداری ۲۰۱۷ دا لە عەفرین کردبووەوە، بەو مەرجەی لە هێرش و پەلاماری تورکیایان بپارێزێ. ئەم بادانەوەیەی ڕووسیا، پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری ڕووسیا بووە لەگەڵ کوردەکاندا، کە کۆنترۆڵی ئاسایش و سنوورەکان بۆ سووریا جێ بهێڵن و لە بەرانبەردا جۆرێ لە ئۆتۆنۆمییان پێ بدرێ. ئەم پێشنیارە کە سەروەریی سووریای بەهێز دەکردەوە، لە لایەن یەپەگە و یەپەژەوە ڕەت کرایەوە. بەگوێرەی سەرکردەکانی کورد، ئامانجی دوورتری ئەم بڕیارەی ڕووسیا لەبارەی ڕێگەدان بە پەلاماری تورکی ئەوە بووە، کە کوردەکان بکەونە باوەش و ئامێزی حکوومەتی ئەسەدەوە و لە ئەمریکا دوور بکەونەوە.

ساغ بووەوە کە پەسندکردنی دیفاکتۆیانەی ئۆتۆنۆمیی باکووری سووریا لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، کە کوردەکان "ڕۆژاڤا"ی پێ دەڵێن، بە لای ئاکەپەی حوکمڕانەوە قبووڵکراو نەبووە. لە ۲۰۱۲وە "ڕۆژاڤا" بەکردەوە خۆی بەڕێوە دەبا و فۆرمێکی دیموکراسیی کۆمیونەیی، کە پەیەدە (PYD) و یەپەگە (YPG) و یەپەژە (YPJ) سەرکێشیی دەکەن، تێدا حوکمڕانە. ئەوان هەر سێ کانتۆنەکانی "جەزیرە"، "عەفرین" و "کۆبانێ" بەڕێوە دەبەن و، نزیکەی 5 ملیۆن کورد و عەرەب و سریانی و تورکمانیان تێدا دەژی. لە ئاداری ۲۰۱٦ دا، پەیەدە ناوی ناوچەکەی بۆ سیستەمی فیدراڵیی دیموکراتیی باکووری سووریا گۆڕی و، ئامانج لەو گۆڕینە دامەزراندنی خۆبەڕێوەبەرییەکی یاسایی بووە بۆ باکوور لە چوارچێوەی سووریایەکی ناناوەندی و فیدراڵیدا. بڕیار بوو لە کانوونی دووەمدا هەڵبژاردنی پەرلەمانیی تێدا بکرێ، لێ لەبەر ئۆپەراسیۆنی عەفرین بۆ کاتێکی نادیار دوا خرا.

دەوڵەتی تورکیا پێی وایە کە دانپێدانانی یاساییانەی نێودەوڵەتی بە خۆبەڕێوەبەرییەکەی پەیەدە لە چوارچێوەی سووریایەکی فیدراڵیدا، هەڕەشەیەکی بوونەکی (وجود)یە و هەوڵ و تەقەلاکانی تورکیا بۆ تێکشکاندنی پەکەکەی هاوڕایەڵەی پەیەدە لەبار دا. ئاخر پەکەکە لەناو تورکیادا هەڵدەسووڕێ و، هەم تورکیا و هەم ئەمریکا بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستییان داناوە. لێ ئەم هەڕەشەیە بووەتە ئامرازێکی لەبار بەدەست سەرۆکێکی پۆپۆلیست، ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، کە دیەوێ لە ۲۰۱۹ دا هەڵبژێردرێتەوە. بە لای ئەردۆغانەوە، پتەبوونی پێگەی کوردان، زەبوونکردنێکی بەئاشکرای ئەوە، نەخاسمە تاکە ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستەقینەی دەسەلاتزانیی ئەو لە



سەرچاوە
Serchawe

هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٥ دا، کاتێ کە بۆ هەوەڵین جار لە دوای ٢٠٠٢وە ئاکەپە زۆرینەی لەدەست دا، لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتن و دەسکەوتانەی حزبی دیموکراتیی گەلان (HDP) بووە.

زۆرینەی حزبە سیاسییەکان [لە تورکیا] لە پشت ئاکەپە ڕاوەستاون و لە ڕاست حەز و ئارەزووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پشتیوانیکردن لە ئۆتۆنۆمیی کوردان تەبای ئاکەپە، تووڕە و بێزارن. دەوڵەت باخچەلی، کە سەرۆکی باڵی ڕاستی MHP یە ستایشی ئۆپەراسیۆنی عەفرین بۆ تێکشکاندنی یەپەگە و پەکەکە دەکا و، ئەمریکای دایە بەر ڕەخنەی توند کە چۆن دەکرێ وڵاتێکی ئەندامی ناتۆ لە یەک کاتدا "هەم دۆست و هەم دوژمن بێ". سەرۆکوەزیران، بینالی یەڵدرم، چەند جار لە پرێس کۆنفرانسە تەلەڤزیۆنییەکەی ٢٠ی کانوونی یەکەمدا جەختی لەوە کردەوە، کە ئامانجی تورکیا لەو ئۆپەراسیۆنەی کە ناوی "چڵە زەیتوون"ی لێ نراوە، ڕزگارکردنی خەڵکی خۆجێیە کە لە سایەی پەیەدە و یەپەگە و یەپەژەدا دەژین و، نابێ وەک ئۆپەراسیۆنێکی دژ بە گەلی کورد چاوی لێ بکرێ. هەروا گوتی کە چەکدارەکانی داعش- وەک لە هەمووان ڕا دیارە داعش لە لایەن هێزە کوردییەکانەوە لە ڕەققە بە پشتیوانیی ئەمریکا وەدەرنران- ئێستە لە عەفرینی ژێر کۆنترۆڵی کوردان کۆ بوونەتەوە! تەنانەت حزبی گەلی کۆماریی بەرهەڵستکار (CHP) کە پێشتر لایەنگری ڕێوشوێنی دیپلۆماسی بووە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان، هیچ نارەزایەتییەکی لە بەرانبەر ئەو ئۆپەراسیۆنەدا نیشان نەدا و، پێی وایە ناکرێ بەئاشکرا دژی گوتاری ئەو حزبانە بێ کە شەڕی تیرۆریزم دەکەن.

ئێستە سەرباری ئەو گوشارەی دەخرێتە سەر پێوەندییە دیپلۆماتییەکانی تورکیا، پەلاماردانی عەفرین هەڕەشەیشە بۆ سەر ئاسایشی ناوخۆی تورکیا کە لە بنەڕەتدا ئاکەپە بۆ پاساودانەوەی ئۆپەراسیۆنەکە بەکاری هێناوە. لە ناوخۆی تورکیادا، ئەو پەلامارە، پشکۆ شاراوەکانی تیرۆریزمی کوردی دەگەشێنێتەوە. وێڕای جەختکردنەوەی کاربەدەستانی حکوومەتی تورکیا کە ئەو هێرشە دەیەوێ ئاشتی بێنێتە ئاراوە، لێ پێوەندییەکانی کورد- تورک لە دوای پرۆسەی ئاشتیی ٢٠١٢ وە لەگەڵ پەکەکە و، کوژرانی نزیکەی ٢٠٠ هاووڵاتیی مەدەنیی کورد لە ٢٠١٥ دا، بە بەراورد بە هەر کاتێکی دی لە ئاستێکی نزمدان.

تورکیا بەردەوامە لەسەر زیندانیکردنی سەرکردە شەرعییەکان [هەڵبژێردراوەکان]ی هەدەپە. لە دیمانەیەکی موراد قەرەیەلان، ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتیی پەکەکە، لە ٢٠ی کانوونی دووەمدا، هۆشداریی دا کە پەلاماردانی عەفرین وەک هێرشکردنە سەر تەواوی گەلی کورد چاوی لێ دەکرێ و، پەکەکە لێی بێدەنگ و دەستەوئەژنۆ نابێ.



سەرچاوە Serchawe

وەک ئەنجامێکی ئەوە، وێڕای کە دەوروبەری ٨٠٠٠ - ١٠٠٠٠ شەرڤانێکی یەپەگە و یەپەژە لە عەفرین هەم ڕووبەڕووی دووەم گەورەترین سوپای ناتۆ دەبنەوە و هەم بەرەنگاری سوپای سووریای ئازاد کە تورکیا پشتیوانیی لێ دەکا. لەوانەیە تورکیا بتوانێ بەئاسانتر بچێتە عەفرین، بە بەراورد بەوەی کە بتوانێ ئاسایشی ناوچەکە کۆنترۆڵ بکا و ئاشتی و خێروخۆشیی بۆ دابین بکا. وێڕای هێز و بڕستی سەربازی، لێ سوپای تورکیا بە هۆی زیندانیکردنی کۆمەڵێک لە ئەفسەرە فەرماندەکانییەوە پاش کودەتا سەرنەکەوتووەکەی ٢٠١٦ دژی ئەردۆغان، کز و لاواز بووە.

لەم سۆنگەیەوە، ئەو سەرکێشییە پڕمەترسییەی ئەردۆغان لەوانەیە هەندێ ئەنجامی ئەردوغان بەدی بهێنێ، وەک: کزبوونی پێوەندی و رایەڵکەی نێوان کوردەکان و ئەمریکا، هاڕین و تێکشکاندنی ئەزموونی ڕۆژاڤا. لەناو تورکیایشدا، مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ناوخۆ، پاساو [بیانوو]ێکی دیکەی سەربار دەدەنە دەست ئەردۆغان کە باری نائاسایی لەناوخۆی تورکیە درێژ بکاتەوە کە لە دوای کودەتا سەرنەکەوتووەکەی ٢٠١٦ لە ئارادایە، بۆ خۆویناکردن [خۆنواندن] وەک سەرۆکێکی بەهێزی هەرێمایەتی لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٩ی سەرۆکایەتیی کۆماردا. ئیدی ئەردۆغان لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنی عەفرینەوە دەکارێ ترسی قووڵی حزبەکانی دیکە لە خولیای ڕزگاریخوازانەی کوردان بۆ خۆی بقۆزێتەوە و بەکار بهێنێ. لێ لە کاتێکدا ئامانجی ڕاگەیەنراوی ئەو ئۆپەراسیۆنە، پاراستنی تورکیایە لە کار و کردەی تیرۆریزمی کوردی، لەوانەیە ئەو ئۆپەراسیۆنە ئەنجامی پێچەوانەیشی لێ بکەوێتەوە.

سەرچاوە: http://carnegieendowment.org

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوس - ڕێکەوتی: ٩ی فێبریوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## خواستە مەترسیدارەکانی پشت پەلاماردانی عەفرین ئاشکرا دەبن



ماوەی ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتون» زیاتر و زیاتر درێژ دەکەنەوە، ئەمە ناونیشانی وتارێکی مەکسیم یوسین و سێرگی سترۆکانە کە لەبارەی پەلامارەکەی تورکیا بۆسەر شاری عەفرین لە رۆژنامەی «کۆمێرسانت»ی روسیا بڵاوکراوەتەوە.

لە وتارەکەدا هاتووە»ئۆپەراسیۆنی (چڵە زەیتون) کە لەلایەن سوپای تورکیاوە لە دژی یەکینەکانی پاراستنی گەلی کورد لە باکووری سوریا ئەنجام دەدرێت، دەبێتە هەڵمەتێکی درێژخایەن. لەبری بەڵێنەکان بە تەواوکردنی ئۆپەراسیۆنەکە (لە کورتترین کات)دا لە لێدوانە نوێیەکاندا هاتووە کە ئەنقەرە نایەوێت خۆی بە چوارچێوەیەکی کاتی دیاریکراووە ببەستێتەوە و بەردەوام دەبێت لەو هێرشەی تا ناوچەیەکی ئارام بە قوڵایی 30 کیلۆمەتر لەناوچە سنورییەکانی سوریادا پێکدەهێنێت».

ئەو دوو نوسەرە روسە دەڵێن»رۆژەکانی یەکەمی (چڵە زەیتون) رێگەی بۆ روونکردنەوەی شێوازە سەربازییەکانی تورکیا خۆش کرد. یەکەم، نایەوێت رووداوەکان بسەپێنێت بە هێرشێکی هەمەلایەنە بۆ تێکشکاندنی دوژمن، بەڵکو ناوچە بە ناوچە ئۆپەراسیۆنەکانی درێژپێدەدات. دووەم، تورکەکان هەوڵی دەدەن زیانەکانیان کەم بکەنەوە، لەرێی ناردنە پێشەوەی چەکدارانی سوپای سوریای ئازاد، ئەوەش بەپێی پلانی پەرەپێدەرانی ئۆپەراسیۆنەکە، رێگە بۆ خۆلادان لەو زیانانەی بەر سەربازە تورکەکان دەکەون، خۆش دەکات».

لەو روانگەیەوە و بەپێی لێدوانەکانی نوێنەرانی سوپای سوریای ئازاد، پشتیوانیکردنیان لە ئەنقەرە بە خۆرایی

نییە. لەبەرانبەردا ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریا کە لە تورکیا و خۆرئاوا بە (میانڕەو) دادەنرێن، هیواخوازن شارۆچکەی تەل رەفعەت کۆنترۆڵ بکەن کە دانیشتوانی عەرەب تێیدا نیشتەجێن لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەر کە لە مانگی شوباتی ٢٠١٦ لەلایەن شەرڤانە کوردەکانەوە کۆنترۆڵ کرابوون. ئەم هەنگاوە هێندەی تر دۆخی ناوچەکە ئاڵۆزتر دەکات، رەنگە نارەزایی توندی لەلایەن دیمەشقەوە لێبکەوێتەوە، ئەمەش بۆچوونی هەریەک لە مەکسیم یوسین و سێرگی سترۆکانە کە لە وتارەکەیاندا ئاماژەیان پێکردووە.

هەر بە بۆچوونی ئەو دوو نوسەرە روسە، لە هەمان کاتدا هەڵوێستی دجەسەڵاتدارانی سوریا گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ بەردەوامبوونی ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا. ئەو ناوچانەی لە سوریا لەژێر دەستی کوردەکاندان، دابڕاون لە یەکتر. ئەو هۆیەوە ئەوانەی بەرگری لە کانتۆنی عەفرین دەکەن، داهاتێکی سنوردارییان هەیە بۆ رێکخستنی بەرگرییەکی کاریگەر. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستییان بە دەستەبەرکردنی پاڵپشتی زیاترە لەو ناوچە بەرینانەی دەکەونە خۆرهەڵاتی خاکەکانی کوردەوە. ئەوەش بەبێ رەزامەندی دیمەشق نابێت، واتا پەڕینەوە لەو ناوچانەی لەژێر دەستی هێزەکانی بەشار ئەسەددان. تائێستا هێندەی دەکرێت حوکم لەسەر رێڕەوی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بدرێت، دەکرێت بگوترێت دیمەشق بەو پەڕینەوەیە رازی نابێت، عەفرینیش دەبێت بە تەنیا پشت بە هێزە تایبەتەکانی ببەستێت بۆ بەرگریکردن لە خۆی.

وتارەکە لە کۆتاییدا دێتە سەر باسی مۆسکۆ و تێیدا هاتووە»زۆرێک لەو شارەزایانەی ئەوان چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کردوون، لەو بڕوایەدان کە مۆسکۆ رێکەوتنی سەرەتایی لەگەڵ ئەنقەرە کردبێت، و رازی بوبێت ئەوەی کە ئازادییەکی سنوردار بداتە تورکیا لە ناوچە کوردییەکانی سوریا. لە هەمان کاتدا ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا لە عەفرین ئاکامی ناخۆشی هەبوو بۆ رێکخەرانی کۆنگرەی دیالۆگی نیشتمانی سوریا لە سوچی کە لە ٢٩ و ٣٠ی کانوونی دووەمی رابردوو سازکرا. نوێنەرانی چەندان رێکخراو باسیان لە یەکگرتوویی کوردەکانی سوریا کرد کە پێیانوابوو لە دۆخی ئێستادا بەشدارییان لە و جۆرە کۆنگرانەدا هیچ مانایەکی نابێت».

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ١٢ی فێبریوێری ٢٠١٨

# ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون بۆچی و لە پێناو چیدا؟



سەروەر حەمە

*سەروەر حەمە، مامۆستا لە کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان - زانکۆی سەڵاحەددین*

## دەروازە:

لە ڕێکەوتی ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨، ئۆپەراسیۆنی "چڵە زەیتوون" لە لایەن سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپای تورکیا بۆ پەلاماردانی کانتۆنی عەفرین، بە بەشداری زیاتر لە هەشت هەزار سەربازی سوپای تورکیا و، بیست و یەک هەزار چەکداری ئۆپۆزیسیۆنی سووریا و، بە بەکارهێنانی زیاتر لە سەدان تانک و زرێپۆش و دەیان فڕۆکەی پێشکەوتووی سەربازی ڕاگەیەندرا؛ بەڵام تاکوو ئێستا نەیانتوانیوە پێشڕەویی بەرچاو بکەن و ئامانجەکانیان بەدی بهێنن. ئێمە لە دووتوێی ئەم وتارەماندا، دەمانەوێت تیشکێک بخەینە سەر گرنگیی پێگەی عەفرین و، ئامانج و مەبەست و بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون و، ئاستەنگەکانی بەردەم سوپای تورکیا لە پەلاماردانی ئەم کانتۆنەدا.

## ناساندنی هەڵکەوتەی جوگرافیا و گرنگیی پێگەی کانتۆنی عەفرین:

عەفرین ناوچەیەکی چیاییە و ڕووبەرەکەی نزیکەی سێ هەزار و هەشتا و پێنج کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، کە دەکاتە ٢%ی کۆی گشتیی ڕووبەری وڵاتی سووریا. جگە لە ناوەندی شارەکە، لە ٧ شارۆچکە و ٣٥٦ گوند پێک دێت، کە گرنگترینیان (جندرێس، بلبل، حەمامێ، شێرا و ڕاجۆ)یە. بەپێی سەرژمێرییە نافەرمییەکانی حکوومەتی



سەرچاوە
Serchawe

سووریا لە ساڵی ٢٠١٢ دا، ژمارەی دانیشتووانی عەفرین ٥٢٣ هەزار و ٢٥٨ کەس بووە، بەڵام ژمارەکە زۆر زیادی کردووە بە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆری شارەکانی حەلەب و ئیدلیب و ئەعزاز بە هۆی جەنگەوە ئاوارە بوون و، ڕوویان لەم کانتۆنە کردووە. ئەمەیش وای کردووە لە ئێستادا زیاتر لە ملیۆنێک کەس لە عەفرین نیشتەجێ ببن. عەفرین بە بەرهەمهێنانی زەیتی زەیتوون و، مزرەمەنییەکان و کرۆم بەناوبانگە و، چەندین شوێنی مێژوویی هەیە وەکوو: قەڵای سەمعان، قەڵای پێغەمبەر هۆری، گردی عەین دارە، پردی ڕۆمانییەکان و هتد.

عەفرین لە ڕووی جیۆسیاسییەوە بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە و، بە چیای کوردان ناسراوە. لە باکوور و ڕۆژاوا هاوسنووری تورکیایە، لە باشووریشی شاری ئیدلیب و حەلەب و، لە لای ڕۆژهەڵاتییەوە شاری ئەعزاز هەیە. عەفرین خاڵێکی گرنگی بەستنەوەی کوردەکانی ڕۆژاوایشە بە باکووری کوردستان، کە کوردەکانی ئەم دوو بەشەی کوردستان لە ڕووی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی و... زۆر نزیکییان لەگەڵ یەکتری هەیە. لەگەڵ ئەوەیشدا عەفرین دەروازەیەکی گرنگە بۆ گەشتنی کورد بۆ سەر دەریای سپیی ناوەڕاست، کە دەکرێت لە ئاییندەدا ببێتە خاڵێکی گرنگی کرانەوەی ڕۆژاوای کوردستان بە ڕووی جیهاندا لە ڕووی بازرگانیکردنەوە و، هەروەها سوودی گرنگیشی بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستانی گەورە دەبێت؛ بەو پێیەی کە لەگەڵ ڕۆژاوای کوردستاندا هاوسنوورن. عەفرین یەکێکە لەو سێ هەرێمە - کانتۆنە - سەربەخۆیانەی کە کورد لە سووریا ئیدارەی دەدات و، لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ وە دایان مەزراندووە. هێزەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ئیدارەی شارەکە دەکەن و، بەرگریی لێ دەکەن؛ تەنانەت وەک پرسێکی مانەوەی کورد لێی دەڕوانن و بەئاسانی دەستبەرداری نابن. تەنانەت یەکینەکانی پاراستنی گەل ئامانجیان ئەوەیە ناوچەکانی تری نێوان عەفرین و کۆبانێ ڕزگار بکەن و بەیەکەوەیان ببەستنەوە.

### ئامانجەکانی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون و، پەلاماردانی کانتۆنی عەفرین:

عەفرین هەروەک چۆن گرنگییەکی زۆری بۆ کورد هەیە، بە هەمان شێوە وەک شوێنێکی ستراتیژیی گرنگ بۆ وڵاتی تورکیا دادەنرێت. ئەگەرچی لە ڕێکەوتی ١٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨، لە بەیاننامەیەکدا سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپای تورکیا ئەوەی ڕاگەیاندبوو، کە ئامانج لە ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون پاراستنی سەقامگیریی سنووری تورکیا و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرە لە ناوچەکە. بەڵام لە ڕاستیدا چەندین ئامانج و بەرژەوەندی لە پشت ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوونەوە هەیە، وەکوو:

١- تورکیا بە هێرشکردنە سەر عەفرین، دەیەوێت ڕۆژاوای کوردستان ئابلووقە بدات و، دەروازەیەکیان بۆ نەهێڵێتەوە بۆ پەیوەندیکردن بە جیهانی دەرەوە. لە هەمان کاتدا تورکیا نایەوێت کوردەکان سوود لە دەریای سپیی ناوەڕاست ببینن. بچڕاندنی پەیوەندیی نێوان کوردەکانی ڕۆژاوا و باکووریش یەکێکی ترە لە ئامانجەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنەی تورکیا.

٢- بە داگیرکردنی عەفرین، تورکیا دەیەوێت ئەو ناوچانەی کە کۆنترۆڵی کردوون لەگەڵ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سوپای سووریای ئازاد، کە نزیکن لێیەوە، بە یەکتری بگەیەنێت، تاکوو وەک قەڵغانێک بۆ پاراستنی خۆی بەکاری بهێنێت. بە واتایەکی دیکە کۆنترۆڵکردنی عەفرین لە لایەن تورکیاوە بە واتای بەستنەوەی سەرجەم ئەو ناوچانە دێت کە هێزە چەکدارەکانی نزیک لە تورکیا کۆنترۆڵیان کردووە.

٣- عەفرین دەبێتە سەنتەری بەیەکەوەبەستنەوەی کانتۆنەکانی تر، کە بێ گومان ئەمەیش لە بەرژەوەندیی تورکیا نییە و، دەیەوێت ئەو خەونەی کوردەکان لەبار ببات. بۆیە بە کۆنترۆڵکردنی عەفرین، تورکیا ڕێگە لە هەموو جۆرە بەیەکگەیشتنێکی جوگرافی دەگرێت لە هەموو ناوچە سنوورییەکانی کە دەکەونە نێوان شاری جەرابلووس لە ڕۆژاوای فورات و دەریای سپیی ناوەڕاست، ؛ بەمەیش ڕێگە لە خەونی بەیەکگەیشتنی جوگرافیی ناوچە کوردییەکان بە یەکدی دەگرێت.

٤- ڕووبەڕووبوونەوەی پرۆژەی ئەمریکی لە سووریا، یەکێکی دیکەیە لە ئامانجەکانی ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون. ڕاستە تورکیا لە پرۆسەی قەڵغانی فوراتدا بەشێک لە ئامانجەکانی بەدەست هێنا، لە ڕێگەی چوونە ناو ئەعزاز و جەرابلووس، بەڵام لەبەر بوونی ڕێگەی باشوور - منبج و تەل ڕەفعەت -، تورکیا دەیەوێت بەیەکجاری ئامانجەکەی تەواو بکات. لەم هەنگاوەیشدا ئەوەی کارئاسانیی زیاتری بۆ دەکات ئەوەیە، کە عەفرین بەپێچەوانەی ناوچەکانی تری ڕۆژاواوە، هێز و سەرباز و ڕاوێژکاری ئەمریکیی تێدا نییە؛ ئەمەیش پرۆسەکەی بۆ تورکیا ئاسان کردووە؛ بۆیە تەنیا پێویستی بە ڕێگەپێدانی ڕووسیا و ئێران هەیە. ئەم دوو دەوڵەتەیش هەردووکیان دژ بە پرۆژەکانی ئەمریکان لە سووریا. کەواتە پرۆسەکە وەک تۆڵەکردنەوە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لێک دەدرێتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەمریکا پرۆژەی دروستکردنی هێزێکی نوێی هەیە بۆ پاراستنی سنوورەکان و، تورکیایش دروستکردنی ئەم هێزە بە مەترسییەکی گەورە دەبینێت. بۆیە لە ڕووی ستراتیژییەوە هەڵبژاردنی ئەم کاتە، ڕاستەوخۆ لێدان و لەناوبردنی ئەو پرۆژەیەی ئەمریکای لێ دەخوێنرێتەوە.

٥- تورکیا لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە ناوچەیەکی فراوانتر لە ڕۆژاوای فورات دەکاتە ناوچەی ئارام. ئەمەیش لە دوو لاوە بۆ تورکیا سوودبەخشە: یەکێکیان ئەوەیە، تورکیا دەتوانێت لەم ڕێگەیەوە مەترسیی جووڵەی سەربازی و ئەمنی بەتەواوی کۆنترۆڵ بکات و، ڕێگر بێت لە دروستکردنی قەندیلێکی تر لە سنوورەکانی. لە لایەکی ترەوە دەتوانێت بەشێکی زۆر لە ئاوارەکانی تورکیا بگەڕێنێتەوە؛ بەمەیش ئامانجێکی ئابووری و ئەمنی و سیاسی بەدەست دەهێنێت.

٦- لە ئێستادا تورکیا تا ڕاددەیەک لە ناوخۆدا، گرفتارە بەدەست دەیان قەیران و کێشەی سیاسی و ئابووری و ئیدارییەوە. بۆیە لەم ڕێگەیەوە، دەیەوێت کێشە ناوخۆییەکانی بباتە دەرەوە و، چاوەکان لەسەر ناوخۆ لا ببات؛ واتە چارەسەری قەیرانێک بە قەیرانێکی تر دەکات.

٧- تورکیا دەیەوێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببێتە ئەکتەرێکی بەهێز و کارا و، ئارەزووی ئەوە دەکات لەمەو دوا بە هێزی سەربازی، دەستکاریی دۆخی سیاسیی سووریا بکات. بۆ ئەمەیش پارساڵ لە جەرابلووس و عەزاز دەستی پێ کرد و، ئەمساڵیش دەیەوێ لە عەفرین تەواوی بکات.

٨- تورکیا بە هەر نرخێک بێت، نایەوێ ئیدارەیەکی تری کوردی لە تەنیشتییەوە بناغە داکوتێ. هۆکارەکەیشی ئەوە نییە کە ئەوانەی لە ڕۆژاوا حوکم دەکەن وابەستەی پەکەکەن؛ تەنانەت ئەگەر هێزەکانی ڕۆژاوا ناکۆک و دژ بە پەکەکەیش بن، تورکیا هەمان هەڵوێستی دەبوو. چونکە نیگەرانی و ترسی تورکیا، لە دروستبوونی ئیدارەی کوردییە لەو بەشەی کوردستانی گەورە، چونکە دەزانێ ئەو سەرەتایەی ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری لە ڕۆژاوا، ڕاستەوخۆ کاریگەری دەخاتە سەر کوردانی باکوور.

ئەوەی لێرەدا ئاماژەمان پێ دا، دەکرێت بڵێین لە دیارترین ئامانج و مەبەست و بەرژەوەندییەکانی تورکیان لە ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون و هێرشکردنە سەر کانتۆنی عەفرین.

### بەربەست و ئاستەنگەکانی بەردەم تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون:

عەفرین بەرخۆدانێکی گەورەی بەرگری دەکات و، بووەتە شانازییەکی گەورە لە مێژووی گەلی کورددا. ڕەنگە

بەرخۆدانی عەفرین لە ڕوو کەشدا شەڕێکی بێدەنگ دەرکەوێت، بەڵام زۆر نهێنی لە پشت بەرخۆدانی عەفرین و نەکەوتنی ئەو بەشەی ڕۆژاوای کوردستانەوە هەیە، کە گرنگترینیان بریتییە لە:

١- بوونی چەندین تۆنێلی سەربازی کە وەک تاکتیکێکی بەهێز لە و شەڕەدا بەکار دەهێنرێت و، لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا هێزەکانی "یەپەگە" و "یەپەژە" سەدان تۆنێلیان لەژێر زەویدا دروست کردووە و، بنکە و سەنگەرەکانی بەرگرییان پێکەوە گرێ داوە. کاریگەریی تۆنێلەکانی عەفرین بە جۆرێکە، کە سوپای تورکیا لە هەر شوێنێک پێشڕەویی کردبێ، گەمارۆ دراوە و ناچار کراوە پاشەکشێ بکات.

٢- نهێنییەکی تری خۆڕاگریی عەفرینییەکان، بۆ پەروەردەی ئەو هێزانە دەگەڕێتەوە، کە پێش ئەوەی چەک بگرنە دەست، خولێکی شەش مانگیی پەروەدەی دەروونییان بۆ دەکرێتەوە. لەو خولانەدا زۆر بابەتی پەیوەست بە مامەڵەکردن لە دۆخی جەنگدا بۆ ڕوون دەکرێتەوە؛ بۆیە کاتێک چەکیان دەدرێتە دەست، بە باوەڕی تەواوە دەچنە بەرەکانی جەنگ و، ئامادەن بۆ هەموو جۆرە قوربانیدانێک لە پێناو خاک و نیشتماندا. لەگەڵ ئەوەیشدا سوپای تورکیا جەنگ لەگەڵ گرووپێک دەکات کە براوەی جەنگی داعشە لە سووریا و ڕزگارکەری شاری ڕەققەیە، کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارەکانیاندا ئەزموونێکی باشیان وەرگرتووە.

٣- ئەورووپا و ئەمریکا تا ئێستا دژ بە جووڵاندنی هێز و دەستێوەردانی تورکیان. بەفەرمی ئەم پەیامەیان بە تورکیا گەیاندووە، کە لەگەڵ دەستێوەردانی تورکیا نین و، ئەم پرۆسەیە دەبێتە فاکتەری ئاڵۆزی بۆ ناوچەکە، بەتایبەتی دوای ئەوەی داعش لە سووریا بەرەو لەناوچوونی تەواوەتی دەچێت. هەروەها گوشارەکانی ئەورووپا لەسەر تورکیا زیادی کردووە؛ لە لایەک لە ئەورووپا هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل، بە نموونەی حوکمڕانیی باش بۆ دوای ئارامبوونەوەی سووریا دەزانن و، لە لایەکی ترەوە ئەورووپا لەو ململانێ مێژووییە تێ دەگات، کە لە نێوان کورد و تورکیادا هەیە. بۆیە ئەم دەستدرێژییە سەربازییە بۆ عەفرین، کە زۆرینەی کوردە، بە واتای تۆخکردنەوەی ململانێکان و کردنەوەی دەرگەی توندوتیژیی بەردەوام دەزانن لە ناوچەکە.

٤- پاساوەکانی تورکیا بۆ دەستێوەردان و چوونە ناو خاکی عەفرین، تەنیا لە ڕوانگەی خۆیەوە شەرعییەتی هەیە، ئەگەرنا هیچ پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتیی نییە. تەنانەت سووریا هەڕەشەی بەردانەوەی فڕۆکەکانی دەکات و، هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەدەسە) و، یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بەوپەڕی هێزیانەوە بەرپەرچی

تورکیا دەدەنەوە و بە هێزی داگیرکەری دەزانن.

٥- پشتبەستن بە هێزەکانی سوپای ئازاد لە لایەن تورکیاوە، ڕەنگە ببێتە یەکێکی دیکە لە بەربەستەکان، چونکە ئەو هێزانە توانای سەربازییان بە بەراورد بە هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل زۆر لاوازە و، لە واقعیشدا پاڵپشتیی جەماوەرییان نییە. بۆیە تەحەددایەکی گەورەیە بۆ تورکیا و، بەئاسانی لە زیانەکانی ئەو دەستێوەردانە دەرناچێت.

بەم جۆرە دەبینین سەرباری ئەم ئاستەنگ و بەربەستانە، تورکیا تا ئەم ساتەوەختە بەردەوامە لە ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون، کە ئەگەر زیاتر لەوەی پێویستە درێژە بخایەنێت دەبێتە هۆی زیاتر ئاڵۆزکردنی دۆخی سووریا و، ئەگەری زۆریشی هەیە ببێتە دەرفەتێک بۆ تەقینەوەی زیاتری ناکۆکی و لێکترازانەکان.

## کۆتایی:

وێڕای نابەرامبەری لە چۆنێتی و چەندێتیی چەک و سەربازانی تورکیا و گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی سووریا لەچاو شەڕڤانان، بەڵام شەڕڤانان بەخۆڕاگری لە بەردەم هێرشەکاندا وەستاونەتەوە و هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ کەوتنی عەفرین. بۆردوومانە چڕەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر ئەو هەرێمەی ڕۆژاوای کوردستان لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر ڕۆژێکدا، ژمارەی قوربانییەکان و زیانەکان و قەبارەی کاولکارییەکان زیاتر دەبێت. پێیشمان وایە درێژەکێشانی شەڕی عەفرین و ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون لە بەرژەوەندیی تورکیادا نابێت، چونکە لە کۆتاییدا خۆی لەناو گێژاوێکدا دەبینێتەوە کە دەرچوون لێی ئاسان نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوس - ڕێکەوتی: ١٣ی فێبریوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# عەفرین وەک دەرفەتێک بۆ هەموان



د.هەژار مەعروف

ئاینت هەبێ یا نەت بێ، موسوڵمانی سەر بە هەر تاقم و مەزهەبێک بیت، یا جو یا مەسیحی یا هیندۆسی یا هەر ئاین و ئاینزایەکی تر بێت، سەر بە هەر رەچەڵەک و هۆز و نەتەوەیەکی ئەم دنیایە بیت، سەر بە هەر فیکر و قوتابخانەیەکی سیاسی بیت، هەر مرۆڤێکی سادەی ئەم گۆی زەوییە بیت، دەبێ وەک رۆژی رون و بێ دودڵی و هیچ گومانێک بۆت دەرکەوتبێ و بۆت ئاشکرا بێت کە هیچ یەک لە کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستان لەوەتەی دروستبون هەتا هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر عەفرین یەک بەرد یەک فیشەک یەک گولە تۆپ یەک ساروخ لە خاکی کانتۆنەکانەوە نەیانناوە و نەیانهاویشتوە بەرەو هیچ شوێنێکی تورکیا، تورکیا نەیتوانیوە بیسەلمێنێ لە کانتۆنەکانەوە دەسدرێژی کرابێتە سەری.

هیچ رێکخراوێکی کوردی سوریا نەیوتوە دەوڵەتی کوردی دروستدەکەین، تورکیا نەیتوانیوە بیسەلمێنێ کوردی سوریا خەریکی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بن، یا دروستکردنی دەوڵەتێکی کۆمۆنیستیی کافر. کەواتە هێرشەکە هیچ بەڵگەیەک و هۆیەکی رەوا و دروست و مەنتقیی نیە، بۆیە دەستدرێژییەکی رون و رەوانە نەک هەر بۆ سەر دانیشتوانی کوردو عەرەب و ئێزدی و مەسیحیی عەفرین، بەڵکو پێشێلکردنی مافی نێونەتەوەییشە، چونکە بێ مۆڵەتی حکومەتی سوریا، سوپای تورکیا سنوری بەزاندوە.

حکومەتەکەمان و پەرلەمانەکەمان کە لە ژێر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدان نەیانتوانی و نەیانویست هەڵوێستێکی جوامێرانە رابگەیەنن بۆ بەرگری لە عەفرین، بەڵام مەخابن جڤاتە گەورە پێنج ملیۆنیەکەی کوردی باشوریش هەتا ئێستا هەر نەیتوانی وەک پێویست بەهانای خوشک و براکانمانەوە بێن لە عەفرین، تەنانەت لە سلێمانی کە



سەرچاوە Serchawe

سەرکوتکەرانی ناو یەکێتی ناتوانن وەک چۆن دەسەڵاتی ئاگر و ئاسنی پارتی هەولێری بێدەنگ کرد ئەمانیش سلێمانی بێدەنگ بکەن، ئێمە نەمانتوانی خۆپیشاندانێکی سەدان هەزار کەسی ڕێکبخەین بۆ شەرمەزارکردنی هێرشی سەر عەفرین.

وادیارە شەڕی عەفرین درێژە دەکێشێ و بۆ خەباتکردنیش هەرگیز درەنگ نیە. ئێمەی کوردی باشور کە برسیکراوین و سەرکوتکراوین، ئێمە کە لە خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی نائومێدکراوین، ئێمە کە دەسەڵاتی بنەماڵەیی دواکەوتو و دژەدیموکراتیی پارتی و یەکێتی وایلێکردوین بڕواو متمانەمان بە کەس نەمێنێ، ئێستا باشترین دەرفەت هاتۆتە پێشمان کە واتایەک بە ژیانمان بدەین، کە خۆمان لە هەمو نائومێدی و روخان و بێبڕوایی و رەشبینییەک رزگاربکەین بە پشتگیریی هەمەلایەنەی بەرخۆدانی عەفرین، بۆ نمونە مامۆستا ئاینییەکانی کوردستان بە فتوا بۆ شەڕی بەرگری، سەرمایەدارە ملیۆندار و ملیاردارەکان بە پارە بە نهێنی، قاچاخچییەکانی چەک بە پەیداکردنی نوێترین و کاراترین چەک بۆ شەڕڤانان بە کەمترین نرخ لە بازاڕی جیهانی، دەرمانسازەکان بە دەرمان و کەرەسەی پزیشکی، پزیشکان بە تایبەتی نەشتەرگەران بە کارکردنی ناوبەناو لە نەخۆشخانەکانی عەفرین، بازرگانانی خۆراک بە ناردنی هەمو جۆرەکانی خۆراک بۆ خەڵکی عەفرین، رۆژنامەنوسان و کامێرامانەکان بە چون بۆ مەیدانەکانی شەڕ بۆ پیشاندانی بەرگریی پاڵەوانانەی شەڕڤانانی ژن و پیاوی رۆژئاوا، پێشمەرگەی خۆبەخش بە رۆشتنی بۆ نێو ریزی یەکینەکانی پاراستنی گەل.
هەمو تاکێکی کورد لە ناوەوەو لە دەرەوەی وڵات بەپێی توانای خۆی دەتوانێ بە بەخشینی برێک پارە، برێک جل و بەرگ، پێخەفێک، خۆراکێک، بە بەشداربون لە خۆپیشاندانێک دژی رژێمی ئەردۆغان،... بەهانای خەڵکی خۆڕاگر و جەنگاوەرانی عەفرینەوە بێت.

بۆیە لە هەر چوارپارچەکەی کوردستان و لە دەرەوەی وڵات پێشنیازدەکەم هەرچی زوترە دەستە و رێکخراوی (فریاکەوتنی عەفرین) دروستبکرێت و بە هاوئاوازی لەگەڵ نوێنەرانی یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژن بکەونە کار و چالاکیی بەردەوام. من دڵنیام ئەگەر ئاوا بکەین عەفرین بە سەربەرزی لەم شەڕە نارەوایەی بەسەریدا سەپاوە دێتە دەرێ و خۆیشمان بەتایبەتی کوردی باشور برێک پاکدەبینەوەو وەرەی کوردایەتیشمان برێک بەرزدەبێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ١٥ی فێبریوێری ٢٠١٨

# ئەو تەڵەیەی ئەردۆغان تێیدا گرفتار بوو، کوردەکانی کردە براوەی شەڕی عەفرین



**نووسینی: سادق مەلەکی.**

**وەرگێرانە بۆ کوردی : جەعفەر کەریمی.**

کەوتنی عەفرین لە خاڵی کۆتاییدا، رێچارێک نییە بۆ لاچوونی نیگەرانییەکانی ئەمنییەتی تورکیە و نە هۆیەکی پێشوەچوونە بۆ ژێئۆپۆلیتیکیی وڵاتی تورکیە. کوردەکان ودونیای سەردەم ، کوردەکان ودونیای سەردەمی رابوردوو نییە. سیاسەتی سەرکوتکردنی کوردەکان چ لە ناوخۆی تورکیە وچ لە دەرەی سنورەکانی ئەو وڵاتە دەبنە هۆی سەرکەوتنی کوردەکان. پێشبینی کەوتنی ٣ کاتژمێریی عەفرین لە ڕیگای رۆژنامەی - یەنی شەفەق ئۆرگانی رەسمیی دەوڵەتی ئەردۆغان - دوای یەک مانگ لە هێرشی چلە زەیتون ، هێستا نەگەیشتۆتە ئامانجەکانی خۆی.

ئایا ئەگەری کەوتنی عەفرین دەتوانێ شانازیەکی مەزن بێ بۆ دووهەمین ئەرتەشی ئەندانم لە ناتۆ وهاوپەیمانەکانی وێنەی داعش.!؟ ئانکارا یان خەوتووە، یان خۆی لە خەوتن داوە. وێڕای تورکیە و تەواوی ئەو وڵاتانەی کە کوردی تیدا دەژین دەبێ بزانن کە ئەگەر عەفرینیش بکەوێ هەمیسان کورد سەرهەڵدەداتەوە.

کەوتنی عەفرین لە کۆتاییدا، نە ڕێچارە بۆ نیگەرانییەکانی ئەمنییەتی تورکیە و پێشوەچوونی ژێئۆپۆلیتیکییە بۆ تورکیە. پێش ئاڵۆزیەکانی سوریە، کوردەکانی ئەو وڵاتە خاوەنی هیچ پێناسەیەک نەبون. باردودۆخی سوریە رێخۆشکەربوو بۆ زیندوو بوونەوەی پێناسە و ناسنامەی کورد لە سوریە کە داییم ئینکار دەکرا. بەڵام ئێستێ دەتوانن بڵێن کە کوردەکانی سوریە براوەی سەرەکین لە دانوستاندن دا. ئەو قسەیە دوور لە راستیەکان نییە.

تورکیە بە هێزی نوێی ئیمپراتۆری عوسمانی بە قەبولکردنی ئێران وهەروەها بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستی ژێئۆپۆلیتیکیی لە عێراق بە سیاسەتی نا ئەمن کردنی سوریە وعێراق، بە پێچەوانەی پێشبینییەکانی داود ئۆغلۆو، بەشار ئەسەد نە تەنیا لە ۲ مانگدا نەڕووخا وهەر ماوەتەوە، بەڵام داود ئۆغلوو ڕۆیشتووە.! کەمکردنەوەی خەسارەکانی تورکیە ، تەنانەت ناوچەکە لە چوارچێوەی ڕۆیشتنی داود ئۆغلۆو دەمایەوە، بەڵام ئەردۆغان هەر وا نائارام و بێقەرارە، خۆی بە درێژەدەری دەوڵەتی عوسمانی پێناسە دەکا و دەڵێ هۆی:

هێرشی سەر ناوچەی عەفرین دەگەڕێتەوە بۆ ۱۰۰ ساڵ لەوەی پێش کە تورکەکان دەڵێن، خاکی تورکەکان بووە کە بە ڕژاندنی فرمێسکی چاو لە دەستمان داوە. ئەو نۆستالۆژیایە دەتوانێ تورکیە لە سەر جوگرافیای سەردەمیش بێ بەری بکا. هەر وەک ۱۰۰ ساڵ لەوەی پێش تورکە گەنجەکانی لە خەوی زیندووکردنەوەی دووبارەی دارمانی عوسمانی بێ بەری کرد. سوریە بۆتە پێگەی ئاڵۆزی چەند لایەنە، بە مەبەستی ئامانجە جۆراوجۆرەکان بۆ بونیادنانی هەمە لایەنە لە ناوچەکەدا. قازانجی گەورە و پێکەوەبونی کورخایەن لە سوریە بۆتە هۆی لێکدانەوەکانی چەند لایەنە، کە ئەوانە هۆکارێکن بۆ بەردەوامیی ئاڵۆزیەکانی لێڵ لە داهاتوودا.

ساڵح موسلیم، هاوپەیمانی ڕابوردووی ئانکارا ئێستا بۆتە دوژمنی ئەوڕۆی کە بۆ کوشتنی وی خەڵات دیاری دەکرێ. کوردەکان و داعش پێگەی خۆیان دەگۆڕن و دیاری دەکەن. پێش ئەوەی ڕۆڵ دروست بکەن، دەبنە ئەکتەری سەرەکی - و: لێرە نووسەر شوێن پێگەی داعش وکورد لە یەکتر جودا دەکاتەوە بە ۲ وشەی (ڕۆڵ و پێگە) دیاری دەکا. پێگەی کورد وشوێنی داعش -.

ئەردۆغانێک کە دەیخواست - قودس - و فەلەستین ڕزگار بکا، بە لە لاوازکردن و لە ناوبردنی سەر خان وژێرخان ورادەی ئاسایش وئەمنییەتی سوریە، مەزنترین دیاری دا بە دەوڵەتی ئیسرائیل! ئەردۆغان بە تەڵەیەکەوە - داو - بووە کە نە بۆ خۆی ڕۆڵی گێڕاوە و نە ڕۆڵگێڕ بووە.

ئێستێ ئامریکا و روسیە و ئورووپییەکان لە نێوان تورکیە و کوردەکان، ئانکارا هەڵدەبژێرن، بەڵام ئەو هەڵبژاردنە - کاتیە - و تەواوی ڕووداوەکان نین. کایەکردن بە کارتی کورد سەرەکیترین کایەی سیاس دەبێ کە پرسی فەلەستینیەکان وەلاوە ناوە و ناوچەکەی بە خۆیەوە سەراقاڵ کردوە. نیگای جیهان بە کوردەکان وەک نیگای ئیسرائیل نییە. کوردەکان داوای وڵاتی خۆیان دەکەن. بەڵام ئیسرائیل وەک داگیرکار چاو لێدەکرێ. بۆیە خاوەنی

شەرعییەت نییە، بەڵام کورد داوای مافی رەوای خۆی دەکا. ئەگەر ئیسرائیلییەکان بەرهەمی پیلان وداگیرکاری بن، سەرهەڵدانی کوردەکان هۆی سەرەکییە بە ئاڵۆزییەکانی ژێئۆپۆلیتیکی کە جوغرافیایەکە پێی دەگووترێ خاکی کوردان.

بۆیە سەرکوتی داخوازیەکانی کورد لە دیدگای حقوقی دژوار و پڕ لە چالشە. تورکە گەنجەکان بۆ زێدە ڕۆیی وخەونەکانی پێگەسازی / سایس - پیکۆ / دووچار بون. ئەردۆغانیش بە سیاسەتی نوێگەرایی عوسمانی، خۆی دەتوانی ببێتە هۆی سەرهەڵدانی رۆژهەلاتێکی ناوەراستی نوێ بە هاوبەشی و کاریگەریی کوردەکان و ئاڵۆگۆڕەکانی ژێئۆپۆلیتیکی ئەو ناوچەیە.

کەوتن یان نەکەوتنی عەفرین ئەوەندە گرینگ نییە. کوردەکان لە جەزیرە، دیاربەکر، کۆبانی، و ڕیفراندۆمی ماوەی ڕابوردوو / و: لە باشووری کوردستان/ خواستەکانی خۆیان بە گوێی دونیا گەیاند. ئەورۆش بە شەڕی عەفرین ئەوەندەی دیکە دەنگیان بلند ترکردوە. کوردەکان وسیستمی ناونەتەوەیی هاوبیرن بۆ ئاڵۆگۆڕەکانی ژێئۆپۆلیتیکی کە چاویان لە داهاتوویە. بۆئەو مەبەستەش پەلە ناکەن.

تاقمێک لە خاوەن باوەڕەکانی کورد حازرن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کوردستانێکی سەربەخۆ، یان هەرێمێکی دیکە لە کوردستانی رۆژئاوا / سوریە / کە دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕی مەزن و ژێئۆ پۆلیتیکی. کوردەکان قوربانیان داوە، تەنانەت، زۆر جار بونە قوربانی کوشتار بۆ سەرکەوتنی پیلانگێران. ئەوە هەمان ئەو تەڵەیەی کە ئەردۆغان نەزانانە تێیدا کەوت و پێوە بووە. لە بیرمان نەچێ لە دونیای سەردەمدا درێژە پێدان بە سەرکوت و کوشتاری کوردان دەبێتە هۆی رەوادان بە خواستەکانی کورد.

سادق مەلەکی، کارناس و شرۆڤەکاری باڵای کارو باری سیاسی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورستانپۆست - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# عەفرین، بێمتمانەییی نێوان تورکیا- ئێران- ڕووسیا بەتەواوی دەخاتە ڕوو



**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئاسۆ کەریم**

نزیکەی دوای مانگێک لە پەلاماری تورکیا، "ئۆپەراسیۆنی چلە زەیتوون" بۆ سەر ناوچەی عەفرین لە باکووری سووریا، ئەنجامێکی ڕوون و خویای نەبووە. لە دەسپێکی ئەم هێرشەوە، ئارمانج و مەبەستەکانی تورکیا پاش ئەو پەلامارەی عەفرین وەک مەسەلەیەک کە مایەی نیگەرانیی جددیی یاریزانەکانی دیکە بێ، ماونەتەوە- بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئێران- ئاخر کاردانەوەی ئێران ئەوە بووە کە خۆی لە پشتیوانیکردن لەو هێرش و پەلامارەی تورکیا بەدوور بگرێ و، لە هەمان کاتیشدا پشتیوانی لە یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە لە ناوچەکەدا نەکا. بە لای ئێرانەوە، دەستێوەردانی تورکیا تەنیا و تەنیا ڕەوشی ئالۆزوپالۆزی ئێستەی سووریا ئالۆزتر دەکا و پرۆسەی ئاشتیی سوتچی لاواز دەکا کە لە کۆبوونەوەکەی ٢٨ی کانوونی دووەمدا پاشەکشەیەکی سەرەکیی بەخۆوە بینی، کاتێ کە زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆنی سووری بایکۆتی کۆنفرانسەکەیان کرد.

بەم شێوەیە، چاوەڕوان دەکرێ لە نێوان هەر سێ سەرۆکی ڕووسیا، تورکیا و ئێراندا کۆبوونەوەیەک لە ئیستانبۆڵ بۆ وتووێژکردن لەبارەی دوا پەرەسەندنەکانی ناوچەکە بکرێ، لێ هێشتا چوارچێوەیەکی ڕوونی کات بۆ ئەم کۆبوونەوەیە دانەنراوە. ئەم کۆبوونەوە سێقۆڵییە، دوای ئەو کۆبوونەوە هاوشێوەیە دێ کە لە ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧ دا لە سوتچی کرا و، چوارچێوەیەکی بۆ هاریکاریی نێوان هەر سێ دەوڵەت دەرهەق بە قەیرانی سووریا دانا.

بەپێی قسەی کاربەدەستێکی ئێرانی، کە بەو مەرجە قسەی بۆ ئەلمۆنیتۆر کرد ناوەکەی نەهێنرێ، تاران ڕێنوێنی و ئامۆژگاریی ئانکارای کردووە کە ئاگای لەوە بێ، ڕۆ نەچێتە ناو شەڕێکی "خوێناوی"یەوە لە عەفرین. "ڕوانگەی ئێران ئەوەیە کە شەڕڤانە کوردەکان هێڵ و خەتی پشتیوانیی خۆیان هەیە و، زۆر لایەن لەوانەیە بیانەوێ تورکیا

ببینن کە کەوتووەتە ناو زۆنگاویکەوە. لەم سۆنگەیەوە، بۆ تورکیا باشترە ئیحتیوای ئەم سەرچلی و سەرکێشییەی خۆی بکا، یان ئەوەتا دەبێ بزانێ کە چەند سوپای تورکی تووشی خوێنڕژان دەکا."

تاران لەو باوەڕەدایە کە شەڕڤانەکانی کورد لە عەفرین لەخۆیانەوە ناجووڵێنەوە و هاریکاریی سەخاوەتمەندانەیان لە چەندین لای جیاوازەوە پێ دەکرێ. لەم ڕوانگەیەوە ئاشکرایە کە هەر پاشەکشەیەکی جددیی تورکیا لە عەفرین بە مانای هاتنەئارای ستاتۆ و ڕەوشێکی نوێ دێ لە باکووری سووریا و، هیوای کوردان بۆ ژیانەوەی داخوازییەکانیان نوێ دەبێتەوە کە حوکمڕانیی قەوارەیەکی پتەو بە درێژاییی سنووری تورکیا بکەن. سەرباریش، لە حاڵەتی سەرنەکەوتنی تورکیادا، هزر دەکرێ ئەمریکا شوێنپێیەکی بەهێزتری لە سووریا دەست کەوێ کە هەڕەشەیەک دەبێ بۆ بوونی ئێران و هاوپەیمانەکانی لە نزیک حەلەب.

هەر سێ کۆڵەگەکەی پرۆسەی ئاستانا- واتە ڕووسیا، تورکیا و ئێران-  وێڕای بوونی هەندێ خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەو سێ ئەکتەرەدا،  لێ هەر یەکەیان لە شەڕی عەفریندا لایەکی جیاوازی گرتووە. لەوانەیە ئەم فاکتەرە درز و کەلێن لە چوارچێوەی ئەو ڕێچکە هاوبەشە بکاتەوە کە لە چەند مانگی ڕابردوودا لە نێوان ئەو سێ لایەنەدا هەبووە وەک هەوڵدانێکی جددی بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشە و گرفتی ئێستەی سووریا. لە کاتێکدا تورکیا لە حاڵەتی هێرش و پەلاماردایە، ڕووسیا هەوڵ دەدا پێوەندی و ڕایەڵکەکانی لەگەڵ ئانکارادا بپارێزێ و، لە هەمان کاتدا پێوەندییەکی بەهێزیشی لەگەڵ کوردەکاندا هەبێ.

سەرچاوەیەکی سەربازیی نزیکە عەفرین، بێ ئەوەی ناوی بهێنرێ، بە ئەلمۆنیتۆری گوت: "ڕووسەکان وەستای ئیدارەدانی گەمەی دژبەرەکانن؛ لە کاتێکدا هیچ دژایەتییەک لە هەمبەر لایەنی تورکی نیشان نادەن، خۆیشیان لە کوردان دوور نەخستووەتەوە و بەتەنیایان لە شەڕەکەدا جێ نەهێشتوون." هەر ئەو سەرچاوەیە دەڵێ: "ڕووسەکان، شەڕڤانانی کورد لە حەسەکە و قامشلۆوە بۆ عەفرین دەگوازنەوە. لە تەک ئەوەیشدا شتێکی بالکێشە کە بزانرێ چۆن کوردەکان مووشەکی دژەتەنکیان دەست کەوتووە."

ئێرانییەکان هەوڵیان داوە و دەدەن کە سەودا و "صفقە"یەک لە نێوان کوردان و سوپای سووریدا بکرێ کە سوپای سووریا و هەندێ گرووپی هاوپەیمانی ئێران [یان هەندێ گرووپی سەر بە ئێران] لە ناوچەکەدا لە تەک شەڕڤانەکانی کورددا بڵاوەیان پێ بکرێ. ئامانجی هەوڵ و تەقەلاکانی ئێران بۆ ئەوەیە کە ئەم شەڕە باشترین

ئەنجامی شیاوەی لێ بکەوێتەوە؛ ئەویش پاراستنی پێگەی ئێرانە هەم وەک دۆستێکی تورکیا و هەم کوردەکانی سووریا و؛ لە هەمان کاتدا ڕێگە لە لایەنەکانی دیکە بگیرێ کە دەیانەوێ ئەو شەڕەی عەفرین بۆ قایمکردنی پێگەی خۆیان لە قەیرانی سووریدا بقۆزنەوە- بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

سەرچاوە سەربازییەکەی نزیکە عەفرین بە ئەلمۆنیتۆری ڕاگەیاند کە لە پاڵ شەڕڤانەکانی کورد کە بەرگری لە شارەکە دەکەن، هەندێ شەڕکەری عەرەبی سووریش هەن کە سەر بە ئێرانن. سەرچاوەکە باسی لەوە کرد کە ئەو چەکدارانە بەرپرسیارێتیی دڵنیابوونیان بە ئەستۆوەیە کە هێزەکانی تورکیا بەرەو ناوچەکانی دیکە نەپەڕیونەتەوە و، لەم سۆنگەیەوە ئەو چەکدارانە مووشەکی دژەتانکیان پێیە بۆ ڕێگەگرتن لە هەر پەلامارێکی لەم جۆرە. نیگەرانیی جددی هەم لە لای سوورییەکان و هەم لە لای ئێرانییەکان هەیە کە لەوانەیە ئامانجی تورکیا ئەوە بێ کە کارتەکان لە باکووری سووریا تێکەڵوپێکەڵ بکاتەوە و جارێکی دیکە تەواوی ڕەوشە بگەڕێنێتەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم.

بە شێوەیەکی جودا، لە ٥ی شوباتدا، کاروانێکی سەربازیی تورکی گەیشتنە "تل ئەلسیس"ی باشووری ڕۆژاوای شاری حەلەب، لێ هەر پاش گەیشتنیان دوو جار لە لایەن چەکداران پەلاماریان دراوە. بەگوێرەی بەیاننامەیەکی ڕەسمیی تورکی، دوو سەرباز هاتوونەتە کوشتن کاتێ کە ئەو چەکدارانە بە ڕۆکێت و هاوەنان پەلاماری هێزەکانی تورکیایان داوە. بە هەر حاڵ، ئەو بەیاننامەیە، دیاری نەکردووە کە ئەو چەکدارانە کێن و کێ نین.  هاتنی هێزەکانی تورکیا بۆ ناوچەکە، بەو ئامانجە بووە کە خاڵێکی دیکەی چاودێری دابنێن وەک بەشێک لە ڕێککەوتننامەی ئاستانا لەگەڵ ڕووسیا و ئێراندا بۆ پێکهێنانی ناوچەکانی کەمکردنەوەی پێکدادان. لە سایەی ئەم سەودایە سێقۆڵییەدا- کە ئامانج لێی کەمکردنەوەی پێکدادان و توندوتیژی بووە- تورکیا ڕازی بووە کە دەرزەنێک خاڵی چاودێری لە ئیدلب و ناوچەکانی دەوروبەری دابنێ.

لەگەڵ ئەوەیشدا، وێڕای ڕێککەوتننامەی نێوانیان، ئەو خاڵە چاودێرییانە لەوانەیە کاریگەریی نیگەتیڤیان بۆ سەر پێشڕەویی هێزەکانی حکوومەتی سووریا بەرەو ئیدلب هەبێ. لەم سۆنگەیەوە ڕوون نییە کە داخوا هەم ئێران و هەم ڕووسیا چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕەوشەکەدا دەکەن: ئایا ناوچەکانی کەمکردنەوەی پێکدادان لەبەر بەریەککەوتنی بەرژەوەندییە پێکناکۆکەکان وەک خۆیان دەمێننەوە؟ دیسان ئەمەیش ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ ئاستی ئەو بێمتمانەیییەی لە مەیداندا لە نێوان یاریزانە گەورەکانی کێشەی سووریادا هەیە- و کاریگەریی ئەو بێمتمانەیییە

لەسەر تەواوی سووریا کە شەڕ هەلا- هەلای کردووە و لەبار یەکی هێناوەتە دەر.

پەیامنێرێکی ئەلمۆنیتۆر، ١٦ی شوباتی ٢٠١٨

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوس - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٨

## عەفرین رەمزی بەرخودان و گیان فیدایی گەلی کوردە



**ئەحمەد هەورامی**

ئێستا کورد لە رۆژئاوای کوردستان باجی ئازادی و دەستگرتن بە بونی سەربەخۆیی کانتۆنەکانی خۆی دەدات، تورکیا دوای داعش و کۆتایی پێهێنانی لە سوریادا خەمی گەورەی ئەوەیە کە کورد لە رۆژئاوا و سوریا هاوکێشەیەکی نوێ بسەلمێنێت، بۆیە ئەردۆغان و ئاکەپە دێن جەنگێکی گەورە بەناوی (چڵە زەیتونەوە) لە دژی کورد دەخەنەگەڕ. ئەوان خوازیارن لەرێگەی تێکشکانی کوردەوە لە عەفرین کۆتایی بەکانتۆنەکانی فیدراڵی بهێنن لە سوریا.

شەڕڤانان لە رۆژئاوادا بە ورەی پۆڵاین و گیانی بەرخۆدان و فیداکاری بۆ نیشتیمان کە سەرچاوەی هێزی خەباتیانە دژ بە داگیر کەران وەک چۆن لەکۆبانی ئازایەتی و نەبەردی گەلی کوردیان بۆ هەمو جیهان سەلماند کە سەرکەوتن بو بەسەر درندەترین هێزی تیرۆریستی جیهان.

ئەمڕۆش عەفرین بەرەنگاری گەورەترین هێزی دڕندەی تورکیا دەکات، بەمەش کۆبانێ و عەفرین بونە سونبولی بەرخودان و خۆڕاگری لەسەدەی نوێی هاوچەرخدا. ئەگەر دوێنێ کۆبانێ رەمزی خۆڕاگری بوبێت بۆ کورد، ئەوا ئەمڕۆش عەفرین رەمزی بەرخودان و گیان فیدایی شەڕڤانانی یەپەگە و پەیەژەیە، خۆتەقاندنەوەی شەڕڤان (ئاڤێستا خابور) بەتانکێکی سوپای تورکیادا رەمزی سەرکەوتن و قوربانی و ئیرادەی گەلی کوردە لە عەفرین دژی هێرشی داگیرکەران و شێواندنی تەرمی شەڕڤان (بارین کۆبانی) دوای شەهید کردنی بەشێوەکی دڕندانە رواڵەتی راستەقینەی سوپای تورکیای فاشی و بەکرێگیراوەکانی دەردەخات کە دژی هەمو یاسایەکی مافی مرۆڤە.

چونی هاوڵاتیانی کانتۆنەکانی تری رۆژئاوا و شەنگال بۆ عەفرین بۆ پشتگیری شەڕڤانان ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزکرنەوی ورەی شەڕڤانان و دروست کردنی قەڵغانی بەرگری دژی هێرشەکانی دوژمن، خۆپیشاندانی هاوڵاتیانی شارەکانی رۆژئاوا و باکور و باشوری کوردستان و کوردانی تاراوگە لەوڵاتانی دەرەوە بۆ پشتگیری شەڕڤانانی عەفرین دژی داگیرکەران نیشانەی یەکگرتویی گەلی کورد دەردەخات بۆ رسواکردنی هێرشەکانی سوپای ئەردۆغان بۆ سەر خەڵکی سڤیلی کانتۆنی عەفرین. کوردەکان لە سوریادا توانیان وەک بونێکی بەهێز و جیاواز تر لەململانێی سیاسی و سەربازیەکاندا دەربکەون و بەشداری کاریگەریان لەشەڕی داعشدا وەک هاوپەیمانیەکی ئەمەریکا لەو شەڕەدا قورسایی سیاسی و سەربازی دیاریان هەبو بەتایبەتی پەیەدە و سوپای سوریای دیموکرات لەڕوی مەیدانیەوە زیاتر لەناوەوە و لەئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بایەخی زیاتریان پەیدا کرد.

کوردەکانی رۆژئاوا مافی خۆیانە لەگەڵ هەر هێزێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەناو سوریادا بەئاڕاستەی بەرژەوەندیەکانیان مامەڵە بکەن. رووداوەکانی عەفرین تەنیا ئایندەی کوردەکانی سوریا دیاری ناکات، بەڵکو وەرچەرخانی دیکەشیان بەدوادا دێت کە رەنگە هەمو ناوچەکەو بەتایبەت تورکیا و عێراق بگرێتەوە، پەلاماری عەفرین هەڕەشەیە بۆ هەڵگەڕانەوەی هاوسەنگیەکانی ناوچەکە.

شەرمەزاری بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە کە چۆن بێدەنگە لەئاست تاوانی کۆمەڵکوژی گەلی کورد، وەک هەمیشە ئەم میتۆدە کە یاساو رێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی ئاشتی قوربانی بەرژەوەندی زلهێزان بون و ئێستاش گەلی کورد قوربانی هەمان میتۆدە.

## ئامانجی تورکیا لە داگیرکردنی عەفرین

تورکیا وەک وڵاتێکی زلهێزی ناوچەکە هەمیشە سوریای وەک ناوچەی هەژمونی خۆی زانیوە لە روی مێژویی و جوگرافی و مامەڵەی سیاسییەوە، دەوڵەتی تورکیا پایەکانی بنەڕەتی لەسەر رەگەز پەرستی و فاشیەت بونیات نراوە، دەیەوێت وەک هێزێکی گەورە لەوەی هەیە خۆی پیشان بدات لە هاوکێشەکانی ناوچەکەدا رۆڵی زیاتر هەبێت، هێرشکردنی بۆسەر عەفرین وەک تاکتیک بەکاربهێنێت بۆ دانانی مەرج بۆ ئەمەریکا بۆ یارمەتی نەدانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و یەپەگە، ئەمەریکاش نایەتە ژێر سەقفی داواکاریەکانی تورکیا، چونکە ئەو دەوڵەتە نیە پشتی پێ ببەستێت و پرۆژەی دورمەودای ستراتیژی لەگەڵ جێ بەجێ بکات. چونکە ئەمەریکا ویستی لە رێگەی تورکیاوە رێگەی هەژمونی ئێران و روسیا بگرێت، بەڵام سەرکەوتو نەبو، چونکە ئەویش چوە بەرەی دژی ئەمەریکاوە. بەتایبەت ئەمرۆ سوریا وەک دەوڵەتێک نە سیادەی ماوە و نە هێزی پارێزگاری لەسنوری جوگرافیاکەی. لەوە دەرچوە وەک دەوڵەتێکی یەکگرتو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لەوباوەڕەدا نیە کە تورکیا بەدوای ناوچەی ئارام بگەڕێ و نەخەمی ئاوارە سوریەکانی بێت لە عەفرین، چونکە خەمێک لەجەوهەرێکی فاشیستەوە سەرچاوەی گرتوە کە بریتیە لە فاشیزمی مێژویی تورکیا. ئەم پاسا و بیانوانەی ئەردۆغان کردونی بەو هۆکارە بۆ پەلاماری عەفرین جگە گوزارشت لە جەوهەرە فاشیستیەکەی شتێکی تر نیە، ئەردۆغان ئەنجامدانی هێرشی بۆ سەر عەفرین لەپێنا و هەڵوەشاندنەوەی ئەزمونی خۆبەڕێوەبەری کوردانی رۆژئاوایە.

تورکیا ئەجێندای فراوانخوازی هەیە داگیرکاریەکانی سوپاکەی بۆ سەر جەرابلوس و باب و پەلامارەکانی بۆ سەر کانتۆنی عەفرین چەندین ئامانجی سیاسی و ئابوری و جیۆپۆلۆتیکیان لەپشتە، شکستهێنانی تورکیا لە عەفرین دەبێتە هۆی لەدەستدانی پێگەی خۆی لەناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نێودەوڵەتی و چیتر ناتوانێت باشوری کوردستان وەک بارمتە بەکاربهێنێت.

مێژو دەریخستوە هیچ هێزێک بەئەندازەی تورکیا دوژمنایەتی کوردی نەکردوە لەهەر شوێنێکی کوردستاندا کورد ویستبێتی قەوارەیەک یان کانتۆنێکی سەربەخۆ دروست بکات ئەوا تورکیا رێگەی لێ گرتوە و بەهەمو هێزێکەوە پەلاماری داوە. رەنگە هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین سەربکێشێت بۆ گۆرینی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.



سەرچاوە Serchawe

## هەڵوێستی وڵاتان بەرامبەر هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین

لەئێستادا زۆرێک لەهێزەکانی نێودەوڵەتی و ئیقلیمیەکان لەنێو ململانێکانی سوریادا بە پراکتیکیش لەڕوی سەربازی و هەواڵگیریەوە لەم وڵاتەدا بونیان هەیەو خەریکی ململانێ و شەڕی بەرژەوەندیەکانی خۆیانن. جگە لە ئەمەریکاو روسیا هێزی دەوڵەتی تریش هەن کە کاریگەری گرنگیان هەیە هەریەک لە ئێران و تورکیا و ئیسرائیل راستەوخۆ هاتونەتە ناو ململانێکەی ئەم وڵاتەوە کە دەیانەوێت پاوانخوازی بکەن و هەریەکە بەپێی سەنگی سیاسی و سەربازی و هەواڵگری دەوری خۆی بنوێنێ لەم پرۆسەیەدا.

ئەمەریکاو روسیا هەریەکە دەیەوێت هەژمونی سیاسی و سەربازی خۆی لەسەر خاکی سوریادا دیاری بکات هەر دەوڵەتەش تا رادەیەک کێبڕکێی دامەزراندنی بنکەی لەم وڵاتەدا دەدات و هەریەکە زیاد لەبنکەیەکی سەربازیان لەسەر خاکی سوریا هەیە. روسیا وادەبینێت کە دەستێوەردانی لەسوریادا دەرفەتێکە بۆلاواز کردنی یەکگرتویی ناتۆ و پتەوکردنی بەرژەوەندیەکانی روسیا لە ئەوروپای رۆژهەڵات و بەڵتیق دەبێتە هۆی تێوەگلانی دو ئەندامی ناتۆ تورکیا و ئەمەریکا لەشەڕێکی خوێناوی درێژخایەن. ئەمەریکا بۆچونە ناو رۆژهەڵاتی فورات دژی سوریا کەنارخستنی ئێران و شەڕی ماندوکردنی روسیایە، ئەمەریکا وەک هێزێکی کاریگەر پێویستی بەهێزەکانی پەیەدە و سوریای دیموکرات هەیەو تائێستاش لەهێزە کوردیەکان زیاتر هیچ بەدیلێکی تری نیە بۆ جێ بەجێ کردنی ستراتیژیەکەی لە سوریادا، لەبەرئەوەی پێویستە ئەمەریکا بەرگری لە رۆژئاوای کوردستان بکات و رێگا بەملهوڕیەکانی تورکیا نەدات بێ هیچ سنورێک بەردەوام بێت لەو قەتڵ و عامەی کە ئێستا لە کانتۆنی عەفرین دەیکات. برێت مەکگورگ راوێژکاری هاوپەیمانان بۆ شەڕی داعش لە رۆژئاوادا بەوردی چاودێری بارودۆخەکە دەکات و تائێستاش فەرماندە سەربازیەکانی ئەمەریکا رایانگەیاندوە کە راوێژکارەکانیان لە مەنبەج ناکێشننەوە. پێویستە هاوکارییەکانی ئەمەریکا و فەرەنسا و وڵاتانی تر بەزارەکی نەبێ و دەبێت بێدەنگی بشکێنن بەرامبەر بەو کارەساتانەی لە عەفریندا دەگوزەرێن.

توێژەر (کارێت ستانسفیلدی) هۆشداری دەدات کە هێرشی تورکیا بۆسەر کوردەکان مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت هاوسەنگیەکانی هەمو ناچەکە هەڵگەڕێنێتەوە بەتایبەت ئەم بەرە تازەیە تەنها ململانێیەکی ناوخۆ و ناوچەیی نیە رەنگە پەل بهاوێت بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشێکی فراوانی کورد و ببێتە هۆی دوبارە نەخشەکێشانی ناوچەکە.

شەڕڤانان لەکۆبانێ و عەفرین بڕوایان بەو فەلسەفە سیاسیە نیشتمانیە بەهێزەیە کە سەرکردەکانیان دایانڕشتوە کە خۆیان پێش شەڕڤانەکان بەرگری دەکەن و قوربانی دەدەن ، ئەمەش جیاوازی نێوان هێزی سەربازی کورد لە ئێستادا دەردەخات، ئەوەی شەڕڤانان لە کۆبانی کردیان ئێستاش لە عەفرین دەیکەن. هەمان ئەو داستانە شۆڕشگێڕانەمان بیردەخاتەوە کە هێزی پێشمەرگە لەنەبەردیەکانیان بەرامبەر بە ڕژێمی بەعس ئەنجامیاندا کە ئەوکات نیشتمان شۆڕشگێڕەکانی لەدەست نەدابو حکومڕانەکانی گەندەڵ و دز نەبون. بەڵام فەلسەفەی سیاسی و حکومڕانی ئێستای هەرێمی کوردستان لەسەر پایەکانی گەندەڵی و نادادپەروەری بەڕێوە دەڕوات بۆیە ناتوانرێت شەڕی ڕاستەقینەی نیشتمان بکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٨

## تورکیا و ململانێی هێزەکان لە عەفرین



**پەیڕەو ئەنوەر - توێژەر**

***سەرەتا:***

لە دوای بەهاری عەرەبی و پەرینەوەی شۆڕشەکە بۆ سووریا، ڕۆژاوای کوردستان دەبێت بە ستاتۆیەکی تایبەت و هێزێکی نزیک لە ئەمریکا و، ڕۆڵێکی کارا و بەرچاویشی دەبێت لە تێکشکاندنی داعش لە سووریادا. هەر لەو کاتەوە یەکێک لە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بێهێزکردن و بێڕۆڵکردنی ڕۆژاوای کوردستان و هێزەکانی پەیەدە و یەپەگە دەبێت؛ بەو پێیەی کە تورکیا ئەم هێزە بە درێژکراوەی پەکەکە و بە مەترسییەکی گەورەیشیان دادەنێت بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠ - ١ - ٢٠١٨، سەرەڕای تۆپبارانی چڕ، سوپای تورکیا بۆ یەکەم جار لە ڕێگەی فڕۆکە جەنگییەکانییەوە بۆردوومانی بنکە و بارەگاکانی یەپەگە لە "هەرێمی عەفرین"ی سەر بە ڕۆژاوای کوردستان دەکات و تا ئێستایش بەردەوامە و، پێدەچێت گۆڕانکاری لە هاوکێشەی هێز و دووبارە دابەشکردنەوەی ڕۆڵ و هاوپەیمانێتیی نێوان هێزەکان بێنێتە کایەوە.

## چوارچێوەی تیۆری:

یەکێک لەو تیۆرییانەی کە سیاسەتی نێودەوڵەتیی پێ دەخوێنرێتەوە و شرۆڤە دەکرێت، تیۆریی ڕیالیزمە. هەوڵ دەدەین لە ڕوانگەی تیۆریی ڕیالیزمەوە دۆخی ڕۆژاوای کوردستان و سیاسەتی نێودەوڵەتی شرۆڤە بکەین و ڕەفتاری هەر یەک لە ئەکتەرەکان دیاری بکەین.

ئەم تیۆرییە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە هەمیشە سیستەمی نێودەوڵەتی لە دۆخی پاشاگەردانی و "ئەنارشیزم"دایە و هیچ دەسەڵات و، حکوومەتێکی بان-دەوڵەتی و نێودەوڵەتی نییە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتەکان ڕێک بخات و، نەتەوە یەکگرتووەکانیش وەک ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی نەیتوانیوە ئەو ئەرک و ڕۆڵە ببینێت. لەم نێوەندەیشدا بە هۆی نەبوونی دەزگەیەکی نێودەوڵەتییەوە قەیرانی ئاسایش دروست دەبێت؛ بەمەیش هەموو ئەکتەرەکان هەوڵ دەدەن خۆیان پڕچەک بکەن تا وڵاتێکی تر داگیریان نەکات و بمێننەوە و بچووک نەبنەوە و لەناو نەچن. لەژێر بنەما و ڕەگەزەکانی ئەم تیۆرییەدا، دەکرێت بڵێین ئەوەی ئێستا لە سووریا ڕوو دەدات نەبوونی حکوومەتێکی نێودەوڵەتی و بڕیاربەدەستە و، بەمەیش هەموو ئەکتەرەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە هەوڵی هێژموون و مانەوە و مسۆگەرکردنی ئاسایشی خۆیان دەدەن.

## سیاسەتی دەرەوەی تورکیا:

بەدیهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی و پارێزگاریکردن لە یەکێتیی دەوڵەت بەگشتی، ئامانجی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی تورکیایە؛ جا بە دیاریکردنی سەرچاوەی هەڕەشەکان بێت کە ڕووبەڕووی یەکپارچەیی دەوڵەت دەبێتەوە و لە ناوخۆی وڵاتدا گەمارۆی دەدەن، یان بە هەڕەشەی دەرەکی بێت لە ژینگەی دەرەوە. تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا هەمیشە تیشک دەخاتە سەر پاراستنی دۆخی ناوخۆیی و سنوور و سیستەمە سیاسییەکەی، چونکە ترسێکی



سەرچاوە
Serchawe

زۆری لە ئاڕاستەکانی دابەشبوون هەیە لە لایەن بەشێک لە پێکهاتە ئیتنی و جیاوازەکانی وەک کورد، عەرەب، ئەرمەن و یۆنانییەکان؛ بەڵام ترسە سەرەکی و گەورەکەی لە کوردە. سەرەڕای ئەمانەیش، تورکیا هەوڵ دەدات پێگەیەکی هەرێمی لە ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی بەدەست بهێنێت.

کێشەی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا پێگەیەکی بەرچاوی هەیە و بە جۆرێک بەشێک لەو نارەحەتی و گومانەی تورکیا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، خۆی لە ڕەهەندێکی نەتەوەییدا دەبینێتەوە، چونکە کورد گەورەترین گرووپی ئیتنی لە تورکیا پێک دێنێت کە هێشتا مافە بنەڕەتی و سیاسییەکانی پێ نەدراوە. سەرباری ئەوەی لە ئاستی ناوخۆدا کورد بووەتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ لاوازکردنی سیستەمی سیاسیی تورکیا، کە دوژمنە دەرەکییەکانیشی وەک کارتی گوشار بۆ لاوازکردنی پێگە سیاسییەکەی و مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییی ئەو وڵاتە بەکاری دێنن.

## تورکیا و مەسەلەی کورد لە سووریا:

تورکیا لە دوای بەهاری عەرەبییەوە هەمیشە کوردانی سووریای بە سەرچاوەیەکی سەرەکی زانیوە بۆ سەر دۆخی ناوخۆی وڵاتەکەی و تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی، بەو پێیەی کە هێزەکانی پەیەدە و یەپەگە کە ئەکتەری سەرەکیی ڕۆژاوای کوردستانن بە درێژکراوە و بەشێکی سەرەکی لە "پەکەکە" دادەنێت و هەموو هەوڵێک دەدات تا کورد هیچ پێگەیەکی سیاسی و یاسایی و ستراتیژی و نێودەوڵەتیی نەبێت و پەراوێز بخرێت. لە لایەکی ترەوە تورکیا، بەتایبەت ئاکەپە وەک حزبی دەسەڵاتدار، وا هەست دەکات نزیکبوونەوەی ئەمریکا و پەیەدە، بێرۆڵکردنی تورکیایە لە سووریا و دواجاریش لەناو خودی تورکیادا. ئەمە جگە لەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و سوپای سووریا، ڕێک کەوتوون لەسەر دابەشکردنی بەشێک لە یەکەکانی سوپای سووریا لەسەر سنوور بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و ڕێگەنەدان بە فڕۆکەکانی تورکیا کە بەسەر ئاسمانی عەفریندا بسووڕێنەوە و بەمەیش تورکیا ٨٠% سەرچاوەی هێرشبردن لەدەست دەدات و تەواو لە سووریادا بێڕۆڵ و لاواز دەبێت.

## ئۆپەراسیۆنەکەی سەر عەفرین و ئامانجەکانی:

***تورکیا لە ئۆپەراسیۆنەکەی بۆ سەر عەفرین چەند ئامانجێکی ستراتیژی و جیۆسیاسیی هەیە لەوانە:***



سەرچاوە
Serchawe

- لاوازبوونی پەیەدە لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنی تورکیا بۆ سەر عەفرین لە باکووری سووریا، یەکسانە بە سەقامگیری و ئارامی لە ناوخۆی تورکیادا.
- پچڕاندنی پەیوەندی لە نێوان کوردانی باکوور و ڕۆژاوای کوردستان و پچڕاندنی پەیوەندی لە نێوان خودی کانتۆنەکان لە باکووری سووریادا.
- نەگەیشتنی کورد بە ئاو و دەروازەی جیۆپۆلیتیکی لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاستدا.
- ئەزموونی خۆڕێکخستنی کورد و مۆدێلی کانتۆنەکان لە سووریا، بەتایبەت لە ڕووی سەربازی و مەدەنییەوە، کوردانی باکوور و تەنانەت باشووریش دەستکراوەتر دەکات و، بەمەیش قورسایی و گوشارەکان بۆ سەر تورکیا زیاتر دەبن.
- لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە کوردانی ڕۆژاوا چەندی پاڵپشتیی ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپایان هەبێت، ئەوەندە تورکیا زیاتر ناچار دەبێت سیاسەتی دەرەوە و ناوەوەی خۆی دابڕێژێتەوە و لە بەرژەوەندیی کورددا دەستکاری بکات.

## گەڕانەوە و هەستانەوەی ڕووسیا لە ڕێگەی سووریاوە:

لە دوای "بەهاری عەرەبی"یەوە، ڕووسیا بەقووڵی هاتۆتە نێو سووریاوە و، ئەو وڵاتەیش بە قووڵاییی ستراتیژیی خۆی لە ململانێی لەگەڵ ئەمریکا و هاوبەشەکانی، دادەنێت. ڕۆڵی ڕووسیا هەر بەتەنیا لە سووریادا نییە، بەڵکوو لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ بونیادنانی هێز و فراوانخوازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؛ لە ململانێ و ڕووبەڕوو بوونەوەیشدایە لەگەڵ ئەمریکادا. بەمەیش پووتین وەک جەمسەرێکی سەرەکی لە داڕشتنی سیاسەتی وڵاتەکەی، خاوەن ستراتیژییەتێکی تۆکمە و فرەلایەنە. زۆر لێزان و کارامەیە لە هونەری دروستکردن و بەرهەمهێنانی هێز؛ ئەمەیش ڕێگەی بۆ گەڕانەوە و هەستانەوەی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆش و ئاسان کردووە.

ڕووسیای ئەمڕۆ خۆی وەک هێزێکی بریندار و غەدرلێکراو و پەراوێزخراو دەبینێت و، بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت کە چۆن هەڵبستێتەوە و داکۆکی لە خۆی و ناسنامەی مانەوەی خۆی بکات. یەکێک لەو ئامرازانەی کە ئەم ئامانجە بۆ ڕووسیا فەراهەم دەکات، تەکنەلۆژی و پیشەسازیی چەک و سەربازییە. کۆمپانیاکانی چەک لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی کەرەستە سەربازییەکانەوە، هەم چەک و تەکنەلۆژیی سەربازیی نوێ بەرهەم دێنن وەک ڕێگەیەک بۆ داڕشتنەوەی هێز، هەمیش دەبن بە سەرچاوەی داهات و، دەبن بە بەشێک لە بووژانەوەی کەرتی ئابووریی وڵاتەکەیان.

ڕۆژی دووشەمە ١٩ی شوباتی ٢٠١٨، لە کۆنگرەی "فالدای" بۆ وڵاتانی دراوسێی ڕووسیا، سێرجی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سووریا بەتایبەتی ڕاگەیاند و، دووپاتی کردەوە کە لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی سووریا و پێدانی مافی کوردەکانە لەو وڵاتەدا و، هاوکات ئەوەیشی دووپات کردەوە کە ئەمریکا دەیەوێت ئەوەی لە عێراق ئەنجامی داوە لە سووریا دووبارەی بکاتەوە و، ئەمەیش یاریکردنە بە ئاگر.

وا دەردەکەویت کە پووتین مەیلی ئەوەی هەبێت بە شێوەیەکی پلانرێژکراو بۆ مەسەلەی بەشداریکردن لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەڕێوەبردنی سیستەمی سیاسیی نێودەوڵەتی، بەرەنگاری ئەمریکا ببێتەوە. زۆرینەی ئەگەرەکان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە سیستەمی نێودەوڵەتی، لە تاکجەمسەرییەوە بەرەو فرەجەمسەری دەچێت؛ دیارە ڕووسیا دەیەوێت، لە داهاتوودا ببێتە جەمسەرێکی سەرەکی لەنێو سیستەمەکەدا. چونکە توانا و بەشدارییە سیاسییەکانی پووتین تەنیا لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نییە، بەڵکوو دەستوەردانی ئەم وڵاتە، گەیشتۆتە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا بەگشتی و، ئۆکرانیا و جۆرجیا و بیلاڕووسیا بەتایبەتی؛ جیا لەمە ڕێگەگرتن لە فراوانبوون و هێژموونیی ناتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا.

## ئەمریکا و عەفرین:

لە پاڵ پرۆژە و ستراتیژیی ڕووسی لە سووریا، پرۆژەیەکی تر هەیە کە ئەمریکا خاوەنداریتیی دەکات و، لەناویشیدا پاڵپشتیی هێزەکانی یەپەگە دەکات کە تورکیا وەک مەترسی و هێزی نەیار دەیانبینێت. بەڵام عەفرین بە هۆی ئەوەی ڕاوێژکار و هێز و سەربازی ئەمریکیی تێدا نییە، تورکیا دەیەوێت لە دەرفەتێکی خێرادا بچێتە ناوییەوە و بەربەست بۆ ئەمریکا دروست بکات و ناچاری بکات چیتر لە یارمەتیدانی یەپەگە بەردەوام نەبێت و ململانێکە درێژ و فراوان بکات و، ڕووسیا و ئێرانیش تێوە بگلێنێت. لە لایەکی ترەوە ئەمریکا تا ئێستا نەچۆتە ژێر داواکارییەکانی تورکیاوە، بەتایبەت لە مەسەلەی ڕاگرتنی یارمەتی و پاڵپشتییەکانی بۆ هێزێکی کوردی وەک یەپەگە. ئەمریکا هەر لە سەرەتای هاتنی داعشەوە یەپەگەی وەک هێزێکی شەڕکەری ناوچەکە و سووریا هەژمار کردووە و کۆمەکی سەربازیی زۆری پێ داوە و، تا ئێستایش ئەم هێزە بە ئەکتەرێکی سەرەکی و نزیک لە خۆی لە سووریادا دادەنێت؛ لە بەرامبەریشدا تورکیا وا هەست دەکات ئەم پلانەی ئەمریکا لە ڕووی ستراتیژییەوە زیانی زۆری پێ دەگەیەنێت و دواجاریش تورکیا ڕووبەڕووی دابەشبوونێکی سیاسی و جوگرافی دەکاتەوە.



سەرچاوە Serchawe

## دەرەنجام:

لە دوای بەهاری عەرەبییەوە، سووریا بووە بە یەکەیەکی ئاڵۆز و، هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دەیانەوێت هێژموونی سیاسی و سەربازیی خۆیان تێدا بسەپێنن. ئۆپەراسیۆنی "چڵە زەیتوون" بۆ سەر عەفرین لە لایەن تورکیاوە دۆخی سووریای هێندەی تر ئاڵۆزتر کردووە و دووبارە بەرژەوەندیی نێوان ئەکتەرەکانی دارشتۆتەوە و، بەمەیش ڕەگەزەکانی هێز لە نێوانیاندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. تورکیا لە دوای مانگێک لە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەیەوە هێشتا نەیتوانیوە ئامانجەکانی بپێکێت و نەیتوانیوە بچێتە نێو عەفرینەوە؛ ئەمە لە کاتێکدا هێشتا ئەمریکا دەستبەرداری یەپەگە نەبووە و ڕێککەوتنیش ئەنجام دراوە لە نێوان سوپاکەی بەشار ئەسەد و یەپەگە بۆ ڕێگریکردن لە هاتنەناوەوەی سوپای تورکیا بۆ عەفرین.

پێدەچێت ململانێی نێوان هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمی و ناوخۆییەکانی سووریا قووڵتر بێتەوە و زیاتر بخایەنێت، بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتێکی نێودەوڵەتی بۆ یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنی ململانێکان و ئەو دوو کارنامە سیاسی و سەربازییەی کە ڕووسیا و ئەمریکا لە سووریادا و لەناویشیدا عەفرین، کاری لەسەر دەکەن و دای دەڕێژن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوس - ڕێکەوتی: ٢٢ی فێبریوێری ٢٠١٨



## کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە تا عەفرین!



**زانا ڕۆژهەڵاتی**

لەو کاتەوەی دەوڵەتی تورکیا هێرشی کردووتە سەر کانتۆنی عەفرین لە کوردستانی ڕۆژئاوا، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەم هێرشە مەحکووم دەکەن و هێندێک لە بەکرێگیراوانی کوردی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئاشکرا هێرش دەکەنە سەر دەوڵەتی تورکیا و ئەردووغان و باس لە کۆمەڵکوژی و کیمیابارانی گەلی کوردی کوردستانی ڕۆژئاوا لەلایەن تورکیاوە دەکەن و ئەو هێرشە بە دژ گەلی کورد دەزانن! لەنێو وتارەکانیاندا باسی ئەنفالی کورد بەدەستی سەدام و نەدانی مافە ڕەواکانی کوردەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا و کوردستانی باکوور دەکەن و بەگشتی کۆمەڵکوژی، ئەنفال و کیمیابارانەکانی کوردستانی باشوور و ڕۆژئاوا دژ بە مافەکان مرۆڤ و ئەنجام سیاسەتی فاشیستی دژی کورد دەزانن.

ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە گەلی کورد لە لایەن داگیرکەرانییەوە و چوار ڕژیمەکەی عێراق و سوریە و ئێران و تورکیاوە بەرەورووی گەلێک سیاسەتی شوێنی و جینۆساید بوونەتەوە و مێژووی لانی کەم سەد ساڵەی ئەم دوواییانەی ئەم ڕژیمانە پڕن لە نموونەی ئەو سیاسەت و هەڵسووکەوتانە. بەڵام ئەوەی کە کاربەدەستانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە خۆی یەکێک لە داپلۆسێنەرترین ڕژیمەکانی دژی گەلی کوردە و بە درێژای نزیک بە چوار دەیە دەسەڵاتی خۆی لە ئێران دژە مرۆڤانەترین هەڵسووکەوتەکانی دژ بە گەلی کوردی وڵاتەکەی خۆی ڕەچاو کردووە چۆن دەتوانێ پشتیوان و داکۆکی کاری گەلی کورد بێت لە پارچەیەکی دیکە؟!

پرسیار ئەوەیە ئایا سیاسەت و هەڵسووکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە گەلی کورد لە کوردستانی

ڕۆژهەڵات هەر لە فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستانی ڕۆژهەڵات و کۆمەڵکوژی خەڵکی مەدەنی، تیربارانی لاوانی سنە لە فڕۆکەخانەی شاری سنە، کۆمەڵکوژی و تۆپبارانی خەڵکی مەدەنی لە شەڕی ٢٤ ڕۆژەی سنە، ئێعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی، کیمیابارانی شاری سەردەشت، لەسێدارەدانی چالاکانی مەدەنی و سیاسی، شەهید کردنی هەزاران پێشمەرگە و تیرۆری ڕێبەرانی بزووتنەوەی مافخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ڕۆژانە لە سێدارەدانی لاوانی کوردستان، بڕینەوەی سزای زیندانی درێژماوە دژی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد، سیاسەتی هەڵاواردنی کوردستان و دواکەوتوو ڕاگرتنی ناوچە کوردنشینەکان لە بواری ئابوورییەوە، سیاسەتی بە ئەنقەست گیرووەدەکردنی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ماددە هۆشبەرەکان کە بە ئەنفالی سپی ناسراوە، کوشتنی ڕۆژانەی کۆڵبەرانی کورد لە سەر سنوورەکان کە تەنیا بۆ بژێوی ژیانی خۆیان پەنا دەبەنە بەر ئەم کارە پڕ مەترسییەوە بگرە تا ئەو مافانەی کە تەنانەت لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی بۆ گەلی کورد و باقی پێکهاتە ئیتنیکی و نەتەوەییەکانی دیکەی ئێرانی باسی لێوەکراوە کە لە لایەن ئەم ڕژیمەوە بە ئەنقەست پشتگوێ خراوە و دەیان نموونەی تری سیاسەتی دوژمنکارانە بەرامبەر بە گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات فاشیستی و دژ بە مافەکانی مرۆڤ و گەلی کورد نین؟!

شەهید کردنی سێ چالاکی سیاسی لە شاری سنە (هاوینی ڕابردوو)، داسەپاندنی حوکمی سێدارە بەسەر ڕامین حسەین پەناهی چالاکی سیاسی، گرینگی نەدان بە لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی ناوچەی کرماشان کە لەنێو خێوەتدا دەژین و سێڵاو خێوەتەکانیانی گرتووتەبەر و... لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە فاشیستی و دژ بە هەموو بنەماکانی مافی مرۆڤ نییە؟! بۆ دەبێ هێرشی تورکیا بۆ سەر خەڵکی کوردی عەفرین فاشیستی بێت بەڵام هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات فاشیستی و نامرۆڤانە نەبێت؟!

هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە هێرشی تورکیا تەنیا لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەگەر ئەردووغان و تورکیا خۆیان بە میراتگری ئیمپراتۆری سونەی عوسمانی دەزانن و ئەمڕۆکە خەونی پێکهێنانی ئیمپراتۆری عوسمانییان لە سەردایە و ئەوا لە لایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی کە خۆی بە میراتگری ئیمپراتۆری شێعەی سەفەوی دەزانێ، ململانێیەکانیان لە ئێستادا بە هۆی بەریەک کەوتنی بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکە توندتر بووەتەوە. ناکۆکییەکانی تورکیا و کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای نائارامییەکانی سوریا کە لە لایەکەوە تورکیا خوازیاری ڕووخانی ڕژیمی بەشار ئەسەد بوو، بەڵام کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانایەوە لە هەوڵی پاراستنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و پاراستنی سنوورەکانی سووریا بوو. دیاری سووریا و بۆ سیاسەتە

زێدەخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەتی پرۆژەی دروست کردنی هیلالی شێعە بۆ پەرەپێدانی شێعەگەری جۆری تایبەت بە کۆماری ئیسلامی و ئاژاوە نانەوە لە ناوچەکە و بڵاو کردنەوەی هێژمۆنی خۆی و بە ژاندارمە بوونی ناوچەکە بووە، لە لایەکی دیکەشەوە بێ هیوابوونی تورکیا لە پەیوەست بوون بە یەکێتی ئورووپا و جارێکی دیکە گەڕانەوە سەر هێڵی مەزهەبی تورکیا لە ناوچەکە و بووژاندنەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی لە ناوچەکە ئەم دوو ڕژیمەی بەرامبەر بە یەکدی وەستاندۆتەوە.

هەر بۆیە ڕوونە کە هاشوو هاواری نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە شار و ناوچە کوردنشینەکان لە مەجلیسی شوورای ئیسلامی تەنیا بانگەشەیە بۆ کۆماری ئیسلامی و نەک لە سۆنگەی مرۆڤ دۆستی و دڵسۆزییان بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژئاوا. ڕژیمێک بەم کارنامە خوێناوییەوە بەرامبەر بە گەلی کورد لە سنووری وڵاتەکەی خۆی، ناتوانێ پشتیوان و لایەنگر و داکۆکی کاری ڕاستەقینەی خەڵکی کورد لە هیچ پارچەیەکی دیکەی کوردستان بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٢٤ی فێبریوێری ٢٠١٨






سەرچاوە
Serchawe

# بابەتەکانی مانگی مارچ:

-----------------------------------------------------------------

## عەفرین لە چڵی زەیتوونەوە بۆ چڵی سیاسیی نێوان تورکیا و ئەمریکا



**ڕێبوار بابکەیی**

### دەسپێک

پرسی عەفرین یەکێکە لە گرنکترین ناونیشانە لاوەکییەکانی نێو ناونیشانێکی گەورە بە ناوی "قەیرانی سووریا". عەفرین کاریگەرترین ئەو بگۆڕانەیە کە ڕووی لە قەیرانی سووریا کردووە؛ بە شێوەیەک کە بووەتە مایەی قووڵبوونەوەی قەیرانی ئاماژەپێکراو و، لێکەوتەی سیاسی و ئەمنیی لەسەر ئاستی ناوخۆی سووریا و، لەسەر ئاستی ناوچەکە دروست کردووە. یەکێک لە لێکەوتە سیاسییەکانی پرسی عەفرین لەسەر ئاستی ناوچەکە، بریتییە لە ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا؛ بەو پێیەی کە ئۆپەراسیۆنی "چڵە زەیتوون" لە لایەن تورکیاوە بۆ هێرشکردنە سەر شەڕڤانانی کورد لە عەفرین، هێدی هێدی قووڵاییی ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە وەدەردەخات. لە لایەکی دیکەوە ئەو گریمانەیە پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێت: "عەفرین نابێتە شوێنی پێکگەیاندنی ئامانجەکانی تورکیا و ستراتیژییەتی ئەمریکا."

## ئامانجەکانی تورکیا

### قۆناغی یەکەم و دەستێوەردانی ناڕاستەوخۆ

لە سەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سووریا و دروستبوونی ململانێکان و پێکدادانی هێزەکان لەو وڵاتە، تورکیا ڕۆڵێکی ناڕاستەوخۆی لە ئیدارەدانی ئەو قەیرانەدا بینی. ئامانجی سەرەکیی تورکیا لەو چەشنە تێڕوانینە و دەستێوەردانە ناڕاستەوخۆیەی، بریتی بوو لە لابردنی "بەشار ئەسەد" لەسەر کایەی دەسەڵات و دروستکردنی ڕژێمێک و حکوومەتێکی نوێ لە لایەن ئەو  گرووپە سیاسییە سوورییانەی کە تورکیا یارمەتیی دەدان و ڕێنوێنیی دەکردن.

ئەو تێڕوانینەی تورکیا لەوەدا کورت دەکرایەوە و خوێندنەوەی بۆ دەکرا، کە ئەو وڵاتە دەیویست سووریای دوای بەشار ئەسەد بەشێک بێت لە ناوچەی نفووز و هێژموونی خۆی؛ لە ڕێگەی فەرمانڕەواییەک و دەسەڵاتێکی نوێوە کە لەژێر کاریگەریی سیاسەتی تورکیا بێت و هاوپەیمانی ئەو وڵاتە بێت. هەروەها تورکیا لەو دەستێوەردانە ناڕاستەوخۆیەی لە سووریا، بەنیاز بوو بە کەمترین زیانی ئابووری و سیاسی بە ئامانجە سەرەکییەکەی بگات؛ هاوکات دەیویست هەنگاو بە هەنگاو مامەڵە لەگەڵ پێشڤەچوونە سیاسی و سەربازییەکانی پەیەدە لە ڕۆژاوای کوردستان بکات، وەلێ ئەو سیاسەتەی تورکیا شکستی هێنا و، نەک هەر نەیتوانی ئامانجەکانی بپێکێت، بەڵکوو تورکیا، بوو بە هێزێکی پەراوێز و، چووە دەرەوەی هاوکێشەکانی هێز. ئەو ڕۆڵە پەراوێزەی تورکیا زیانێکی گەورەی بە ئامانجە ستراتیژییەکانی گەیاند. لە لایەکی دیکەیشەوە هێزەکانی یەپەگە و هەسەدە، لە ڕووی سەربازییەوە  پێشڤەچوونی زێتریان بەخۆیەوە بینی و گەیشتنە نێو شارۆچکەی منبج و شاری ڕەققە.

### قۆناغی دووەم و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ

پەرەسەندنەکان و سەرکەوتنە سەربازییەکانی یەپەگە و هەسەدە و، گەیشتنی ئەو هێزە بۆ نزیک سنوورە ئاوییەکانی ڕووباری فوڕات، دروستکەرانی بڕیار لە ئانکارای هێنایە دەنگ. خودی ئەردۆغان دەستی کرد بە هەڕەشەوگوڕەشە بۆ گورزوەشاندنێکی سەربازی بۆ سەر عەفرین. تەنانەت لە ڕووی سیاسی و پرۆپاگەندەیشەوە، هەوڵی دا چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگەی تورکیا بە شێوەیەک جۆش بدات کە ئەمە جەنگێکی ڕەوایە و لە دژی تیرۆرستانە. هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین توانای سەربازیی ئەو وڵاتە وەک هێزێکی سەر بە ناتۆ و، سومعە



سەرچاوە
Serchawe

(ناوبانگ)ی سیاسیی ئەو وڵاتە دەخاتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی؛ بە جۆرێک کە ئەگەر ئەو وڵاتە لە ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون ئامانجەکانی نەپێکێت- کە بەپێی ئاماژەکان و پێدراوەکان ئەستەمە ئەو ئامانجانەی بپێکێت- ئەوا ئەو وڵاتە تووشی شکستێکی سیاسی و ئەمنی دەبێتەوە؛ تەنانەت چارەنووسی ئاکەپە وەک حزبی فەرمانڕەوا دادەڕمێت.

ئامانجی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنی "چڵە زەیتوون" بریتییە لە دابینکردنی "قووڵایی ئاسایش"ی ئەو وڵاتە بە دیوی سنووری ڕۆژاوای کوردستان، بەتایبەتی لە ڕۆژاوای ڕووباری فورات. بۆ دەستەبەرکردنی ئەو چەشنە لە ئامانج، ستراتیژییەتی سەربازیی ئەو وڵاتە لەسەر ئەوە بونیات نراوە، کە هێزەکانی سەر بە پەیەدە لە شاری عەفرین و شارۆچکەی منبج دوور بخرێنەوە و، ئەو ناوچانە ڕادەستی هێزەکانی سوپای سووریای ئازاد بکرێت کە لە لایەن ئەو وڵاتەوە پاڵپشتیی لێ دەکرێت.

## ستراتیژییەتی ئەمریکا

ئەمریکا گەیشتووە بەو باوەڕەی کە سیاسەتی "دوورەپەرێزی" لە پرسی سووریا، وەک ئەو سیاسەتەی کە لە سەردەمی "ئیدارەی ئۆباما" پیادە دەکرا، بەپێچەوانەی ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەو وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شکاوەتەوە؛ چونکە ئەو سیاسەتە هاوکێشەکانی هێزی لە بەرژەوەندیی ئێران و ڕووسیا شکاندەوە. لەو سۆنگەیەوە، ئیدارەی ترامپ پێی وایە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هاوکێشەیە، پێویستە لە ستراتیژییەتی خۆیدا سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی بەرامبەر بە پرسی سووریا، گۆڕانکاری بکات.
ئەمریکا پێی وایە سووریا ئەو دەروازەیەیە کە لەو ڕێگەیەوە بتوانێت بێتەوە نێو ئەو هاوکێشانەی کە سیاسەتی هەر یەک لە وڵاتانی ئێران و ڕووسیا لە ناوچەکە دروستییان کردووە. بۆ ئەم مەبەستەیش تاکە هێز و تاکە ناوچە لە سووریا کە بۆ ئەو مەبەستەی ئەمریکا گونجاو بێت، بریتییە لە هێزی یەپەگە و هەسەدە و ڕۆژاوای کوردستان. بە دیوێکی دیکە، ئیدارەی ئەمریکا لە هەوڵی ئەوەدایە کە ڕۆژاوای کوردستان بکات بە ناوچەی نفووزی خۆی و، تاکە هێزێکیش کە لە داهاتوودا ئەمریکا بتوانێت پشتی پێ بەستێت تا پاڵپشتی لە سیاسەتەکانی بکات، ئەوە هێزەکانی یەپەگە و هەسەدەن.

ئیدارەی ترامپ لە هەوڵی ئەوەیە کە بە درێژاییی سنوورەکانی هەر یەک لە عێراق و سووریا و تورکیا، بڵاوە بە هێزەکانی یەپەگە و هێزەکانی هەسەدە بکات، کە ناوی ناوە بە "هێزی ئاسایشی سنوور" کە بە سی هەزار چەکدار



سەرچاوە
Serchawe

مەزەندە دەکرێت. وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا لە ئێستەدا بڕی ٢٥٠ ملیۆن دۆلاری بۆ ئەو هێزانە تەرخان کردووە تا مەشق و ڕاهێنانیان پێ بکرێت. هەروەها لە بوودجەی ساڵی ٢٠١٨ دا، ٥٠٠ ملیۆن دۆلار لە لایەن ئیدارەی ئەمریکاوە تەرخان کراوە بۆ ئەوەی ئەو هێزانە پڕچەک بکرێن و مەشق و ڕاهێنانیان پێ بکرێت. بەپێی زانیارییەک کە ڕۆژنامەی "یەنی شەفەق"ی تورکی بڵاوی کردۆتەوە، ئەو جۆرە چەکانەی کە تا ئێستە ئەمریکا ڕادەستی هێزەکانی یەپەگە و هەسەدەی کردوون، بریتییە لە "سیستەمی بەرگریی دژەفڕۆکە" کە لەسەر شان هەڵدەگیرێت؛ هەروەها مووشەکی جۆری "تۆ"ی ئەمریکی کە لە دژی تانک و زرێپۆشەکان بەکار دەهێنرێت و، هاوتای میلانی ئەڵمانییە.

## ئامانجەکانی ئەمریکا لەو ستراتیژییەتە

ئامانجی سیاسی: ئەمریکا هەوڵ دەدات کە لە ئیدارەدان و چارەسەری پرسی سووریادا ڕۆڵی هەبێت؛ بە شێوەیەک کە چارەسەرکردنی ئەو پرسە لە بەرژەوەندیی ستراتیژیی خۆی کۆتایی پێ بێنێت. هەروەها پێی وایە کە ئاییندەی ململانێکانی هێز و هاوکێشەکانی هێز لە ناوچەکە، بەندە بە قەیرانی سووریا و شێوەی ئیدارەدانییەوە. لەو سۆنگەیەوەیش بە لای ئەو وڵاتەوە، گرنگە هاوسەنگیی هێز لە بەرامبەر پێگەی ڕووسیا لە سووریا دروست بکاتەوە؛ کاتێک کە پێگەی ئەمریکا و تەنانەت ڕۆڵی ئەو وڵاتەیش بە هۆی سیاسەتی "دوورەپەرێزی"، کە لە دەسپێکی وتارەکەدا ئاماژەمان بۆ کرد، تووشی لاوازی دەبێتەوە و، ڕۆڵێکی پەراوێز لە ئیدارەدانی ئەو قەیرانەدا دەبینێت.

لە لایەکی دیکەیشەوە، ئەمریکا مەبەستییەتی لە ڕێی هاریکاریکردنی هێزەکانی یەپەگە و هەسەدە، کە باڵێکی سەربازی سەر بە پەکەکەن، گوشار بخاتە سەر دروستکەرانی بڕیار لە ئانکارا، تا بکەوێتە ژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە کە لە ناوچەکە پیادەی دەکات و، چیتر ئانکارا ڕۆڵی تەواوکاری سیاسەتەکانی مۆسکۆ لە ناوچەکە، کە لە دژی سیاسەتەکانی ئەمریکا دەشکێتەوە، نەگێڕێت.

## ئامانجە ئەمنی و ستراتیژییەکان

ئەمریکا پێی وایە بە هۆی ئەو ستراتیژییەتە نوێیەی، دەتوانێت کاریگەرییەکانی ئێران لەسەر ڕەوشی سووریا کەم کاتەوە، هەروەها دواجار ئێران لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر دۆخی هەر یەک لە وڵاتانی لوبنان و یەمەن داببڕێت. بە دیوێکی تر، ئەمریکا دەیەوێ پاڵپشتییەکانی تاران بۆ دیمەشق کەم بکاتەوە؛ هەروەها ڕۆژاوای



سەرچاوە Serchawe

کوردستان، بە درێژاییی سنووری تورکیا و باشووری کوردستان بکات بە قەڵغانی ڕووبەڕووبوونەوەی نفووزی ئێران لە سووریادا. هەروەها ئەمریکا مەبەستییەتی ڕێگری لە پاڵپشتییەکانی تاران بۆ پێدانی چەک بە حزبوڵڵای لوبنانی بکات.

سەربای ئەمەیش، ئەمریکا دەیەوێ ئاسایشی ئیسرائیل لە قووڵاییی سووریادا بەرامبەر بە هەڕەشەکانی هەر یەک لە ئێران و میلیشییا شیعەکانی سەر بە ئێران بپارێزێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ئێران لە سووریادا توانیی فڕۆکەیەکی ئیسرائیل بەربداتە خوارەوە. هەروەها بوونی ئەمریکا بەو قەبارەیە، دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی هەڕەشەکانی حزبوڵڵای لوبنانی بۆ سەر ئیسرائیل لە سنووری "بەرزاییەکانی جۆلان".

## ئامانجەکانی تورکیا و ستراتیژییەتی ئەمریکا

ئەو دوو وڵاتە هەردووکیان ئەندامن لە "ناتۆ"؛ تەنانەت بە هێزی یەکەم و هێزی سێیەم لەنێو ناتۆدا ئەژمار دەکرێن. ئەگەر بەپێی پەیڕەو و دەستووری ناتۆ بێت، پێویستە ئەو دوو وڵاتە پشتگیری و بەرگری لە یەکتر بکەن، چونکە هەروەک لە برگەیەکی نێو ئەو پەیڕەوەدا هاتووە کە وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ، پێویستە بەرگری لە یەکتر بکەن، کاتێک وڵاتێکی ئەندام ڕووبەڕووی هەڕەشە و هێرش دەبێتەوە؛ وەلێ ئۆپەراسیۆنی "چڵە زەیتوون" هەموو ئەو دەقانەی سەراوژێر کردەوە و، ئەوەی دەرخست کە بەرژەوەندیی ئەو وڵاتانە کاتێک یەک دەبڕن، دەقەکان و برگەکان وەک برگە و مۆراڵی و بەهایی دەمێننەوە و، لەو چوارچێوەیەدا پرەنسیپە ڕیاڵیستەکان شوێنی ئەو دەقە مۆراڵانە دەگرنەوە.

چڵە زەیتوون دەری خست کە ئامانجەکانی تورکیا، لە دژی ستراتیژییەتی ئەمریکایە و هەرگیز یەکتر تەواو ناکەن، چونکە هەر دوو لا گرەو لەسەر یەک هێز دەکەن کە ئەویش هێزەکانی "یەپەگە و هەسەدە"یە؛ بەڵام یەکێکیان ئامانجییەتی کە لەناویان ببات، ئەوی دیکەیش ستراتیژییەکەی ئەوەیە کە بەهێزیان بکات. چڵە زەیتوون ئاراستەی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکای بەرەو هەڵدێر بردووە، بە شێوەیەک کە بەرپرسانی ئەو دوو وڵاتە بەئاشکرا هەڕەشە لە برینی یەکجاریی ئەو پەیوەندییانە دەکەن، بەتایبەتی بەرپرسانی تورکیا؛ وەک ئەو لێدوانەی "ئەردۆغان" کاتێک کە گوتی: "پێویستە ئەمریکا لە نێوان ئانکارا و یەپەگە یەکێکیان هەڵبژێرێت." هەروەها "چاوش ئۆغلۆ" لە لێدوانێکیدا سێ بژاردە دەخاتە بەردەم واشنتۆن، کاتێک ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمریکا

پێویستە لە نێوان باشترکردنی پەیوەندییەکان، یان تێکچوونی زێتری ئەو پەیوەندییانە، یاخود بڕینی یەکجارەکیی ئەو پەیوەندییانەدا یەکێکیان هەڵبژێرێت.

## کۆتایی

پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا بە دژوارترین قۆناغ تێ دەپەڕێت. ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون تاقیکردنەوەیەکی مێژووییە لە دەستنیشانکردنی ئاراستەی پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە، کە یان ئاسایی دەبێتەوە یاخود دەپچڕێت. دروستکەرانی بڕیار لە واشنتۆن، وردتر و هێورتر هەڵوەستە لەسەر ئەو دۆخەی عەفرین دەکەن لە بەرامبەر سیاسەتەکانی تورکیا. واشنتۆن هەوڵ دەدات بە دوو ئاراستەی هاوتەریب دۆخەکە بەڕێوە ببات: یەکێکیان ڕازیکردنی ئانکارایە، ئەویش لە ڕێی پێدانی هەندێک جیاوکی سیاسی، سەربازی و دارایی. هەرچی ئاراستەی دووەمیشە جەخت لەسەر پاڵپشتیکردنی هێزەکانی یەپەگە و هەسەدە دەکاتەوە. واشنتۆن پێی وایە کە پێویستە لەسەر ئەو ستراتیژییەتەی بەردەوام بێت، وەلێ ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ئانکارا ئەو جۆرە ئاراستەیەی پێ قبووڵ نییە و، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سیاسەتی "بانێک و دوو هەوا" لە لایەن واشنتۆنەوە، دەبێتە مایەی قووڵبوونەوەی قەیرانی پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا.

*ڕێبوار بابکەیی، مامۆستای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دراساتی ستراتیژی لە زانکۆی سەلاحەددین*

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوس - ڕێکەوتی: ١ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# بۆچی تورکیا هێرشیکردە سەر عەفرین؟



د. نەوزاد هێتوتی

لە ٢١ کانونی دووەم ٢٠١٨ تورکیا بەپاڵپشتی دەیان هەزار چەکداری گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکان هێرشی گەورەی بۆ داگیرکردنی کانتونی عەفرین دەستپێیکردوە. دەستپێکردنەوەی ئەم هێرشەی تورکیا هاوکاتە لەگەڵ توندبونی ململانێ نێوان دەوڵەتانی هەرێمیو نێودەوڵەتی لەسوریاو عێراقدا، بۆ بەهێزکردنی جێگەو پێگەیان بەتایبەت دوای وەدەرنانی داعش لەموسڵو شاری رەقە. لەلایەکی تریشەوە، ئەم هێرشە لەکاتێکدایە کە ئەمریکا پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزەکانی سوریایی دیموکرات کە کورد بەشێکی هەرە سەرەکییە لەو سوپایە پێکدەهێنێت فراوانترکردوە، هاوکات رایگەیاندوە کە کار دەکەن بۆ راهێنانکردن بەنزیکەی ٣٠ هەزار چەکدا بۆ پاراستنی سنوری نێوان عێراق سوریا، سوریاو تورکیا.

لێرەدا دەکرێت پرسیاری ئەوە بکریت بۆچی تورکیا لەم کات وساتەدا هێرشی کردە سەر عەفرین؟ هوکار وپاڵنەرەکانی سەرەکی پشت ئەو هەڵویستەی تورکیا لە چیەوە سەرچاوە دەگریت؟ ئایا بەراستی تورکیا تەنیا بە هۆی بونی YPG لەو کانتونە ئەم سیاسەتەی گرتوتە بەر، یان دەیەویت بە یەکجاری کورد لەو دەڤەرە دەربکات وتەواوی کانتونەکە تەعریب بکات؟ ئایا سیاسەتی تورکیا تەنیا دژی YPG یە وەک خۆیان بانگەشە بۆی دەکەن یان خود دژی کورد لە هەموو بەشەکانی تری کوردستان؟

ئەوەی چاودێری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بکات لەسەر ئاستی ناوچە بە گشتی و سوریای دوای بەهاری عەرەبی بە تایبەتی ، بوی ئاشکرا دەبێت کە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا توشی پاشەکشە و شکستەکی گەورە هاتووە لە ناوچەکەدا. لە سەرەتای بەهاری عەرەبی تورکیا پێوابووە کە ئێدی کاتی ئەوە هاتووە هاوشێوەی ئیمپراتوری

عوسمانی رۆلی سەرکردایەتی کردن لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا بگرێت و دوبارە پێگە و هەژمونی خۆی لە ناوچەکەدا بەهێز بکەت. لەم چواچێوەیەدا تورکیا هەوڵیدا سەرکردایەتی بەرەی ئیسلامی سوونی لە ناوچەکەدا بکات دژی هەژموون و دەسەلاتی ئێران وهاوپەیمانەکانی . هەر بویەش دوای هەلگیرسانی شورش دژی رژێمی ئەسەد ، تورکیا بەپاڵپشتی گروپە ئیسلامیەکان هەوڵیدا رژێمی ئەسەد بروخێنیت و دەسەلاتێکی ئیسلامی سوونی سەر بە ئەنکەرە لە سوریا بهێنیتە سەر دەسەلات.

لەم چوارچێویەشدا تورکیا وازی لە ستراتێژی سفرکردنی کێشەکان لەگەل دراوسیەکانی هێنا و لە ریگەی پەیرەوکردنی سیاسەتێکی ئیسلامی سوونی و تایفەگەری، مەبەستی بوو پێگە و دەسەلاتی لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا بەهێزتر بکەت. بەلام بە تێپەربونی کات سیاسەتی تورکیا لە تەواوی ناوچەکە و سوریادا توشی شکست و چەقینەکی گەورە هات. زۆربەی هاوکێشە سیاسی وسەربازییەکان بە پێچەوانە ئەجندە و ستراتێژی تورکیا بوون. لە جیهانی عەرەبیدا دوای شکستی ئیخوانەکان لە میسر، و هاتنەی سەر دەسەلاتی سیسی بە پالپشتی عەرەبستانی سعودیە ، سیاسەتی تورکیا لە گرتنە دەستی چلەوی ئیسلامی سوونی توشی چەقین و شکست هات.

لە لایەکی تریشەوە ، لەسەر ئاستی سوریا، تورکیا نەک هەر نەیتوانی هیچ یەک ئامانجەکانی دەستەبەر بکات بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە رۆخانی رژێمی ئەسەد و هاتنە سەر دەسلاتێکی ئیسلامی سوونی سەر بە ئەنکەرەوە هەبوو، بەلکو ریک بە پێچەوانەوە، لایەن و بەرەی دژە تورکیا توانیان تارادەیەکی زۆر هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکان لە بەرژەوەندی خۆیان بگورن. بە تایبەتیش دوای دەستێوەردانەکانی رۆسیا ، رژیمەی ئەسەد توانی بەشێکی زۆی ناوچەکان ژێر دەسەلاتی ئیسلامییەکان دووبارە کنترۆل بکاتەوە.

بە هەمان ئاراستەش، سەرەرای هەوڵ بزاڤێکی زۆری سیاسی ودیپلوماسی، تورکیا نەیتوانی قەناعەت بە ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی بکات بۆ دامەزراندنی نەوای ئارام یان ناوچەی دژە فرین لە سوریا . دیار بوو مەبەستی هەرە سەرەکی تورکیا لە ناوچەی ئارام ئەوە بووە، لە لایەک ئاوارەکان بگەرینێتە ئەو ناوچەیە کە لە ژێر هەژموون خۆیدا بووە . لە لایەکی تریشەوە دەیەویست لە ژێر پەردە وبیانوی ناوچەی دژە فرین کار بۆ لە ناوبردنی یفاکتوی رۆژئاوای کوردستان بکات.

هەموو ئەم هۆکارانەی سەرەوە وایکرد کە تورکیا لە سەرەتای سالی ٢٠١٦ بە سیاسەتەکانیدا بچیتەوە، هەول بدات



سەرچاوە
Serchawe

دوبارە پەیوەندیەکانی لەگەل ئەکتەرەکانی ناوچەکە بە تایبەت ئیران ، روسیا، عیراق و دەوڵەتەکانی ناوچەکە ئاسایی بکاتەوە بە شێوەیەک رەنگدانەوەی ئەو واقعە نویە بێت کە هەیە. بویە لەم سیاسەتە نویەدا تورکیا هەموو هەوڵ و بزاڤەکانی بە ئاراستەی دژایەتی کردنی کورد بە تایبەت لە سوریا و عێراق و چرکردەوە، و دووبارە تورکیا گەرایەوە بۆ سیاسەتی گەمەی سفری لەگەل کورد. بەو مانایەی کە گرنگ نییە بۆ تورکیا ناوچەکە چی بەسەر دیت و کی کونترۆلی دەکات، بەلام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە کورد بە هیچ شێوەیەک دەستکەوتی لەو ئالوگوریانەدا نەبێت. جا لەم روانگەیەوە دەکریت بلێن گرنگترین هوکار کە پال بە تورکیاوە نا بۆ هێرشکردنە سەر عەفرین خۆی لەم خالانەی خوارەوەدا دەبینیت.

١- تورکیا ئێستا بە شێوەیەکی گشتی گەراوتەوە بۆ سیاسەتی گەمەی سفری لەگەل کورد لە ناوچەکەدا. لەم روانگەیەوە هەموو هەوڵ و سیاسەتەکانی ئەوەیە کورد لە هاوکیشە سیاسیەکانی داوای داعش هیچی دەست نەکەویت، و بەهەر نرخەیک بێت ئەو دەستکەوتانەی کورد بدەستی هیناوە لێوەربگریتەوە. لەم چاوچێوەشدا، تورکیا ئیستا هەوڵ ئەدات ئەو دیفاکتویەی کە لە رۆژئاوا دروست بووە لە ناو ببات و عەفرینیش بە سەرەتای دەستپێکردنەوەی ئەو سیاسەتە دادەنرێت. لەسەر سەر ئاستی باشوری کوردستانیش تورکیا هەمان سیاسەتی پەیرەو کرد و توانی بە هاوکاری کومەلێک ئەکتەری ناوچەکە و عێراقی، کورد لە ناوچە ناکوکەکان دەربکەت.

٢- تورکیا ترسی گەورەی لە پەرەسەندی پەیوەندیەکانی رۆژئاوای کوردستان لەگەل ئەمریکا هەیە. بە تایبەت دوای ئەوەی بەرپرسانی ئەمریکا رایانگەیاند کە بە نیازن نزیکەی ٣٠ هزار کەس لە هێزەکانی سوریای دیموکرات راهینانیان پێ بکەن بۆ لە ئەستو گرتن و پاراستنی سنورەکانی سوریا وعێراق و سوریا و تورکیا. بەرپرسانی تورکیا پێوان وایە ئەم سیاسەتەی ئەمریکا لە سەر حساب و بەرژەوەندی نەتەوەی تورکیا دەبێت . بەتایبەت ئەم سیاسەتەکی ئەمریکا بە مانای ئەویە کە ئەمریکا ستراتیژی دریژخایەن دەبێت بەرامبەرکوردی سوریا، و دوریش نیە ئەو سیاسەتە سەر بکێشیت بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی لەو بەشەیی کوردستاندا و پێکەوە گرنیدانی کانتونی جەزیرە وکوبانی لە گەل عفرین تا دەگاتە سەر دەریای سپی ناوراست.

٣- تورکیا دوای شکستەکانی لە گورینی رژیمی ئەسەد ، ئێستا دەیەویت لە ریگەی ئەو گروپە ئیسلامیانەی کە خۆی پالپشتیان دەکات و ئەجندەی تورکیا پراکتیزە دەکەن لە سوریا، نفوز و دەسەلاتی خۆی بەسەر ئەو بە ناوچانەدا بسەپێنێت کە دەکەونە سەر سنوری تورکیا . بۆئەوەی لە ئایندەی سیاسی سوریا رۆل وکاریگەی خۆی هەبێت. لەم

چواچێوەشدا کانتونی عەفرین ناوچەیەکی گرنگ و ستراتژیە بۆ ئەم سیاسەتەی تورکیا.

٤- تورکیا دەیەویت نەک هەر کانتونی عەفرین داگیر بکات، بەڵکو مەبەستیەتی بە یەکجاری لە ئاسەواری کورد بوون بسریتەوە. تورکیا باش لەوە تێدەگەت کە عفرین لە ڕوانگەی جیۆپۆلەتیکی وە بۆ کورد زۆر گرنگە و دەکریت ئەگەر لە ئیستاشدا نەبێت لە داهاتودا ببیتە دەروازەی شکاندی ئابلوقەی وشکانی بەسەر کورد بە تایبەت لە باشور و ڕوژئاوا. بەو مانایەی کە کورد لە ریگەی عفرینەوە دەکریت بگەنە سەر دەریای سپیَ ناوراست. بویە تورکیا بەمەستیەتی نەک هەر کانتونی عەفرین داگیر بکەت بەلکو بەمەستیەتی نزیکەی ٣ ملیون عەرەب لەو دەڤەرە نیشتە چی بکات وبەو شیوەیەش هیچ شتیک بەنای کورد لەو ناوچەیە نەهێلیت و ئەو خەونەی کورد بو حەتاحەتایە بن ئاخ بکەت.

٥- فاکتەریکی تری ئەم هێرشەی تورکیا پەیوەندی بە هاوکێشە سیاسیەکانی ناوخۆیی تورکیاوە هەیە کە ئەویش پرسی هەڵبژارتنەکانە. ئیستا ئاکپارتی هاوپەیمانی لەگەل پارتی مەهەپە کە پارتێکی توندرەو و رەگەز پەرەستە بەستووە. ئەم دو پارتە هاوەدەنگن لەسەر دژیاتی کردنی کورد و پیان وایە ئەم جورە سیاسەتە کاریگەری باشی دەبێت لەسەر پرۆسەی هەڵبژارتەکانی تورکیا . بۆیە ئەردوغان دەیەویت بە داگێرکردنی عەفرین دەنگی زۆربەی تورکەکان بەلای خۆیدا رابکێشیت بە تایبەت دەنگی نەژادپەرەستەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ٢ی مارچی ٢٠١٨



# عەفرین.. جەنگ بە تامی ورە و بوێریی



**راپۆرتی: ئاشتی عەبدوڵڵا**

«شەرەفی ژن لە پاراستنی خاکی وڵاتەکەیەتی نەک لە جەستەیدا»، ئەمە وتەی دایکێکی ورەبەرزی کانتۆنی عەفرینە، کە وێڕای بۆردومانی هەڕەمەکیو بوونی شەڕێکی قورس، بەڵام هێشتا دەم بەخەندەیە و هانی رۆڵەکانی دەدات بۆ بەرگریکردن لەبەرامبەر لەشکرکێشی سوپای تورکیا.

زیاتر لە ٤٥ رۆژە، سوپای تورکیا و هاوپەیمانەکانی لە گروپە توندڕەوەکانی سوریا، لەشکرکێشیان بۆ سنووری کانتۆنی عەفرینی رۆژئاڤای کوردستان دەستپێکردووە، تائێستاش وێڕای کوژرانی دەیان سەربازو چەکدار، جگە لە خستەخوارەوەی پێنج کۆپتەری جەنگیو تێکشکاندنی دەیان زرێپۆش، نەتوانراوە پێشڕەوی بکرێت.

## مەحاڵە

ئەوەی لە کانتۆنی عەفرین دەبینرێت، لەدەرەوەی لۆژیکە، عەفرینییەکان ئیرادەیەکی زۆر بەهێزیان هەیە، بەشێوەیەک ئەو شەڕە قورسە لەهەر شارێکی دیکەی جیهان بوایە، دانیشتووانەکەی ماڵو حاڵی خۆیان جێدەهێشت، کەچی بە پێچەوانەوە خەڵکی عەفرین ورەیەکی بەرزی بێوێنەیان هەیە و هەمیشە خەندە لەسەر لێوەکانیانە. مانەوەی هەر کەسێک لەعەفرین، ئەو تێگەیشتنەی لەلا دروست دەکات کە وڵاتێک خاوەنی ئەو گەلە بێت، مەحاڵە هیچ داگیرکەرێک هەبێت بتوانێت کۆنترۆڵی بکات.

ئەوان کە شەهیدەکانیان بۆ دەگەڕێتەوە، بە هەلهەلە لێدانەوە بە خاکی دەسپێرنو پیرۆزبایی سەرکەوتنەکان لە یەکتر دەکەن. ژنانو کچانیش لە پێش پیاوانەوە بەڵێنی بەرگریی تا شەهادەت بە گوێی دوژمنان دەدەن و بەردەوام هانی رۆڵەکانیان دەدەن کە لە پێناوی خاکی عەفرین-دا، بچنە سەنگەرەکانەوەو گیانی خۆیان بۆ ئازادی بەخت بکەن.

هەرچەندە لە دەوروبەری کانتۆنەکە شەڕێکی قورس هەیە، بەڵام لەناو شاردا هەست بە بوونی شەڕ ناکرێت، ژیان ئاساییەو بازاڕەکان جمەیان دێت، زۆربەی کاتیش فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردومانی هەرەمەکی ناو شار دەکەن، بەڵام کەس ماڵی چۆڵ نەکردووەو بەلاشیانەوە سەیرە ئەگەر پرسیاری ترسیان لێ بکرێت!.

نەسرین عەبدوڵلا وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی ژن (یەپەژە) لەعەفرین بەکوردستانی نوێ-ی راگەیاند: وەکو دەبینن پەلامارێکی قورس لەسەر عەفرین هەیە، تەنانەت داعشو گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکەش لەپەلامارەکاندا بەشدارن، بەڵام بەرخۆدانێکی مەزن لەبەرامبەریان ئەنجامدەدرێت لەلایەن گەلو شەڕڤانانی یەپەگەو یەپەژەو هەسەدەوە.

وتیشی:»تورکیا پیلانی داگیرکردنی عەفرینی هەبوو، بەڵام سەرباری بەردەوامیی لەپیلانگێڕیو پەلاماردان، تائێستا هیچ بەرەوپێشچوونێکی بەدەستنەهێناوەو نەیتوانیوە هیچ ناوچەیەکی عەفرین داگیربکات«.

## شەڕێکی قورس هەیە

لەگەڵ گەیشتنمان بە عەفرین، لەلایەن دانیشتووانەکەیەوە کە بۆ پێشوازیکردن هاتبوونە سەر ڕێگاکە، شیرینیمان پێدراو پێیانوابوو «یەکبوونی کوردو هاتنی ژنانی هەر چوار پارچەی کوردستانو نوێنەری لایەنە سیاسییەکان بۆ عەفرین، واتایەکی گەورەی هەیە. ئەوان دەڵێن:»یەکگرتوویی کورد لەئێستادا کە جیهان پشتی لێکردووە، لەهەموو شتێک گرنگترو بەهێزترە«.

فەرماندە باڵاکەی یەپەژە ئەوەشی روونکردەوە، عەفرین، واتایەکی گەورەی بۆ گەلی کورد هەیە، بەتایبەت بۆ یەکێتیی نەتەوەیی، «ئەوەی گەلو شەڕڤانان لەعەفرین دەیکەن، حورمەتێکی گەورەی بۆ گەڕاندینەوەو سەردانی



سەرچاوە
Serchawe

وەفدەکانی باشووریش بۆ عەفرین خۆی لەخۆیدا ئەوە دەسەلمێنێت کە هەستی نەتەوەیی لەعەفرینەوە جارێکی دیکە گەشەی کردەوەو دەریخست گەلی کورد سنوورە دەستکردەکان ناناسێت».

سەبارەت بەدۆخی ئێستای عەفرینیش، نەسرین رایگەیاند: دوژمن لەڕووی سەربازییەوە گەمارۆی عەفرینی داوەو لەتەواوی سنوورەکانەوە پەلاماری شارەکە دەداتو شەڕێکی قورس هەیە، بەڵام شەڕڤانانی یەپەگەو یەپەژەو هەسەدە بەرخۆدانێکی گەورە ئەنجام دەدەن.

خانەوادەی شەهیدان لە عەفرین وایدەبینن: «جیهان زوڵمێکی گەورەیان لێدەکاتو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەئاست دەستدرێژییەکەی تورکیا چاو و گوێی داخستووە»، بەڵام ئەو فەرامۆشکردنە نێودەوڵەتییە ورەی ئەوانی نەڕووخاندووەو تاکە ئومێدیان بەهێزی خۆیانە.

دەشڵێن:»بەرخودانی کورد لە عەفرین هاوکێشەی سیاسیی ناوچەکە لە بەرژەوەندیی کورد دەگۆڕێت، چونکە تائێستا چەندین جار ئەنقەرە بە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی گروپە تیرۆریستییەکانەوە دەیەوێت ئیرادەی کورد بشکێنێت، بەڵام عەفرینییەکان توانیان ئەو خەونەی ئەردۆغان پووچەڵبکەنەوە».

## هەمووومان لە عەفرین بین

فەرماندەکەی یەپەژە وتی:»سەرباری هەموو ئەو گەلەکۆمەیەی لەسەر عەفرین هەیە، بەڵام گەلی کورد بەگشتیو عەفرین بەتایبەتی شکست قبوڵناکاتو بەتەواوی تواناو هەوڵەوە عەفرین دەپارێزینو گەلەکۆمەکان پوچەڵ دەکەینەوە».

هەفتەیەک مانەوەم لەعەفرین زۆر شتی پێ ئاشناکردم، لەپێشەوەی هەموویاندا (ورەبەرزی، ئیرادەو نیشتمانپەروەریو چاونەترسی)، بۆیە باشتروایە هەموومان لە عەفرین بین، بۆئەوەی لەوانەوە فێر بین کە خاکو نیشتمان چەندە شیرینە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

# چەند سەرنجێک لەبارەی عەفرینەوە



**ئاسۆ کەریم**

## هاوکێشەیەکی ئاڵۆز

ئاداری ٢٠١٦، لە وتارێکدا کە لە ڕۆژنامەی "هەولێر" بڵاو کرایەوە گوتبووم: "ئاسان نییە بەری ڕووداوەکانی ئەم دەڤەرە، عێراق و سووریا، ببینرێ کە بەرەو چ ئاقارێک مل دەنێن. کورد لەو نێوەدا چییان پێ دەبڕێ، یان چ زەرەر دەکەن." هەروا گوتبووم، لەبەر چی؟ چونکە "لەم ناوچەیەدا، ئەکتەرەکان زۆرن: ئەکتەری نێودەوڵەتی (بەتایبەتی ڕووس، ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپی)، ئەکتەری هەرێمایەتی (ئێران، تورکیا، سعوودیا، ئیسرائیل]، ئەکتەری ناوخۆ و لۆکاڵ (ئەگەر بە نموونە سووریا وەربگرین، ٩٦ - ٩٧ گرووپ و دەستەی ئۆپۆزیسیۆن هەن)... ئەو سێ ئەکتەرە، تەواو لێکدابڕاو نین؛ لینکەکانی نێوانیان زۆر تێکچڕژاون و بەسەر دوو بەرەو تەوەرەدا دابەش نەبوون وەک هەندێ کەس ئیدعای دەکەن. لە کارلێک و ململانێی نێوان ئەو حەمکە ئەکتەرەدا، باری ناوچەکە بە لایەکدا دەکەوێ."

ئەو تێڕوانینەی من لەوە سەرچاوەی گرتووە، کە سیاسەت ڕەش یان سپی نییە. بەتایبەتی بۆ کورد سیاسەت شەقامەڕێیەکی ڕاستەوڕاست نییە. پێچاوپێچی زۆرە. لێ لە هەوەڵ ڕۆژی شەڕی عەفرینەوە دەردەکەوێ، کە ئەوەی لە عەفرین دەگوزەرێ، پرسێکی زۆر ئاڵۆزە.

## ململانێی ئەمریکا و ڕووسیا

وەک دیارە ڕووسیا و ئەمریکا لە سووریا ململانێیەکی توندیان لە نێواندا هەیە. بە قسەی ڕێچارد هاس بێ، لە

نێوان ئەو دوو وڵاتەدا، وێوەتر لە جەنگێکی سارد هەیە.(١) بۆ؟ لە ڕواڵەتدا هەر یەکەیان دەیەوێ پرۆژەی ئەوی دیکە لە ناوچەکدا فەشەل پێ بهێنێ. ڕووسیا دەیەوێ وەک "زلهێز"ێک بێتەوە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نفووزێک پەیدا بکاتەوە و کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان دابنێ. ڕووسیا لە کۆتاییی ئەیلوولی ٢٠١٥ وە، بە قازانجی ئەسەد، دەستوەردانی سەربازیی لە قەیرانی سووریادا کردووە. لە ڕووی سیاسییشەوە، بە بەشدارییپێکردنی ئێران و تورکیا وەک دوو ئەکتەری هەرێمایەتی کە کاریگەرییان بەسەر قەیرانی سووریاوە هەبووە و هەیە، هەوڵی خۆی بەگەڕ خستووە و، توانیویەتی ڕێگەی پرۆسەی ئاستانا و سوتچی، وەک ئەڵتەرناتیڤیکی دانوستانەکانی جنێڤ، هەم حکوومەتی سووریا و بەشێ لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لەسەر یەک مێز کۆ بکاتەوە و (٤) ناوچەی کەمکردنەوەی توندوتیژی لە گەڕی چوارەمی پرۆسەی ئاستانا (ئایاری ٢٠١٧) لە سووریا پێک بهێنێ.

بێ لەوە ڕووسیا، هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە کە دەبێ کورد لە پرۆسەی چارەسەریی قەیرانی سووریادا بەشدارییان پێ بکرێ. ڕووسیا یەکێ بووە لەو وڵاتانەی ڕێگەی بە پەیەدە (PYD) داوە نوێنەرایەتی لە مۆسکۆ بکاتەوە و، لە هەندێ وێستگەی بەرەنگاربوونەوەی داعشیشدا، باروبووی سەربازیی شەرڤانان بکا. هەروا ڕووسیا لەو وڵاتانە بووە کە باسی لە دەستوورێکی نوێ بۆ سووریا کردووە، کە جۆرێ لە لامەرکەزییەتی سیاسی بۆ کوردان دابین بکا.

هەرچی ئەمریکایە، چ ناڕاستەوخۆ و چ ڕاستەوخۆ دەستێکی لە قەیرانی سووریادا هەبووە و هەیە. ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی مەشق و ڕاهێنان و چەک و پارەدان بە لایەنە بەناو میانڕۆکانی ئۆپۆزیسیۆن و، ڕاستەوخۆیش لە ڕێگەی خۆدامەزراندن و جێگیرکردنی ١٠٠٠ - ٢٠٠٠ پسپۆری مەدەنی و سەربازی، چ لە ڕۆژاوای کوردستان و چ لە بنکەی "تەنەف"، لە بەری ڕۆژاوای ڕووباری فورات و لە نزیک خاڵی پێکگەیشتنی سنوورەکانی سووریا - عێراق - ئوردن؛ ئەوە بێ لە دامەزراندنی زێتر لە ٢٠ بنکە و بارەگا و فرۆکەخانە لەو ناوچانەدا و، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هێزێکی (٣٠٠٠٠) کەسی بە ناوی پاراستنی سنوور لە باکووری سووریادا کە کاردانەوەی جیاجیای بە دوای خۆیدا هێنا.

### پەیەدە - یەپەگە - یەپەژە - هێزەکانی سووریای دیموکرات (SDF)

وەک دەزانرێ لە ماوەی کشانەوە، یان وەدەرنانی هێزە چەکدارەکانی سووریا لە چەند ناوچەیەکی زۆرینە

کوردنشیندا، تا کانوونی دووەمی ٢٠١٣، جۆرێ لە "بۆشاییی ئەمنی و ئیداری" لەو ناوچانەدا هەبووە (معهد واشنطن، اكراد سوريا يتحدون ضد الاسد، لكن ليس مع المعارضة، ٣١ تموزی ٢٠١٢). لێ پەیەدە بە دەرفەتی زانی و، یەکتەرەفە و یەکەم جار "خۆبەڕێوەبەری"ی لە ناوچەی جەزیرە ڕاگەیاند و، پاشان لە کۆبانێ و عەفرین کە بە "سێ کانتۆنەکە" ناسراون.

هەر دوو کانتۆنی جزیرە و کۆبانێ، پاش گرتنەوەی گرێ سپی، (١٦ی حوزەیرانی ٢٠١٥) و وەدەرنانی داعش، توخوبیان کەوتەوە سەر یەک... بەڵام کانتۆنی عەفرین، دەوروبەری ١٠٠ کیلۆمەترێک لە کۆبانێوە دوورە و ناوبڕەیەک لە نێوان هەر دوو کانتۆنی کۆبانێ و عەفریندا هەبوو کە بەدەست داعشەوە بوو. لە سەرەتاکانی ٢٠١٦ دا، شارۆچکەی تەل ڕەفعەت و فڕۆکەخانەی مینگ، کەوتنە دەست SDF. لە ماوەی نێوان کۆتاییی ئایاری ٢٠١٦ تا سەرەتای ئابی ٢٠١٦، یەپەگە و هێزەکانی سووریای دیموکرات (SDF)، هەندێ پێشڕەوییان لەو مابێنەدا کرد؛ گوندەوارەکان و شارۆچکەی "مینبج"یشیان لە بەری ڕۆژاوای ڕووباری فوراتدا گرت. بەمەیش وردە وردە ئەگەری کردنەوەی کۆریدۆرێک لە نێوان هەر دوو کانتۆنی ناوبراودا هاتبووە پێشەوە.

بەڵام وێدەچێ ئەمریکییەکان لەگەڵ پێشڕەویی شەرڤاناندا بە ئاراستەی ڕۆژاوا و بەستنەوەی هەر دوو کانتۆنەکە نەبووبن و، بەناچاری هێزەکانی سووریای دیموکرات ڕوویان بە ئاراستەی باشوور وەرگێڕا و کەوتنە پاککردنەوەی ناوچەکانی دیکە لە داعش. ئەوە بوو لە سەرەتای ئایاری ٢٠١٧ دا شارۆچکەی "تەبەقە"یان گرت و، لە ٢٠ی ١٠ی ٢٠١٧ یشدا، ڕزگارکردنی پایتەختی داعش، "ڕەققە"یان ڕاگەیاند. بەکورتی ئێستە، پاش گرتنی بەری باکووری ڕووباری فورات، هەندێ پانتاییی کەم نەبێ لەسەر سنووری عێراق - سووریا بە دیوی سووریادا، دەنا تەواوی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕووباری فورات کەوتوونەتە دەست SDF وە، کە بەسەریەکەوە لە تەک ناوچەی عەفرین، دەوروبەری ٢٥ - ٢٧%ی تەواوی خاکی سووریا پێک دەهێنن. کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچە فراوانە، بە پاڵپشتیی هێزەکانی هاوپەیمانان، بەتایبەتی ئەمریکا بووە. واتە SDF بووەتە هێزێکی حیساب بۆ کراو لە قەیرانی سووریادا، کە خەتێکی ناوەڕاستی لە نێوان ڕژێمی ئەسەد و ئۆپۆزیسیۆنی ئیسلامەوی و عروبەویدا، بۆ خۆی گرتووە.

## پوازی تورکی:

لە ٢٤ی ئابی ٢٠١٦ وە ناوچەی جەرابلووس و، پاشان پێ بە پێ ناوچەکانی ئەعزاز و مەراعی تا شارۆچکەی

ئەلباب لە کۆتاییی شوباتی ٢٠١٧ دا، کەوتنە دەست هێزەکانی بەناو سوپای سووریای ئازاد بە پشتیوانیی سوپای تورکیا و؛ لە ڕاستیدا لە هەندێ شوێن بەبێ شەڕ و، لە هەندێ شوێنیشدا پاش شەڕێکی سووک لەگەڵ داعشدا. بەمەیش ئەگەری بەیەکبەستنەوەی هەر دوو کانتۆنەکە وەک دەڵێن "بێمایە مایەوە" و، ئەو ناوچەیە بووە ناوچە نفووزێکی تورکی. دیسان تورکیا بە کاکەبراڵە و سازش لەگەڵ ڕووسیا، ئەو ناوچانەی گرتن و زەبرێکی توندی لە کوردی ڕۆژاڤا دا؛ لە بەرانبەردا لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ دا، حەلەب ڕادەستی نیزامی سووریا کرایەوە و ئۆپۆزیسیۆنی لێ هەڵکەنرا. دەبێ ئەوەیش بگوترێ، ڕاستە هێزەکانی YPG لە ناوچە کوردنشینەکانی حەلەبدا هەبوون، بەتایبەتی گەڕەکی شێخ مەقسوود، بەڵام بەکردەوە و لە جەنگی ئۆپۆزیسیۆندا، لەگەڵ هێزەکانی ئەسەددا بوون. ئەمەیش بۆ خۆی پارادۆکسێکە.

## دوو ناوچە نفووز

بەداخەوە لە پێڤاژۆی جەنگی داعشدا، ناوچە زۆرینە کوردنشینەکان و هەندێ ناوچەی تێکەڵە لە عەرەب و کورد و تورکمان و چەرکەس و چیچانی و ئەرمەنی و سریان وەک: مینبج و تەبەقە و ڕەققە... کە لە ٢٠١٦ وەوە تا کۆتاییی ٢٠١٧ دا کەوتنە بندەستی کوردان و دۆستەکانیان، بوونەتە دوو ناوچە نفووز.

*یەکەم:* ناوچە نفووزی ئەمریکی کە بریتییە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕووباری فورات لە تەک شاری مینبج و گوندەکانی دەوروبەری، کە کەوتوونەتە بەری ڕۆژاوای فوراتەوە.

*دووەمیان:* ناوچە نفووزی ڕووسیا کە بریتییە لە کانتۆنی عەفرین.

ئەم دوو ناوچە نفووزە وەک دەگوترێ، لە نێوان ڕووسیا و ئەمریکادا ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە. بەڵام ئەم دوو ناوچە نفووزە وەک لە سەرێ ئاماژەی پێ کرا، لە ڕووی جوگرافییەوە لێک دابڕاون.

## گەمەی کورد لە نێوان ئەمریکا و ڕووسیا:

ئەگەر کورد توانیبێتی یارییەک لە نێوان ڕووسیا و ئەمریکادا بکا، لە ساتەوەختی جەنگی داعشدا تا ڕادەیەک



سەرچاوە
Serchawe

بۆی چووەتە سەر و بۆی دەچووە سەر. وەک دەبیندرا کورد هەم پێوەندیی لەگەڵ ڕووسەکاندا هەبووە و هەم لەگەڵ ئەمریکادا. ئێستا کە ململانێیەکە تۆخ بووە، داعش بەرەو کۆتایی چووە. چیدی کوردی بێقەوارەی دەوڵەت (وەک ئەکتەرێکی نادەوڵەتی [Non-State Actor]) ئەو یارییەی بۆ ناکرێ؛ یان دەبێ لەگەڵ ئەمریکا بێ، یان لەگەڵ ڕووسیا؛ واتە پەیدە و دۆستەکانی کەوتوونەتە دووڕییانێکەوە.

ناوچە نفووزی ئەمریکا لە ڕۆژاوای کوردستان، نەوتێکی زۆر، گازێکی زۆر، سروشتیی زۆر، ئاوێکی زۆر، وزەی کارەبای زۆر و، سێ بەنداوی گەورەی ئاوی تێدایە. ناوچەیەکی بەسەریەکەوەیە. ڕووباری فوراتیش وەکوو تخوبێکی لێ هاتووە و، لاسنوورێکیشی دەکەوێتەوە سەر کوردستانی باشوور. ٣ - ٤ ملیۆن خەڵکی تێدا دەژی و زەوییەکی بەپیتی کشتوکاڵیشی هەیە و خۆبەڕێوەبەرییەکیشی لێ دروست کراوە. ئەو ناوچە نفووزەی ئەمریکا لە سووریا کە بەدەست کوردەوەیە، پاش "ناوچەی کەناری دەریای سپی، کە بە سووریای بەسوود ناسراوە"، بە ناوچەیەکی گرنگ دەزانرێ و کارتێکی گەورەیە بە دەست ئەمریکا، چ لە ململانێ لەگەڵ ڕووسیا، کە ئەمریکا بە دەوڵەتێکی پێداچوونەوەخواز - لادەر (Revisionist) دەزانێ، چ بۆ پێشگرتن لە نفووزی ئێران کە ئەمریکا بە دەوڵەتێکی "یاخی - مارقة" (Rogue)ی ناو دەبا، چ بۆ ساتوسەودا لەگەڵ تورکیا، چ بۆ گوشارخستنە سەر ئەسەد. لەم سۆنگەیەوە بێ بەشداری و ڕۆڵی ئەمریکا، قەیرانی سووریا بەتەنیا بە پرۆسەی ئاستانا و سوتچی چارەسەر نابێ و، ئەمریکا دەیەوێ لەگەڵ دۆستەکانی خۆیدا، دانوستانەکانی جنێڤ بە سەرپەرشتیی UN بەگەڕ بخاتەوە.

کەچی ڕووسیا، ئێران و تورکیا لە کۆبوونەوەی نۆڤەمبەری ٢٠١٧ دا لە سوتچی و پێشتریش لە ئاستانا ڕێک کەوتبوون، کە پێکەوە کار بکەن و بەرژەوەندی و نیگەرانییەکانی یەکدی لەبەرچاو بگرن. پێم وایە لەوێوە سەفقە (مامەڵە)ی "عەفرین بەرانبەر ئیدلب، یان بەشێکی ئیدلب" کراوە. بەکردەوەیش فڕۆکەخانەی "ابو الظهور" لە سەروبەندی هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر عەفرین، لە لایەن هێزەکانی ئەسەدەوە دەستی بەسەردا گیرا.

## هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین:

بە قسەی کاربەدەستانی ئیدارەی زاتیی عەفرین کە لە چەند ئاخاوتنێکدا دووپاتیان کردووەتەوە، ڕووسیا پێش ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨، داوای لە پەیەدە کردبوو ناوچەی عەفرین بداتەوە دەست ئەسەد. پەیەدە سەری نەهێناوەتە بەری و ڕازی نەبووە. چاکی کرد، یان هەڵەی کرد، بۆ پێش ئەو پەلامارەی تورکیا وای نەکرد و

بڕیاری بەرەنگاربوونەوەی دا؛ ئەوە گفتوگۆ هەڵدەگرێ!

ڕووسیا لەو باوەڕەدا بووە کە ڕازینەبوونی پەیەدە بە ڕادەستکردنەوەی عەفرین، لەبن سەری ئەمریکایە و، کورد بە پشتی ئەمریکا دەخورێ و خۆی بە لای ئەمریکادا ساغ کردووەتەوە. بۆ ڕاستیی ئەم قسەیە، دەکرێ بگەڕێینەوە بۆ بەیاننامە و ئاخاوتنە ڕەسمییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا؛ کە گوایا ئەمریکا بۆیە کورد پڕچەک و تفاق دەکا، تا هێزێکی نیزامی و نیمچەدەوڵەتێکی بۆ دابمەزرێنێ (ئەلیکساندەر بینیدیکتۆڤ، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕووسیا، روسیا الیوم، ١ - ٣ - ٢٠١٨). واتە بە قسەی ڕووسەکان، ئەمریکا دەیەوێ سووریا دابەش بکا و پرۆسەی ئاستانا و سوتچی پەک بخا. بۆ تێکدانی ئەم نەخشەیەی ئەمریکا، مادام پەیەدە ئینکەبەری و کەلەوەکێشی دەکا، ڕووسیا چرای سەوزی بۆ تورکیا پێ کرد. بە ڕای خۆم، بێ موافەقەتی ئێران نەبووە، کە یەکێکە لە سێ لایەنە سپۆنسەرەکەی پرۆسەی ئاستانا. ئیدی لە ٢٠ی کانوونی دووەمدا تورکیا و هێزە چەکدارە سوورییەکانی سەر بە خۆی، هێرش و پەلاماریان بۆ سەر عەفرین دەست پێ کرد، کە تا ئەمڕۆ بەردەوامە.

## پەیەدە بۆچی بەرەنگاربوونەوەی هەڵبژارد؟

بە هزر و مەزەندەی ساکارانەی من، بۆ یەپەگە/یەپەژە شەڕیان دژی تورکیا هەڵبژارد و بە قسەی ڕووسیایان نەکرد؟ ئایا ئەو هەقیقەتەیان نەدەزانی کە تا سەر و ڕووبەڕوو دەرەقەتی هێزەکانی تورکیا نایەن؟ یان دەیانزانی و "تەسەورات" و لێکدانەوەی دیکەیان هەبووە؟ ڕەنگە پێیان وا بووبێ کە ئەمریکا هێشتا لە سووریا، بەگوێرەی ستراتیژیی ڕاگەیەنراوی ترامپ، کاری پێیانە و لە کۆتادا لەسەریان بەجواب دێ. یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی ئەوروپی، لەسەر بەزاندنی سنووری نێودەوڵەتی کە دژ بە یاسای نێودەوڵەتییە لە لایەک و، لەسەر پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتیی ئینسانی، بەتایبەتی دژ بە خەڵکی مەدەنی، لە تورکیا قبووڵ ناکەن... بەڵام بەکردەوە، هەڵوێستی ئەو دوو لایەنە بەتایبەتی و، UN یش بەگشتی تا ئێستە، یان ئەوەتا شەرمنانە بووە یان ئیجابی نەبووە و بە قازانجی کوردان نەبووە.

ئەی بۆ ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپی، لەسەر عەفرین، کە کەوتووەتە ناوچە نفووزی ڕووسی، نەهاتنە وەڵام؟ بە ڕای خۆم، نایانەوێ بەیەکجاری تورکیا لە خۆیان بکەنەوە و بەتەواوی بیهاوێنە میحوەری ڕووسیا - ئێرانەوە؛ چونکە تورکیا هێشتا بەفەرمی ئەندامی ناتۆیە و، ئەمریکا بنکەی "ئەنجەرلیک"یش بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی خۆی

بەکار دەهێنێ لە تەک کۆمەڵێ هۆکاری تری سیاسی و غەیری سیاسی... بێ لەوە، ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپی، نایانەوێ بکەونە ناو گەمەی ڕووسیا کە دەیەوێ نێوان ئەمریکا - تورکیا گرژتر ببێ و لەیەکتر هەڵزۆقنەوە... ئاخر وەک گوتم ئەمریکا، هێشتا چاوی لەوەیە تورکیا لەبن باڵی ڕووسیا و ئێران دەربهێنێ. بۆیە لەگەڵ ئەردۆغان نەرمن و، شتێکیان تێدا هێشتووەتەوە کە ئەردۆغان بتوانێ مانۆڕی تێدا بکا. هەر ئەوەیش لە کۆبوونەوە داخراوەکەی "تیلەرسەن"ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و ئەردوغان دەخوێندرێتەوە لە (١٥)ی شوباتدا. ئایا تا کەی ئەردۆغان دەتوانێ لە نێوان ڕووسیا و ئێران لە لایەک و ئەمریکا لە لایەکەی دیکەوە، مانۆڕ بکا؟ پێشبینیکردنی ئاسان نییە!

بێ لەوە، ڕەنگە ئەردۆغانیش "مراهنة" (گرەو)ی لەسەر پێوەندیی نوێ و کاتەکیی ئەمریکا لەگەڵ SDF دا کردبێ، بە بەراورد بە پێوەندیی لەمێژینەی نێوان تورکیا و ئەمریکا و ڕۆڵی تورکیا لە ناوچەکەدا، بە لەبەرچاوگرتنی ستراتیژیی نوێی ترامپ لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی دوای تێکشکاندنی داعش. شێوە بیرکردنەوەی لەم جۆرەیش لەناو هەندێ کاربەدەستی ئێستە و پێشووی ئەمریکی، بەتایبەتی لەناو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا هەیە، کە پێویستە پێوەندیی نێوان تورکیا و ئەمریکا سەرلەنوێ چاک بکرێتەوە؛ لەوانە باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە ئانکارا، جیمس جیفری. لە کاتێکدا ئەو فەرماندە سەربازییانەی کە سەروکاریان لەگەڵ جەنگی داعش لە سووریا هەبووە و هەیە، پێیان وایە دەبێ ئەمریکا لە سووریا بمێنێتەوە و خۆی بەهێز بکا.

ئایا، هەڵوێستی ئەمریکا هەروا دەمێنێتەوە، یان دوایین قسە، قسەی پینتاگۆن دەبێ؟ هەرچی هەڵوێستی یەکێتیی ئەوروپییە، ئەوا تا ڕادەیەک لاساییکردنەوەی ئەمریکایە و، لە لایەکی دیکەیشەوە ئەردۆغان دەتوانێ کێشەوبێشە بۆ ئەورووپا دروست بکا، چ بە ڕێگەدان بە گەڕانەوەی جیهادییەکان بۆ ئەو وڵاتانەی لێی هاتوون و، چ بە بەکارهێنانی کێشەی پەنابەرانی سووری کە دوو- سێ ملیۆنێکیان لە تورکیان و، دەتوانێ ڕێگەی ئەورووپایان پێ نیشان بدا!

## جەنگێکی ئیستینزاف (داڕزێنەرانە)

وەک دەزانرێ، عەفرین لە سێ لا لە لایەن تورکیا و هێزەکانی بەناو سوپای سووریای ئازاد و، لە لایەکیش لە لایەن هێزەکانی ئەسەدەوە ئابلۆوقە دراوە. ئەردۆغان پێی وابوو شەڕێکی ٣ - ٤ سەعاتی دەبێ و عەفرین دەگرێ؛

لێ وا نەکەوتەوە و شەڕی عەفرین درێژەی دایێ. سەرباری بڕیاری ئاگربەست لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە (٢٤ی شوبات)، لایەنی تورکی پێی وایە ئەو بڕیارە تورکیا ناگرێتەوە، چونکە تورکیا لایەنێکی جەنگی ناوخۆی سووریا نییە و، هەرچی پێوەندیی بە ئۆپەراسیۆنەکەی عەفرینیشەوە هەیە، ئەوا بەگوێرەی ماددەی ٥١ی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرگری لە خۆی دەکا. بۆیە لە ئۆپەراسیۆنەکەیدا بەردەوام دەبێ، هەرچەند ئەمریکا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و یەکێتیی ئەورووپا لەگەڵ ئەوەدان کە دەبێ ئاگربڕ تەواوی خاکی سووریا، بە عەفرینیشەوە بگرێتەوە. بەڵام چونکە بڕیارەکە هیچ میکانیزمێکی بۆ چاودێریکردنی ئاگربڕ دانەناوە، تورکیا وەک ئەردۆغان دەڵێ، تا سەری حەزیاکە پان نەکاتەوە، ڕاناوەستێ. ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە، ١ی ئەم مانگە کاروانێکی باروبوو هاوکاریی مرۆیی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی خاچی سوورەوە گەیشتە عەفرین.

بە ڕای خۆم ئەو هێرشە، بووەتە جەنگێکی ئیستینزاف. بێ شک، لە جەنگڕی وەسادا، تورکیا کەمتر زەرەر دەکا تا خەڵکی عەفرین و پەیەدە و شەڕڤانەکانی؛ بەتایبەتی کە تورکیا دەست لە هیچ ناپارێزێ... چونکە دوو توانای زۆر لێکجیاوازی ماددی و بەشەرییان لەبەردەستە. کەواتە دوو ڕێگەی تاڵ، زۆر تاڵ لە پێش پەیەدە و شەرڤانەکانی مابووەوە: یان شەڕکردن تا سەر لەگەڵ تورکیا، یان پێکهاتن (چ کاتەکی بێ چ هەمیشەیی) لەگەڵ سووریا. جۆری پێکهاتنەکە چۆن و بە چ مەرجێکە، هێشتا بە لانی کەمەوە لە من دیار نییە!

بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە، پەیەدە، پێش پێکهاتنی ئەم دواییەی لەگەڵ سووریا، هەوڵێکی دا مانۆڕێک بکا؛ خۆی لەو دوو ڕێگە تاڵ و ترشەی سەری لا بدا. واتە هەندێ کێڵگەی گازی سروشتی- ئەوەیان کە بە کێڵگەی کۆنۆکۆ لە دێرزور ناسراوە - لە ٧ی شوباتدا ڕادەستی ئەسەد بکا، کە دەکەوێتە بەری باکووری ڕووباری فوراتەوە. ئەمریکا بە فڕۆکە لە هێرشبەرە ڕووس و ئێرانی و سوورییەکانی دا و، نزیکەی (٣٠٠) کەسێکی لێ کوشتن و بریندار کردن و، سەفقەکەی لێ هەڵوەشاندنەوە... هەندێ چاودێر دەڵێن، ئەوە گەورەترین ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا- ڕووسیا بووە لە دوای جەنگی ساردەوە. هەرچەند ڕووسیا، تا ئێستە کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نەنواندووە، ئەوە نەبێ پاش ڕووداوەکە، هەندێ فڕۆکەی پێشکەوتووتر و نوێی لە بنکەی حمیمیم جێگیر کرد.

بێنەوە بەر زەینت، لە (٤)ی شوبات تا (٩ و ١٠)ی شوبات، لەبەرچی ڕووسیا ئاسمانی عەفرینی لە فڕۆکەکانی تورکیا قەدەغە کرد؟ بە ڕای خۆم لەبەر دوو هۆ بووە: یەکیان لەبەر خستنەخوارەوەی سۆخۆی - ٢٥ لە ٣ی شوباتدا لە لایەن ئەو گرۆ و دەستانەی کە سەروکارێکیان لەگەڵ تورکیادا هەیە و، دووەمیان بە ڕای خۆم

جێبەجێکردنی مەرجێکی ئەو سەفقەیە بووە کە لە سەرێ ئاماژەی پێ درا. پاش ئەو سەودا سەرنەکەوتووە، ڕووسیا زێتر لە کورد لە ڕق ڕاچووە و، دەبینین بەیاننامە و ئاخاوتنە ڕەسمییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا لە بەرانبەر کوردا تۆنیان توندتر بووە و، تەنانەت جۆرێ لە هەق، بە هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر عەفرین دەدەن. بەم شێوەیە ڕووسیا جارێکی دیکە ڕێگەی بە فڕۆکەکانی تورکیا دایەوە عەفرین بۆمباران بکا.

لە ٢٠ی ١ی کانوونی دووەمەوە تا ٣ی شوبات، تورکیا تەنیا (١٦) گوند و چەند بەرزاییەکی لە عەفرین گرتبوون، بەڵام لە ماوەی (٤ - ١٠)ی شوبات، کە ڕووسیا ئاسمانی عەفرینی لە فڕۆکەکانی تورکیا قەدەغە کرد، شەڕڤانان (٧ - ٨) گوندیان لێ ستاندنەوە و، هاوکێشەکە خەریک بوو بە قازانجی کورد دەکەوتەوە... بەڵام کە سەفقەکەی پەیەدە- ڕووسیا و سووریا و ئێران سەری نەگرت، جارێکی دیکە ڕووسەکان ڕێگەیان بە فڕۆکەکانی تورکیا دایەوە. لە ماوەی ڕابردوودا، سەرباری بەرخۆدانی قارەمانانەی شەڕڤانان، ناوەندی ناحیەک و زێتر لە (٦٠ - ٧٠) گوند و چەندین گرد و بەرزاییی ستراتیژی کەوتوونەتە دەست تورکیا و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سەر بە تورکیاوە... واتە وردە وردە هێزەکانی تورکیا لە هەموو لایەکەوە گوند دەگرن و دێنە پێش و، جەنگەکە دەبێتە جەنگێکی ئیستینزاف. لەو ڕەوشە ئابلووقەدراوەی عەفریندا، کورد بەتەنیا تا سەر ناتوانێ بەرگە بگرێ و، هەوڵی داوە شەریکێک بۆ خۆی پەیدا بکا! شەریکەکەیش، میلیشیا شیعەکانی سوورییەن کە لە ٢٣ی شوباتەوە چوونەتە عەفرین.

## مەبەستەکانی ئەردۆغان:

ئەردۆغان مەبەستەکانی لەو شەڕە چ بووە: یەکەم، وەک دیارە تورکیا ڕێگە بە کورد نادا، هیچ قەوارەیەکی لە ناوچەکەدا هەبێ؛ چ جای ئەوەی کە ئەو قەوارەیە بەدەست پەیەدەی نزیک لە پەکەکەوە بێ. دووەم، بە قسەی ئەردۆغان، گوایا کورد لە عەفرین کەمینەیە و ئەوان عەفرین ڕزگار دەکەن و دەیدەنەوە دەست خاوەنە ڕەسەنەکانی، کە ئەوانیش عەرەبن. بۆ ئەمەیش ئەو ئاوارە سوورییانەی لە تورکیان، لە عەفرین نیشتەجێ دەکەنەوە. وەک دەریش کەوتووە، تورکیا هەر شوێنێک داگیر بکا، دای دەکوتێ و لێی ناکشێتەوە و دیمۆگرافیای ناوچەکە، لێرە واتە عەفرین، دەگۆڕێ و خەونی گەیشتنی کورد بەگشتی نەک هەر کوردی ڕۆژاڤا، بە دەریای سپیی ناوەڕاست، دوور دەخاتەوە. سێیەم، ئەردۆغان دەیەوێ بە گرتنی عەفرین، پێگەی تورکیا لە پرۆسەی ئاستانا و سوتچی بەهێزتر بکا و، بەکورتی بەشێکی زۆرتری پێ ببرێ. چوارەم، بە گرتنی ناوچەی عەفرین لە حاڵەتی

پێکنەهاتن لەگەڵ ڕووسیا و ئێران و ئەسەددا، بە سوپای سووریای ئازاد و بەرەی ڕزگاریی سووریا کە بەم دواییانە پێک هاتووە، ڕێگە بۆ پەلاماردانی باکووری حەلەب بکاتەوە و ئێران و نیزامی ئەسەد بخاتە ژێر گوشارەوە و ئومێدێک بۆ ڕووخانی ئەسەد و پشتیوانیی زێتری قەتەر و سعوودیا بەدەست بهێنێ و، سەودایشی لەگەڵ ئەمریکادا پێ بکا. پێنجەم، گرتنی عەفرین بۆ ڕای گشتیی ناوخۆی تورکیا و هەڵبژاردنی ساڵی ئایندە بەکار بهێنێ.

لە بەرانبەردا، بژاردە تاڵەکەی دیکەی پەیەدە، نیزامە دیکتاتۆرەکەی ئەسەد بووە، کە زۆر پەڕپووت و لاوازە. ئاخر ئەگەر ڕووسیا و ئێران نەبان، ئەو نیزامە لەمێژە داری بەسەر بەردەوە نەدەما. پەیەدە لە نێوان دوو دژمنی داگیرکەردا، کە یەکیان داگیرکەرێکی بەهێزی دەرەکی و ئەوی دیکەیان داگیرکەرێکی پەڕپووتی ناوخۆیی (سووری)یە، دەبوایە یەکێکیان هەڵبژێرێ؟ یان چیی کردبا لەناو جەرگەی جەنگێکی مان و نەماندا: شەڕکردن تا سەر، یان دوژمنە پەڕپووتەکە، واتە ئەسەد هەڵبژێرێ کە هێشتا بەرەوڕووە لەگەڵ موعارەزە ئیسلامەوییە جیهادی و تەکفیرییەکاندا کە کەمیان بە کورد نەکردووە لە کۆبانێ و لە سەری کانیێ و و، ئێستەیش هاوپەیمانی تورکیای ئەردۆغانن.... پەیەدە دژمنە پەڕپووتەکەی هەڵبژارد کە پشتەئەستوورە بە ڕووسیا و ئێران!

بە بەرچاوی دنیاوە، لە (٢٣)ی شوباتەوە، هەندێ یەکەی میلیشیاییی عەرەبی شیعە گەیشتوونەتە عەفرین. ژمارەیان چەندە و چ جۆرە چەکێکیان پێیە، دەچنە کوێی عەفرین، ئایا هاوسەنگیی هێز دەگۆڕن و لە ئەنجامدا شەڕەکە وردە وردە خاو دەبێتەوە و دواتر ڕادەگیرێ، یان جەنگ لە نێوان تورکیا لە لایەک و شەڕڤانان و ئەو میلیشیا شیعانە لە لاکەی ترەوە خەستتر و توندتر دەبێ و دەبێتە جەنگی نێوان دوو دەوڵەت؟

من یەک بەبارە خۆم، هیچ وەڵامێکم پێ نییە و هەر دوو ئەگەرەکەی پەرەگرافی سەرێ ڕێیان تێ دەچێ! بەڵام تا ئێستە هیچ شتێک دیار نییە و ئەو میلیشیا شیعانە بەشدارییەکی ئەوتۆی شایانی باسیان لە شەڕەکاندا نەکردووە؟ چونکە ئەو لایەنانە، ڕووسیا و ئێران و تورکیا، لەسەر خاکی سووریا ئەجێندای لێکجیاوازیان هەیە؛ بەکورتی لێک بەغەرەزن و لێکتریش دڵنیا نین. لە سەرێکی دیکەیشەوە ئایا ئەمریکا چۆن لێرە بەدواوە، مامەڵە لەگەڵ پەیەدە و یەپەگە و هەسەدە دەکات کە ئەو سەودایەی لەگەڵ میلیشیا شیعەکاندا کردووە؟ دیسان من وەڵامێکم پێ نییە... یان ئەوەتا ڕووسیا و ئەمریکا وەک فیلمەکەی عادل ئیمام لەگەڵ یەکدیدا ڕەفتار دەکەن: "واحدة بواحدة"؟

وەک لە سەرەوە گوتم، هەندێ یەکەی میلیشیاییی شیعە کە پێیان دەگوترێ "القوات الشعبیة"، گەیشتوونەتە

عەفرین. ئەم میلیشیایانە لە ئێران نزیکن. ئێران لەو شەڕەی عەفرین، لە خەمی کورددا نییە و پشتی بۆ کورد نایەشێ، چونکە هەم خۆبەڕێوەبەری کورد و هەم دۆستایەتیی کورد و ئەمریکا بە قازانجی ئێران لە سووریا و لە ناوچەکە نابینێ، بەڵام لە مەبەستەکانی تورکیا و کاریگەریی بۆ سەر نفووزی ئێران لە سووریا دڵنیا نییە. بەڵام سێ خاڵ ئێران و تورکیا کۆ دەکاتەوە: هەر دوو دەوڵەت لە سیاسەتەکانی ئەمریکا نارازین؛ هەم لە هەوڵەکانی کورد بۆ خۆبەڕێوەبەری و، هەم لەبەر ڕووسیا کە هۆکاری بەیەکەوە کۆکردنەوەی هەردووکیانە لە سووریا.

## سیناریۆی دیکە:

ئەگەرێکی دیکە هەیە کە ناکرێ نادیدە بگیرێ و مەزەندەت بۆی نەچێ، ئەویش ئەگەر تورکیا ناچار بێ و عەفرینی بۆ نەگیرێ، لە نێوان بوونی خۆبەڕێوەبەرییەکی کورد کە پەیەدە سەرکێشیی بکا لە باکووری سووریا، یان جێگیربوونەوەی هێزەکانی ئەسەد وەک پێش ٢٠١١ لە ناوچەکەدا، ئەوا پێم وایە تورکیا ئەوەی دووەم هەڵدەبژێرێ. ئەم سیناریۆیە لەگەڵ ئارمانجەکانی ئێران و سووریای ئەسەد و ڕووسیاش تێک دەکاتەوە.

سیناریۆی دیکە ئەوەیە کە ڕووسیا و ئەمریکا نەیانەوێ شەڕەکەی عەفرین گڕی زێتر بگرێ و ببێتە جەنگێکی ناوچەیی کە بەرژەوەندییەکانی هەر دوو لای تێدا بکەونە خەتەرەوە؛ کاکەبرالە و سەودایەک لە نێوان خۆیاندا بکەن. واتە ڕووسیا، عەفرین ڕادەستی ئەمریکا بکا، لە بەرانبەریشدا هەندێ ناوچەی گرنگ و دەوڵەمەند بەگازی سروشتی، بە ڕژێمی ئەسەدی دۆستی ڕووسیا لە بەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات لە دێرزور بداتەوە. بەمەیش، ڕووسیا خۆی لە سەخڵەتیی بەرانبەر تورکیا لا بدا و مەسەلەکە بۆ تورکیا و ئەمریکا وەک دوو ئەندامی ناتۆ لێ بگەڕێ. بە هەر حاڵ ئەگەرەکانی پەرەسەندنی ڕەوش لە سووریا بەگشتی و لە ناوچەکانی سەر سنووری تورکیا کراوەن و، زێتر لە یەک خوێندنەوە و بۆچوون هەڵدەگرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوس - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# ئۆپەراسیۆنی عەفرین تازە دەست پێدەکات



**کارزان گلی**

رەنگە لە چەند رۆژی داهاتوو، سوپای تورکیا و جەیشی حوور، بچنە ناو عەفرین و داگیری بکەن، بەڵام شەڕی عەفرین لەو رۆژەوە دەست پێ دەکات، کە سوپای تورکیا چوە ناو سەنتەری شار و، ئیدی شەڕی کۆڵان بە کۆڵان برەوی پێ دەدرێت.

یەپەگە هەموو قورسایی خۆی دەخاتە سەر عەفرین و، چەکدارانی خۆی لە رۆژئاوای فورات و دوور نییە لە رەققەش بکێشێنێتەوە، تا بتوانێت لە عەفرین بەرگرییەکی بە هێز بکات. بێگومان بەمەش گروپی تیرۆرستی داعش زیندوو دەبێتەوە و دووبارە دەست بەسەر خاکی سووریادا دەگرێتەوە. پەنتاگۆنیش هەفتەی رابردوو رایگەیاند، کە داعش دەیەوێت خۆی کۆ بکاتەوە، چونکە ١٧٠٠ چەکداری یەپەگە بەرەی شەڕیان لە رۆژئاوای فورات بە جێهێشتوە و چوونەتە عەفرین.

ئەگەر داعش زیندوو ببێتەوە و هەروەها ببێتەوە خاوەن خاک، ملیارات دۆلار زیان بەر ئەمریکا دەکەوێت، چونکە ئەمریکا بە ملیارات دۆلاری خەرج کرد، تا رەققە و مەنبەج و چەند شوێنێکی تر لە دەستی داعش دەربهێنێت، ئێستاش بە پەلاماردانی تورکیا بۆ سەر عەفرین لە دەستی بدات، ئیدی ئەگەر بەهێزە ئەمریکا و تورکیا رووبەرووی یەکتری ببنەوە.

زیندووبوونەوەی داعش، بارودۆخی ناوخۆیی تورکیا تێک دەدات، چونکە ئیدی ئەمریکا هەموو هەوڵێک دەدات تا تۆڵەی ئەو ملیارات دۆلارەی خۆی لە تورکیا بکاتەوە، راستە عەفرین لە دەست دەچێت، بەڵام دیسان روو لە

یەپەگە دەکات و پێویستی زیاتری بەو هێزە دەبێتەوە.

ئەگەر داعش زیندوو ببێتەوە لە سووریا، بەرپرسیارییەتی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی تورکیا، چونکە تۆمەتباری دەکەن بەوەی ئەگەر پەلاماری عەفرینی نەدابوایە، یەپەگە بەرەی شەڕی لەگەڵ داعش چۆڵ نەدەکرد. نابێت بیریشمان بچێت، سوپای سووریای دیموکرات کە یەپەگە هێزە سەرەکییەتەکەیەتی، ئەندامی ئەو هاوپەیمانییەتە نێودەوڵەتییەیە کە پێکهێنراوە بۆ لێدانی داعش، بۆیە ئەرکی تورکیا قورس دەبێت.

دەکرێت بڵێین داگیرکردنی عەفرین لە لایەن تورکیاوە، تێکدانی ئاساییشی ناوەخۆیی تورکیای لێ دەکەوێتەوە و، لە بری قازانج بە زیان لێی دەچێتە دەرەوە. پێشتریش چەند شرۆڤەکارێکی سیاسی، پێیانوابوو ئەمریکا و روسیا تەڵەیان بۆ تورکیا داناوەتەوە، تا بیخەنە ناو شەڕی عەفرین، چونکە دەزانن بە ئاسانی لێی ناچێتە دەرەوە.

کۆی گشتی چەکدارانی یەپەگە لە رۆژئاوا ٦٠ هەزار چەکدار دەبێت، ئەمەیش چەندین جار رۆژنامە بیانییەکان ئاماژەیان بۆ کردوە، بەڵام لەو رێژەیە ٨ هەزار لە بەرەی عەفرین بوونە. ئەگەر بێت و ئەو ٥٠ هەزار چەکدارەی تریش بەرەی شەڕ لە دژی داعش بە جێ بهێڵن، بۆشاییەکی گەورە دروست دەبێت و داعش بە ئاسانی دەتوانێت خۆی نوێ بکاتەوە و لەوێ باڵا دەست بێت.

لەمساڵدا لە بری ئەوەی شەڕی ناوەخۆیی سووریا کۆتایی پێ بێت، شەڕێکی تری سەخت بەرپا دەبێتەوە و، دیسان وڵاتە زلهێزەکان شەڕی وەکالەت دەست پێ دەکەنەوە، زەرەرمەندی یەکەمیش هاووڵاتی سڤیلی سووریایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - رێکەوتی: ١١ی مارچی ٢٠١٨

## ڕەخنەی نارەخنە لەڕۆژئاوای کوردستان!



**شوان حەمە**

لەگەڵ توونـدبوونەوەی هێرشـەکانی تورکیـا بـۆ سـەر عەفرین، بەمەبەسـتی بەرژەوەنـدی سیاسـیو حیزبـی چەنـد لایەنێکی کوردی، لیرەو لەوێ تیروتانە لەشەرڤانانو لەئەزمونی ڕۆژئاوا دەدرێت.

با بگەڕێینەوە بۆ پێش هێرشەکانی سوپای تورکیاو ئیسلامییەکان و بزانین یەپەگەو یەپەژە چییان کرد؟

یەپەگە یەپەژە لەعەفـرین، بـێجگە لەخۆڕادەسـتکردنو پاشەکشـە، هەمـوو هەوڵێکـی تریـان داوە، تـا عەفـرین بپارێزن.

ساڵی پار یەپەگەو یەپەژە لەگەڵ ڕوسەکان گەیشتە لێکتێگەیشتن بەجێگیرکردنی چەند بنکەی سەربازی ڕوسی لەهەرێمی عەفرین. یەپەگەو یەپەژە هەوڵیان دا لەرێگەی هێنانی ڕوسەکانەوە عەفرین لەهێرشی سوپای تورکیا بپـارێزن. بەڵام دوای چەنـد مانگێک ڕوسـەکان لەگەڵ تورکەکانـدا ڕێکەوتـنو گڵـۆپی سـەوزیان بـۆ سـوپای تورکیـا داگیرساند هێرش بکەنە سەر هەرێمەکە!

لەهەوڵێکـی تـردا، جـارێکی تـر یەپەگەو یەپەژە، بەمەبەسـتی هەڵوەشـاندنەوەی پـلانەکەی ڕوسیاو تورکیـا، بـۆ پاراستنی عەفرین، لەگەڵ حکومەتی سوری گەیشتە لێکتێگەیشتن! لەئەنجامی ئەو لێکتێگەیشتنە، هێزێکی میلیی سەر بەسوپای سوریا بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای تورکیا، چوونە ناو هەرێمی عەفرینەوە.

دوێنێ سوپاسالاری ڕووسیا فالیری غیراسیموف نامەیەکی لەفلادیمیر بوتینەوە گەیاندووەتە بەشار ئەسەد. لەونامەیەدا بۆتین داوا لەئەسەد دەکات ناوچەکانی عەفرین ڕادەستی تورکیا بکرێن، ئەو هێزە میلیپیانەی کە دوو هەفتە بەر لەئێستا بۆ پشتیوانی لەعەفرین چوونە ناو هەرێمەکەوە، پاشەکشە بکەنو خاڵە سەربازییەکان ڕادەستی سوپای تورکیا بکەن!

ئەمڕۆ سەرکردایەتی سەربازی یەپەگە بەفەرمی بەرنامەو پێشنیاری روسەکانی ڕەتکردەوە. یەپەگە ئامادە نییە خەڵکو خاکی خۆی ڕادەستی تورکیا بکات. بەڵام ئامادەیە تا کۆتایی بجەنگێت.

تا ئێستاش شاری عەفرینو ناحیەیەکو زیاتر لەسەد گوند، پارێزراوی دەستی شەڤانانی یەپەگەو یەپەژەن. زانراوە لەشەڕەکانی هەفتەی ڕابردوودا، یەپەگەو یەپەژە گورزی قورسیان لەسوپای تورکیاو ئیسلامییە توندڕەوەکان داوەو سەدان سەربازوچەکداریان کوشتووە.

پرسی عەفرینو عەفرینییەکان تەنها لەڕووبەڕووبوونەوە سەربازییەکاندا نەوەستاوە! ئێستا عەفرین وزەی خەباتێکی نوێی جەماوەریو مەدەنیانەیە، بەتایبەت لەباشووری کوردستانو لەئەوروپا.

لەئێستادا لەچەندین پایتەختو شاری گەورەی ئەوروپی، کوردەکان بەئاڵای یەپەگەو یەپەژەوە دەرگای ماڵی سەرۆکوەزیران و میدیا گەورەکانی ئەو وڵاتانە دەگرنو داوای داپەروەریو پاراستنی عەفرینیان لێ دەکەن. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەخەنە بەر دەم بەرپرسیارییەتی ئەخلاقیو ئینسانیو یاسا نێودەوڵەتییەکان!

بەڵی تواناکانی یەپەگەو یەپەژەو سەرکردایەتی ڕۆژئاوا، لەسەر هەردوو ئاستی سەربازیو سیاسیی، تواناگەلێکی بەهێز کاریگەرو ئاقڵمەندانەیە. گەمەی سەرکردایەتی ڕۆژئاواش بەر لەوەی لەگەڵ حکومەتەکانی سوریاو تورکیا بێت، لەگەڵ روسیاو ئەمریکادایە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٢ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوەیەکگرتوەکان لە کوێن؟!



**لوقمان مستەفا ساڵح**

سوپای تور کیا لە (٢٠ - ١ - ٢٠١٨)ەوە بە هاوبەشی لەگەڵ هاوشێوەکانی داعش و بە پشتیوانی ناڕاستەوخۆی ناتۆ دەستیان کردوە بە ئۆپراسیۆنێکی سەربازی چڕ،لە ژێرناونیشانی (چڵە زەیتوون) کە سەرەتا ئامانج لێی بریتی بوو لە چونە ناوخاکی سوریاوە بە قوڵای (٣٠)کم لە سنوری عەفرینەوە،بەڵام پاشان چاوی تەماعیان گۆڕی بۆ داگیرکردنی تەواوی ڕۆژئاوای کوردستان،کە لە لێدوا نەکانی ئەم دوایـیەی ئۆردۆگان وداروودەستەکەیەوە ئەم چاوجنۆکیە پشتڕاستکرایەوە.

تورکیا هەمیشە یەکینەکانی پاراستنی گەل کە بەشێکی سەرەکی هێزە کانی سوریای دیموکرات پێکدەیەنن بەوە تۆمەتبار دەکات کە ئەوان بەشێکن لە پارتی کرێکارانی کوردستان کە پارتێکی کوردییە و لە قۆناغی خەباتی رزگاری نەتەوەیی ونیشتیمانیدایە دژی تورکیا ئەمە لە کاتێکدا یەکینەکانی پاراستنی گەل ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوان هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆیان لەگەڵ پارتی کریکارانی کوردستان نیە.

بەڵام.... تورکیا بێ گوێدانە یاسا و بنە ما نێودەوڵەتێکان،هێرشی بەر بڵاوی دەست پێکرد،هەروەک ئاشکرایە لەپاش جەنگی جیهانی دووەمەوە بە تایبەتی لەدوای دەرکردنی بڕیاری نەتەوەیەکگرتوەکانەوە بەدەق یاساغی کردووە کە هیچ وولاتێک بۆی نیە دەست درێژی بکاتە سەر وولاتێکیترو کوشت وبڕی خەکەکەی بکات، ڕێکخرواى نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکخراوێکی جیهانی نێونەتەوەییە، کە بیرۆکەی درووست بوونی دەگەڕێتەوە بۆ ١٢ ئۆگستی ١٩٤١ واتە دواى کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم. مەرجەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بەمەبەست لێی:-

- ئاشتی و ئاسایشی تێونەتەوەیی، بۆ پاراستنی ئاشتی لەسەر ئاستی جیهانیی بۆ پێشخستنی پەیوەندییەکی برادەرانە لەنێونەتەوەکان.
- یارمەتی دانی نەتەوەکان بۆ کارکردن لەگەل یەکدا بۆ باشترکردنی باری گوزەرانی هەژاران ،سەرکەوتن بەسەرنەخوێندەواری ونەخۆشی وبرسیەتی یەکتر.وە بۆ هاندانی ڕێزبۆماف وئەرکی ببێ بە مەڵبەندێک بۆ یارمەتی دانی نەتەوەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە.

هەروەها هۆکارێکیتری ڕێگری کردن لە وجۆرە هێرشانە بۆ سەر وولاتان... دامەزراندنی جارنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ بوو،کە ئامانج لێی:-

پارێزگاری لە مافی مرۆڤ و بەرگری لە ڕوودانی شەڕێکی تری وەک شەری دووی جیهانی، کە پتر لە ٦٠ میلیون ئینسانی تێدا کوژرا، هەروەها بۆ ئەوەی جیهانێکی نوێ، لە سەر بناغەی ئازادی و یەکسانی و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ دابمەزرێ و تەنگ و چەڵەمەکانی نێوان گەلان و دەوڵەتان لە ڕێگای وتووێژ و حاکمییەتی یاساوە چارەسەر بکرێ..

لە یاسای نێو نەتەوەیی دا، حوکمی ئەم بانگەوازە، لە سەرەوەی یاسای هەموو ئەم وڵاتانەیە کە ژێرەکەیان ئیمزا کردوە.
هەروەها گەشەسەنی بیرۆکەی دیمۆکراسی و دامەزراندنی چەندین ڕێکخراوی مرۆیی وەک (جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ)وایان کرد تواناو هێزی ووڵاتە چاوچنۆکەکان بۆ سەر نەتەوە ژێردەستەکان بوەستێنن، کە لە جارنامەکەدا لەمادەی - ٢١ بە سێ خاڵ ئاماژەی پێکردووە:-

١- هەموو کەسیک مافی ئەوەی هەیە کە لە کارو باری بەریوە بەرایەتی گشتی ولاتی خۆی ، بەشیوەی راستەو خو یان لە ریگەی هەلبژاردەنی نوینەرانێک کە ئازادانە هەلبژێردراون بەشداری بکات.
٢- هەموو کەسیک مافی هەیە بە یەکسانیی هەلومەرجەکان، کاروباری گشتیی وڵاتی هەبێ.
٣- ئیرادەی گەڵ ،بنچینە و سەرچاوەی دەسەلاتی حکومەتە. ئەم ئیرادەیە دەبی بە شێوەی هەلبژاردن بیتە ئاراوە کە بە پێی راستگۆیی و بەشیوەی نەهینی یان هاوشیوەکانی بەریوە بچیت کە ئازادی دەنگدانی تیدا مسۆگەر دەکات.

لەگەڵ بوونی ئەم هەموو یاساو بڕیارانە کە وەک میتۆد ودەق ئامادەگی هەیە،بەڵام،، مەخابن لە ئەرزی واقع یەک بڕگەو مادەی لەبەرژەوەندی گەلانی بن دەستی ستەم لێکراوی وەک گەلی کورد لێ جێبەجێ نەکراوە ئەوا ڕۆژئاوای کوردستان،بە پێش چاوی ئەو ڕێخراوانەو هەموو دونیاوە تورکیا وهاوپەیمانەکانی هێرشی بۆسەر خاک و دانیشتوانەکەی ڕۆژ ئاوای کوردستان دەست پێکردووە زاڵمانە کوو شت وبری خەڵکی سڤیل دەکات، کە لەلایەن هەندێ وولاتانی ئەندام لەناتۆپشتیوانی دەکرێت کە هەندێ لەو وولاتانە خۆیان بە پارێزەر و داڕێژەری ئەو یاساو بریارانە دەزانن بۆ ڕێگرتن لەدەست درێژی وپاراستنی مافی نەتەوەکان.! هێرشەکەیان هاوکار لەگەڵ هێزە بەناو ئیسلامی یە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەو وەکو هاوشێوەکانی داعش بە هەمووجۆرە چەکێکی مۆدێرن بەر بوونەتە گیانی خەڵکی بێتاوان. سووربوونی هێزە سەرەکی یە نێودەوڵەتی و هەرێمی یەکانیش هۆکاری سەرەکین لەم تراژیدیایەی ئێستادا کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیان بەرەونائارامی تەواوو بردووە و ڕووبەڕوی کوشت وبڕو قات وقڕی کردۆتەوە لەسەرانسەری دونیاو ناچەکە بەتایبەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین - ڕێکەوتی: ١٢ی مارچی ٢٠١٨

## پەرلەمانی ئەڵمانیا: ئەوەی تورکیا دەیکات پێشێلی یاسا نێودەوڵەتییەکانە



**ئەڵمانیا، بێژەن بورهان**

**فراکسیۆنی چەپەکان پشتیوانی کورد دەکات**

بەشی توێژینەوەی زانستی لە بوندستاگ (پەرلەمان)ی ئەڵمانیا پێی وایە هێرشی دەوڵەتی تورک بۆ سەر عەفرین هیچ بیانوویەکی نییە و هیچ بەڵگەیەکی لەبەردەستدا نییە کە لەو کانتۆنەوە هەڕەشە لە ئاسایشی تورکیا کرابێت.

## پێشێلکردنی یاساکانە

ئامانجی ئەو توێژینەوە لە کەناڵی تەلەفزیۆنی یەکی ئەڵمانیدا بڵاوکرایەوەو تیایدا هاتوە بە پێی یاسای ٥١ لەبەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتوەکان پێدەچێت هەڵمەتی سەربازی تورکیا بۆ سەرعەفرین پێشێلکردنێکی دیاری یاسا نێودەوڵەتیەکان بێت، چونکە تورکیا هیچ بەڵگەیەکی نییە کەئەو هەرێمە هەڕەشە بێت بۆسەر ئەمن وئاسایشەکەی.

## گوایە موشەکی تێگیراوە

پێشتر تورکیا لەبەردەم ئەنجومەنی ئاسایشدا پاساوی ئەوەی هێنایەوە کە گوایە چەکدارەکانی ناو عەفرین هەڕەشەن بۆسەر ئەمن وئاسایشی و لەم دواییەدا مەترسی ئەو موشەکانە زیاتر بوە کە ئەو چەکدارانە لە عەفرینەوە ناو تورکیا دەکەنە ئامانج، هاوشێوەی ئەو موشەکانەی گیرانە هەردوو شاری «هاتای وکلیس» بۆیە ئەوانیش ڕوبەڕویان بونەتەوەو بەرگری لەخۆیان دەکەن.

## تورکیا ناتوانێت بیسەلمێنێت

توێژینەوەکەی پەرلەمانی ئەڵمانیا ئەوە دەردەخات کە هیچ بەڵگەیەکی سەلمێندراوی تورکی و نێودەولەتی نییە کە مەترسیەکی لەو جۆرە بسەلمێنێ و موشەک گیرابێتە ناو خاکی تورکیا، هەروەها تیایدا هاتوە تورکیا مافی ئەوەی هەیە بەرگری لەخۆی بکات و بەرپەرچی هەر گروپ و هێزێک بداتەوە کە مەترسی بخەنەسەر ئەمنو ئاسایشەکەی وکێشەی بۆ بنێنەوە، بەڵام ئەو وڵاتە دەبێ بەڵگەی زیندو بخاتە روو لەسەر چالاکی و هەڵمەتەکانیان لەدژیدا، لە کۆتاییدا ڕاپۆرتەکە دەڵێت: نابێت گومان کردن ببێتە هۆی ئەوەی کە هەڵمەتی سەربازی ببەی وشەڕ بنێیتەوە.

## پارتی چەپ ستایشی توێژینەوەکە دەکات

«ئەلیکسەندەر نوی» پەرلەمانتار لەسەر لیستی پارتی چەپی ئەڵمانی Die linke بۆ ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانی وتویەتی: ئەوەی لەناو ئەو توێژینەوەیەدا هاتوە هەمان هەڵوێستی پارتەکەیەتی و ئەوەی تورکیا دژ بە



سەرچاوە Serchawe

عەفرین دەیکات پیشێلکاریەکی دیاری یاساو ڕێسا نێودەوڵەتیتەکانە و ئەوان کار بۆ ئەوە دەکەن کە هەرچی زووە، ئەو شەڕە بوەستێنندرێ و چیتر هاولاتیانی مەدەنی شارەکە بەخۆڕایی نەکرێنە قوربانی. ئەوەشی ووت: کە مەحاڵە تازە حکومەتی ئەڵمانیا داوای تورکیا جێبەجێبکات لە تازەکردنەوەی گرێبەستی کرینی تانکی لیۆپاردۆی ئەڵمانی کە لە شەڕی عەفریندا بەکاری هێناوەو لەناو وڵاتەکەی مشتومڕێکی زۆری بەدوایخۆیدا هێناوە.

### بە درێژی لەسەر عەفرین دوا

هەروەها ڕۆژانی ڕابردوو»سێیم داغدالین» ژنە پەرلەمانتار لەسەر هەمان لیست لە کۆبونەوەیەکی پەرلەماندا بەتوندی ئیدانەی ئەو پەلامارەی تورکیای کردو بە هەوڵی داگیرکاری ناوزەندی کرد، باسی ئەوەشی کرد کە تا دوێنێ بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاویان لەدەستی شەرڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل و ژنان بو تا ڕەققە و کۆبانی و دەیان دەڤەری تریان لەدەستی داعش بۆپاک بکەنەوە، ئا لەو کاتەدا تورکیا هاوکاری چەکدارو تیرۆریستەکانی داعشی دەکردو ئێستاش ئەوانەی لە دژی تیرۆر دەجەنگان و تائێستاش بەردەوامن، تورکیا بە بەرچاوی هەموو دونیاوە هەڵمەتیان دەکاتەسەرو دیەوێت خاک و هەژمونیان لێ داگیربکات.

### ئەڵمانیاش کەمتەرخەمە

داغدالین ڕەخنەشی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ووڵاتانی زلهێز گرت، کە بێدەنگن لە ئاست ئەو پیشێلکاریانەی ڕژێمی تورکیاو داواشی لەحکومەتی وڵاتەکەی کرد کە چیدی هاوکاری ئەو ڕژێمە نەکاو پەیوەندیە دیپلۆماتیەکانی لەگەڵدا بپچڕێنێ و فشاری بخاتەسەر بۆ دەستهەڵگرتن لەو داگیرکاری و هەڵمەتە سەربازیانە، لۆمەی حکومەتی مێرکلی کرد لەوەی کە هەڵوێستی جدی و ئەرێنی نییە لە بەرامبەر سیاسەتی ئەردۆغان.

### پارتی چەپ دۆستی کوردە

شایانی باسە پەرلەمانتارانی پارتی چەپی ئەڵمانیا هەمیشە لەناو پەرلەماندا داکۆکی لە داخوازیەکای گەلی کورد دەکەن و کورد وەک میللەتێکی مافخوراو و ستەمدیدە ناودەبەن بەتایبەتیش کوردستانی تورکیا و هەمیشەش ڕوبەڕوی سیاسەتەکانی پارتی دادوگەشەپێدانی تورکی وئەردۆغان دەبنەوە لەبەرامبەر هەوڵی دوژمنکارانەیان بۆسەرکورد ، پێداگیری لەسەر ئەوەش دەکەن کە نابێت حکومەتی ئەڵمانیا بێ هەڵویست بێت لەئاست ئەو



سەرچاوە Serchawe

هەڵسوکەوت و سیاسەتانەیان و هەرهیچ نەبێت چەکیان پینەفرۆشێ و لەسەر ئاستی دیپلۆماستیدا فشاریان بخاتە سەر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٣ی مارچی ٢٠١٨

## لەعەفرین ڕۆچنی حەقیقەت و ئازادی سەرهەڵدەدات



**ئامەد شاهۆ**

54 ڕۆژە عەفرین لەناو دێوەزمەی تۆپباران و بۆردومانی فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا و هێرش و گەمارۆی چەتە بە کرێگیراوەکانی ئەردۆغان بەرخۆدان دەکات. تا ئێستا زیاتر لە ٢٣٠ هاوڵاتی مەدەنی کە ژن و منداڵیشیان لەناودایە، لە پێناو ژیانێکی ئازاد لەسەر خاک و نیشتمانی دایکیاندا گیانیان بەخت کردووە و بە سەدان کەسی تریش بریندار و بە سەدان هەزار کەسیش مەترسی کۆمەڵکوژی، قڕکردن و تاڵان کردن یان لەسەرەوە تێکدانی دیمۆگرافیا و لەناوبردنی ژینگەی نیشتمانێک لەئارادایە.

بەرخۆدانی هاوچەرخی عەفرین لەبەرامبەر دڕندانەترین هێرشی ئەم سەدەیە، ناخ و دڵی هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازی هەژاند و چرکەی لێدانی دڵی هەر کوردێک ئێستا لەعەفرین لێدەدات. عەفرین گۆڕەپانی ئەو پاڵەوانانەیە کە بە کەمترین دەرفەتی خۆیانەوە لەبەرامبەر زەبەلاحترین چەک و تەکنۆلۆژیای ناتۆوە دەوەستنەوە. چۆن لەناو گۆڕەپانی بەرخۆدانی سەردەمیانەی مرۆڤایەتی، ئیرادەی ئازادی مرۆڤ ئاڵای سەرکەوتن

دەشەکێنێتەوە. ئیرادەیەک کە بە هێز و مۆراڵی دایک و باوک و رۆڵە قارەمانەکانی وڵاتی زەیتون شکلی گرتووە. ئەوەش هەڵبژاردنی هێڵی سێهەم یان دیمۆکراسییە کە گەل لەبەڕێوەبردنی شار و تەنانەت پاراستنی خاکەکەیان بەشدارن. ئیرادەیەک کاتێک بڕیاری ئەوەی داوە کە پشت بە هێز و دەرفەتی ماددی و مەعنەوەی خۆی ببەستێت، هەرگیز خۆی رادەست و گرێدراوی هیچ هێز و لایەنێکی دەرەکی ناکات و لە پێناو پاراستنی خاک و نیشتمانی تا دوا هەناسەی ژیانی خۆڕاگری و تێکۆشان دەکات.

عەفرین هەوێنی پێکەوە ژیانی گەلانی ئازادیخواز، چەپگەر و سۆسیالیستی جیهانە. عەفرین دادگای مێژوویە. دادگای حەق و تۆڵەسەندنەوەیە. دادگای گەلە. دادگایەکە کە منداڵ، ژن، جوان و پیر بە تێکۆشانیان حساب لەزۆرداکەکانی سەردەم و پاشا دەمامکدارەکان دەپرسن. دادگایەکە کە رۆچنی حەقیقەت و ئازادی تێدا سەرهەڵدەدات. عەفرین شاری گەلە، نە شاری ئەرباب و دەوڵەتخوازەکانە. شاری ئەڤێستا خابوور، بارین و پۆڵاتەکانە. ئەو شارەیە کە سەرجەم بوونەوەرانی دژ بە ئۆختابوتی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ئەردۆغان و دارودەستەکەی وەستاونەتەوە. عەفرین ئەو شارەیە کە زنجیری کۆیلایەتی تێدا پچڕێندراوە. شارێکە کە ژنان و منداڵانی لەگەڵ دەبابەو فڕۆکە جەنگیەکانی ناتۆ زۆرانبازی دەکەن. شارێکە کە مرۆڤەکانی لە پێناو خۆشەویستی ژیان دا ئامادەی مردنن. شارێکە کە دایک، باوک و فەرزەند لە پێناو پاراستنی بووکی وڵات لەناو سەنگەرێکدا شەهید دەبن. شارێکە کە هەر بستە خاک و دارە زەیتوونێکی بە خوێنی بێگەردی شەهیدان ئاو دراوە. عەفرین ناسنامەی کوردی ئازاد و رۆژهەڵاتی ناوینە.

واتا ئەو فەلسەفەی ئێستا لەعەفرین باوە، فەلسەفەی تێکۆشان و بەرخۆدانە. فەلسەفەی ژیانی ئازادە. فەلسەفەی چۆن بژینە. شەڕی چاکە لەگەڵ خراپەیە. شەڕی رۆشنایی لەگەڵ تاریکییە. شەڕی مانەوەو نەمانە. شەڕی دیمۆکراسی لەگەڵ دیکتاتۆریەتە. شەڕی شۆڕشگێڕی گەلە. شەڕێکە کە هەر کەس لە پێناو پاراستنی ماڵ و حاڵی خۆیدا لەسەنگەری تێکۆشان و پاراستندایە. بۆیە ئەو شەڕە سەر دەکەوێت کە ئیرادەو باوەڕی تەقەمەنی شەڕەکەیە. ئەوەی کە خاوەن ئیرادەو باوەڕییە گەلی عەفرینە. ئەردۆغان خاوەن چەک و تەکنۆلۆژیای ناتۆیە. گەلی کوردیش خاوەن ئیرادەو باوەڕی مرۆڤایەتییە. خاوەن تاکتیک و ئیستراتیژی شەڕ و تێکۆشانە. بۆیە کوردێک خاوەن ئەو رێچکە بێت هەرگیز ملکەچی ملهۆڕەکانی سەدە نابێت و تا گەرەنتی سەرکەوتن لەتێکۆشاندایە.

عەفرین نە تەنیا شار و جۆگرافیایەکە. بەڵکوو قەڵای بەرخۆدانی مرۆڤایەتییە. رەمزی یەکگوتاری، هاوئاهەنگی و

یەکگرتنە. مەڵبەندی وڵاتپارێزان، نیشتمانپەروەران و ئازادیخوازانە. ئەمڕۆ عەفرین ڕۆحێکە کە لەجەستەی سەرتاسەری جیهاندا بڵاو بووەتەوە. عەفرین ڕۆح و باوەڕییەکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەربڵاوتر و بەهێزتر دەبێت. عەفرین، باشوورە، ڕۆژهەڵاتە، باکوور و ئەوروپایە. بانگی گەلێکی چەوسێندراو و زوڵم لێکراوە. هیوا و ئاواتی گەلانی ناوچەکەیە. بوێری و ئازایەتی ناو مەیدانی ئارینای نەتەوە یەکگرتووەکانە. قەڵغانی پاراستن دژ بە فاشیزم و دیکتاتۆریەتە. لانکەی جوانی، شکۆ و قارەمانی سەدەی بیست و یەکەمە. مەڵبەندی ژنان و دایکانی شۆڕشگێڕە. مەڵبەنی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتییە.

پشتیوان و توانجی عەفرین، گەلی کورد و گەلانی ئازادیخوازی جیهانە. نزیک دوو مانگە هاوشانی گەلی عەفرین لەسەرجەم سەنگەرەکانی جیهاندا دژ بە فاشیزم و دیکتاتۆریەت تێکۆشانی بێوچان بەڕێوە دەبرێت. سەرهەڵدان لەدوای سەرهەڵدان، بەشداری گەنجان بۆ ناو ڕیزەکانی بەرخۆدان یەک لەدوای یەک، کۆبوونەوە لەدوای کۆبوونەوە، سەردان لەدوای سەردان، دیدار لەدوای دیدار بۆ عەفرین ساز دەکرێت. بۆ ئەوەی عەفرین سەربکەوێت، جەماوەر لەناو چالاکی دایە. واتا عەفرین هەستانەوەو ژیانەوەی کورد و مرۆڤایەتییە. عەفرین دەستەواژەکانی خاک، نیشتمان، وڵاتپارێزی، شۆڕش، شۆڕشگێڕی، کورد و کوردستان، بەرخۆدان، شەڕ و ئاشتی سەر لەنوێ پێناسە کرد. عەفرین مێژووی گەلانی ژێردەست و بێدەوڵەت بە ڕووباری خوێن دەنەخشێنێت. عەفرین هێزی داماڵینی دەمامکی خوێنمژەکانی کوردە لەئاستانە، سووچی، ژنێڤ، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمریکا و ئەوروپا.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهان و نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەرامبەر دڕندەیی و هێرشی لێڤی ئەتهانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و ئۆختابووتی ئیسلامی سیاسی کەڕ و لاڵ بوون و دەرحەقی وەحشیەتی سۆپای مەغۆڵە هاوچەرخەکانی ئەردۆغان بێدەنگن. بێدەنگی بەرامبەر پەلاماری سەر هێزێک کە بە تێکشاندنی چەتەکانی داعش شکۆ و کەرامەتی مرۆڤایەتی ڕزگار کرد، قابیلی بەخشین نابێت.

دڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش چرکە بە چرکە لەعەفرین لێ دەدات. سەرکەوتنی عەفرین سەرکەوتنی گەلی ڕۆژهەڵاتیشە. بۆیە گەلی کورد بۆ گەرەنتی سەرکەوتنیان بە ڕژانە سەرشەقام سەرجەم کۆسپ و لەمپەرەکانیان وەلا نا. ئەزموونی خاوەنداریتی بە خرۆشی گەل لەڕێبەر ئاپۆ و کۆبانێ، لەڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە نرخ و گرنگە. واتا گەلی ڕۆژهەڵات خاوەن میراتێکی مەزنی بەرخۆدان و تێکۆشانە. بە دەستپێکردنەوەی شەپۆلی نارەزایەتی دژ بە هێرشە دڕندانەکانی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بۆ سەر عەفرین سەنگەرێک لەبەرخۆدانیان

بەهێزتر و تۆختر کرد و لاڤێکی ئۆختابووتی سەر سینگی عەفرین یان هەژاند. ئەوەش بە پێچەوانەی ئەو مایک و بەڵەنگۆیانەیە کە نەڕەی نەتەوەپەرەستی و خیانەت لەرۆژهەڵاتی کوردستان دەپاشێنن. خاوەنداریتی لەشارێکی کوردستان نەعەیبەو نە شاکارە. بەڵکوو ئەرکێکی ویژدانی، ئەخلاقی و شۆڕشگێڕییە. هاوکات هەڵگرتنی سنوورەکانی ناو مێشکە داگیرکراوەکانە. عەفرین پارچەیەکە لەجەستەی رۆژهەڵاتی کوردستان و تایبەت ئەو مایک، زۆرناژەن و خۆخۆرانەی کە کوردستان لەت و پەت و پارچە دەکەن، مۆرە گۆلبژێرەکانی رژێمی شەڕی تایبەتی تورکیا و ئێرانن. ئەوەی مایەی شەرمەزاری و نیفرەتە هەندێک کەس و لایەن بە هەموو ئیمکاناتی خۆیانەوە کەوتوونە خزمەتی ئەربابانیان و تۆخمی بێهیوایی و شکست لەکوردستان دەپاشێنن. هەموو هەوڵێک دەخەنە گەڕ تا حەقیقەتی خۆڕاگری عەفرین بە پەردەی خیانەت داپۆشن. گەلی رۆژهەڵات ئەمڕۆ خاوەن مەڵبەند و شەرڤانێکە کە دەست بە یەخەی ئەردۆغان، وتەبێژی ناتۆ بووەو شەڕی کۆڵان بە کۆڵان و شاخ بە شاخ لەگەڵ دووەمین هێزی ناتۆ دەکات. خاوەن ئەزموونێکە کە جیهانی سەرسام کردووە. لەمنداڵەوە بگرە تا ژن و بە ساڵاچووان هەمووی ئەویندارى خۆ کردووە. مەزن بوونی بەرخۆدانی سەردەمیانەی عەفرین چاوی نەیارانی ئاشتی و ئازادی و پێکەوە ژیانی گەلانی کوێر کردووەو عۆقرەو خەوی ئارامیانی لێ زڕاندووە.

شەنگال، جزیرە، کۆبانێ و عەفرین سەرچاوەی ئیلهامی تێکۆشانی ئازادیخوازی گەلی رۆژهەڵاتی کوردستانە. بەهەندگرتنی ئەزموونی کۆبانێ و عەفرین تێگەهێشتن لەحەقیقەتی شۆڕشی گەلانە. لەکوردستان شەڕی شۆڕشگێڕی گەل لەئارادایە. گەلی رۆژهەڵاتیش پارچەیەکە لەو شەڕە. ئەمڕۆ گەلی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە رژانە ناو شەقامەکان و خۆپیشاندانی دیمۆکراتیانەو بەردەوام کردن و بەرفراوان کردنی، خاوەنداریتی لەبەرخۆدانی عەفرین دەکات. ئەوەی ئێستا لەدەستی گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان دێت و هەڵوێستیان کاریگەری ئەرێنی دەبێت بۆ ڕماندن و لاوازی ئابووری تورکیا پێویستە لەشەخس و بنەماڵەی خۆ کەمپینی (نا بۆ کڕینی شت و مەکی تورکیا) دەستپێ بکەن و لەئاستی گشتی کۆمەڵگا پەرەی پێ بدرێت و گرنگی بە بەرهەمە خۆماڵی و هەرێمی بدرێت. هەروەها بۆ بێکاریگەر هێشتنەوەی میدیاکانی تورکیا بە کەمپینی (نا بۆ دراما تورکیەکان) چالاکی کلتووری، کۆمەڵایەتی و ئابووری دژ بە تورکیا لەسەرجەم جۆمگەکانی کۆمەڵگا وەگەڕ بخرێت و میدیای تورکیا و جاشۆلکەکانی کە نەتەوەپەرەستی و فاشیزم پەرەپێ دەدات بایکۆت بکرێت.

ئەوەی روونە گەلی رۆژهەڵاتی کوردستان بە رۆحی بەرخۆدانی سەردەمیانەی عەفرین ئاگری نەوروز لەسەرجەم گوند و شارەکانی رۆژهەڵات بە دروشمی (ئێرەش عەفرینە) هەڵدەکات. جەژنی نەوروزی ٢٧١٨ی کوردی، نەورۆزی

خاوەنداریێتی لەکرماشان، عەفرین و ئێش و ئازارەکانی گەلەکەمانە. نەورۆزی گەشکردنی ئاگری رق و نیفرەت لەبەرامبەر دەوڵەتی فاشیستی تورکیاو هاوپەیمانانیەتی. نەورۆز حەڵقەی یەکخستنەوەی ئازادیخوازان و نیشتمانپەروەران دژ بە داگیرکاری و دیکتاتۆریەتە. بۆیە لەنەورۆزی ئەمساڵادا گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە نەورۆز بە هەستی خاوەنداریێتی لەگەلی کرماشان و عەفرین پیرۆز دەکات و بە بەرپرسیارییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخی هەستیاری عەفرین دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەری پلاتفۆرمی زاگرۆس - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠١٨

## لەسەر عەفرین هەڕەشەی کوشتن لە بەرپرسێکی باڵای ئەڵمانیا کرا



بێژەن بورهان

### سیاسەتمەداری چەپەکان و دۆستی کوردە

لەم ڕۆژانە لەچالاکیەکی تۆیتەردا «بۆدۆ ڕامیلیۆ» سەرەک وەزیرانی هەرێمی تورینگنی ئەڵمانیا لەسەر لیستی پارتی چەپ لە کۆمێنتێک بۆ پۆستێکی «کانسۆ ئۆزدەمیر» پەرلەماناتری پارتەکەی لەهەرێمی هامبۆرگ لەسەر عەفرین پشتیوانی خۆی بۆ خۆڕاگری وبەرخۆدانی شەرڤانانی یەپەگە و خەڵکی مەدەنی شارەکە بەیان کردبوبەوەی توانیویانە شارەکەیان لەداگیرکاری سوپای تورکان بپارێزن و نەهێڵن دوژمنانیان بێنە پیشەوە، هەرلەکۆمێنتەدا دەیان جار نوسیبوی YPG،YPG،YPG .

## سەرچاوەی هەڕەشەکان ئاشکرایە

لەسەر ئەمەو دوای ڕۆژێک، هەر لە تۆیتەر و بەنامەی تایبەتی لەلایەن چەند کەسانێکەوە هەڕەشەو گوڕەشەی بۆ نوسراوە، کە ئەگەر بەردەوام بێت ڕوبەڕوی کوشتن دەبێتەوە، ناوبراو لەلێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی هەواڵی ئەڵمانی ڕایگەیاند، کە ئەو هەڕەشانە لەلایەن ژمارەیەک کەس ئەنجامدراون لەناو ئەڵمانیاو تورکیا، بۆیە لەپۆلیس و لای بەرپرسانی تۆیتەریش سکاڵای خۆی پێشکەشکردوە، چونکە ئەو کارەی بەتاوان و هەوڵی کوشتن لەقەڵەمداوە.

## سوکایەتیان بە هاوسەرەکەشی کردوە

جگە لەوەش ئەو بەرپرسە باڵایەی ئەڵمانیا بۆ میدیای وڵاتەکەی ڕایگەیاند، کە بەو هەڕەشانەش نەوەستان بەڵکو وێنەی هاوسەرەکەیان بە فۆتۆشۆپ دەستکاری کردووەو بەشێوەیەکی دوور لە بەها مرۆڤایەتیەکان و دوور لە ڕەوشتی مرۆڤ لەتۆیتەر بڵاویان کردۆتەوەو سوکایەتیان پێ کردوە.

## دۆستی کوردە

شایانی باسە لەوەتەی هەوڵی داگیرکاری عەفرین لەلایەن تورکیاوە دەستپێکردوە، ئەو بەرپرسە ئەڵمانیە لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان هەمیشە داکۆکی لە خەڵکی عەفرین و یەپەگە دەکاو کێشەکەیان بەڕەوا لەپێناوی بەرگری لەخاکو نیشتیمان وەسف دەکات، لە پۆستێکدا نوسیبوی کە ئەو بۆردومان و کوشتو کوشتارانەی سەر عەفرین پەڵەی شەرمەزارین بۆ ناتۆ و هەمان کات بۆ ئەڵمانیاش .

## کەسێکی مرۆڤدۆستە

«بۆدۆرامیلۆ» سیاسەتمەدارێکی دیاری پارتی چەپی ئەڵمانیەو لەساڵی ١٩٥٦ لەدایکبوە،لەژیانی سیاسیدا چەند پۆستێکی باڵای لە حیزب وحکومەت وەرگرتوە ، لەخولەکانی پیشوتردا ئەندام پەرلەمان بوە لەساڵی ٢٠١٤ ووەشە سەرەک وەزیرانی هەرێمی تۆرینگنە، کەسێکی مرۆڤدۆست و بیگانە دۆستە و لەکارەکەیدا خزمەتێکی زۆری بەو کۆچبەرانە کردوە کە لەماوەی سێ ساڵی ڕابردودا ڕوویان کردۆتە ئەڵمانیاو هەرچی لەتوانایدا بوە کردویەتی بۆ

هەرچی زۆرتری حەواندنەوەیان گرتنە خۆی ژمارەیەکی زۆرریان لەناو کەمپەکانی هەرێمەکەی، لەگەڵ ئەندامانی پارتەکەیدا لەهەموو هەرێمەکان لەناو حکومەت داکۆکی تەواو لە مافی کوردان دەکەن ،بەتایبەتیش ئەو زوڵم وزۆرەی کە تورکیا لەو میللەتەی دەکات، بۆیە تورکە ڕەگەزپەرستەکانی ناو ڕەوەندی تورکی ئەڵمانیا بەدوژمنی خۆیانی دەزانن و بەپێی ووتەی چاودێران هەرئەوانیشن کە گەفی کوشتنیان لێکردوە.

## ئەوە یەکەم جاریان نییە

ئەورەفتار و هەڕەشانەی کە لەو سیاسەتمەدارە کراوە لە ئەڵمانیا ،ئەوە یەکەم جار نییە بەڵکو لەسەروبەندی تێکچونی پەیوەندیەکانی ئەڵمانیا لەگەڵ تورکیا لەماوەی دوساڵی ڕابردودا، لەسەر لێدانی ژمارەیەک بەرپرسی ئەو وڵاتە، لەدژی ئەردۆغان چەند جارێکی تریش بەنامەی نهێنی لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان و بەتەلەفۆن ،زمانی هەڕەشە بەکارهاتووە پۆلیس لێکۆڵینەوەی دەستپێکردوە.

سەرچاوە: - کەناڵەکانی میدیای ئەڵمانیا

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٤ی مارچی ٢٠١٨



# ئیرادەی عەفرینو بێ ئیرادەیی هەرێمی کوردستان



**شەماڵ عادل سەلیم**

لەدوای زیاتر لە ٥٠ رۆژ لەبەرگریو بەرخودان، عەفرینییەکان دوێنی لەناو جەرگەی شارەکەیاندا ئاهەنگی سەرکەوتنیان دەگێرا، منداڵەکانیان سرودیان بۆ شەرڤانانی سەنگەرەکان دەچڕیو بەیەک دەنگو بەیەک ڕەنگ پڕبەقورگیان هاواریان دەکرد (بژی بەرخۆدانا عەفرینێ).

ئەمڕۆ گوندەکانی نزیکی ناوەندی عەفرین و گەڕەکەکانی دەرەوەو ناوەوەی عەفرین، بەچڕیی لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی تورکەوە بۆردومان دەکرێن . سوپای تورکیاو داعش و خوشک و براکانی بە پێشکەوتووترین چەکی ناتۆ هەمو هێزو توانای خۆیان خستوەتەگەر بۆ ئەوەی شارەکە داگیر بکەن، بەڵام روبەروی ئیرادەی پۆڵایینی گەلی عەفرین بونەتەوە، شەرڤانان بەچەکی ئاسایی زیاتر لە پەنجا رۆژە خۆراگری بێوێنە نیشانی جیهان دەدەن وئەمرۆ لەهەموو کاتێک زیاتر بەهێزترو پۆلایین ترن.

من لێرەدا دەمەوێ زۆر بەکورتی باس لەئیرادەی پۆلاینی گەلی رۆژئاڤاو بێ ئیرادەیی هەرێمی کوردستان بکەم، ئەوئیرادەیەی کە بەرامبەر دووەم هێزی عەسکەری ناتۆ لە شەرێکی نابەرابەردا نەک هەر نەشکاوە، بەڵکو رۆژدوای رۆژ بەهێزتر دەبێت ، ئیرادەیەک کە لەناو هزرو مێشکی تاکی کوردی رۆژئاڤا بنیاتنراوەو بە پرەنسیپە راستەقینەکانی وڵاتپارێزی و بەرخۆدان و گیانبازی ئاودراوە، ئیرادەیەک لەسەر ئەساسی پاراستنی خاک و بەردی وڵات بنیاتنراوە، ئیرادەیەک بەرامبەر تۆپ و تەیارەی دوژمن چۆکی دانەداوە، رێک بەپێچەوانەی بێ ئیردەیی خەلکی هەرێمی کوردستان، کە لە دوای ساڵی ١٩٩١ وە حزبەکوردستانییەکان بەسیستەماتیک کارییان لەسەر شکاندنی ئیرادەی پرسۆناڵی کورد کردووەو لەهەموو بەها نیشتیمانپەروەری و بەها بەرزەکانی گەلی کوردستان

خاڵیبیان کردۆتەوە کردویانەتە رۆبۆتێکی گوێ رایەڵی بێ موراڵ و بێ ئینتیما، ئێ خۆ هەرهەموومان باش لەبیرمانە لەناوەراستی ساڵی ٢٠١٤ دا، لەگەڵ نزیک بوونەوەی داعش لەسنوری هەرێمی کوردستان، زۆربەی دانیشتوانی هەرێم ،شارەکانیان چۆڵ کردوو بەرەو سنوورەکان کەوتنە رێ، لەوکاتەی هەرهەمان ئەوخەڵکە بون، لەساڵی ١٩٩١دا، دامودەزگاکانی ریژێمی بەعسی گۆربەگۆریان خستە بەرشەق و نەفرت و بەچەند رۆژێک کوردستانیان لەبەعس و بەعسییەکان پاک کردەوە، دەکرێ لەخۆمان بپرسین، بۆچی ئەو خەڵکەی، لەهەشتاکانی سەدەی رابردوو لەشەقامەکان هەولێرو سلێیمانی و دهۆک و کەرکوک و رانیاو هەڵەبجەو قەڵادزە وکۆیە شەقلاوە ،خۆپیشاندانیان دژی ریژێمی بەعس دەکرد و وێنەی سەددامیان دەخستە ژێر پێیان وبەئیرادەیەکی پۆلاین بەرنگاری درندەترین ریژێم دەبوونەوە، بۆچی لە ١٦ ئەکتۆبەر بەبریارێکی ئیرتجالی چەند بەرپرسێک کەرکوکیان تەسلیم کردو ئالای سپیان بەرزکردەوەو ؟ بۆچی حزبەکوردستانییەکان پێشمەرگەیان لەبەرامبەر میلیشیای حەشدی شەعبی ئیرادەشکاوو مل کەچ کرد؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دەبێ بگەرێینەوە سەرئەسڵی کێشەکان ، ئەویش بێ ئیرادەیی حزبە کوردستانییەکانە ئەو حزبانەی، بەسیستەماتیک لە ١٩٩١ وە کاریان لەسەر تێکشانی ئیرادەی خەڵکی کوردستان کردووە ، داروبەردی هەرێمی خێرلەخۆنە دیویان حزباندووە ، هەستی شۆرشگێریان لەلای تاکی کورد لاوازکردووە یان باشتر بڵێم هەر نەیان هێشتووە، وایان کردووە خەڵک رەحمەت بۆ ( کفن دز ) بنێرێت ، هەرئەودەسەڵاتەی بەناو دەسەڵاتی کوردی لە ٢٦ ساڵی رابردوودا ،تووێژێکی پەرازیت و تەمبەڵ و بندیوارو بەڵتەجی بەرهەم هێنا وە، کە تەنها کاریان بۆتە چەپلە لێدان و هوراکێشان بۆ حزبی دەسەڵات و سوکایەتی کردن بەهەموو بەها جوانەکان ، هەرئەودەسەلاتە مافیا ئاسایەی هەرێمی بەتەمای خودا بوو ، خەبات و تێکۆشان و بەرخۆدانی ناشرین کردوە ، هەرئەودەسەڵاتە گەندەڵەی هەریم بوو بەبێ گوێ دان بە پەروەردەکردن و بنیتنانەوەی تاکی کورد کەوتە بنیاتنای ( گوندی ئەڵمانی وئیتالی و ئینگلیزو دیڤان رۆتانەو شوێنەکانی دیکەی رابواردنی شەوانەی نوخبە دەولەمەندەکەی هەرێم .هەر ئەودەسەڵاتە گەندەڵەی هەرێم بوو لە ١٩٩١ وە میللەتی کردە مشەخۆر و بەکاربەر وپاشکۆو چاولەدەستی دەسەڵات ، شتێک نەما ناوی موراڵ و پرەنسیپە مرۆییەکان و خەبات و بەرخۆدان و بەرگری و ئیرادە و ئینتیما بێت.

هەرئەودەسەڵاتە کوردییە بوو وای کرد ئەمرۆ لەیادی راپەرینە مەزنەکەی ئاداری ساڵی ١٩٩١ کە بەرهەمی خوێنی شەهیدە نەمرەکانمانە ،خەڵک نەفرەت لە راپەرین بکات و پەشیمانی دەرببرێت و بڵێت : راپەرین ئامانجە

سەرەکییەکانی نەپێکاو بەقازانجی بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان نەشکاوە و لەبری خۆشگوزەرانی بوە هۆی ماڵوێرانی شکاندنی ئیرادەی گەڵی کوردستان و لەدەستدانی کەرامەت و بەها مرۆییەکانی خەڵکی کوردستان!!

لەکۆتایدا ئەوەندەماوەبلێم ، لەگەڵ ئەوەی سوپای تورکیاو چەتەکان تەنها چەند کیلۆمەتر لەناوەندی عەفرینەوە دورن ، کەچی بەرخۆدانی گەلی عەفرین و شەرڤانە گیانبازەکانی رۆژدوای رۆژ بەهێزتروبەهێزتر دەبن و دەڵێن : تا دوا دلۆپی خوێنمان بەرگری دەکەین و عەفرین چۆڵ ناکەین ، رێک پێچەوانەی خەلکی هەرێمی کوردستانی ئیرادە شکێنراو، کە سێ مانگ جارێک چاوەرێی چارەگە مووچەکەی دەکات و دەست لەدوعایەو نزاوتکا دەکات و لەخوای دەپارێتەوە کە ئەو سەدەقەیەی حکومەتە بێ ئیرادە کەی سێ مانگ جارێک وەک سەدەقە بەسەریان دابەشی دەکات بەردەوام بێت ، ئەوەیە جیاوازی لەنێوان بەرخۆدانی کۆبانی و ئیرادەی گەلی عەفرین و بێ ئیرادەیی خەڵکی هەرێم وسەرکردایەتییەکەی کە قودس و دڵی کوردستانی لەپێناو چەند بەرمیلێک نەوت و چەند سەفتە دۆلارێک هەراج کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٥ی مارچی ٢٠١٨

## هەڵە مەترسیدارەکانی ئەردۆغان



**ئیبراهیم شێخ محمد**

لەڕاستیدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕابردو سەرگوزشتەیەک بەمێژوی ئیمپریالیستی عوسمانیدا بکەین کەلەژێر خەلافەتو تاجو سەڵتەنەتدا حوکمڕانیان کردوەو فراوانخوازیان ئەنجامداوە،ئەوا بۆمان دەردەکەوێت عوسمانیەکان

مێژوێکـی خوێنـاوی(ئەپارتـایـدی) پـڕ لەجـەنگو کوشـتاریان ئەنجامـداوە هـەر لەکۆمـەڵکوژی ئەرمەنەکانـەوە تاوەکودەگاتە سەرکوت کردنی شۆڕشو ڕاپەڕینەکانی کورد،لەئێستاشدا سەرانی تورکیا بەسەرۆکایەتی ئەردۆغان لەژێرناوی (دادوپەرەپێدان)و لەسەر بنەمای (تۆرانیەت) هێدی هێدی هەنگاوبەرەوە دیکتاتۆرییەتو قۆناغی دوای دیکتاتۆریـەت هەڵدەگرن،ئـەردۆغان خـەون بـەوەوە دەبینێـت وەک سـوڵتانەکانی عوسمانی فـەرمانڕەوای ڕەهـای جوگرافیای ئەنادۆڵ بکات کەسەردەمانێک باج وسەرانەیان دەدایە سوڵتانەکانی عوسمانی، بەڵام مەودای خەون وهەستانەوە کورتە بۆیە ئەردۆغان ناتوانێت لەسیاسەتدا ڕیالیستی بێت تەنانەت لەسەر ئاستی شەقامی تورکیاش هاوسۆزی جارانی نەماوەوباوەڕ بەبەڵێنو دروشمەکانی کاڵ بوەتەوە.

ئەو لەخۆباییبون وبەربەریسم وغرورییەی ئەردۆغان باگڕاوندوپاشخانێکی مێژوی قوڵی هەیە،درێژکراوەی ئەوکلتورە فاشیزم وئیمپریالیستەیە کەچەند عەیامێک پێش ئەو دەوڵـەتی تورکیـای لەسـەر بونیـاد نـراوە،ئـەو سەرکێشیە سیاسیەی (عوسمانیە نوێیەکان)ئـەنجامی دەدەن لەلێسەندنەوەی پارێزبەنـدی لە پەرلـەمانتارانی هەدەپە تـاوەکو دەگاتە لەشکرکێشی بۆسەر ڕۆژئاوی کوردستان هەرلەوچوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، پرسیاری گرنگ ئەوەیە هەڵەکوشندەکانی ئەردۆغان چین؟کەدەکرێت هەموو ئەوانە گریمانەی ئەوەیان لێبکەین لەداهاتودا وەک کـارتێکی بەهێزنـەک دەوڵـەتی تورکیـا بـەڵکو خودی تـەیب ئـەردۆغانیش وابەسـتەی چارەنوسێک بکەن کەژیان وچارەنوسی ببەستێتەوە بە ئەو هەڵە مەترسیدارانەی ئەنجامیداوە گرنگترینیان:

١- مامەڵەکردن لەگەڵ تیرۆر: دوابەدوای سەرهەڵدانی داعش لەموسڵو داگیرکردنی سێیەکی خـاکی عێراق، تورکیـا بەشێوەی ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ ئـەم ڕێکخراوە تونـدڕەوەدا بەست،کەسەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بـۆ ئـازاد کردنی ئەندامانی کۆنسوڵخانەی تورکیا لەموسڵ،پەیوەندی بازرگانی هەر لـەکڕینی نەوتی داعشو یارمەتیدانی لۆجستی وچـەک لەکاتێکـدا هاوپـەیمانی نێودەوڵـەتی دژ بـەداعش بەبەشـداری(٨٠) وڵات پێکهێنرابـو، بـەبۆچونی مـن دەرئەنجامەکەی لەداهاتودا لەسەر تورکیا وخودی ئەردۆغان بەدیار دەکەوێت.

٢- سنور بەزانـدن: لـەڕوی یاسـای نێودەوڵەتیـەوە هەردەوڵەتـەو سـنوری تایبـەت بـەخۆی هەیـەو لەشکرکێشی بۆسـەردەوڵەتی دراوسـێ قەدەغـەکراوەو ڕێگـەی پێنادرێـت، لـەو چوارچێوەیـەدا ئـەردۆغان بێگوێدانـە پرەنسیپو یاسانێودەوڵەتیەکان سنوری (وشکانیو ئاسمانی) هەرێمی کوردستانی وەک بەشێک لەعێراق پێشێل کردوە، لەدوای سـاڵی ١٩٣٣ لـەگۆنگرەی(مۆنتیڤیـدۆ) لـەئۆرۆگوای پرەنسیپی(سـەروەری)وەک بەشـێک لەمەرجـەکانی دروست بـونی



سەرچاوە Serchawe

دەوڵەت ئاماژەی پێدراوە،ئەم سنور بەزاندنەی ئەردۆغان دەرئەنجامەکەی کوشتن وبریندار بونی سەدان هاوڵاتی سڤیلو زیانێکی ئابوری گەورەی بەکشتوکاڵو ژینگەی ناوچەکە گەیاندوە، هەمو ئەوانە بۆ ڕۆژئاوای کوردستانیش ڕاستە.

٣- سەرکوتکردنو لەناوبردنی هاواری دیموکراسی وئازادی کورد لەباکوری کوردستان بەبەکارهێنانی چەندین جۆری چەکی قەدەغەکراو،سەرباری گرتنی چالاکوانانی کورد کەلەئێستادا زیاتر لە(10)هەزار گیراوی کورد لەزیندانەکانی تورکیادا هەیە،لەسەروی هەمویانەوە ڕێبەر ئۆجەلانو سەلاحددین دەمیرتاش وەک دو سمبوڵو کاریزمای نەتەوەیی.

٤- جینۆساید: هەرکات گوێبیستی ئەو وشەیە دەبین ڕاستەوخۆ بیرو زیهنمان بۆتاوانەکانی صدام دەچێت، بەڵام لەم ڕۆژگارەو لەدنیای کرانەوەو بەجیهانیبونو دیموکراسیەتدا وەک بڵێی مێژوو خۆی دوبارە دەکاتەوە گەلی کورد لەباکوری کوردستان لەسەر بریاری صددامەکەی تورکیا بەرەوڕوی ئەو چارەنوسە بونەتەوە، تەقینەوە پیلان بۆداڕێژراوەکەی( پرسوس)و کارەساتی (ڕۆبۆسکی)و کۆمەڵکوژی گەلی عەفرین پەڵەیەکی ڕەشە بەڕوی ئەردۆغان وسەرانی تورکیا، بەبۆچونی من لەداهاتودا چارەنوسی ئەردۆغان وابەستە دەبێت بەم پرسەوە.

**دەرئەنجام:**

بەخوێندنەوەی ڕوداوەکان دەردەکەوێت لەئایندەیەکی نزیکدا هاوکێشەکانی تورکیاو ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەم دەوڵەتە بەڕوی کۆمەڵێک قەیرانی سیاسی وئابوری وسەربازیەوە گیرۆدە بووە، ئەم قەیرانانە لەهەر کات ئامادەگی تەقینەوەیان لێدەکرێت بەڵام ڕوداوەکانی ناوچەکە دوایخستوە.

ئەردۆغانو هاوڕاکانی لەڕوانگەی تۆرانیو قەومیەتو (ئۆپۆرتۆنیسم)ەوە سەیری پرسی کورد دەکەن، پێیان وایە شتێک نیە بۆ ئەوان لە هەڵگیرساندنی جەنگ باشتر بێت بۆ شاردنەوەی شکستەکانیان،هەموو ئەو تاوانانەی ئەردۆغان ودەوڵەتی تورکیا بەرامبەر بەکورد ئەنجامی داوە تاوانی نێودەوڵەتین ودەکرێت وەک کارتێک لەدادگای دادی نێودەوڵەتی کاری لەسەر بکرێت،مێژوو پڕە لەڕوداوی جەوهەردار تائەو ڕادەیەی کورسی وژێردەستەیی بۆ کەس نەبوە،ئەو لەخۆباییبونو (دیماگۆلی)و غروریەی ئەردۆغان لەدەرئەنجامدا چارەنوسێکی نادیار چاوەڕێی دەکات



سەرچاوە Serchawe

کەدور نیە چارەنوسی خۆی و وڵاتەکەی بکێشێت بەبەردی ئەلحەددا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٨ی مارچی ٢٠١٨

## پەرلەمانی ئەوروپا لەسەر عەفرین هاتەدەنگ



**ئامادەکردنی:بێژەن بورهان**

### ئەردۆغانیش دەڵێ بۆتان نییە قسەبکەن

پێنچشەممەی ڕابردو پەرلەمانی ئەوروپا پرۆژە بریاری فراکسیۆنەکانی کریستیانە دیموکراتەکان، سۆسیال دیموکرات، پارێزگاران، لیبراڵ و سەوزەکان، دەربارەی دۆخی سوریا، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرد،ئەممەش مانای ئەوە دەبەخشێت کە کەیسی عەفرین کۆدەنگیەکی باشی لەسەرە لەلایەن هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانەوە، چونکە بەدەگمەن وارێکدەکەوێت کە هەموولایەک لەسەر کەیسێکی تایبەتی کۆک بن و یەک هەڵوێستیان هەبێت.

### تورکیا شەڕەکەی قوڵتر کۆدۆتەوە

بریارنامەکە کە لە ١٦ پەرەگرافدا پێکهاتوە و باسی بارودۆخی ناهەمواری هەموو شەڕگەکانی سوریا بەگشتی دەکات، ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەو شەڕە پێی ناوەتە هەشتەمین ساڵ ، هەرچەندە داعش لەوێ بەرەونەمان دەڕوا، بەڵام مەرگەساتەکان لە گۆتەو عەفرین وئەدلەب ڕوو لەزیاندبوندایەو تەنها لەعەفرین سەدان کەس بونەتە

قوربانی و لەوەتەی پەلامارەکانیش لەلایەن تورکیاوە زیاتربون،خەڵکی ٣٠٦ گوندی هەرێمەکە ئاوارەو سەرگەردان بون و هاوڵاتیانی مەدەنی بونەتە سوتەمەنی شەڕە سەپێندراوەکە، کەئەمەش جێی نیگەرانی یەکێتی ئەوروپاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە، راپۆرتەکە دەڵێت: هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین شەڕی سوریا دەباتە ئاستێکی دیکە، کاریگەری نەرێنیی لەسەر هەوڵەکانی چارەسەریی‌و هاوسەنگییە ناوخۆییەکان دەکات، بۆیە داوا لەتورکیا دەکەن سەربازانی خۆی لەعەفرین بکشێنێتەوە.

## نیگەتیڤانەکاردەکاتە سەر شەڕی تیرۆر

سەبارەت بە هێرشی دەوڵەتی ئاکەپە، بریارەکە داوا لە تورکیا دەکات هەرچی زووە سەربازانی خۆی لە هەرێمی عەفرین بکشێنێتەوە، ئەوانیش لە دڵەراوکی و نیگەرانیەکی زۆرەوە دەنوارنە باردوخ وگوزەرانی خەڵکی کانتۆنەکە، ئەمە سەرباری ئەوەی ئەم هێرشەی دەوڵەتی تورک کێشەکان زیاتر دەکات و شەڕ لە دژی تیرۆر بەدوا دەخات.

## ئەمە بۆ تورکیا خراپە

ئەگەرچی لەوەناچێت ئەم بریارە لەڕووی پراکتیکیەوە کاریگەری هەبێ و ئەردۆغان بەو بەیانە سوپاکەی بکێشێتەوە، بەڵام ئەوە وادەکات حکومەتەکانی یەکێتی ئەوروپا هانبدات لە رێگەی ئەنجومەنی ئاسایش، تورکیا ناچار بە پاشەکشە بکات یا سەرزنشتی بکەن، ئەگەر ئەمەش ڕوبدات هەڵوێستی تورکیا ئەوەندەی دیکە لاواز دەکات.

## ئەردۆغانیش وەڵامی دانەوە

لەکاردانەوەو وەڵامی ئەم بریارەی یەکێتی ئەوروپاشدا «رەجەب تەیب ئەردۆغان» سەرۆک کۆماری تورکیا راگەیاند، "لەپەرلەمانی ئەوروپا لەبارەی عەفرینەوە داوا لەئێمە کراوە ئۆپەراسیۆنەکە رابگرین،

بەیاننامەیەکیشیان بڵاوکردۆتەوە ئەویش هەر هەمان داوای لە ئێمە کردوە، ئێمەش لە وەڵامدا پێیان دەڵێین، بەبێ هۆ دڵتان خۆش مەکەن، تا کارەکەمان کۆتایی نەیەت، ئەوێ بەجێناهێڵین و ناکشێینەوە.

### ئەوروپا بۆی نییە قسەبکات

هەروەها وتیشی: پەرلەمانی ئەورووپا هیچ قسەیەکی نییە لەبارەی تورکیاوە بیکات و بۆشی نییە هیچ بڵێت، چونکە ئێمە هیچ پەیوەندیەکی ئەوتۆمان پێکەوە نەماوە، هەمو ئەو قسەو داوایانەی کە دەیکەن لەوگوێیەکمان دێتە ژورەوەو لەگوێیەکەی دیکەمان دەچێتە دەرەوە.

### شەڕی حەوت وڵاتان دەکەین

ئەردۆغان ووتی: بەسەرکەوتنمان لە عەفرین ،ئیدی هەموشتێک وا تەواو دەبێ و خەریکە پێ دەنێینە قۆناغێکی تری ژیان، ئەو پشتگیریانەی کە بۆ قەڵغانی فوراتو لقی زەیتون لەناوخۆو و لەلایەن گەلەکەمانەوە نیشاندراوە، نیشانەی ئەوەیە کە کەئێمە ئیرادەمان بەهێزەو دەتوانین بەرامبەر حەوت دەوڵەتدا بوەستێتەوە.

### یەکێتی ئەوروپا هاوکاری تیرۆرە

دوای ئەوەش وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، لە بەیاننامەیەکدا بە ڕەسمی داواکاریەکەی پەرلەمانی ئەورووپا ڕەت کردۆتەوە بە ڕاگرتنی شەڕی سەر عەفرین، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو بەیاننامەکە پەرلەمانی ئەورووپاش تاوانبار دەکات، کە دۆکۆمێنتیان لەبەردەستدایە، کە ئەو پەرلەمانە کارئاسانی بۆ تۆڕە تیرۆریستیەکان کردووە وەک هاوکاری تیرۆر ناویان دەبات.

سەرچاوە: - کەناڵەکانی میدیای ئەڵمانیا

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٨ی مارچی ٢٠١٨

## بێدەنگی جیهان لەئاست تاوانەکانی عەفرین؟



**زەبەنگ بەهادین**

هەموو هەوڵەکانی توررکیا لەناوچەکەدا بەئاراستەی دژایەتیو نەهێشتنی پەکەکەیە، ئەم هەوڵەی تورکیا بەتەنها خۆی بەشدار نییە، بەڵکو سەرجەم وڵاتە سەرمایەدارەکانی لەگەڵدایە، ئەم شەرەی دەکرێت لەنێوان تورکو کورد شەری دو نەتەوە یان دوو زمانی جیاواز نی یە بە تەنها، ئەمە شەرێک نی یەلەسەر خاکو خۆڵ بەتەنها, دەبێت هەمو و بپرسین بۆ جیهان بێ دەنگە لەم تاوانو منداڵ کوشتنەی تورکیا لەعەفرین؟ ئایا تورکیا بەتەنها بەعەفرینەوە دەوەستێت یان ئەمە یەکەم راوییەتیو راوەکانی دی بەدوای ئەمەدا دێت؟ ئایا جیهان لەئاست هەموو هێرشەکانی داهاتوی تورکیا هەر بێدەنگ دەبێت؟

کاتێک کورد لەرۆژ ئاوا ئازادی بە دەستهێنا هەر لە سەرەتاوە بەرێوەبەری یەکی دیموکراسی و یەکسانی بەرجەستە کرد لەو ناوچانەی کە دەکەوتنە ژێر هەیمەنەیەوە، ئەوەی کە هەڵەیەکی زەق بوو بۆ یەپەگەو هێزە کوردی یەکان کردیان لەو ناوچانە نیشاندانی بەردەوامی وێنەی عبدالله اوجلان بوو بیری عبدالە ئوجلان بوو، ئەم کارەی کوردەکانی رۆژ ئاوا وای کرد کە هەموو دەوڵەتە سەرمایەکان ترسێکی یان لا پەیدا ببێت و لەوە تێ بگەن کە گەورە بوونی ئەم کیانەی کورد لە رۆژ ئاوا زەرەر بۆ بەرەژەوەندی یە سەرمایە داری یەکانی ئەوان بۆ پوکانەوەی بیری سەرمایەداری و گەشەسەندنی بیری یەکسانی، لێرەوە ئەوە تێدەگەیەن ئەم شەرەی لە نێوان تورک و کوردی رۆژ ئاوا هەیە شەری بیر و هزرە، شەری نێوان سەرمایەداری و یەکسانی و داد پەورەری یە، هەر ئەمەش وای کرد کە دەوڵەتە سەرمایەدارەکان بێدەنگ بن لەو تاوانانەی لە عەفرین دا دەکرێت، راستە ئەمریکا بەڵێنی گەورەی بەکورد نەداوە بەڵام رۆژانە بە بەرچاوی ئەمریکی و ئەوروپی یەکانەوە منداڵ و گەورەو بچوک ئەکوژرێت کەسیش دەنگی لێنایەت، تەنانەت ئێستا دەوڵەتی چینیش چۆتە ئەو بەرەیەی کە بێدەنگە لەم هەموو تاوان و مرۆڤ



سەرچاوە
Serchawe

قرانە.

کاتێک شەر لە نێوان دوو بیری جیاواز و دوو رەهەندی یان دوو هزری جیاواز بێت ئەم کات نەتەوەو و گەورەو بچوک جیاوازی دروست ناکات لە شەرەکەدا ئەوەی شەرەکە گەرم دەکات و بەنزینی زیاتری پێدا دەکات ئەو لایەنانە کە بەرژەوەدی یان ئەو شەرە دەخوازێ، لە عەفرین بەرژەوەندی هەموو لایەک بە روونی دیارە، سەرجەم هاوکێشەکان رێککەوتنێکی نوێ نیشان ئەدەن بۆ لە ناو بردن و قر کردنی کورد وە بە تایبەتی بیری ئاپۆی کە ئەمە ترسێکی گەورەیە بۆ خۆرئاواو ئەمریکا، ئەگەر شەرەکە نێوان دوو بیر و دوو هزر نەبێت چی وا لە ئەمریکا دەکات پەکەکە بکاتە تیرۆریست، هەڵبەت ئە و بیر و بەرنامەی فەلسەفەی ئاپۆ دایرشتوەو بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی راستەقینە و چەسپاندنی یەکسان تاک و پەیرەو کردنی دادپەرەوەری یە لە ناو کۆمەڵگادا ئەمەش دەبێت بە زەنگی مەترسیداری هەموو ئەو لایەنانەی کەبیر و رەفتاریان جیاوازی بیری ئاپۆیە، هەر بۆیە دەبینین هەرچی وولاتی سەرمایەدارییە بێدەنگە لە ئاست ئەو تاوانەی ئەردۆغان.

ئەوەی کە عەفرین و کورد و بیری ئاپۆ زیندوو دەهێڵێتەوە بەرخودانی کوردە لە هەموو ناوچەکان نەک بە تەنها لە عەفرین، بەردەوامی خەباتی کورد هەمیشە ئومێدو کوژاندنەوەی ئەو مۆمی ئازادی یە ئەستەمە ئەگەر لە هەر شوێنێکیش مۆمێک بکوژێتەوە ئەوا بە دڵنیای هەزارەها مۆمی تر دادەگیرسێت، چونکە کورد بە تەنها خاوەنی یەک عەفرین نی یە هەزارەها عەفرینی تری هەیە، رەنگە لە ئێستا ئەم سیاسەتەی سەرمایەدارەکان کەمێک سەرکەوێ یان پێشکەوێ بەڵام بە دڵنیای ئەم بەرنگاربو نەوەیە کۆتای پێنایەت و هەر بەردەوام دەبێت تا سەرەنجام ئازادی یەکسانی دەدروشێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٨ی مارچی ٢٠١٨

## *عەفرین، وشەیەکی نێونەتەوەیی نوێ لە فەرهەنگی زمانەوانیدا ...*



**سالار سۆفی**

**ئەگەرچی زۆرینەی گەلی کوردستان و لایەنە مرۆڤدۆستەکانی جیهان پشتیوانی خەڵکی عەفرین بوون لە شەری بەرگریی قارەمانانەیاندا، بەڵام سەرئەنجام، دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا و چەکدارە تیرۆریستەکانی سەر بە تورکیا، ناوەندی شاری عەفرینیان داگیر کرد.**

**رەنگە هەندێک لەو دڵسۆزانەی کە هەمیشە بانگەوازی نەکەوتنی عەفرینیان دەکرد، بەداگیرکردنی ناوەندی عەفرین تووشی حەپەسان و رەشبینیی و تەنانەت بێهیواییش بووبن. لە راستیشدا ئەم ئەنجامە جێگای تێرامان و حەپەسانە، بەڵام لەبەر ئەوە نا کە ناوەندی عەفرین داگیرکرا، بەڵکو لەبەر ئەوەی شەرڤانان و خەڵکی عەفرین، توانییان نزیک بە دوو مانگ، مەزنترین بەرگریی لە عەفرین بکەن و راستەوخۆ بەرانبەر بە دووهەمین هێزی ناتۆ و تیرۆریستەکانی و ناراستەوخۆ بەرانبەر بە هەموو زلهێزەکانی جیهان بووەستنەوە.**

**بەڵێ قارەمانیی و قوربانیدانی خەڵکی عەفرین مایەی حەپەسانە، بەڵام هەرگیز مایەی رەشبینیی و بێهیوابوون نییە. بەڵکو مایەی شانازیی و گەشبینییەکی نەبڕاوەشە.**

**گەلی خۆڕاگری عەفرین و شەرڤانان، لە ماوەی ٥٨ رۆژدا بەرگرییەکی قارەمانانەی ئەوتۆیان لە شارەکەیان کرد، کە هەرگیز لەخەیاڵی هیچ دەزگایەکی سەربازیی کارناسیش لەو بوارەدا نەبووەو بەرگرییش هەر بەردەوامە.**

شەری سەربازیی بەرەیی، تەنها شەڕی هەست و سۆز و بیروباوەڕ نییە، بەڵکو لە پاڵ ئەمانەشدا، شەڕی جۆر و ژمارەی چەکی قورس و شەڕی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و شەڕی ژمارەی هێزی سەربازی و شەڕی پایەی نێودەوڵەتی و لە پێش هەمووشیانەوە شەڕی ڕەوشتی سەربازییە.

***دەکرێت بەشێک لە گرنگترین هۆکارەکانی پاشەکشەی شەرڤانان لەم خاڵاندا کورت بکەینەوە.***

١- دەوڵەتی تورکیا وەک دووهەمین گەورەهێزی ناتۆ ، جگە لە زۆریی ژمارەی چەکدارەکانی، باشترین جۆرەکانی چەکی لە سەرچاوەی نێودەوڵەتیی جیاوازەوە لەبەر دەستتدایە و پڕچەککردنیشی بەردەوامە.

٢- دەوڵەتی تورکیا، لە سەدا سەدی ئاسمانی سەرجەم ناوچەکانی چەنگی لەبەر دەستتدایە. لە بەرانبەردا شەرڤانان، تەنانەت ئاسمانی خۆشیان لەبەر دەستدا نەبووە و نییە.

٣- بەهۆی پایەی گرنگی نێودەوڵەتیی دەولەتی تورکیا بە بەراوورد بە شەرڤانان، زلهێزە بەرژەوەندیخوازە بەدڕەوشتەکان و ڕێکخراوە بووکۆکە نێونەتەوەییەکانیان، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هاوکار و پشتیوانی دەوڵەتی تورکیا بوون، بەتایبەتیی دەوڵەتی ڕووسیا.

٤- زۆرینەی گەلی تورک، وەک یەک دەزگای ڕاگەیاندنی سەربازیی یەکگرتوو، لە پشت سوپای داگیرکەری تورکیاوە وەستابوون، بە مزگەوت و قوتابخانە و دەزگای ڕاگەیاندن و هونەرمەندانەوە. تەنانەت بە بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنەکانی حکومەتی تورکیاشەوە.

٥- دەوڵەتی تورکیا، سەرجەم شۆڤێنیستە ناسیۆنالیستەکانی تورک و فارس و عەرەبی لەگەڵدابوو و خرابوونە خزمەتی شەڕی ڕاگەیاندنی تورکیاوە بەرانبەر بە عەفرین.

٦- دەوڵەتی تورکیا، سەرجەم شۆڤێنیستە ئیسلامییە کۆنەپەرستەکانی جیهانی ئیسلامی و عەرەبیی لەگەڵدابوو و بە هەمان شێوە، خرابوونە خزمەتی شەڕی ڕاگەیاندنی تورکیاوە بەرانبەر بە عەفرین.

٧- ئەمانە هەمووی بەلایەک. بەڵام جیاوازیی ڕەوشتی سەربازیی هەردوولا لە گرنگترین هۆکارەکانن. پایەبەرزیی

ڕەوشتی سەربازیی شەڕڤانان لەلایەک و بەدفەڕیی ڕەوشتی سەربازیی دەوڵەتی تورکیا و تیرۆریستە بەکرێگیراوەکانی لە لایەکی ترەوە، ڕەنگە لە هۆکارە سەرکەییەکانی سەرکەوتنی کاتیی سەربازیی تورکیا بن.

کوشتنی منالان و ژنان و خەڵکی سڤیلی عەفرین و بۆمباباراندکردنی کوێرانە و دڕندانەی دانیشتوانی عەفرین، ئەوەی نیشاندا کە تورکیا خاوەنی چ ڕەوشتێکی نزمی سەربازییە. لەکاتێکدا بەدرێژایی ماوەی شەڕ و تا ئێستاش، هیچ پێشێلکارییەکی ئەوتۆی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن شەرڤانانەوە تۆمار نەکراوە. بەدفەڕیی ڕەوشتی سەربازیی تورکیا گەیشتە ڕادەیەک، بینینی لاشەی قوربانییانی سیڤیلی منالّ و ژن و پیر و لاو، لەسەر شەقام و ناو گوند و گەڕەکە بۆمباباراندکراوەکاندا، بوو بە دیاردەیەکی ڕۆژانە لە عەفریندا.

دەوڵەتی تورکیا، تەنانەت نەخۆشخانەی سیڤیلی عەفرینیشی بۆردومان کرد. لێرەوە عەفرین بڕیاریدا نەچێتە شەڕێکی بەو ڕادەیە ڤێزەوونەوە و دەست بە ڕەوشتی بەرزی خۆیەوە بگرێت و ئەرکی یەکەمی بوو بە ڕزگارکردنی دانیشتوانی سیڤیلی عەفرین. ئەمەش بە تەنها بۆ خۆی، شانازی و سەربەرزییەکی گەورەیە بۆ شەڕڤانان و ڕیسواییەکی گەورەیە بۆ تورکیا و تیرۆریستەکانی و سەرجەم زلهێزە نێودەوڵەتییەکان.

هۆکارەکانی ئەم پاشەکشەیە تەنها دەرەکیی نەبوون و بەشەکانی کوردستانیش ڕۆڵی نەرێنیی خۆیان هەبوو، کە دەکرێت لەم خالانەدا کورت بکرێنەوە:

١- هەڵوێسی پ ک ک ، کە لە پشتیوانیی میدیایی و پشتیوانی لە چالاکییە مەدەنییەکان و کۆمەڵێک وتار و لێدوانی سۆزبزوێنەر تێپەڕی نەکردووە و هەڵوێستێکی کاریگەری ئەوتۆی نەبووە. پ ک ک بە کردەوە لە جەماوەرێکی هاندەری تەماشاکەر دەچێت، زیاتر لەوەی لەخاوەنی پرسەکە بچێت و لە گۆڕەپانەکەدا ڕۆڵی هەبێت.

٢- هەڵوێستی پڕ لە شوورەیی دەسەلاتدارانی باشووری کوردستان.

٣- ئەوانەی زیاتر لە نیوەی خاکی باشووری کوردستانیان لە قومارێکدا دۆڕاند و دەیان کەسیان بەکوشتداو دەیان مالّیان بەکاولکردن دا و نوشوستییان بۆ گەلی باشووری کوردستان تۆمارکرد و کەرکووک و سەرجەم ناوچەکانی تریان ڕادەستی عێراق کرد، لەپێناوی شاردنەوەی ڕووی ڕەشی خۆیان، پێیان باشتر بوو دەوڵەتی تورکیا و



سەرچاوە Serchawe

تیرۆریستەکان سەرکەون نەک شەڕڤانان، نەوەک ڕووی خۆیان لە ئێستا ڕەشتر بێت.

٤- بێهەڵوێستیی بەکردەوەی زۆرینەی حزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانییەکانی تر.

٥- ئەو ئەردۆگانییە ئیسلامییانەی، دڵیان بە ئەردۆگان و خەلافەتەکەی خۆشە و تەنانەت جینۆسایدی گەلەکەی خۆشیان بەو شێوازە دڕندانەیە، لەو خەوخۆشییە شۆڤێنییە ئیسلامییە بەخەبەری نەهێنانەوە.

٦- کەمتەرخەمیی زۆرینەی میدیا کوردییەکان و هەستنەکردن بە بەرپرسیاریی مێژوویی خۆیان.

بەڵێ تورکیا گەیشتە ناوەندی عەفرین، بەڵام هەرگیز بەسەر هیوای گەلێکدا سەرنەکەوتووە کە ئازادی و پێکەوەژیان و یەکسانیی لەناو دڵیدا ڕەگی داکوتاوە و خۆی بۆ خولێکی تری بەرەنگاریی سەربەرزانە، ئامادەکردووە. بەپێچەوانەوە، شەڕڤانان و گەلی خۆڕاگری عەفرین گەورەترین بەرخۆدان و گەورەترین سەرکەوتنیان لەماوەی ٥٨ ڕۆژی بەرگریی بێوێنەدا تۆمار کرد و بەرخۆدانیش بەردەوامە.

گەلێک بەم جۆرە بەرگریی لەخۆی بکات و ژنانیان هاوسەنگەری پیاوانیان بێت و لە پێناوی ئازادی و دادپەروەریدا قوربانیی بدات و پاش بەرگرییەکی مەزن، لە پێناوی پاراستنی گیانی منداڵان و ژنان و خەڵکی سڤیل، بڕیاری دوورکەوتنەوە لە ناو شار بدات، بێگومان هەستانەوەی زۆر ئاسانە و تەنها پەیوەندیی بەکاتەوە هەیە و هیچی تر. گەرچی شەڕڤانان ئێستا لەڕووی سەربازییەوە کشاونەتەوە، بەڵام ئەوان سەلماندیان کە هەرگیز لەشکست نایەن.

سەرکەوتنێکی مەزن لەناخی شەڕڤانان و سەرجەم گەلی عەفرین و ڕۆژئاوادا خۆی مەڵاس داوە و هاکا خۆری ئازادیی هەڵهاتەوە و پرشنگی بەهەموو لایەکدا پەخش کردووە. ئیتر کە باس لە عەفرین دەکرێت، باس لە شکست و سەرکەوتن ناکرێت. شەڕی عەفرین وشەیەکی نێونەتەوەیی هاوبەشی خستە ناو فەرهەنگی سەرجەم زمانەکانەوە. لەمەودوا وشەی عەفرین، بەمانای پێکەوەژیانە، دادپەروەرییە، یەکسانییە، بەرخۆدانە، قوربانیدانە، سەرکەوتن و بردنەوەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ١٨ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# عیفرین سەرکەوت...




**عومەر محەمەد**

لەروی سۆزدارییەوە نالێم، مەجبورنیم دڵی کەس بدەمەوە، بەپێچەوانەی ئەوانەوە دەبیبم کە چۆن سۆزدارانە تەماشای روداوەکان دەکەن ئاواش ئێستا کەوتوونەتە شین وگریان و تف باران، بەڵکو بە بروایەکی قوڵەوە دەڵێم : عیفرین سەرکەوت، چونکە ئەو تەنها سێ بژاردەی لەبەردەمدا بوو چوارەهەم لە ئارادانەبوو، کەبریتی بوون لەم بژاردانە:

*یەکەم:* چەک دانان وتەسلیم بوون بەئەسەد.

*دووهەم:* رادەستکردنی عیفرین و رێیککەوتن و تەسلیم بوون بەدەوڵەتی تورک لەبەرانبەرسەرقەیەکدا.

*سێهەم:* شەڕوبەرخۆدان.

ئەوە بۆهەمووما‌ن رونە یەکەم هەنگاوی سەرکەوتنی عەفرینیەکان، رەتکردنەوەی خاڵی یەکەمە کە خواستی روس و بەشارە ئەسەدبوو، دووەم هەنگاوی سەرکەوتنیش رەتکردنەوەی خاڵی دووەمە، کە خواستی تورک بوو، بەڵام بینیمان ئەوەی هەڵیان بژارد خاڵی سێهەم بوو، کە سەرباری هەرزیانێکیش بەرشەڕڤان و خەڵکی مەدەنی کەوتبێ شکۆمەندی بۆ بۆیەشەڕڤانەکانی و خەڵکەکە خۆراگرەکەی بەدەستهێنا. ئێستاش کە جەنگەکە چووەتە قۆناغێکی نوێ وجگەلەسەرکەوتن ناتوانین پێشبینیەکی ترمان هەبێت، بەڵام وەنەبێت هەتا ئێرە ٥٨ رۆژی بەرخۆدان بێ دەستکەوت بووبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، جگەلە سەرکەوتنە مێژووییەکەی چەند دەستکەوتێکیشی هەبووە، کەمن لەم چەندخاڵەی خوارەوەدا کۆیان دەکەمەوە.

١- لەعیفرین تێگەیشتین کە قۆناغی ملکەچی کۆتایی هات و پاشەکشەو هەڵاتن لەبەرەی جەنگ وەک ئازادی و بەرەڵایی دوو واتای جیاوازن.

٢- خەیاڵی تەندەرلێدەرو بازرگانەکانیان لە گۆڕنا کە خۆیان بۆ چیرۆکی قوربانیان لەبۆسەنابوو، هەتا بێن و لە ژێر پەردەی مافی مرۆڤدا بەچاوساغی دەلاڵە سەر ڕەشەکان قژزەردو چاوشینەکان، بێن و چیرۆکی ژنە فرۆشراوەکانمان یان ئاهوناڵەی پیرەمێردو پیرەژنەکانی ئەنفال و شەنگال بقۆزنەوەو بەفرمێسکی تیمساحیەوە قوربانیەکان لەدۆزەخدا بخەنە سەرخەیاڵی بەهەشت وخۆشیان لە هۆتیلە راقیەکاندا هەڕاجیان بکەن و قازانجی مادی لەسەر بچننەوە، ئەگەر غیرەتێکیان مابێ دەبێت ئیدی بێن و بەناچاری چیرۆکی ئازایەتی ژنە شەرڤانەکانمان بنوسنەوەو بیگێڕنەوە.

٣- پەردەیان لەسەر مێژووی فتوحات هەڵدایەوەو هەموو ئەو چیرۆکانەشیان توردایە زبڵخانەی مێژووەوە کە لەشکری ئیسلام بە ئاوەژوو نوسیونیەوەو ئازاو قارەمانەکانی کردووەتە کافرو شەرنگێزو درندەکانی هاوشێوەی داعشیان کردووەتە ئەسحابە.

٤- نیازی ژێر مەندیلی مەلا خۆفرۆش و بەکرێگیراوەکان ئاشکرا کردوو، مەلا بەشەرەفەکانیشی لە بەرەی خەڵک و هەق وراستیدا نیشاندراینەوە.

٥- ئەو قەناعەتەی چەسپاند کەژن زەعیفە نەبوو وەک پیاوانی ئاینی لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە هاواری پیاوسالاریان دەکرد، بەڵکو وەک هێلکەی پاککراو راستیەکەی خستە دەستی دنیاوە کە پێچەوانەکەی راستەو ئەوانەی ژن بە زەعیفە دەزانن خۆیان و دنیابینیان زەعیفە.

٦- ئەوقەناعەتەی چەسپاند لە جەنگدا ژن یان دەبێت شەرڤان بێت یان بە بازاری کۆیلە فرۆشی و کەنیزەک بوون قایلبن.

٧- ئەو قەناعەتەی چەسپاند کە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی کاسبکارو محافەزەکارو هیچ لەباردا نەبوون و لە تەنگانەدا فریای ستەملێکراو ناکەون، بەڵکو دوای تاوانەکان دێن و ڕوی دەوڵەتە ستەمکارەکان سپی



سەرچاوە
Serchawe

دەکەنەوە.

٨- پەردەی لەسەرهەموو تەمومژەکان لاداو دەری خست حزبەکانی هەریم، زیاتر بنەماڵەیین نەک نیشتمانی، وای کرد دنیا هەموو کورد بەچاوی ئەوانەوە نەبینێ.

٩- باشتر دەریخست کە ئەگەر سەرکەوتنی کۆبانێ نەیتوانیبێ هەڵاتن لەشەنگال وەک رێکەوتنی سیاسی ببینێ ئەوا جەنگی عیفرین هیچ گومانێکی نەهێشتەوە.

١٠- جەنگی عیفرین بەتەوای دەمامکی لەسەر روخساری تورکیاو ناتۆو روسیاو ئەمریکا هەڵماڵی.

١١- جەنگی عیفرین دەریخست کە گرتنی موسڵ وشەنگال و پەلاماری کۆبانێش، هەر تورکیابووەو داعش وەک میلیشیایەکی تورک بەوەکالەت بەناوی سوننەو بەبەرگی دینیەوە جوڵا. بەڵام لەجەنگی عیفریندا ئەو دەمامکەشیان کەوت، وەلێ جیاوازیەکە لە بەرخۆدانی شەرڤانان و هەڵاتن و بەجێهێشتنی شەنگالیەکاندا رونتر دەرکەوت.

١٢- تێبگەیشتین، کە بانگەشەی دیموکراسی درۆیەکی گەورەیەو جیهان پڕە لە دەسەڵاتداری هەرچی وپەرچی و روناکبیری کارتۆنی و جیاوازییەکی زۆر لەنێوان دیکتاتۆرەکانی روس وئەمریکاو تیرۆرستەکانی ئیخوان موسلمیندا نیە.

بۆیە عیفرین سەرکەوت، چونکە وەک کۆمەنەی پاریس بووە وەرچەرخان لەمێژووی مرۆڤایەتیداو تیایدا شانازییەکی گەورە بەر ژنی کورد دەکەوێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - رێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# ئاڵەنگارییەکانی دوای پرۆسەی سەربازیی تورکیا لە عەفرین و هەڵوێستی نێودەوڵەتی

## بەشی یەکەم:



**عەدنان مەجید محەمەد**

*عەدنان مەجید محەمەد/ ماستەر لە زانستە سیاسییەکان، پسپۆر لە سیستەمی سیاسی و پەروەردەی مەدەنی*

### سەرەتا:

**پاش ئەوەی ڕاپەڕینی خەڵکی سووریا دەستی پێ کرد و ڕژێمی ئەسەد بە ئاگر و ئاسن ڕووبەڕووی گەلی سووری بووەوە، جەنگێکی چەند ساڵەی خوێناوی لە سووریا دەستی پێ کرد و ئێستایش بەردەوامە. هەروەها پاش دەرکەوتنی هێزێکی تیرۆریستی وەک داعش و کۆنترۆڵکردنی بەشێکی زۆر لە خاکی سووریا لە لایەن داعشەوە، کوردانی ڕۆژاوا توانییان جۆرێک لە سیستەمی خۆبەڕێوەبەری لە چوارچێوەی چەند کانتۆنێکدا بۆ خۆیان دابین بکەن و پارێزگاری لە مانەوە و کیانی خۆیان بکەن. لەم ڕوانگەیەیشەوە تورکیا هەبوونی ناوچەیەکی ئارام بۆ کوردەکان و سیستەمی فیدراڵی لە سووریا، ڕاستەوخۆ بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییی خۆی دەزانێت.**

**ئەم ڕووداوانەی ناوخۆی سووریا، جگە لەوەی کێشەیەکی ناوخۆییی سووریایە، بەڵام لە لایەن هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە دەستێوەردان هەیە و، ڕۆڵی گەورەیان لەو ڕووداوانەدا هەیە، وەک: ئەمریکا - ڕووسیا - ئێران - تورکیا. لەم وتارەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو کارلێکانەی کە لە پرۆسەی سەربازیی تورکیا بۆ سەر هێزەکانی پاراستنی گەل دروست دەبن. بێ گومان ئەو پرۆسەیەی کە تورکیا لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨ دەستی پێ کرد، لە ڕوانگەی ئێمەوە بە هەماهەنگی و هاوکاریی ڕووسیا لەگەڵ تورکیا بووە. ئەمەیش ڕەنگە بۆ ئامانجێکی هاوبەش**

بووبێت کە مەبەست لێی، ڕێگریکردن بووە لە پرۆژەیەکی ئەمریکی بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام بۆ کوردەکان لە باکووری سووریا. هەروەها تورکیا پێویستی بەوە هەبووە کە لە لایەن ڕووسیاوە گڵۆپی سەوزی بۆ پێ بکرێت؛ هەروەک بینیشمان، ڕووسیا هێزەکانی پلە بە پلە لە عەفرین و ئەو ناچانە کشاندەوە.

## بەشی یەکەم: پرۆسەی سەربازیی تورکیا بۆ سەر عەفرین

لەم بەشەدا لە سێ تەوەر تیشک دەخەینە سەر چەند بابەتێک، لەوانە: واقعی تورکیا و عەفرین، بارودۆخە سیاسییەکانی پێش پرۆسەکە، دەستپێکردنی پرۆسەکە و خوێندنەوەیەکی سەربازی:

### تەوەری یەکەم: تورکیا و واقعی عەفرین:

پاش ئەوەی سەرۆکی تورکیا، ڕەجەب تەییب ئەردۆغان، ڕای گەیاند کە پرۆسەی سەربازی و جەنگ دژی "پارتی کرێکارانی کوردستان" بەردەوامە و، بەو پێیەی کە حزبی یەکێتیی دیموکراتی، بەشێکە لە پارتی کرێکاران، بۆیە ڕاستەوخۆ پرۆسەی "چلە زەیتوون"ی لە کاتژمێر ٤ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٨ ڕاگەیاند. لە ڕوانگەی تورکیاوە ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی یاساییە و تەواو شەرعییە؛ تورکیا دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە ئاسایش و ئەمنییەتی خۆی بپارێزێت.

هەبوونی هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە عەفرین، کە لە شارەکانی "کلیس" و "هاتای" تورکییەوە نزیکە، بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی خۆی دەزانێت. تورکیا بە هیچ شێوەیەک نایەوێت دەروازەیەکی کوردی و دەسەڵاتێکی کوردی لە نێوان تورکیا و سووریا دروست بێت. بۆ نموونە شارێکی وەکوو عەفرین، ڕووبەرەکەی ٣٩٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و ناوچەیەکی شاخاویی سەختە. لە پاش کۆبانێ و جەزیرە، دەبێتە سێیەم ناوچەی گەورە کە کورد تیایدا باڵادەست بێت و، تورکیا پێی وایە عەفرین لە ڕووی هێزی مرۆییەوە ناوچەیەکی گونجاوە؛ هەروەها دەتوانێت ببێتە وێستگەیەک بۆ ڕاهێنان و ئامادەکردنی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ ئەوەی بچنە نێو خاکی تورکیا.

لە ساڵی ٢٠١٤ بە پشتگیری و هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتیی واشنتۆن، هێزەکانی سووریای

دیموکرات پاش ئەوەی هێزێکی تۆکمەیان بۆ خۆیان دروست کرد، "حوکمی زاتی"یان بۆ خۆیان ڕاگەیاند. ئامانج لەم هێزەیش پاراستنی خەڵک و دوورخستنەوەی مەترسییەکانی ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعش بوو. ئەم هێزە تێکەڵ بوو لە جەنگاوەری کورد و عەرەب، کە هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە جەنگاوەرە عەرەبەکان تەنیا ڕێژەی ٣%ی هێزەکەیان پێک هێنابوو، بەڵام هێزی سەرەکی، بریتی بوو لە هێزەکانی پاراستنی گەل، کە زۆربەی بڕیارەکانی ئەم هێزە لە لایەن "باهۆز ئەردال"ەوە دەردەچوو، کە سەر بە پەکەکە بوو. ئەم هێزە نوێیە توانیی، بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆی لەگەڵ سیاسەتی مۆسکۆ و واشنتۆن بگونجێنێت و، بەتایبەت لەو کاتەی کە پەیوەندیی نێوان تورکیا و ڕووسیا لە ساڵی ٢٠١٥ لە ئاستێکی خراپدا بوو، هێزەکانی سووریای دیموکرات توانییان پێشڕەوی بکەن و چەند ناوچەیەک کۆنترۆڵ بکەن وەک: تەل ڕەفعەت و فرۆکەخانەی مەنخ و، بە پشتگیریی هێزەکانی ڕووسیا توانییان شارۆچکەی ( باب)یش کۆنترۆڵ بکەن. سەرەتا هیچ هێزێکی نێودەوڵەتی لە عەفرین نەبوو، بەڵام دواتر سوپای ڕووسیا چوونە نێو عەفرین و لە ناوچەی "کفرجنە" و "جەندەریس" جێگیر بوون.

### تەوەری دووەم: بارودۆخە سیاسییەکان پێش پرۆسەی سەربازی لە عەفرین:

لەو کاتەوەی کە تێگەیشتن و ڕێککەوتننامەی سووچی لە ٢٢ - ١١ - ٢٠١٧ لە روسیا لە نێوان ڕووسیا و تورکیا و ئێران سەبارەت بە پێشڕەویی سوپای تورکیا بۆ ئیدلب دروست بوو، مەبەست لێی کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکانی تورکیا بوو لەو بارودۆخە سیاسییەی کە لە ناوچەکە هەیە. پەیوەندیی نێوان تورکیا و ئەمریکا لە ئاستێکی زۆر خراپدا بوو، لەو کاتەوەی ئەمریکا ئەو پەیمانەی کە سەبارەت بە دوورخستنەوەی هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە مەنبەج و ئەو ناوچانە بە تورکیای دابوو شکاندی؛ لە بەرامبەردا ئەمریکا بە بیانووی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و لەناوبردنی، یارمەتیی پێشکەش بەو هێزە دەکرد. لە بەرامبەر ئەمەدا تورکیا ئامادەیی خۆی پیشان دا بۆ جێبەجێکردنی هەر سیناریۆیەک کە بۆ ڕێگریکردن لەو پلانە ئەمریکییە بە گونجاوی بزانێت. نیگەرانییەکانی تورکیا سەبارەت بەم مەسەلەیە زیاتر بوو، بەتایبەت پاش ئەوەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، "تیلەرسۆن"، لە وتارێکیدا لە زانکۆی "ستانفۆرد"، باسی لەوە کرد کە ستراتیژیی ئەمریکا لە سووریا بریتییە لە یارمەتیدان و پڕچەککردنی هێزەکانی دژ بە داعش بەگشتی و، هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل بەتایبەتی. نزیکبوونەوەی تورکیا و ڕووسیا لەوەوە سەرچاوەی گرت، کە هەر دوو وڵات لەم ستراتیژییەی ئەمریکا نیگەران بوون و، هەر دوو لا پێیان وا بوو کە ئەمریکا دیەوێت سووریا دابەش بکات. بۆیە زۆر بەڕوونی و ئاشکرایی دیارە، کە ئەگەر تورکیا گڵۆپی سەوزی لە لایەن ڕووسیاوە بۆ پێ نەکرایە، ئەوا نەیدەتوانی وا

بەئاسانی پرۆسەی سەربازی دژ بە عەفرین دەست پێ بکات.

***نیشاندانی ڕەزامەندیی ڕووسیا بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی سەربازیی تورکیا بۆ عەفرین، بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێتەوە:***

- یەکینەکانی پاراستنی گەل پێشنیاری ڕووسیایان ڕەت کردەوە، کە ڕای گەیاندبوو پێویستە عەفرین تەسلیم بە هێزەکانی ڕژێمی ئەسەد بکرێتەوە.
- ڕووسیا پێی وا بوو کە هێزەکانی پاراستنی گەل، ئەجێندای ئەمریکی لە ناوچەکە جێبەجێ دەکەن.
- هەروەها تێگەیشتنێک لە نێوان حکوومەتی سووریا و تورکیا دروست بوو، بەوەی بە چوونەناوەوەی تورکیا بۆ عەفرین، ڕژێمی ئەسەد دەتوانێت بەئاسانی هەندێک ناوچە لە ئێدلب کۆنترۆڵ بکات و، تورکیا لێی بکشێتەوە.
- ئەم هەنگاوە بۆ ڕووسیا گرنگ بوو، بۆ ئەوەی بتوانێت دووبارە پەیوەندییە سیاسی و عەسکەرییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا دابڕێژێتەوە؛ خوێندنەوە و ڕاڤەیەکی نوێیش بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا بکات.

## تەوەری سێیەم: دەستپێکردنی پرۆسەکە و خوێندنەوەیەکی سەربازی:

پرۆسەکە سەرەتا بە بۆردوومانی ئاسمانی بۆ سەر هەندێک ناوچە کە هێزەکانی پاراستنی گەلی تێدا بوو دەستی پێ کرد، کە ١٠٨ ئامانجی سەربازیی پێکا بوو و، پاشان هێزەکانی تورکیا لە چەندین میحوەری جیاوازەوە هێرشیان کردە سەر عەفرین.

سەرەتا "ئەردۆغان" ڕای گەیاند کە ئەم پرۆسەیە بە چوار قۆناغ دەست پێ دەکات؛ ئامانج لێی دروستکردنی ناوچەیەکی دابڕێنراو (پەراوێز)ە بە قووڵاییی ٢٥ - ٣٠ کیلۆمەتر لەناو خاکی سووریا. ژمارەی ئەو هێزانەیش کە بەشداریی پرۆسەکە دەکەن ٢٠ - ٢٥ هەزار کەس دەبێت. لە بەرامبەریشدا بەپێی سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکانی تورکیا، هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل ژمارەیان بۆ ٨ - ١٠ هەزار کەس دەبێت کە بەزۆری لە ناوچەکانی "ڕۆژاوای ئەعزاز"، "جەندەریس"، "بلبل"، "شێخ حەدید" و "تەل ڕەفعەت" بڵاوەیان پێ کراوە. لە ڕۆژی پێنجەمی پرۆسەکە، سوپای تورکیا پرۆسەکەی فراوانتر کرد و لە چەند ناوچەیەکی ترەوە هێزێکی زۆرتری جووڵاند وەک: میحوەری ڕۆژهەڵات لای ئەعزازەوە و، میحوەری باکوور لە شاری کلیس و، میحوەری ڕۆژاوا لە شاری هاتای و،



سەرچاوە
Serchawe

میحوەری باشوور، ئەگەرچی بە شێوەیەکی کەمیش بوو؛ هەروەها میحوەری ئێدلب، چونکە هەر لەسەرەتاوە چوونە ناوەوەی سوپای تورکیا بۆ ئێدلب، بۆ کونترۆڵکردنی عەفرین بوو.

لە ڕووی سەربازییەوە لەبەر گەورەیی هێز و نابەرامبەریی هێز لە ڕووی توانای مرۆیی و جۆر و چەندێتیی چەک و تەقەمەنییەکانەوە، تورکیا دەتوانێت سەرکەوتوو بێت، بەڵام هەڵکەوتەی جوگرافیی عەفرین، کە ناوچەیەکی شاخاویی سەختتە و، سووربوونی "شەرڤانان" لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای تورکیا تا مردن، ئەمانە دەتوانێت ئاستەنگی گەورە بن لە بەردەم سوپای تورکیا؛ بە جۆرێک سوپای تورکیا لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی جەنگەوە تووشی شۆک بوون و، قوربانیی چاوەڕواننەکراویان هەبوو. لە بەرامبەردا جگە لەمە، تورکیا ترسی لەوەیش هەبوو، پارتی کرێکارانی کوردستان جەنگەکە بگوازنەوە ناوخۆی تورکیا و لە شارەکانی تورکیا کار و چالاکی ئەنجام بدەن و، نیگەرانییەکی تری تورکیا کە دەبێت هەمیشە حسابی بۆ بکات، ئەو هاوکێشە نێودەوڵەتییانەیە کە لە ڕووی سیاسییەوە دوای پرۆسەکە دێتە ئاراوە.

## هەڵوێستی نێودەوڵەتی لە بەرامبەر پرۆسەی سەربازیی تورکیا بۆ سەر عەفرین:

بێ گومان هەڵوێستی نێودەوڵەتی زۆر گرنگ و پڕبایەخە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەیەکی لەم شێوەیە، بۆ ئەوەی توێژەر شیکردنەوە و خوێندنەوەی بۆ بکات، بەتایبەت ئەو هێزانەی کە ئامادەییان هەیە لە سووریا وەک: ئەمریکا، ڕووسیا، ئێران و حکوومەتی سووریا. لەم ڕوانگەیەوە لەم بەشەدا لە دوو تەوەر باس لە هەڵوێستی نێودەوڵەتیی ئەمریکا و ڕووسیا دەکەین و، لە تەوەری دووەم باس لە هەڵوێستی هێزە هەرێمییەکان دەکەین، کە تیایدا باس لە هەڵوێستی ئێران و هەڵوێستی ڕژێمی سووریا دەکەین:

### تەوەری یەکەم: هەڵوێستی نێودەوڵەتی:

#### یەکەم: هەڵوێستی ئەمریکا:

فاکتەرێکی سەرەکیی هێرشکردنی تورکیا بۆ سەر عەفرین، پشتبەستنی ئەمریکا و یارمەتیدانی ئەمریکا بووە بۆ هێزە کوردییەکانی سووریا و، چەندین جار تورکیا نیگەرانیی خۆی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و کورد لە ڕۆژاوا دەربڕیوە؛ بە ڕادەیەک، تورکیا ئەوەی ڕاگەیاندووە کە ئەمریکا دەبێت لە نێوان تورکیا و ڕۆژاوا (کورد

یەکێکیان هەڵبژێرێت. تورکیا پێی وایە ئەمریکا بە پاساوی لەناوبردنی تیرۆر، پشتگیری تیـرۆر دەکـات، چونکە تورکیا پەکەکە و هێزەکانی پاراستنی گەل بە تیرۆریست ناو دەبات. هەڵویستی ئەمریکا بـە نیسبەت کوردەوە لـە سووریا سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون، زۆر جێگەی نیگەرانی بوو، چونکە ئەمریکا ئاشکرا پشتی لە هێـزە کوردییەکان کرد. ئـەمریکا نایـەوێت هێزێکی هاوپـەیمانی گرنگی خۆی وەک تورکیا لەدەست بـدات، بۆیـە وەزیـری بەرگری ئـەمریکا دەڵێت: "تورکیا تـرس و نیگـەرانیی لـە ئاسـایش و سـەقامگیریی خۆی هەیـە؛ ئەمەیش مافێکی شەرعییە. ئێمە ئاگاداریی پێشوەختەمان هەبووە کە تورکیا پرۆسەی سەربازی بۆ عەفرین ئەنجام دەدات." هەروەها گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە یەکەم ڕۆژی پرۆسەکەدا گوتی: "داوا لە تورکیـا دەکەین کـە ئـارام بێت و پرۆسەکە لـە چوارچێوەیـەکی دیـاریکراودا ئـەنجام بـدات؛ هـاووڵاتی و خـەڵکی مەدەنی بپارێزێت." "تیلەرسۆن"یـش دەڵێت: "ئەمریکا ڕێز لە مافی تورکیا بۆ پاراستنی کیانی خۆی، دەگرێت." هەڵوێستی ئـەمریکا بەرامبـەر کورد زۆر ناجێگیر بوو؛ لـە سـەرەتادا بـۆ جەنگی داعش پشتگیریی کوردانی ڕۆژاوای کرد بـەڵام لە بەرامبـەر هێزیکی وەک تورکیا، ئاشکرا پشتگیریی خۆی بۆ تورکیا دووپات کردووە؛ بۆ ئەمەیش دەکرێت چەند هۆکار هەبێت:

- ئەمریکا نایەوێت هاوپەیمانێکی مێژوویی خۆی لە ناوچەکە لەدەست بدا ت.
- ئەمریکا ترسی لەوە هەیە کە تورکیا و ڕووسیا هاوپەیمانێتییـەکی ستراتیژیی نـوێ ببەسـتن؛ بەمەیش جگە لـە ئێران، تورکیایش دەبێتە هاوپەیمانی ڕووسیا و، ئەمە دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایە. ئەمەیش لە دوای ئەوە دێت، کە ئەمریکا دەزانێت تورکیا دەستبەرداری ئەو گوتارە ئـایینی و مەزهەبییـە سوننییە بـووە کـە پێشتر هـەڵی گرتبوو.
- تورکیا هەڕەشەی ئەوەی کردبوو کە ئەگەر ئەمریکا بۆ ئەنجامدانی پرۆسە سـەربازییەکە ڕەزامەنـد نـەبێت، ئـەوا هەر دوو بنکەی سەربـازیی "ئەنجەرلیک" و "کۆجیجک" لە تورکیا دادەخات.

## دووەم: هەڵوێستی ڕووسیا:

هەڵوێستی ڕووسیا هەڵوێستێکی چاوەڕواننەکراو بوو، ئەویش ئەوە بوو کە "لاڤرۆڤ" پێش پرۆسەکە ڕای گەیاندبوو، کە بە هیچ شێوەیەک هێزەکانی لە عەفرین ناکشێنێتەوە. بـەڵام بینیمـان بـە چەنـد کاتژمێرێـک پـێش ئەنجامدانی پرۆسەکە، هێزەکانی لە عەفرین کشاندەوە. هەماهەنگیی ڕووسیا و تورکیا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەرکەوت، پاش ئەوەی سەرۆکی ئەرکان و سەرۆکی هەواڵگریی تورکیـا سـەردانی مۆسکۆیان کرد؛ ئەوکات وەزیری دەرەوەی

تورکیا باسی لەوە کرد کە دەیانەیت لەگەڵ ئێران و ڕووسیا گفتوگۆی ئەوە بکەن کەوا تورکیا بتوانێت هێرشی سەربازی بکاتە سەر عەفرین. ڕووسیا بەئاشکرا گڵۆپی سەوزی بۆ تورکیا پێ کرد بۆ ئەوەی هێرشەکە ئەنجام بدات، چونکە ڕووسیا بێجگە لە ئێران پێویستی بە لایەنێکی تر هەبوو پشتگیری لە ئەجێندا سیاسی و سەربازییەکانی ڕووسیا بکات. بۆ ئەمەیش هەوڵی دا، نیگەرانییەکانی تورکیا لە بەرامبەر ئەمریکا وەکوو هەل بۆ خۆی بقۆزێتەوە.

## تەوەری دووەم: هەڵوێستی هێزە هەرێمییەکان:

لەم تەوەردا باس لە هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەڵوێستی حکوومەتی سووریا دەکەین وەک دوو لایەنی پەیوەندیدار بە مەسەلە و کێشەی سووریا.

### یەکەم: هەڵویستی کۆماری ئیسلامیی ئێران:

ئێران و تورکیا هەمیشە جۆرێک لە ململانێ و دووبەرەکی لە نێوانیاندا هەبووە. هەر یەکەیان ویستوویانە گوتار و ستراتیژیی خۆیان بەسەر ئەوی تردا زاڵ بکەن؛ هەر لە شەڕی چاڵدێرانەوە تا دەگاتە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان. بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە ئەوەیە، ئەم دوو لایەنە هەمیشە بەرامبەر پرسە گرنگەکانی تایبەت بە نەتەوەی کورد لە ناوچەکە کۆک و یەکدەنگ بوون. بۆ نموونە ئەوەی بینیمان هەر دوو لایەن بەرامبەر پرسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان زۆر کۆک بوون؛ هەر دوو لا ئەو پرسەیان بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و ئەمنییەتی خۆیان وەسف کرد.

هەڵوێستی ئێران بەرامبەر پرۆسەی سەربازیی تورکیا بۆ سەر عەفرین، پەیوەندیی بە کارتە سیاسی و ئابوورییەکانی هەر دوو لا و، پەیوەندیی هەر یەکێکیان لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهانەوە هەیە. بۆیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئێران بە تورکیای ڕاگەیاندووە کە پشتگیری لە "پرۆسەی چڵە زەیتوون" دەکات، بە مەرجێک کە تورکیا گەرەنتیی یەکپارچەیی خاکی سووریا بە ئێران بدات.

### دووەم: هەڵویستی ڕژێمی سووریا:

حکوومەتی سووری زۆر لەوە لاوازترە کە بتوانێت هەڵوێستێکی نێگەتیڤ بەرامبەر تورکیا دەرببڕێت، چونکە هەموو



سەرچاوە
Serchawe

هێزە کاریگەرەکانی ناوچەکە ڕەزامەندییان بۆ تورکیا پیشان داوە. هەروەها وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕای گەیاند، کە ئەوان دەیانەوێت لەگەڵ حکوومەتی سووریا بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە هەماهەنگییان هەبێت. بەڵام لە بەرامبەردا حکوومەتی سووری ڕای گەیاند: ئەو پرۆسەیە پرۆسەیەکی شەڕانگێزی تورکیایە سەبارەت بە یەکپارچەیی خاکی سووریا و، داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە دژ بەم پرۆسەیە بوەستنەوە. بەڵام وەزیری دەرەوەی تورکیا دەڵێت: ئێمە بە نووسراوی فەرمی سووریامان لە ئۆپەراسیۆنی عەفرین ئاگادار کردۆتەوە و، دەڵێت ئەم ئاگادارکردنەوەیەیش لە ڕێگەی ڕووسیاوە پێشکەش بە سووریا کراوە.

## دەرەنجام:

١- هەموو هێزە نێودەوڵەتییەکان و هێزە هەرێمییەکان کە لە گۆڕەپانی ململانێکان لە سووریا بوونیان هەیە، بە شێوازێک لە شێوازەکان پشتگیریی ئۆپەراسیۆنەکەیان کردووە و، تورکیا ڕەزامەندیی هەموویانی وەرگرتووە.

٢- ئێران و تورکیا لەسەر هەموو شت ناکۆک بن، لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبێت کۆتایی بە پێشقەچوونی ئەزموونی کوردی بهێنن لە هەر شوێنێک بێت.

٣- عەفرین لە لایەن تورکیاوە کونترۆڵ دەکرێت؛ هێزەکان نابەرامبەرن و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش لە ئاستیدا بێدەنگە.

٤- تورکیا بە مافێکی شەرعیی خۆی دەزانێت کە بچێتە عەفرین و، پێی وایە ئەوە بۆ پاراستنی ئەمنییەت و ئاسایشی ئەوان گرنگە.

٥- تورکیا دەستبەرداری ئەو گوتارە ئیسلامییە سوننییە بووە، کە پێشتر گرتبوویە بەر.

## کۆتایی و سیناریۆکان:

*بۆ کۆتاییهێنان بەم پرۆسەیە، دەکرێت چەند سیناریۆیەک هەبێت لەوانە:*

١- پاش کۆنترۆڵکردنی عەفرین، تورکیا دەیەوێت ٢٥ تا ٣٠ کیلۆمەتر لەناو خاکی سووریا بۆ خۆی بەکار بێنێت و لە سووریا دای ببڕێت. دیسانەوە ڕەنگە بۆ ئەم سیناریۆیە کێشە و ئاستەنگی گەورە ڕووبەڕووی تورکیا ببێتەوە.

٢- ئەم سیناریۆیە، تایبەتە بەوەی کە تورکیا دەیەوێت ژێرخانی ئابووری و سیاسی و سەربازیی هێزەکانی

پاراستنی گەل تێک بشکێنێت و، عەفرین ڕادەستی هێزەکانی سەر بە سوپای بەشار ئەسەد بکاتەوە، لە کاتێکدا کە جەنگ لە سووریا کۆتایی پێ بێت و حکوومەتی نیشتمانیی سووری بتوانێت کۆنترۆڵی هەموو سووریا بکات، بەبێ ئەوەی شتێک بەناوی کانتۆن و فیدراڵی بۆ کوردانی ڕۆژاوا بمێنێت.

٣- لە پاش عەفرین، تورکیا بەرەو "مەنبەج" هەنگاو دەنێت، بەڵام لە ڕووی سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەڵوێستی ئەمریکاوە ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبێتەوە.

٤- سیناریۆیەکی تر ئەوەیە، کەوا تورکیا بە هەماهەنگی لەگەڵ ئێران و عێراق پاش کۆنترۆڵکردنی عەفرین هەنگاو بەرەو کۆنترۆڵکردنی شنگاڵ بنێن و، لە لایەکەوە هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بکەنە ئامانج و، لە لایەکی تریشەوە هەرێمی کوردستان سنووردار بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوس - ڕێکەوتی: ٢٤ی مارچی ٢٠١٨

## عەفرین و ئەنجومەنی ئاسایش



**دانا چراغ**

تورکیا بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسە سەربازییەی دوژمنکارانەی بەرامبەر کانتونی عفرین دوو پاساو دەهێنێتەوە(قانونی و دینی) کە خۆشبەختانە لەهەردووکیاندا نەپێکاوە, یەکەمیان لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی تورکیا پەنای بۆ قاعدەیەکی قانونی نێودەوڵەتی بردوە کە ئەویش قاعدەی بەرگری کردن لە خۆیە,ئەم قاعدەیە خۆی استسنایە و اصلەکەی ئەوەیە پەنا بردن بۆ بەکارهێنانی هێز قەدەغەیە(مادەی ٢ بڕگەی ٤ لە چارتەری نەتەوەیەکگرتوەکان), ئەم استسنایەش لە دوو هەلومەرجدا ڕێگە پێدراوە: یەکەمیان لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە

بڕیــاری بەکارهێنــانی ئەو هێــزە بــدرێت ئەویــش وەک بەرگریکــردن و گەڕانەوەی ئاســایش بۆکۆمەڵگــای نێودەوڵەتی(مادەی ٤٢ لە چارتەری ن ی), دووەمیان لە کاتی بەرگریکردن و بەرپەرچدانەوەیەی خێراوە لەلایەن دەوڵەتانی ئەندام(مادەی ٥١ لە چارتەری ن ی) بەڵام بۆ پەنا بردن بۆ ئەم قاعدەیە ئەبێت بەلایەنی کەمەوە چەند مەرجێکی سەلمێنراوی هەبێت بەڵام نە لە ئێستاداو نە پێش دەستپێکردنی پرۆسەکە ئەو مەرجانە بونیان نەبوو کە ئەوانیش بریتین لەوەی(دەبێت بەرگرییەکەو وەڵامدانەوەکە ڕاستەوخۆ دوای پەلاماردنی سەربازی لەلایەن دەوڵەت و لایەنی دەستدرێژی کارەوەبێت و نابێت وەک تۆڵەکردنەوەیەک بۆ ڕابردوو ئەنجامبدرێت هەروەها نابێت لەسەر بنـاغەی پێشبینکردنی مەترسیەک بـۆ ئایندەدا ئەنجامبدرێت (وەک جەنگی داگیرگردنی عێـراق) ئەمانە بەتەواوەتـی لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکـانەوە ڕەتکـراوەتەوەو دژی قـانونی نێـودەوڵەتیە), دووەمیـان کە بەهانـای دیینە ئەوە بۆ هەموو موسڵمانێکی سادە سەلمێنراوە کە کوشتنی نـاڕەوا و داگیرکردن لە ئیسلامدا حەرام و ڕێگەی پێنەدراوە.

لەبەر نەبونی هیچ هەلومەرجێکی بێشوەختە و نەبونی ڕێگەپێدانی قانونی بە هەمو پێوەرێک دەوڵەتی تركیا ئەو پرۆسەی ئەنجـامیئەدات نـاڕەوایەو لە ڕوی قـانونی نێـودەوڵەتیەوە بەرپرسیارە چونکە: تركیـا پەلامـاری خـاکی دەوڵەتێکی دراوسێ ئەدات بەبێ ڕێگەپێدانی ئەنجومەنی ئاسایش و ڕەزامەندی دەوڵەتـی سوریا, هەروەهـا تركیا پاڵپشتی و سەرپەرشتی گروپ و ڕێکخراو ی جیاواز دەکات بۆپەلاماردان و هێرشکردنە سەر پارچەیەک (عفرین) لە دەوڵەتێکی دراوسێ (سوریا) ئەمەش بە گوێرەی (ڕێکەوتنـامەی نەتەوەیەکگرتـوەکان سەبارەت بە بەرپرسیارێتی دەوڵەتــان لە بەرامـبەر ئەو کــارانەی نێــودەوڵەتی نــاڕەوان لە ســاڵی ٢٠٠١) دەوڵەتــی تركیـا دەخـاتە ژێـر بەرپرسیارێتیەوە, هەروەهـا ئەم پرۆسەیەشی وەک کـارێکی دوژمنکـارانە پێناسە دەکرێت (بڕیـاری ٣٣١٤ی سـاڵی ١٩٧٤ی کۆمەڵەی گشتی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان).

لەلایەکی دیکەوە سەرجەم ئەو گروپـانەی تركیـا سەرپەرشتی وتمویلیـان دەکـات بە بڕیـاری ئەنجومەنی ئاسایش تمویلکردنیان قەدەغەکراوە ( بڕیـاری ژمارە ١٣٧٣ی سـاڵی ٢٠٠١), ڕێگـای هـاتوچۆو پەڕینەوەی سنورەکانیان لـێ قەدەغەکراوە(بڕیـاری ژمارە ١٦٢٤ی ساڵی ٢٠٠٥), هەروەها وەک گروپی تیرۆریستی و پولین کراون(بڕیـاری ژمـارە ٢٠٨٣ ی ساڵی ٢٠١٢, بڕیاری ژمارە ٢١٦١ ی ساڵی ٢٠١٤), کارەکانیان ادانەکراوە (بڕیـاری ژمارە ٢١٧٠ی سـاڵی ٢٠١٤، و بڕیـاری ژمـارە ٢١٧٨ی سـاڵی ٢٠١٥), سـەرچاوەی داریـان وەک سـەرچاوەی تمـویلی تیـرۆر پێناسـە کـراوە(بڕیـاری ژمـارە ٢١٩٩ ی سـاڵی ٢٠١٥), بەڵام سـەرەڕای بـونی سـەرجەم ئەم بڕیـارانە تركیـا بە بەرچـاو



سەرچاوە
Serchawe

کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە پشتیوانی ئەو گروپانە دەکات و پێشێلی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دەکات کە بێگومان ئەمەش دەچێتە چیوارچێوەی تاوانەوە.

لە دوا بڕیاریدا ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت سوریا (بڕیاری ژمارە ٢٤٠١ی ساڵی ٢٠١٨) کە بە یەکێک لە بڕیارەگرنگەکان دادەنرێت سەبارەت بە بارودۆخی عەفرین, هەرچەندە بە شێوەی ڕاستەوخۆ باسی عەفرین ناکات بەڵام لە زۆرجێگەدا ناوەڕۆکی بڕیارەکەی ئاراستەی گشت لایەنکان دەکات, بە ئاشکرا لەم بڕیارەدا باس لەوە دەکات کە بەردەوامی بارودخی مرۆی لە سوریا هەڕەشە دروست دەکات بو سەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە,لەبەر ئەوە ڕایدەگەیەنێت کە سەرجەم دەوڵەتانی ئەندام ملزمن بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش پاڵپشت بە مادەی ٢٥ لە چارتەری نەتەوەیەکگرتوەکان , هەر لە ناوەڕۆکی بڕیارەکەدا داوا لەلایەنە شەڕکەرەکان دەکات کە دەبێت ئاگربەستێک ڕابگەیەنن بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ.

ماوەیەکی زۆر بەسەر بڕیارەکەدا تێپەڕیەوە تاکو ئێستا شەر لە عەفرین و چەند ناوچەیەکی سوریا ڕانەوەستاوە و بەردەوامی هەیە, ئەمەش ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی خستۆتە ژێر پرسیارەوە, کە ئایا بۆچی ئەنجومەنی ئاسایش دوای پێشێلکردنی بڕیارەکەی هیچ هەنگاو و بڕیارێکی کردەی نەناوە؟ کە دەبوو دوای ١٥ ڕۆژ لە دەرچونی بڕیارەکە لەلایەن سکرتێری گشتیەوە ڕاپۆرتێک ئامادەبکرێت لە سەر لایەنە شەڕکەرەکانی ناو سوریا لە بارەی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی بڕیارەکەوە.

دەوڵەتی ترکیا بەو هەنگاوە دوژمنکارانەی جگە لە پێشێلکردنی سیادەو سەروەری دەوڵەتی سوریا, پێشێلکردنی قانونی نێودەوڵەتی و قانونی نێودەوڵەتی مرۆڤایەتی, لە ئێستادا سەرکێشی و پێشێلی بڕیاری گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات کە ئەنجومەنی ئاسایشە, بەردەوامی ئەم هەنگاوەش ترکیا دەکات بە دەوڵەتێکی نابوت و بێزراو لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە بێگومان ڕێگە نادرێت هەیبەتی گەورەترین و تاکە دامەزراوەی نێودەوڵەتی کە بڕیارەکانی سیفەتی ملزمی هەیە لەلایەن دەوڵەتێکی وەک ترکیاوە بشکێنرێت کە خەونی پاوانخوازیانەی بەریەککەوتنی هەیە لەگەل بەرژەوەندی و بەهاکانی ڕۆژئاوا و امریکا, ترکیا بۆ ئەم سەرکێشیەی باجێکی گەورە ئەدات لە ئایندەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# عەفرینو بێدەنگی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی



د. سەیران تەها

لەسەرەتای دەستپێکردنی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین کە بەناوی (چڵە زەیتون)وە بەرەزامەندیو ئاگاداری ناتۆ بوە، جگە لەهەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ تورکیا بۆ هێرشکردن، ئەمەریکا بەرەسمی داوای وەستاندن یان کشانەوەی تورکیای نەکردوە لەعەفرین، بەڵکو داوای دان بەخۆدا گرتنی دەکرد. روسەکان خۆیان دەڵێن ئێمە گڵۆپی زەردمان بۆ تورکیا هەڵکردوە. بێگومان رێگەدان بە تورکیا بەناوی پاراستنی سنورەکانی، بەرامبەر بەسازشکردنی تورکیا بو بۆ ئامانجەکانی روسیا لەسور.

ئێستا کێشەی کورد لەرۆژئاوا کەوتونەتە نێوان هاوکێشەو شەڕی بەرژەوەندییەکانی نێوان ئەمەریکاو روسیاو هاوپەیمانەکانیان، روسیا کوردەکان سزا دەدات بەرامبەر هاوکاری کردنیان لەگەڵ ئەمەریکادا. ئەمەریکاو وڵاتانی ئەوروپا پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتێکی هاوپەیمانیان لەناتۆ لەپێشترە لەپاراستنی گەلێکی بێ دەوڵەت کە گرنگ نیە چارەنوسیان بەرەو کوێ دەڕوات.

عەفرین مەسەلەو هاوکێشەیەکی ئاکاریی هێنایە کایەوەو وڵاتان دەخاتە بەردەم پرۆسەیەکی ئەخلاقی لەپاراستنی مافەکانی مرۆڤ کە چۆن رێگری لە کۆمەڵکوژی دیکتاتۆرێکی فاشی وەک ئەردۆغان بکەن یان بێدەنگی هەڵبژێرن.

هێرشی وەحشیگەری و دوژمنکارانەی رژێمی رەگەزپەرستی تورکیا بۆ سەر عەفرین و بێدەنگ بونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەسەر تاوانەکانی تورکیا لە شەڕێکی نابەرامبەردا لە نێوان دوەم دەوڵەتی خاوەن سوپا لە ناتۆ کە هەمو جۆرە چەکێکی قورس لە تۆپ و تانک و فرۆکەی جەنگی بەکار دەهێنێت، لەگەڵ گەلێکی بێ دەوڵەت و ناسنامە و بێ پشتیوان کە تەنها شەڕ لە پێناوی مافی چارەی خۆنوسین و شەڕی



سەرچاوە Serchawe

پارێزگاری لەخۆی و خاکەکەی دەکات، ئەمە کۆمەڵێک پرسی گرنگ دەوروژێنێت کە دیارترینیان پێشێلکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ، پێشێلکردنی بنەما سەرەکیەکانی پەیماننامەی خودی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆیەتی. ئەوەی جێگەی تێڕوانینە کە پرسی ڕەوایەتی و ئاکار و بێلایەنی نەتەوە یەکگرتووەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە گەورەترین کاریگەری دەبێت لەسەر پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

لەم تاوانکارییانەی ئەردۆغان دژی عەفرین، ئەمڕۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو مرۆڤایەتی لەبەردەم داڕمانی ئاکاری دژی مرۆڤایەتی تێدەپەڕێننو شەریکە تاوانن لەگەڵ تورکیا بەئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ لەکوشتنی ژنانو منداڵو پیرداو ڕێگەدان بەکاوڵکاری ژینگەیی، سوکایەتیو شێواندنی جەستەی شەهیدەکانو هەمو تاوانەکانی کە دژ بەمرۆڤایەتی ئەنجامدەدرێت. بەدیارچاوی هەمو جیهانەوە تورکیا گروپە تیرۆرستەکانی پاشماوەکانی داعشی سوریاو عێراقی لەژێر ناوی ئۆپۆزسیۆنو سوپای ئازاد کۆکردۆتەوە، بەئاشکرا تەنها بۆ دوژمنایەتیو لەناوبردنی کورد کۆیکردنەتەوە.

لەهەمانکاتدا هێرشەکانی سەر عەفرین جەختکردنەسەر کێشەی ئەخلاقی کۆمەڵگای ئیسلامی و عەرەبی و ناسنامەی ئیسلامی بونە، لە پشتگیری کردن و هەڵبژاردنی بێدەنگی لە بەرامبەر بە کاول کاریی لە عەفرین و جینۆسایدی کورد لە سوریادا؟ کاتێک کە سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا ڕایگەیاند کە لە شەڕی عەفریندا لەڕێگەی جیهادەوە سەر دەکەوین، و لە کاتی دەست پێکردنی هێرشەکاندا، فرقەی تایبەتی عوسمانی مارشی نیشتمانی لێدراو لە مزگەوتەکان بە تەکبیر و (سوره فتح) جەنگی دوژمنکارەیان ڕاگەیاند. دوێنێ بو کە هەڵەبجە بە سورەتی ئەنفال کیمیاباران کرا ئەمڕۆش عەفرین بە (سورەتی فتح) تالان و کاولکاری دەکرێت، لەگەڵ ئەمانەشدا نە وڵاتانی موسڵمانانی عەرەبی و نە ئەزهەر و نە دەیان ڕێکخراو هەزاران لە پارتە ئیسلامیە سیاسیەکان و یەکێتی زانایانی موسڵمان لەسەر ئاستی جیهان ویژدانیان نەجوڵا دژی ئەم تاوانکارییە بەرامبەر بە میللەتی کوردی موسڵمان و پچوکترین هەڵوێستیان نەنواند.

گەورەترین شەرمەزاری کۆمەڵگای نێودەوڵەتیە کاتێک شەڕی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتە زلهێزەکان لە سەرو پاراستنی و کەرامەت و ژیانی خەڵکانی مەدەنی و میللەتانی ژێر دەستە دەبێت، تەنانەت لەسەرو بنەما و هەمو ئاکار و ڕێچکەیەکی ئایدیۆلۆجیای خۆیان دەبێت کە ڕۆژێک ڕەمزی نەتەوایەتی و پێشبڕکێی نەتەوەکانی دنیا بوبێت. ئێستا ڕوسیایەکی بەڵشەفی گەورەترین هاوپەیمانێتی دەوڵەتێکی ئایینی وەک ئێران و ڕژێمێکی دیکتاتۆری

وەک بەشار ئەسەد و ئەردۆغانە. لە کاتێکدا کە تورکیا لەبەرچاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناتۆ گەورەترین تاوانکاری و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەکات، هەمو بنەما و رێسا مرۆیی و سروشتیەکان ژێر پێدەخات، سەلماندنی گەورەترین شەرمەزاری و رسواییە لە مێژوی ئەنجومەنی ئاسایش تا ئێستا بەخۆیەوە بینیبێت کە نەک بەهیچ شێوەیەک ئیدانەی هێرشەکانی تورکیایان نەکرد، بەڵکو رێگەی داوە بە تورکیا بە قڕکردنی کورد و تاکڕەویەتی روسیا لە پێشێلکاری هەمو بنەما نێودەڵەتیەکان و شکست پێهێنانی هەوڵەکان بۆ گۆڕانکاری دەسەلات لە سوریادا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠١٨

## بەرەنگاریی لە عەفرین دەچێتە قۆناغێکی نوێوە



پەلاماردانو شەڕی سوپای تورکیاو گروپو چەکدارە توندڕەوە هاوکارو هاوپەیمانەکانی؛ بۆ سەر کانتۆنی عەفرین، کارەساتو کۆمەڵکوژیی زۆر گەورەی لێکەوتۆتەوەو بەسەدان هەزار هاووڵاتی لەکانتۆنەکە، ئاوارەبوونو ژیانیان لەمەترسیدایە.

### تورکیا لەناوەندی جندرێس کۆمەڵکوژی ئەنجامدا

سەرلەبەیانی دوێنێ، لەئەنجامی پەلامارەکانو بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆ سەر ناحیەی جندرێسی سەر بەعەفرین، سەدان هاووڵاتی شەهیدبوونو ژمارەیەکی زیاتریش بریندارو ئاوارەبوون، ئەم هەواڵەش لەلایەن

میدیاكانی سەر بە «یەپەگە»وە پشتڕاستكراوەتەوەو ئەوەشیان خستۆتەڕوو كە دەیان فڕۆكەو تانكو تۆپ، بۆردومانی سەنتەری عەفرین دەكەنو بەهۆیەوە سەدان هاووڵاتی كۆمەڵكوژكراونو ٢٠٠ هەزار هاووڵاتیش ئاوارەبوون.

هەر لەوبارەیەوە، ساڵح موسلیم هاوسەرۆكی پێشووی پارتی یەكێتی دیموكراتی «پەیەدە» لەئەكاونتی تایبەتی خۆی لەتویتەر، لەنووسینێكدا رایگەیاندووە «بەرخۆدانی عەفرین بەردەوامدەبێتو پاشەكشەكردن لەبەرەیەكی جەنگ مانای شكستو خۆبەدەستەوەدان نییە. خەڵكی كوردستانیش بەردەوامدەبێت لەبەرخۆدانو بەرگریی دژی سیاسەتی داگیركەرانو جینۆسایدكردنی گەلەكەمان»و تەئكیدیشدەكاتەوە كە»سەركەوتن نزیكە».

لای خۆیشییەوە، هەدیە یوسف هاوسەرۆكی ئەنجومەنی سوریای دیموكرات، رەخنە لەهەڵوێستی ئەنجومەنی ئاسایش دەگرێت لەئاست بێدەنگیی پەلامارەكانی سوپای توركیا بۆ سەر عەفرینو كۆمەڵكوژیی دانیشتووانەكەی. داواش لەئەنجومەنی ئاسایشو كۆمەڵی نێودەوڵەتی دەكات رێگریی بكەن لەلەشكركێشییەكانی سوپای توركیا.

### ئاوارەبوونی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار كەس

بەپێی ئامارێكی روانگەی سوری بۆ مافەكانی مرۆڤیش «ژمارەی ئاوارەكانی عەفرین گەیشتۆتە زیاتر لە ٢٠٠ هەزار كەس». لەلێدوانێكیشدا بۆ ئاژانسی فرانس پرێس، رامی عەبدولڕەحمان بەڕێوەبەری روانگە، دەڵێت: تەنها لە 24 سەعاتی رابردوودا نزیكەی ٥٠ هەزار هاووڵاتی عەفرینیان جێهێشتووەو بەگشتیش زیاتر لە ٢٠٠ هەزار هاووڵاتی ئاوارەبوون. ئەوەشی وتووە: دیمەنی پەلامارو كۆمەڵكوژیی توركیا بۆ سەر كانتۆنی عەفرین زۆر ترسناكو تۆقێنەرەو بەگشتیش ناوچەكە روبەڕوی كارەسات بۆتەوە.

### كوژرانی دەیان سەربازو چەكدار

ئاژانسی دەنگوباسی فورات ئەوەی بڵاوكردۆتەوە كە بەرەبەیانی دوێنێ لەبەرەكانی شەڕی نزیك لەگەڕەكەكانی ئەشرەفیەو مەحمودیە لەعەفرین، لەشەڕێكی سەختدا، شەڕڤانانی یەپەگەو یەپەژەو قارەمانان لەعەفرین، روبەڕوی هێزەكانی توركیاو چەكدارە هاوپەیمانەكانیان لەگروپە توندڕەوەكانی سوریا، بوونەتەوەو گورزی قورسیان لێداونو دەیان ئەندامی تیمی تایبەتو سەربازو چەكداری توندڕەویان كوشتووەو بریندازكردووە.

ئاژانسەکە ئاماژەی بەوەشکردووە تورکیا بەفڕۆکەو تۆپو تانک بۆردومانو تۆپبارانی چڕی عەفرین بەگشتی دەکات.

### بەرخۆدان بەردەوامەو عەفرین نەکەوتووە

خۆبەڕێوەبەرایەتیی ئیداری، جڤاکیو سەربازیی هەرێمی عەفرین، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی هاوبەشیاندا رایانگەیاند: قۆناغێکی نوێ لە عەفرین دەستپێکردووەو شەڕڤانان لە هەموو شوێنێکی عەفرین دەبنە مۆتەکە بۆ هێزی داگیرکەرانو ئەوانەی دێنە سەر خاکەکەمان بەمەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیاکەی.

لەلێدوانە هاوبەشەکەدا هاتووە: بەرخۆدانی سەردەم لە عەفرین بەردەوامەو کۆتایی نەهاتووەو وەک چۆن لەماوەی ٥٨ شەوو رۆژی رابردوودا بەرخۆدان قارەمانانە بەردەوام بوو، لەئەمڕۆ بەدواوەش دیسان بەهێزتر درێژەی پێدەدرێت. هەروەها جەختکراوەتەوە کە هەموو شوێنێکی عەفرینی داگیرکراو دەبێتە ئامانجی چالاکی شەڕڤانانو رێگە نادەن داگیرکەران بەئاسانی تیایدا بحەسێنەوەو تا دەرکردنیان لە دوایین بستی خاکی عەفرین، بەرخۆدانو روبەڕبونەوە بەردەوام دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠١٨





سەرچاوە
Serchawe

# عەفرین یەک ساڵ و یە ک هەزار ساڵ



**هادی سۆفیزادە**

عەفرینییەکان دەڵێن مێژووی شارەکەیان بۆ هەزار ساڵ ئەگەڕێتەوە. شارێک بەو مێژووەوە تا سالێک پێش ئیستا بۆ زۆربەی خەڵکی خۆمان نەناسراو مابووەوە. ماڵی تورکەکان ئاوا بێ کە بە ترس و وەحشەتیان لەو شارە، تێ یانگەیاندین کە قیبلەی کورد عەفرینە نەک بەرەو خوار.

لە باری جوغرافیاییەوە روژئاوا ی کوردستان گرێدراوی باشوورو باکووری کوردستانە، بەلام ناوکی ڕۆژئاوا بە ڕۆژهەلاتەوە گرێدارەوە، عەفرینش بە بیجارەوە. بۆیە دەڵێم بیجار چونکە ئەوەی کە ئەمڕۆ لە عەفرین ڕوو دەدا سبەی لە بیجاڕ روو دەدا. برینی عەفرین و ڕۆژهەلات وەک یەک وایە. سەیر کەن یەک لەو گوندانە کە خەڵکێکی زۆری تیا شەهید بووە ناوی قارنێ یە. واتە ئیستا دوو قارنێ مان هەیە. لە داهاتوویشدا دوو عەفرینمان دەبێ.

دوای هەزار ساڵ، ئەمڕۆ عەفرین لە حافزەی گەلی ئێمەدا سەبت بوو. ئیتر خەڵک ناوی منالەکانیان دەنێن عەفرین. ئیترعەفرین تەنیا بە زەیتوونەکەی ناناسرێتەوە بەڵکو عەفرین بە حیماسەی کەم وێنەیان دەناسرێتەوە. زەیتوونەکەی تەنیا وەک دەرمانێک دەبێ بۆ سارێژ کردنەوەی برینی نیشتمان پەروەران. جاران ئێمە بەکۆمارەکانی ئاراڕات و کوردستان و پیدەشتەکانی باوەگوڕگوڕەوە ئەژیاین ئەمڕۆ بە عەفرین و کۆبانی، سبەی بە بیجارو ئیلام، حەمرین و ئەسکەندەروونەوە ئەژین. لە ئیستا بە دواوە کاتژمێرەکانمان بە کاتی عەفرین، ئیلام، کەرکووک و درسیم کۆک ئەکەین.

لە مێژووی گەلی کورددا زۆر ڕووداوی خوێناوی و دڵتەزێن، زۆر حیماسەوو بەرگری بێ وێنە هەبووە کە

کاریگەرییەکانی نەوە بۆ نەوە گواستراوەتەوەوو درێژەی هەیە. شەڕی ٢٤ ڕۆژەی سنە، شەڕەکانی دابان لەو ڕۆژە مێژووییانەن کە لە گەڵیان دەژین. گەر سەرنج بدەن ڕۆحی نەتەوەیی لەو شوێنانە کە حیماسەیان تیا خوڵقاوە بەهێزترە لە باقی شوێنەکانی دیکە. عەفرینیش بە هەمان شێوە، عەفرین عەقڵی نەتەوەیی ئێمەی کامڵ کرد. ئیتر کاتێک بۆ نیشتمان دەڕوانین بۆ سنە، سلێمانی، ئامەد و قامشلوو ناڕوانین بەڵکو مەودای ڕوانینی ئێمە ئیلام و بیجاڕ، مەندەلی و حەمرین، ئەسکەندەروون وعەفرینە.

یەک لە لاوازییەکانی ڕابردووی بزوتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان ئەوە بووە کە هیچکات پانتای جوغڕافیایی کوردستانی پڕ نەکردوەتەوە. مەیدانی جموجۆڵی ئەحزابی ڕۆژئاوای کوردستان لە قامیشلوو بەولاوە تێنەپەڕیبوو یا کاری بۆ نەکرابوو. مەیدانی جموجۆڵی ئەحزاب لەو ناوچانە قەتیس مابووەوە کە پشتی بە با باشووری کوردستانەوە بوو.

کەوتنی کەرکووک و عەفرین ئاکامی پێک هاتنی ئێران ـ تورکیە کۆ ڕوسیەیە، بەڵام بە پێی هەموو لێکدانەوەکان شکانی کەرکووک و عەفرین کاتییەوو گۆڕانکاری ناوچەکە لە بەرژەوەندی ئێران و تورکیە نییە. سەدەی بیستەم سەدەی بێ بەختی گەلی کوورد، سەدەی جاری سەدەی ئێمەیە. هێشتا لە سەرەتای سەدەدان!. ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە سەر دەستی کورد دادەڕێژرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەوڵوێست - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠١٨



# کاردانەوەکانی شەڕی عەفرین لەناو ئەڵمانیا

## هەواڵدەریی فەرانسە

## ماڵپەڕی هەڵوێست

هەواڵدەریی فەرانسە لە عەفرینەوە رایگەیاند کە چەتەکانی "سپای ئازادی سووریە" دەستیان داوەتە تاڵان و بڕۆی دوکان و ماڵە کانی عەفرین.

بە پێی راپۆرتەکە، ئەو چەکدارانە کە لەلایەن دەوڵەت و لەشکری تورکیەوە پشتیوانی دەکرێن(لە راستیدا بەکرگیراوی تورکیەن - هەڵویست)، پاش چوونە ناو شاری عەفرین، بەپێ هیچ سڵەمینەوەیەک و لە پێش چاوی میدیای جیهانەوە کەوتوونەتە تاڵانی خانوی خەڵک، بەشێوەیەک قوفڵی ماڵان دەشکێنن و تاڵانی دەکەن و هێندێک جار پاش تاڵان، خانوەکەش ئاگرتێبەر دەدەن. هەر ئەو هەواڵدەرییە لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا دەنووسێ دووکان و چێشتخانەکانیش کەوتوونەتە بەر پەلامار و تاڵان و ئەوەی خواردەمەنی، کەل و پەلی ئێلێکترۆنیکی، پەتوو و بەگشتی هەرچی بەردەستیان کەوێ لە ئوتومبیلی دەخەن و دەیبەن.

هێرشی تورکیە و چەکدارە ئیسلامیەکان لە رۆژی ٣٠ی بەفرانبار(٢٠ژانوویە) بە پەلامار لە ئاسمان و زەویەوە دژ بە گەلی کورد و هێزەکانی ی.پ.گ دەستیپێکرد. بەڵام خۆڕاگری و دیفاعی کچان و کوڕانی گریلا بۆ ماوەی زیاتر لە ٥٨، خەسارێکی گەورەی گیانی و کەل و پەلی نیزامیی بە لەشکەری تورکیە و چەکدارە توندرەوە موسوڵمانەکانی هاوپەیمانی (تورکیە) گەیاند.

لە لایەکی دیکەوە "رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی سووریە" کە ناوەندەکەی لە بریتانیایە، ڕایگەیاندوە کە چەکدارانی هاوسەنگەری ئەرتەشی تورکیە شاری عەفرین یان بەتەواوەتی تاڵانکردوە.

دانیشتوویکی شاری عەفرین هەر لەمبارەوە بە بە هەوڵدەریی فەرانسەی گوتوە: بە چاوی خۆی دیتوویە کە لە پێش

چاوی سەربازانی تورکەوە، چەکدارە توندڕەوە موسوڵمانەکان هەموو شوێنێکیان تالانکردووە، تەنانەت ئەو ئوتومبیلانەی کە لە کەنار شەقامەکان راگیرابوون دزراون. ڕۆژنامەوانێکی هەوڵدەریی فەرانسە رایگەیاندوە کە ژمارێکی زۆر دووکان، پاش تالان ئاگرتێبەردراون.

جێگەی وەبیر هێنانەوەیە کە دەستێوەردانی تورکیە لە عەفرین، کە بە بڕیاری سەرکۆماری ئەو ولاتە(ئەردوغان) دەستیپێکرد، دەیانجار لە لایەن کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و دەوڵەت و ولاتانی بێلایەنەوە مەحکووم کرا. هەروەها لە ناوخۆی تورکیە دژایەتیەکی زۆری ئەو هێرشە کرا، بەشێوەیەک کە تا ئێستا هەزاران کەس لە دژبەرانی هێرش بۆ سەر عەفرین لەلایەن دەوڵەتی تورکیەوە دەسبەسەرکراون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠١٨

## *بە ئامانجگرتنی کورد و نیگەرانییە ساختەکانی ئەمەریکا*



**شاخەوان برایم عەبدوڵڵا**

لە دوای ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەر، دەرکەوت ئەمەریکا هاوپەیمانێکی ڕاستەقینەی کورد نییە، لە کاتێکدا لە دوای ڕاپەڕینەوە، کورد خۆی وەک هاوپەیمانی ئەمەریکا هەژمار کردووە، بەڵام لە کاتی پێویستدا کە دەبوو واشنتۆن پشتگیریی کورد بکات، بە پێچەوانەوە پێش بەرژەوەندی کورد، سەیری بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات، ڕاستە لە

سیاسەتدا هەر وڵاتێک بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی، بەڵام کورد جیاوازە و هەمیشە چاوی لە دەستی ئەمەریکا بووە و زۆر شتیشی بۆ واشنتۆن کردووە.

لە ساتەوەختی رووخانی رژێمەکەی سەددام، واشنتۆن بە سانایی دەیتوانی لە بری هەرێم، دەوڵەت لەو بەشەی کوردستان بۆ کورد دروستبکات، بەوپێیەی کۆی سەروەری و دامەزراوەکانی عێراق، لە جانتاکەی واشنتۆن دابوون، دواتریش پشتکردنی لە کورد لە پرسی ریفراندۆمدا، رێگەی بۆ عێراق خۆشکرد، یاخود گلۆپی سەوزی بۆ حەشد پێکرد وەک ئاماژەیەک بە رازیبوون بۆ هێرشکردنە سەر پێشمەرگە، لێرەوە روویەکی دیکەی راستەقینەی ئەمەریکا دەرکەوتەوە، ئاخر ئەگەر ئەمەریکا خواستی لەسەر نەبێت، تەیریش نەیتدەوانی لە کەرکووک نزیکی پێشمەرگە بکەوێتەوە، بەڵام ئەمە روونە ئەمەریکا لەو پرسەدا قازانجی زیاتری دەکرد، واتە عەبادی زیاتر لە کورد خێری بۆ واشنتۆن هەبوو، هەم پارەی باشتر و هەمیش عێراق شیعەی زۆرە و ئەمەریکاش دەیەوێت لە رێگەی عەبادییەوە ململانێی ئێران بکات، بەڵام لێرەدا ئەو ئیدارەیەی ئەمەریکا نەیانتوانیوە ناخی عەبادی بخوێننەوە، لەوەی زیاتر کاریگەرە بە ئێران، تا ئەمەریکا، لەو رووداوەشدا، واتە هێرشی حەشد بۆ سەر پێشمەرگە، واشنتۆن چەندجارێک نیگەرانی ساختەی دەربڕی و سەرئەنجامیش ئێستا دەبینین حەشد دەستی بەسەر زۆرترین خاکی کورد داگرتووە.

دەی تازەترین رووداوی چاوەڕوانکراوی دژ بە کورد، پرسی هێرشی تورکیایە بۆ سەر عەفرین، بەداخەوە لە ماوەی نزیکەی دوو مانگی ئۆپەراسیۆنەکەدا، ئەمەریکا یەکهەڵوێستی توندی کردەیی نەبوو تورکیا ناچار بە راگرتنی هێرشەکە بکات، سەرئەنجام ئەو کۆمەڵە نیگەرانییە ساختەیەی ئەمەریکا، لەبارەی هێرشەکە، سوپای تورکیا و میلیشیا ئیسلامییەکانی بردە ناو عەفرینەوە، عەفرینێک کە جیاوازە لە کەرکووک، هەر هیچ نەبێت، کەرکووک بە گوێرەی دەستوور و قانوون، شارێکە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەڵام عەفرین، هیچ پەیوەندییەکی بە تورکیاوە نییە، کەوایە ئەوە بێدەنگی ئەمەریکایە، سوپا و میلیشیا ئیسلامییەکان سووکایەتی بە سیمبۆلەکانی کورد لە عەفرین دەکەن! رووداوی عەفرین، پێیگوتین ئەمەریکا یان وەهمە، یان لە بنەڕەتدا دژی کوردە و کەچی کورد پێی نەزانیوە، یان فێڵ لە خۆی دەکات!

ئەگینا خێرە ئەمەریکایەک خۆی پێ گەورەی دونیا بێت و وێنایەکی زۆر گەورەشی لە ناوچەکەدا، بۆ خۆی کێشاوە و هاوکات کوردیش وەک هاوپەیمان و دۆستی خۆی دەناسێت، کەچی لە ماوەی تەنیا شەش مانگدا دوو گەورەترین کارەساتی مرۆیی و سیاسی و نەتەوەیی، بەسەر هاوپەیمانەکەی ئەمەریکا دێت، واتە کورد، ئەویش داگیرکردنی کەرکووک و عەفرینی کوردان، کەچی ئەمەریکا هەر بەردەوامە لە دەربڕینی بەیاننامەی نیگەرانی و ئەو جۆرە

قسانە کە هیچ بایەخێکی کردەییان لای نەیارەکانی کورد نییە و چش لەو نیگەرانییانەی واشنتۆن کە لەو دوو پرسەدا عەبادی و ئەردۆغان هەر گوێشی پێ نادەن، کەوایە ئەگەر ئەمە هاوپەیمانێتی ئەمەریکا بێت بۆ کورد، بۆ لەمەودوا کورد پێویستی بە دۆزینەوەی هاوپەیمانێکی دیکە هەیە و باشتریش وایە، دژی ئەمەریکا بێت، بەدڵنیاییەوە ئەوە دەبێتە دەرسێک بۆ نیگەرانییەکانی واشنتۆن!

لە تازەترین هەڵوێستی ئەمەریکا سەبارەت بە عەفرین، دیسان دەڵێت، ئێمە نیگەرانین، ئەرێ کەس نییە بڵێتە ئەمەریکا، نیگەرانییەکانی ئێوە سوودی تووزێکی قوڕاوی ناهێنن! گرنگە کورد بە فەرمیّ بڵێتە واشنتۆن کە نیگەرانییەکانت نەبوونەتە هۆی ئەوەی هەڕەشە لەسەر کورد کەم بکەنەوە، هەڵبەت قۆناغی ئێستامان مەبەستە، ئەگینا تا ڕووخانی سەددام، واشنتۆن ڕۆڵی باشی هەبووە لە پاراستنی کورد لە باشوور، بەڵام دواتر سیاسەتی بووە بەیاننامەی نیگەرانی، کە دەکرێت ئامەژەی پێکردنی گڵۆپی سەوز بێت، بۆ هێرشکردنە سەر کورد!

ئەمەریکا لە بری ئەوەی داوای کشانەوەی تورکیا لە عەفرین بکات، دیسانەوە نیگەرانی دەردەبڕێت، هەموو کەس ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو جۆرە نیگەرانییە ساختانەی واشنتۆن پەیدا کردووە، بە دیاریکراویش تورکیا هەر گوێ ناگرێت و ئەگەر کوردیش چاوی لەم شێوە هاوپەیمانێتییەی ئەمەریکا بێت بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی، بە تێگەیشتنی من، زیانی زۆرتری بەردەکەوێت، ڕەنگە دانوستان لەگەڵ نەیارەکانی کورد، سوودی زیاتر بێت تا ئومێد هەڵچنین بە نیگەرانییە ساختەکانی ئەمەریکا، ئاخر لێرە نیگەرانی هیچ سوودی نییە و هێرشکردنە سەر کوردیش قۆناغی مەترسیداری بڕیوە، هەر هێزەی دێت، بە ئەڵڵاهوئەکبەرەوە کورد دەکوژێت و ئەمەریکاش هەر نیگەرانە، ئەگەر ئەمەریکا بەڕاستی دۆستی کوردە و نیگەرانییەکانیشی ساختە نین، دەتوانێت تورکیا ناچار بە کشانەوە لە عەفرین بکات و ئیدارەیەکی هاوباشی کوردی عەرەبییش لە کەرکووک و ناوچە کێشەلەسەرەکان دروستبکات، ئەوکات دەتوانین باوەڕ بەو نیگەرانییانەی واشنتۆن بکەین، ئەگینا کورد دەبێ بیر لە بەدیلی ئەمەریکا بکاتەوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئێن ئار تی - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# چەپەکان حکومەت ناچاردەکەن هەڵوێست بنوێنێت



**بێژەن بورهان**

لەووەتەی شەڕی عەفرین گەرمتربووەو سوپاکەی ئەردۆغان گەمارۆی سەر ئەوشارەو شەڕڤانانی توندترکردوە، کاردانەوەی ئەو هەوڵە داگیرکاریە لەناو ڕەوەندی کوردی وناوەندی سیاسی زیرتربووەو هەفتانە لەسەنتەری شارە گەورەکان وبەردەم باڵیۆزخانەو قونسوڵگەریەکانی تورکیاو ڕوسیا خۆپیشاندان دەکرێ وئیدانەی ئەو پەلامارە سەربازیەو کوشتوبری خەڵکی بێتاوان دەکرێ و داوا لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەکرێت سنورێک بۆ ئەو لەشکرکێشیەی تورکیا دابندرێ کە نیازی داگیرکردن وقەتل وعامکردنی خەڵکی بێتاوانی کوردە.

## ناڕەزایەتیەکان بەردەوامن

لەدیاترین ئەو کاردانەوانە خۆپیشاندان وڕێپیوانێکی ڕەوەندی کوردی بوو بۆ بەردەم فڕۆکەخانەی دوسلدۆرف ودواتر بەرەو ناو فڕۆکەخانەو وەستاندنی ژمارەیەک گەشتی ئاسمانی نێوان وڵاتان بو، لەئەنجامی ئەم چالاکیەشدا شەڕی دەستەویەخە کەوتە نێوان پۆلیس و خۆپیشاندەران و لەهەردوولاوە برینداری لێکەوتەوە،هەروەها لە ژمارەیەک شاری تر خۆپیشاندەران چونە سەر سکەی شەمەندەفەرو بۆماوەی چەند کاتژمێرێک گەشتەکانیان ڕاگرت.

## ماڵپەڕە کۆمەڵایەتیەکان

لەم ڕۆژانە ماڵپەڕە کۆمەڵایەتیەکان وەک فەیسبوک و تویتەرو ئینستگرام بونەتە سەنگەری داکۆکیکردن لە پرسی عەفرین و زۆرێک لەو پەیج و ئەکاونتانە لەلایەن رەوەندی کوردی دانیشتوی وڵاتانی ئەوروپاوە سەرپەرشتی

دەکرێ لەڕێی گرتەی ڤیدیۆی وبەیاننامەو کۆمێنت وپۆستی تراژیدی خەڵکی مەدەنی ناو عەفرین ئەوانە دەبنە قوربانی بۆردومانەکانی سوپای تورک وهەوڵی کۆکردنەوەی زۆرترین دۆست و بەرگریکاری کوردان لەو هەرێمە دەدرێ،لەبەرامبەریشدا میتی تورک لەو وڵاتەنە ناوی چالاکوان و سەرپەرشتیکارانی ئەو جۆرە چالاکیانە دەداتە باڵیۆزخانە بەرپرسانیان لە کاتی گونجاودا تۆڵەی خۆیانیان لێ بکەنەوە.

لەلایەکی تریش ڕێکخراوی گەلانی هەڕەشەلێکراو کە بارەگای سەرەکی لەئەڵمانیایە لەتازەترین چالاکیدا لەبەرلین لەبەردەم دەروازەی براندزبۆرگ خۆپیشاندانێکی هێمنانەی سازکردو ژمارەیەک چالاکوانی کوردو ئەڵمان بەشداریان تێداکرد، لەنێوانیادا « کلاودیا رۆت» جێگری سەرۆکی پەرلەمان کە سەرکردەیەکی پارتی سەوزی ئەڵمانیە، لەدوای خۆپیشانانەکە لەبەیاننامەیەکدا داوای لە بەرپرسانی ئەڵمانی کرد کە وەک کارەساتی سی ساڵ لەمەوبەری کیمیابارانکردنی هەڵەبجە چاو لە کارەساتی سەر دانیشتوانی عەفرین نەپۆشن و هەڵوێستی مرۆڤایەتی خۆیان بنوێنن بۆوەستاندنی ئەوشەڕەو چیدی چەک وجبەخانە بە تورکیا نەفرۆشن، تا بەکورد تاقیان بکاتەوەو بەبەرچاوی هەموو دونیا کارەساتی مرۆڤکوژی بنێتەوە.

## لەدیدارێکی کوردستانی نوێدا

لەپەیوەندیەکی پەیامنێری کوردستانی نوێ لەگەڵ « کەمال سەیدۆ» بەمجۆرە بۆمان دوا، ڕێکخراوەکەمان بەگوێی هەموو دونیادا بانگ ڕادەدێرێت کە خەڵکی عەفرین لەژێر هەڕەشەی جینۆسایدی هاوشێوەی هەڵەبجەدایەو ئەگەر چاوپۆشی لێ بکەین هەمان کارەساتی مرۆیی ئەنجام دەدات، کەمال سەیدۆ ووتیشی: داوا لە حکومەتی ئەڵمانیا دەکەم کەهەڵەی سی ساڵ لەمەوبەر دووبارەنەکاتەوەو هەوڵەکانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ فشارخستنەسەر تورکیاو ئەردۆغان بۆ وازهێنان لە کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردو ڕەخنەشی لە سیاسەتمەدارانی ئەڵمانی گرت کە لەئاست ئەو کارەساتە بێدەنگیان هەڵبژاردوە.

## جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش لەوێ بوو

لەبەرامبەر خاتوو « کلاودیا» لەشوێنی خۆپیشاندانەکە پێشوازی لە « کەمال سەیدۆ» کردو بەڵێنیدا کە ئەو داوایە بگەیەنێتە بەرپرسانی ئەڵمانیاو پەرلەمان تا مەسەلەی جینۆسایدکردنی هەڵەبجەو هەوڵێکی لەم شێوەیەی



سەرچاوە
Serchawe

ئێستای عەفرین بکاتە کەیسێک و بیخاتە بەردەم بەرپرسان،ئامادەبوانیشی دڵنیاکردەوە کەئەڵمانیا لەمە یەبێدەنگ نابێت.

## لەناو پەرلەمان بەچڕی لەسەری دوان

لە ١٥ - ٣ لەسەر داوای پارتی چەپ وسەوزەکان پەرلەمانی ئەڵمانیا پرسی عەفرین ودەستدرێژیەکانی سوپای تورک بۆسەر ئەو شارە خرایەناو بەرنامەی کاری کۆبونەوەکان لە دانیشتنێکدا ژمارەیەک پەرلەمانتاری ئەو دوو لیستە وتاریان پێشکەشکردو داوایان لە سەرۆکایەتی کرد کە بەبەیانێک سەرزنشتی ئەو داگیرکاریە بکاو داوای وەستاندنی بکات ،خاتوو « کلاودیاڕۆت» جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە وتەیەکیدا ئاماژەی بە هەوڵی وێرانکردنی ئەو شارەکرد لەلایەن سوپای تورک و چەکدارە ئەلقەلەگوێکانیانەوە، لەوتارەکەیدا ووتی: هەمومان ڕۆژانەوبەردەوام دیمەنی تراژیدی ئەو خەڵکە بێگوناحە دەبینین کەبەدەستی سەربازانی تورکیاو لەوشارە بەخۆڕایی دەکوژرێن،ئێمە نازانین ئەردۆغان تاکەی بەردەوامی بەوسیاسەتەی دەدات ، ئەردۆغان ئەوانە دەکوژێت کە تائێستاش خەبات دەکەن بۆ روبەڕوبونەوەی داعش و پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتیان، ئێمە هەڵوێستی جدیمان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان وحکومەتی ئەڵمانیا دەوێ لەسەر ئەم پرسەو داوادەکەین ئەو ناوچەیە بکرێتە دژەفڕین بۆ پاراستنی خەڵک بەبۆردومانەکانی تورکیا، وتیشی ئەوەی لەو وڵاتە دەگوزەرێ ململانییەکی سیاسی وسەربازی وڵاتانی زلهێزەو تورکیاش ئەوەندەی تری قوڵ کردۆتەوەو ئەو ئەندامەی ناتۆ بێگوێدانە پرەنسیپەمرۆڤایەتیەکان خەلکی مەدەنی دەکوژێت.

## هەڵوێستی مەردانەی پارتی چەپ

هەروەها پارتی چەپی ئەڵمانی کە پارتێکی موعارەزەیەو خۆی بەدۆستی کوردو هەموو گەلانی چەوساوەو مافخوراوانی جیهان دەزانێت لەپەرلەمان ولەدەرەوەی پەرلەمان ولەنێوەندی سیاسی ومیدیاییدا هەمیشە لە هەوڵی بێوچاندان بۆ ڕاگرتنی ئەو شەڕو بەبەیاننامەو دیدارو ووتارو پۆست لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکاندا خەریکی داکۆکیکردنن لەمەسەلەی عەفرین، لەتازەترین هەوڵیشیاندا ئەوپارتە حکومەتی فیدراڵیان ناچار کرد کە بە کارنامەیەک لەناتۆو ئەنجومەنی نەتەوەیەکگرتوەکان بەشداری بکاو هەڵویستی مرۆڤانە بنوێنن.

## داوای هەڵوێست لەحکومەتی فیدراڵ دەکرێت

لەمبارەیەوە خاتوو « سڤیم داگدالین»لە گرتەیەکی ڤیدیۆیدا کەلەپێگەی ماڵپەڕی فەرمی پارتەکەی بڵاوکراوەتەوە دەڵێ ،سوپای تورک بەهەماهەنگی گروپەتیرۆریستەکان دەستیان بەبۆردومانکردنی شارەکە کردوە،زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس لە کوردو عەرەب وموسڵمان وکریستیان وعەلەوی ئێستا لەژێر مەترسی کۆمەڵکوژیدان،ئێمە وەک چەپەکان داوالەحکومەت دەکەین کە چیدی بێدەنگ نەبێت لەئاست ئەو پیشێلکاریەی حکومەتی تورکیای دەوڵەتی سەرەکی ناتۆ و دەخوازین هەوڵی خۆی لەنەتەوەیەکگرتوەکان بخاتەگەڕبۆ مەحکومکردنی ئەو پەلامارانە، هەورەها دەڵێ، ئەڵمانیا وەک ئەندامێکی سەرەکی ناتۆ بەرپرسەلەودەستدرێژەیەی یەکێک لە هاوڕێ ئەندامەکانی ودەبێ داوای دانیشتنێکی تایبەتی ناتۆ بکاو لەوێش داوای وەستاندنی ئەوشەڕەبکاو چیدیش چەک بە حکومەتی تورکیا نەفرۆشێت.

## ئەڵمانیا بەردەوامە لەفرۆشتنی چەک بە تورکیا

شایانی باسە لە وەڵامی بەدواداچوونیکی «جەم ئۆزدەمیر» ی سەرکردەی پارتی سەوزی ئەڵمانیدا سەبارەت بەڕونکردنەوە لەسەر فرۆشتنی چەکی ئەلمانی بەتورکیا وەزارەتی ئابوری ئەڵمانیا لەڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، لەماوەیەی شەڕی عەفرین دەستی پێکردوە ئەڵمانیا بەبەهای ٤،٤ ملیۆن دۆلار چەکی بەتورکیا فرۆشتوە،ئەمەش پێچەوانەی ئەو ڕاگەیاندنانەبو کە پێشتر وایان بانگەشەدەکرد کە فرۆشتنی چەک بەتورکیا ڕاگیراوە.

## سوتاندنی بنکەو بارەگاکانی میتی تورک

لەسەر ئەم پێشهاتەی عەفرین لەهەفتەی ڕابردو لەچەند شارێک بەشێک لەو مزگەوت و بارەگایانە سوتێندران کە ماوەی ڕابردوو بەفەرمانی تورکیا نوێژو دوعایان بۆ چەکدارانی سوپای تورک کرد تا بەقسەی خۆیان لەشەڕی دژ بە تیرۆریستانی ناو عەفریندا سەرکەون و مەلای ئەومزگەتانە شەوو رۆژ دوعایان بۆ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان وسوپاکەیان دەکرد.

## هەڕەشە لە دیتیپیش کراوە

لەلایەکی تریش کاتێک ئەنجومەنی باڵای موسڵمانانی ئەڵمانیا کەبە «دیتیپ» ناسراوە بەیاننامەی نارەزایی دەرکردو هەڵکوتانەسەر بارەگاکانیانی بە تیرۆر لەقەڵەمدا، کەسانێکی نەناسراو نامەی هەڕەشەیان بۆ ناردووە ئەویش لە ترسا بارەگای ئەنجومەنەکەی لە کۆڵن داخست وبەپەلە پەیوەندی بە پۆلیسی کردوە کە گیانی لە مەترسی بپارێزن، جارێ دەرنەکەوتوە کەئایا ئەو کارانە کێ کردویەتی بەڵام پۆلیس بۆی دەرکەوتوە کە لەسەر دیواری هەندی مزگەوت وئەو ئەنجومەنەش دروشمی دژ بە ڕژێمی تورکیایان بینیوەو تۆماریان کردوە، هەندێ کەناڵیش دەڵین لەوانەیە ئەو کارانە نازیە تازەکان کردبیانن چونکە ئەو هەلە وەک دەرفەتێک دەبینن بۆ لێکترازاندنی میللەتەبیگانەکانی ناو ئەڵمانیا.

## ئازادی کۆمەڵگا لەسەروی هەموو شتێکەوەیە

لەلایەکی تریشەوە بەگومانی بەشداریکردنی لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان، پۆلیسی ئەڵمانیا ئاهەنگی نەورۆزی لەچەند هەرێمێک قەدەغەکرد، چونکە پێشبینی ئەوەیان کردوە هەزاران کورد بەشداریی تێدابکەن ولایەنگرانی پەکەکە هەلەکە بقۆزنەوە بۆ چالاکی سیاسی وتۆڵەی خۆیان لە تورکە ڕەگەزپەرستەکان بکەنەوەو توندوتیژی دروست ببێت، لەسەر ئەم کەیسە دادگایەکی هەرێمی نیدەرزاکسنی ئەڵمانیا بڕیاریدا «سەپاندنی قەدەغەکردنی ئاهەنگی سەری ساڵی کوردی کە بڕیارە ڕۆژی شەممەی داهاتوو لە هانۆڤەر ئەنجامبدرێت، نایاساییە و هەڵدەوەشێندرێتەوە»، هەروەها دادگاکە لە پەرەگرافێکی بڕیارەکەی ئەوودادگایەدا هاتوە «ئازادیی کۆمەڵگە لە ئەڵمانیا لەسەرووی ترس و نیگەرانییەکانی پۆلیسەوەیە» شایانی باسە، پۆلسی ئەڵمانیا پێشتر ئەوئاهەنگەی قەدەغەکردبو گوایە ئاهەنگی ئەمساڵ جیادەبێ لەساڵانی ترو زیاتر لە ١٥ هەزار کەس بەشدار دەبن بۆیە مەترسی ئەوەیان هەیە توندوتیژی لەنێوان تورک وکورد ڕوبدات.

سەرچاوە: - کەناڵەکانی میدیای ئەڵمانیا

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# مەترسیەکانی تورکیا لەدوای عەفرین



**ئارام هادی**

لەدوای ٥٨ ڕۆژ بەرخۆدانێکی بێوێنەی شەڕڤانان و هاوڵاتیانی عەفرین بەرامبەر بە سوپای دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر و گرووپە تیرۆرستیەکان کە نموونەی لەمێژوی جیهاندا نەبوە دواجار لەدوای بێدەنگ بونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانیان کە بەردەوام باس لە مافی مرۆڤ و پاراستنی خەڵکی مەدەنی دەکەن، ئەو سوپایە و گرووپە تیرۆرستیەکان هاتنە ناو عەفرین، هاتنی سوپای تورکیا و گرووپە تیرۆرستیەکان واتای سەرکەوتنی ئەو دەوڵەتە ناگەیەنێت، چونکە بەرخۆدان و قارەمانێتی شەڕڤانان بەرامبەر بەو سوپایە لەماوەی ٥٨ ڕۆژی ڕابردوودا ئاشکرایە بەجۆرێک کەس چاوەڕوانی ئەوەی لە عەفرین نەدەکرد لەو ئاستە بەرزەدا بەرگری لە خاکەکەیان بکەن، تەنانەت لە ڕاگەیەنراوێکدا بەڕێز (موراد قەرەیلان) دەڵێ "پێشبینیمان دەکرد لە ٢٥ ڕۆژدا سوپای تورکیا و گرووپە تیرۆرستیەکان بچنە شارەکەوە"!!.

ئێستا ڕوونتر لە ڕابردوو دەرکەوت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهانی ئەوەی بەلایانەوە گرنگ نەبێت دۆزی ڕەوای کوردە و لەبەر بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی خۆیان نەتەوەیەکیان تەسلیم بە تورکیای داگیرکەر کردوە، وادەبینین تورکیا لەیەک کاتدا شەڕی سێ پارچەی کوردستان دەکات "وێرانکردنی شارەکان و هەڕەشەی جینۆسایدی لەسەر گەلەکەمان لەباکوری کوردستان. هێرش بۆسەر عەفرین لەڕۆژئاوای کوردستان. پەلهاویشتنەکانی سوپا داگیرکەرەکەی و هەڕەشەی هێرشکردنە سەر (قەندیل. شەنگال. کەرکوک. سلێمانی)" لەباشوری کوردستان.



سەرچاوە
Serchawe

ئەردۆغان و سوپاکەی بەهاوکاری گروپە تیرۆرستیەکان تادێت بەهێزتردەبێت، سەرەتاش لەناوبردنی کوردی ئازادیخوازیان بەئامانج گرتووە!!، "ئێستاش لەناوخۆی شارەگەورەکانی تورکیادا بەلافیتەی گەورە باس لە پارێزگابونی موسڵ وەک ٨٢ وەمین پارێزگای تورکیادەکەن"، کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا و خودی ئەردۆغان لەراگەیاندنەکانەوە هەمیشە باس لە "میساقی میللی ویلایەتی موسڵ" و گەڕانەوەی بۆ سەر تورکیا دەکەن بە باشوری کوردستان و رۆژئاوای کوردستانەوە بۆ سەر نەخشەی جوگرافی دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا.

دەرئەنجامی ئەم بەهێزبونەی دەوڵەتی تورکیا لەدواجاردا دەبێتە مەترسیەکی سەرەکی بۆسەر بەرژەوەندیەکانی "ئێرانی شیعی و ٢٢ دەوڵەتی عەرەب" و تەنانەت بەرژەوەندی زلهێزانی جیهانیش، چونکە ئەردۆغان هەوڵی بەدیهێنانی خەونەکانی دەدات لەزیندووکردنەوەی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا، ئەمەش وادەکات قەبارەی مەترسیەکانی تورکیا لەداهاتودا زۆر گەورەتربێت لە کۆریای باکوری ئێستا!.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە بێدەنگبونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یە لەئاستی داگیرکاریەکانی تورکیا و گروپە تیرۆرستیەکاندا بەتایبەت "ئێران. ئەمریکا و روسیا" چونکە ئەم دەوڵەتانە لەئێمەمانان زۆرباشتر نیەتی ئەردۆغان دەخوێننەوە و باشیش دەزانن چی سەرئێشەیەک لەسەردەستی ئەردۆغان چاوەڕێیانە بەڵام تائێستاش بێدەنگن!!، هۆکاری ئەم بێدەنگیەشیان دەگەڕێتەوە بۆ دوو ئەگەر.

*یەکەم:* هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا و گروپە تیرۆرستیەکان بۆناو عەفرین دواجار وادەکات وڵاتانی جیهان هاوکاری یەکی باشتری شەڕڤانان بکەن و هاوکات سزای توندی ئەو وڵاتە بدەن کە دواجار ئەو رەوشە ئاڵۆزەی سوریا بگوازنەوە بۆ ناوخۆی تورکیا و ئەمەش رێگەخۆشکەردەبێت بۆ دابەشبونی سنوری جوگرافی دەوڵەتی تورکیا لەداهاتودا.

*دووەم:* رێککەوتنی وڵاتانی جیهان و ناوچەکە بێت بەدژی گەلی کورد و لێرەوە بۆ سەدساڵیتر گەلی کورد بەژێردەستەیی بژی و کوردان لە ناوخۆی وڵاتەداگیرکەرەکانیان تەنها مافی مەمرە و مەژی هاوڵاتی بونی هەبێت، کە ئەمەش دەرئەنجامی ریفراندۆمەکەبوو دوژمنانی کوردی یەکخست و هۆکارێکیش بوو بۆ دوورکەوتنەوەی دۆستەناسکەکانمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڤین - رێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# بۆچی ئەمەریکا پشتیوانی لە کورد نەکرد؟



**سەنگەر سەیدقادر**

لە سەرەتای بەهاری عەرەبیدا و لە ساڵی ٢٠١١ دەسەڵات و هێزی ئێران و تورکیا و ڕوسیا بەشێوەیەکی بەرفراوان زیادیکرد، لەبەرامبەردا هێز و نفوزی ئەمەریکی پاشەکشێکی کرد بەتایبەت دوای ساڵی ٢٠١٠ کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق

بەڵام لە ساڵی ٢٠١٣ ئەمەریکا داعشی کرد بە بیانو بۆ گەڕانەوەی نفوزی خۆی لە ناوچەکەدا بۆ ئەمەش کورد باشترین کەرەستەی یاریکردن بوو بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە لەبەر زۆر هۆکار کە گرنگترینیان:

*یەکەم:* کورد هێزێکی لاوازبوو بەتایبەت بە هۆی فشارەکانی مالیکی و ئێران بۆ سەر باشوری و کوردستان و بڕینی بودجەی هەرێم لە لایەن بەغداوە، لە ڕۆژئاوای کورد ستانیش کورد بێ پشتیوان بوو لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی.
دووەم: کورد خاوەنی ستراتیژێکی نیشتمانی و سیاسی نەبوو کە ئەمەش وایکرد کورد باشترین کارەکتەر بێت و بەئاسانی ئەمەریکا یاریەکەی خۆی پێ تەواو بکات.
*سێیەم:* جیۆپۆلۆتیکی سیاسی کوردستان بەجۆرێکە کە دەکەوێتەوە نیوان بەرەی سونیزم و شیعیزم و لە لایەکی ترەوە ئەمەریکا ئەوەندەی دەسەڵاتی بەسەر هەولێردا هەبوو ئەوەندە دەسەڵاتی بەسەر بەغداد نە بوو چونکە بەغدا بەتەواوی لەژێر هەیمەنەی ئێراندا بوو.

بەڵام کاتێکی کوردی یاریەکەی تەواوکرد و شەڕی داعشی کرد و لەڕێگەی بەکارهێنانی کوردەوە ئەمەریکا توانی جارێکی تر بە بەهێزیەوە بگەڕێتەوە ناوچەکە نەک بەتەنها عێراق و بۆیەکەمینجار لە مێژوو دا تواناني بنکەی

سەربازی لەسەر خاکی سوریا دابمەزرێنێت.

بۆیە دوای شەڕی داعش ئەمەریکا پشتی لە کورد کردو کردی بە قوربانی ستراتیژە نوێیەکە بۆ دوای شەڕی داعش کە ڕووبەڕووبونەوەی ئێرانە، ئەم پشتێکردن و بە قوربانیکردنەی کورد لە لایەن ئەمەریکاوە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە:

*یەکەم:* ئەمەریکا دەیەوێت لە ڕێگەی بەقوربانیکردنی کوردەوە عێراق و تورکیا بهێنەتە بەرەی دژە ئێرانەوە و تورکیا لە هاوپەیمانێتی کردنی ڕوسیا دوربخاتەوە و عێراقیش لەژێر هەیمەنەی ئێران دەربهێنێت

*دووەم:* هۆکارێکی تری بەقوربانیکردنی کورد لەلایەن ئەمەریکاوە ئەوە بوو ئەمەریکا ویستی ئەو پەیامە بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بگەیەنێ کە ئەوەی داعشی تێکشکاند هێزە کوردیەکان نەبوو بەڵکو هێز و پشتیوانی ئەمەریکا بوو.

*سێیەم:* ئەو بێمتمانەییەی لە نێوان کورد و ئەمەریکا دروست بوە بەتایبەت ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە باشور و هاوکاری هێزەکانی یەپەگە و حیزبوڵای لوبنانی لە عەفرین هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ پشتێکردنی ئەمەریکا لە کورد.

ئەمانە و چەندین هۆکارێکی تری ناو خۆی و دەرەکی هۆکاربوون بۆ کەوتنی شاری کەرکوک و عەفرین، بەڵام ئەوە ڕێگر دەبێت لەبەردەم ستراتیژی نوێی ئەمەریکا سەرنەکەوتنی عەبادی لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ئایاری ئەمساڵ و خواستی فراوانخوازی تورکیایە لە سوریا و داگیرکردنی ناوچەی زیاترە لە ڕۆژئاوای کوردستان، کە ئەمە دۆستەکانی ئەمەریکا بەتایبەت سعودیەو ئیمارات سارد دەکاتەوە لە ڕوو بەڕووبونەوەی ئێران چونکە مەترسی فراوانخوازی تورکیا هیچی کەمتر نییە لە مەترسی ئێران بۆ سەر سعودیە و ئیمارات.

بۆیە ئەگەر ئەمەریکا سەکەوتو نەبێت لەسەرخستنی عەبادی و لە ڕازیکردنی تورکیا بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئێران ئەوکات کورد دەبێتەوە بە کارتێکی بەهێز و بژاردەی یەکەمی ئەمەریکا لە ڕووبەڕووبونەوەی هەژمونی ئێران و ڕوسیا لە ناوچەکەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# عەفرین ڕووبەڕووی تاوانی دوژمنکارانە و جینۆساید بۆتەوە



**لوقمان مستەفا ساڵح**

ئێستا عەفرین لەرۆژئاوای کوردستان روو بە ڕووی مەرگێکی ڕاستەقینە و جینۆسایدی حەتمی دەبێتەوە، هێزێکی درِندەو فاشی وەک "تورک" بەپاڵ پشتی چەندین گرووپی تیرۆریستی هاوشێوەی داعش، ئەم شارەی گەمارۆ داوەو ئاگربارانی دەکات، بەپێشچاوی دنیاو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوە، ژن و مناڵ و پیرو گەنج و شەڕڤانان جینۆسایدو شەهید دەکات، دارو پەردووی شارەکە بەسەریەکا دەڕووخێنێ و دەسوتێنێ و دەکاتە قەرەبرووت، دەیان هەزار خێزان بەبێ ماڵ و حاڵ ئاوارە دەکات، هەرچی دەرەچەی شارەکە هەیە دایدەخات و ئاسۆی ژیانی تێدا سوزە بردەکات.

هەرچەندە پیشتر زۆر باس لە هەریەک لە تاوانەکانی "جینۆساید، دژی مرۆڤایەتی، جەنگ" کە لە رێککەوتنامەی ساڵی ١٩٤٨ بە روونی دەست نیشان کراون و ئاماژەی پێکراوە،کە تاوانی جینۆساید مەبەست لە هەر دەسەڵات و تاقم و گرووپێکە بیەوێت درێژە بە کیان و بوونی خۆی بدات لە ژیانی حوکمڕانیدا، کاری کۆمەڵکوژی ئەنجامدەدات و قەتڵ و عامی خەڵک بکات، واتە لەسەر بنەمای نەمانی ئەوی دی درێژە بە مانەوەی خۆی دەدات. کوشتنی خەڵکی سڤیل و بێتاوان کە هەوڵیانداوە ژیانێکی ئارام بۆ خۆیان فەراهەمبێنن لە سەر خاکی خۆیاندا.

بەڵام ئەوەی لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕوودەدات کە تورکیایە وەک دووژمنێکی سەرسەخت ڕەفتاردەکات بێگوومان تاوانی جینۆسایدە و دەچێتە خانەی تاوانی دوژمنکارانەوە، کە ئەویش یاسای تایبەت بە خۆی هەیە. تاوانی دووژمنکارانە چەمکێکی تازەیە بۆ تاوانێک کە دەوڵەتێک یان لە دەوڵەتێک زیاتر دژی دەوڵەتێکی تر بە شێوەیەکی دووژمنکارانە "عدوانی" ئەنجامی دەدات، بۆ ئەمەش یاساو پێوەر بۆ ناسینەوەی تاوانەکەو سزادانی بکەرەکەی دانراوە.



سەرچاوە
Serchawe

هەرلەم ڕوانگەیەوە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٦٧ کۆمیتەیەکی بۆ پێناسەکردنی ئەم تاوانە پێک هێنا، کە پاش هەوڵێکی زۆر سەرەنجام کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٤ - ١٢ - ١٩٧٤ لە بڕیاری ژمارە (٣٣١٤) خۆیدا لە بەندی یەکەم بەم جۆرە پێناسەی ئەم تاوانەی کردووە: "دوژمنکاری" بریتییە لە بەکارهێنانی هێزی چەکدار لە لایەن یەکێک لە دەوڵەتان دژ بە سەروەریی دەوڵەتێکی تر، یان سەلامەتیی خاکەکەی، یان سەربەخۆیی سیاسی، یان هەر ئامرازێکی تر کە لەگەڵ ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا یەک نەگرێتەوە."

بەپێی بەندی (٣)ی هەمان بڕیار، هەندێک لە کردارەکانی دوژمنکاری بریتین لە:

أ- داگیرکردنی خاکی دەوڵەتێکی تر، یان هێرشکردنەسەری، بە هێزی چەکدار لە لایەن دەوڵەتێکی ترەوە، یان هەر داگیرکارییەکی سەربازی کە لە ئەنجامی داگیرکردن یان هێرش بەدی هاتبێ، ئەگەرچی کاتیش بێت و، هەر لکاندنێکی بەزۆر بە خاکی دەوڵەتێکی تر یان دابڕینی بەشێک لە خاکەکەی.

ب- هاوێشتنی بۆمبا بۆ سەر خاکی دەوڵەتێکی تر لە لایەن هێزی چەکداری دەوڵەتێکی ترەوە یان بەکارهێنانی هەر جۆرە چەکێک لە لایەن دەوڵەتێکەوە دژ بە خاکی دەوڵەتێکی تر.

بەندی (٥)ی هەمان بڕیار دەڵێت: "ناکرێ بە هیچ ئیعتبارێکی سیاسی، یان ئابووری، یان سەربازی، یان ئەوی تر، پاساو بۆ دوژمنکاری بهێنرێتەوە. جەنگی دوژمنکاری، تاوانە دژ بە ئاشتیی نێودەوڵەتی و، دوژمنکاری هۆکارە بۆ لێپرسینەوەی نێودەوڵەتی. نابێ دان بە ڕەوایی دابڕینی خاکی دەوڵەتێک و لکاندنی بە دەوڵەتێکی تر لە ڕێگەی هێزەوە بنرێت ."بۆیە ئەو هێرشەی تورکیا و هاوپەیمانەکانی کە نزیکەی ٦٠ ڕۆژە درێژەی هەیە و هێرشیان کرۆدتە سەر عفرین بەپێی هەموو پێوەرە نێودەوەتیەکان جینۆسایدەو دەچێتە خانەی (تاوانی دوژمنکارانە) خەڵکی ئەو شارەوە،چونکە خەڵکێکی مەدەنی و ماڵومولکیان کراتەوە ئامانج و بەسەدان هاولاتی مەدەنی بێتاوان شەهید و بریندار بوون، هەروەها باخ و مەزرای هاولاتیان وێران کراون و وێران دەکرێن".

ڕێکخراوی "هیومان رایتس وۆچ" سوپای تورکیا تۆمەتبار دەکات بەئەنجامدانی کۆمەڵکوژی بۆ سەر هاوولاتییانی مەدەنی عفرین، ڕێکخراوی "هیومان رایتس وۆچ" ڕاپۆرتێکی لەبارەی پەلامارەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عفرین بلاوکردۆتەوەو ڕایگەیاندووە، سوپای ئەو وڵاتە لەپەلامارێکدا بۆ سەر ئەو شارە، هاوولاتییانی مەدەنی کردۆتەوە ئامانج، ڕێکخراوەکە ئاماژەی بۆ ئەوەشکردووە، بەهۆی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانەوە نزیکەی ١٢٥ هەزار

هاوڵاتی، عفرینیان جێهێشووە و ئاوارەبوون. ڕێکخراوەکە ڕاشیگەیاندووە: سوپای تورکیا لە پەلامارەکانیدا ڕۆژانی ٢١ و ٢٧ و ٢٨ی مانگی ڕابردوو ، جگە لەهاوڵاتیانی گوندەکان، دوو کەمپی ئاوارەکانیش لەعەفرین کراونەتە ئامانج و لانی کەم ٢٦ هاوڵاتی شەهید بوون کە لەناویاندا ١٦ منداڵ هەبووە.هەروەها ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی سووریا، هەروەها یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ئاشکرایان کردووە، سوپای تورکیا لە هێرش بۆ سەر عەفریندا غازی ژەهراویی بەکار هێناوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی (ڕۆیتەرز)یش پشتڕاستی ئەم هەواڵەی کردووە کەدەڵێت ئەو هێرشە کیمیاییەی سوپای تورکیا، هەینی بەرواری ١٦ - ٢ - ٢٠١٨ لە باکووری عەفرین ڕووی داوە و بەو هۆیەوە ٦ کەس بریندار بوون.هاوکات چادێری مافەکانی مرۆڤ لە سووریا و میدیای فەرمیی سووریا (سانا)ش ئەم هەواڵەیان پشتڕاست کردووەتەوە.بە گوێرەی ئاژانسی هاواری نزیک لە یەپەگە: "سوپای تورکیا بە چەکی کیمیایی، هێرشی کردووەتە سەر گوندەکانی سنووری عەفرین، بەو هۆیەوە لە گوندی ئەرەندێ ناوچەی شییە شەش هاووڵاتی سڤیل بریندار بوونە".بە هەمان شێوە دکتۆر خەلیل سەبری، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئەڤرین لە عەفرین ڕای گەیاندووە: "بریندارەکان تووشی حەساسییە بوونە، لە ژێری چارەسەر پزیشکی دان، پاش چارەسەرکردنی بریندارەکان ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەو ماددەیە بڵاو دەکەینەوە کە سوپای تورکیا بەکاری هێناوە".

کەواتە [هێرشەکەی تورکیا، پێچەوانەی یاسا و ڕێسا و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانە. هەر بۆیە، لە کاتی ئەنجامدانی هەر پێشێلکارییەک بەرامبەر بە ڕێسا فەرمانکەرەکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی و، لەوانەیش پرەنسیپی دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی تر و، پێشێلکردنی سەروەری و سەلامەتیی خاکی وڵاتانی تر، ئەوا دەوڵەتی سەرپێچیکار دەکەوێتە بەردەم بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتی. لەم حاڵەتەدا، دەوڵەتانی جیهان، نەتەوە یەکگرتووەکان و بەتایبەت دەوڵەتی سووریا، پێویستە هەموو ڕێوشوێنە یاساییەکان دژ بە دەوڵەتی سەرپێچیکار بگرنە بەر. جگە لەمەیش، کردارە سەربازییەکانی دەوڵەتی تورکیا، چەندین تاوانی ترسناکی نێودەوڵەتیی لێ کەوتۆتەوە، لەوانەیش جینۆساید، تاوانە دژەمرۆییەکان، تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دوژمنکاری، کە دەکرێ لەم حاڵەتەدا دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی تورکیا، بەپێی بەندەکانی ١٢ - ٢ - أ و ١٣ / ب و ج لە پەیڕەوی دادگەی نێودەوڵەتیی تاوان بکەونە بەردەم لێپرسینەوەی سزایی . ]

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڤین - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

# عەفرین کەوتن و سەرکەوتن!



**عەتا کەریم**

ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی و تەکنۆلۆژیای سەربازیی دوای 58 ڕۆژ توانی بچێتە ناو عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان، وەک ئامانج، ئەنکەرە سەرکەوت، بەڵام لەبەرامبەریشدا بەرگریی و گیانفیدایی شەڕڤانان دیسانەوە بونەوە سیمبوڵی ڕاستەقینەی بەرخودان، بەرخودانێک بە کەمترین چەک، بەڵام بە باوەڕی پۆلایین ئەو بەرگرییەی تۆمارکرد کە بۆ دەوڵەتێکی وەکو تورکیا بەشکستی توانای سەربازیی ئەژماردەکرێت.

شکستی سەربازییە بۆ تورکیا کە خاوەنی گەورەترین سوپای ناتۆیە لە دوای ئەمریکا، کە سوپایەکی ٧٠٠ هەزار سەربازیی هەیە و ساڵانە ١٨ ملیاردۆلار بودجەی سەربازییەکەیەتی، بەڵام لە بەرامبەر شەڕڤانان بە ٥٨ ڕۆژی سەختی سەربازیی گەیشتە سەنتەری عەفرین.

شکستە بۆ سوپایەک خاوەنی توانای تەکنۆلۆژیای سەربازیی پێشکەوتوو بێت کە هێزە ئاسمانییەکەی خاوەنی ٩٠٠ فرۆکەی سەربازیی جۆراوجۆر و هێلیکۆپەتەر و فرۆکەی بیفرۆکەوانە، هێزی دەریاییەکەی خاوەنی ٤٨٦٠٠ سەرباز، ٣٠٠ کەشتی جەنگی و ٥١ فرۆکە و ١٥ ژێردەریایی و ٨ بنکەی دەریایی ٦٠ کەشتی گواستنەوە و بارکردنی سەربازییە، هەروەها هێزی پیادەکەی خاوەنی ٤٣٠٠ تانک و ٧٥٥٠ زرێپۆش و توانایەکی گەورە هەواڵگرییە، بەڵام بەو قەبارە زەبەلاحەی سەرباز و سەربازییەوە کیسەڵی گەیشتە ئامانجی عەفرین!!.

وەک چۆن بەراوردکردنی توانا و هێزی سەربازی دەوڵەتی تورکیا بەرامبەر بە ژمارەی شەرڤانان و توانا

سەربازییەکەیان نالۆژیکییە، ئەوا ناکرێت باوەڕ و بەرخۆدانیشیان بەراوردی دیکە بکرێت، کە بێهاوتان، بەڵام ئەم ئەنجامە بەبەراوردکردنی توانا و هێزی دەوڵەتێکی وەک تورکیا چاوەڕوانکراوبوو، بەڵام ئەو پشتتێکردن و بێدەنگییە نێودەوڵەتییە لە ئاست دڕندەیی و کاولکاریی لە گوند و سەنتەری عەفرین کەمتر چاوەڕواندەکرا، بەو پێیەی شەرڤانان وەک نمونەی پێشمەرگەی باشوور «جەنگاوەرانی پاراستی دیموکراسی»بوون، لە کرملینی روسیا و ئەلیزێی پاریس پێشوازیی دەکران، ئەوانیش لەنێو بەرەی شەڕی دژ بە داعش جەنگی تیرۆریستانیان کرد!!.

سوپای تورکیا لە عەفرینە، بەڵام ئایا دەتوانێت بە ئارامی لەسەر خاکێکی داگیرکراو بمێنێتەوە، خاکێک کە خاوەنەکەی کورد و شەرڤانانن، لە داهاتوودا ئەم وەڵامە بەردەست دەکەوێت، بەڵام رەجەب تەیب ئەردۆغان و پارتەکەی ئاکەپە پێویستی زۆری بەم ئەنجام و ئامانجە بوو، لەسەر ئاستی ناوخۆ و رازیکردنی دەنگدەرانی بۆ هەڵبژاردنی ۲۰۱۹ی وڵاتەکەی، هەمیش بۆ سەلماندنی هێزی ئەنکەرە لە نێو هاوکێشەکانی سوریا کە ناکرێت چیتر وەک گەمەکارێکی لاواز تەماشا بکرێت، بەتایبەت لە گەمە ئاشکراو شاراوەکانی ئەمریکا و روسیا.

گرنگترین وانە بۆ کورد ئەوەیە، کە ئەم میللەتە، هێشتا لەسەر خاکی خۆیشی ناتوانێت داوای کیان و مافی خۆی بکات بەتایبەتی بەم شێوەیەی ئێستا کەهەیە، ناشتوانێت هاوڵاتییەکی بێئۆقرەبێت لەگەڵ وڵاتانی خاکی کوردبەسەردابەشکراودا و هەروەها ناشتوانێت هێزێک بێت بۆ مافە و ئامانجەکانی پشتی تەواو بەوڵاتانی زلهێزی وەک ئەمریکا و روسیا و فەرەنسا و ناوەندەکان بکات، وانە گرنگەکەش دەبێت بۆ ئەو هێز و لایەنانە روونتربێت کە بە کەوتنی عفرین کەیفسازن و هاوئامانجی سەرکەوتنی تورکیا بوون، ئەمەیان پەڵە و هۆکارە رەشەکەیە!، بەتایبەت کە هێزەکانی سوپای تورکیا نزیکەی ۱۵ کیلۆمەتر هاتوونەتە نێوخاکی هەرێمی کوردستان لە چەند گوندێکی ناحیەی سیدەکانە، ئەمەش پێشێلی خاک و سەروەریی هەرێم و عیراقیشە و بەزاندنی زیاتری سنووری نێودەوڵەتییە، بێدەنگیەکەش نیشانەی رازیبوونە، ئەگەر رێککەوتنیش نەبێت!.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی - ڕێکەوتی: ۲۰ی مارچی ۲۰۱۸

# کەرکوک عەفرین، لێکچون و جیاوازیی



سەرتیپ جەوهەر

عەفرین زامێکی قوڵ بوو لە جەستەی کوردستان، برینێکی بەئازاربوو، لەدەرەنجامی ئەو بارودۆخەی عەفرین، ئیدی هیچ گومان نامێنێت کە چارەنوسی گەلانی ناوچەکە بەدەست میللەتەکان خۆیانەوە نییە، بەڵکو ئیستیعمارو دەوڵەتانی کاریگەر، چارەنوسی خەڵکەکەو سنورەکان دەستنیشان دەکەن.

کەوتنی عەفرین، کەوتنی کەرکوکی بیرخستینەوە، بەرلە دەستپێکی پەلاماری عەفرین، دۆستێکی ئازیز وتی "روسەکانم بینیوە پێیان وتوین، ئێمە لەگەڵ تورکیا رێککەوتوین و عەفرین تەسلیم دەکەین، ئێمەش ئەو هەقیەقەتەمان گەیاندۆتە هەڤالان لە رۆژئاوا، کە تادەکرێت رێگە چارەیەک بدۆزنەوە بۆئەوەی تورک پەلاماری عەفرین نەدات، چونکە ئەگەر بێن، ناوچەکە وێرانە دەکەن و خەڵکەکەیشی رادەگوێزن، بۆیە هەرچیتان پێدەکرێت بیکەن، ئەگەر بگاتە ئەوەی رێگە بە رژێمی سوریاش بدەن بێتەوە، بیکەن، ئەمە لە پێناو پاراستنی خاکی رۆژئاوای کوردستان! بەڵام لەوەناچێت بیکەن و زەرەریش دەکەن"

تەماشابکەین دەبینین دوای ریفراندۆمە بێ پلان و بێ بەرنامەکەی بەشێک لەسەرکردایەتی کورد، لێکچونێکی زۆرو لێکەوتەی جیاوازی لەنێوان هەردوو رواودا هەیە! هەمان واقع روبەڕوی کەرکوک بویەوە، بەڵام لێکەوتەو دەرەنجامەکەی جیاواز بوو، لێکچونەکە لەچەند خاڵێکدایە:

*یەکەمیان:* رێککەوتنێکی نێودەوڵەتی و ئیقلیمیی هەبوو بۆ هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین و عیراق بۆسەر کەرکوک، ئەمە لە پاڵ بێدەنگییەکی گەورەی راگەیاندنی ئەوروپاو ئەمریکا لەمەڕ هەردوو روداو کە ناهەقییەکی

گەورەبوو بەرامبەر گەلی کورد لەهەردوو پارچەی کوردستان،

*دووەمیان:* نا بەرابەرییەکی زۆر لەنێوان ژمارەو توانای هێزی دوژمنانی کورد لەهەردوو پارچە، لە ڕۆژئاوا هێزێکی زەبەلاحی تورکیا کە دووەم هێزی ناو ناتۆیە بەپشتیوانی چەتەو تیرۆرستانی ئیسلامیی، هێرشیان هێنایە سەر عەفرین، لە عیراقیش هێزێکی گەورەی سوپاو میلیشیای حەشدی شەعبی و پشتیوانی ئێران و تورکیا لەناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ڕابردوو هێرشیان هێنایە سەر کەرکوک.

*سێیەم:* لەعەفرین هەوڵی ڕێککەوتن لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد درا، ئەو ڕێککەوتنەی پەیەدە دەیویست جۆرێک لەشەرعییەتدان بوو بەبونی سوپای سوریا لە عەفرین، بەڵام ئەوە پێچەوانەی خواستی ڕوسیابوو کە دەیویست عەفرین وەک ئیدارەو وەک ئەمنییەت و عەسکەری بدرێت بە ڕژێمی سوریا بکرێت، چونکە خۆیان ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ تورکیا کردبوو، بەڵام پەیەدە بەوە ڕازی نەبوون، سەرەنجام ڕوسەکان عەفرینیان سازکرد تا تورکیا هێرشی بکاتەسەر.

لە پرسی هێرشکردنە سەر کەرکوک، هەرچەند هەوڵی زۆر درا ڕێککەوتنێک لەگەڵ بەغدا بکرێت تاوەکو شارەکە ڕوبەڕوی هێرش و پەلامار نەبێتەوەو بارودۆخەکە بگەڕێتەوە وەک ئەوەی لە ٢٠١٤ هەبوو، بەڵام بەشێک لە سەرکردایەتی و بڕیاربەدەستانی کوردستان بەتایبەت ئەوانەی ڕیفراندۆمیان کرد، ڕازی نەبوون بەو پێشنیارە.

بەتەماشاکردنی ئەوەی سەرەوە باسمانکرد، لەهەردوو شاردا نەتوانرا ڕێککەوتن بکرێت، لەیەکەم ڕووداودا لەکەرکوک هەوڵی جدی درا ڕێککەوتن بکرێت، بەڵام سەرینەگرت، سەرەنجام ڕێککەوتن نەکرا بۆئەوەی دۆخی شارەکە بگەڕێتەوە پێش هاتنی داعش کە کورد تێیدا باڵادەست بوو، هێزی پێشمەرگەش سەرباری بەرگریکردنێکی سنوردا لە بەری ڕۆژهەڵاتی کەرکوک، پاشەکشەی کردو سەرەنجام شارەکە کەوتە دەست سوپاو حەشدی شەعبی شیعە، هەوڵی ڕێککەوتنەکە بۆ دوو مەبەست بوو، یەکەمیان بەرەچاوکردنی نەبوونی هیچ پشتیوانییەکی نێودەوڵەتیی و ئیقلیمیی، هاوکات توانای هێزی پێشمەرگەو بارودۆخی سیاسی کوردستان، نابەرابەرییەکی زۆر هەبوو لەنێوان هێزی کورد و ئەو هێزەی عیراق هاتبو بۆ هێرشکردنە سەر کەرکوک، بۆیە ترس هەبوو لەئەنجامی شەڕدا، شارەکە وێران ببێت و دواتر بکەوێتە دەست ئەو هێزە هێرشبەرە، ئەوکاتە پرسی گەڕانەوە بۆ کەرکوک زۆر ئاڵۆز دەبوو. نەخاسمە ئەمریکییەکان لەهێرشی سوپاو حەشدی شەعبی، بەڕونی پشتیوانیان لە هێزەکەی عەبادی

کرد، چونکە کورد لەپرسی ریفراندۆمدا وڵامی ئەرێنی بۆ خواستی ئەمریکا نەبوو.

لەپرسی عەفریندا، هیچ رێککەوتنێک لەگەڵ رژێمدا نەکرا، روسەکان دەیانویست تەواوی هەرێمەکە بدەنەوە رژێمی سوریا، سەرکردایەتی یەپەگە بەو پێشنیارە رازی نەبوو، سەرەنجام دوای دوو مانگ بەرگریی قارەمانانەو 1500 شەهید و هەزاران بریندار، عەفرین بە وێرانەیی کەوتە دەست تیرۆرستانی تورک و هێزە ئیسلامییە پاشکۆکانی ئەو رژێمە تیرۆرستە.

ئەوەی بەسەر عەفریندا هات جەرگ بڕبوو، بەڵام بەتەماشاکردنی دیمەنی عەفرین، بۆمان دەردەکەوێت ئەگەر لەکەرکوک بەرگریی کرابا، ئەوا ئەگەری هەرە بەهێز ئەوەبوو کە شارەکە وێران دەبوو، هەزاران گەنجی ئەم وڵاتە دەبونە قوربانیی، چونکە ئەو هێزەی هاتبوون پشتیوانییەکی راستەوخۆی ئێرانیان لەگەڵ بوو، دەبو سەرکردایەتی کورد لەو راستییە تێبگات، بەڵام مخابن موجازەفەکردن و سەرکێشی بەشێک لەسەرکردایەتی کورد، هەم کوردستان و هەم کەرکوکی بەچارەنوسێکی خراپ گەیاند، پرسی کورد پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیبو، پشتیوانییەکی گەورەی نێودەوڵەتی هەبوو بەهۆی شەڕی داعشەوە، بەڵام هەم پشتیوانییەکەمان لەدەستداو هەمیش کەرکوکیان گێڕاوە بۆ دۆخێک رەنگە پێویستی بەدەیان ساڵ خەباتی دیکە هەبێت تا وەکوخۆی لێدێتەوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٨



## بۆ شەرڤانان لە عەفرین کشانەوە؟



سەلاح خدر

ڕژێمی تورکیا بەرلە هێرشی داگیرکاری عەفرین لە ڕووی سەربازی، سیاسی، دبلۆماسی، میدیای و جڤاکی خۆی بەتەواوی تەدارەک دابوو، زۆرترین سازشی بۆ هێزە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەت ڕووسیا و ئێران کرد کەلەو هێرشەدا پاڵپشتی بکەن، لەپاڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەوەی لە دوای هەوڵی کودەتاکەی ٢٠١٦ وە تورکیا سوپایەکی تۆکمەی نەمابوو، ئەردۆغان چەکە هەرە قورسەکانی ناتۆی لە عەفرین دا بەکارهێنا.

تورکیا بەرلە عەفرین هێزە تایبەت و چەتەکانی خۆی لە کۆمەڵکوژی و کاولکاری شارەکانی جزیرە، سلوپی، گەڤەر، نسێبین و شرناخ تاقی کردووە و سەدان کوردیان کۆمەڵکوژ کرد، لەو دەڤەرانە چەکی کیمیاییان دژ بە گەریلا و شەرڤانان بەکارهێنا، بەو تەجروبە و هێزە چەتانە و هاوکارییە هەرێمی و نێودەوڵەتییانە، دەستیان بە هێرشی سەر عەفرین کرد.

لەگەڵ ئەوەی شەرڤانان ئامادەکارییان بۆ ڕووبەڕووی بونەوە کردبوو و بەرخۆدانێکی بێوێنەیان نیشاندا و تائێستاش ئەو بەرخۆدانە بەردەوامە زیاتر لە هەزار شەهیدیان داوە، بەڵام بەهۆی زیادبوونی کۆمەڵکوژییەکان و دەستنەپاراستنی تورکیا لە مەدەنی و کاولکردنی کانتۆنەکە شەرڤانان ناچاربوون لە ٥٨ هەمین ڕۆژدا لە زۆربەی گەڕەکەکانی شارەکە بکشێنەوە، ئەوە ئاقڵانەترین بژاردەی شەرڤانان بوو، چونکە شەرڤانان چەندە خاوەن باوەڕ و ئیرادە و ئەزموونیشن، بەڵام بەهۆی نەبوونی چەکی پێشکەوتووی بەرگری ئاسمانی نەیادەتوانی ڕێگە لەبەر کۆمەڵکوژی و کاولکاری بگرن، تەنها چەند ڕۆژێک بەرلەداگیرکردنی عەفرین تورکیا گەورەترین کۆمەڵکوژی مەدەنی ئەنجامدا، بەڵام شەرڤانان بە کشانەوەیان و پەنابردنە بەر شەڕی گەریلایی ڕێگەیان لەبەر جینۆسایدێک گرت.

دەوڵەتی تورک پلانی ئەوەی دانابوو عەفرین وەک سلۆپی و سوری ئامەد کاول بکات و هەڵەبجە ئاسا هەزاران کەس کۆمەڵکوژ بکات، بۆ ئەوەش هەرچی چەکی هەبوو بەتایبەتی کیمیایی، ماددەی ژەهر و گازی کلۆر ئامادەکردبوو، تورکیا نەیدەویست شەرڤانان شارەکە چۆڵ بکەن بەڵکو ئامانجی بوو کۆمەڵکوژیان بکات، چونکە پێشتر کۆمەڵکوژی و بەکارهێنانی گازی کیمیایی لە باکوری کوردستان و گوندی ئەرەندێی ناحیەی شیەی عەفرین ئەنجامدابوو و کاردانەوەی جدی نێودەوڵەتی لەبەرامبەر خۆیدا نەبینی هەربۆیە بەنیاز بوو بە ڕێکەوتن و سودوەرگرتن لە بێدەنگی نێودەوڵەتیی لە عەفرینیشدا هەمان پلان جێبەجێ بکات.

شەرڤانان دەیانتوانی تا شەهید بوون هەڵنەستن، ئەو ئەزمونەشمان لە بەرخۆدانی کۆبانێ دا بینی، بەڵام تورکیا بەبەکارهێنانی ئەو تەکنۆلۆژیایەی لە دەستیدایە و ئەو پشتگیرییە نێودەوڵەتییەی هەیەتی هەر دەیتوانی عەفرین بگرێت، وەلێ قسە لەسەر ئەوەیە کە شەڕ لە عەفرین دا کۆتایی نایەت.

ئەمڕۆ شەرڤانان بەپشتیوانی گەلی کورد و گەلانی کوردستان و ئازادیخوازانی جیهان، ستراتیژی شەڕی درێژخایەنی لەگەڵ تورکیا و هاوکارەکانیدا هەیە، هەربۆیە پاراستنی هاوڵاتیان بۆ ئەوان گرنگە و ناشیانەوێت لە خاڵێکدا زۆرترین زیانی گیانی بدەن، ڕاستە تورکیا پێشلەشکری بۆ شەڕێکی نێودەوڵەتی دژ بە گەلی کورد و ئەزمونی دیموکراتی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات، بەڵام ئەردۆغان بەردەوامە لە هێرشی قڕکردنی کورد و پلانی جینۆسایدی ئەرمەنییەکانی بۆ نەتەوەی کورد داناوە، لەو پێناوەشدا هەموو سازشێک دەکات تا کورد لە نەخشەی نوێی ناوچەکەدا جێگەیان نەبێت.

عەفرین نەکەتووە بەڵکو تورکیا بە زەبری چەک داگیرکردووە و سەدان کەس لە بەرگریدا شەهیدبوون، مەحاڵیشە داگیرکەر بتوانێت بەزەبری چەک لەو شوێنی داگیرکراودا بمێنێتەوە، بەتایبەت لە عەفرینێک دا کە خاوەنی سەدان هەزار ئاڤێسا خابوورە.

گەرچی ڕۆژئاوای کوردستان هیچ کات خۆی بەهێزێکی دەرەکیەوە گرێنەداوە و لەسەر هێڵی سێهەم و هێزی خۆیی تێکۆشان دەکات، ئەوەی ئەمڕۆش ڕووبەڕووی بووەتەوە باجی ئەو باوەڕەیەتی، بەڵام پێویستە ئیدی بۆ لەمەودواش کوردان لە پەیوەندی دانان لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتیی و هەرێمییەکاندا بەپرەنسیپتر و جدی تربن، چونکە ئێستا ناوچەکە لە قۆناغێکی هێندە هەستیاردایە کە دەتوانرێت بەرژەوەندی و هاوکێشەکان لە کاتژمێرێکدا گۆڕانکاری



سەرچاوە
Serchawe

بەسەردابێت، کوردیش دەبێت خۆی بەو پێیە تەیار و ئامادە بکات.

ئەوەی گرنگە خاوەنداری کوردانە لە دۆزی خۆیان، ئیدی ئەو سەردەمە تێپەڕی باشوور باکوور و ڕۆژهەڵات ڕۆژئاوا بەکێشەی خۆیان نەزانن، عەفرین درێژکراوەی ڕۆبۆسکی و کەرکوکە، تاران و ئەنقەرە و بەغداد بەو ڕێکەوتنە کار دەکەن کە دژ بە نەتەوەی کورد هەیانە، ئەمڕۆ هەموومان لە بەلەمێکداین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٨

## عەفرین دەسوتێت، چەپ لە کوێیە؟ ... ولیام ئایکلر



وا پێدەچێت کورد بێ بەختبن لەوەی کەوتنە بندەستی هێزێکی "غەیرە ڕۆژئاواییەوە"، بۆیە ئازارەکانیان بەردەوامی هەیە.

کورد خاوەنی کۆمەڵێ دروشمی نافەرمییە، یەکێک لەو دروشمانە: "کورد تەنها شاخەکان دۆستیەتی". ناوە ناوە هاوپەیمانیان لەگەڵ زلهێزەکاندا بەستووە، بەڵام وەک چاوەڕوان دەکرێت ئەم هاوپەیمانێتییە بە ناپاکی کۆتایی هاتووە، چونکە ئاڵوگۆڕە سیاسێکان بەکەڵکی هاوپەیمانێتی بەردەوامی نایەت. کەمتریش ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە هێزە پێشکەوتوخوازەکان کۆمەکیان بە کورد کردبێت.

**هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین، دەبوایە چەپی جیهانی لە زۆربەی پایتەختەکان بهێنایەتە سەر شەقام.**

دەبوایە خۆپیشاندەران برژێنە هاید پارکەوە بە ڕەنگەکانی سور، سپی، سەوز و زەردی ئاڵای کوردەوە، هەروەها بە سرودی " ئێمە هەموو پەیەدەین ئێستا!" ئاسمان پڕکەن. بەڵام نەکرا، شەقام خامۆشە - چەند چالاکوانێکی کورد نەبێت - بە دەگمەن خەڵکی تریان لەگەڵ دەبینرێت.

ئەم دۆخە بەراوردبکە لەگەڵ خەڵکانێکی تری بێنیشتمان: فەڵەستینێکان. کاتێک هێزی بەرگری ئیسرائیل (IDF) غەزە بۆرومان دەکات چەپی ڕۆژئاوا بێ وەستان چەفییەو عەگال لەسەر دەکات و ڕێپێوان دەکات بۆ وایت هۆڵ؛ لە قودس توندو تیژی دەست پێدەکات، دەست بەجێ لە سۆشیاڵ میدیاکانەوە ئیسرائیل مەحکوم دەکرێت.

**ئەی بۆچی ئەم شێوەیە لە بێدەنگی، کاتێک کار دێتە سەر کوشتاری کورد؟**

دەسەڵاتێکی ئیسلامی نەتەوەگەرای دیماگۆجی، بە ڕابەرایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، هێرشی کردۆتە سەر دەوڵەتێکی بێگانە بە یارمەتی جیهادیکان بۆ سەرکوتکردنی بزوتنەوەی چەپ، سەرباری ئەمەش دەنگی دیموکراسیخوازانەی خەڵکی کوردیش لە ناوخۆ سەرکوت دەکات.

**ئەی کوا تورەیی!؟**

پێشتر لەسەر کێشەی فەڵەستین و ئیسرائیل نووسیومە. چەپیش زۆر هاوسۆزە لەگەڵ کێشەی فەڵەستینێکان، چونکە وەک قوربانیەکی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانی سەیردەکرێت، وە ئیسرائیلیش بە پاڵپشت و هەژمونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆژئاوا درووست بووە.
لەم ساڵانەی دواییدا گۆڕانکارییەک لە دیدگای چەپی ڕۆژئاوا ڕوویدا بەوەی سەرنجیان زیاتر چووە سەر دژیاتی کردنی ئیمپریالیزم و ڕەیسیزم، گۆڕانێک لە چینایەتییەوە بۆ شوناسی سیاسی، هۆکارەکەش لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئیسرائیل وەک شوناسی ڕۆژئاوا سەیردەکەن بۆیە کێشەی فەڵەستینیان وەک سەکۆیەک بەکارهێنا دژ بە ڕاسیزم و تیرۆر. لێرەوە شەڕ لە دژی تیرۆ دەبێتە هۆکاری نەبینینی دیمەنەکانی تر.

بەهەرحاڵ، من لێرەدا دەمەوێت ئەوە بخەمە بەرچاو، بۆچی میلەتێکی زۆری وەک کورد لە جیهاندا کە تا ئێستا بێ دەوڵەتە، هەمان مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت؟

پێم وانییە کێشەکە ڕێکنەکەوتنی ئایدیۆلۆجی بێت. بزوتنەوەی کوردی وەک ئەوەی ئێستا لە تورکیا و سوریا هەیە (نەک عێراق) بزوتنەوەیەکی زۆر پێشکەوتوخوازانەیە لە ناوچەکە. لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژییەوە زۆرتر تەبان لەگەڵ دیدگای چەپ بەبەراورد بە کۆمەڵەی حەماس و حیزبوڵا، بە پێی ئەو جێگاو ڕێگایەی کە هەیانە دژ بە ئیسرائیل، شوێنێکی تایبەتیان هەیە لای بەشێک لەو چەپانەی کە خۆیان بە " دژی ئیمپریالیزم" دەزانن.

عەفرین، گۆڕەپانی شەڕی ئەردۆگان، باکوری سوریا یان کوردستانی ڕۆژئاوا (ڕۆژئاڤا). لێرە پارتی یەکگرتوی دیموکرات PYD هاوڕێبازی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) کە لە تورکیان، لەگەڵ هەردوو باڵی چەکدارییان YPG و YPJ پیادەی دیموکراتیەتی ڕاستەوخۆ دەکەن لە ژێر ئاڵای کۆنفیدراڵییەتی دیموکراتیدا.

ئەم بیرۆکەیە لە لایەن عەبدوڵلا ئۆجەلانەوە داڕێژراوە ڕابەری پارتی کرێکارانی کوردستان کە لە ئێستادا لە زیندانەکانی تورکیا زیندانی کراوە. بنەڕەتی ئەم تیۆرە لە ئەنارکیستی ئەمریکی (مورایی بۆکچین)ەوە وەرگیراوە کە شێوەیەکە لە سۆشیالیزمی ئازادانە کە چەخت دەکاتەوە سەر کۆمەڵگەو بنەما دادپەروەرێکەی، لەگەڵ هەوڵدان بۆ کۆتایی پێهێنان بە باوک سالاری لە پێناو بنیاتنانی دونیایەکی باشتردا.

ڕەخنە گران پێیان وایە ئەم بانگەشەی دیموکراتییە پەردەیەکە بۆ داپۆشینی بانگێشەی سەربەخۆیی کوردی. هەروەها پێیان وایە لە ژێر دروشمی یەکسانیخوازیدا بەرنامەیەکی نەتەوەیی کۆنەپەرستیان حەشارداوە.

**ڕەنگە.**

ئاسان نییە بزانرێت چی لەسەر زەمینی شەڕ دەگوزەرێت، وەهیچ ڕێکخراوێکیش نمونەیی نییە. گریمان ڕەخنەگرەکان لەسەر حەقن، بەڵام هەموو ئاماژەکان ئەوەمان پێدەڵێت کەوا پارتی یەکێتی دیموکراتی زۆر پێشکەوتوخوازترە لە هەموو جیهادێکانی داعش کە شەڕیانیان کرد، هەروەها لە خوێن ڕێژەکەی دیمەشق و پارێزەرانی ئاین لە تەهران و ئەردۆگانی سەرکوتگەر. زەحمەتیش نییە لەوە تێبگەیت کێ خاوەنی مافێکی ڕەوایە.



سەرچاوە Serchawe

بەهەرحاڵ، لای زۆرێک لە چاودێران ئاکامەکەی بۆ خاڵێک دەگێڕنەوە ئەویش ئاڵۆزی شەڕی ناوخۆ لە سوریا و پەیەدە وەک هێزێکی ئۆپزسیۆن لەناو ئەو هاوکێشەیەدایە. پەیەدە لەگەڵ هێزەکانی دیموکراتی سوریا(SDF) ئەم هێزە هاوبەشە لەلایەن یەپەگە و یەپەژەوە بەڕێوەدەبرێن کۆمەڵێک ڕێکەوتنیان کردووە دووایینیان (لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد) بوو، هەروەها یارمەتی و هاوکاریشی لەهێزەکانی ئەمریکاوە وەردەگرت.

## پێناچێت ئەمەبێت.

لەڕوانگەی بەشێکی ترەوە پێیان وایە کورد هاوکاری هێزی نەیتۆ دەکات بە قازانجی ڕۆژئاوا بۆ بێهێزکردنی هێزی بەرگری کە خۆی نیشان دەدات لە یارمەتێکانی ڕووسیاوە، تا تەهران و دیمەشق و خواروی لوبنان.

هەندێک ڕاستی تێدایە. هێزی سوریایی دیموکرات، بنکۆڵی ئەسەد دەکات، هەروەها ڕێگرە لە پێش خەونەکانی پۆتین لە ناوچەکە و بە شێوەیەکیش قەڵەم ڕەوی ئێران پڕ گرێ و گۆڵەتر دەکات.

بەهەر حاڵ، بیانوویەک هەیە بۆ ڕێگرتن لە ڕوخانی دەوڵەتی سورییە، بیرکردنەوەیەک لەپشتی ئەمەوە هەیە کە پێی وایە هەر هێزێک پشتیوانی لە ئەسەد دەکات وەک هێزێکی پێشکەوتوخواز دەردەکەوێت چونکە شەڕی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاواو هەژمونی وەهابیزم دەکات.

بەرەی مۆسکۆ، تەهران و دیمەشق هاوپەیمانی هیچ هێزێکی تری یەکسانیخواز و بەرەی چەپ نین. لەو بارەوە پرسیار لە خەڵکی گۆتەی ڕۆژهەلاتبکەن.

ئەگەر جیۆپۆلەتیک بخەینە لاوە، هۆکاری تریش کە بیری لێبکرێتەوە. وەکو ڕۆزا بۆرک و کیریم شامبۆرگ لە پێگەی جاکۆبیان ئاماژەیان پێدا، ئەو هاوپەیمانێتیە تاکتیکییەی لەگەڵ سوپای ئەمریکیدا مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ناوەڕۆکی بەرنامەی پەیەدە گۆڕانی بەسەردا هاتبێت. پنتاگۆن دەستێوەردان ناکات لە کاروباری ناوخۆی کوردەکان. ترامپیش هیچ کاریگەرییەکی لەسەر شۆڕشی ڕۆژئاوا نییە، ڕەنگە هەر هیچیشی لەبارەوە نەبیستبێ.

با ئەوە قبوڵ بکەین ئەو بارو دۆخە تێک ئالاوەی سوریا وایکردووە بەشێک لە چەپ بێدەنگی هەڵبژێرن سەبارەت



سەرچاوە Serchawe

بە کێشەی کورد. لە بارودۆخی شەڕدا هەندێکجار زەحمەتە زاڵم و مەزڵوم لێکجیابکرێنەوە، بەڵام هەموو ئەمانە ئەوە ناگەیەنێت کەوا هاوپشتی کوردەکان نەبێت.

لە تورکیا، پارتی دیموکراتی گەلی کەوتە بەر شاڵاوی سەرکوتکردن لەلایەن دەسەڵاتەوە پاش ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا سێزدە کورسییان بەدەست هێنا لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٥، کە هۆکارێک بوو بۆشێواندنی پلانەکانی ئەردۆگان سەبارەت بە سیستمی سەرۆکایەتی.

پاش دەرکەوتنی بزوتنەوەی مافەکانی کورد لەگەڵ نارەزایەتێکانی پارکی گازی لە ئیستانبوڵ، سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی گەلی سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگان یۆکسکداش و دەیانی تریان کەوتنە بەر شاڵاوی زیندانیکردن. ئەم سەرکوتکردنەش بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی تورکی توندتر بووەوە بەتایبەت پاش کودەتا سەرنەکەوتووەکەی ساڵی ٢٠١٦.

لە پڕ سەرکوتی دادگایی گۆڕا بۆ سەرکوتی توندتر. لە ٢٠١٥ شەوە پرۆسەی ئاشتی هەرەسی هێنا کە بڕیار بوو کۆتایی بهێنێت بە ململانێی چل ساڵەی نێوان ئەنقەرە و پەکەکە، ئەوەش بە هۆکاری ئەوەی دەسەڵات دەیویست دۆخەکە بەتەواوی بە قازانجی خۆی بشکێنێتەوە.

کارە دوژمنکارەکان وایان کرد سەدان هەزار کەس لە خەڵکی سیڤیل لە جێگاو ڕێگای خۆیان هەڵبکەنرێن لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ دا وە ٢٥٠ کەسیش لە خەڵکی بێ چەک بکوژرێن لە خواروی ڕۆژهەڵاتی تورکیا. جارێکی تریش چارەنووسی کورد بە بێدەنگی بەڕێ خرا لە لایەن بەرەی چەپەوە.

ئەم هاوپشتی نەکردنە کە پێشتریش ئاماژەم پێدا، بەڕای من دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەوا کورد قوربانی دەستی هێزێکی " غەیرە ڕۆژئاواییە " بۆیە ئازارەکانیشیان بەردەوامە. ئەوە گرنگ نییە کەوا تورکیا ئەندامی هاوپەیمانی نەیتۆیە، یان دەیەوێت بچێتە ناو یەکێتی ئەورووپاوە، یان بەتەنها دەوڵەتێکی سەرکوتکەرە و خەون و ئارەزوی ئیمپراتۆریانەی هەیە و مێژویەکیشی هەیە لەسەرکوتکردنی نەژادەکانی نێوخۆی.

ئەم دۆخە بۆ زۆرێک لە چەپەکانی ڕۆژئاوا جێی سەرنج نییە، بۆیە قوربانێکانیش ناکەونە بەرچاو.

وەرگێڕانی: گۆران عەبدوڵلا

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١٨

--------------------------

- ولیام ئایکلر:

ڕۆژنامەوانێکی سەربەخۆیە و لە وڵاتی بەریتانیا دادەنیشێت. هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە ڕۆژهەڵات ناسیدا.

- ڕۆزا بۆرک - Rosa Burç

توێژەرە لە پەیمانگای زانستە سیاسێکان و زانستی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی بۆن.

- کیریم شامبۆرگ- Kerem Schamberger

توێژەر لە بواری زانستی پەیوەندێکان و میدیا لە پەیمانگای لۆدفیگ ماکسمیلیان لە میونیخ، وە ئەندامی چەپی مارکسییە.

- جاکۆبیان - Jacobin

پێگەیەکی میدیایی چەپە لە ئەمریکا.

سەرچاوە: https://www.opendemocracy.net/north-africa-west-asia/william-eichler/as-afrin-burns-where-is-left

# عەفرین کەرکوکە



**دانــا زەنــدی**

لەسـەرەتای هێرشـە بەربەریەکەی مەغۆلەکـانی تورکیـا و هاوپەیمـانە عەرەبە ئیخوانیەکانیـانی بۆسـەر کـانتۆنی عەفـرین و رووبەڕووبـوونەوە کەم وێـنەکەی شـەرڤانانی یەپەگە و یەپەژە بـۆ بەرگـری کـردن لەوبەشـەی خـاکی کوردسـتان، رسـتەی ((عەفـرین کەکـوک نیە))مـان زۆر بەرچـاو و بەرگـوێ دەکەوت. دیـارە زۆریـنەی گەلـی کـورد، بەتـابەت کـوردانی باشـور، ئەم دروشـمەیان وەک ئـارام بەخشـینێک بەدەروونە مانـدووەکەیان و بەرزکـردنەوەی وورە روخاوەکەیان بەرز دەکردەوە.

بەڵام دەرکەوت عەفـرین کەرکـوکە، موسـڵە، مەخمـورە، شـەنگالە، خـانەقینە...هتـد، واتە هـیچ جیـاوازیەک نـیە لەنێـوان شـارەکانی کوردسـتاندا، کەرکـوک بەبـێ بەرگریکـردن لەلایەن سـوپای داگیـرکەری عەرەبیەوە داگیرکـرا و عەفـرینیش بەبەرگریکردنێکـی زۆری قـارەمانانەشـەوە لەلایەن سـوپای داگیـرکەری تـورکەوە داگیرکـرا. مەخـابن دەرئەنجامەکە هەر داگیرکردنە، بەڵام ئەوی کەرکوک بەقوربانیدانێکی کەم لەخوێنی رۆڵەکانی کورد و عەفرین بە قوربـانیدانێکی زۆری گیانی و ماڵی داگیرکران.

بەمجـۆرە دەبیـنین کە دوژمنـان و داگیرکەرانـی خـاکی کوردسـتان هەمیشـە بەیەک چـاوی تەمـاع و قیـنی شـۆڤێنیانە دەڕوانێـتە سـەرجەم شـارەکانی کوردسـتان بەبـێ جیـاوازی، بەڵام ئەوەی مـایەی نیگەرانیە ئەوەیە کە ئێمەی کـورد خۆمان شارەکانی کوردستان دابەشدەکەینە سەر زۆنی جیاوازی دەسەڵاتی ئەم حزب و ئەو حزب، جێگەی داخە کـورد هێشـتا هەر لەسـەر مودێلی کـۆنی میرنیشـینەکان دەسـەلاتداری دەکـات، یەکترمـان قبـوڵ نیە، نەک هەرئەوەنـدەش

هەندێک لە حزبەکان و گروپە دەسەڵاتدارەکانی کورد تەنانەت جاشایەتی دەسەڵاتە دوژمن و داگیرکەرەکانیان پێ باشترە وەک لە دەسەڵاتێکی کوردی پاک و یەکگرتوو...!! ئەمەش بێجگە لە رۆڵ و کاریگەری زۆر خراپ و نەرێنی بیری موسڵمانگەرایی لەهزری زۆرینەی تاکەکانی گەلی کورد..!!

زۆر دەگوترێت کە هەموو گەلانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بێجگە لە کورد، سودی تەواویان لە ئیسلام (وەک سیستەمێکی فەرمانڕەوایی) بینیوە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی بەسەر گەلانی ناوچەکەدا و لەژێر چەتری ئوممەی ئیسلامیشدا بێجگە لە دەسەڵاتکێشانی بەسەر ناوچەکەدا، هەوڵی داگیرکردنی جوگرافیایەکی بەرفراوانی دەوروبەریشی داوە. دیارە لەم پرۆسە مێژووییە دوورودرێژەی فتوحاتی ئیسلامیەدا کورد هەر بەشی قوربانیدان و پاشکۆبوونی دەسەڵاتە ئیسلامیەکان بووە. نەک هەر لەمەدا سەرکەوتونەبووە، بەڵکو لەبیری چەپگەرانە و شۆڕشی چەپڕەویشدا کە زۆرێک لە نەتەوەو دەوڵەتانی جیهان بەهۆیەوە سەربەخۆیی خۆیان پاراست و سەرکەوتن بەسەر هێزە ئیمپریالیستەکاندا، کەچی گەلی کورد لەمەشدا هەر شکستخواردو بووە. ئائەم دەسەڵاتەی ئێستای هەرێمی کوردستانیش کە نموونەی دەسەڵاتی لیبراڵی و دیموکراسی و ئابووری ئازادی گەلی کوردە، گشتمان بەهۆی شکستە یەک لەدوای یەکەکانیەوە لە هەموو روویەکەوەماڵوێران بووین و بەشی زۆری ئەوەی بەدەیان ساڵ خەبات و قوربانیدان بەدەستمان هێنابوو لەدەستمان داوە و پرۆسەی لەدەستدانەکەشمان بەردەوامە..!

دیارە من لێرەدا مەبەستم لە روخاندنی وورەی شۆڕشگێڕانەی ئەم گەلە قارەمانە نیە، ناشمەوێ رەشبینانە بڕوانمە دوارۆژی گەلی کورد، بەڵام بڵێمچی کەئەمە مێژووی گەلەکەمە و ئائەمەش نموونەی دەسەڵاتداریەکەی ئێستایەتی. تۆبڵێی ئەم گەلە ستەمدیدەیە بەرنەفرەتی خوا کەوتبێت؟! بێگومان وانیە. پێموایە تاکە خاڵی لاوازی ئەم گەلی کوردە نەفامی و نەزانیە و هیچیتر.

سەرچاوە: ماڵپەری لڤین - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## ڕوداوەکانی عەفرین چیمان پێدەڵێن، هەڵوێستەیەک!



**ڕێبوار عارف**

***یەکەم:*** ئەوەی عەفرینی کردە وێردی سەر زمانی ملیۆنەها ئینسان، نە سروشت وجوانی شاریکە وەک ناوەندیکی گەشتیاری، نە ناوبانگی تەلکنەلۆژیاو بازرگانی ئەم شارەیە، هاوکات نە کوردبوونی دانیشتوانەکەی ئەو مانا و هیزەی پیدەبەخشێت. ئەوەی عەفرینی گەیاندە ئەو ئاستە جلیوەیەکی ئینسانی وجولانەوەیەکی ئازادیخوازانەیە کەتیدا شەپۆل دەدا. بۆیە ئەم شارە نەک هەربووە ڕەمزی بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانە، بەلکو لەڕاستیدا بووە جیگەی مەرترسیەکی تازە لە بەردەم ئەمرۆی جیهانی سەرمایەداری و بەرژەوەندەیەکانیاندا. ئاخەر لەم شارە دەنگێک هەیە کە لەخوارەوە بریار دەدات و ژیان بنیاد دەنیت. بۆیە کاتیک کە شیوازیکی لەم شیوەیە خەباتکارانە سەرهەلدەدات، ئیتر زاراوەگەلیک بەدوای خۆیدا پەلکیش دەکات کە سەئەنجام لەبەردەم بەرژەوەندی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی جیهانیدا دەبیتە جیگەی مەتری. هەرلیرەشەوە ئەم حالەتە تیزیکیتر بەدوای خۆیدا دینیت کە تیزی ڕاوەستانەوەو لەمپەر دروست کردنە لەبەردەم ئەم جیلیوەو جولانەوە ئینسانیەدا، کە بەر شالاوی گەلەکۆمەکی هەموو نیهادە جیاوازەکانی پاریزەری بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداری جیهان دەبیتەوە.

***دووهەم:*** ئەوەی کە ئێمە هەموومان لە جەرگەی ئەم ڕووداوانە دەبینن ئەوەیە کە چۆن ولاتانی ئەمریکا، ئەورپا، روسیا ...و زلیهیزەکانی جیهان و تەواوی ریکخراوە خۆکردەکانیان لە چەشنی نەتەوەیەکگرتووەکان، ناتۆ، تەواوی ئورگانە بە نیو ئینسان دۆستەکانیان بوونەتە بەشیک لەم کارەساتەو هاودەنگی و هاوهەلویستی خۆیان لەپشت هیرشەکانی حکومەتی فاشیستی تورکیادا رادەگەیەنن و هەموویان پێکەوە لە ئاوازیک دەخوینن وبەشیوەیەکی یەکجار وەحشیانە شاریک بە دانیشتوانەکەیەوە لەخۆین هەلدەکیشن. بۆیە ئەم ئەزموونەو داگیرکاریەکانی ئەمرۆژانە پیماندەلین هەر حزب و لایەنیک و هەرکەسیک زەرەیەک پشت بەستوویت بەم زلهیزانەو



سەرچاوە
Serchawe

جەمسەربەندیەکانی جیهانی ئەمرۆ بەدلنیای لە شکست و هەرسهینانی یەک لەدوای یەک زیاتر شتیکتر کۆناکەوە. کۆمەلگای کوردستان و ناوچەکە تارمای چەندین شکست و نائویدی لەم شیوەی تیدا بەدیدەکریت. هیزەگەلیک کە باوەریان بە گۆرانکاری لە خوارەوە بە یالوگۆری ریشەی هەیە دەبێت لەباتی پشت بەستن بەم زلهیزانە، تەنیاو تەنیا پشت بەستووبن بەهیزی یەکگرتووی خۆیان و بە هاوپشتیەکی بەرەی ئازادیخوازانی جیهان!

*سییەم:* ئەوەی کە هەر لەسەرەتاوە ڕۆشن بوو، ئەوەبوو کە لە قۆناغی یەکەمدا حکومەتی تورکیا لە ڕێگەی هێزە تیرۆریستەکان وداعش و جروجانەوەرە هاوشیوەکایەوە، دەخالەتی لە کیشەکانی سوریادا کردو پیگەیەکی بۆ خۆی بەدەستهینا. بەلام لە قۆناغی دووهەمدا بە پیچەوانەوە ئەم حکومەتە خۆی راستەوخۆ هاتەمەیدان و هەموو هیزە تیرۆریستەکان و ئیسلامی سیاسی هاتنە پشت نەخشەو پیلانەکانی ئەم حکومەتەو بوونە بەشیک لە پیچ ومۆرەکانی بەهیزکردنی ئەم لەشکرکیشی وداگیرکاریەی حکومەتی تورکیا. بۆیە ولاتانی عەرەبیش کە نازنامەی دەسەلاتدایەتیان تیکەلەیەکە لە قەومیپەرستی و مەزهەبگەرای، سەرئەنجام ئاینی ئیسلام سەرچاوەو بریاردەری سەرەکی فەرمان رەوایە، بۆیە چوونە پشت سیاسەتی حکومەتە هاوشیوەیەکی خۆیان لە تورکیا ئەمریکی واقعەوە شتیکی جیاوازیان لی چاوەروان ناکریت ، لەپەیوەند بە لەشکرکیشیان بۆ سەر شاری عەفرین وەک ئەرکی ئاینی.

*چوارەم:* میدیا لە ئاست جیهاندا، وەک دەسەلاتی چوارەم ناسراوەو گرنگیەکی زۆری هەیە. بەلام ئیمە بینیمان کە ئەم دەسەلاتی چوارەمە هیچ شتیک نیە، جیاواز لەپیچ و برخوەکانی توندکردنەوەی پایەکانی دەسەلات و ئیدۆلۆژی باوی دەسەلاتداران. بۆیە ئەوەی ئیمە لە ماوەی 58 رۆژ بەرگری و بەرخوردانی دانیشتوانی شاریکداو پشتگیری سەدان هەزارو ملیۆنەها ئینسانان لەسەراسەری دنیا هاتنەمەیدان بۆ پتگشیری لە عەفرین، بەهیچ شێوەیەک جێگەی سەرنج و تیارامانی دەزگاکانی ڕاگەیاندو سوسیال میدیاکانیانی ئەم ولاتانانە نەبوو؛ بۆ تەنیا جاریک جەستەی مندالانی لەخوین هەلکێشراویان نیشان نەدا، تا بە ڕاوەستانەوەو جەسارەتی کچ شۆرشگیرەکانی ئەم دەڤەرە دەگات. ئاخەر لە روالەتدا قۆناغی یەکەم تەواوبووەو ئیتر ئەم دەزگایانە پیویستیان بە ستایش و پیاهەلدانی کچان و کورانی داعشبەزین نیەو تۆپ لە ساحەی هیزیکی تردایە، کە بۆ ئەوان جیگەی پشگیریە، چونکە بەرهەمی داری بەرژەوەندیەکانیان لیرە بەردەگریت. هەربۆیە هیشتا ٥٨ خولەک تیپەرنەبوو بەسەر داگیرکردنی عەفرین وئاوارەبوونی سەدان هەزار ئینساندا ئیتر تەواوی زۆنی کامیرەکانی ڕوویان لە شەقامەکانی عەفرین و داگرتنی پیکەرەکەی کاوەی ئاسنگەر و نیمایش کردنی هیزەکانی حکومەتە فاشیستەکەی تورکیاو هەلواسینی ئەو ئالایەی کە هیمای داگیرکاری و کوشت و کوشتاری حکومەتیکی فاشیستە! بۆیە ئیتر گلەی کردن لە

کەنالی ڕووداو هەندێکی تر لە کەنالە کوردیەکان جۆریک لەو خۆشخەیالی و شەری نیوان باڵەکانی ناسیونالیزمی کورد زیاتر شتیکی ترنیە، ئەگینا کێ بیت نەزانیت کە ڕووداو نەک تەنیا میدیایەکی حکومەتی تورکیایە، بەلکو بەبڕوای من دەزگایەکی ئەمنی و جاسووسی ئەو حکومەتەیە لە کوردستاندا.

*پینجەم:* ئەوەی بۆ ناسیونالیستی کورد مەغزاو مانای بوون و داینەمۆی هەڵویست نیشاندانە، بوونیخاکی وەک گەوهەرە، چونکە لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا ئەوان زۆر بەباشی لە نیعمەتەکانی ئەم چەمەکە حالی بوون و دەزانن لە سایەی ئەم بەرەکەدا چۆن دەستیان بەدۆشنی ژیرخان و سەرخانی ئەم ولاتە دەگات. ئاخەر ناسیونالیزم کە خاک وچەکی بەدەستەوە نەما ئیتر مانایەک بۆ بەرخوردان بەرنگاری بەلایانەوە نامێنێت. چونکە مۆتیفی ئەم بزوتنەوەیە ژیانی ئینسان و ماف و حورمەتی هاولاتیانی کۆمەلگا نیە، ئەوەی بەلای ئەوانە دەکریت هەوینی خوین رشتن و قوربانیدان بیت، تەپکەیەکە کە نابیت لە دەست نەیارەکانیاندابیت. بۆیە ئەوەی ئەمرۆ لە عەفرینا ڕوودەدات بۆ ئەم بزوتنەوەیە کۆتای هەموو شتیکە و دەبیت پرسەی بۆ بگیریت، پاریزگای شاریکیش لە بیکاریدا بۆ هاوخەمی لەگەل قوربانیانی شاری عەفریندا داهینانی سێ ڕۆژ پرسە ڕاگەیەنیت و فاتیحای هەموو شت دەخوینیت. بەلام لە ڕاستیدا ئەوەی کە لە عەفرینا ڕوودەدات، دواجار ئەوەیە سەرباری هەر پاشەکشەیەک بەلام هەموو بزوتنەوەیەک تاکتیک و شیوازی ڕاوەستانەوەی خۆی هەیە و بریاریک کە هیزە سیاسەیەکانی عەفرین دایان بۆ پاشەکشە لەم شارەدا هیچ شتیک نەبوو جیاواز لە ئاستێکی باڵا لە بەرپرسیاریەتی لەبەرامبەر بە ژیان و چارەنووسی هاولاتیانیکدا کە نابیت لە پیناوی پاراستنی خاک ژیانیان بکرینە بارمتەو کارەساتی گەورەو گەورەرتر بەدوای خۆیان بهینن.

*شەشەم:* سەرئەنجام ئەوەی کە خەلکی کوردستان و بەتایبەت بەرەی ئازادیخوازان دەخاتە بەردەم وەلاتدانەوە بە پرسیاری چی کردن، ئەوەیە کە ئیتر کاتی داماڵینی دەمامکەکان و تەوقی ناسیونالیزم و قەومپەرستی و بانگەشەی فریوکارانەی ئیسلامی سیاسی و تیپەراندنی ئامانج و نەخشەو بەرژەوندیەکانی ولاتانی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی جیهانی یە. بە کورتی ئەم ئەزموونە پیمان دەلیت (( نە شا نە شێخ نە ئاسمان هیچیان ڕزگارمان ناکات، با خۆمان بۆ ڕزگاری ڕابین،...)). ماوەتەوە کە بلین ئەوەی ڕوودەدات بەردەوام بوونی بەرخودانە لە عەفرین لە شکل وفۆرمیکی جیاوازدا، هەربۆیە ئەوەی کە خۆی لەبەرەی ئازادیخوازاندا دەبینیتەوە دەبێت لە سەنگەری هاودەنگ و هاوخەباتی بۆ گەرانەوەی ئیرادەی ئینسانی لەم شارەدا، خۆی ببینیتەوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوینە - ڕیکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## ئارەزووەکانمان چی لەواقیع ئەگۆڕێ؟



**سامانی وەستا بەکر**

*** عەفرین لەچاوی زلهێزەکانەوە**

**عەفرین بەرامبەر غوتە، ئەمە ئەو ڕێککەوتنە سیاسیە بو لەنێوان سوریاو تورکیادا بەسەرپەرشتی ڕوسیاو بەئاگاداری زلهێزەکانی وەک ئەمریکاو بەریتانیاو ناتۆو بەڕەزامەندی ئێرانو بەچاونوقانو سەریکردنی کۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەڕێوەچو / ئەچێ، ئەمە ئەو سیناریۆ بەرچاوەیە کە زۆرترین مشتومڕی لەسەر ئەکرێت بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە کە ئایا هیچ هۆکارێکیتر هەیە بۆ هێرشکردنە سەر عەفرین بەتایبەتیو ڕۆژئاوا بەگشتی؟**

**لەمێژووی نوێیدا لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ئەمان بینیوە جەنگی درێژ خایەن لەنێوان یان لەنزیک سنورەکانی وڵاتانی زلهێزو هاوپەیمانە نزیکەکانیان هەڵگیرسێت کە ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ تێگەشتن لەچەمکی جەنگ لەلایەن ڕۆژئاواو ئەمریکاوە بەجۆرێکیتر کە خۆی لەبازرگانیا ئەبینێتەوە نەک جەنگ نەکردن!**
**بۆ بازرگانیکردنو ساغکردنەوەی کاڵای جەنگ و دۆزینەوەی هەلی کاری نوێ بۆ کۆمپانیا گەورەکانی وڵاتانی زلهێز هەر جارەو شەڕ لەوڵاتێکی جیهانی سێیەم هەڵئەگیرسێت کە ئەکرێ ئەم چەمکە بەبەشێک لەسیستمی کەپیتاڵیزمی جیهانی بناسرێت کە لەوێیا بەردەوام ئەگەڕێن بەدوای بازاڕی نوێیا بۆ بەدەست هێنانی سەرمایەی زۆرتر، ئایا کوردانی ڕۆژئاوا کار بەهەمان سیستەم ئەکەن؟ لێرەوە کێشە گەورەکە دەست پێئەکات.**

**کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا پەیڕەوی سیستمێکی سۆسیالستی ئەکەن کە ١٨٠ پلە دژی سیستمی کەپیتاڵیزمی ڕۆژئاواو**



سەرچاوە Serchawe

ئەمریکاو زلهێزەکانەکە سەرکەوتنی ئەم سیستمە بۆ وڵاتانی زلهێز دڵخۆشکەر نیە چونکە ئەوان ئەم ناوچەیە بەبازاڕێک ئەبینن بۆ بازرگانی. سەرکەوتنی ئەم سیستمە سۆسیالیستییە لەڕۆژئاوا ئەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەناوچەکە چونکوم هەرکاتێ هۆشیاری بڵاوبیتەوە ناکۆکییەکان بەگفتوگۆ چارەسەر ئەکرێن نەک بەجەنگ کە ئەمەش ئەبێتە لەدەستدانی بازاڕە گەورەکەی زلهێزەکان کە ئەکرێ ئەمە یەکێکبێ لەبەهێزترین ئەو فاکتەرانەی کە زلهێزەکانی لەکۆمەڵکوژیەکەی عەفرین بەدەستی دەوڵەتی فاشی بێدەنگ کردبێ.

لەم پرۆسەی هێرش و بەرگریەیا لێکدانەوەو سیاسەتی کورد جێگای سەرنجە، شاراوە نیە کە پ.ک.ک هێزێکی کاریگەرە لەڕۆژئاوا لەرێکخستن، لەبەرگری، لەدۆزینەوەی میتوودی بەڕێوەبەری و دەستکەوتەکانی ڕۆژئاوا. هێزەکانی ی.پ.گ و ی.پ.ژ نایشارنەوە کە فەلسەفەی بەڕێز ئۆجەلان ڕێنیشاندەریانەو وێنەی ئۆجەلان لەهەموو شوێنێک هەڵاوسراوەوە. فەلسەفەی بەڕێز ئۆجەلانیش ئاشکرایە لەگەڵ سیستمی سەرمایەداریو دامەزراندنی کۆمەڵگای بۆرجوازا هەڵناکا. لەلایەکی دیکەشەوە پەکەکە لەملمڵانێیەکی قورس و خوێناویایە لەگەل دەوڵەتی فاشیستی دینخوازی ڕادیکاڵی تورک بەڵام لەلایەن ئەمریکاو ئەوروپاوە لەلیستی تیرۆرا تۆمارکراوە!

ئەخلاق و مافی مرۆڤ بنەمای دارشتنی سیاسەتی دەوڵەتان نیە نە ئەو کاتەی دەوڵەتانی دراوسێ و زلهێزەکان یارمەتی کورد ئەیەن لە دڵسۆزی بۆ کوردە و نە ئەو کاتەی خۆ یان ئەدزنەوە یان بێ دەنگ ئەبن لەبەر دوژمنایەتی لە گەل کوردا نیە بەڵکو پشتیوانی ئەوان و پاشەکشێشیان لە پێناو بەرژەوەندی خۆیانە و بەس.

زلهێزەکان زۆر جار هیچ بایەخێک نایەن بە ڕای گشتی بۆ دیاری کردنی سیاسەتەکانیان، مەگەر ئەو ڕای گشتییە ئەوەنە بەهێز بێت کە ڕێگر بێت لەداپینکردن و جێگیری سیاسەتەکانیان.

### ⁕ عەفرین لەچاوی کوردو تورکیاوە

### سەرەتا عەفرین کۆیە؟

ناوچەیەکی شاخاویيە کە ڕووبەرەکەی نزیکەی ٣٨٥٠کم چوارگۆشەیە کە دەکاتە نزیکەی ٢%ی خاکی کۆی سوریا، سنورێکی فراوانی بە تورکیاوە هەیە و ژمارەی دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە شەس سەد هەزار کەس ئەبێ و بەهۆی شەڕو ئاڵۆزییەکانی سوریاو ئەو ژمارەیە بەرزبوەوە بۆ سەرو یەک ملیۆن کەس. عەفرین گرنگە چونکە

ناوچەکانی جەرابلس و بابەعەزاز و ڕۆژهەلاتی عەفرین و پارێزگای ئیدلیب لە ڕۆژئاوا لەیەکتری دائەبڕێ کە ئۆپراسیۆنی تەوەری فورات ئەو هێزانەی لە تورکیا نزیکن تورکیا لە بەرژەوەندی خۆی بەکاریان ئەهێنێ کۆنترۆڵیان کردووە.

کۆنترۆڵکردنی عەفرین لەلایەن تورکیاوە واتە بەیەکەوە بەستنی سەرجەم ئەو ناوچانەی کە هێزە توندڕەوە تیرۆریستەکانی کە تورکیا پشتگیرو ڕێکخەریانە کۆنترۆڵیان کردووە لەسەر سنور کە ئەوەش گەشتنە بە دەریای ناوەڕاست کە ئەمە سەرەکیترین هۆکاری شاراوەی تورکیایە کە نایەوێ کورد دەستی بگاتە ئاو لەویشەوە بە دنیای دەرەوە چونکە عەفرین پێگەیەکی گرنگی جیۆستراتیجی هەیە بۆ گەشتنی کورد بە دەریای ناوەڕاست کە لە داهاتووا ئەبێتە دەروازەیەک بۆ گەیاندنی نەوت و غازی کوردستان بە جیهان و خاڵی کرانەوەی کوردستان بە ڕووی جیهانا هەروەک چۆن سودێکی زۆریشی بۆ کوردستانی باشور ئەبێ .

عەفرین گرنگە بۆ تورکیا چونکە تورکەکان نایانەوێ کورد بگاتە سەر دەیاری ناوەڕاست و بە هەڕەشەی ڕاستەخۆی بۆ سەر خۆیان ئەزانن چونکە تورکەکان باش لەوە تێگەشتوون گەیشتنی کورد بە دەریای ناوەڕاست چیتر تورکیا ئەو پێگە ستراتیجیەی نامێنێ نە لە بواری بازرگانی نە لە بواری سەربازی هەروەک چۆن تورکیا مەبەستێتی گروپە توندڕەوە گوێرایەڵەکانی خۆی بگەیەنێتەوە بەیەک.

عەفرین خاڵێکی گرنگی بەستەوەی کوردانی ڕۆژئاوایە بە کوردانی باکور کە ئەم دوو بەشە لێکدانەبڕاوەی کوردستان هێندە نزیکیان لەیەکەوە هەیە بەجۆرێک بەهەمان زاراوەی کوردیش قسەئەکەن هەر جوڵەیەک لەیەکێک لەم دوو بەشە لێکدابڕێنراوەی کوردستان کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر بەشەکەیتر دائەنێت.
ئەوەی لە ڕۆژئاوا بوونی هەیە چەک و جبەخانەیەکی کەمی سوک و مام ناوەندی زەمینییە بەلام ئیرادەیەکی پتەو بەهێز بوونی هەیە بۆ خواستێکی ڕەوای گەلێک کە بەدرێژای مێژوو خەباتی بۆ ئازادی و سەربەخۆی خود موختاری کردووە لەسەر خاک و نیشتمانی خۆی، جگە لە ئاشتی بۆ دراوسێکانی هیچ خواستێکی جەنگ و داگیرکاری بوونی نییە بەلام هەرچی تورکیایە خواستێکی شەڕەنگێزی داگیرکاری و کۆمەڵکوژی و سڕینەوەی نەتەوەی کورد بوونی هەیە بەپشتی هێزێکی پڕ چەکی زەمینی، دەریای و ئاسمانی تەکنەلۆژیای نوێی سەردەم.

ئەوەی تا ئێستا سەرنجی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی ڕاکێشاوە بۆخۆی وێرای بی دەنگیان ئەو خۆڕاگری و مقاوەمەت و



سەرچاوە Serchawe

بەرەنگاریەیە لە نێوان دوو هێزی زۆر نابەرابەرا بە هەموو پیوەرەکانی جەنگ، بەڵام بوونی ئیرادە توانیویەتی ڕیگربێ لە پێشڕەوی دووەم زلهێزی ناتۆو هەشتەمین زلهێزی جیهان خۆ ئەگەر پێشڕەوییەکی کەمیش لەلایەن تورکیاوە کرابێ بەڵام سەنگی سەرکەوتن هەر بەلای عەفرینا شکاوەتەوە.

ئیرادە فاکتەرێکی گرنگە لەخەبات و ململانێکانا بەڵام ئیرادەی بەهێز تاکە فاکتەری سەرەکی و دیاریکەر نیە لە شەڕی خاک و جوغرافیای تەندراو بە دوژمنی خاوەن پێشکەوتووترین تەکنۆلۆژیای سەردەم. بەپێی دواین زانستەکان کە لێکۆڵینەوە لە بواری جەنگا ئەکا سەلمانویانە ئێستا تەکنۆلۆژیای شەڕ و لۆجستیک فاکتەری یەکەمن لە دیاریکردنی شەڕا دوای تەکنۆلۆژیا فاکتەرەکانی دیکەش کاریگەری خۆیان هەیە ئەوەش لە عەفرین سەلمێنرا ئەگەرنا حەز و ئارەزووەکانی ئێمە هاوسەنگی هێز لە دونیای واقیعدا ناگۆڕێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٨

## عەفرین، بەرخۆدانی سەردەم!




بۆ هەموو مرۆڤی دێمۆکرات و ئازادیخواز!

ماوەی چەند ڕۆژە هاوپەیمانی نیۆفاشیستەکانی ئەکەپە و مەهەپە لە دەولەت و حکومەتی تورکیەدا هێرشی بەربلاو و هەمەلایەنەی زەوینی و ئاسمانی چاوەڕوانکراوی خۆیان بۆ سەر مۆدێلی سەرکەوتووی ئازادی، ئاشتیخوازی و پێکەوەژیانی گەلان و ئالاهەلگرانی سیستەمی نەتەوەی دێمۆکراتیک لە کانتۆنی عفرینی ڕۆژاوا لە باکوری



سەرچاوە
Serchawe

سووریە دا دەستپێکردووە. فرۆکە جەنگیەکانی تورکیا دوای پاشەکشەی بێ ئەخلاقانەی هێزەکانی ڕووسیە لە عفرین و بە چرای سەوزی حکومەتی ڕوسیا بۆ هێرشی ئاسمانی، شار و گوندەکانی عەفرین بە چڕی بۆمباران ئەکەن و دەیان خەڵکی سڤیل و لە ناو ئەواندا ژن، منداڵ و بەساڵاچووانی ئەو دەڤەرەیان بریندار کردووە و کوشتووە.

وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ڕۆژئاوایی ئەوان لە یەکیەتی ئەورووپادا کە لە شەڕی دژی داعەشدا هاوپەیمانی کورد بوون، بەرژەوندیەکی ئەوتۆی خۆیان لە عفریندا نابینن و تا ئیستا لە بەرانبەر هێرشەکانی ئەردۆغاندا هەڵوێستی بێهێز و کەمڕەنگیان نیشان داوە و زۆرتر چاوەڕوانی ڕووداوەکان ئەکەن. ئەوان بە ئاشکرا چرای سەوزیان بۆ ئەردۆغان هەڵکرد و پیشانیاندا کە دێمۆکراسی و ماڤی مرۆڤ تەنها تا سنووری بەرژەوندییەکانیان بڕ ئەکات.

جارێکیتر ئەم ڕاستییە بەڕوونی ئاشکرا بوو، کە بنەمای سیاسەتی زلهێزەکانی حازر لە هەرێمەکەدا بەرژەوەندی ئەوانە و شنەی دێمۆکراسی، ئازادی و ماڤی مرۆڤ بە ئاسانی لەبەر دیواری ڕێکەوتن و بەرژەوندییەکانی ئەواندا ڕادەوەستێت و قوربانی ئەبێت. گەلی ئێمە و هێزە کانی پاراستنی گەل ی.پ.گ و ی.پ.ژ بە ناسینێکی قوول لەم ڕاستییە و پەیڕەو کردنی بنەما فیکریە کانی نەتەوەی دێمۆکراتیک خۆیان بە ڕێکخستن کردووە و خۆیان بۆ بەرەنگاری دۆژمنان ئامادە کردووە.

خەڵکی عفرین بە پێشوازی کردنی دەیان هەزار ئاوارەی عەرب و تورکمانی حەلب و... مۆدێلێکی سەرکەوتووی پێکەوەژیان و ئاشتیخوازانەی گەلانیان بە دونیا و هەرێمەکە پێشانداوە و هەر بۆیەش بوونەتە دڕکێک لە ناوچاوانی هەموو دیکتاتورەکان و حکومەتە دژەئازادییەکانی هەرێمەکەدا. دۆژمنانی ئازادی گەلی کورد و گەلانی ئاشتێخوازی ناوچەکە، کە لە هەموو پیلانەکانی تا ئیستای خۆیاندا شکستیان هێناوە، ئاخرین هەوڵەکانی خۆیان وەگەرخستووە وئەمجارە کەوتوونەتە ناو گێژاوێکەوە کە وادیارە دەسپێکی کۆتایی دەسەڵاتی زۆلم و زۆری ئەوان لە سووریا، تورکیا و گشت هەرێمەکەدا بێت. ئیرادەی گەلی عەفرین بۆ بەرخۆدان بەهێزە وەک کۆبانی و تەسلیم نابێت. ئەوان بەدڵنیایەوە سیاسەتی چەقبەستووی ئەوردۆغان و دیکتاتۆرانی دیکە تووشی شکستێکی گەورەی تر ئەکن.

پلاتفۆرمی زاگرۆس پیلانی نێونەتەوەیی و هجومی دڕندانەی فاشیسمی ئەردۆغانی دژی گەلی عفرینی ئاشتیخواز و



سەرچاوە Serchawe

دیمۆکرات مەحکووم ئەکات و داوا لە هەموو مرۆڤ و ئینسانی دیمۆکرات وئازادیخوازی جیهان و بە تایبەتی دانیشتوانی ئەورووپا ئەکات لە بەرخۆدانی ڕەوای عەفرین پشتیوانی بکەن.

پلاتفۆری زاگرۆس داوا لە شەورای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەکات دەسبەجێ ئەم هجوومە دڕندانەی حکومەتی تورکیا ، کە ئاشکرا و بە بەرچاوی هەموو دونیادا بنەماکانی ماڤی مرۆڤ پێ شێل ئەکات، مەحکووم بکات. ئێمە داوا لە هەموو حکومەتەکانی ئەوروپا دەکەین کە لە برابەر داگیرکاری تورکیا هەلوێست بگرن. بەتایبەت داوا لە حکومەتی ئەڵمان ئەکەین کە هێزەکانی خۆی لە تورکیا بکشێتەوە و ئیجازە نەدات کە ئەرتەشی تورکیا چیتر بە چەکی ئەڵمانی ماڤی مرۆڤ لە عەفرین پێشێل بکەن و خوێنی ژن و منداڵانی بێ تاوانی عفرین بڕێژێت. داوا لە پارلەمانی ئەورووپا ئەکەین کە بەرانبەر کوشتاری خەڵکی سەڤیل لە عەفرین هەڵوێستی بێت.

ئەرکی هموو مرۆڤە دێمۆکراتەکان، کەسایەتی، بزووتنەوە و پارتە سیاسیەکانە کە بە هەموو شێوازێک زەوین لە ژێر پای دیکتاتۆڕان و دژبەرانی ئازادیدا داخ کەن و دواین خەونی ئەوان بۆ سەرکەوتن بەسەر ئیرادەی گەلاندا تێک بدەن. ئێمە دڵنیاین کە بەرخۆدانی عەفرین بۆ هەموو دەڤەرەکە پەرەدەستێنێت و ئاکامەکەی کۆتایی هاتن بە دەسەڵاتی ئەوردۆغان و مەهەپە و سەرکەوتنی ئاشتی گەلان و مۆدێلی پێکەوەژیان دێمۆکراتیکی ئەوان لە گشت هەرێمەکە و ناوچەکەدایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پلاتفۆرمی زاگرۆس - ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١٨



## عیراق... ناوێکی گەورەو ناوەڕۆکێکی گەنیو



**شه ماڵ عادل سەلیم**

هاوکات لەگەڵ داگیرکردنی ئەفرین، ئەردۆغان ئەفەندی دوپاتیکردەوە لەشکرکێشی دەکەن بۆ ناو خاکی کوردستانو لەشەنگال لەگەریلاکانی پەکەکە دەدەن، لەدوای بڵاوبونەوەی ئەو لێدوانە شەرانگیزییەی سولتانی تورکیا، وەزیری دەرەوەی عیراق (ئیبراهیم جەعفەری) لەکۆبونەوەیەکیدا لەگەڵ (ئەحمەد یەڵدز) جێگری وەزیری دەرەوەی تورکیا، (جەعفەری) هەر جۆرە لەشکرکێشیەکی تورکیای بۆ هەر شوێنێکی خاکی عیراق رەتکردەوە، بەفەرمیش نوسینگەکەی لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند: (ئیبراهیم جەعفەری وەزیری دەرەوەی عیراق لەدیداریدا لەگەڵ ئەحمەد یەڵدز جێگری وەزیری دەرەوەی تورکیا دووپاتیکردوەتەوە، عیراق هەر جۆرە لەشکرکێشیەک لەلایەن تورکیا یان هەر هێزێکی تر بێت رەتدەکاتەوە). هەروەها رونیشکردوەتەوە: ئەو هێزەی تورکیاش کەلە باشیکە دەبێت بکشێنەوەو خاکی عیراق جێبهێڵن)، تائێرە زۆر ئاساییەو بریارێکی دڵخۆشکەرە، بەڵام ئەوەی نائاساییەو زۆریش سەیرە لێرەدا، لەهەمان کاتدا (سەلیم جەبوری) سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوای ئەوەی بەسەردانێک گەیشتە وڵاتی تورکیا لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتەدا تاوتوێی پەیوەندیەکانی هەردوو لای کردوو پاڵپشتی (عیراق)ی بۆ تۆرکیا لەپێناو ئەنجامدانی پرۆسەی سەربازی بۆ سەر چەکدارانی پەکەکە لە ناوخۆی عێراقدا دوپاتکردەوە، (رێک بەپێچەوانەی لێدوانەکانی ئاغای جەعەفەری )....!!

لێرەدا ئەوەی هانی دام بۆ نووسینی ئەم چەند وشەیە، ئەو لێدوانە جیاوازو بەربادوو دژبەیەکانەی بەرپرسانی عیراقە کە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنێت، عیراق وڵاتێکی لاوازی خاوەن حەشامەتێک کێخوایە ، هەرکێخوایەکیش سەر بە وڵاتێکی ئیقلیمییەو لەبەرژەوەندی مەرجەعەکەیەوە سەیری عیراق دەکات، ئەوەش ئەسلی کێشەو ناکۆییەکانی حزبەعیراقییەکانە کە تەنها بەقسەی گەورەو خیتابی حەماسی بۆ بەرژەوەندی گەلانی عیراق خەبات

دەکەن ،بەڵام بەکردەوە ڕێک پێچەوانەی قسەکانیان کار دەکەن ، هەرئەوەش وای کردووە کە عیراق ببێتە وڵاتێکی بێ شکۆی تائیفی و پاشکۆی وڵاتانی دەوروبەر کە بەکەیفی خۆیان ئاراستەی دەکەن، لێرەدا دیارە کوردیش لەم دەردە بێ بەش نییە، هەولێر بەدەهۆڵی تورکیاو سلێیمانیش بەزوڕنای ئێران هەڵدەپەرێت، هەمو شکستیەکانیشیان لەهەموو رویەکەوە (ڕامیاری، ئابوری، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی) لەدوای ڕاپەرینی ئاداری ساڵی ١٩٩١ وە تاکو ڕادەستکردنی کەرکوک لە(١٦)ی ئۆکتۆبەر ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن.

بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم، عێراق ئەو وڵاتە خەیاڵییەیە کە هەرگیز وەکو وڵاتێکی خاوەن سەروەری ڕاستەقینە نەبووەو نایشبێت، چونکە سەرکردەکانی (بێ جیاوازی) هێندەی خەمی پۆست و کورسی دەسەڵاتو پڕکردنی گیرفانیانن، نیو هێندە لەخەمی پرسە نیشتمانییەکان و ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان و سەروەری خاک و ئاسامانی وڵاتەکەیاندا نین و نایشبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٨

## ***عەفرین و ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا***



**پەیرەو ئەنوەر/ توێژەر**

**سەرەتا:**

دوای ٥٨ ڕۆژ لە شەڕکردن و بەرەنگاربوونەوەی یەکینەکانی پاراستنی گەل/یەپەگە وەک بەشێک لە هێزەکانی سووریای دیموکرات لە بەرامبەر سوپای تورکیا و هاوبەشەکانی، دواجار سوپای تورکیا وەک دووەمین هێزی نێو

ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی / ناتۆ، توانییان ڕۆژی ١٨ی مارسی ٢٠١٨ بچنە ناوەندی شاری عەفرین و دەست بەسەر شارەکەدا بگرن. دواتر بەکر بۆزداغ، جێگری سەرۆکوەزیرانی تورکیا ڕای گەیاند: "سوپای تورکیا دەستی بەسەر زۆربەی ئەو چەکانەدا گرتووە کە لە لایەن ئەمریکاوە بە یەکینەکانی پاراستنی گەل/یەپەگە دراوە و، لە عەفرین ئیدارەیەکی نوێ پێک دەهێنین."

دواتر سەرۆککۆماری تورکیا گوتی: "ویستیان لە ناوخۆ هێرشی تیرۆریستیمان بکەنە سەر، بەڵام نەیانتوانی؛ دواتر لە دەرەوەی سنوورەکانمان هێرشیان کرد." پێشتریش بەرپرسە باڵاکانی تورکیا چەندین جار ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە ئامادەیی کورد لە سووریا هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا و، چەندین جار تورکیا داوای لە ئەمریکا کردووە کە چەک و یارمەتیی سەربازی بە کوردانی سووریا نەدەن و پەیوەندیی سیاسی و سەربازییان لەگەڵدا دروست نەکەن.

## ئاسایش چییە؟

چەمکی ئاسایش چەمکێکی فراوان و ئاڵۆزە و، سەدان پێناسە و ڕاڤە و لێکدانەوەی جیاوازجیاوازی بۆ کراوە. ئینسکلۆپیدیای بریتانی، "ئاسایش" بە پاراستنی گەل و ڕەگەزەکانی لە مەترسییە دەرەکییەکان پێناسە دەکات. "هێنری کیسنجەر"ی وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکایش پێی وایە، هەموو ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی، کە کۆمەڵگە بۆ پاراستنی خۆی لە مانەوە و بچووکنەبوونەوە دەیانکات، جەوهەر و کرۆکی ئاسایشە. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە چەمکی ئاسایش بریتییە لە ئاسایشی تاک و کۆمەڵەکان لە مەترسی و هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، وەک: کوشتن، دزی، دەستدرێژی، سەرکوتکردن و مەترسی و هێرشی سەربازی. لە لایەکی ترەوە ئاسایش کۆمەڵێک پایە و بازنەی هەیە، لەوانە: بازنەی مرۆیی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی.

## تیۆرییەکانی ئاسایش:

لە زانستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، کۆمەڵێک تیۆریی جۆراوجۆر بۆ شیکردنەوەی چەمکی ئاسایش و ڕەهەند و مانا جیاواز و کارلێکەکانی هەن. بۆ بەرچاوڕوونی و شیکردنەوەی زیاتری چەمکی ئاسایش، تیشک دەخەینە سەر چەند تیۆرییەکی ئاسایش:

### - تیۆریی ڕیالیزم

ئەم تیۆرییە یەکێکە لە تیۆرییە باوەکان بۆ شیکردنەوەی چەمکی ئاسایش و ڕەگەزەکانی و ڕەفتاری دەوڵەت و شێوازی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یەکە سیاسییەکان لە بەرامبەر یەکەکانی تردا. ڕیالیستەکان وای دەبینن کە مرۆڤ بە سروشت خۆویست و شەڕانگێزە و، مرۆڤەکان یان خەڵک وەک ڕەگەزێک لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بەردەوام هەوڵی ململانێی بەدەستهێنانی هێزی زیاتر و ئاسایشی زیاتر دەدەن.

ڕیالیستەکان دەوڵەت بە ئەکتەرێکی سەرەکی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دادەنێن و، ئەو سیستەمە نێودەوڵەتییەیش هەر لە چرکەساتی دروستبوونییەوە لە ڕێککەوتننامەی وێستفالیا لە ساڵی ١٦٤٨دا، نەیتوانیوە هیچ دەسەڵات یان ناوەندێکی سەروو- دەوڵەتی بونیاد بنێت، تا دۆخی نێودەوڵەتی لە پاشاگەردانی ڕزگار بکات و ئاسایش بۆ ئەکتەرەکانی تر بەرهەم بێنێتەوە و، بەمەیش حکوومەتەکان خۆیان ئەرکی بەدەستهێنانی ئاسایشیان خستە ئەستۆی خۆیان. لە ڕوانگەی ئەم تیۆرییەوە، تورکیا عەفرین بە ئەکتەرێکی سەرەکی دانانێت، چونکە دەوڵەت نییە؛ بەڵکوو بە هەڕەشەیەکی سەرەکییشی دادەنێت بۆ سەر کیانەکەی و، بەمەیش لە ڕێگەی هێزەوە دەیەوێت ئەم هەڕەشەیە نەهێڵێت.

### - تیۆریی لیبراڵیزم

لیبراڵەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێک چەمکی ترەوە، دونیابینییەکی تریان بۆ مەسەلەی ئاسایش هەیە. ئەو قوتابخانەیە لە ڕێگەی بازرگانیی ئازاد، ئاشتیی جیهانی، دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، پڕۆسەی جیهانگیری و نۆڕم و بەها جیهانییەکان، ئاسایش و ڕەهەندەکانی ئاسایش شی دەکاتەوە. لیبراڵیستەکان پێیان وایە کە سیاسەتی ناوخۆی یەکە سیاسییەکان / دەوڵەت، کاریگەریی لەسەر ڕەفتار و سیاسەت و ستراتیژە باڵاکانی دەوڵەت هەیە و، لەناویشیدا مەسەلەی ئاسایش و ڕێگەکانی فراوانکردنی ئاسایشی دەوڵەتەکە. جیا لەمانە، وای بۆ دەچن کە پشتپێکبەستنی ئابووری و هەماهەنگیی نێودەوڵەتی و پشتبەستن بە ڕێسا و بەهاکان، کۆمەڵێک بنەمای سەرەکی و گرنگن بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشی زیاتر و دڵنیاییی زیاتر لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا.

### - تیۆریی کۆنستراکتیڤیزم

ئەم تیۆرییە جیاواز لە تیۆرییەکانی تر، پەنجە دەخاتە سەر لایەنێکی تری ئاسایش و پێیان وایە، کە ئاسایش



سەرچاوە
Serchawe

لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییانەدا دروست بووە. کۆنستراکتیڤیستەکان بە ڕادەیەکی زۆر تیشک دەخەنە سەر ناسنامە و، بە ناوەندێکی باڵا و کاریگەریشی لە بەدیهێنانی ئاسایشدا دادەنێن و، ناسنامە لە دەستنیشانکردنی چوارچێوە و ناسینی ئەکتەرە سیاسییەکان بە یەکتر، بە یارمەتیدەرێکی سەرەکی دەبینن.

لە لایەکی ترەوە ئەم تیۆرییە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە بوونی کەلتوور و ناسنامەی جیاواز و، لەناویشیدا مەزهەبی جیاواز، ململانێی ئەکتەرەکانی لێ کەوتۆتەوە و بەردەوام ئەم ئەکتەرانە هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی ململانێ و هاوسەنگیی هێزەوە بەرگری لەم ناسنامە تایبەتەی خۆیان بکەن و پارێزگاریی لێ بکەن؛ تا زیاتر بمێننەوە و بازنەکانی ئاسایشیان فراوانتر بکەن.

## عەفرین و ئاسایشی نەتەوەییی تورکیا

مەبەستی سەرەکیی تورکیا بۆ چوونە نێو عەفرین، مەسەلەی ئاسایشە! تورکیا وا هەست دەکات ئامادەییی کورد لە "ڕۆژاڤا" بنەما و پایەکانی ئاسایش و مانەوەی تێک دەشکێنێت؛ پێچەوانەی قوتابخانەی "کۆپنهاگن"، کە پێی وایە دەرفەتدان بە فرەیی و ناسنامە جیاوازەکان ئاسایشی زیاتر بەرهەم دێنێتەوە. بەشێک لە توێژەرانیش وای بۆ دەچن کە تورکیا هەموو ڕۆژاڤایش کۆنترۆڵ بکات، هێشتا ناتوانێت ئاسایش بۆ ناوخۆی خۆی بەرهەم بێنێت بەڵکوو ڕووبەڕووی دۆخی نائارامی و بەنائاسایشکردن (De-securitization)دەبێتەوە.

پێشتر تورکیا بەڕژدی کاری لەسەر ستراتیژییەتی هێزی نەرم Soft Power دەکرد، وەک ڕێگەیەک بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییی خۆی و بەدەستهێنانی دڵنیاییی زیاتر. تاکوو پێش دەستپێکردنی بەهاری عەرەبی، تورکیا کاری لەسەر مۆدێلی بەیەکەوەگونجاندنی ئیسلامی میانڕەو و دیموکراسی دەکرد و، جیا لە ئەکتەرەکانی تری وەک "سعوودیا" و "ئێران"، تورکیا هەوڵی بەکارهێنانی کەرەستە کەلتوورییەکانی خۆی دەدا وەک بەشێک لە نەرمەهێز بۆ دروستکردنی ئاسایش و دڵنیاییی زیاتر بۆ وڵاتەکەی، بەڵام لە دوای بەهاری عەرەبییەوە ئەم ئامرازەی تورکیا گۆڕا بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی، وەک بەشێک لە هێزی ڕەق / Hard Power.

سەرۆککۆماری تورکیا لە ڕابردوودا ئەوەی ڕاگەیاندووە: "کە عەفرین تەنیا دەستپێکە؛ ئەمڕۆ لە عەفرینین، سبەی لە منبج دەبین و ڕۆژی دواتریش لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات." منبج و ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات ناوچەی



سەرچاوە
Serchawe

دەسەڵاتی هێزەکانی سووریای دیموکرات و ئەمریکایە. بەشێک لە ستراتیژیی ئەمریکا بۆ سووریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە، ئەو ناوچانە وەکوو بنکەی دەسەڵات و هێژموونیی خۆی لە سووریا بەکار بهێنێ و، تورکیایش ئەم ناوچانە بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی دەبینێت و، کورد، بەتایبەت کوردانی ڕۆژئاڤا، بە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر سنوور و چوارچێوە سیاسییەکەی دادەنێت. پێدەچێت تورکیا خواستی ئەوەی هەبێت لە "شنگاڵ"یش ئامادە بێت. تورکیا وا هەست دەکات شنگاڵ قەندیلی دووەمە و، دەیەوێت دەرگەیەک بدۆزێتەوە تا لە عێراق ئامادەیی هەبێت و نەهێڵێت سوننەکان لەوە لاوازتر بن.

لە دوای ٢٠٠٢وە حزبی داد و گەشەپێدان کاری لەسەر پرەنسیپی "نەهێشتنی کێشە لەگەڵ دراوسێکان" دەکرد و، ئەمەیش تورکیای کردبوو بە هێزێک، کە لە زۆربەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵی نێوبژیوان بگێڕێت. بەڵام لە دوای بەهاری عەرەبییەوە، تورکیا سیاسەتی دەستێوەردانی لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکەی گرتۆتە بەر؛ کەم وڵاتی ناوچەکە و تەنانەت هاوپەیمانە لەمێژینەکانی هەیە کە تورکیا کێشەی لەگەڵیدا نەبێت. سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە ئێستادا لە کێشە و قەیراندایە- کێشە لەگەڵ عێراق، سووریا، ئێران، یۆنان، قوبرس، سعوودیا، جۆرجیا، هۆڵەندا، یەکێتیی ئەورووپا و ئەرمەنستان. لە ماوەی ڕابردوودا سەرۆکوەزیرانی تورکیا چۆتە ئازەربایجان تا کێشەی "ناگۆرنۆ - قەرەباغ" (Nagorno-Karabakh) لەگەڵ ئەرمەنستان زیندوو بکاتەوە.

ئەو هەرێمە پێشتر پێی دەگوترا "کوردستانی سوور"؛ لە دوای ڕووخانی سۆڤیەتەوە بە ئەرمەنستانەوە لکێنرا و، تورکیا لە ئێستادا بە هاوکاریی دەسەڵات و حکوومەتی ئازەربایجان، دەیەوێت قەیرانێکی تر بۆ خۆی دروست بکات. تورکیا لە ناوەوە و دەرەوە لە کێشەدایە! کێشەکان فرەڕەهەند و قووڵ و مێژوویین. کێشەکان جیۆپۆلیتیکی و جیۆسیاسیین و، بۆچوونێک هەیە پێی وایە ئەم کێشانە تورکیا دەکات بە تێکەڵەیەک لە سووریا و عێراق و، بەتەواوی ئاسایشی ناوخۆیی و چوارچێوەی دەوڵەتەکەی دەخاتە مەترسییەوە.

## دەرەنجام:

هێرشی تورکیا بۆ سەر عەفرین و داگیرکردنی، چەندین ڕەهەند و مانای سیاسی، سەربازی و ستراتیژیی هەیە و یەکێک لەو ڕەهەندانەیش ئاسایشی نەتەوەییە. تورکیا وا هەست دەکات دروستبوونی هەر ستاتۆ و کیانێکی سیاسیی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان، دەبێتە هۆی مەترسی بۆ سەر تورکیا و سیستەمە ئەمنییەکەی و، ئەمەیش



سەرچاوە
Serchawe

بۆتە هۆی ئەوەی کە تورکیا کانتۆنەکانی ڕۆژاوای کوردستان، بەتایبەت عەفرین، بە هەڕەشەی پلە یەک بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییی وڵاتەکەی دابنێت؛ ئەمەیش بە هۆی پێگەی جیۆپۆلیتیکی و جیۆسیاسیی عەفرین و نزیکی لە ئاو و دەریا و لە سنوورەکانی باکووری کوردستان.

تورکیا لە دوای عەفرینەوە کار بۆ ئەوە دەکات، کانتۆنەکانی تر و منبج و ڕۆژهەڵاتی فوڕاتیش لەبن دەستی کورد دەربهێنێت، چونکە وای دادەنێت لاوازبوونی کورد لە سووریا واتە دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیریی سیاسیی زیاتر بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و تورکیا بەگشتی و، بەپێچەوانەوەیش بەهێزبوونی کوردانی ڕۆژاڤا دەبێتە هۆی تێکچوونی دۆخ و ئاسایشی ناوخۆی تورکیا و کاڵبوونەوەی سەروەری و سنووره سیاسییەکەی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوس - ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١٨

## میدیای ئەڵمانیا: هەقوایە تورکیا لەسەر عەفرین لە ناتۆ دەربکرێت



### کەوتنی عەفرین کەوتنی خەباتی دیموکراسی هەموو ناوچەکە بوو

**ئامادەکردنی: بێژەن بورهان**

داگیرکردنی عەفرین لەلایەن سوپای تورکیاوە لەمرۆژانە بوە وێردی سەرزمانی میدیای ئەڵمانی و لە زۆر لەناوەندە سیاسیو هوشیاری و میدیایەکانەوە باسی لێوەدەکرێ و زۆریان ڕەخنە لە هاوپەیمانی ناتۆ وحکومەتی ئەڵمانیاش



سەرچاوە
Serchawe

دەگرن کە بە بەرچاوی ئەوانەوە پیشێلی یاساو ڕێسا نێودەوڵەتیەکان دەکرێ وخەڵکی بێگوناح لەخۆڕا دەکوژرێ، کەچی بێدەنگن وهیچ هەڵوێستێکیان نییە.

## ژیان بە ئازادی و دیموکراسی کەوت

«راینەر هێرمان» نوسەرو رۆژنامەنوسی رۆژنامەی» فرانکفۆرتە ئەلگێماینە زایتۆنگ» لەوتارێکیدا نوسیویەتی: هێزەکانی یەپەکە بەتەنهاو تەنها شەڕ لەگەڵ زلهێزترین سوپای ناتۆ دەکەن، رۆژئاوا گوێی خۆی لەو کارەساتە مرۆییەی ناوشارەکە کەڕ کردووە حکومەتی ئەڵمانیاش بەردەوامە لە فرۆشتنی چەک بەو سوپایەی کە ڕەحم بەکەس ناکات، هەروەها نوسیویەتی لەگەڵ کەوتنی عەفرین ئەزمونی سەرکەوتوی سیاسەت وئیدارە لەناوچەکە دەکەوێت، چونکە ئیدارەی ئەوشارە بەدەست هەموو نەتەووئاینەکان بوو، جگەلەوەش وەک یەکی ژن و پیاوی تێدا پیادەدەکرا و نمونەیەکی باشی ئازادی و دیموکراسی بو لەناوچەکە، بۆیە بەکەوتنی ئەو شارە خەباتی ئازادی ودیموکراسی لەهەموو ناوچەکە کەوت.

## تالآنچیە مەزنەکان

رۆژنامەی» سود دۆیچەزایتۆنگ» لاپەرەیەکی بۆ بابەتێک تەرخانکردووە و بە مانشێتێکی گەورە نوسیویەتی (تالآنچیە سەرکەوتوەکان) کەمەبەستی لەسوپای تورکیاو چەکدارە هاوپەیمانێتیەکانیەتی، لەو ڕاپۆرتەدا باس لە تالآن و تێکدانی سیمبوڵە ئاینیەکان و سوتانی بیناکانی شاری عەفرین لە لایەن چەکدارەکانی سەر بە تورکیا دەکاو ڕیسوایان دەکات .

## نە سوپایە نە ئازادە نە سوریشە

پێگەی «شپیگل ئۆنلاینە»یش ئەردۆگان هاوپەیمانێتی لەگەڵ سوپای ئازادی سوریا دەڵێت، دەرکەوت ئەو سوپایە نە ئازادە چونکە لەژێر ڕێنمایی تورکیا کاردەکاو نە سوپاشە بەڵکو میلیشایەکی چەکدایەو نەسوریشە چونکە لەدژی ڕوخاندنی رژێمی ئەسەد خەبات ناکات، بەڵکو لەدژی کوردەکان ویەپەکەیە،ئەو گروپە چەکدارانە بە تانکی لیۆپاردۆی ئەڵمانی لەناو شارەکە خەریکی دزی ڕاوڕوتی وئەزیەت دانی خەڵکن، ئەوەشی نوسیوە کە لەماوەی رابردو ئەو شارە لەبەردەم پەلامارەکانی داعش چۆکی دانەداو ئازایانە بەرەنگاریان بونەوە بەڵام تورکیاو چەکدارە

توندڕەوەئیسلامیەکان داگیریان کرد.

## دەبێ تورکیا دەربکرێت

ڕۆژنـامەی «شـتوتگارتە زایتنـوگ» ئامـاژەی بەوەکـردوە کە تـا ئێسـتاو لە هـیچ لایەکەوە وەلامێکـی گونجـاوی دەستدرێژییەکانی تورکیا نەدراوەتەوە و دەرکردنی تورکیاش لە هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی نـاتۆ تـاکە ڕێگـایە کە ئەردۆغان لێی تێبگات، هەروەها دەشڵێت: ئەنکەرە لە پرۆسەی چڵە زەیتوندا لە ناوچەکانی عەفرینی بـاکووری سوریا، پێشێلی یاسا نێودەوڵەتیەکانی کردووە و پێویستبوو نـاتۆ هەڵوێستی هەبوایەو و ئەردۆگـان و ئەو وڵاتەی لەناو هاوپەیمانێتیەکە دەرکردایە،بەهەمان شێوەرۆژنامەی» هـایلبرۆنەر شتیمە» ی لەگەڵ دەرکردنـی ئەو وڵاتەیە لەناو ناتۆ ودەڵێت: تورکیـا هاوپەیمـانی لەگەڵ ئیسلامیە توندڕەوەکانی دوژمنـی سـەرەکی نـاتۆ گرێداو قسەکەی دۆنـاڵد ترەمپ ڕاست دەرچوو کە وتبوی تورکیا، هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ قەلاچۆکردنی داعش و پێویستە ناتۆ لەمبارەیەوە هەڵوێستی توند بنوێنی ودەری بکات.

## نابێ ئەوروپا تورکیا خەلات بکات

«:فرانکفۆرتەرۆندشاو»یش دەڵێت: ئێمە نالێین یەپەکە فریشتەن و هەڵەیان نەکردوە ، بەلام ئەو ڕاستیە هەیە کە ئەوان تـاکە هێزی عەلمانین لەناوچەکەو هاوپەیمانی ڕۆژئـاوان، لەبەرامبەر ئەو زوڵـمەی تورکیـا لێیـان دەکـات نابێت ئەوروپا بێدەنگ بێت و لە بری ئەوە تورکیا خەلات بکات، بە وەرگرتنی لەیەکێتی ئەوروپا یان هەڵگرتنی ڤیزا لەسەر گەشتی تورکەکان یان ناردنی چەک بۆیان.

## چەپەکان و سەوزەکان هاتنە دەنگ

پەرلەمانی ئەڵمانیا بۆتە سەکۆیەکی ئازادی دەنگەکانی دۆستی کورد وفراکسیۆنی پارتی چەپ وسەوز و هەندێ لە پەرلەمانتـارانی سۆسیالدیموکراتەکانیش بە بەردەوامی داکـۆکی لە دۆزی ڕەوای کـوردان و عەفرینەکـان و یەپەکە دەکەن، لەمرۆژانە لە کۆبونەوەیەکـدا کە ئەنجیلا میرکلیش تیایـدا ئامـادەبو ئەو پەرلەمانتـارانە بە تـایبەتیش» سارا ڤاگنکنێخت، سڤیم داگدالین، ئومیبودنۆریبۆر، جەم ئۆزدەمیر، کلاودیارۆت» بەڕاشکاویەوە رەخنەی توندیان لە حکومەت گـرت کە بێباکـانە دەنـوارێتە ئەو ڕووداوە نەخـوازراوانەی کەلە عەفـرین ڕوودەدەن و حکومەت نەک هـیچ



سەرچاوە
Serchawe

هەڵوێستێکی رەسمی و ئەرێنی نییە بەڵکو لەرێی ناردنی چەک بۆ سوپاکەی ئەردۆگان ناراستەوخۆ بەشداری کاریگەری ئەو مەرگەساتانەو ئەو پیشێلکاریانە دەکات.

## حکومەت شەرمەزارە

«سارا ڤاگنکنێخت»سەرۆکی فراکسیۆنی چەپەکان ووتی: دەبێ ئەنجێلا مێرکل هەست بەشەرمەزاری بکات لەهاوکاریکردنی تورک لەهەڵمەتی سەربازیان بۆسەر عەفرین، چونکە لەووتەی هەوڵی داگیرکاری ئەو شارە لەلایەن تورکیاوە دەستی پێکردوە حکومەت بایی ٤،٤ ملیۆن دۆلاری چەک بەو سوپایە فرۆشتوە، کەبەراستی ئەوە عەیبەیەکی گەورەیە.

## ئەڵمانیا بەرپرسیاریێتی ئەخلاقی لەسەرە

هەروەها « ئومیبودنۆریبۆر» لەسەر لیستی پارتی سەوز ووتی: حوکمەتی ئەڵمانیا بەرپرسیاتێتیەکی ئەخلاقی لەئەستۆدایە بەرامبەر بە خەڵکی عەفرین، بێزاری خۆی لە بێهەڵویستی حکومەت دەربڕی ووتی: تێناگەم بۆچی مێرکل هەڵوێستێک نانوێنێت هەر هیچ نەبێت ئەو داگیرکاریە بە پێشێلکردنێکی یاسا نێودەوڵەتیەکان ناو ببات،من داکۆکی لە یەپەکە ناکەم بەڵام هەست بەشەرمەزرای دەکەم بەرامبەر بەگەلی کورد لەکاتێکدا هاوپەیمانێتی رۆژئاوابون لە دەرکردنی داعش کەچی ئێستا ئاوایان لێدەکرێت.

## مێرکل ناچار بو رەخنە لەتورکیا بگرێت

لەوتەیەکدا «مێرکل» لەژێر فشاری ناوخۆ ناچار بەرگری لە کێشەی عەفرینەکان کردو ووتی: ئەوەی لەو شارە روودەدات جێی قەبوڵ کردن نییە، بەتوندی رەخنەی لە تورکیا گرت کە بێگوێدانە هیچ پرەنسیپێک وەزعێکی ئاڵۆزو دژواری ناوەتەوە،داوای لەهەموو لایەنە ناکۆکەکانی ناو سوریا کرد کە رەچاوی یاساورێسا نێودەوڵەتیەکان بکەن و پێشێلیان نەکەن.

## هەر قسەبەس نییە

بەڵام زۆرێک لە میدیاو موعارەزە ئەو وتانە بەهەند وەرناگرن، چونکە پێیان وایە کات بەسەر چووە ئەوەی

ئەردۆغان ویستی بەبەرچاوی هەمو دونیاوە کردی، بەبێ ئەوەی کەس لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، کاتی ئەوە هاتوە بەپراکتیک لەدژی تورکیا بوەستنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٥ی مارچی ٢٠١٨

## ئەمریکا چی لە تورکیا دەکات



**ئاسۆ عەبدولـلەتیف**

سیمای جیهادیانەی ئەو تاپیەی چوونە ناو عەفرین و داگیریانکرد کە بەنیازی تەکفیرو داگیرکاری زیاترن، ئەوەمان پێدەڵێن کە داعش بە فۆڕمێکی ترەوە کاردەکات و ئەمریکاش کێشەیەکی لەگەڵ ئەم فۆرمەدا نییە، ئەم سیماو جوڵە میلیتاریزمەی تورکیاو ئاکەپە هیچ لە سیمای دەوڵەتێکی سیکولار ناچێت کەداوای چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا و بانگەشەی سیستمێکی دادگەرو دیموکراتیش دەکات، ئەمە بەشێکی پەیوەندی بە جەوهەری بیرکردنەوەی ئەردغانەوە هەیە کە بەنیازی دوبارەکردنەوەی سێبەری ئەتاتورک و بەکاریزماکردنی خۆیەتی بەڵام ئەمجارە بە تەفرەدانی ئاین و بەکارهێنانی سەمبولەکانی ئاین، تورکیا بەجارێک بۆتە دەوڵەتی بەرهەمهێنانی رق و شۆڤێنیەت و مۆدێلی توندڕەوی ئاینی بێفکرو ناچیز، داعش لەبەرگی تورک و تورک لەبەرگی داعشدا هەردوکیشیان لەناو مەنزومەیەکی ئاینی میتۆد فاشیدا یەک ماناو دەلالەتیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە کورد هێشتا لەناو ئەو مەنزومەدا کافرو مولحیدەو دەبێت کۆمەڵکوژبکرێن، ئەمریکا ڕێک ئەوەی دەوێت، تورکیایەکی ئاینی کلاسیک مەشرەبی دەوێت، تورکیایەکی دیموکراسیشی ناوێت، تورکیایەکی ناوێت بچێتە ناو ئەوروپا بەڵکو خەبتەو تامێکیان دەوێت بۆ سەرئێشەی ئاسیاو ئێران و سعودیە، ئەمە بۆ ئەمریکا گرنگە، لەولاشەوە ناخوازن لەناوچەکە ئەو مۆدێلە تازەیەی پەیەدەویەپەگە زۆر گەشە بکات بەرەو دەوڵەت کە پڕاوپڕ سیکولارێکی فکریی و خەتێکی سیاسی لیبراڵ و

رادیکاڵن، کە هەموو شتێکن بەس دەوڵەت نین ئەمە کێشەکەیەو لە باشووری کوردستانیش بەهەمان شێوەیە، بە کورتی جارێ فیکری دەوڵەت بۆکورد لە ئەجێندای ئەمریکا حازرنییە.

کەواتە جەنگەکە بۆ کورد سەختترە لەوەی چاوەڕێی دەکەین و تەفسیری دەکەین، کورد نە بە کەرکوک و نە بەعەفرینیش ناکەوێ وەلێ لاوازی دەکەن، بەرگرتن لەم بەربەریەتە پێویستی بە چوارچێوەی دەوڵەت هەیە، ئیتر تۆ دەوڵەتت نەبوو قیمەتی مامەڵەشت نییە، ئەگەر قیمەتێکیشت هەبێت کاتییە، بۆیە هەرچی پێی بڵێی بەهاو ئەخلاق و ویژدانی مرۆیی و جاڕنامە جیهانیەکان و یاساو ڕێسا نێودەوڵەتیەکان لەبەردەم نەتەوەی بێدەوڵەتدا دیسان قیمەتی نییە، بۆیە دروشمی نەتەوەیی و گریان و پرسەگێڕیی کەڵکی نییە یان شەڕ یان دەوڵەت، عەفرین وێنای تاوان و  فاشیەتێکی نیشاندان کە دنیا لەئاستیدا بێدەنگ بوو، کورد دەوڵەت نەبێت هەزارجار قارەمانێتی بنوێنێ و جیهانیش رزگار بکات لەدەستی هەڕەشەکانی قاعیدەو داعش و بوئرەکانی توندرەویی ئەوا بەهای نییە وەک نەتەوەو زمان، خۆخەڵەتاندنە بەبێ دیدگای دەوڵەت باسی ئارامشی ڕۆحی و ئاسایشی تاکی کوردی بکەین لەهەر پارچەیەک، دەیان جاری دیکە جینۆسایدو قڕانمان دەکەن و جیهانیش لە بێدەنگی خۆی ناکەوێت ئەمە ڕاستە وەلێ هەڵەی گەورەیە گەر هێشتا باوەڕمان وابێت دەتوانین لەچوارچێوەی نەتەوەی سەردەستدا بژین، ریفۆرمی نەتەوەی سەردەست بە کورد ناکرێ، بۆنمونە کرانەوەو دیموکراسی تورکیاو پێکەوەژیان لە عێراق!؟

دیدی ئاینی و خورافەو زیندوکردنەوەی خەلافەتێکی سوننی لەلایەن هەندێک تایپی دینی و دەوڵەتی کلاسیکیی ناوچەکەوە بۆ ئەردوغان بۆتە قەڵغان بەڵام ئەم قەڵغانە کاتییە، دەستکراوەیی ئەردوغان بۆ لەشکرکێشی و بەربەریەت لە عەفرین و هەنگاونان بۆ دیاریکردنی قەڵەمرەویی خەلافەتەکەی پەیوەندی بە دوو رەهەندی سەرەکیەوە هەیە:

- یەکەم تورکیا هێشتا بۆ ئەمریکاو ڕۆژئاوا گرنگەو ئەمریکا نایەوێ بەتۆپزی تورکیا بچێتە ناو گەمەی ڕوسەکانەوەو لەهاوکێشەکە بیکاتە دەرەوە، دەبێت کورد شتێکی تر تاقی بکاتەوەو لەم پەیوەندیانە بگات.
- دوەم کورد بێ پشتیوانەو کارتەکانی بەشی دەوڵەتسازی ناکات لە ئێستاداو ئەوەی کراوە مۆدێلی ئیرادەو فیکریی و شەرعیەتی کارەساتەو بەئاسانی قبوڵ ناکرێ، هێشتا کورد ناتوانێ بەدیل بێت بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا، بۆیە تورکیاش قەیران هەناردە دەکات و ئەمریکا ناچارە بیکڕێت، ئەوویە تورکیای هارکردوە وەک مەغۆلی تازە بەدوای دوبارەکردنەوەی مێژوی خوێن و پەلاماردانی نائینسانیانە.



سەرچاوە
Serchawe

سەپۆرتی هێڵی ئایدۆلۆژی ئیخوان موسلیمین و هەندێ جولانەوەی توندرەوی ئیسلامی و ئەم تایپە دینییە عەرەبییە جلوبەرگ تورکە بۆ تورکیا مایەی هێز نییە ئەوەندەی بەدبەختییە، بەم نزیکانەش لەناوەوە بومەلەرزەکە دەخەنە ناو دڵی ئەم دەوڵەتە بەناو دینییەو دەیان ساڵ گیرۆدەی دەکەن بە کێشەی ناوخۆییەوەو دوری دەخەنەوە لە دەستێوەردانەکانی بۆ سوریاو عێراق و هەڕەشەکانی بۆ ئیسرائیل و ڕاگرتنی پشتگیریەکانی بۆ حەماس و قودس و غەززەو چیتر شتێک نامێنێت بەناوی غروری ئەردوغان.

ئەمکارەش لە داهاتووی نزیک بە پلەی یەک وەک دەوڵەت ئێران و پاشان ئەمریکا لێی سودمەند دەبێت، ئێران دەزانێت ئەرکەکە بۆ تورکیا قورسە بۆیە ختوکەی ئەم هەست و نەژادپەرستی و غرورەی تورکیا دەدات و خۆی لێ نزیک دەکاتەوە تا ئاستی زامنکردنی بەڵێنی کاتی بۆ کەرکوک و ویلایەتی موسڵ و ڕۆژئاوا بۆتورکیا، ئەردوغان باسی گرتنی کۆبانێ و شەنگالیش دەکات دوای عەفرین ئەوە ڕێک جولاندنی غرورەکەیە، بۆ ئەم مەبەستە هەم ئێران و هەم ئەمریکا هەندێ نەرمییان نواندوە بۆ سوپای تورکیا لە خاکی سوریا تاقاچەکانی بخاتە لیتەی شەڕێکی بێئامان بەرەو ئۆپەراسیۆنی عەفرین و فراوانکردنی بەرەی شەڕەکان لەهەموو سنورەکانی تورکیا، تورکەکان خۆشیان ئەوە دەزانن عەفرین سەرەتایە نەک کۆتایی، ئەوەی ئێستا دەبینرێت فراوانبوونی بەرەی شەڕو ون بوونی کارتەکان و تێکدانی تابلۆکەیە و ئەمەش بەرهەمی سیاسەتی ئێران و ئەمریکایە، بۆیە ئاستەمە تورکیا بەئاسانی لەم جەنگە بێتە دەرەوە، چونکە دەوڵەتێک نییە تا دانوستانی لەگەڵ بکات و باسی زیان و قەرەبووەکان و پاشەکشەی لەگەڵ بکات، پێشتریش ئەمریکا مەترسیەکانی بۆ ختوکە ڕوو لە ڕێگەی تیلەرسۆنەوە، ئیتر تیلەرسۆنی دۆستی تورکیاش نەماو ئەو دۆسیە داخرا، شەڕەکە گەرمدەبێت و ئاگرەکە نانی سوڵتان لە تەندورەکەدا دەکاتە قەرەبرووت، ئێرانیش، لەبەرئەوەی زیان بگەیەنێت بە مەرجەعە سوننیەکان و پەرتیان بکات و لەبەرچاوی جیهانیشیان بخات ختوکەی تورکیا دەدات بۆ کوشتارو هیلاککردنی سوپاکەی و خزاندنی بۆناو تونێلەکەو ئیتر سەپۆرتی شەڕڤانیش دەستپێدەکات بۆ جوڵەی پارتیزانی و تیرئەندازی زرێپۆش سوتاندن و ئامانجی پێچەوانە، بزانین ختوکەو پێکەنینی سوڵتان تا کوێ دەڕوات و چۆن گەمەکە بەردەوام دەبێت، دوایین لێدوانی دوران کاڵکانیش خوێندنەوەی زۆر هەڵدەگرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین - ڕێکەوتی: ٢٥ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## ڕووداوەکانی عەفرین چیمان پێدەڵێن، هەڵوێستەیەک! ...



**ریبوار عارف**

*یەکەم:* ئەوەی عەفرینی کردە وێردی سەر زمانی ملیۆنەها ئینسان، نە سروشت وجوانی شاریکە وەک ناوەندیکی گەشتیاری، نە ناوبانگی تەلکنەلۆژیاو بازرگانی ئەم شارەیە، هاوکات نە کوردبوونی دانیشتوانەکەی ئەو ماناو هیزەی پیدەبەخشێت. ئەوەی عەفرینی گەیاندە ئەو ئاستە جلیوەیكي ئینسانی وجولانەوەیەکی ئازادیخوازانەیە کەتیدا شەپۆل دەدا. بۆیە ئەم شارە نەک هەربووە ڕەمزی بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانە، بەڵکو لەڕاستیدا بووە جێگەی مەترسیەکی تازە لە بەردەم ئەمرِۆی جیهانی سەرمایەداری و بەرژەوەندیەکانیاندا. ئاخر لەم شارە دەنگێک هەیە کە لەخوارەوە بڕیار دەدات و ژیان بنیاد دەنێت. بۆیە کاتێک کە شێوازێکی لەم شێوەیە خەباتکارانە سەرهەلدەدات، ئیتر زاراوەگەلێک بەدوای خۆیدا پەلکێش دەکات کە سەرئەنجام لەبەردەم بەرژەوەندی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی جیهانیدا دەبێتە جێگەی مەترسی. هەرلێرەشەوە ئەم حالەتە تیزیکیتر بەدوای خۆیدا دێنێت کە تێزی ڕاوەستانەوەو لەمپەر دروست کردنە لەبەردەم ئەم جلیوەو جولانەوە ئینسانیەدا، کە بەر شالاوی گەلەکۆمەکی هەموو نیهادە جیاوازەکانی پارێزەری بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداری جیهان دەبیتەوە.

*دووهەم:* ئەوەی کە ئێمە هەموومان لە جەرگەی ئەم ڕووداوانە دەبینن ئەوەیە کە چۆن ولاتانی ئەمریکا، ئەورپا، روسیا ...و زلیهیزەکانی جیهان و تەواوی ریکخراوە خۆکردەکانیان لە چەشنی نەتەوەیەکگرتووەکان، ناتۆ، تەواوی ئورگانە بە نیو'' ئینسان دۆستەکانیان'' بوونەتە بەشێک لەم کارەساتەو هاودەنگی و هاوهەڵوێستی خۆیان لەپشت هێرشەکانی حکومەتی فاشیستی تورکیادا ڕادەگەیەنن و هەموویان پێکەوە لە ئاوازێک دەخوێنن وبەشێوەیەکی یەکجار وەحشیانە شارێک بە دانیشتوانەکەیەوە لەخوێن هەڵدەکێشن. بۆیە ئەم ئەزموونەو داگیرکاریەکانی

ئەمرۆژانە پێماندەڵێن هەر حزب و لایەنێک و هەرکەسێک زەرەیەک پشت بەستوویێت بەم زلهێزانەو جەمسەر بەندیەکانی جیهانی ئەمرۆ بەدلنیای لە شکست و هەرسهێنانی یەک لەدوای یەک زیاتر شتیکیتر کۆناکەنەوە. کۆمەلگای کوردستان و ناوچەکە تارمای چەندین شکست و نائومیدی لەم شێوەی تێدا بەدیدەکرێت. هێزەگەلێک کە باوەڕیان بە گۆڕانکاری لە خوارەوەو بە ئالوگۆڕی ڕیشەی هەیە دەبێت لەباتی پشت بەستن بەم زلهێزانە، تەنیاو تەنیا پشت بەستوبن بەهێزی یەکگرتووی خۆیان و بە هاوپشتیەکی بەرەی ئازادیخوازانی جیهان!

*سێهەم:* ئەوەی کە هەر لەسەرەتاوە ڕۆشن بوو، ئەوەبوو کە لە قۆناغی یەکەمدا حکومەتی تورکیا لە ڕێگەی هێزە تیرۆریستەکان وداعش و جروجانەوەرە هاوشێوەکانیەوە، دەخالەتی لە کێشەکانی سوریادا کردو پێگەیەکی بۆ خۆی بەدەستهێنا. بەلام لە قۆناغی دووهەمدا بە پێچەوانەوە ئەم حکومەتە خۆی ڕاستەوخۆ هاتەمەیدان و هەموو هێزە تیرۆریستەکان و ئیسلامی سیاسی هاتنە پشت نەخشەو پیلانەکانی ئەم حکومەتەو بوونە بەشێک لە پێچ ومۆرەکانی بەهێزکردنی ئەم لەشکرکێشی و داگیرکاریەی حکومەتی تورکیا. بۆیە ولاتانی عەرەبیش کە نازنامەی دەسەلاتداریەتیان تێکەلەیەکە لە قەومپەرستی و مەزهەبگەرای، سەرئەنجام ئاینی ئیسلام سەرچاوەو بڕیاردەری سەرەکی فەرمانڕەوایە، بۆیە چوونە پشت سیاسەتی حکومەتە هاوشێوەیەکی خۆیان لە تورکیا ئەمریکی واقعەوە شتێکی جیاوازیان لی چاوەڕوان ناکرێت، لەپەیوەند بە لەشکرکێشیان بۆ سەر شاری عەفرین وەک ئەرکی ئاینی.

*چوارەم:* میدیا لە ئاست جیهاندا، وەک دەسەلاتی چوارەم ناسراوەو گرنگیەکی زۆری هەیە. بەلام ئێمە بینیمان کە ئەم دەسەلاتی چوارەمە هیچ شتێک نیە، جیاواز لەپێچ و برخوەکانی توونکردنەوەی پایەکانی دەسەلات و ئیدۆلۆژی باوی دەسەلاتداران. بۆیە ئەوەی ئێمە لە ماوەی ٥٨ ڕۆژ بەرگری و بەرخوردانی دانیشتوانی شارێکداو پشتگیری سەدان هەزارو ملیۆنەها ئینسانان لەسەراسەری دنیا هاتنەمەیدان بۆ پتگشیری لە عەفرین، بەهیچ شێوەیەک جێگەی سەرنج و تیارامانی دەزگاکانی ڕاگەیاندو سوسیال میدیاکانیانی ئەم ولاتانانە نەبوو؛ بۆ تەنیا جارێک جەستەی مندالانی لەخوێن هەلکێشراویان نیشان نەدا، تا بە ڕاوەستانەوەو جەسارەتی کچ شۆرشگیرەکانی ئەم دەڤەرە دەگات. ئاخەر لە ڕوالەتدا قۆناغی یەکەم تەواوبووەو ئیتر ئەم دەزگایانە پێویستیان بەستایش و پیاهەڵدانی کچان و کورانی داعشبەزین نیەو تۆپ لە ساحەی هیزێکی تردایە، کە بۆ ئەوان جێگەی پشگیریە، چونکە بەرهەمی داری بەرژەوندیەکانیان لێرە بەردەگرێت. هەربۆیە هێشتا ٥٨ خولەک تیپەڕنەبوو بەسەر داگیرکردنی عەفرین وئاوارەبوونی سەدان هەزار ئینساندا ئیتر تەواوی زۆنی کامیرەکانی ڕوویان لە شەقامەکانی عەفرین و داگرتنی پیکەرەکەی کاوەی ئاسنگەر ونیمایشکردنی هیزەکانی حکومەتە فاشیستەکەی تورکیاو

هەڵواسینی ئەو ئالایەی کە هێمای داگیرکاری و کوشت و کوشتاری حکومەتیکی فاشیستە! بۆیە ئیتر گلەی کردن لە کەنالی ڕووداو هەندیکی تر لە کەنالە کوردیەکان جۆریک لەو خۆشخەیالی و شەری نیوان باڵەکانی ناسیونالیزمی کورد زیاتر شتیکی ترنیە، ئەگینا کێ بێت نەزانیت کە ڕووداو نەک تەنیا میدیایەکی حکومەتی تورکیایە، بەڵکو بەبڕوای من دەزگایەکی ئەمنی و جاسووسی ئەو حکومەتەیە لە کوردستاندا.

*پێنجەم:* ئەوەی بۆ ناسیونالیستی کورد مەغزاو مانای بوون و داینەمۆی هەڵوێست نیشاندانە، بوونی''خاک''ی وەک گەوهەرە، چونکە لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا ئەوان زۆر بەباشی لە نیعمەتەکانی ئەم چەمکە حالی بوون و دەزانن لە سایەی ئەم بەرەکەدا چۆن دەستیان بەدۆشنی ژێرخان و سەرخانی ئەم ولاتە دەگات. ئاخەر ناسیونالیزم کە خاک و چەکی بەدەستەوە نەما ئیتر مانایەک بۆ بەرخوردان بەرنگاری بەلایانەوە نامێنێت. چونکە مۆتیفی ئەم بزوتنەوەیە ژیانی ئینسان و ماف و حورمەتی هاولاتیانی کۆمەڵگا نیە، ئەوەی بەلای ئەوانە دەکریت هەوێنی خوێن ڕشتن و قوربانیدان بێت، تەپکەیەکە کە نابێت لە دەست نەیارەکانیاندابێت. بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ لە عەفرینا ڕوودەدات بۆ ئەم بزوتنەوەیە کۆتای هەموو شتێکە و دەبێت پرسەی بۆ بگیرێت، پاریزگای شاریکیش لە بیکاریدا بۆ هاوخەمی لەگەل قوربانیانی شاری عەفریندا داهێنانی سێ ڕۆژ پرسە ڕاگەیەنێت و فاتیحای هەموو شت دەخوێنێت. بەلام لە ڕاستیدا ئەوەی کە لە عەفرینا ڕوودەدات، دواجار ئەوەیە سەرباری هەر پاشەکشەیەک بەلام هەموو بزوتنەوەیەک تاکتیک و شیوازی ڕاوەستانەوەی خۆی هەیە و بریاریک کە هیزە سیاسەیەکانی عەفرین دایان بۆ پاشەکشە لەم شارەدا هیچ شتێک نەبوو جیاواز لە ئاستێکی بالا لە بەرپرسیاریەتی لەبەرامبەر بە ژیان و چارەنووسی هاولاتیانیکدا کە نابێت لە پێناوی پاراستنی خاک ژیانیان بکرێنە بارمتەو کارەساتی گەورەو گەورەرتر بەدوای خۆیان بهێنن.

*شەشەم:* سەرئەنجام ئەوەی کە خەلکی کوردستان و بەتایبەت بەرەی ئازادیخوازان دەخاتە بەردەم وەلاتدانەوە بە پرسیاری چی کردن، ئەوەیە کە ئیتر کاتی داماڵینی دەمامکەکان و تەوقی ناسیونالیزم و قەومپەرستی و بانگەشەی فریوکارانەی ئیسلامی سیاسی و تیپەراندنی ئامانج و نەخشەو بەرژوەندیەکانی ولاتانی سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی جیهانی یە. بە کورتی ئەم ئەزموونە پێمان دەڵێت (( نە شا نە شێخ نە ئاسمان هیچیان ڕزگارمان ناکات، با خۆمان بۆ ڕزگاری ڕابین،...)). ماوەتەوە کە بلێین ئەوەی ڕوودەدات بەردەوام بوونی بەرخودانە لە عەفرین لە شکل و فۆرمێکی جیاوازدا، هەربۆیە ئەوەی کە خۆی لەبەرەی ئازادیخوازاندا دەبینێتەوە دەبێت لە سەنگەرێ هاودەنگ و هاوخەباتی بۆ گەڕانەوەی ئیرادەی ئینسانی لەم شارەدا، بێتەمەیدان و خۆی ببینێتەوە!

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٢٦ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## کەوتنی عەفرین: ڤێتنامی تورکیا، یان مۆتەکەی واشنتۆن؟



**جەنگیز چاندار [ڕۆژنامەنووسێکی بەنێوبانگی تورکە]**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئاسۆ کەریم**

کەوتنی عەفرین بەدەستی هێزەکانی تورکیا لە ١٨ی ئاداردا، بە لای زۆرینەی ئەو لایەنانەی لە قەیرانی سووریادا گلاون، لەپڕ و لەناکاو بوو. کارناسان، چاودێران و تەنانەت کاربەدەستانی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی "دژەداعش"یش باوەڕیان وا بوو، کە شەڕڤانە کوردەکانی سووریا بەرەنگارییەکی بەهێزتر بۆ پاراستنی هەرێمەکە لەخۆ نیشان دەدەن و، سەرکەوتن لەو شەڕەدا بە گران لەسەر تورکیا دەکەوێ.

دوا بە دوای بڕیاری یەپەگە بە چوونەدەر لە ناوەندی عەفرین، بەبێ ئەوەی لەناو شاردا دژی هێزەکانی سوپای سووریای ئازاد کە تورکیا سەرکردایەتییان دەکا، بکەونە شەڕەوە، ئێستە زۆربەی ئەو چاودێرانە لەو باوەڕەدان کە دەستێوەردانی سەربازییانەی تورکیا لە عەفرین، پێشقەڕەوڵی پەلامارێکی بەرفرەتره دژی شارەکانی دیکەی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریای دیموکرات. لە کاتێکدا کە کارناسان لە هەوڵدا بوون، لەو هۆیانە حاڵی ببن کە بوونە مایەی کشانەوەی یەپەگە، وەک ئارۆن لۆند، کە کارناسێکی بەنێوبانگی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە، تێبینیی کردووە، وەک شەڕڤانە کوردەکانی سووریا بەو ئومێدە بوون پشتیوانییان لێ بکرێ، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانیی لێ نەکردن.

"تاکە داکۆکیکاری بەهێز و دەستڕۆیشتووی یەپەگە [واتە ڕووسیا] ئەوانی فڕێ دایە بەر گورگان، لەوما یەپەگە

نەدەشیا بۆ ماوەیەکی درێژ خۆی بگرێ و بەرەنگاری بکا. لە سەرەتای ئاداردا، ئەو پرسیارە مابووەوە: داخوا بۆ ڕزگارکردنی ژیان و گیانی خەڵک، دەبێ یەپەگە بکشێتەوە، یان تا دوا سات بەرەنگارییەکی بێئومێدانە بۆ بەدەستهێنانی چەند خاڵێکی سیاسی بکا؟ لۆند وای نووسیوە.

"ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوون"ی تورکیا کە لە ٢٠ی کانوونی دووەمدا دەستی پێ کرد، پاش 58 ڕۆژ بە چەقاندنی ئالایەکی تورکی لە ناوەندی شاری عەفرین کۆتایی هات. لە هەمان کاتدا، گرووپ و لایەنەکانی ناو سوپای سووریای ئازاد کە تورکیا هەڵیان دەسووڕێنێ، بە گرووپە جیهادییە سەلەفییەکانیشەوە، بە تاڵان و بڕۆی شارەکە خەریک بوون. ئەو وێنانەی لە شارەکە گیراون، بە تاڵان و بڕۆی شەرێکی سەدەکانی ناوەڕاست دەچن. پەیامنێران دەڵێن: "پاش وەدەرنانی شەڕڤانەکانی کورد لە عەفرین، جەنگاوەرەکانی سەر بە ئانکارا دوکان و چێشتخانە و ماڵ و خانووەکانیان شکاند و بەربوونە دزین و بردنی خۆراک، کەلوپەلی کارەبایی و پەتوو و کەلوپەلی دیکە" و، "کەلوپەلە تالانکراوەکانیان لە ئۆتۆمبێل و تراکتەر بار کرد و بردە دەرەوەی شارەکە."

پێکدادان لە نێوان سوپای تورکیا و یەپەگەدا قەیرانێکی مرۆیی لێ کەوتەوە. هەزاران خەڵک کە لە ناوچەکە ڕایان کردووە، جێگەیەکیان بۆ حەوانەوە دەست نەکەوتووە و لە دەرەوە و بێ ئاو و نان ماونەتەوە.

"بە مەزندەی نەتەوە یەکگرتووەکان، نزیکەی ١٠٠٠٠٠ خەڵکی مەدەنی بەر لەوەی عەفرین لە ڕۆژی یەکشەممە بکەوێ، لە شارەکە چووبوونە دەرەوە. بە قسەی کاربەدەستانی کورد و سەرچاوە مرۆییەکان، ژمارەکە لە ١٥٠٠٠٠ کەس زێترە لە کۆی ژمارەی دانیشتووان کە بە ٣٢٣٠٠٠ کەس مەزەندە دەکرا،" ئارۆن لۆند وای نووسیوە. "زۆربەی خەڵک لە پایتەختی ناوچەکە کۆ ببوونەوە، بەتایبەتی کە لە پاش بڕینی ئاوی شارەکە، تژی ببوو لە خەڵکی بێهیوا و بێئەنوای مەدەنی."

یەکێ لە کارە هەرە لەپێشەکانی چەکدارانی سوپای سووریای ئازاد، بریتی بووە لە ڕووخاندنی پەیکەری کەسایەتییەکی ئەفسانەیی لە مێژووی کورددا: کاوە. کاوە قارەمانێکی ئەفسانەییی کوردییە و هێمای بەرەنگاربوونەوە و ئازادی. یەکێ لە کارە هەوەڵینەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیایش لە هەفتەی یەکەمی ئۆپەراسیۆنەکەدا، ئەوە بووە کە پەرستگەیەکی نزیکە ٣٠٠٠ ساڵی بکاتە دار و پەردو: عەین دارا، پەیکەرێکی سووری - حیتییە کە لە ١٣٠٠ی پێش زایینەوە هەیە.

سڕینەوەی کەلەپووری [توراث - واتە هەر شتێ تەمەنی لە ٢٠٠ ساڵ کەمتر بێ - ئاسۆ] کەلتووریی عەفرین و لەبەینبردنی ناسنامەی ئیتنی، هاوارێکی نێونەتەوەیی بە دوای خۆیدا هێنا. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا وا لە ئاخاوتنێکدا لە ١٩ی ئاداردا دەڵێ: "وەک دەردەکەوێ زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتووانی شارەکە کوردن، لەژێر هەڕەشەی هێرش و پەلاماری هێزە سەربازییەکانی تورکیا و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە تورکیا پشتەوانییان لێ دەکا، شارەکەیان چۆڵ کردووە." بەیاننامەکە دەڵێ: "هەروا ئێمە نیگەرانین لە هەواڵی ڕاوڕووت و تاڵان و بڕۆ لەناو شاری عەفرین. ئێمە چەندین جار نیگەرانیی خۆمان بە کاربەدەستانی تورکیا دەربارەی ڕەوشی ناو عەفرین گەیاندووە."

بە هەر حاڵ، ئەم هەنگاوە درەنگوەختە بە لای سەرۆککۆماری تورکیا، "ڕەجەب تەییب ئەردۆغان"ەوە پوڵێکی قەڵپ ناهێنێ و، ئەم هەڵوێستەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە بەرجەستەیەکی دیکەی لاوازی و ڕاڕایی دادەنێ. ئەردۆغان لە ٢٠ی ئاداردا لە وتارێکدا لە بەردەم گرووپی پەرلەمەنتاری حزبەکەیدا گوتی: "ئێستە ئەوان نیگەرانیی خۆیان لەبارەی عەفرینەوە دەردەبڕن. ئێوە لە کوێ بوون کاتێ ئێمە نیگەرانیی خۆمان دەردەبڕی؟ ئێوە لە کوێ بوون کاتێ ئێمە پێشنیارمان پێ کردن با پێکەوە ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستانە ڕابماڵین و بسڕینەوە"؛ "ئەگەر ئێوە شەریکێکی ستراتیژیی ئێمە بان، ئەوا ئەوکات ڕێزتان لە ئێمە دەگرت و لەگەڵ ئێمەدا دەبوون."

هەنووکە کارناسان هۆشداری دەدەن لە دەرکەوتنی قەیرانێکی دیکە لە نێوان ئانکارا و واشنتۆن لەبارەی "منبج"ەوە، کە ئەردۆغان وەک ئامانجێکی دواتری هێزەکانی تورکیا ئاماژەی بۆ کردووە. ڕۆژنامەنووسی دنیادیتە و بەئەزموون، داڤید ئیگناتیۆس وای نووسیوە: "گرفتەکە ئەوەیە کە ئەگەر ئەمریکا ئەو شتەی تورکیا داوای لێ دەکا، ئەنجام بدا، ئەنجامەکەی ئاژاوەیەکی خویناوی دەبێ لە منبج کە لەوانەیە سەر بکێشێتە باشوور و ڕۆژهەڵات و خوێنێکی زۆر بڕژێ.." "ئامانجێکی ماقووڵ ئەوەیە کە بەرەبەرە ئەمریکا و هێزەکانی سووریای دیموکرات لە منبج بکشێنەوە، کە شەڕی عەفرین بەکۆتا دێ و، ناوچەیەکی کەمکردنەوەی توندوتیژی لە باکووری سووریا بێتە کایەوە."

ئێستە دوو پرسیار دەمێننەوە: چۆن ئەو سەرکەوتنە سەربازییەی تورکیا تەرجەمەی سیاسەت دەکرێ؟ تا کەی سوپای تورکیا لە عەفرین دەمێنێتەوە؟ باشترین نموونە بۆ وەڵامی ئەو دوو پرسیارە، لە ناوچەی قەڵغانی فوراتدا دەبینینەوە، کە لە ئاداری ٢٠١٧ ەوە کەوتوونەتە بن کۆنترۆڵی سوپای تورکیا و هێزەکانی سوپای سووریای ئازادەوە. لەو کاتەوە، تا هاتووە تورکیا چنگی خۆی لە ناوچەکە توندتر کردووە. جەرابلووس، ئەلباب و ئەعزاز

لە لایەن ئەو کاربەدەستانەوە حوکمڕانی دەکرێن کە ئانکارا خۆی دای مەزراندوون. تورکیا دەوروبەری ١٤٠٠٠٠ کەسی سووریی لە ناوچەکە نیشتەجێ کردووەتەوە و، لەوانەیە عەفرین پرۆسەیەکی هاوشێوە بەخۆیەوە ببینێ.

لەگەڵ ئەوەیشدا، بەپێچەوانەی ناوچەی قەڵغانی فورات، عەفرین زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتووانەکەی کوردن. بە قسەی فابریس بلانشە، کە شارەزایەکی بەناوبانگی سووریایە، نزیکەی ٩٠%ی حەشیمەتەکەی- یان بەلانی کەمەوە پێشتر وا بووە- کوردن. بالانشە دەنووسێ: "هەروا ناوچەکی پڕ شەڕڤانە. سێ لەسەر چواری سەرکردەکانی یەپەگە خەڵکی عەفرینن." "ئەردۆغان هەروا زەبرێکیشی لە کوردەکانی وڵاتەکەی خۆی دا، کە بەهیواوە دەیانڕوانییە تاقیکردنەوەی ئۆتۆنۆمیی ناوچەییی کوردەکانی سووریا."

لەبارەی هەڕەشەی ئەردۆغانیشەوە کە دەیەوێ پەلاماری ناوچەکانی دیکەی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی کوردی سووریا بدا، بلانشە دەپرسێ: "جا ئەردۆغان بۆ بوەستێ، خۆ هیچ کەسێ کاردانەوەیەکی وەسای نەنواندووە؟" تاکە هێزگەلێک کە بتوانن ڕێگری لە تورکیا بکەن زێتر پێشڕەوی نەکا و بە دوای شەڕڤانەکانی کورد لە پارچەکانی دیکەی سووریا نەکەوێ، بریتین لە ئەمریکا و ڕووسیا. لەبەر ئەوە، عەفرین نابێتە "ڤێتنام"ێک بۆ تورکیا، وەک یەپەگە لە هەفتەی یەکەمی هێرشەکەدا بەڵێنیان دابوو، بەڵکە لە بری ئەوە ڕەنگە ببێتە کابووسێک بۆ واشنتۆن.

سەرچاوە:http://www.al-monitor.com

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوس - ڕێکەوتی: ٢٦ی مارچی ٢٠١٨





سەرچاوە
Serchawe

# تورکیا بۆ (عەفرین) ی داگیرکرد؟!



**ئەحمەد حامید**

هەرچەندە بیانوە ئاشکراکەی حکومەتی تورکیا ئەوەیە کە ـ یەکێتی دیموکراسی پارێزگاری گەلی کورد لە سوریا بەشێکە لە پارتی کرێکارانی کوردوستان کە لە ساڵی ٩٨٤ وە ئەو پارتە لە جەنگێکی چەکدارانەی خوێناوی دایە دژی دەسەلاتی تورکیا. پەیمانی ناتۆ ئەو پارتەیان بە تیرۆرست داوەتە قەڵەم.. گوایە تورکیا مەبەستی ئەوەیە ـ عەفرین ـ لە دەست ((تیرۆرستان)) ڕزگار بکات و سنورەکەی بپارێزێ !!! ... هتد.

بەلاّم ئامانجی سەرەکی حکومەتی تورکیا. لە ڕاستیدا ئەوەیە کە وەکو چەندین جار ئۆردوغان ڕایگەیاندوە کە هەرگیز ڕێگەنادات. قەوارەیەکی کورد, ناوچەیەکی ئیداری کورد لە نزیک سنورەکانیەوە دابمەزرێ. ڕزگاریخوازانی کوردی سوریا (یەکێتی دیموکراتی) توانیان ناوچەکانی خۆیان لە چنگی (داعش) و هاوکارانی ڕزگاربکەن و سەرگەرمی ئەوەبون کەلەو ناوچانەی خۆرئاوا ئیدارەیەک هەرێمێک ـ ی سەربەخۆ دابمەزرێنن تورکیا و ئەمریکا و حکومەتی سوریا ـ ش لەم هەوڵەی کورد نیگەران و بە گومان بوون!! هەرچەند ئەمریکا لەبەر مەرامی خۆی هەندی چەک و تفاقی جەنگ و یارمەتی تری دابە هێزی پارێزگارکردنی گەلی کورد, بە تایبەتی بۆ ڕزگارکردنی شاری (رقە) ی پایتەختی داعش لە سوریا. بەلاّم دوای ڕزگارکردنی ئەو شارە. ئیتر ئیشی بە کورد نەما و بو بە پشتیوانی تورکیای داگیرکەر بۆ داگیرکردنی عەفرین واتە بۆ ڕوخاندنی ئەو ئیدارەیەی کورد لەو ناوچەیەدا!! بەمانایەکی تر ئامانجی تورکیا و ئەمریکا و حکومەتی سوریا لەم هێرشەدا یەکانگیر بو!!

دوەم ئامانج کە دیسان تورکیا و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان تێدا هاوبەشن. ئەوەیە ئەو ناوچە کوردوستانیانەی لە دەست داعش ڕزگارکراون بدرێنە دەست ـ ئەو لایەنە بەرهەڵستکارانەی کە دژی حکومەتی (بەشار) ن و ئەمریکا

یارمەتیان ئەدات. هەر بۆیە تورکیا هێزێکی ئەو بەرهەڵستکارانەی بەناوی ((سوپای ئازادیخوازی سوریاوە)) کردبو بە هاوکاری سوپاکەی خۆی و دوای داگیرکردنی (عەفرین) یەکسەر بەناوی ((حکومەتی کاتی سوریا)) وە. واتە بەناوی ئەو حکومەتەی کە ئەمریکا و تورکیا هەوڵی بۆ ئەدەن. بانگەوازی بۆ خەڵکی ئاوارە و لێقەوماوی (عەفرین) ڕاهێشترا کە بگەڕێنەوە بۆ ژێر دەستی ئەوان!! هەر بۆیە تورکیا بەنیازە ئاوارەکانی سوریا کە بۆ مەرامی کاری خۆی پەنای دابوون. بیانگێڕێتەوە بۆ (عەفرین) ی داگیرکراو و حکومەتێکی کاتی بۆ بەرهەڵستکاران دابمەزرێنێ. بەپێی ئەو پلانەی لەگەڵ ئەمریکا دایان ڕشتوە!! بە پێی هەڕەشەکانی ئۆردوغان کە ئەمریکا و (غەرب) لێی بێدەنگن. تورکیا ئەیەوێ (مەنبەج و قامیشلۆ) یش داگیر بکات و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی ئەو حکومەتە کاتیەوە!!

سێیەم هەر لەم ڕێگایەوە ئەیانەوێ عەرەب و کەمە نەتەوەی تر لە ناوچەکانی ترەوە بە نیازی شێواندنی پێک هاتەی کۆمەڵایەتی کوردوستانی خۆرئاوا بگوێزنەوە بۆ ئەو شار و ناوچانە!!

سەدام/ یش ئەو سیاسەتەی دژی کورد لە عێراق پێڕەو کرد بەڵام شکستی هێنا. پاشەڕۆژی پیلانەکەی ئۆردوغان/ یش هەر شکست ئەهێنێ و سەرەتایەکە بۆ شۆرشێکی یەکلای کەرەوەی پاشەڕۆژی کورد لە سوریا دا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕیگای کوردستان - ڕێکەوتی: ٢٩ی مارچی ٢٠١٨



# بابەتەکانی مانگی ئەپریلی:

-------------------------------------------

## کەوتنی ئۆپۆزیسیۆن



**ئاکۆ محەممەد**

تێکشکانی سیاسی زۆر لە تێکشکانی سەربازی گەورەترە، ئەوەی لە گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بینیمان لە عەفرین شکانی متمانەی تەواوەتی ئەوان بوو لەپێش چاوی گەلی کورد، گەلی سووریا و تەنانەت هەموو ئەو جیهانیانەش کە چاودێری ئەو شەڕە و تەنگژەی سووریایان دەکرد. دوای شەڕی عەفرین شتێک نەما بەناوی "شۆڕشی سووریا"، چونکە هەموو کەسێک کە دەکەوێتە بەراوردکارییەوە، بەهیچ شێوەیەک جێگرەوەیی ئەو هێزانە قبوڵناکات بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیەکی ئارام و گەشەکردوو.

دیمەنەکانی گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لە عەفرین هەموو شتێکیان یەکلاییکردەوە. یەکەم دیمەنی گەیشتنی ئەو هێزانە بۆ گوندەواری عەفرین بە دزینی مریشک و تراکتۆرەکان دەستیپێکرد، یەکەم دیمەنی هاتنیان بۆ نێو شاری عەفرین سووکایەتیپێکردن و وێرانکردنی پەیکەری کاوەی ئاسنگەر و دیمەنی سووڕاندنەوەی تانکێکی سەربازیی لە گۆڕەپانی کاوەی ئاسنگەر بوو هاوشێوەی دیمەنی تانکەکەی داعش لە موسڵ، سووکایەتیکردن بە ئاڵای کوردستان، ئینجاش تاڵانکردنی ماڵ بە ماڵی شار و گوندەکانی عەفرین و دەرهێنانی مۆبایل و هەرچی لە گیرفانی خەڵکەکەیشدا بووەو هەڵتەکاندنی هەندێ شتومەک بە رافیعە، پێڵاو خستنە دەمی هەندێ کەسانی

گیراوی خەڵکی عەفرین و بڵاوکردنەوەی ئەو دیمەنانە، ئاستەنگ خستنە بەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان، دەستدرێژیکردنە سەر چەند کچێکی تەمەن منداڵ (هەروەک دوو پیرەمێردی عەفرینی لەسەر تەلەڤزیۆنێکی تورکی گوتیان)، هێنانی خێزانەکانیان بۆ نێو ماڵی خەڵکی ئاوارە و هێنانی خەڵکی غوتەی ڕۆژهەڵات و شوێنەکانی دیکە بۆ عەفرین. هەموو ئەو دیمەنانە ئۆپۆزیسیۆنی سووریایان بە تەواوی لە واتاکەی بەتاڵکردەوە وەک هێزێکی شۆڕشگێڕ و گەلپارێز و گۆڕانخواز بۆ دواڕۆژێکی باشتر. لەبەرئەوەش هێزێک بەوشێوەیە هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ ناوچەیەک بێگومان هیچ شەرعیەتێکی بەڕێوەبردنی ئەو ناوچەیەی نابێت و نامێنێت. هەر لەبەرئەوەشە دوو پیرەمێردی خەڵکی عەفرین کە زۆر لە هەڵسوکەوتەکانی ئەو گرووپە چەکدارانە داخباربوونە، بە تەلەڤزیۆنێکی تورکی دەڵێن دەمانەوێت تورکیا حوکمی عەفرین بکات نەک ئەو گرووپانە.

ئێستا عەفرین بە کۆبوونەوەی ئەو هێزە ترسناکانە لە هەموو ئەو ناوچانە ترسناکترە کە ڕووسیا و سووریا و هاوپەیمانەکانیان لە شوێنەکانی دیکە لەژێر ناوی "شەڕی تیرۆر"دا ڕووبەڕووی هەمان ئەو هێزانە دەبوونەوە، لەکاتێکدا ئەو گرووپە چەکدارانەی ئۆپۆزیسیۆن لەوێدا هاوشێوەی عەفرین تاڵان و دەستدرێژییان نەکردبووە سەر ماڵ و ژیان و سیمبولەکانی ئەو ناوچەیە و، تەنانەت لە زۆر لەو ناوچانە لایەنگری زۆریشیان هەبوو لەنێو خەڵکدا.

دیمەنی ئێستای عەفرین، دیمەنێکی گەورەی هەرهیچ نەبێت ئەمساڵی سووریا نیشاندەدات، ئەگەر نەڵێین داهاتووی تەواوی ئەو هێزانەی ئۆپۆزیسیۆن و سووریاش نیشاندەدات. لەسازشکاریی غوتەی ڕۆژهەڵات و دوما بەرامبەر عەفرین و تەلڕەفعەت، ئەو هێزانەی ئۆپۆزیسیۆن بەتەواوەتی بوونەتە کەرەستەی سازشکارییە سیاسییە دەوڵەتییەکان، بەوشێوەیەش ئۆپۆزیسیۆن هیچ پێگە و کاریگەرییەکی نابێت لەهیچ گفتوگۆیەکی جدیی داهاتوودا لەسەر سووریا. کۆتاییهاتنی ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن وەک کاراکتەرێکی سووریا دوای دەستپێکردنی پرۆسەی کۆبوونەوەکانی ئاستانە بەتەواوی بەرەو لەنێوچوون چوو و دوای تاڵانکردنی عەفرینیش لەلای گەلی کورد لە سووریا کۆتایی هات.

کۆکردنەوەی هێزە توندڕەوەکان و دەیان هەزار خەڵکی ناوچەکانی دیکەی سووریا لە عەفرین و، ڕێگەدان بە بەڕێوەبردنی عەفرین لەلایەن ئەو گرووپە چەکدارانەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، ئەو ناوچەیە دەکاتە یەکێک لە ترسناکترین ناوچەکانی جیهان، هەروەک چۆن کۆبوونەوەی گرووپە توندڕەوەکان لە فەلووجە و موسڵ لە دوای



سەرچاوە
Serchawe

رووخاندنی رژێمی سەددام، قاعیدەی بووژاندەوە و داعشی لێکەوتەوەو ناوچەکە و جیهانیشی بەرەو شەڕ و کاولکارییەکی زۆر برد.

رێگە وەرگەڕاندنی تورکیا لەلایەن PYD لەخۆیەوە بۆ ئەو گرووپانەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا هەڵەیەکی گەورەبوو. لەسەرەتای گرتنە دەستی دەسەلات لە رۆژئاوای کوردستاندا، چەند جارێک هاوسەرۆکی PYD لە تورکیا بەفەرمی داوەتکرا و پێشوازی لێکرا، ئەگەر ئەو پەیوەندییە بەرەو باشتر بچووبووایە پرۆسەی ئاشتی لە نێوان تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستانیشدا بەرەو پێشتر دەچوو و شکستی نەدەهێنا. رێگەی ئەوەش تێگەیشتن بوو لە رۆڵی هەرێمایەتی تورکیا و بایەخەکەی بۆ رۆژئاوای کوردستان، هەروەها جێبەجێکردنی رێککەوتنەکانی هەولێر و دهۆک بەشێوەیەک کە هەموو هێزە سەرەکییەکانی رۆژئاوای کوردستان ئیدارەیەکی کاتی بە شێوە و حەز و سیمبوولەکانی رۆژئاوای کوردستان دابمەزرێنێ کە هیچ ولاتێک ئەو دروشم و سیمبوول و شێوە بەرێوەبردنە لەدژی خۆی نەبینێ و مایەی ئیستیفزازکردنی ئەوان نەبێت. ئێستاش چارەسەر ئەوەیە ئیدارەیەکی هاوبەشی هەڵقولاو لە سرووشتی رۆژئاوای کوردستان لەلایەن هێزە سەرەکییەکانی رۆژئاوای کوردستان دروستبکرێت کە بە پاشکۆی هیچ هێز و شوێنێک دانەنرێت.

شەڕ و تالانی عەفرین بۆ کورد و ولاتانی کاریگەر لە سووریا و ولاتانی ناوچەکە دەبێ ببێتە مایەی پەند لێوەرگرتن نەک دووبارەکردنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت - رێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠١٨



# کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لە پشت تورکیا دەوەستێت بۆ تێکشکانی عەفرین



**نووسینی: حەمید عەلیزادە,**

ڕۆژی یەکشەممە ماشێنی جەنگی تورکیا بە پاڵپشتی هێزە بەناو بەرگریکارەکانی سوریا، دەستیان گرت بەسەر شاری عەفریندا کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن و دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریاوە.

بەدڵنیاییەوە میدیای ڕۆژئاوا مەشغوڵی سەرکۆنەکردنی هێرشەکانی ڕژێمی ئەسەد بوون بۆ سەر هێزە ئیسلامێکان لە غۆتەی ڕۆژهەڵات، بەهیچ شێوەیەک گرنگیان بەو هێرشە دڕندانەیەی تورکیا نەدا بۆ سەر کوردەکان، کە هەرگیز هێرشیان نەکردۆتە سەر تورکیا.

پاش چەند کاتژمێرێک لەکەوتنی عەفرین سەرۆکی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە وتارێکدا وتی: " ئێستا هێمای ئاشتی و ئارامی لە ناوەڕاستی عەفرین دەشەکێتەوە، نەک لە ژێر ئاڵا شڕی ڕێکخراوە تیرۆریستێکان. زۆربەی تیرۆریستەکان کلکیان نایە ناوگەڵیان و ڕایانکرد. هێزە تایبەتێکانمان بە هاوکاری سوپای ئازادی سوریا هەڵدەستن بە پاککردنەوەی پاشماوەی هێزەکانیان لەگەڵ ئەو داوانەی کە ناویانەتەوە."

ئەو چەند ڕۆژ و کاتژمێرەی کە تێپەڕیون بەسەر داگیرکای عەفریندا، ئاماژەیەک نییە بۆ ئاشتەوایی لەلایەن هێزی داگیرکارەوە. ئەوێنانەی پاش کشانەوەی هێزە چەکدارەکانی کورد لە عەفرین دێنە دەرەوە، هەموو ئەوە نیشاندەدەن کە هێزە سەربازێکانی تورکیا ئاڵای خۆیان لەسەر باڵەخانەکان هەڵدەدەن و چەکدارەکانیش پەیکەری کاوەی ئاسنگەر دەروخێنن. لە پەیکەرەکە گرنگتر کە بە هێمای بەرخۆدانی گەلی کورد دادەنرێت و بووبە سەردێڕی



سەرچاوە
Serchawe

هەواڵی میدیایی ڕۆژئاوا، خەڵکی سیڤیلی ئەو شارەیە کە دەستی تیرۆریستەکانیان لێ ئاواڵەکردووون.

بەپێی لێدوانی ئەوانەی لەو شارەوە هەڵاتون، باس لە گرتن و تۆڵەکردنەوە و شەلاقی کردنی ئەو ژنانە دەکرێت کەوا حیجاب پۆش نین. زۆرێک لەو ڤیدیۆیانەی لەسەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکرایەوە سەبارەت بەو هێزەی تورکیا پاڵپشتیەتی کە چۆن لە خەڵکی سیڤیل دەدرێت و بە "بەراز" دەیانشوبهێنن، خراپتر لەوە، ڤیدیۆ بڵاو بۆتەوە کە چۆن تەرمی چەکدارە کوردەکان دەشێوێنن بەدەم وتنەوەی" ئەڵاهوئەکبەر"ەوە. پاش کەوتنی عەفرین وێنەکان ئەوە پیشان دەدەن کە چ ڕاوڕوتییەک لەو شارە ئەنجامدراوە و چۆن ماڵان و دوکان و بازاڕەکان تاڵاندەکرێت. لەپێش کامێراکان دەردەکەون و بەشانازییەوە خۆ نمایش دەکەن بەوەی کاری جیهاد ئەنجام دەدەن و پەنجەی شاهێدمانیان بەرزدەکەنەوە. ئەوانە ئەو هێزە سەلەفی و جیهادیانەن کە میدیای " سەربەخۆ"ی ڕۆژئاوا وای پیشاندەداین کە ئەوانە "تێکۆشەران و لایەنگرانی ئازادی سوریان."

لەڕاستیدا سوپای ئازادی سوریا بۆ ماوەیەکی زۆر پەردەیەکی تەنک بوو کە کۆمەڵێک لە هێزە ئیسلامییە کۆنەپەرستەکانی پێ داپۆشرابوو. ئەم بەکرێگیراوانەی ئەمڕۆ بۆ تورکیا شەڕ دەکەن هەر ئەو هێزە جیهادیانەن لە کۆنە چەکدارەکانی داعش و القاعیدە پێک دێن کە پێشتریش ئامانجی تورکیا بوون بۆ بەکارهێنانیان، ئێستاش لە عەفرین بەکاریان دێنێت. ئەم هێزە "ئاشتیخوازە" بەپاڵپشتی تانک و تۆپ و تەیارەو هێزی تایبەت لە فاشستەکان کە لەناو تورکیادا ڕێکخران، کوێرانە دەستیان لە هیچ شتێک نەپاراست لە تۆپبارانکردن و تەنانەت بەکارهێنانی " بۆمبی ناپاڵم " دژ بە خەڵکی بێچەک و سیڤیلی کورد، هەر لە ماڵەکانیانەوە تاوەکوو ڕێگاوبان و تەنانەت کاروانی فریاگوزاری داودەرمان و خۆراکیش.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا میدیایی ڕۆژئاوا زۆر بە ئەمانەتەوە هەواڵەکانی تورکیایی دەگەیاند لەگەڵ بوونی گومانێکی کەمی بێمانا. هەڵسوکەوتەکانی ڕۆژئاوا زۆر پێچەوانەو دژ بەیەک دێتەوە لەگەڵ ئەو هەموو هاوارەی دەیانکرد دژ بە هێرشەکانی ڕژێمی ئەسەد بۆ سەر غوتەی ڕۆژهەلات، کە بەشێکە لە دیمەشق و لە لایەن توندڕەوترین هیزە کۆنەپەرستە ئیسلامێکانەوە دەستی بەسەردا گیراوەو کوێرانە دیمەشق تۆپباران دەکەن.

لەبارەی هێرش بۆسەر عەفرین، بەرپرسێکی باڵای ئەمریکا وتی: " هیوادارین پرۆسەکە لە عەفرین زوو تەواوبێت، ئێمە وتومانە و دەزانین تورکیا هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی زیان بە خەڵکی سیڤیل نەگەیەنێت، لەو بارەشەوە



سەرچاوە Serchawe

گومانمان نییە بۆ هەوڵەکان."

ئەمە بەو مانایە دێت ئەمریکا خوازیاری سەرکەوتنە بۆ تورکیا نەوەک کوردەکان، لەکاتێکدا کوردەکان هاوپەیمانی خۆیبون. بەرپرسە ئەمریکیەکان ڕاشکاونە ئەوەیان وت کەوا ئەمریکا هاوپشتی کورد ناکات لە عەفرین، چونکە عەفرین خزمەت بە هیچ ستراتیجیەتێکی ئەمریکا ناکات.

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بۆریس جۆنسن پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی " تورکیا مافی خۆیەتی سەلامەتی سنورەکانی بپارێزێت"، ئەڵمانیا بەردەوام بوو لە دانی چەکی پێشکەوتوو بە تورکیا، کەچی کەسانێک لە ڕۆژئاوا فرمێسکی تیمساحاوی هەڵدەڕێژن بۆ ئەو ڕاوڕوتکردنەی کە لە عەفرین کرا لە لایەن هێزە درندە ئیسلامێکانەوە. هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا بەتەواوی ڕازیبوون لەسەر کاری داگیرکاری لەلایەن تورکیاوە.

سەرباری قسەکردنیان سەبارەت بە دۆڕانی توندڕەوە ئیسلامێکان، بەڵام هێزە ڕۆژئاواییەکان و هاوپەیمانێکانیان لە کەنداو گەورەترین یارمەتیدەری جیهادیەکان بوون، ئێستاش پشتیوانی لە کۆنەپەرسترین سوپا دەکەن کە درێژکراوەی هەمان هێزەکانی داعش و قاعیدەن دژبەو تاکە هێزەی کەلەسەر زەمینی واقیعدا شەڕی داعشیان کرد. لەم کاتەدا ڕوسیا جیاوازتر لە هێزە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا هەڵسوکەوت ناکات، هێزە ئاشتی پارێزەکانی خۆی لە ناوچەی عەفرین کشاندەوەو ئاسمانی سوریای ئاواڵە کرد بۆ فرۆکەکانی تورکیا، ئێران و ڕژێمی ئەسەدیش بەم هێرشە ڕازیبوون. ڕوسیا لە سەرێکەوە دژ بە تورکیا کار دەکات، لە سەرێکی تریشەوە نایەوێت ئێرانی هاوپەیمانی ببێتە هێزێکی بەهێز لەسەر زەمینەی سوریا. بەو پێیەی هێزێکی زەمینی بەهێز لەسەر زەمینەی سوریا بونی نییە، بۆیە ڕوسیا هاوسەنگییەک لە نێوان هێزەکان درووست دەکات بۆ وەستانەوە لە بەرانبەر یەکتر بۆ ئەوەی بتوانێت بەرژەوەندییە تایبەتێکانی خۆی بە باشی بباتە ڕێوە.

ئێران هێزێکی چەقەنگی (ڕەمزی) چەند سەد کەسی لە چەکدارە شیعێکان ڕەوانەی عەفرین کرد بۆ یارمەتی کوردەکان، چونکە ئێران خوازیاری کێشەنانەوەیە بۆ تورکیا لە ناو سوریا. ڕژێمی ئێرانیش سەربەخۆی کوردەکان بە هەڕەشە دەبینێ لەسەر خۆی، چونکە دەکرێت کوردەکانی ئێرانیش هەمان ڕێچکەی سەربەخۆی بگرنەبەر. ئێران و تورکیا لە ڕۆژئاوای سوریا کار لەسەر دابەشکاری دەکەن بۆ دەستگرتن بەسەر بەشی خۆیاندا لە پاش کۆتایهاتنی شەڕ لە وڵاتە، بۆیە لەم هاوکێشەیەدا شوێنێک نییە بۆ سەربەخۆی کورد.

ئەسەد لەم هاوکێشانەدا دیلی دەستی هاوپەیمانەکانیەتی و هیچ ڕایەکی دیاری نییە شایانی باسبێت. لەگەڵ ئەوەشدا دڵخۆشە بە بونی بزوتنەوەیەکی کوردی لاواز، بۆ ئەوەی لە داهاتودا ناچاریان بکات بیر لە سەربەخۆی نەکەنەوەو ناچارbن بەمانەوە لە چوار چێوەی سوریای یەکگرتودا. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێی بە چەکدارە کوردەکان دا لە ناوچە کورد نشینەکانی ڕۆژهەڵاتەوە بڕۆن بەرەو عەفرین، ئەو کارەش لەبەرانبەر دەستبەردانیان لەگەڕەکێکی سەرەکی شاری حەڵەب کرا بۆ ڕژێم.

لەدووا لێکدانەوەدا، ئەم هێزانە هەرچەندە شەڕی یەکتر بکەن، بەڵام لە پێناوی بەرژەوەندی چینایەتیاندایە سەرکوتی بزوتنەوەی کوردی بکەن لەگەڵ هەموو ئەو دەسکەوت و دیموکراسییەی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی هێناوە. بەدڵنیاییەوە بەکارهێنان و دەست ئاواڵەکردنی جیهادییە کۆنەپەرستەکان بۆ ( هەردوولایان) کێشە نییە تا ئەو شوێنەی بەرژەوەندیەکانی چینی دەسەڵاتدار پارێزراوە.

ئەردۆگان نەیشاردۆتەوە کە دیەوێت هەموو ئەو ناوچانە داگیر بکات کە کوردەکان لە سوریادا دەسەڵاتدارن تیایدا. بە بڕوای ئەو هەر دیاردەیەکی سەربەخۆی کوردەکان کاریگەری دەبێت لەسەر کوردەکانی تورکیا کە ملیۆنەهایان لەژێر سەرکوتێکی بێوێنەدا ژیان دەکەن. بزوتنەوەی کوردی لە شێوەی پارتی دیموکراتی خەڵکی خاڵێکی گرنگ بوو لەسەر سەکۆی سەرەتای هەڵکشانی بزوتنەوەی چینایەتی لە تورکیادا. ئەوەی یارمەتی ئەردۆگانی کرد بە شێوەیەکی ڕاستەو خۆ پارتی کۆماری خەڵکی بوو لە ڕێگەی جوڵاندنی هەستی نەتەوایەتی دژ بە کورد، هەر بۆیە کۆنەپەرسترین و دواکەوتوترین بەشی کۆمەڵگە چونەتە پشتی ئەردۆگانەوە. هێرشکردنە سەر عەفرین بەشێکی گرنگ دەبێت لەبردنەوەی پارتی داد و گەشە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانێکانی داهاتودا.

لەپەیوەند بە هەموو ئەمانەوە، هێرش بۆسەر عەفرین بەشێکە لە پیلانی ئەردۆگان بۆ قایمکردنی باکوری سوریا وەکو دەروازەیەک بۆ کاریگەرێکانی تورکیا لەسەر ناو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی عەفرین لەڕوی سەربازییەوە، وەکوو سونەتی باوی عوسمانێکان، هەوڵدەدات سەدان هەزار لە خەڵکی عەرەبی سوریا لەسەر ماڵ و حاڵی کوردەکان جێگیربکات وەکو یەک خەتی سونی عەرەبی کە لەو ڕێیەوە دەتوانێت هەژمونی خۆی برەو پێبدات لە سوریا و دەرەویدا.

پاش عەفرین، ئامانجی ئەردۆگان دەستبەسەرداگرتنی مەنبەجە، وەکوو تورکەکان دەڵێن: ئەمریکا لەو بارەوە

هاوکار دەبێت. لەسەرووی ئەمانەشەوە هەمان پلانی هەیە بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی فورات، هەروەها چیای شەنگال. ئەمانە خەونی پارتی داد و گەشەی عوسمانییە نوێیەکانە کە خوازیارن لە داهاتودا دەستبگرن بەسەر حەڵەب و موسڵ و هەولێر و کەرکوکیشدا.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی گشتی کێشەی لەگەڵ پلانی تورکیادا نییە. ئیمپریالیزمی ئەمریکا هێزە کوردێکان وەکوو کارتی فشار لە داهاتودا بەکار دەهێنێت بۆ پاراستنی جێگاو ڕێگای خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەوە دەرکەوت کە ئەمریکا هاوپەیمانێتی لەگەڵ کورددا کاتییە، لە کۆتاییدا جێگاو ڕێگای تورکیا لە نەیتۆ و بونی وەک گەورەترین وڵاتی پیشەسازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم جێگایە بۆ سەرمایەداری ئەمریکی گرنگتر و پڕبایەخترە لە چارەنووسی خەڵکی کورد. بەشێکیش لە دەزگا میدیاییەکانی ڕۆژئاوا کە تازە وەخەبەر هاتن سەبارەت بەکارە ئابڕووبەرەکانی داگیرکاری عەفرین، هیچ نین ئەوە نەبێت کە دەیانەوێت لەم ڕێگایەوە هەندێک دەستکەوت لە تورکیاوە وەدەست بێنن.

پاش ئەوەی لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دران و هیچ لایەنێک بە هانایانەوە نەڕۆشت، بۆیە سەرکردەکانیان لە پێناوی پاراستنی هێزەکانیاندا بڕیاری پاشەکشەیانداو ڕێگایەکی تریان بۆ خەبات هەڵبژارد ئەویش شەڕی پارتیزانیە دژ بە داگیرکاری. ئەمە تەنها هەڵبژاردەی سەربازی بوو بۆیان بۆ وەستانەوە لە بەرانبەر سوپایەکی پڕ چەک و چەتە جیهادیکانی. ئەمەی کە ڕویدا گومانێک لای خەڵکی کورد ناهێڵێتەوە کەوا ناتوانێت پشت بە هیچ یەکێک لەو هێزە گەورانەی ناوچەکە ببەستێت.

لەلایەکی ترەوە کورد گەلێک دۆستی هەیە لە نێوەندی کرێکاران و لاوانی زەحمەتکێش لە ناوچەکە. سەرەتای دەستپێکردنی شۆرشی ڕۆژئاڤا لە شۆڕشی سوریەوە هات. سەرکەوتنەکانیشی لە شێوەکاری دیموکراتیانەو شۆڕشگێڕانەوە وەدەستهێنا کە توانی سەرنجی بەشێکی زۆر لە کرێکاران و هەژاران لە ناوچەکە بۆ خۆی ڕابکێشێت. ئەمە نیشانی دەدات ڕێگای خەبات و ئازادی خەڵکی کورد لێرەوەیە.

لە ئێران جەماوەر لە جوڵەدایە بەرەو شۆڕش، دەرگا ئاواڵەیە لە پێش کورد بۆ دروستکردنی بەرەیەکی هاوبەش لەگەڵ خەڵکی ئێراندا دژ بە دەسەڵاتداریتی مەلاکان. بەهەمان شێوە لە عێراق، لێرە زەمینەو تواناییەکی باش هەیە بۆ بزوتنەوەی چەپی ڕادیکاڵ، گرنگە بتوانرێت بەرنامەیەکی ڕۆشن دابڕێژرێت بۆ ڕزگاری کورد. یەکەمینجار

لە ناو خودی کوردەکانەوە دەستپێبکرێت کە بە هەمان ڕادەی دەسەڵاتی ناوەند ڕقیان لە هەردوو دەسەڵاتی بنەماڵەیی بارزانی و تاڵەبانییە. پاشان هەوڵبدرێت ببرێتە ناو کرێکاران و لاوانی عێراقییەوە کە هیچ ئاسۆیەکی ڕۆشن بەدی ناکەن لە گروپە گەندەڵکارە دەسەڵاتدارەکانی بەغدا.

لە تورکیا بزوتنەوەی کوردی دەرکەوت وەک بزوتنەوەیەکی ڕادیکاڵ دژ بە داموودەزگا سەرکوتگەرەکان، بەرتەسک نەبووەوە لە چوار چێوەی کورددا، بەڵکو چوار چێوەیەکی نیشتمانی هەبوو. لەگەڵ تێک چونی بارودۆخی ئابوری تورکیا و چڕبونەوەی خەباتی چینایەتی و لاوازبوونی دەسەڵاتی ئەردۆگان، دەورەی ئایندەی سیاسی لە تورکیا شاهێدی هاتنە مەیدانی خەباتی زیاتری چەوساوەکان دەبین دژ بە چەوسێنەران.

لەگەڵ ئەوەشدا تاکتیکی شەڕی پارتیزانی گرنگی خۆی هەیە، بەڵام دەبێت بکەوێتە خزمەتی خەباتە چینایەتییە سەرتاسەرێکەوە. کۆڵەکەی بنەڕەتی دەسەڵاتی ئەردۆگان لەم کاتەدا لەسەر دنەدانی هیستریایی نەتەوەییە، بەم کارەشی توانیویەتی بەشێک لە ئۆپزسیۆن و چینی کرێکار بێنێتە پشتی خۆی. ئەرکی کەسانی شۆڕگێڕە ئەوانەی دژ بە دەسەڵاتداریتی تورکیا خەبات دەکەن ئەم هاوپەیمانێتیە درووستکراوە هەڵوەشێننەوە، کە تەنها دژ بە مافەکانی خەڵکی کورد نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ سەرکوتکردنی چینی کرێکاریش لە ژێر پەردەی ئاسایشی نەتەوەیی و " یەکێتی " کە تاکە سودمەند لێی، چینی سەرمایەداری تورکییە.

ئێمە بە هەموو توانایەکمانەوە پشتگیری گەلی کورد دەکەین لە پێناوی ژیانێکی ئازادانە و لە نیشتمانێکی سەربەخۆدا کە خۆیان ئازادانە بڕیاری لەسەر بدەن. خەباتکردنیان لە خۆیدا خەباتکردنە بە ئەندازەی خەباتی ئەو کرێکار و لاوانەی لە جیهاندا دژ بە سیستەمی سەرمایەداری لە جەنگدان. هەموو ئەوانەی قەیرانە ئابورێکان درووست دەکەن و هێرشدەکەنە سەر ئاستی ژیانی زۆرینەی خەڵک، وە هەر ئەوانەن لە هەمان کاتدا سەروەتی بێ شومار بۆ خۆیان کەڵەکە دەکەن، لەو لاشەوە کار لەسەر شێواندنی ژیانی شارستانیانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن و هێرش دەکەنە سەر داخوازییە ڕەواکان و چارەنووسی کورد. تاکە چارەسەر وەستانەوەیە بەرانبەر ئەم دەسەڵات و سیستمە کە سەرمایەداری نوێنەرایەتی دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ١٠ی ئەپریلی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# کەوتنی عەفرین شکستی خەباتە بۆ بنیاتنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستێکی باشتر



**راینەر هێرمان***

سوپای تورکیا عەفرین گەمارۆ دەداتو ناتۆ یش رووی لێ وەردەگێڕێت. هەرچەندە ئەو ناوچەیە نموونەیەک بوو لە پێکەوە ژیانو فرە رەنگیو یەکسانی، بەڵام ئێستا کوردەکان وەک راینەر هێرمان-ی هەواڵساز لە رۆژنامەی فرانکفۆرتەر ئەلیگماینە تزایتۆنگ ی ئەڵمانیدا دەڵێ، بە تاقی تەنیا ماونەتەوە.

هێزەکانی تورکیا شاری عەفرین یان لە باکووری سوریا گەمارۆ دا. دوای دوو مانگیش لە دەست پێکردنی پرۆسەی چڵە زەیتون، کەوتنی شارەکەو ناوچەکەش کە هەمان ناوی هەیە لەمرۆو سیبەیدایە. کاتێک هێزی وشکانی تورکیا شارەکە داگیر دەکاتو شەڕی کۆڵان بە کۆڵان دەکات، چەند رۆژێکو رەنگە چەند هەفتەیەکی خوێناوی بێت، لەبەر ئەوەی زیاتر لە ١٠٠ هەزار کەس لە دانیشتوانی عەفرین، کە زۆربەیان مەدەنینو کوردن، ئامادە نین ماڵو حاڵی خۆیان جێ بهێڵن لەو تاکە رێگەیەی دەربازبوونەوە کە بەرەو لای حەڵەب دەڕواتو تاکە رێگەیشە کە عەفرین بە جیهانی دەرەوە دەبەستێتەوە.

## کوردەکان تەنها پشت بە خۆیان دەبەستن

یەکینەکانی پاراستنی گەل واتە (یەپەگە)، لە شەڕێکدا دژی دووەم گەورەترین سوپای ناتۆ، بە تاقی تەنیا دەجەنگن. هەرچەندە سوپای نیزامی سوریا لە سەرەتای دەستپێکردنی هێرشەکەی تورکیاوە رایگەیاند، کە شانبەشانی کوردەکان بەرگری لە سەرووەری خاکی سوریا دەکات، بەڵام دوای ئەوەی هێزی ئاسمانی تورکیا بنکە

سەربازییەکانی بۆردومان کردن، روسیا داوای لە سوریا کرد سوپاکەی بکشێنێتەوە، ئیتر دوای ئەوە کەس نەیبینینەوە.

تورکیا بۆ ئەوەی کەمترین زیان بە هێزەکانی بکەوێت، زیاتر فڕۆکە جەنگییەکانی بەکار دەهێنێتو شارەکانی وەک عەفرینی پێ بوردمان دەکات، لەگەڵ هەندێک لەو چەکدارانەی پێشتر لە سوریا شەڕیان کردووەو لە ڕیزی ئیسلامییە جیهادییەکاندا بوون، یان ئەو چەکدارانەی لەو ولاتانەوە هێنراون کە بە زمانی تورکی قسە دەکەن، پێدەچێ چەکداری (ئیگۆر، یان ئۆیگۆر)یشیان لەناودا بێت، کە تورکی ئیسلامی توندڕەوی خەڵکی خۆرهەڵاتی چینن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە جیهانی خۆرئاوا بێدەنگەی لێ کردووە، نەک هەر ئەوەش بەڵکو ئەڵمانیا رازی بووە چەکی تازە بە تورکیا بفرۆشێت.

سەرکردایەتی تورک داگیریی بۆ سەر سوریا لەبەر دوو هۆکار جێبەجێ دەکات: هۆکاری ناوخۆیی، کە ئەردۆگانی سەرۆکی ئەو ولاتە دەیەوێ بەم ڕێگایە ئیمامەکان لە پشت خۆی کۆ بکاتەوە. چونکە ئەردۆگان دەیەوێ تا ٢٠١٩ وەک سەرۆک بمێنێتەوەو دوای ئەو وادەیە دەسەلاتەکانی بێسنوور دەبن. هۆکارەکەی تریش دەرەکییە، چونکە ئێستا تورکیا دەسەڵاتی هەیە بەسەر بەشێکی باکووری سوریادا لەگەڵ عەفرینو ناوچەی جەرابلس کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتییەوە. ئەنکەرە - ش ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دەستبەرداری ئەو ناوچانە نابێت. ئاڵای تورکیاش لەسەر بانی بینای شارەوانییەکان هەڵکراوە. لە ناوچە کوردییەکان، بە نیازە ئەو پەنابەرانەی سوریا نیشتەجێ بکات کە ئێستا لە تورکیا پەنابەرن.

## شکستی بنیاتنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستێکی باشتر

دوو ساڵ لەمەوبەر ئەردۆگان بۆ یەکەم جار گومانی لە پەیماننامەی لۆزانی ١٩٢٣ کرد، کە سنووری ئێستای تورکیای دەستنیشان کردووە. لەو کاتەوە، ڕۆژنامەکانی تورکیا نەخشەی بزوتنەوەی سەربەخۆیی تورکیا چاپ دەکەن، کە ڕێڕەوی نێوان حەڵەب - موسڵی تێدایە وەک بەشێک لە خاکی تورکیا، هەروەها چەند دوورگەیەکیش لە دەریای ئیجەدا، کە بەرامبەر خاکی تورکیایەو سەر بە یۆنانە.

هێرشە داگیرکارییەکەی تورکیا بۆ سەر عەفرین، نوقڵانەی هەڕەشەیە بۆ شکستی نموونەیەکی سیاسی، کە چاوەڕێ

دەرەنجامی باشی لێ دەکرا. لەبەر ئەوەی لە عەفرین سەرجەم کۆمەڵەو گروپە نەتەوەییو ئایینییەکان بەشدارن لە حوکمی زاتیداو بە هاوبەشی ناوچەکە بەڕێوە دەبەن، هەر لەوێ یەکسانی لە نێوان ژنو پیاودا جێبەجێ دەکرێت. لە بری حکومەتە ناوەندییە عەرەبییەکە یان دەوڵەتی بەناو ئیسلامی، لە ساڵی ٢٠١٣ وە لە عەفرین دیموکراسییەکی نامەرکەزی جێبەجێ دەکرێت. ئا لێرەوە کەوتنی عەفرین، کە نزیکە، دەبێتە شکستی خەبات لە پێناو بنیاتنانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستێکی باشتردا.

* ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی فرانکفۆرتەر ئەلیگماینە تزایتۆنگ

سەرچاوە:DW

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی ١٣ی ئەپریلی ٢٠١٨

## پاش داگیرکردنی، تورکیا چ پیلانێکی هەیە بۆ کانتۆنی عەفرین؟



**جەزا ئەحمەد فارس**

سوپای تورکیا لە (٢٠ - ١ - ٢٠١٨)دا دەستیان کرد بە ئۆپراسیۆنێکی سەربازی لە ژێرناونیشانی (چڵە زەیتوون) بە ئامانجی داگیر کردنی کانتۆنی عەفرین.

لە ٢٥ - ٣ - ٢٠١٨ تورکیا ئەم کانتۆنەی داگیرکرد لەپاڵ ئەنجامدانی تاڵانی و فەرهودکردنی شارەکە دەستدرێژی سێکسی کرایە سەر زۆرێک لەو ژن و کچە گەنجانەی کەلەم کانتۆنەدا مابوونەوە.

لە ١٢ - ٤ - ٢٠١٨ تورکیا ئەنجومەنێکی خۆجێی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێری ئەم کانتۆنە دروستکرد کە لە ٢٠ ئەندام پێکدێت، لەهەمانکاتدا تورکیا هەوڵی گۆرینی دیمۆگرافیای ئەم شارەددات.

لەپاڵ دروستکردنی ئەنجومەنێکی خۆجێی بۆ عەفرین ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکی توریکا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا ئەوەی نەشاردەوە کە بەنیازی نیشتەجێکردنی ئاوارەکانی سوریان لە عەفرین.

،،

*لە ١٢- ٤ - ٢٠١٨ تورکیا ئەنجومەنێکی خۆجێی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێری ئەم کانتۆنە دروستکرد کە لە ٢٠ ئەندام پێکدێت، لەهەمانکاتدا تورکیا هەوڵی گۆرینی دیمۆگرافیای ئەم شارەددات، ڕەجەب تەیب ئەردۆغانیش ئەوەی نەشاردەوە کە بەنیازی نیشتەجێکردنی ئاوارەکانی سوریان لە عەفرین.*

## چی روویدا لەکاتی داگیر کردنی عەفرین؟

راپۆرتە نێودەوڵەتیەکان ئەوەیان سەلماندووە کە تورکیاو گروپە تیرۆرستیەکان لەکاتی داگیر کردنی عەفریندا لەپاڵ تالانی و فەرهود کردنی شارەکە، کاریان لەسەر جینۆساید کردنی کوردەکەن کردووە لە ژێرناوی تیرۆردا و لەهەمان کاتدا دەستدرێژی سێکسیشان ئەنجامداوە بەرامبەر ئەو هاوڵاتیانەی کە لەم شارەدا مابوونەوە.

بەپێی نوێنترین راپۆرتی (جینۆساید واچ) کە لە سەر ماڵپەرەکەیان بلاو کراوەتەوە کورد مەترسی جینۆساید کردنی لە سەرە لەراپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە "تورکیا لەدوای دەستکردن بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی چلە زەیتوان لە ٢٠ - ١ - ٢٠١٨ وە کە ئامانجی بریتیە لە دەر کردنی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە عەفرین، لە ژێر ناوی تیرۆدا دەستی کردووە بە جینۆساید کردنی کورد".






سەرچاوە
Serchawe

## تاڵانکردنی موڵکوماڵی خەڵکی عەفرین دوای داگیرکردنی . ١٨ - ٣ - ٢٠١٨

لەهەمان راپۆرتی جینۆساید واچدا ئاماژەش بەوە کراوە" بەدەیان لە ژن و کچی گەنج لە و خەڵکەی کە لەناو عەفریندا ماون لە لایەن سەربازانی سوپای تورکیاو گروپە جیهادیەکانەوە فرێنراون و دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر".

*"بەپێی نوێنترین راپۆرتی (جینۆساید واچ) کورد مەترسی جینۆساید کردنی لەسەرە و ئاماژەی بەوە  داوە تورکیا لەدوای دەستکردن بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی چلە زەیتوان لە ٢٠ - ١ - ٢٠١٨ وە کە ئامانجی بریتیە لە دەر کردنی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە عەفرین، لە ژێر ناوی تیرۆدا دەستی کردووە بە جینۆساید کردنی کورد.*

بەپێی ئەم راپۆرتە لەناو ئەو وولاتانەی کە ناویان هاتووە کە کە جینۆسایدی کوردیان کردووە و دەیکەن تورکیا بە مەترسی دارترین وولات دانراوە بۆ جینۆساید کردنی کوردان.

### تورکیا دیمۆگرافیای عەفرین دەگۆڕێت

یەکێک لەئامانجەکانی تورکیا لە داگیر کردنی عەفرین بریتی بوو لە گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەم کانتۆنەو سرینەوەی ناسنامە کوردیەکەی بۆئەوەی کورد بێبەشبێت لە گرنگی پێگەی ئەم کانتۆنە کە کورد دەگەیەنێتە سەر دەریای ناوەراست.

هەر لە هەمان راپۆتی جینۆساید واچدا باسی ئەوەشکراوە " لەدوای داگیر کردنی عەفرین لە لایەن تورکیاوە لە ٢٥ - ٣ - ٢٠١٨ دا دەستیان کردووە بە گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکەو خێزانی تورکمان و عەرەبی تیادا نیشتەجێدەکەن کە بە ئەسڵ خەڵکی عەفرین نین ئەمە لەکاتیدایە کە دانیشتوانی رەسەنی عەفرین ماڵو حاڵی خۆیان جێهێشتوە و لەئاوارەییەکی سەختدا دەژین"



سەرچاوە
Serchawe




**چەکدارە سورییەکانی هاوپەیمانی تورکیا لە ناو عەفرین دوای داگیرکردنی . ٢٠١٨,٣,١٨**

**هەروەها ئەردۆغان سەرۆکی تورکیا لە ١٨ - ٤ - ٢٠١٨ رایگەیاند "بەنیازی گواستنەوەی ئاوارە سوریەکانی ناوتورکیان بەمەبەستی نیشتەجێکردنیان لە عەفرین" لەدوای داگیر کردنی عەفرین لە پاڵ ئەنجامدانی تالانی سوپای تورکیاو گروپە تیرۆرستیەکان چەندین پێشێلکاری مافی مرۆڤیان ئەنجامدا وە و هەوڵەکانی خۆیانیان چڕ کردۆتەوە بۆئەوەی کە دیمۆگرافیای ئەم شارە بگۆڕن و سیمای کوردی پێوە نەیەڵن.**

## ئەنجومەنی خۆجێی بۆ بەرێوەردنی کاروباریی عەفرین

**بەرواری ١٢ - ٤ - ٢٠١٨ تورکیا ئەنجومەنێکی خۆجێی بۆ بەرێوەبردنی کاروباری ئیداری عەفرین دروستکرد ئەم ئەنجومەنە لە ٢٠ ئەندام پێک دێت کە بەم شێوەیەی خوارەوە ئەندامەکانی بەسەر پێکهاتەکاندا دابەشکراوە:**

**١- کورد ١١ ئەندام**

**٢- عەرەب ٨ ئەندام**

**٣- تورکمان ١ ئەندام**

،،

***ئەو ئەندامە کوردانەی کە لەناو ئەنجومەنی خۆجێی عەفریندان کە ئەرکیان بریتییە لە بەرێوەبردنی کاروباری کارگێری ئەم شارە لەو خەڵکانە پێک دێن کە بە ئەنجومەنی نیشتیمانی کورد لە سوریا (ئەنەکەسە) ناسراون.***

**ئەم ئەنجومەنە هیچ دەسەڵاتێکی سەربازی نیە تەنها بۆ بەرێوەبردنی کارگێری شاری عەفرین دروستکراوە واتە مەلەفی ئەمنی عەفرین لەژێردەستی تورکیادا دەمێنێتەوە.**



سەرچاوە
Serchawe

دەكرێت ئەم ئەنجومەنە وەک ئەنجومەنێكی كارتۆنی تەماشابكەین چونكە لەهەر كات و ساتێكدابێت ئەگەر بەپێی بەرژەوەندیەكانی توركیا نەڕۆن بەرێوە ئەوە لەسەركار لادەبرێن.

ئەو ئەندامە كوردانەی كە لەناو ئەنجومەنی خۆجێی عەفریندان كە ئەركیان بریتییە لە بەرێوەبردنی كاروباری كارگێری ئەم شارە لەو خەڵكانە پێک دێن كە بە ئەنجومەنی نیشتیمانی كورد لە سوریا (ئەنەكەسە) ناسراون.

جەزا ئەحمەد فارس: توێژەری سیاسی بەكالۆریوس لە زانستە سیسیەكان

سەرچاوە: ماڵپەڕی دیپلۆماتیک مەگەزین نێت (diplomaticmagazine.net) - ڕێكەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٨

## ڕێبەندان



**ئاكۆ كانەبی**

*ئەمشەو دڵم گەلێک تەنگە*

*چاوم بۆتە گۆمی ئەسرین!*

*پرسەدارم بۆ وەرینی*

*گوڵە جوانەكانی عەفرین!*

ئەمشەو دڵم لای خۆم نییە
لای کچێکی شەرڤانە

کە چاوی پڕ لەئومێدە
هەتا بڵێی دلۆڤانە!

ئەمشەو تەنها هەر بەجەستە
لەئامێزی ئائەم شارەم

منیش نوقمی دەریای خەمم
هاوبەشێکی ئەم ئازارەم

ئەمشەو وەکو شێرکۆی شیعر
نامەیەک ئەنێرم بۆ خوا؟

پێی ئەڵێم ماف و ئازادی
کوردی بێ پشت و پەنا کوا؟؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی ٢٣ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# بۆ عەفرین



فەرهاد سەنگاوی

بۆ عەفرین ئەمرین، ئەمرین بۆ عەفرین
عەفرین کۆبانی، عەفرین کۆبانی

برینی ئازای گشت کوردستانی
لە هەر چوار پارچە، چوار هەزار ساڵە

خوێنی شەرڤان و گەریلای ئاڵە
لە ڕۆژئاواوە، ڕۆژی گەل هەڵدێت

شاخ و دەریا و دەشت پێکەوە ئەبێت
ئەبێت هەر ببێت، ئەبێت هەر ببێت

ئازادی و ژیان بۆ سەرتاسەری گەلی کوردستان
بێ عەفرین ئەمرین، ئەمرین بێ عەفرین

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - ڕێکەوتی: ٢٧ی جانیوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

# هەڵوێستی بەشێک لە حیزب، رێکخراوە و کەسایەتی سیاسییەکانی کوردستان

## هەڵوێستمان بەرانبەر بە هێرشی تورکیە بۆ سەر عەفرین لە رۆژاوای کوردستان




لە چەند رۆژی ڕابردوودا ئەرتەشی تورکیە هێرشی کردە سەر عەفرین لە رۆژاوای کوردستان و بە هۆی تۆپباران و موشەکبارانی سپای ئەم وڵاتەوە کۆمەڵێک لە دانیشتوانی مەدەنیی ئەم ناوچەیە و ژمارەیەک شەرڤان شەهید کراون. ئەم هەڵوێستەی دەوڵەتی تورکیە بەرانبەر بە خەڵکی رۆژاوای کوردستان بە بیانووی ئەوەیکە ئەو هێزەی کە لە رووی ئیداری و ئەمنییەتییەوە لە عەفرین دەسەڵاتدارە هێزێکی تێرۆریستییە، جیا لە ئیدیعایەکی بێبنەما ناتوانێ شتێکی دیکە بێت.

کوردەکانی رۆژاوای کوردستان، لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیان و ڕاوەستان بەرانبەر بە دیاردەیەکی ترسناک و تێرۆریستی وەک داعش، بە هەزاران کەسیان گیانیان لە پێناو شەڕی تێرۆردا بەخت کرد و چەند کارەساتێکی وەک وێرانکردنی کۆبانییان بەسەردا هات کە لە ئاکامی بەرەنگاری و مقاومەتی قارەمانانەی خۆیان دژ بە هێزەکانی داعش لە کۆبانی، ئەم شارەیان کرد بە سەمبوولی مقاومەت و نەکەوتن.

لەم قۆناغەدا کە هێشتا مەترسیی تێرۆر و سەرهەڵدانەوەی گرووپەکانی هاوچەشنی داعش هەڕەشەن بۆ سەر ناوچەکە، هێرشی تورکیە بۆ سەر عەفرین و هێزەکانی رۆژاوای کوردستان کە رۆڵێکی سەرەکیان لە کۆتایی هێنان بە تێرۆر لە بەشێکی بەرچاو لە خاکی سووریەدا گێڕا، جیا لە هەڵوێستێکی نابەرپرسانە و جیا لە دژایەتییەکی



سەرچاوە
Serchawe

روون لە گەڵ پێشکەوتنی پرسی کورد، ناکرێ ناوێکی دیکەی لە سەر دابندرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای مەحکوومکردنی هێرشی ئەرتەشی تورکیە بۆ سەر عەفرین و دەربڕینی هاوخەمی لە گەڵ گەلی کورد لە رۆژاوای کوردستان، هاوکات داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و وڵاتانی بەشدار لە هاوپەیمانیی دژ بە تیرۆر دەکات کە بە گوشار خستنە سەر ئەم وڵاتە، پێش بەم دەستدرێژیانە و رووداوی کارەساتی ئینسانیی دیکە بگرن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسی

ی رێبەندانی ١٣٩٦ - ٢١ی ژانویەی ٢٠١٨

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

## حیزبی دێموکرات: گەلەکۆمەی دژ بە کورد مەحکووم دەکەین




هاونیشتمانیانی کوردستان

خەڵکی ئازادیخوازی ناوچە

کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان

لەم ڕۆژانەدا دەوڵەتی تورکیە دوای ماوەیەکی زۆر هەڕەشە و گوشار کە بە ڕوونی ڕایدەگەیاند کە هێرش دەباتە سەر کوردستانی سووریە و لە ناوچەی عەفرینەوە دەست پێ دەکا، هەڕەشەکانی خستە بواری کردەییەوە و بە چەکی قورس و فڕۆکە و تۆپباران هێرشی کردووەتە سەر کوردستان و لەو نێوەدا گیانی خەڵکی سیڤیلیش کەوتووەتە مەترسیەوە و بە دەستپێکردنی هێرشی زەمینیی ئەرتەشی تورکیەش بۆ سەر عەفرین، ئەگەری ئاوارەبوونی هەزاران کەسی هەیە.

لەم ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەدا کە هەر ڕۆژەو لە گۆشەیەکەوە گرووپێکی توندڕەو و تێرۆریست سەر هەڵدەدا و هەموو ئەو گرووپانە لە کۆماری ئیسلامیەوە بگرە تا داعش و ئەوانی دیکە، یەکەم هەنگاویان هێرشکردن بۆ سەر کوردستان بووە و بە مەبەستی پاکتاو و ژینۆسایدی کورد، دەستیان داوەتە هێرشی دڕندانە و کوردیش وەک هێزی هەرە پێشەوەی دژە تێرۆریزیم لەباتی هەموو دونیا شەڕی لەگەڵ تێرۆریستان کردوە.

بەڵام بەداخەوە، کاتێک کە مەترسیی تێرۆریزم کەمتر بووەتەوە، دوژمنانی هەمیشەیی کوردستان لە ناوچە واتە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی حاکم بە سەر کوردستان لە هەموو بەشەکاندا گەلەکۆمەیان لە کوردستان و کورد کردووەتەوە لەو شەڕەشدا جیهان تەنیا چاوەدێرێکی بێدەنگ بووە.
نموونەی هەرە زەقیمان لە هێرشی حەشدی شەعبی و سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ کەرکووکدا بینی و ئێستاش دەوڵەتی تورکیە لە نێو خاکی وڵاتێکیتریشدا دەسەڵاتی کوردی قبووڵ نیە و هێرشی سەر کردوە.

ئێمە ئەم هێرشەی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر کوردستانی سووریە و ناوچەی عەفرین مەحکووم دەکەین و داوا لە هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەین کە بەرامبەر بەو گەلەکۆمە و دەستدرێژیانەی ڕێژیمەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا بێدەنگ نەبن، چوونکە گەر لە ماف و ئازادیە ئینسانی و دێموکراتیەکانیش گەڕێین، هەر هیچ نەبێ کورد لە شەڕی دژە تیرۆریزمدا هاوپەیمانی جیهانی ئازاد بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

١ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ - ٢١ی ژانویەی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە مەحکوم کردنی هێرشی جەنایەتکارانەی ئەرتەشی تورکیه بۆ سەر عەفرین

سەرئەنجام پاش چەندین رۆژ هەڕەشە و چنگ و ددان نیشاندانی ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیە لەدژی ناوچەکانی باکوری سوریە کە لەژێر دەستی هێزەکانی " یەکینەکانی پاراستنی گەل" ( ی پ گ) دان، رۆژی ٢١ ی مانگی بەفرانباری ١٣٩٦ هێرشێکی توند و بەرینی هێزی ئاسمانی ئەم وڵاتە، لەگەڵ هێرشی زەمینی ئەرتەشی تورکیە بۆسەر ناوچە کورد نشینەکانی خاکی سوریە و بە تایبەت " عەفرین" دەستی پێکرد. ئەم هێرشە فاشیستیە بە رواڵەت لە وڵام بە ڕاگەیاندنی ئامادەیی ئەمریکا بۆ چەکدار کردنی ٣٠ هەزار کەس لە هێزەکانی " سوریای دیموکراتیک" بۆ دامەزراندنی " ئەمنیەت" لە باکوری سوریە بەڕێوەچووە. ئەگەرچی دەوڵەتی ئەمریکا دەستدانە وەها کردەوەیەکی بە " خراپ تێگەیشتن" لە سیاسەتەکانی ئەم وڵاتەی ناوبرد، بەڵام وادیارە، دیکتاتۆرەکەی تورکیە، لە بەدوادا چوونی ئامانج و بەرنامە شکست خواردووەکانیدا، جارێکی تر عەزمی جەزم کردوە کە شانسی خۆی لە سەرکوتی خەڵکی کوردستانی سوریە بە پشت بەستن بە دووهەمین ئەرتەشی تەیاری " ناتۆ" و شەشەمین ئەرتەشی دنیا تاقی بکاتەوە.

ئۆردوغان وەک یەکێک لە پشتیوانانی سەرەکی داعش و باقی گروپە توندڕەو و تیرۆریستە ئیسلامیەکان، وەک



سەرچاوە
Serchawe

داکۆکی کار و پشتیوانی هەڵاتوانی ئەرتەشی سوریە ناسراو بە " ئەرتەشی ئازادی سوریە"، پێشتر شانسی خۆی بۆ لەنێو بردنی " کانتۆنەکانی" باکوری سوریەدا چەندین جار تاقی کردۆتەوە و هەموو جارێک بەرەو رووی شکست بووتەوە. ئێستا جارێکی تر شمشێری لە کالان دەرکێشاوە لەدژی خەڵکێک کە بە دوور لە مەزهەب، نەتەوە و نێژاد، بریاری داوە لە بەیەکەوە ژیان و هاوچارەنووسیدا جارێکی تر ببنەوە خاوەنی ژیانێکی ئارام، لە هەوڵدایە سیاسەتە شکست خواردووەکانی لە ماوەی ساڵانی رابرودا قەرەبوو بکاتەوە.

بەڵام گومانی تێدا نییە کە هەنگاوی ئەم دواییەی ئۆردوغان لە پشتیوانی و هاوکاری زلهێز ئیمپریالیستیەکان لەوانە روسیە و هاوپەیمانەکانی، واتە رژیمی ئیسلامی دەسەڵاتدار لە ئێران و رژیمی دژی ئینسانی بەشار ئەسەد، سەرەرای خۆ بە نەیار نیشاندانی بە رواڵەتی، بەهرەمەندە. دەرچوونی هێزەکانی روسیە لە عەفرین و ئیجازەی فرین و بۆمبارانی بەرینی ناوچە جۆراو جۆرەکانی نێو شار و دەوروبەری عەفرین بە هێزی ئاسمانی تورکیە بەڵگە و شاهیدی ئەم پیلانە هاوبەشەن.

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش بە سیاسەتی ئیمپریالیستی و بەرژەوەندی خوازانەی بۆ چەندەمین جار سەلماندی کە پشتیوانی ئەوان لە " یەکینەکانی پارساتنی گەل" لە رووی ناچاریی، ریاکارانە و بە ئامانجی کەڵک وەرگتنە لەوان لە شەری نێوخۆی سوریەدا و لە بەرانبەر رەقیبە جیهانی و ناوچەییەکانیدا بووە.
لەگەڵ هێرشی ئەرتەشی تورکیە بۆسەر عەفرین، شەپۆلێک لە نارەزایەتی و هاوپشتی خەباتکارانە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ناوچە شەر لێداروەکان لە هەرسێ کانتۆنەکەدا، لەنێو خۆی تورکیە، لە وڵاتانی جۆراو جۆری ئوروپایی، لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کەوتە رێ. ئەردۆغان و دەوڵەت و حیزبەکەی هەموو جۆرە نارەزایەتی و خۆپیشاندانێکیان لە نیوخۆی تورکیەدا بۆ پشتیوانی لە عەفرین قەدەغە کردوە. نارەزایەتی و خەباتی شوورو شوق بۆ پشتیوانی لە عەفرین، وەبیر هێنەرەوەی پشتیوانی جیهانی لە شاری کۆبانییە. خۆراگرییەک کە دەستپێکی حەرەکەتێک بوو، کە بوو بە هۆی شکستی یەکجارەکی خەلافەتی ئیسلامی " داعش".

خەڵکی کوردستانی ئێران کە دەرس و ئەزمونی بەنرخیان بۆ پشتیوانی لە خۆراگری خەڵکی کۆبانی هەیە و هەر ئێستاش دەرگیری نەبەردن لەگەڵ رژیمی سەرکوتگەری ئیسلامی حاکم لە ئێران کە ٣٨ ساڵ لەوە پێش فەتوای جیهادی لەدژیان دەرکردوە، لە هەموو کەس باشتر رەنج و ئازارەکانی خەڵکی عەفرین و باقی ناوچە کورد نشینەکانی سوریەی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەسەد، گروپە تیرۆریستەکان و ئێستا حکومەتی فاشیستی ئەردۆغان

دەرک و هەست پێدەکەن. لە ئێستادا جارێکی تر ئەرکی خەڵکی تێکۆشەری کوردستانی ئێرانە کە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی عەفرین بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێت هەوڵ بدەن و جارێکی تر ڕۆحی ئینساندۆستی و هاوچارەنووسی خۆیان لەگەڵ خەڵکی عەفرین و ئەو ناوچانەی کەوتونەتە بەر هێرش، لە ناخی ناڕەزایەتی ڕۆژانەی خۆیاندا لەدژی کۆماری ئیسلامی، نیشان بدەن.

کۆمەڵە وێڕای مەحکوم کردنی هێرشی دڕندانەی ئەرتەشی تورکیە لەدژی خەڵکی عەفرین، پشتیوانی و پشتگیری لە داواکاری و خەباتی مافخوازانەیان، داوا لە خەڵکی کوردستان و ئێران، لە تێکۆشەرانی شۆڕشگێری دەرەوەی وڵات، لە حیزب و سازمانەکان، ناوەندە و ڕێکخراوە کرێکاری و ئینساندۆستەکان، دەکات بە سازماندانی ناڕەزایەتی و کەمپەینی خەباتکارانە، لە هەنگاوێکی یەکگرتوانەدا دەست بدەنە مەحکوم کردنی هێرشی جەنایەتکارانەی ئەرتەشی تورکیە بۆسەر کانتۆنی عەفرین و بۆ پشتیوانی و پشتگیری لە خەڵکی ئازار چێشتوی ئەو ناوچەیە یەک دەنگ ڕاپەڕن و ئەزمونی پشتیوانی، پشتگیری و سەرکەوتن لە کۆبانی جارێکی تر زیندوو بکەنەوە. ئێمە گومانمان لەوەدا نییە کە ئەردۆغان و ئەرتەشی داگیرکەری تورکیەش وەک " داعش" کە لە هێرش کردنەسەر کۆبانی شکستی خوارد، ئەوانیش لە عەفرین توشی شکست و سەرشۆری دەبن. شکستێک کە هیواداریین سەرەتای شکستی ئۆردوغان و " ئاک پارتی" لە نێوخۆ و دەرەوەی تەرکیە بێت. شکستێک کە بێ گومان هەنگاوێکی گەورەیە لە ئاستی کەم کردنەوەی ڕەنج و ئازارەکانی خەڵکی تورکیە و سەرجەم ناوچەکەدا.

کۆمەڵە- ڕیکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

١ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ ٢١ی ژانویەی ٢٠١٨

## ڕاگەیەنراوی کۆمەڵە "هێرش بۆ سەر عەفرینی ڕۆژئاوای کورستان مەحکوم دەکەین"



لەچەند کاتژمێری ڕابردوودا سوپای تورکیا بە شێوازی جۆراوجۆر هێرشێکی ناڕەوای بۆ سەر کانتۆنی عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان دەستپێکردووەو زیانێکی گیانیو مادی زۆری بە خەڵکی مەدەنی ئەو کانتۆنە گەیاندوە.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان ئیدانەی ئەم دەستدرێژییەی سوپای تورکیا دەکاتو پێیوایە لەشکرکێشی و هێرشی ناڕەوای سوپای تورکیا بۆ سەر عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان هێرشە بۆ سەر ئازادییەکان و سەرجەم خاکی ڕۆژئاوای کوردستان و دەبێت بە خێرایی ڕابگرێت.

ئێمە سەرەڕای جەختکردنەوەمان لەسەر ئیدانە هەر هێرشێکی داگیرکەران بۆ سەر هەر پارچەیەکی خاکی کوردستان، داوا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و هاوپەیمانیی دژی داعش دەکەین بۆ ڕاگرتنی ئەم هێرشانەی تورکیا هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ.

جارێکی دیکە هاوپشتی خۆمان لەگەڵ شەڕڤانانو هێزەکانی پارێزەری ڕۆژئاوای کوردستانو بەتایبەتی عەفرین ڕادەگەیەنینو پشتیوانی تەواوی مافە ڕەواکانی هاوڵاتیانی کانتۆنی عەفرین دەکەین.

داواش لەخەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین کە هەمیشە هەڵوێستی ڕوون و بوێرانەیان بەرامبەر بە هەموو پارچەکانی کوردستان و دوژمنانی کورد نیشانداوە، ئەمجاریش بۆ مەحکومکردنی ئەم لەشکرکێشییەی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، بەشێوازی جۆراوجۆر نارەزایی دەرببڕن و هاوپشتی خۆیان لەگەڵ خەڵکی عەفرین و ڕۆژئاوا ڕابگەیەنن.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

٢١ - ١ - ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران هێرشی تورکیە بۆسەر عفرین مەحکوم دەکات

ماوەی چەند رۆژە سپای تورکیە لە  ئاسمان و زەویەوە  هێرشێکی بەرینی کردۆتە سەر دانیشتوانی شاری عفرین لە کوردستانی سوریە، بە داخەوە لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا چەندین کەس شەهیدو دەیان کەس بریندار بوون و زیانی زۆر بە ماڵ و شوێنی ژیانی خەڵک گەیشتوەو سەدان کەس ئاوارە بوون.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران هێرشی سپای تورکیە بۆ سەر کوردستانی سوریە کە پێچەوانە بەرنامەو بڕیارو پرینسیپە جیهانیەکانە بە توندی مەحکوم دەکات.

سازمانی خەبات داوا لە ناوەندە جیهانیەکان و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دەکات بە شێوەی جیددی کاربکەن بۆ کۆتایی هێنان بە هێرشی سپای تورکیە بۆ سەر کوردستانی سوریە.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

خەباتمێدیا:  ٢١ی ژانویە ٢٠١٨

## ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوی خەبات.ی شۆڕشگێڕی کوردستان سەبارەت بە هێرشی ئەرتەشی تورکیە بۆ سەر هەرێمی عەفرین لە ڕۆژاوای کوردستان

سەرچاوە
Serchawe

به ناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

ماوەی چەند ڕۆژێکە ئەرتەشی تورکیە بە تۆپباران و دواتریش بە بۆمباران و بەکارهێنانی هێزی زەمینیی هێرشێکی بەربلاوی کردۆتە سەر هەرێمی (عەفرین) و دەوروبەری لە ڕۆژاوای کوردستان. لە ئەنجامی ئەو هێرشانەدا تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێدیفاع و لە شەرڤانان بوونە قوربانیی.

ئێمە لە ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێری کوردستان ئەم هێرشەی دەوڵەتی تورکیە لەژێر هەر ناو و بە هەر بیانوویەک بێ مەحکووم دەکەین و بە دەستدرێژیی بۆ سەر خەڵک و خاکی گەلێکی مەزڵووم و مافخوراوی دەزانین. هاوکات هاودەردیی خۆمان بۆ گەلەکەمان و پشتیوانیی لە مافە ڕەواکانی لەو بەشەی کوردستان دەردەبڕین و، سەرەخۆشیی لە بنەماڵەی قوربانییەکان دەکەین و هیوای چاوکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین.
ئەوەی زیاتر جێی داخ و نیگەرانییە ئەوەیە کە ئەو دەستدرێژییە زۆر بە ئاشکرا و بە بەرچاوی هەموو دنیاوە دەکرێ، کەچی زلهێز و دەسەڵاتدارە دەستڕۆیشتووەکان نەک هەر دەنگیان لێ نایە بگرە واپێدەچی چرای سەوزیشیان بۆ دەسەڵاتدارانی تورکیە هەڵکردبێ.

ئێمە جارێکی دیکە پەلاماری ئەرتەشی تورکیە مەحکووم دەکەین و هاوکات داوا لە ڕێکخراوە مرۆڤدۆست و ئاشتیپارێزەکان و ئەو دەوڵەت و لایەنانەی کە بە ڕاستیی بە تەنگ ئارامیی جیهان و ناوچەکە و مافی مافخوراوانەوەن دەکەین گوشار بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی تورکیە تا هەرچی زووترە ئەو هێرش و دەستدرێژییە ڕاگرن.

ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێری کوردستان



سەرچاوە
Serchawe

کومیتەی ناوەندیی

٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاویی  ٢٢ - ١ - ٢٠١٨ی زایینیی

## لە ئەفرین و مهاباد ئاواتەکانی کۆماری کوردستان بە ئەنجام دەگەیەنین




یادی (٧٢)ەمین ساڵیادی کۆماری کوردستان لەکاتێکدا بەرز دەنرخێنین کە گەلەکەمان لە ڕۆژئاوای کوردستان، لە ژێر هێرشی دڕندانەی حکومەتی ا.ک.پ و داعش و کۆنەپەرەستاندا بەرخۆدان دەکات. کۆبانی سەرکەوتنی بە دەست هێنا و ئێستا عەفرین بووەتە تاقیگای بالانسی هێز. ڕۆژاوا لەسەرەتاکانی هەڵهاتنی خۆری ئازادیدایە و ماوەی ٥ ساڵە کار بۆ ئەوە دەکەن لە ناو بەرداشی دابەشکاریەکانی ناوچەکەدا پێگەیەکی شیاو و ئازاد بۆ گەل دەستەبەر بکرێت. ئازادی و چەسپاندنی پێگەیەکی شیاو بۆ گەلەکەمان لەو بەشەی کوردستاندا، هەنگاوێکی پتەوە بەرەوە گەشەی دیموکراسی و مەدەنیەت و دەستەبەرکردنی مافەکان و خۆبەڕێوەبەریەکی ئازاد، لە پێناو خوڵقاندنی کۆمەڵگایەکی دمۆکراتیک و کۆنفدرالیزمی دمۆکراتیک بۆ هەموو گەلانی ناوچەکە و لە پرۆسەی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی و ئابوری ڕۆژهەلاتی ناویندا، کە ئەوەش پێش لە دوبارە بوونەوەی سیناریۆکانی هێژمۆنخوازان بە دژی گەلەکەمان دەگرێت، کە پێشوتر گەلی ئێمە یەکێک لە قوربانییە گەورەکانی بوو. لە گەڵ یادکردنەوەی ساڵیادی کۆماری کوردستان، شەرێکی بە ئێش و ئازار لە بەرانبەر زیهنیەتی کۆنەپەرەستانە و فاشیستیانەی میراتخۆرانی عەقلیەتی ئیمپراتۆریەتی عۆسمانی و سەفەوی و دەستەبراکانی داعش لە ئارادایە، بەلام بەرخۆدانێکی بە ڕومەت و بە ئیرادە لە هەمبەریدا ڕاوەستاوە بۆ بەدیهێنانی ئازادی لە کوردستان.



سەرچاوە
Serchawe

دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد هەوڵێکی ئازادیخوازانە بوو بۆ هاتنەدی خۆبەڕێوەبەریەکی ئازاد و پێگەیەکی شیاو و دادپەروەرانە و ئازاد بۆ گەلی کورد. ئەو هەوڵە دوای شەڕی دوهەمی جیهانی و تێکچونی باڵانسی سیاسی- نیزامی لە ناوچەکە بوو کە دەرفەتێک خوڵقا بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئیفادەکردنی ئیرادەی ئازاد، ئەوەش سەلمێندرا کە دەکرێت لەناو بەرداشی زلهێزەکانی ئەو سەردەمەدا و هەبونی هێژمۆنخوازی دەوڵەت-نەتەوەی ئێران پێگەیەک بۆ کورد دروست بکرێت و ڕەوشەکەی ئەو سەردەم دەریخست، گەلی کوردستان ژینگەیەکی لەبار و کراوەیان هەیە بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و ئازادی و گرنگیدان بە بەهاکانی ئینسانی.

ئێستاش لەکاتێکدا یادی (٧٢)ەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەرز رادەگرین، کە رۆژهەلاتی ناوین تووشی قەیرانێکی گەورەی مرۆڤی و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ بوەتەوە و گەلانی ناوچەکە رووبەرووی هۆڤانەترین و دڕندانەترین کردەوەکان دەبنەوە لە لایەن دەوڵەتان و کێشەیەکی دستکرد بە ناوی داعش کە لە ناوەندی هێژمۆنخوازەکانی جیهانیەوە ساز کراوە بۆ بەدیهێنان و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیەکانیان و هەتا ئێستاش بە بێ شاردنەوە پاڵپشتیان دەکرێت. هاوکات لە ئێران گەورەترین پێشێلکارییەکان بە هەمان عەقلیەت بەرامبەر گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هەمو بەشەکانی کوردستان لە ئارادایە. دەسەڵاتدارانی تاران بە سەپاندنی سزای لەسێدارەدان و گرتن و راوەدونان و ئەشکەنجەکردن دەیانەوێت خواستەکانی گەلەکەمان بۆ ئازادی سەرکوت بکەن، هێزە کۆیلە و کۆنەپاریزەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە چەواشەکاری و فریوی گەل لە سەنگەری داگیرکەراندا دەیانەوێت هەمو کوردستان تەسلیم بە داگیرکەر بکەن و هاوکات دوژمنانی ئازادی، کوردوستانیان کردۆتە مەیدانی شەڕ و قەتڵگا.

ئەزمونی کۆماری کوردستان گەرای ناسنامەی کەسایەتی ئازادی سیاسی و نەتەوەیی بۆ گەلەکەمان چاندوە، کە پێداگرمان دەکات لەسەر کارکردن و بەردەوامیدان بۆ هاتنەدی ئازادی و گەشەپێدانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و خۆبەڕێوەبەری دێمۆکراتیک.

هاوکات لە گەڵ پیرۆز کردنی یادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان سڵاوی خۆمان ئاراستەی خۆڕاگری و بەرخۆدانی بێوینە و شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان دەکەین و سەری ڕێز و نەوازش دادەنین بۆ هەموو شەهیدانی ئەو شۆڕشە و سەرجەم شەهیدەکانی ڕێگەی ئازادی و رزگاری وڵاتەکەمان.

هاوسەرۆکایەتی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان(پژاک)



سەرچاوە
Serchawe

سەرچاوە: ماڵپەڕی پلاتفۆرمی زاگرۆس - ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٨

## بارزانی، نیگەرانی خۆی بەرامبەر هێرەشەکان بۆ سەر عەفرین دەربڕی




مەسعود بارزانی ،نیگەرانی خۆی بەرامبەر هێرشکانی سوپای تورکیا سەر عەفرین دەربڕی، لە پەیامێکدا داوا دەدکات بە زووترین کات ئەو پەلامارانە ڕاوەستن و گیانی هاوولاتیان پارێزراو بێت و چیتر لەوە زیاتر تەشەنە نەکات،

### دەقی پەیامی مەسعود بارزانی:

به ناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بە هێرش و بوردمانەکانی سوپای تورکیا و چەند لایەنێکی تر بۆ سەر شاری عەفرین و گیانلەدەستدان و قوربانیبوونی خەڵکی سڤیلی ئەو شارە زۆر نیگەرانین.

هیواداارین بە زووترین کات ئەو پەلامارانە ڕاوەستن و گیانی هاوولاتیان پارێزراو بێت و چیتر لەوە زیاتر تەشەنە نەکات و کارەسات و دەرئەنجامی خراپی لێ نەکەوێتەوە. بەپێی هەموو ئەزموونەکانی ناوچەکە، بە شەڕ و توندوتیژی قەیران و کێشەکان قووڵتر و فراوانتر دەبن. باشترین ڕێگە ئەوەیە بە شێوازی ئاشتیانە چارەسەری قەیران و کێشەکانی ناوچەکە بکرێت.

مەسعوود بارزانی

٢٢ - ١ - ٢٠١٨

## پەیامێک لە کۆسرەت ڕەسولەوە لەبارەی هێرشەکانی سەر عەفرین



کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتی داوا دەکات تورکیا هێرەش و ئۆپەراسیۆنەکانی بۆسەر عەفرین ڕابگرێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بێدەنگ نەبێت.

ئەمڕۆ دووشەممە بەرواری ٢٢ - ١ - ٢٠١٨ کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەیامێکی بڵاو کردەوە:

دەقی پەیامەکەی کۆسرەت ڕەسوڵ:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

زۆر بەداخەوە لە چەند رۆژی رابردووەوە سوپای تورکیاو چەند هێزێکی تر ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی گەورەیان بۆ سەر عەفرینی رۆژئاوای کوردستان دەستپێکردووە، ئەم هەنگاوە مایەی نیگەرانی هەموومانەو داواکارین هەرچی زووە تورکیا ئەو هێرشانە بوەستێنێ و چیتر خەڵکی سڤیل نەکرێنە قوربانی ململانێ سیاسی و سەربازییەکان.

روون و ئاشکرایە کە گەلی کورد بەدرێژایی مێژووی تا بەمرۆ دەگات، هەمیشە ویستوویەتی بەشێوەیەکی ئاشتیانەو لە کەشێکی دیموکراسیدا ژیان بکات، بەڵام بەداخەوە هەمیشە بە چەک وەڵام دراوینەتەوەو هێرش کراوەتە سەرمان، ئەم ئۆپەراسیۆنەش بە درێژکراوەی ئەو سیاسەتە دەزانین و داواکارین لە وڵاتانی زلهێزی دنیاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەزووترین کات لەدژی ئەو هێرشانە بێنە دەنگ و بیوەستێنن، هەروەک گیان و ژیانی سەرجەم هاووڵاتیانی عەفرین لە ئەستۆی هێرشکارانەو پێویستە ژیانێکی ئازاد و سەلامەت بژین، ئەزموونی بەرەنگاربوونەوەو لەناوبردنی تاریکپەرستان و تیرۆرستان دەریخست کە ئیرادەی گەلەکەمان لە ڕۆژئاوا چەندە بەهێزەو هەر ئەو ئیرادە بەهێزەشە بۆتە هەوێنی ئاشتی و. ئارامی و پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان لە ڕۆژئاوادا، مێژووش پێمان دەڵێ کە ئیرادەی گەلی کورد بەهێز ناشکێ، بۆیە باشترین ڕێگا بۆ چارەسەری کێشەکان ڕێگای دیالۆگ و ئاشتی و کۆبوونەوەیە لەسەر مێزی دانوستان.

کۆسرەت ڕەسول عەلی

جێگری سکرتێری گشتی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

**یەکێتی: ئەمساڵ نەورۆزی کۆڵنەدان دەبێت**



ئەمڕۆ دووشەممە ٢٠١٨/٣/١٩ ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕاگەیەنراوێکی لەژێر ناوی نەورۆزی کۆڵنەدان بڵاوکردەوە سەبارەت بە جەژنی نەورۆز و عەفرین.

## نەورۆزی کۆڵنەدان!

گەلی کوردستان هەموو ساڵێک لە ساڵیادی جەژنی نەورۆزدا، یادی خەبات و سەرکەوتنی گەلێکی بندەست و بۆ ئازادی و سەرفرازی و بەهاری ئازادی و ڕاپەڕین و یادی ڕزگارکردنی کەرکوکی کوردستان دەکاتەوە. هاوکاتیش وەک بۆنەی جۆشدانەوەی خەبات بۆ ڕزگاری و ئازادی بەرز ڕادەگیرێ.

بەڵام بەداخەوە ئەمساڵ هاوکاتی جەژنەکانی نەورۆزو ڕاپەڕین، بەهۆی پیلان و سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی هەندێک لە وڵاتان و هاوکات، خۆ بێدەنگکردن و بێ هەڵوێستی نێودەوڵەتی و بە بەرچاوی ئازادیخوازو دیموکراسیخوازو مرۆڤدۆستانی دونیاوە، کانتۆنی عەفرین و گەلی ڕۆژئاوای کوردستان ڕووبەڕوی داگیرکاری و کۆمەڵکوژی سوپای تورکیاو میلیشیا توندڕەوەکان و پیلانێکی ڕەشی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەبێتەوە، بەمەش پێدەچێت مێژوو ڕاستی گووتبێت "گەلی کوردستان تەنها چیاکان دۆستیانن."

وێڕای ئەوەی هەرچی جۆرە شەڕو پێکدادن و خوێنرشتنێک هەیە بە ناڕەواو نادروست دەزانین، جەختیش لەوە دەکەینەوە، خوازیاری چارەسەری ئاشتیانەو گفتوگۆی بنیاتنەرانەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. دڵنیاشین، کە خەباتی ڕزگاریخوازانەو دیموکراسیانەو گیانی بەرگری و ئیرادەی بەهێزی گەلەکەمان لە ڕۆژئاوا، درێژەی دەبێت. مێژوویش سەلماندوویەتی، کە بە پیلان و شکستی سەربازی، دۆزی ڕەوای گەلانی بندەست چارەسەر ناکرێ، بەڵکو سەلماندنی مافە نەتەوەیی و دیموکراسیەکانیان و ڕێگاچارەی ئاشتیانە تاکە چارەسەرە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەگەرچی لە ئێستاو عەفرین داگیرکراوەو گەلەکەمان لە رۆژئاوا رووبەڕوی پەلامارو نەهامەتیی بۆتەوە، بەڵام ئاینده هەر بۆ مافی ڕەوای گەلانی بندەست و چەسپاندنی مافی چارەی خۆنووسینی گەلە ئازادو دیموکراسیخوازەکان دەبێت.

گەلی رۆژئاوای کوردستان و هێزە تێکۆشەرەکانی، لە چوار ساڵی ڕابوردودا، جوامێرانە رووبەڕوی تیرۆریستانی داعش و بەرەی نوسرەو هەموو ئەو توندڕەوانە بوونەوە، کە ئەمڕۆ بەشێکیان بەناو و ناسنامەی تر پەلاماری عەفرین دەدەن، کە مەترسی ڕاستەقینەن بۆ سەر تەواوی مرۆڤایەتی. ئەوکاتیش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایگەیاند، کە گەلی کوردستان خوازیارە تەنها وەک جەنگاوەرێکی ئازا تەماشا نەکری، بەڵکو لە سەڵماندنی مافە دیموکراسیەکانیشیدا پاڵپشتی بکرێ.

داواکارین کۆمەڵی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان، لە بەرامبەر پێشلکارییەکان و داگیرکردن و پەلاماردانی عەفرین و گەلی رۆژئاوای کوردستان بێنە دەنگ. لەرووی مرۆییەوە بەهانای ئاوارەو بریندارەکان بچن. فشاری ڕاستەقینە بکەن بۆ راگرتنی پەلامارەکان و لێکۆلینەوەی ڕاستەقینەش لە پێشلکاریی و تاوانەکانی جەنگ بکەن.

خوازیارین، گەلەکەمان و هێزە سیاسیەکانی، نەورۆزی ئەمساڵ بکەین بە نەورۆزی کۆڵنەدان و بۆنەی رێکخستنەوەو یەکخستنەوەی رێزەکانمان، بۆ بەردەوامیدان بە خەباتی دیموکراسیانە، بۆ بەدیهێنانی تەواوی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان.

لە نەورۆزی کۆڵنەداندا، سڵاو بۆ (عەفرین)ی بریندارو خۆڕاگر دەنێرین. سڵاو بۆ کەرکوکی کوردستان، کە نەورۆز هاوکاتی یادی (٢٧) ساڵەی رزگارکردنێتی، سڵاو خانەقین و خورماتوو و شەنگال و هەموو ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوەکان، کە هەمیشە بە کوردستانی دەمێننەوە. سڵاو لەگەلی کوردستان، لە کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و پێشمەرگەو تێکۆشەرە قارەمانەکانی گەلەکەمان.

راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

١٩ - ٣ - ٢٠١٨

## یەکگرتوو لەسەر داگیرکردنی عەفرین بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە

ئەنجومەنی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەسەر داگیرکردنی عەفرین لەلایەن تورکیاو سوپای ئازادەوە بەیاننامەیەکە بڵاوکردەوە.

بەیاننامەی ئیدانەی ڕوداوەکانی عەفرین لەلایەن ئەنجومەنی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

جەماوەری بەشەرەفی کوردستان..

هێزولایەنە سیاسیەکان...

کورد و کوردستانیانی جیهان...

بەداخەوە جارێکی دیکە لە مانگی ئازار دا گەلەکەمان لە عەفرین ڕوبەڕوی ئازار وناسۆریەکی دیکە بووەوە ، دوای دوو مانگ لە بەرگریی و ڕوبەڕوبونەوە دواجار بە پشت تێکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ماف و ئیرادەی گەلەکەمان بووە قوربانی بەرژەوەندی زلهێزەکان، کوردانی عەفرین ڕوبەڕوی ئاوارەیی و دەربەدەریی و کوشت و بڕین بونەوە و بەشێک لە خاکەکەشمان لەلایەن سوپای تورکیا و هەندێک لە چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنی سوریاوە داگیرکرا.



سەرچاوە
Serchawe

ئێمە لە یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، وێڕای هاوخەمی و هاوسۆزیمان بۆ کوردانی ڕۆژئاوا، ئیدانەی ئەم کارەساتە دەکەیـن کە بەرامـبەر بە گەل و خاکمـان ئەنجـام دراوە ، داواکـارین لە کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی بەرامـبەر ئەم سیاسەتە دوژمنکاریەی کە دژ بە گەلەکەمان کراوە بێ دەنگ نەبێت، سنورێک بۆ ئەو جۆرە سیاسەتانە دابنێت و بە هانای گەلەکەمانەوە بێت و چارەسەرێکی سیاسیانە و ئینسانیی ئەو پرسە بکرێت.

ستەم لەهەرکەسێکەوە بێت و لە ژێر هەر ناونیشانێکدا بێت ، بەرامبەر هەر کەسێک بکرێت، لەلایەن یەکگرتـووی ئیسلامیەوە ڕەتکراوەیە و دژی دەوەستینەوە.
جـارێکی دیکە دوپـاتی دەکەیـنەوە کە ڕوبەڕوبـونەوەی ئەم جـۆرە ڕوداوانە پێویـستی بە یەکڕیزیـی سـەرجەم لایەنە کوردستـانیەکانە.

سەرکەوتووبێت ئیرادەی گەلەکەمان...

ئەنجومەنی سیاسی

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

١٩ - ٣ - ٢٠١٨

## هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری ڕاگەیەنراوێکی لەبارەی عەفرینەوە بڵاوکردەوە



سەرچاوە
Serchawe

هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی دۆخی کانتۆنی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند،

راگەیەندراوێک لە وتەبێژی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری لەسەردۆخی عەفرین

هاوڵاتیانی سەربەرز

ئێمە لە هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری، بەتوندی نارەزایی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بە هێرشی ناڕەوا بۆ سەر عەفرین، ئەم پەلاماردان و هێرشە کە بووەتە هۆی شەهیدکردنی دەیان کەسی مەدەنی لە خەڵکی ناوچەکەو لەهەمانکاتیشدا بووەتە هۆی وێرانکردنی ناوچەکەو قوڵکردنەوەی پشێووی و ئاڵۆزی و ئاوارەبوونی دانیشتوانی ناوچەکە.

ئێمە لە هاوپەیمانی پێشتریش رامانگەیاندووە، چارەسەری پرسەکان ناکرێت لە ڕێگەی هێزو توندوتیژییەوە بێت، بۆیە داوادەکەین هەرچی زووە هێرش و پەلاماردانی سەر عەفرین ڕاگیرێت، هەروەها داواکارین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە جیهانییەکان و خەمخۆرانی مافەکانی مرۆڤ، ڕێگری بکەن لە تاوانکاری زیاتر و بەخێرایی بەدەم خەڵکی ناوچەکەوە بچن تا کارەساتی مرۆیی زیاتر روونەدات، هەروەها داواکارین لە حکومەتی هەرێمیش پەلەبکەن لە وەی هاوکاری و پێداویستی دابین بکەن بۆ بەدەمەوە چوونی خەڵکی ئاوارە و دابینکردنی هاوکاری پزیشکی بۆ بریندارەکان.

سەربەرزی بۆ خەڵکی کوردستان

ئارامی و سەبوری بۆ کەسوکاری قوربانیان

شادبێت ڕۆحی شەهیدان

هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری

١٩ - ٣ - ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## کەجەکە: بەرخۆدان لەناو عەفرین بەردەوامە



ئەمڕۆیەک شەممە ١٨ - ٣ - ٢٠١٨، هاوسەرۆکایەتیی کۆنسەی بەڕێوبەریی کۆماجڤاکێن کوردستان(کەجەکە) ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و لەگەڵ پیرۆز کردنی نەورۆز، چەند پەیامێکی گرنگی لە بارەی نەورۆزی ٢٠١٨ و بەرخۆدانی عەفرینەوە بڵاوکردەوە.

*دەقی ڕاگەیەندراوەکەی کەجەکە:*

بە تێکۆشانێکی گەورەوە پێشوازیی دەکەین لە نەورۆزی ٢٠١٨، لە نەورۆزی ئەمساڵدا بەرخۆدانی عەفرین هاتە ئاراوە، شەڕڤانان بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی و ڕێگریکردن لە ڕووخاندنی شارەکە دەستیان لە شەڕی ناو سەنگەرەکان هەڵگرت، بەڵام بەرخۆدان لە ناو شاری عەفرین و گوندەکانی دەوروبەری بەردەوامە.

بەرخۆدێران بۆ ماوەی دوو مانگ لە ناو شارێکی بچوکدا گورزی کوشندەیان لە دووەمین سوپای ناتۆ دا، ئەو ئیرادەیەی لە عەفرین پیشاندرا بۆ بەرخۆدان، گەرەنتی و مسۆگەرکەری سەرکەوتنی گەلی کوردە لە هەموو پارچەکان، گەلی کورد کە دەیان ساڵە ئیرادەی خۆی بە دروشمی "بە دڵنیاییەوە سەردەکەوین" پیشان داوە، جارێکی دیکە ئەو ئیرادەیەی پیشاندا.



سەرچاوە
Serchawe

بەرخۆدانی نەورۆز بە ڕۆحی عەفرینەوە بەردەوامە، لە باکوری کوردستانیش بەرخۆدان بەردەوامە، بە بەرخۆدانەوە پێشوازیی لە نەورۆز دەکەین، ئەوانە دەیسەلمێنن، کە ئەمساڵ بەتەواوی ساڵی تێکۆشانە.

لە ئێستادا شەڕی سێیەمی جیهانیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڕێوەدەچێت، ئەو شەڕە بە تکۆشانی گەلی کورد بۆ ئازادیی و لەلایەکی دیکەوە هەولدانی هێزە قڕکەرەکان بۆ داگیرکاریی بەردەوامی هەیە، فاشیزمی ئاکەپە و مەهەپە هەوڵ دەدات بە هێرشکردن لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، بەڵام ڕۆژی کۆتاییان نزیکە، دەستپێکردنی هێرش بۆ سەر عەفرین بە واتای دەستپێکی ڕووخان و کۆتاییهاتنی فاشیزمی ئاکەپە و مەهەپەیە، گەلەکەمان و هەموو گەلانی جیهان ئەوە دەبینن.

گەلەکەمان بە ورەوە نەورۆزی ٢٠١٨ پیرۆزدەکەن و ساڵی ٢٠١٨ دەکەنە ساڵی گەشەپێدان و بەرفراوانکردنی تێکۆشانی ئازادیی و دیموکراسیی، نەورۆز ئەو ڕۆژەیە کە هەڵوێستی دیموکراسیی ئازادیی و ئیرادەی تێکۆشانی گەلی کورد تێیدا پیشان دەدرێت، ئیرادەیەک کە دەیان و سەدان و هەزاران ساڵە لە نەورۆزدا گەش دەبێتەوە، وەک چۆن گەلی کورد نەورۆزی ساڵی پاری کردە هیوای ئازدیی بۆ گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەرخۆدانی گەلی کورد لە ئێستادا بەهێزترە لە هەمیشە و لە هەر چوار پارچە نزیک بووەتەوە لە ئازادیی.

گەلی کورد بە تایبەتی لە تێکۆشانی چەند ١٠ ساڵی ڕابردوودا، وەک چۆن ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت، "بوون بە گەلی نەورۆز بوون بە گەلێکی خاوەن ئیرادەیە بۆ گەیشتن بە ئازادیی"، زەحمەتی و ئاستەنگی هەر چی بێت گرنگ نییە، گەلی کورد بە ڕۆحییەتی گەلی نەورۆز تێکۆشان بەرز دەکاتەوە، دوژمنی دیموکراسیی تێکدەشکێنێت و ئازادیی سەردەخات، فاشیزمی ئاکەپە و مەهەپەش کە لە ئێستادا هەوڵ دەدا بە زۆرداریی و فشار لە سەر پێ بمێنێتەوە لەلایەن گەلەکەمانەوە تێکدەچێت. پارچەبوون و نەبوونی یەکێتی لەناو گەلی کورددا کەموکورتیی گەورەیە.

کەجەکە، بانگەوازیی لە گەلی کورد و هەموو گەلان دەکات، کە لە دۆخی جەنگی سێیەمی جیهانی دا بۆ گەیشتن بە ژیانێکی دیموکرات و ئازاد لە دەوری بزووتنەوەی "مەد"ی هاودەم دا کۆببنەوە و ڕاپەڕن و نەورۆز بکەنە مەشخەڵی سەرکەوتن.

## فراكسیۆنی سەوز: لەبارەی عەفرینەوە ،بەیاننامەیەكی بڵاو كردەوە



فراكسیۆنی سەوز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، لەسەر داگیركردنی عەفرین لەلایەن سوپای توركیاو چەكدارە میلیشیاكانی هاوپەیمانی ئەو سوپایەوە راگەیەنراوێكی بڵاوكردەوە.

راگەیەنراوێک لە فراكسیۆنی سەوز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەبارەی داگیركردنی (عەفرین)ەوە

دوو مانگی ڕەبەقە، عەفرین و گەلی رۆژئاوا، لەژێر بوردومانو پەلاماری دڕندرانەی سوپای توركیاو ملیشیا توندڕەوەكانی هاوپەیمانیدایە، كە جگە لە وێرانكردنی ژێرخان و سەرخانی شارەكە، سەدان هاووڵاتی سڤیل و بێگوناح، كە لەنێویاندا منانی ساواو پیرو پەككەوتە هەیە، شەهیدبوون و سەدانی تریش بریندداربوونەو هەزاران هاووڵاتیش ئاوارەبوون.
دوێنێ (١٨)ی ئازار دوای شەست رۆژ لە بەرگری قارەمانانەی گەلی ئازادیخوازی رۆژئاوای كوردستان، سوپای توركیاو توندڕەوەكانی هاوپەیمانی سەنتەری شاری (عەفرین)یان داگیركردو ڕەشەكوژی و وێرانكاری زۆریان ئەنجامداوەو هەزارانی هاووڵاتی تریش ئاوارەبوون.

ئەوەی مایەی نیگەرانیەكی قوڵە، نەتەوە یەكگرتووەكان و كۆمەڵگای نێودەوڵەتی و زلهێزانی دنیا، لە بەرامبەر پێشلكردنی یاسا نێودەوڵەتیەكان و پەیماننامەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان، دیسانەوە بێدەنگیان هەڵبژاردووە، لەئاست تاوانی جەنگ و دەستدرێژی و كۆمەڵكوژی هاووڵاتیانی عەفرین و رۆژئاواو سوریادا بێ هەڵوێستن.

رۆژئاوا لە چوار ساڵی رابردوودا، لەجیاتی هەموو جیهان شەڕی گەورەترین و دڕندەترین رێكخراوی تیرۆرستیان

کرد، کە (داعش) بوو، وڵاتانی ناو هاوپەیمانی شەڕی دژ بە داعش، ستایشی ئازایەتی و قوربانیدانی ڕۆژئاوایان دەکرد، کەچی ئێستا بە بێدەنگی و بێ هەڵوێستی پاداشتیان دەدەنەوەو تورکیاشیان زیاتر هارکردووە.

فراکسیۆنی سەوز، بەتوندی ئیدانەی داگیرکردنی عەفرین و پەلامارو تاوانەکانی تورکیاو میلیشیا توندڕەوەکانی هاوپەیمانی دەکەین بۆ سەر ڕۆژئاواو سوریا، داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دەکەین، بێدەنگی بشکێنن و بەهانای ڕۆژئاواو سوریاوە بچن سنورێک پێشێلکارییەکانی تورکیا دابنێن و هاوکاری لێقەوماوان و ئاوارەو بریندارەکان بکەن و لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینەش لە تاوانەکانی جەنگ و کۆمەڵکوژییەکان بکەن، کە ڕوویانداوە.

فراکسیۆنی سەوز

لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق

١٩ - ٣ - ٢٠١٨

## پەکەکە: ڕاگەیەندراوێکی بلاو کردەوە



کۆمیتەی بەڕێوبەریی پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە، لە بارەی بەرخۆدانی عەفرین و نەورۆزدا ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند،

*دەقی ڕاگەیەندراوەکەی پەکەکە:*

ئێمە وەک بزووتنەوە و گەلەکەمان بە گەشکردنی بەرخۆدانی سەردەم پێشوازی لەم نەورۆزە دەکەین، کە جەژنی بەرخۆدانی مێژوویی و یەکێتی و ئازادی لە دژی هێرشی سوپای تورکە، نەورۆزی ٢٦٣١ دەبێتە نەورۆزی بەرخۆدانی عەفرین، شەڕڤانان لە عەفرین ماوەی دوو مانگە کە قارەمانانە بەرخۆدان دەکەن، گەلەکەمان لە چوار پارچەی کوردستان لەو دوو مانگەدا بە هەموو جۆرەکان پشتگیریی بەرخۆدانی سەردەمیان کردووە، لەو چوارچێوەیەدا هەموو شوێنێک دەکەنە عەفرین و هەموو ڕۆژێک دەکەن ڕۆژی بەرخۆدان، نەورۆزی ئەمساڵ بە بەرخۆدانی سەردەمەوە دەگاتە واتای ڕاستینی خۆی.

لە سەر ئەو بنەمایەش بەرخۆدانی ئازادیی عەفرین لە ڕۆژی نەورۆزدا بەرز دەنرخێنین و لە گەڵە قارەمانەکەمان، لە شەڕڤانان و فەرماندەکانی یەپەژە، یەپەگە و قەسەدە پیرۆزی دەکەین، هەموو شەهیدانی بەرخۆدانی سەردەم بە تایبەتی ئاڤێستا خابوور بە ڕێزەوە بەبیردێنینەوە، باوەڕمان وایە بەرخۆدان لە ئەنجامدا سەردەکەوێت و دەبێتە دیاریکەری ڕاستی لە سەدەی ٢١ دا.

جەژنی نەورۆز، جەژنی بەرخۆدان و ئازادی و یەکێتی لە ڕێبەر عەبدوڵا ئۆجالان و لە وڵاتپارێزان و هەموو ژنان و هێزە شۆڕشگێڕەکان و هەموو گەلەکەمان پیرۆزدەکەین، لە نەورۆزی نوێدا هیوای سەرکەوتن بۆ دیموکراسی و ئازادی دەخوازین، هەروەها بە ڕێزەوە یادی هەموو شەهیدانی گەورەی نەورۆز دەگەینەوە.

پێمان سەیر نییە سوپای تورک کە سەدان ساڵە هێرشی قڕکەر دەکاتە سەر گەلەکەمان، ئێستا هێرشی کردووەتە سەر عەفرین، سەیر نییە لامان کە عەفرین وێران دەکات و دەستیکردووە بە کۆمەڵکوژکردنی خەڵک، ئەو هێزە سەدان ساڵە لە ئامەد، سەرحەد، دەرسیم، بۆتان، مێردین، مەرعەش و جولەمێرگ هەرئەوەی کردووە کە لە ئێستا دا لە عەفرین ئەنجامی دەدات، بەگوێرەی ڕاستیی باوەڕی فاشیستیان دەجووڵێنەوە، ئێمەش سەدان ساڵی دیکە بە باوەڕمانەوە لە دژی بەرخۆدان دەکەین و شەهید دەدەین، ئێستا گەلی کورد لە عەفرین بەرخۆدان دەکەن، هەموو

گەلەکەمان بە ئاشکرای دەبینن کە ساڵی نوێ بە بەرخۆدانی ئازادیدا گەش دەبێت و دیکتاتۆرییەتی فاشیستی تێکدەشکێت.

ئێمە لە هێرشی دیکتاتۆرییەتێکی فاشیستی بۆ سەر گەلەکەمان تێدەگەین، بەڵام لەوە تێناگەین کە باڵادەستەکانی جیهان کە خۆیان بە خاوەنی دیموکراسی دەزانن ئاوا لە بەرامبەر فاشیزم دا بێدەنگن، ماوەی دوو مانگە کە سوپای فاشیستی ئەردۆغان لە عەفرین خەڵک دەکوژێت، بێگومان بەبێ پستگیریی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمریکا، ناتۆ، یەکێتی ئەوروپا، ڕوسیا، ئێران و ڕژێمی ئەسەد نەیدەتوانی ئەو هێرشە بەم شێوەیە ئەنجام بدات، لێرەدا دەڵێین، ئەوانەی کە چاویان داخستووە بە سەر کۆمەڵکوژکردنی عەفریندا، ئەوانەی پشتگیرییان کردووە و بێدەنگ ماونەتەوە، جارێکی دیکەوە بە خۆیاندا بچنەوە، چونکە ئەوەی دوێنێ داعش بە هێرش بۆ سەر کۆبانێ ئەنجامدا، ئەمڕۆ سوپای ئوردۆغان لە عەفرین ئەنجامی دەدات.

ئاشکرایە کە هێرشی سوپای داگیرکەر بۆ سەر عەفرین، نەک تەنیا بۆ سەر خەڵکی عەفرین، بەڵکو بۆ سەر هەموو گەلی کورد، گەلانی ناوچەکە و هێزە دیموکراسیخوازەکانە، بەڵام عەفرین بەرخۆدان دەکات، عەفرین بۆ پاراستنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرتاسەری کوردستان بەرخۆدان دەکات، دەیانەوێت کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدیموکراتی بکەن و سەدەی ٢١ بکەنە سەدەی ئازادی و دیموکراسی، هەوڵ دەدەن کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیی ڕێبەر ئاپۆ پێک بێنن، ڕاستیی بەرخۆدان و ئازدیی نەورۆز لەم ڕۆژانەدا دەگەیەننە واتای خۆی.

لەو بەرخۆدانێکی وەها گەورەوە دەتوانی ئیلهام وەربگرین، پاشان هەڵوێستێکی هاوبەش و یەکگرتوو پیشان بدەین، ئەوە دەبێتە جێبەجێکردنی ئەرکێکی مێژوویی، گەلی عەفرین و هێزەکانی بەرگری لە گەل ماوەی دوو مانگە بەرخۆدان دەکەن، ئێستاش ئەرک کەوتووەتە سەر شانی هەمووان، کە هەموو شوێنێک بکەنە عەفرین و هەموو کاتێکیش بکەنە بەرخۆدان، ئەگەر بەرخۆدان لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بڵاوببێتەوە، هەروەها لە ئەوروپا و وڵاتانی دیکەی جیهانیش بەرخودان تەشەنە بکات، هێرسی حکومەتی فاشیستی تێکدەشکێت و، بەتایبەتی هەنگاوی شۆرش لە باکوری کوردستان دەبێت لە سەر ئەو بنەمایە دەستپێبکات، کە دەسەڵاتداریی فاشیستیی ئاکەپە و مەهەپە تێک بشکێنێت کە بووەتە بەڵای سەری مرۆڤایەتی.



سەرچاوە
Serchawe

له سه رئەو بنەمایه بەرخۆدانی سەردەمی عەفرین جارێکی دیکه بەرز دەنرخێنین، نەورۆز له ڕێبەر عەبدوڵا ئۆجالان و بەرخۆدێرانی عەفرین پیرۆز دەکەین و به هەموان دەڵێین، که له دژی داگیرکاریی حکومەتی تورکدا بێدەنگ نەبن و بانگەوازیی هەموو کەسێکیش دەکەین، که داگیرکاریی حکومەتی تورک تێک بشکێنن به عەفرینێکی ئازادەوه هەوڵ بۆ ئازادکردنی سەرتاسەری جیهان بدەن.

کۆمیتەی بەڕێوبەریی پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکه

## شەر له عەفرین دگۆڕێت بۆ تەکنیکی پارتیزانی.



ئیدارەی خۆجێی دیموکراتی کانتۆنی عەفرین، ئەمرۆ یەکشەممه ١٨ - ٣ - ٢٠١٨، لەدوای هاتنه ناوەوەی سوپای تورکیاو هێزەکانی "سوپای ئازاد" ڕایانگەیاند که شەرش له عەفرین دگۆڕێت بۆ تەکنیکی پارتیزانی.

دەقی ڕاگەیێندراوی بەڕێوبەرایەتیی خۆسەری دیموکراتی له کانتۆنی عەفرین:

٥٨ ڕۆژه دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ پاشماوەکانی داعش و چەتەکان دژی کانتۆنی عەفرین و ئیرادەی گەلی کورد شەڕێکی سەخت و دژوار به ئامانجی داگیرکاری دەکات، بۆئەوەی گەلی ڕەسەنی ناوچەکه که به هەزاران ساڵه له ناوچەکەدان کۆچبەر بکات و گۆڕانکاریی دیموگرافی له ناوچەکەدا بکات و کەسانی بیانی بێنێته ئەو ناوچانه و ناسنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی نەهێڵێت.

دەوڵەتی تورکیا بە تەنیا ئەم کارەی نەکرد، بەڵکو بە هاوبەشی لەگەڵ دەوڵەتی رووسیا کە گڵۆپی سەوزی بۆ پێکرد، واتە ئەو هێرشەی ئەمڕۆ دەکرێت هێرشێکی هاوبەشە و بە بڕیاری رووسیایە، بۆیە بێدەنگی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە هەیە لەماوەی ئەو ٥٨ رۆژەی کە قڕکردن و کۆمەڵکوژی دەکرێت، بەڕاستی دەوڵەتی تورک بە هەموو توانیایەکی سەردەم و تەکنیکی پێشکەوتوو لەبەرامبەر کۆمەڵگەی سڤیل و شەرڤانانی یەپەگە و یەپەژە و هەسەدە، کە تاوەکو ئێستاش هەوڵی تێکشکاندنی ئەو هێرشە دەدەن، چونکە ئەو هێرشە تەنیا بەرامبەر ئیرادەی گەلی کورد و گەلی عەفرین نییە، بەڵکو بەرامبەر گەلی باکووری سووریایە بەگشتی، بۆیە خۆڕاگری باکووری سووریا و بلۆکی دیموکراتیخواز لەماوەی ئەو ٥٨ رۆژەدا، خۆڕاگرییەکی پیرۆز و مێژوویی بوو، تاوەکو ئێستاش ئەو خۆڕاگرییە بەردەوامە.

ئەگەر ئەمڕۆ ئەردۆغان و دەوڵەتی چەتەی سەردەست دەڵێ من سەرکەتووم و عەفرینم داگیرکردووە، با بزانێت تاوەکو ئێستاش گەلی ئێمە و شەرڤانانی ئێمە لە هەر گوندێک و ناوەندی شاردا تاوەکو ئەو ساتە شەڕی ئەوان لەبەرامبەر ئەو داگیرکەرییە بەردەوامە، ئەو سەرکەوتنەی ئەردۆغان باسی لێوە دەکات، ئێمە دەڵێین سەرکەوتنی گەلی کوردە، سەرکەوتنی ئەو شەرڤانانەیە کە تاوەکو ئەو ساتە بە سەدانیان خۆیان فیداکردووە لەبەرامبەر ئەو داگیرکارییە.

دەوڵەتێکی ناتۆ بە هەموو تەکنیکە پێشکەوتووەکانی لە سێ رۆژدا ئەمڕۆ ٥٨ رۆژە هیچ ئامانجێکی بەدەستنە هێناوە، لەمەودواش بەرخودان و فیداکاری چ لەڕووی سەربازییەوە بێت و چ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بێت بەردەوامدەبێت و بەهیچ شێوەیەک داگیرکاری و کەوتنی عەفرین قبووڵ ناکەن، ئەو شەڕە بەردەوامدەبێت تاوەکو داگیرکاری لە گشت کانتۆنی عەفرین دەردەکەوێت، بۆ ئەوەش بانگەوازی ئێمە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی ئەوەیە لە هەڵوێستی کەڕ و لاڵی خۆی لەبەرامبەر وەحشییەتی دەوڵەتی تورکیا بێتەدەنگ و هەڵوێستی خۆی بنوێنێت، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ بەسەر گەلی عەفریندا دێت، سبەی بەگشتی بەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دێت، سبەی ئەردۆغان دەبێتە بەڵایەک بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی، چونکە سەرکێشی تیرۆر و چەتەکانی داعش و بەرەی نووسرە و کە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دروستدەکرێن، لە ئەنقەرە پێشوازی دەکرێن و پەروەردەدەکرێن و بەسەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بڵاودەکرێنەوە، بینیمان چۆن ئەمڕۆ ئەردۆغان بە تیرۆر هەڕەشە لە جیهان دەکات، بانگەوازی ئێمە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە بۆ گەلی کورد و گەلی عەفرین و ئەو بەرخودانییەی دەکرێت، خاوەن هەڵوێست بن.

بۆئەوەی خەڵکی عەفرین نەکەونە ژێر هەڕەشەی تۆپباران و بۆردوومان و شەڕ و کوشتار، وەکو هەنگاوێک بەرەو شەهبا و شێراوە چوون، ئەمەش بەو مانایە نییە عەفرین داگیرکرابێت، ئەمە راستنییە. داگیرکاران دەتوانن ئاڵای خۆیان بەرزبکەنەوە و بێنە نێو عەفرین، بەڵام ناتوانن ئیرادەی کۆمەڵگە تێکبشکێنن.

١٨ - ٣ - ٢٠١٨

## بەڕێوەبەریی عەفرین: لە هەموو شوێنێکی عەفرین بەرخۆدان بەردەوامە



ئێوارەی ئەمڕۆ یەک شەممە ١٨ - ٨ - ٢٠١٨، بەڕێوەبەریی خۆسەری دیموکراتیی کانتۆنی عەفرین، لەسەر دوایین دۆخی ئێستای عەفرین، کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسییان بە ئامادەبوونی نوێنەرانی دامودەزگاکانی عەفرین و هێزەکانی یەپەگە و یەپەژە و قەسەدە لە کانتۆنی شەهبا ئەنجامدا.

*لە کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەدا، عوسمان شێخ عیسا، هاوسەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبەریی عەفرین، لێدوانێکی خوێندەوە:*

*دەقی لیدوانەکە:*

لە عەفرین قڕکردن و بەزۆر کۆچبەرکردن بەڕێوەدەچێت، بە سەدان هاوڵاتی مەدەنی ڕووبەڕووی هەموو جۆرە هێرشێک بوونەوە، ئەنجامەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەرکە مرۆیی و سیاسییەکانی خۆیان بەرامبەر گەلەکەمان و شەڕڤانانی ئێمە پێکنەهێنا، کە جیهان لە داعش و ئەردۆغان دەپارێزن.

دەوڵەتی تورکی داعشیی، لە گۆڕینی دیمۆگرافیای عەفرین - دا، چەتەکان بەکاردێنێت، لەجێی خەڵکی ئەو ناوچانە، هێزی پاشکەوتوو وماڵەکانیان جێگیردەکات، ئەو دوڵەتە سەدان هاوڵاتی مەدەنیی شەهیدکرد، کە دیانویست خۆیان لە هێرشەکانی ئاکەپە بپارێزن، سیاسەتی قڕکردن دژی گەلێک بەڕێوەدەبات.

لەماوەی ٥٨ ڕۆژدا، گەل و شەڕڤانانمان بەرخۆدانێکی گەورەیان دژی دوویەمین هێزی ناتۆ بەڕێوەبرد، با هەموو جیهان بزانێت، کە گەل و شەڕڤانانی ئێمە بە ئیرادەیەکی پۆڵاینەوە، ڕووبەڕووی دڕندەیی و وەحشیگەریی سوپای تورک بوونەوە.

لەبەر ئەوەی سوپای تورک هاوڵاتیانی مەدەنیی دەکردە ئامانج، بە نموونە لەم دوو ڕۆژەی کۆتاییدا، ٥٦ منداڵ و ژن-ی شەهیدکرد، بەشێوەیەکی پیلان بۆدارێژراو بیناکانی عەفرینی دەڕووخاند، بڕیاری دەرکردنی هاوڵاتیانی مەدەنییماندا لەناو عەفریندا.

شەڕی ئێمە لەدژی داگیرکاریی دەوڵەتی تورک و هێزە تاریکپەرستەکانی بەناو سوپای ئازاد بەردەوامە، بەڵام شەڕەکە کەوتووەتە قۆناغێکی نوێ و تاکتیکی نوێ، بۆ ئەوەی ڕێ لە کوشتنی هاوڵاتیانی مەدەنیی بگیرێت و گورز لە سوپای تورک بدرێت، هێزەکانمان لە هەموو شوێنێکی عەفرینن، گورزیش لە بارەگاکانی سوپای تورک و چەتەکانی.

ڕاگەیاندنی سەرکەوتن لەلایەن ئەردۆغان و هاوکارانییەوە، خۆڵکردنە چاوی ڕایگشتیی تورکیا و جیهان بوو، هێزەکانمان هەموو شوێنێکیان لێ دەکەنە کابوس، بەرخۆدانی عەفرین تا ڕزگارکردنەوە بست بەبستی خاک و گەڕانەوەی دانیستووانی عەفرین بۆ شوێنەکانی خۆیان بەردەوام دەبێت.

داواش لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی دەکەین، کە بێدەنگ نەبن و فشار لە تورکیا



سەرچاوە
Serchawe

بکات، بۆ ئەوەی شەڕی قڕکردن و چاندیی و سیاسیی لەبەرامبەر گەلەمان ڕاگرێت.

## ئەنجومەنی سوریای دیموکرات، پێنج داواکاریی ئاراستەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی کرد

ئەنجومەنی سوریای دیموکرات - مەسەدە، لەبارەی هێرشەکانی سوپای تورک و چەتەکانی بۆ سەر عەفرین، پێنج داواکاریی ئاراستەی کۆمەڵگای نێودەڵەتی کرد، دوایان کردوە کە، هێرشەکانی سوپای تورک بۆ سەر عەفرین، وەک پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و پێشێلکردنی سەروەریی خاکی سوریا بناسێنرێت.

دوێنێ پێنجشەممە بەرواری ٨ - ٢ - ٢٠١٨، ئەنجومەنی سوریای دیموکرات-مەسەدە، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا تیشکی خستەسەر هێرشەکانی سوپای تورک و چەتەکانی بۆ سەر عەفرین، کە ئەمڕۆ پێینایە ٢٠ ەمین ڕۆژ و هەروەها هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی لەبەرامبەر ئەو هێرشانەدا.

*دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم شێوەیە:*

گەلی عەفرین سەرەڕای ئەوەی لەژێر گەمارۆدا، بەرخۆدانێکی بێوێنەیان دژی هێرشەکانی سوپای تورک تۆمارکردووە، کە لە مێژوودا وێنەی نەبووە، ئێمە جگە لەوەی کە سڵاو لە بەرخۆدانی عەفرین دەکەین، هاوکات ئەو بەرخۆدا نیشانەی ئەوەیە کە گەلی عەفرین هیچکات داگیرکاریی دەوڵەتی تورک بۆ گەڕاندنەوەی سەردەمی عوسمانیی قبوڵ ناکات.

هێرشەکانی سوپای تورک و چەتەکانی بۆ سەر عەفرین، لەچوارچێوەی پێشێلکردنی سەروەریی خاکی وڵاتێکی دیکە دایە، بەکارهێنانی چەک لەدژی هاوڵاتی مەدەنیی، نیشانەی لاوازی و تێکشکانی سوپای تورکە.

بەهۆی هێرش و تۆپبارانەکانەوە، ١٤٨ هاوڵاتی مەدەنیی شەهیدبوون، کە ٢٢ یان منداڵن، هەروەها ٢٥٨ هاوڵاتیش برینداربوون، لەناو برینداەکانیشدا ٣١ منداڵ هەیە، هەروەها بینا و ماڵی هاوڵاتیان، مزگەوت، خوێندنگە و ئاسەواری مێژوویی بوونەتە ئامانجی تۆپبارانەکانی سوپای تورک و چەتەکانی.

ئێمە وێڕای ئەوە کە هێرشەکانی سوپای تورک و چەتەکانی بۆ سەر عەفرین لەسەر خاکی سوریا بەتووندی شەرمەزار دەکەین، هاوکات بێدەنگیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی و ئەو هێزانەی کە بەشداریی ئەو هێرشە دڕندانانە بوون شەرمەزار دەکەین، ئەوان بە بێدەنگییان، ڕێگایان بە دەوڵەتی تورک-دا کە هێرش بکاتە سەر عەفرین.

ئەنجومەنی سوریای دیموکرات - مەسەدە، پێنج داواکاریی ئاراستەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی کردووە، کە بریتین لە:

١- داوا لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا و ڕوسیا دەکەین، کە گوشار بخاتە سەر حکومەتی ئەردۆغان، بۆ ئەوەی هێرشە دڕندانە و کۆمەڵکوژییەکانی لە عەفرین کۆتایی پێبهێنێت، هەروەها داواشی لێبکەن کە هێزەکانی لەتەواوی خاکی سوریا و بەتایبەت عەزاز، ئیدلیب، جەرابلوس و باب بکشێنێتەوە.
٢- هێرشەکانی سوپای تورک بۆ سەر عەفرین، وەک پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و پێشێلکردنی سەروەریی خاکی سوریا بناسێنرێت و حکومەتی تورک لەسەر ئەمە سزابدرێت.
٣- ئێمە داوا لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەتمەند بە پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان دەکەین، کە تاوانی لەناوبردنی مێژووی تەواوی مرۆڤایەتیی لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە ئاشکرابکات.

٤- داواکارین کە کۆمیتەیەکی نێودەوڵەتیی بۆ بەدواداچوونی ڕاستی و لێپرسینەوە لەبارەی بەکارهێنانی چەکی قەدەغە دژی هاوڵاتیانی مەدەنیی لە عەفرین پێکبهێندرێت و کەیسی بۆ بکرێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

٥- دەوڵەتـــی تـــورک ناچاربکرێـــت کە قەرەبـــووی تێکـــدانی ســـەرچاوە ژیانییەکـــانی بـــدات، بـــۆ ســـەرلەنوێ دروستکردنەوەیان.

## بەیاننامەی فراکسیۆنەکانی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان




هاونیشتمانیانی بەرێز

گەلەکەمـان لە رۆژئـاوای کوردسـتان و لە شـاری عەفـرین لەدۆخێکـی هەسـتیار و لەبەردەم هەرەشـەی پەلامـاری سەربازی دەوڵەتی تورکیادان, ئێمە بەتوندی پرۆتێستۆی ئەو هەڕەشانە دەکەین و پاراستی ئاسایش و ژیانی برا و خوشـکانمان لە عەفـرین لەئەسـتۆی کـۆمەلگەی نێـودەولەتی, هاوپەیمانـانی دژی داعـش و ئەمریکـا بەتـایبەتی دەبینین. پێویستە دەوڵەتی تورکیا رێز لە گەلانی سوریا و خواستە سیاسییەکانیان بگرێت.

داوا لە رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هاوپەیمانان دەکەین دەستبەجێ هەنگاوی کرداری بنێن بۆ راوەستاندنی هەرەشەکان لەسەر عەفرین.
ئێمە لە هەردوو فراکسیۆن داوادەکەین پەرلەمانی کوردستان بەناوی گەلی هەرێمی باشوری کوردستانەوە هەڵوێست دژی ئەو هەڕەشانە رابگەیەنێت.

سەرکەوتن بۆ خواستی دیموکراتییانەی گەلانی سوریا و گەلەکەمانە لە رۆژئاوای کوردستان

فراکسیۆنی گۆڕان

فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی

١٨ - ١ - ٢٠١٨

## ئەنەکەسە هێرشەکانی تورکیا ئیدانە دەکات




ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریا (ئەنەکەسە) ئیدانەی هێرشەکانی تورکیا دەکات و داوا لەهێزە کوردییەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات فشاربکەن بۆ وەستاندنی ئەو هێرشانە.

ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریا (ئەنەکەسە) لە عەفرین بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، کە تێیدا ئیدانەی هێرشەکانی تورکیای کردووە و باسیلەوەکرد، دانیشتوانی عەفرین لەنیگەرانییەکی زۆردا دەژین.

ئاماژەبەوەشکراوە، تورکیا بەبیانووی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییەوە ئەم هێرشانە دەکات و هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر ناوچەکەیان گەیشتوونەتە ئاستی هیستریای بێ پێشینە.

باسلەوەشکراوە، هەماهەنگی لەگەڵ هەندێک گرووپی چەکداری بەرهەڵستکاری سەر بەتورکیا کراوە، بەمەبەستی گەمارۆدانی تەواوی ناوچەکەیان.

لەو بەیاننامەیەدا داوا لەهێزە کوردستانییەکان کراوە، کە فشار بخەنە سەر پەیەدە بۆ ئەوەی دەستبەرداری سیاسەتی سەرکوتکەرانەی تاکلایەنە ببێت، هاوکات داوای لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە، کە فشار بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی تورکیا، بۆئەوەی دەست لە دوژمندارێتییان هەڵبگرن.



سەرچاوە Serchawe

ئەمە لەکاتێکدایە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بڕیاری دامەزراندنی هێزێکی سەربازی بۆ پاراستنی سنوورەکانی سوریا داوە، کە بەشێک لەو سوپایە شەڕڤانانی هەسەدەن، ئەمەش نارەزایەتی تورکیا و سوریای لێکەوتەوە و لەبەرامبەردا تورکیا لەسەرەتای هەفتەی ڕابردووەوە هەڕەشەی هێرشی بۆ سەر عەفرین دەستپێکرد.

لە کوردستانی, هەواڵ: ١٩ی جانێوێری ٢٠١٨

## ٤٣ لایەنی سیاسی کوردستان ئیدانەی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر عەفرین دەکەن

٤٢ لایەنی سیاسی کوردستانی هێرشی تورکیا بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان ئیدانە دەکەن و دەشڵێن"ئەوەی ئێستا بەرامبەر کانتۆنی عەفرین دەگوزەرێ لەجینۆسایدێکی دیکە نزیکدەبێتەوە."



*دەقی راگەیەندراوەکە....*

جەماوەری وڵاتپارێزی کوردستان ...

کەسوکارو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان ...

ئێمە وەک ئەو ٤٢ لایەنە سیاسییانەی کوردستان کەوا لە خوارەوە ناومان هاتوە سەبارەت بە هەڕەشەو هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر شاری عفرین و رۆژئاوای کوردستان و هاتنەپێشی ئەگەر و پێشهاتەکان، لە شاری هەولێر لە

بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK کۆبوینەوە، لە کۆبونەوەکەدا بە وردی هەڵوەستە لەسەر ئەم پرسە کراو شرۆڤە کرا.

بە باوەڕی ئێمە؛ هەڕەشەو هێرشی رژێمی تورکیا بۆ سەر شاری عەفرین و رۆژئاوای کوردستان، رۆژئاوای کوردستانی خستۆتە رەوشێکی زۆر دژوار، بەتایبەت ئەوەی ئێستا کەوا بەرامبەر کانتۆنی عەفرین دەگوزەرێ لە جینۆسایدێکی دیکە نزیکدەبێتەوە، تاوانێکە بەرامبەر تەواوی پێکهاتەکانی رۆژئاوای کوردستان ئەنجامدەدرێت، بۆیە ناکرێت لە ئاست ئەو کارەساتە چاوەڕوانکراوەدا بێدەنگ بین.

ئەو هێرش و موشەکبارانکردنە دڕندانەیەی کەوا لەلایەن تورکیاوە دەکرێتە سەر هاوڵاتیانی سڤیلی عفرین پیلانێکی داڕێژراوەو درێژکراوەی ئەو پیلانەیە کەوا بەرامبەر باشوری کوردستان ئەنجامدرا، ئێمە لە کاتێکدا ئەو هەڕەشەو هێرشانە بەتوندی ئیدانە و مەحکوم دەکەین، لەهەمان کاتدا پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ خەباتی رەوای گەلی رۆژئاوای کوردستان و بەرخودانی دلێرانەی یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG و یەکینەکانی پاراستنی ژن YPJ رادەگەیەنین و، بەهەمو لایەکی رادەگەیەنین کەوا بێدەنگ نامێنین و هەمو هەوڵێکمان دەخەینە گەڕ و هەمو رێگایەک دەگرینەبەر بۆئەوەی فشاری مەدەنییانە دروست بکەین تا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەهانای خەڵکی (عفرین)ەوە بێن و لەو مەرگەساتە چاوەڕوانکراوەدا رزگاریان بکەن.

لێرەوە بانگ لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتوەکان UN و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و تەواوی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و، بەتایبەت رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکەین کەوا بە هانای خەڵکی (عفرین)ەوە بێن و بێدەنگ نەمێنن، ناکرێ لەوێ شارێک وێران بکرێت و خەڵکەکەی جینۆساید بکرێت و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بێهەڵوێست بێت، هەروەها داوا لە وڵاتانی زلهێزو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەین کەوا بەپیر داوای فەرەنساوە بێن بۆ کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆئەوەی سنورێک بۆ دەستدرێژییەکانی تورکیا دژ بە گەلی رۆژئاوای کوردستان دابنرێت.
هەڕەشەو هێرشەکانی سەر گەلی کوردستان دژی بنەماکانی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان و جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و تەواوی پرەنسیپ و بەها دیموکراتییەکانە، ریز لەو پەیماننامەو جاڕنامە نیودەوڵەتییانە بگرن کەوا خۆیان ئیمزایان کردوە، بۆیە ئەگەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی رێز لە مرۆڤ دەگرێت پێویستە مرۆڤی کوردستان لەو هەڕەشەو هێرش و مەترسییانە بپارێزێت کەوا روبەڕویان بۆتەوە.

- سەرکەوێ ئیرادەی هەڤخوازانەی گەلی کوردستان.
- نەمری و سەربەرزی بۆ تەواوی شەهیدانی ڕێی سەرخۆبون و ئازادی کوردستان.
- مردن و روڕەشی بۆ داگیرکەرانی کوردستان.

***حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشداربوی کۆبونەوە:***

١- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
٢- بزوتنەوەی گۆڕان
٣- حزبی شیوعی کوردستان
٤- YNDK یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
٥- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
٦- حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان
٧- پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان
٨- بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان
٩- KCK کۆما جڤاکێن کوردستان
١٠- پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا (یەکێتی)
١١- حزبی پێشڤەڕۆی دیموکراتی کورد لە سوریا
١٢- PYD پارتی یەکێتی دیموکرات
١٣- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
١٤- HEVBENDI هەڤبەندی نیشتیمانی کورد لە سوریا
١٥- کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران
١٦- حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن
١٧- حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
١٨- ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشوری
١٩- PAK پارتی ئازادی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe

٢٠- حزبی دیموکراتی کوردستان

٢١- پارتی ویفاقی دیموکراتی کورد لە سوریا

٢٢- پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا (الپارتی)

٢٣- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

٢٤- HDP پارتی دیموکراتی گەلان

٢٥- پارتی گەلی تورکمان

٢٦- کۆمەڵەی لیبرالی تورکمان

٢٧- تەڤگەری ئازادی کوردستان

٢٨- TEVDEM تەڤگەری کۆمەڵگای دیموکرات

٢٩- حزبی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان

٣٠- بزوتنەوەی ئاشتیخوازانی کوردستان

٣١- بزوتنەوەی رزگاری دیموکراتی کوردستان

٣٢- پارتی نەتەوەیی کوردستان

٣٣- PBK پارتی برایەتی کوردستان

٣٤- PAK.S پارتی ئازادی کوردستان لە سوریا

٣٥- حزبی رزگاری کوردستان

٣٦- پارتی سەربەخۆیی کوردستان

٣٧- تەڤگەری نوژەنی کوردستان - سوریا

٣٨ - دەستەی سەرۆکایەتی حزبی رزگاری کوردستان

٣٩ - پارتی کۆماری کوردستان

٤٠ - پارتی سەربەستی کوردستان

٤١- KNC کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان

٤٢ - بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان - عێراق

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانیۆیری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## سلێمانی سێ ڕۆژ ماتەمینی گشتی ڕاگەیاندرا و ئاهەنگی نەورۆز ئەنجام نادرێت




ئەمشەو یەکشەممە ١٨ئازاری ٢٠١٨ هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی ڕاگەیاندراوێکی بەبۆنەی داگیرکردنی شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن سوپای تورکیا و گروپە تیرۆسیتیەکانەوە بڵاوکردەوە و لە ڕاگەیاندراوەکەشدا ئاهەنگەکانگی نەورۆزی ٢٧١٨ی هەڵوەشاندەوە.

*دەقی ڕاگەیێندراوەکەی پارێزگاری سلێمانی...*

بەناوی خودای مەزنی میهرەبان

مرۆڤدۆستان و ئازادیخوازانی جیهان..

خەڵکی شکۆمەندو سەربەرزی کوردستان..

خەڵکی جوامێرو خەمخۆری هەموو سنوری پارێزگای سلێمانی..

کارەساتی داگیرکردن و شەڕو کوشتارو کەوتنی ئاشتیی شاری (عەفرین)، هەموومانی هەژاند، گشت کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی خستەوە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی نوێ، تاقیکردنەوەیەک کە دەبوو ئەزمونبکرایەو خەڵک و خاکێک کە مەردانە ڕوبەڕوی تیرۆریستانی داعش بوونەوەو، خواستی چەسپاندنی ئاشتیی و ئاسایش و ئارامیی و ئازادیی و دادپەروەریی و ئاوەدانیان بۆ هەموو ناوچەکەو جیهان هەبوو، شەڕو ماڵوێرانیی و بەریەککەوتنی بەرژەوندییە ئابووریی و سەربازییەکان؛ بەردەرگای ماڵیان پێنەگرێت، بەڵام ئەمڕۆ لەبری ستایشکردن، بوونە قوربانی هێرشە سەربازییەکان و کارەساتی مرۆیی گەورە لەم ناوچە گڕگرتووەدا کەوتەوە.

ئێمە لە پارێزگای سلێمانی؛ بەئیرادەیەکی بەهێزو دڵێکی پڕ لە خەمەوە، دەخوازین ئاشتیی جێی شەڕو، ئاوەدانیی جێی وێرانکاریی و، ئازادیی شوێنی داگیرکاریی بگرنەوەو، هەرچی زووە هێزە سەربازییەکان بکشێنەوەو خەڵکی ئاوارەو لانەشێواوی عەفرین بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و ئاشتیی و ئاسایش بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکە.

داوا لە خەڵکی کوردستان و هەموو لایەنە سیاسییەکانیش دەکەین؛ بە شێوازێکی مەدەنیانەو ئاشتییانەو بە گیانێکی مرۆڤدۆستانەی لێبوردانە، گوزارشت لە ماتەم و پشتیوانیی و هەڵوێستەکانیان بکەن، ئەم دۆخە بکەنە زەمینەی ئاشتبوونەوەیەکی نیشتمانیی ڕاستەقینەو بەهێزکردنێکی لۆژیکیانەی ئیرادەی نیشتمانیمان .

داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی دەکەین، ئاوارەکان بپارێزێت و بەهانای برینداران و لێقەوماوانی عەفرینەوە بچێت و درودو سڵاو بۆ شەهیدە شکۆمەندەکان دەنێرین، هەر لەم ماتەم و کۆستە نێودەوڵەتییەدا؛ بڕیارماندا:

- لە ئێوارەی ئەمڕۆوە ١٨ی ئازاری ٢٠١٨، تا ئێوارەی ڕۆژی ٢١ی ئازاری ٢٠١٨، ماتەمی سەرتاسەری لە سنوری پارێزگاکەماندا ڕابگەیەنین.

- یادی نەورۆزی ئەمساڵ دەگۆڕین بۆ (نەورۆزی پشتیوانیی)و ئاهەنگی نەورۆز ڕادەگرین و دەیکەینە نەورۆزی ماتەم بۆ پشتیوانیی خەڵکی عەفرین.
- پردی یەکتربڕی خەبات لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود، لە ئەمڕۆوە ناودەنێین: (عەفرین.(

د. هەڤاڵ ئەبوبەکر

پارێزگاری سلێمانی

١٨ی ئازاری ٢٠١٨

***هەفتەی نەورۆز کرایە هەفتەی ماتەمینی بۆ عەفرین***




سەرچاوە
Serchawe

بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی رایدەگەیەنێت بەبۆنەی داگیرکردنی شاری عەفرین لەلایەن سوپای تورکیاوە، سەرجەم چالاکییەکانیان بۆ جەژنی نەورۆز رادەگرن و دەیکەنە نەورۆزی ماتەمینی و پشتگیری و بەرخودان و هەستانەوەی عەفرین.

*دەقی راگەیەنراوەکە:*

نەورۆزی سلێمانی، دەبێتە نەورۆزی ماتەمینی و خۆڕاگری و هەستانەوەی عەفرین

لەکاتێکدا میللەتەکەمان بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی داگیرکردنی کانتۆنی عەفرین دەبیستێت و بەشێوەیەکی دڕندانە لەلایەن سوپای تورکیا مامەڵە لەگەڵ خەڵکە خۆڕاگرەکەی دەکرێت، بەمبۆنەیەوە، وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی، وێڕای دەربڕینی هاوخەمیمان بۆ خەڵکی تێکۆشەرو کۆڵنەدەری عەفرین و کوردانی رۆژئاوا بەگشتیی، رایدەگەیەنین ئەو هەفتەیەی بەناوی (هەفتەی رووناکبیری و هونەری نەورۆز) بڕیارە سازی بکەین لە ٢٠ - ٢٧ - ٣ - ٢٠١٨، دەبێتە هەفتەی ماتەمینی و خۆڕاگری و کۆڵنەدانی عەفرین و سەرجەم بڕگەکانی ئاهەنگی شادی لادەبرێن و هەڵدەوەشێنەوە، لەبەرامبەردا دەیکەین بە نەورۆزی ماتەمینی و پشتگیری و بەرخودان و هەستانەوەی عەفرین و میللەتەکەمان، بەوتنەوەی سروودو شیعرو تابلۆی نەتەوەیی.

بژی خۆڕاگری عەفرین و سەرشۆڕی بۆ سوپای داگیرکەران.

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی

١٨ - ٣ - ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

---

*تێبینی: سەرچاوە بەشێک ئەم بابەتانە لە ماڵپەڕی قادرزادە وەرگێراون*

# ئەو گروپانەی شانبەشانی سوپای تورک لە عەفرین شەڕ دەکەن




**گۆران قادر**

**لە ماوەی حەوت ساڵەی قەیرانی سوریادا چەندین گۆڕانکاری لە مەیدانی سیاسی و جەنگی ئەو وڵاتەدا رووی داوە، گروپە چەکدارەکان هەرجارەو مەیلیان بۆ لایەنێک و وڵاتیک هەیە، بەڵام چەند هێزێکی کەم توانویانە بەرگری لە ناو و پەیکەری خۆیان بکەن.**

**لە باکوری سوریا هێزێکی کەم هەیە خۆیان ناو ناوە سوپای ئازاد، ئەم هێزە دوای ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو هاوکارە سەربازییەکانیان ڕاگرتن، تورکیا بۆ مەبەستی خۆی و دژایەتی هێزە کوردییەکان هاوکاری سەربازی کردن.**

**لەم ڕاپۆرتەدا باس لەو گروپە توندرەوانە دەکەین کە لە ئۆپراسیۆنی (چڵە زەیتون)ی سوپای تورکیادا دژ بە هێزەکانی سوریای دیموکرات دەجەنگن و دەیانەوێت کانتۆنی عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان داگیر بکەن:**

### ١- لوای سوڵتان موراد:

ئەم گروپە تورکیا دروستیکردووە و هەموو هاوکاریەکی مادی و سەربازی و لۆجستی پێشکەش کردوون، ئەم گروپە بەهۆی یەک گرتنەوەی لیوای (سوڵتان محمد فاتح) لە ریفی حەلەب و (لیوای ئەشبال عەقیدە) و لیوای (زکی تورکمانی) دروستبووە.

ئەم هێزە چەکدارەکانی زۆرینەی تورکمانن لە ریفی باکوری حەلەب و شاری حەلەب بوونیان هەیە و ئێستا لە پاڵ سوپای تورکیادا دەجەنگن.

### ٢- فیرقەی حەمزە:

ئەم هێزە تورکیا راهێنانی پێکردوون و لە مانگی نیسانی ٢٠١٦ پێکهێنراوە، ئەم گروپەش لیوای سەمەرقەندی تورکمانی پەیوەندی پێوە کردن و ئێستا هێزێکن کە بۆ بەرژەوەندی تورکیا دەجەنگن و لە ساڵی ٢٠١٧دا بە هاوکاری سوپای تورکیا شاری جەرابلوسیان داگیر کرد.

### ٣- فەیلەقی شام:

ئەم گروپە بە فەیلەقی حومسیش ناسراوە، لە ئازاری ٢٠١٤ پێکهێنراون، کە لە ئەنجامی ١٩ گروپی ئیسلامی نزیک لە ئیخوان موسلیمینی سوریا لە حومس و حەلەب حەما دروست بووە، ئەم گروپە لە ٢٦ی نیسانی ٢٠١٥ پەیوەندیان بە فەیلەقی شامەوە کرد و ژووری ئۆپراسیۆنی (فتح حلب) یان بە سەرۆکایەتی یاسر عبدالرحیم پێکهێنا.

### ٤- بزوتنەوەی نورەددین زەنگی:

بە یەکێک لەو گروپانە دادەنرێت کە تورکیا پالپشتیان دەکات و لە کۆتاییەکانی ساڵی بە سەرۆکایەتی تۆفیق شەهابەددین ٢٠١١ دروست بوون،ئەم گروپە توندرەون و لەساڵی ٢٠١٦دا گرتەیەکی ڤیدیۆیان بڵاو کردەوە کە منداڵێکی ١٥ ساڵان سەردەبرن، ئەمم گروپە لەگەل فەیلەقی شام ناکۆکیەکانی وەلا ناو هاوپەیمانێتیەکیان پێکهێنا.

### ٥- بزووتنەوەی ئازادی شام (احرار الشام):

ئەم گروپە بیروبۆچونیان سەلەفیەو لە سەرەتای شۆرشی سوریادا لە ئەنجامی یەکگرتنی (کەتائیبی ئەحرا شام و حرکه الفجر الاسلامیه و الطلیعه الاسلامیه و کتائیب الایمان)ەوە دروست بوون.

ئەم گروپە پشت بە هاوکاریەکانی تورکیاو ولاتانی کەنداوی عەرەبی دەبەستن، دوای کوژرانی سەرکردەکەیان وردە وردە توان و ژماری ئەندامیان کەم بووە.

### ٦- لوای بازی چیا (لواء صقور الجبل):

ئەم گروپە لە شاری ئیدلب پێکهێنراوە کە لەر استیدا بەشێکن لە لیوای نەوەکانی پێغەمبەر و پاشان پەیوەندیان بە بەرەی شۆرشی سوریاوە کرد، ئەم گروپە چالاکیەکان لە ئیدلب ووە، بەلام دواتر نوسرە هاتو لەوێ دەری کردن

بەرەی شام: ئەم گروپە لە چەند لایەنێکی چەکداری سەلەفی پێکهاتوە کە چەکدارەکانی (نورەددین زەنگی، لواء التوحید، جیش المجاهدین، الجبهه الاسلامیه، تجمع فاستقم کا امرت، جبهه الاصاله و التنمیه و بقایه حرکه حزم)ن.

### ٧- جیش النصر:

کۆمەلێک چەکداری کەمن کە لە ریفی حەلەب و حەماو لازقیە بلاوبۆونەتەوە و هەموویان لە گروپێکدا بە ناوی (الجیش النصر) کۆبوونەتەوە.

سەرچاوە: BBC

سەرچاوە: ماڵپەڕی PUKmedia - ڕێکەوتی ٢٥ی جانێوێری ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

# ئاماری (٤٧) رۆژی بەرخۆدانی عەفرین



(سبەی):

راگەیاندنی هەسەدە ئاماری شەڕو پێکدادان و قوربانیانی شەڕی (٤٧) رۆژی عەفرینی بڵاوکردەوە و بەپێی ئامارەکە (١٥٨٨) سەرباز و میلیشیای تورکیا کوژراون و (٢٢٧) هاوڵاتی مەدەنی و (٢٨٣) شەڕڤان شەهید بون، تەندروستی عەفرینیش ئامارە پشتڕاست دەکاتەوە.

ناوەندی راگەیاندنی هێزەکانی سوریای دیموکرات، ئاماری شەڕو روبەڕوبونەوەی (٤٧) رۆژی بەرخۆدانی عەفرینی بڵاوکردەوە، کە لە سەعات پێنجی ئێوارەی رۆژی (٢٠)ی کانونی دوەمی (٢٠١٨)وە سوپای تورکیا و بە پشتیوانی میلیشیاکانی سوپای ئازاد بۆ سەر کانتۆنی عەفرین دەستی پێکردوە و سەرەڕای بڕیاری ژمارە (٢٤٠١)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەڵام، هێرش و پەلامارەکانی تورکیا بۆ سەر کانتۆنی عەفرین بەردەوامە.

لەماوەی (٤٧) رۆژی پەلامارەکانی تورکیادا (٢٨٣) شەڕڤان شەهید بون و (٦٥١) هاوڵاتی بریندداربون

بەپێی ئامارەکە، لەماوەی (٤٧) رۆژی پەلامارەکانی تورکیادا (٢٨٣) شەڕڤان شەهید بون و هەروەها بەهۆی تۆپبارانی تۆپخانە و فڕۆکەکانی تورکیاوە (٦٥١) هاوڵاتی مەدەنی بریندداربون کە (١٨٠)یان ژن و منداڵن و (٢٢٧) هاوڵاتی مەدەنی شەهید بون کە (٦٠)یان ژن و منداڵن.

## زیانەکانی تورکیا

هەسـەدە، ئاشـکرای کـردوە، لەئەنجـامی شـەڕو روبەڕوبونەوەکـان و ژمـارەیەک چـالاکی شـەڕڤانانەوە، (١٥٨٨) سەربازی تورکیا و چەکداری میلیشیاکانی سوپای ئازاد کوژراون و ژمارەیەکیشیان تەرمەکانیان لەبەرەکانی شەڕدا بەجێماوە.

## هێرشی ئاسمانی

لەماوەی (٤٧) رۆژی رابردودا، فڕۆکەکانی تورکیا (١٠٢٦) هێرشی ئاسمانیان کردوەتە سەر ناوچە جیاوازەکانی کانتۆنی عەفرین و بەشێکی زۆری هێرشەکان ناوچەکانی نیشتەجێبون و قوتابخانە و مزگەوت و پرۆژەکانی ئاو و پـرۆژە کشـتوکاڵییەکانی کـردوەتە ئامـانج و هەروەهـا (٥٦) هێرشـیش لەرێـگەی هەلیکۆپتەرەکـانی تورکیـاوە ئەنجامدراوە.

## موشەکباران

بەپێی ئامارەکەی هەسەدە، لەو ماوەیەدا سوپای تورکیا و میلیشیاکانی سەر بەو وڵاتە بە چەکی قورس و زەمینی (٣٣٠٧) هێرشیان ئەنجامداوە و بەبەکارهێنانی تانک و دەبابە و چەکی قورس.

## پێکدادانی روبەڕو

لەسەرەتای دەست پێکردنی پەلامارەکانی تورکیاوە بۆ سەر کانتۆنی عەفرین، (٦٤٣) روبەڕوبونەوەی چەکداریی سەخت رویانداوە و تائێستا ئەنجامی (١٧٦) لەو شەڕانە ئاشرا نەبون کە چەند کوژراو و بریندار لەریزەکانی تورکیادا لێکەوتوەتەوە.

## خستنەخوارەوەی فڕۆکە

بەپێی ئامارەکەی هەسەدە؛ شەڕڤانان توانیوانە دو هەلیکۆپتەری سوپای تورکیا بخەنە خوارەوە کە یەکێکیان

جۆری کوبرا بوە و یەکێکیان جۆری سکۆرسکی نەفەرهەڵگر بوە و بەهۆیەوە (١١) ئەفسەر و سەربازی تورکیا کوژراون و هەروەها دو فڕۆکەی چاودێریی خراونەتە خوارەوە کە کێکیان جۆری درۆن و ئەوی دیکەیان بەیرەقدار بوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، دو هەلیکۆپتەری دیکەی جۆری کوبرا لەلایەن شەڕڤانانەوە کراونەتە ئامانج و زیانی زۆریان پێگەیەندراوە.

## تێکشکاندنی تانک و دەبابە

ناوەندی راگەیاندنی هێزەکانی سوریای دیموکرات ئاشکرای کردوە؛ لەماوەی (٤٧) رۆژی بەرخۆدانی سەردەم لە عەفرین (٩٦) تانک و زرێپۆش و دەبابە و ئۆتۆمبێلی گولەنەبڕو ئۆتۆمبێلی سەربازیی تێکشکێنراون و بەتەواوەی سوتاون و (٣٢) تانک و دەبابەش زیانیان بەرکەوتوە و لەکارخراون.

## ئاماری تەندروستی عەفرین

هەر ئەمڕۆ چوارشەممە، دەستەی تەندروستی عەفرین لە راگەیەندراوێکدا ئاماری قوربانیانی عەفرینی بڵاوکردوە، کە تائێستا (٢٢٧) هاوڵاتی مەدەنی شەهید بون و (٦٥١) کەسی دیکە بەهۆی هێرش و پەلامارەکانی تورکیاوە برینداربون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - رێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe




کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

ڕێکەوت: ٨ی بانەمەڕی ٢٠١٨ی کوردی - ٢٨ی ئەپریلی ٢٠١٨ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe